# گەنجی سەر بەمۆر

# گەنجی سەر بەمۆر

ئەحمەد بەحری

هەولێر ٢٠١٣

* ناوی کتێب: گەنجی سەر بە مۆر
* توێژەر: ئەحمەد بەحری
* ویراستار: عەبدوڵڵا سەمەدی
* سەرپەرشتی هونەریی: عوسمان پیرداود
* بەرگ: حامید خاکی
* نەخشەسازی: ڕزگار موحسین
* پیتچن: سنوور ڕەشیدزادە
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٠٥)
* چاپ: چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر
* تیراژ: ٥٠٠ دانە
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧٥٥)ی ساڵی ٢٠١٣ پێدراوە

# خوێنەری هێژا

وا وێدەچی من دوایین کەسی ئەو کاروانە بم کە هەتا ئێستا لە بواری جۆربەجـۆری بەیتــی موکریاندا کاریان کردووە. ئــەو هەلومەرجەی من لەودا بۆ بەیت دەســتم داوەتە قەڵەم، ســەردەمێکی غەریبە و حەولی من کڕوکاشێکە؛ تاقولۆق نەبێ بەیتبێژ نەماون. دەورانی ئەو ژانرە دەمێکە بە سەر چووە. دەردی «بێگانە بوون لە خۆ» خەریکە بن و بنەوانی هەرچی ڕابردووە هەڵدەتەکێنێ. بمانەوێ و نەمانەوێ ئێمە پێمان ناوەتە دنیایەکی نوێ، بەڵام بە کەمترین توێشەی ڕابردووەوە.

بۆ شــان وەبەردانی ئەم ئەرکە قورســە، پەنام ســێ پاڵپشتی قایمن: یەکــەم؛ بیســت و چەند ســاڵ ژیان لەگــەڵ بەیــت. دووەم؛ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژیانی گوندی و عەشیرەیی و هاوکات بەهرەمەند بوون لە فەرهەنگی شار و ئالوگۆڕەکانی کۆمەڵگا. سێیەم؛ دەست پێڕاگەیشتن بە بەشــێک لە کار و بەرهەمی ئەو خۆشەویستانەی لەم بوارەدا زەحمەتیان کێشاوە. گەرەکمە ئەو سێ بەهرە و تواناییە بێنمە بەر ڕکێفی قەڵەم، هەتا ئەو بۆچوون و پەراوێزانەی لەو بەرگە و بەرگەکانی دیکەدا دەخرێنە ڕوو، ببنە یاریدەری پاراستنی لایەنێک لە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەییمان و ڕێگە خۆش بێ بۆ لێکۆڵەر و توێژەرانی داهاتوو.

بــە دوور نییــە هەندێ لە بۆچوونەکانم ڕاســت دەرنەچــن، هیوادارم لانیکەم سەرشێوێن نەبن. ســەبارەت بە هەمەڕەنگ بوونی پەراوێزەکان، دەستی نیازم بۆ زۆر لا درێژ کردووە. بە پێی ئەمانەتداری و بە بەڵگەیی کردنی ئەوانەی نووســیومن، لە جێی خۆیاندا ناوی هەموو کەســایەتی و سەرچاوەکانم هێناوەتەوە.

بە پێی ئاڵوگۆڕێک کە لە کاتی دووبارە گوتنەوە لە لایەن بەیتبێژێکەوە بە سەر فۆرم و نێوەرۆکی بەیتێک دادێ، بۆ نموونە وێدەچێ دەقی دمدمی حوسێن مامەڕەشی ئەم زنجیرەیە لەگەڵ دەقی دمدمی حوسێن مامەڕەشی بەر دەســتی ئێوەی خوێنەر جیاوازی هەبێ. ئەوەی بە حیســابی دەســت تێــوەردان و کەمتەرخەمی من دامەنێن؛ زۆر تێکۆشــاوم تێکســتەکان بێ دەسکاری و بێ هەڵە بگەیەنمە دەستی ئێوەی بەڕێز. هەر بۆیە دەکرێ لە داهاتــوودا وەک دەقێکی کۆنی زمانیی ناوچەی موکریان مامڵەیان لەگەڵ بکرێ.

ئـەو ژمارانەی لە کۆتایی بەشـێک لە ڕسـتەی دەقەکانـدا دانداراون گرینگییەکی تایبەتییان هەیـە بۆ چوونە نێو پەراوێزەکان. ئەو پەراوێزانە بە مەبەسـتی زانیاری پتر، ڕاست کردنەوەی هەڵەکان، ڕوون کردنەوەی توانایی زمانیی بەیتەکان، یارمەتی بە لێکۆڵەرانی بەرەکانی داهاتوو، تۆمار کردنی بەشێک لە کولتووری کوردەواری و... گەڵاڵە کراوە. هیوادارین بە پێی هەلومەرج و توانا ئەو مەبەستانەم پێکابێ.

وێدەچێ ئێسـتا و بۆ ئـەم بەرەیە، بۆچـوون و پەراوێزەکان هەندێ بابەتی حەشـو و زیادی و تەنانەت سـادە و بەدیهییان تێدابێ؛ ئەوانە بۆ نەسلەکانی داهاتوو زانیارین.

ئـەو دەقانەی من خۆم تۆمارم نەکردوون، بەرپرسـایەتی ڕاسـتی و ناڕاستییان وە ئەستۆ ناگرم. لێرەدا تەنیا ڕێنووسەکەیانم گۆڕیوە و بەس؛ دیارە پەراوێزی پێویستیشیان بۆ کراوە.

بێتـوو لـە بەرگەکانی تـردا پەراوێزی هاوبەش بێنە گـۆڕ، حەواڵەی دەکەمـە ژمارە پەراوێزەکانی پێشـتر لە خۆی. هەروەهـا بیۆگرافی هەر بەیتبێژەی تەنیا جارێک دەنووسـمەوە؛ ئەویش لە سەرەتای یەکەم بەیتێ کە ناوی دێ، جا لە هەر بەرگێدا بێ.

بۆ یەکدەسـت کردنی هەموو بابەتەکان ڕێنووسـی ئێستای گۆڤاری مەهابادم بۆ سـەرجەمی ئەو کارە هەڵبژاردووە، چ ئەوانەی هی خۆمن و چ ئەوانەی وەرمگرتوون.

مـن بـە دوای ئـەوەوە نیم لە نێـو لاپەڕەکانـی مێژوودا لـە بارەی چۆنیەتـی ئەو ڕووداوانە بکۆڵمەوە، یان بۆچوونی مێژوویی نووسـەران بخەمە چوارچێوەی ئەم کارەوە. با لە بەیت چاوەڕوانی گێڕانەوەی «ئەو جـۆرەی کە ڕووداو ڕووی داوە» نەکەین. من ویسـتوومە ئەو دەقانە بە وردی بپشکنم و ئەوەی پێویستە وەک پەراوێز لێیان زیاد بکەم و بەس.

ساڵی ٢٠٠٠ چەند بەیتم وەک دەستپێکی ئەم زنجیرەیە هەر بە ناوی گەنجی سەر بە مۆر ئامادە کرد و لە لایەن چاپ و پەخشی «سەردەم» بە تیراژی ٦٠٠ چاپ و بڵاو بۆوە. سـەرەڕای پێشوازی خوێنەران، نەگونجا کارەکـە بەردەوام بـێ؛ گرینگترین هـۆ هاتنە ئارای گۆڤـاری مەهاباد و سەرقاڵییەک بوو لە ڕێی ئەوەوە لەو دە ساڵەدا بۆم ساز بوو. ئەم بەرگە بـە تەواوی هەڵدەوەشـێنمەوە و لە جێی پێویسـت لـە بابەتەکانی کەڵک وەردەگرم.

# موکریان و بەیت

سـەد و چەند سـاڵ بە سـەر هاتنی ئوسـکار مان (١٨٦٧- ١٩١٧)ی ئالمانی بۆ موکریان تێدەپەڕێ. ئەوە جێی وردبوونەوەیە بۆچی ئوسـکار مان لەو سـەردەمدا، لـە هەموو ناوچەکانی کوردسـتان، تەنیا موکریانی هەڵبژارد و لە نێو هەموو لایەنە فەرهەنگییەکانی ناوچەی موکریان دەستی بۆ بەیتەکان درێژ کرد.

موکریـان ناوچەیەکی پڕ پیت و بەرەکەتە. دەشـتەکانی سـندووس، لاجان، شنۆ، شاروێران، شامات و چۆمی مەجیدخان؛ هەروەها چەمەکانی گادەر، جانداران، جەغەتوو، تەتەهوو و لاوێن و گەلێ هەوار و کوێستانی سازگار و باسەفا، باشترین شوێنی ئاژەڵداری و وەرزێڕیان لەو ناوچەیەدا پێـک هێناوە. ئەو تایبەتمەندییە وای کـردووە گەلێ تیرە و هۆزی ورد و درشت لە موکریاندا کۆبنەوە. بەشی هەرە زۆری هۆزی گەورەی بلباس - مەنگوڕ و مامەش و پیران - لە نێوەڕاستی خاکی موکریان نیشتەجێن. هەر بۆیە ژیانی عەشـیرەتی بە هەموو لایەنی ئابووری- کۆمەڵایەتی خۆیەوە، هەتا ڕابردوویەکی نە زۆر دوور، لە موکریان هەر برەوی هەبوو؛ تەنانەت ڕاسـتەوخۆ شوێنی دەخستە سەر ژیانی شارنشینی شارەکانی سابڵاغ و شنۆ و نەغەدە و پیرانشار و بۆکان و سەردەشت. دەورگێڕی سەرەکیی ڕووداوە سیاسییەکانیش هەر عەشایر بوون.

هەر لە کۆنەوە گێرە و کێشـەی لاوەکی لە سـەر ئەو بەشە گرینگەی کوردستان هەبووە و کورد بۆ پاراستنی خوێنی داوە. ڕووداوی دڵتەزێنی دمدم وەک ئەسـتیرە گەشە لە سەر ئاسۆگی کۆنگرەی قەڵای مێرئازایان، لە چوار سەد و چەند ساڵ لەمەوبەرەوە، لە باکوورترین بەشی موکریان دەدرەوشـێتەوە. ئێسـتاش کـە ئێسـتایە ڕووداوی موکریقڕانی دەوری سـەفەوییەکان لـە بیر نەچۆتـەوە. بەرەنگارییەکانی سـارمبەگی موکری بەشـێکی گرینگـە لـە مێژووی موکریان و کوردسـتان و بـووە بە هۆی پاراسـتنی هەمیشـەیی و کوردسـتانی مانەوەی ئەو ناوچە گرینگە. لەهۆ و پیلانی کوشـتاری ناجوامێرانەی هەزار سـوارەی مەنگوڕان لە مەراغە

و شـــەڕی شـێخی نەهری و ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ بەشـیکی تر لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی ئەم یەک دوو سەدەی موکریانە.

ئـەوەی ئیمڕۆ بۆ ئێمـە ڕوونە ئەوەیە کە موکریان وەک بەشـێک لە کوردستان لانیکەم لەو چوار سەد ساڵەدا لە نەیاران پارێزراوە و دەستی نەتەوی ئەو جۆرەی پێویستی بووە نەیگەیوەتێ و ئەو بابەتانەی پێناسەی نەتەوایەتـی میللەتی کورد پێک دینن لە موکریاندا سـاغ و سـەر بە مۆر ماونەتـەوە. چـاو بە زمانیاندا دەگێڕی، پوخت و پاراوە و لە باری وشـە و دارشـتەوە زۆر کەمتر تووشـی ئەو بارگرانییە هاتووە کە لەهجە و بن لەهجەکانی دیکەی کوردی تووشـی هاتوون. دابونەریتیان زۆر خۆماڵییە و مۆرکـی لاوەکی کەم پێوە دیارە. لە گۆرانی و بەیتیاندا دنیایەکی تەواو هونەریی کوردانەت دێتە بەر چاو.

ئەوەی بیهەوێ لە سـەر فەرهەنگی موکریان بکۆڵێتەوە و بنووسـێ، بێ ئاوڕدانەوە سەر بەیتەکانی موکریان، بە ئەنجامێکی شیاو ناگا. ئەوەی بیهـەوێ لە بارەی فەرهەنگی موکریان بـدوێ، لە بەیتی موکریان نەدوێ کەمی گوتووە؛ چونکە بەیتەکانی موکریان ئاوێنەیەکی باڵانوێنن لە ژیانی دانیشـتووانی ئـەو ناوچەیـە و خۆی لە خۆیدا بەشـێکی هـەرە گرینگی پێناسەی گەلی کوردن.

ئوسـکار مان کە نیازی ئەوە بوو لە بارەی زمان و فەرهەنگی کورد بدوێ و بنووسـێ، لە خۆڕا نەبـوو تاوڵی لێکۆڵینەوەی خۆی لە موکریان هەڵـدا؛ ئەویـش لە سـابڵاغ کە جەمسـەری ژینگـەی تایفە و عەشـایری موکریان هەمووی لە وێ دەگەنەوە یەک: فەیزوللابەگییەکان لە ڕۆژهەڵات، دێبۆکرییـەکان لـە باکوور، گەورک و مەنگوڕەکان لە باشـوور، زەرزا و مامەش و پیرانەکان لە ڕۆژاوا و....

لە کۆنەوە سـابڵاغ ناوەندی سیاسـی و کۆمەڵایەتی موکریان بووە؛ هەر ئەو پێشینەیە بوو کە شانازی ناوەندیی کۆماری پێبەخشی و مەهاباد توانی ئەو دەورە گەورەیە لە مێژووی کوردا بگێڕێ.

ئێستا کە سەد و چەند ساڵ بە سەر سەفەری ئوسکارماندا تێدەپەڕێ، دەتوانین حاڵ و ئێحساسی ئەو لە پێش چاوان زیندوو بکەینەوە و ببینین کاتێـک دەسـتی بە بەیتەکانی موکریان ڕاگەیشـت، چلۆن وەک کەسـێک

لەنـــەکاو بە ســـەر خەزێنەیەکدا کەوتبێ، شاگەشـــکە بـــووە. لەو هەموو هونـــەر و جوانی و زمان پاراوی و لایەنی جۆربەجۆری فەرهەنگی کە لە نێو بەیتەکاندا کەڵەکە بووە، سەری سوڕماوە. شووروشەوقی ئەو دەست پێڕاگەیشـــتنە وای لێکردووە لە ماوەیەکی کورتدا زاراوەی موکریانی فێر بـــێ و تەنانەت لە ســـەر وردەکاری و ڕێزمانـــی دیالێکتی موکریانی کتێب بنووسێ!!

شـــک لەوەدا نییە مێـــژووی ســـەرهەڵدانی بەیـــت زۆر دوورە، بەڵام شـــکیش لەوەدا نییە پەرەســـەندنی دەرەبەگایەتی تایبەتـــی موکریان، واتا شـــێوە ژیانی ئاغا خـــاوەن گوندەکان لە ســـەردەمی خۆیدا بووە بە هۆی گەشە سەندنی پتری ئەو میراتە بەنرخە لەو چەند سەد ساڵەی دوایدا.

بەیت لە هەموو بەشەکانی موکریان ڕیشەی داکوتاوە. هێندێک پێیان وایە موکریانی گەورە هەتا هەولێر دەگرێتەوە و ســـنووری ئەو دوایانەی ئێران و ئێراق، ئەو وردە جیاوازییە فەرهەنگی و زمانییە کەمەی، کە ئێستا هەیـــە، بەدی هێناوە. هەم دیاردەی بەیتوبـــاو و حەیران، هەم نزیکایەتی دوو دیالێکتـــی هەولێـــری و موکریانی و هەمی وێکچوونی شـــێوە ژیانی عەشـــایری هەر دوو دیو، ڕاســـت بوونی ئەو بۆچوونـــە زیاتر دەکا. بەو پێیـــە بەربڵاوی بەیتی موکریانی لە مەهابـــادەوە هەتا هەولێر هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە بە سۆرانی دەدوێن.

لە کوردســـتانی ئێران بەیت لە شـــنۆوە بەرەو ڕۆژهەڵات هەتا سەقز باوی هەیە. گردەوەکۆیی من بەشـــی کرمانجیزمانی کوردســـتانی ئێران ناگرێتەوە؛ نـە شارەزای لەهجەکەم و نە دەستم بەو ناوچانە ڕاگەیشتووە.

لە سەقزەوە سنووری دووەمین ناوچەی سۆرانی نشینی کوردستانی ئێران واتا ئەردەڵان دەست پێدەکا. بە لای منەوە نەبوونی دیاردەی بەیت لە ناوچەی ئەردەڵان دەگەڕیتەوە ســـەر شـــێوە ژیانی دەرەبەگایەتی ئەو ناوچەیـــە. لـــە موکریاندا ئاغا ویـــڕای ڕەعیەت لە گوند ژیـــاوە. دیوەخانی هەبووە، لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بووە. مامۆستا هێمن گوتەنی ”ئاغا لە شین و شایی و پێهەڵاگوتن و ڕاو و شکاردا بەیتی وەک ئامرازێک بە کار هێناوە.“ لە ئەردەڵاندا دەرەبەگ و ئاغاوەت زۆرتر خوویان بە شارنشینی گرتووە. بەیـــت ئەدەبی گوندە، لە شـــاردا بـــە کاری ئەوان نەهاتـــووە. تێکەڵاوی و

نزیکایەتـی ئەردەڵانییـەکان لەگەڵ حاکمانی ئێـران بەتایبەت لە دەورەی قەجەرانـدا، دەرگای نیـوە داخراوی فەرهەنگی کوردی بە سـەر ئێرانیی غەیـری کورددا پتر کردەوە. ئەگەرچی ئـەو تێکەڵی و هاتوچۆیە هەندێ دەسکەوتی کاتی بۆ ناوچەی ئەردەڵانی ئەودەم بە دواوە بوو، بەڵام ئێستا کە زەمانی بە سەردا تێپەڕیوە و ئێمە چاو لە ئاکامەکەی دەکەین، شوێنی خراپـی ئەو پتر دەرگا کرانەوە لە سـەر زمـان و فەرهەنگ و ئایینی ئەو ناوچەیە بە ڕوونی دەبینین.

کەچـی لـە موکریاندا ئـەوە نەبـووە. تەنانـەت ئێسـتاش موکریانی پێتەختنشـین و هەڵـوەدای ژوورەوەی ئێـران لـە ئەردەڵانییەکان زۆر کەمترن. عەشـایری موکریان و بنەماڵە گـەورەکان ئەگەر بە هەندێ هۆ لەگـەڵ تاران و تەوریز وەک دوو ناوەندی بەهێزی دەسـەڵاتی دەوڵەتی پێوەندییـان هەبووبـێ، کـەم وا بـووە متمانەیـان بـە یەکتـر کردبێ و پێوەندەییەکـە لەوە کەمهێزتر بووە شـوێنی بنەڕەتی بخاتە سـەر ژیانی جەمـاوەر. هەر بۆیـە دەتوانین بڵێین لـە ڕابردووی موکریاندا هەمیشـە دیوارێکـی بەهێز و نادیاری فەرهەنگی و فیکری هەبووە کە ئیزنی هاتنی بابەتی جۆربەجۆری فەرهەنگی لاوەکی بە شـێوەیەکی بەربڵاو بۆ ناوخۆ نەداوە. هەرچی خوڵقاوە و گەشەی سەندووە و بووە بە فەرهەنگی گشتی، ڕەنگی خۆماڵی گرتووە؛ جا ئەوە زمان بێ یا بەیت و یا هەر شتێ تر...

گوتمان بەیت ئەدەبی گوندە. ئەو چێژەی ئاغا و دەرەبەگ لە بیستنی ئـەو دیویانە، ڕەعیەتـی وەرزێر و ئاژەڵداریش هەر ئـەو تام و چێژەیان لێکردووە؛ ئەو مەبەستە خاڵێکی گرینگە لە گەشە کردنی بەیت لە موکریاندا. کە دەڵێین بەیت لە نێو ژیانی دەرەبەگایەتی گەشەی سەندووە بەو مانایە نییە دیاردەیەکی فەرهەنگی تایبەتی دەرەبەگانە؛ بەڵکو هی هەموو خەڵکە. ئەگەر جگە لەوە بوایە، نەیدەتوانی ئاوا بەربڵاو پەرە بستێنێ و زەمانێکی درێـژ تەمەن بـکا. بابەتی فەرهەنگی بێتـوو مەقبووڵی زۆربەی جەماوەر نەبێ، نە پەرە دەستێنێ و نە تەمەن دەکا.

لە سـەر ئەو ڕایە نیم کە بەیت دەسـتکردی تاکەکەسـی بێ. ئەگەر ڕۆژێ لـە ڕۆژانیش یەکێکی خاوەن هەسـت بناخەی بەیتێکیشـی دانابێ، وردە وردە بە هۆی گوتن و گوتنەوە، تەنیوەتەوە و بیر و هزر و بۆچوون

و ئێحساســی جەماوەری تێکەڵ بووە و سەرەنجام بووە بە مڵکی گشتی. ئــەوەی ئیمــڕۆ بە چاک و خراپــەوە لە نێو بەیتەکان کــۆ بوونەتەوە، هی هەموو کەسە و چێژی بۆ هەمووان هەیە؛ ئەوەی هەیە بیر و بۆچوون و تاسە و ئاوات و بەسەرهاتی گشتییە و...

هەر لەبەر ئەو مەبەســتە بەیت خۆی لە خۆیدا بووە بە کەرەسەیەک؛ کەرەســـەیەکی بە هێز بۆ پاراستن و گواستنەوەی بۆچوون و فەلسەفە و شێوە ژیان و ڕووداوی جۆربەجۆری بەشێک لە مێژووی کورد. گرینگی پاراســتن و گواســتنەوە ئەودەمــە پتــر ڕوون دەبێتەوە کــە ئێمە وە بیر خۆمان بێنینەوە کە پێشــێنەی نووســینمان لانیکەم لە چاو دراوسێکانمان گەلێ کورتە! بەختەوەرانە ئەو شوێنانەی دیاردەی بەیتیان لێ بووە، هەر بــە هۆی ئــەو دیاردەیە، گەلێ بابــەت و ڕووداوی حیماســی، مێژوویی، ئایینــی و ئەوینــداری پارێزراون و گەیونەتە دەســتی ئێمە. پێم وایە ئەوە دەســکەوتێکی مەزنە بۆ گەلی کورد و بایەخی بەیتمان بە لاوە چەند قات دەکا.

ئێمڕۆ ئێمە لە شوێنێکی وەک موکریان لە سایەی بەیتەوە، دەتوانین لە ئایینی کەون، لە ڕووداوی کەون، لە بەسەرهات و قارەمانان، لە حیماسە، لە ئەفسانە و ئوستوورەی کوردی بدوێین؛ لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی گەلــی کــورد بدوێین. تەنانەت دەتوانین لایەنی ســەلیقە و جوانی ناســی ئێســتا و ڕابــردووی کورد پێکەوە بەراورد بکەیــن و بۆ هەمووی ئەوانە بەیت بە بەڵگە بێنینەوە؛ بێ ئەوەی هیچ زێدەڕۆییمان کردبێ.

با ئەدەبی نووسراوەی هەزارساڵەشمان نەبێ، خۆ بەیتی وامان هەیە تاموچێژی ژیانی هەزار ســاڵەمانی بۆ پاراســتبین؛ ئەویش بە ڕەسەنی و ڕوونــی. بەیت هەم کاری ئەدەبی نەنووســراوەی بــۆ کردووین و هەمی کاری ئەدەبی نووسراوە. کە وا بوو بەیت بەشێکە لە پێناسەی نەتەوایەتی و زەوقی میللیمان. باپیرانی ئێمە لە موکریان، بەشــێک لەو زەوقە میللییە و پێناســەی گەلییەیان خســتۆتە قالبــی بەیتەوە؛ هەر بۆیــە دەڵێین بەیت ئاوێنەی بالانوینی ژیانی موکریانە وەک بەشێک لە کوردستان.

فیردەوسی شاعیری سەدەی چوار و پێنجی کۆچی ئێران بۆ زیندوو ڕاگرتنی هەســتی نەتەوایەتی ئێرانییە شکســت خواردووەکان لە بەرانبەر

عەرەبانـدا، زۆربەی ئەفسـانە و ئوسـتوورە و ڕووداوە مێژووییەکانی کەونـی ئێرانـی لە سـینەی خەڵکـەوە گواسـتەوە نێو دوو توێـی کتێبی شانامەوە. ئێستا شانامە وەک بەڵگەیەکی حیماسی مێژوویی بووەتە هۆی شانازی و غرووری فارس زمانان. بەیتی موکریانم لە شانامە بۆ کوردان پێ گرینگ ترە. شانامە هەرچی بێ مۆرکی فیردەوسی بە سەرەوە؛ کەچی بەیتەکانی ئێمە ملکی گشـتین نەک تاکەکەسـی. فارسەکان شان بە شانی شانامە دەیان و سەدان بابەتی نووسراوەیی بەنرخی دیکەیان هەیە کەچی هی ئێمە تاقانەیە و دەبێ بە لامانەوە بارتەقای هەمووان بێ. فیردەوسـی بـۆ دژایەتـی لەگـەڵ عەرەبان، خۆی لە بـە کار هێنانی وشـەی عەرەبی لە شـانامەدا پاراسـت. لە بەیتەکانی ئێمەشـدا بە دەگمەن وشـەی بێگانە دەبینرێ. فیردەوسی بناخەی نوێی زمانی فارسانی داڕشتەوە، بەیتەکانی ئێمەش زمانێکی پوخت و پاراو و ڕەوانیان هەیە و ئێستاش دەتوانن بنەما بن؛ چ لە باری داڕشتەوە و چ لە باری وردەکاریی زمانییەوە و چ لە باری ناوەرۆکەوە.

لایەنێکـی هەرە بەرچـاوی بەیتی موکریان بـاری ئەدەبییەکەیەتی و هەرچی لە سەری بگوترێ کەمە. لە بەیتدا قافیە دەوری سەرەکی دەگێڕێ و ئەوە قافیەیە کە بەیت لە پەخشان جیا دەکاتەوە و شێوە قالبێکی شیعری پێدەدا. کێشی عەرووزی و بڕگەیی لە بەیتی موکریاندا کەم دێتە بەر چاو. بەیت زیاتر خاوەنی کێشێکی تایبەت بە خۆیەتی و نزیکە لەوەی پێی دەڵێین کێشـی دەروونی و هاڕمۆنی وشە. شیعری نوێ لە باری قالب و قافیە و کێشەوە هەر دەڵێی ئاواڵ دوانە بەیتی موکریانە. لە بەیتی موکریاندا وشە لە ڕستەدا، لە جێی خۆی و پڕ بە مانای خۆی کەڵکی لێوەردەگیرێ. قافیە بە دانسـتە هەڵدەبژێردەرێ و زۆرترین باری مانایی ڕسـتە و پەیامی لە سـەر شانە و بە گەیشتنە هەر قافیەیەک، پەیامیکی تایبەت ڕادەگەیەنرێ. قافیە هەروەها کۆتایی کۆمەڵە پەیامێکە کە بەیتبێژ یەکبین و بێ نێوەبڕ بە دوای یەکـدا دەیچڕێ و لە وێ بۆ دەسـت پێکردنەوەی کۆمەڵە پەیامێکی دیکە، کورتە هەڵوێستەیەک دەکا. هەرچی بەیت کۆنتر و بەیتبێژ لێزان تر بێ، دەوری کێش و قافیە بەرچاوترە. بەپێچەوانە هەرچی بەیت تازەتر بێ و بەیتبێژ کەمئەزموونتر، کێشـی بڕگەیی و عەرووزی پتر خۆ دەنوێنێ

و دەورگێڕیی قافیە کەمتر دەبێتەوە و ڕەنگی لە کاڵی دەدا.
لە ئەدەبی ئەوڕۆی جیهانیدا ئەو ئاسەوارانەی مۆرکی خۆماڵیان پێوە دیارە، پەسندترن و خۆجێیی بوونی بەرهەم گەلێ بایەخی بۆ دادەندرێ. ئەو نووسەر و شاعیرانەی لە دنیادا بە پلەوپایەیەکی بەرچاوی هونەری گەیشتوون، بەشێکی لە سایەی سەرنجی وردە بە ژیان و ڕابردووی گەلی خۆیان.
نێوەرۆکی بەیتەکانی موکریان کەرەسەیەکی یەکجار باشن بۆ هونەرمەندانی کورد کە بەشێک لە ڕابردووی خۆیانی پێ بناسن. چووزانین هەندێ لەو بابەتانەی لە نێو ئەدەبی هەندەراندا بە دوایانەوە وێڵین لە بەیتەکانی خۆماندا نایاندۆزینەوە؟ هەتا ئەوڕۆ ئەو گەشت و گەڕانەوە سەرخۆیە نەکراوە. وێدەچێ یەکێ لە هۆیەکانی ئەو ئاوڕ نەدانەوەیە دژواریی ئیشەکە بێ.
ئەگەر بمانەوێ خۆمان لە قەرەی پشکنین و پێداچوونەوەی ناوەرۆکی بەیتەکانی موکریان بدەین، دەبێ مەلەوانیکی شارەزا بین بۆ ئەو دەریا بێ بنە، یا سوارچاکێکی چوست و چالاک بۆ بڕینی ئەو دەشتە کاکی بە کاکییە، یا خود شارەزایەکی بەئەزموونی پشوودرێژ بۆ ئەو هەڵەمووتە هەزار بە هەزارە. ئەوەی ئێمە هەتا ئێمڕۆ لە دەستمان هاتووە، تومار کردن و گرداری بووە و جارجاریش هەڵوێستەیەکی کورت و هەڵەپڕووزانە؛ ئەویش لە سەر هەندێ لایەنی ڕوون و ئاشکرای ئەو میراتە بەنرخەی پێشینیان!
بۆ وێنە کاتیک چاو لە تەوسیف و پێهەڵاگوتنەکانی نێو بەیت دەکەی، زمانت لە گۆ دەکەوێ بۆ تەوسیف کردنی ئەو "تەوسیف"انە! هەرچی دەیڵێی تۆزی ئەوان ناشکێنی! وەکوو ئەوەیە بتهەوێ بە وشە، جوانی سروشتیی جوانچاکێکی گەردن زەرد نیشان بدەی! کەی وشە ئەو توانایەی هەیە؟ هەرچی قەڵەمیشت بە بڕشت بێ، هەرچی لیپاولیپیش بی لە زەوق و ئێحساس، ناتوانی تەنیا بەشێکیش لەو جوانییە سروشتییە، بەو جۆرەی کە هەیە، پێشان بدەی.
جا ئەودەمەیە کە لە لایەک هەست دەکەی ئەوەی ئەنجامی دەدەی پەلەقاژەیەکە و هیچی تر؛ لە لایەکیش غروور دەتگرێ لە وەی گەلت

بەرهەمــی هونــەری ئەوها شــاعیرانەی بەدی هێناوە و لــە لایەکیش ئەو گرێیــە دەکەوێتــە دڵتەوە کە بۆچــی هونەرمەندانی خۆت لێــی غەوارە و بێگانــەن؟! کوا لە کوێن ئەوانــەی وێڵی ئەدەبی لاوەکین؟! باوەڕ بە خۆیی بۆچ لە قامووســی خەباتی ســەربەخۆیی ئێمەدا سـڕاوەتەوە؟! خۆزگە وا نەبوایە.

بەیتی موکریان هیچی نەبێ ئەوەی هەیە دەربەســتی هەندەرانت ناکا. پێــت دەڵــێ ئەتۆ هەی، وڵات و مێژووت هەیە، ئەفســانە و ئوســتوورە و ئایینــی کــۆن و نوێت هەیــە، ڕووداو و قارەمان و حیماســە و تراژیدیت هەیــە. ئەوانە هەموو هی خۆتن و مۆرکی خۆتی پێوەیە. بەیتی موکریانی خۆت بە خۆت دەناسێنێ. لە باش و خراپی ڕابردووت دەدوێ. لە خۆشی و ناخۆشیت دەدوێ.

ئــاکام و ســەرنجامی زۆربەی بەیتەکانی موکریــان بە ڕووداوی تاڵ و گەرووگــوش کۆتایــی دێ؛ هــەر وەک ژیانــی گەلەکەمــان، هەر وەک ســەدان خەبات و سەدان شکستی کە بە دوایانەوە بووە. ئاکامی تەواوی بەیتەکانمان شکســت و لەنێوچوونی قارەمانە و سەرەنجامێکی تراژیکیان هەیــە. لە بەیتــی موکریانیدا بە دەگمەن هەڵدەکــەوێ قارەمانی بەیتێک لە دوای ئەو هەموو لەخۆبوردوویی و وەفاداری و جوامێرییە، سەر بکەوێ! لــە پەنای هەموو شکســتەکاندا مۆتەیەکی ســەر زل بینەقاقــەی گەلیمان دەگوشــێ و جارجار بە ئەنگوســتی شادە ئەقڵی نووســتوومان ختووکە دەدا.

ئۆسکار مانی ئالمانی سەد و چەند ساڵ لەمەوبەر، بۆ باشتر ناسینی ئێمەی کورد، دەســتەوداوێنی بەیت بوو. ئێمە ســەد و چەند ســاڵ دوای ئەویش نامانەوێ بزانین پێشــینەمان چ بووە! لەو بگرە و بەردەیە ســەرم دەماسێ و خەریکە دیسان قامکە شادە ئەقڵی نووستووم ختووکە دەدا.

# بەیت و قۆناغی نوێ

کاتێـک باسـی بەیت دێتە گـۆڕێ، خێـرا دیمەنی کوردێکی سـەر و ڕووخـۆش، لەنێوەچوو، ڕەزاسـووک و دڵتەڕت بە زەینـدا دێ کە پێچی هێناوەتە سەر برۆیان، دەستێکی لە بنانگوێی ناوە و بە وی دیکە تەسبیحە سەد دەنکەکەی هەڵدەخلێنێ. دەنگی لێهەڵێناوە و لە چەشنی خاسەکەوی سـەر دوند، سـۆزی دەروونی لە کوڵی دەکاتە پشـکۆی وشە و بە لێزمە دەیداتە دەر. زۆر وەسـتایانە ئەو وشـانە دەکاتە ڕستە، ڕستەکان دەکاتە ملوانکە، ملوانکە دەخاتە ئەستۆی گراوی. گۆمیلکەی فرمێسکی چاوی گراوی کەلاو دەکا، بە لووزەو بە ڕوومەتیدا شـۆڕ دەکاتەوە نێو قوڵکی گەردنی، دەیکا بە هەتوان، دەینێتە سـەر برینی تەشـەنەکردوو. بە شارەزاییەکی کەموێنە دڵانی سـووتاو و برژاو، زوڵم و زۆری، تاڵان و بڕۆ، ورشـەی زرێ و مەتـاڵان، ڕووخانـی مەکۆی گەرمی ئەوینان، دەسـتی بە خوێنی زاڵمـان بەرۆکانی دادڕاو، ئازایی مێرازایان، لەخۆبوردوویی لەخۆبوێران، جوانیـی جوانچـاکان، تەنانـەت گەرمیی فرمێسـک و کـزەی دەروونان دێنێتـەوە بـەر چاوی گوێگر. بێ ئەوەی بێڵێ بیسـەر پێ بزانێ سـواری باڵی خەیاڵی دەکا و بۆ ماوەیەک بەرەوپاشی دەباتەوە. تایبەتمەندییەکانی ژیانـی کـوردەواری لە پێـش دادەنێ، لە ئاوات و ئـارەزووەکان دەدوێ، ڕووداوە دڵتەزێنـەکان دەژێنێتەوە، ژیانی بـاب و باپیران دەکاتە هەوێن، ئەسـکوێ لە مەنجەڵی مێژوو هەڵدەدا، خوێچێژێک لە ڕۆژە تاڵ و شەوە ڕەشەکانی بن و بنەچەکە هەڵدێنجێ، وەک ئاوە ساردەکەی بناری قەندیل و سپیڕێز بە گەرووی گوێگری دادەکا و هۆگرتری دەکا.

ئەو بەیتەی کە ئێمە ئەوڕۆ بە یەکێک لە گرینگترین قۆڵەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوەکەمانی دەناسین، دەبێ چۆن خوڵقابێ؟ کام پێوستی بۆتە هاندەری ئەم خوڵقانە؟ ئایا هەر بەیتەی دەسـکردی شـارەزا و لێزانێکە؟ ئایا بەیت تایبەتی قۆناغی دەرەبەگایەتی بووە؟ ئایا بەیت هی هەموو چین و توێژەکانی کوردەوارییە؟ گرینگەتی و بایەخی بەیت لە ئەدەبەکەماندا تا چ ڕادەیەکـە؟ دەتوانین چیان لێ وە دەسـت بێنین؟ بۆ زۆربەی بەیتەکان

تراژیکن؟ ئێمەی هۆگر و لایەنگری بەیت دەمانەوێ بڵێین چی؟...

ویدەچێ ئەو پرسـیارانە و دەیان پرسـیاری دیکە بە مێشکی زۆراندا ڕابرن و نەکەوتنە شـوێن وەڵامیان لەم سـەردەمەدا گەلێ مەترسـی بە دواوەیـە. مەترسـی لـە پێش چاو کەوتن، مەترسـی لە بیـر چوونەوە و فەوتان.

بێگومان بەرەکانی داهاتوو پتر قەدری بەیت دەگرن و دەزانن چی لێ بکەن. ئەڵبەتە ئەگەر ئەو گەواهێراتە عەنتیکانەیان بە دەسـت بگا. ئەمەش دەگەڕێتەوە سـەر حەول و تێکۆشـانی ئیمڕۆی ئێمـە. نابێ خۆمان بەوە دڵخـۆش بکەیـن کە لە دواڕۆژا حەولی بۆ دەدەن و مەترسـی فەوتان لە گۆڕێـدا نابێ. لـە بیرمان نەچێ، پاش بەهاری بـە هەڵاڵە و گوڵەمێلاقە و بەیبوون خەملاو و هاوینی پڕ پیت و بەرەکەت و فەرعانی، قەوسـی پایز و شکستوبەستی زستان بەڕێوەیە. دەبێ دەستوبرد بکەین.

گوورانی بەیت دەبێ لە زەمانێکی یەکجار زووەوە دەستی پێکردبێ. لەو دەمەوە کە بەربەرەکانی لە نێو کۆمەڵدا دەستی پێکراوە، لەو دەمەوە کە ژن کۆڵەکەی ماڵ بوو، دەسـتی دەڕۆیی. لـەو دەمەوە کە چادروچێغ ئاوریـان تێبـەردرا، مـاڵ و منداڵ و مـەڕ و ماڵات بە تـاڵان چوون، لەو دەمـەوە کە خێڵـەکان پیاوی ئـازای تاڵانگێڕەوەیان بە خـۆوە دی، لەو دەمەوە کە بایەخ بۆ ئەزموون داندرا. لەو دەمەوە کە کورد هەستی بەوە کرد کە پێویستە هەندێ لە ڕووداوە تاڵ و شیرنەکانی نێو کۆمەڵی خۆی لـە بیـر نەباتەوە. لەو دەمەوە کـە پەنای بردە لە بەر کـردن و لە زەیندا ڕاگرتنی ئەو کارەساتانە.

ئەوانـەی کەمتاکورتێـک لە مێـژووی گەلەکەمان ئـاگادارن، دەزانن کـە کوردسـتان لە نێـو ئیمپراتۆرییەکانـی ڕۆم و ئێران و دراوسـێکانی دیکەیـدا دەستاودەسـتی کـردووە و وەک کەوڵی حـەوت برایان لە بەر یەک کێشـراوەتەوە! نێزە و مەتاڵ بە دەسـت، شمشـێر لە قەد، قەرەبینا و ڕەشـۆک لە شـان، ژیانیان بە دانیشتووانی تاڵ کردووە. قەتیان ڕووی خۆشی بە خۆوە نەدیوە! ئاوارە و پەڕیوە کراون! هۆزەکان لە جێی خۆیان هەڵقەندراون، تاڵان کراون، مێگەلە مەڕیان ڕاماڵ دراوە، زۆر کارەسـاتی دڵتەزێن و دوور لە مرۆڤایەتییان بە سـەر هاتووە! زۆر جار بەرەنگاری

دوژمــن بوونە. قارەمانانە ســەریان داناوە. ئەو بابەتانە هەوێنی زۆربەی بەیتەکانن. هەروەها مەســەلەی ژن! ژنی کورد ســەرەڕای بەشدار بوون لــە دەرد و ڕەنجی کۆمەڵەکەی، زۆر چەرمەســەری پڕ مەترســیش بۆتە ســەرباری دەردی. هێز و توانای لە دەســت داوە! بۆتە دیلی بەر دەستی پیاو! تەنانەت مافی هەڵبژاردنی هاوسەریشی لێ ستێنراوە!

بــە چاوی ســووک ڕوانیویانەتــە ژن! تەگبیری پێکراوە و بە قســەی نەکراوە! بە تاڵانیان بردووە! خوێنیان پێ کوژاندۆتەوە! گاڵتەیان بە ژیانی کردووە! باب و برای لە پێش چاوی لە خوێن گەوزێنراون! دڵی ناســکتر بووە، بە باڵۆرە و حەیران و لاوک کوڵی خۆی هەڵڕشــتووە و ســوکنایی خستۆتە جەستەی خەستەی. ئەو بابەتانەش لە بەیتدا دیارن، دەتوانین بە جوانی شوێنیان بگێڕین. لێرەدا نابێ تێکهەڵچوونی هۆزەکان لەگەڵ یەکدی و هەلومەرجــی قۆناغــی دەرەبەگایەتــی وە بەر چاو نەگریــن. دیارە ئەم دوو مەبەستەش شوێنی گرینگی لە سەر خولقانی بەیت داناوە. سەرجەم دەتوانیــن بڵێیــن ژیانی ڕابــردووی کــوردەواری وەک تراژێــدی دەچێ! هــەر بۆیە زۆربەی بەیتەکان تراژیکن. گوێ بــۆ هەر بەیتێک هەڵدەخەین بارستایی ژیانێکی پڕ دەرد و مەینەت بە تەواوی هێزەوە هەست پێدەکەین و کۆنەبرینمان وە سۆ دێنەوە.

هەوێنــی بەیتەکان لــە ڕووداوی ڕاســتەقینەوە هەڵێنجراون. ســۆز، ناڵە، شکســت، سەرکەوتن، قارەمانەتی، دەرد و غەم، گریان و شادی نێو بەیتــەکان لەگەڵ هی ئیمــڕۆ فەرقێکی وای نەکردووە. گوێگر هەناســە و هەنیسک، خورپە و خورتە، نرکە و نەهرە، تەنانەت ویزەی تیر و ورشەی شیر هەست پێدەکا. هۆی پەرەسەندن و لە دڵی خەڵکدا جێ خۆش کردنی بەیــت، هەر ئەو مەبەســتەیە. گوێگر لە خۆشــی و ناخۆشــی قارەمانانی بەیتدا بەشدارە و دەزانێ دەڵێن چی و چیان دەوێ.

هیچ بەیتێک بە ساغی نەگەیوەتە دەستی ئێمە. ئەوەش دەتوانێ چەند هۆی هەبێ. یەکەمیان ئەوەیە کە بەیتبێژ وا نەبووە کە بەیتێک بە تەواوی مانــا لــە بەر بکا و چی بیســتبێ فێری بــێ و بێ کەموزیــاد بیگێڕێتەوە. بەڵکو تەنیا نێوەرۆکی بەیتەکەی لە زەیندا ڕاگرتووە. ئەگەر زۆر شــارەزا بووبــێ تەنانەت قافیەشــی گۆڕیوە. بیــر و ڕا و بۆچوونی خۆی نێوئاخن

کــردووه، هــەر بۆیە لە بەیتی کۆندا کەرســتەی نوێ وە بەر چاو دێ. بۆ وێنە زۆربەی بەیتبێژان تفەنگی بە چەتاڵ وە شــانی «ســیامەند» دەخەن! کەچــی بە پێی نێوەرۆک و هەلومەرجی بەیتەکە، دەبێ ســیامەند خاوەنی تیر و کەوان بووبێ. خووخدە و ڕادەی تێگەیشتنی بەیتبێژ لە دوورەوە بە بەیتەوە دیارە.

بەیتبێژی دڵتەڕ و جوانپەرست لە هەر جێیەک کە گەیوەتە باسی یار، ناسکخەیاڵی گەیاندووەتە ئەوپەڕی خۆی. «مەحمەڵ»ی بەیتبێژ حەیران بەم چەشنە دەڕازێنێتەوە:

دەڵێم کاکە چەند خۆشە لە سەری سەفینێ
کەپرێکی لە بۆ بەژنی باریک و ئەوێ نازدار حەیرانێ دروست کەم
دیواری شووشە بێ، هەڵاشی گوڵە وەنەوشە بێ
ئاڵوداری لە گوڵی دە سوورە گوڵێ بێ
کاریتە و کۆڵەکەی ڕەشەڕیحانە بێ
گڵەبانی خەنە بێ
دەرکە و پەنجەرەی لە داری بێ؛ دارمەوتەنێ
نارنج دەکەم بە خاسەڕەنگی
هەموو شەو و نیوەشەوان شیبای شەماڵ لێی دەدا
بۆن و بەرامی دەڕوا بۆ سەر ماڵە جیرانان

یا «دەروێش ڕەحمانی حەمەشــێت» لە «قەتارە» دا ئاوا هەســتی بە سۆزی خۆی دەردەبڕێ:

بریا کلێک بام کلە سوبحانی
پوختەیان کردبام لە کن لوقمانی
نازدار بە پەنجەی مبارەکی کێشابامی دە گۆشەی چاوەکانی
لە وێشی ببامە فرمێسک، هاتبامە خوار بە پەرێشانی
فەسلێ بای شەماڵ لێی دا، پساندی یەخەی کەتانی
ئەرێ خۆزێ ئەوێ جارێ
لە سەر سینگەکەی ببام بە حەوز و کانی
هەچ نەخۆشێکی هاتبا سەرم بە دەردێکی گرانی
هەڵیکێشابام قەترەیەک بە ئیستیکانی

به ڕەزای خودای ببام بە دەرمانی
هەروەها لە هێندێک بەیتدا کە ڕەنگ و بۆنی ئایینەکانی پێش ئیسلامیان پێوەیە، یا ڕۆمانتیکانە چاو لە ئەوی کراوە، بەیتبێژی موسڵمان سەبارەت بە ویستی هەندێ گوێگری موسڵمان، هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئایینی ئیسلامی وێخستووە و لە بەر چاویانی شیرن کردووە.
بەیتبێژی سەودایی ئیشقی محەمەدەلمستەفا بۆچوونێکی دیکەی لە «گوڵێ» هەیە. «کۆ» و «حەڵەب» و «دیاربەکر» نابن بە خاڵەکەی شیرن لەیلایە. لێرەدا بەیتبێژ خاڵەکەی سەر شانی ڕەسووولەڵڵای مەبەستە.
هۆی دووەمینی ئەو بابەتە ویست و داخوازی خەڵکە. بۆ وێنە لە «دمدم» دا کاتێک خان و پیاوەکانی لە مەیدانی خەباتدا خوێنیان لە سمێڵان دەگەڕێ و دێ قەڵا بکەوێتە دەستی گەمارۆدەران، بەیتبێژ دەچێتە سەر باسی ژن و منداڵی نێو قەڵا. کاتێک دەبینێ لە بەردی «شمشێرخان» ەوە خۆ هەڵدەدێرن، ویستی خۆی و خەڵک ئاوێتەی ڕووداوەکە دەکا، پەنا دەباتە بەر خەیاڵات، پەڕ و باڵ وە خۆهەڵدێران دەخا، دەیانکاتە کۆتر، هەتا بەرەو دوندێکی تر لە شەقەی باڵ بدەن و خانی لەپزێڕێنێکی تر، جارێکی دی، شوورەی قەڵایەکی پتەوتر دابمەزرێنێ. یا لە «مەموزین» دا کاتێک خاتوونزین لە تەنیشت مەم دەنێژرێ، قەبر شەقەی دەکەوێتێ و مەموزین لە پشتێند بەرەژوور وێک دەکەون. ئەوەش هەر ویستی خەڵک بووە. دەتوانێ هۆی ئەو جۆرە ویستانە ترس لە شکستی یەکجارەکی و بە ئاوات نەگەیشتن بێ. بەو کارانە تۆوی هومێدیان لە دڵدا هێشتوونەتەوە، هەتا لە ڕۆژی خۆیدا لە زەوی پڕ پیت و بەرەکەت دایچێننەوە. مەسەلەی وێک کەوتنی لە پشتێند بەرەژووری مەموزین کە لە بەیتی «شۆڕ مەحموود» یشدا هاتووە، نیشانەی باوەڕ و ویستی کورد بە ئیشقی پاک و ڕاستە. کە وا بوو ئەگەر جاروبار لە بەیتاندا تووشمان بە تووشی ئەو چەشنە بابەتانە هات، نابێ خێرا مۆری ئاوسانە لە نێوچاوانی بەیتەکە بدەین و بە شتێکی خەیاڵی و بێ بناغەی دابنێین.
قارەمانی بەیتەکان زۆربەیان ئاساییین. هێز و توانایی سەر سوڕهێنەریان نییە، کێو لە دوای خۆیان ناکێشن، ناچنە زاری ئەژدیهای حەوت سەر، بە تەندوورەزەنە بە حەوا هەڵناچن، ڕوحیان لە شووشەدا

نییە، سـیحر و جادوو تێک ناشـکێنن، بەرەنگاری دێو و درنجان نابنەوە. کوردێکی ساکارن، چی وا لە دەوروبەری خۆیان بەرچاوتر نین. تەنانەت لەم زەمانەشدا دەتوانین وێنەیان لە نێو کۆمەڵەکەماندا دەستنیشان بکەین. ئەمە دەتوانێ نیشاندەری ئەو مەبەستە بێ کە کورد خۆی زۆر لە ڕاستیی ژیان دوور نەخستۆتەوە.

سـەرەڕای ئـەوەی لـە سـەر ڕاسـت بوونـی بەیتـەکان سـوورم، بـڕوام بـەوەش هەیە کـە هێنانە گۆڕی ئـەم جۆرە مەبەسـتانە دەتوانن وەبیرهێنەرەوەی هەزاران کارەساتی تاڵ و گەرووگوش و هەستبزوێن و جەرگبڕ بن کە بە درێژایی مێژووی گەلەکەمان قەوماون و ئێمە ئەوڕۆ لە ئاوێنەی باڵانوێنی بەیتدا بە چاو دەیانئەنگێوین.

پێتان وایە لە مێژووی گەلەکەماندا چەندی وەک «خەج و سـیامەند» بە بێمرادی سەریان نابێتەوە باشە؟ چەندی وەک «لاس» بە تیری چڵکنان ئەنگواون؟ چەند خوشـک بە سـەری شـین و ملی بە کوێن شـینیان بۆ «کانەبی» برایان گێڕاوە؟ چەند «حەمەدبەگی لێتان» بە تاریکەشـەو ناڵی ئەسپیان بەراوەژوو لێداوە و سەرچاوەی ئاویان بە دوژمن نیشان داوە؟ چەند سـوارچاکمان لە سـەفەری کاولە لەحسـایە نەگەڕاونەتەوە؟ چەند «ئایشـەگوڵ» نەزریان کردووە ئەگەر سـواریان لە سـەفەری گەورە و گـران بگەڕێتەوە سـینگی بۆ بکەن بە کانی؟ چەنـد «برایمی مەلان»ی بە ئەمـەگ «میران»ی گـول و دووزامیان گەرمێن و کوێسـتان پێکردووە؟ چەند شۆڕەسوارمان سەرڕاویان گرتووە و شینکی مات و مەلوولیان لە زەوی بە کەڵەک و بەرد لە گەردالی تۆزێ وەرداوە؟ چەند «پایزە» لە سەر تەمال گوتراوە؟ چەند خوارزا خەنجەریان لە پشتی «ئەحمەدێ شەنگ»ی خاڵیان داوە؟ چەند «شەم و شەمزین» لە گەڕی دیلان فرمێسکیان هاتۆتە دیلان؟ چەند «محەمەد و سـێوەخان» بە دەست بڵحەڕۆمیان خوێنیان لە باغەڵدا ڕەق هەڵاتووە؟ چاوی چەند «عەبدولعەزیز» ە کۆران بە جاسووس نیشتووە؟ چەند «قەرەتاژدین» مان بووە؟ چەند «بەکر» ە شەیتان بوونە چقـڵ؟ چەند «خانیلەپزێڕین» شـیریان لە کالاندا ڕانەوەسـتاوە؟ چەند ڕۆڵـەی ئـازا خۆیان هاویشـتۆتە سـەر خوانی زین و ماینێ شـێخەزڵی گوێ مقەسـتی کلک لە سـەر چووانی پەل لە هەزاریان لینگ داوە؟ چەند

«لەیلک» بە یاڵ و بژی خوێناوی لووشمەیان بە سەر ڕیسمەی ماڵە بابان داهێشــتووە؟ چەند «حەیدەر گۆران» قســەیان کردۆتە یەک و دەســتیان داوەتە خەنجەران و دەفەی سینگی «کاکەمیر و کاکەشێخ» یان پێ هەڵدڕ هەڵــدڕ کردووە؟ چەند بەهاران نێری و بەرانی کوردان لە نێو مەندۆک و بیزادا لە شــوان غوللوور بوونە؟ چەند بەردەبێر ســواون؟ چەند ڕێبازی شەنگەبێریان کوێر بوونەتەوە؟

ئەمانــە بــۆ ئێمــە شــتێکی دوور لە زەین و تــازە نیــن، تەنانەت ئەو کوردانەی کە چاویان لە سەر سینگی قیلەتاوی شارەکانیش پشکوتووە و تا ڕادەیەک لە تایبەتمەندییەکانی ڕابردووی کۆمەڵی کوردەواری تەریکن، هەســتی پێدەکەن. هۆی گەشــە کردن و کەوتنە ســەر گەڕی ڕەوڕەوەی بەیت هەر ئەو تایبەتییانە بوون. لە خۆڕا نییە کۆڕ و مەجلیسێک کە بەیتی تێدا نەگوترابا سارد و سڕ دەماوە. هەر جێیەک بەیتبێژی لێ با خەڵک لە دەوری کەڵەکە دەبوون و چاویان دەبڕییە دەم و ڕاوێژی.

بەڵام ئێســتا چی؟ ئێســتا کە کۆمەڵی کوردەواری ئاڵوگۆڕی ئاسایی و نائاســایی بە سەردا هاتووە چی؟ ئێستا کە کورد پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکەی ژیان و هەلومەرجی ئابووری گۆڕاوە چی؟ ئێستا کە ناشارەزایانە زۆر شــتی بەکەڵــک وە پشــتگوێ دەخەین چی؟ ئێســتا کــە زیاتر لە نیو ســەدەیە بەیت هەر وەک بابەتەکانی دیکەی فۆلکلۆرەکەمان کەوتۆتە ژێر بەرداشی دەنگەوەرەی گشتی و هاڕینی بێبەزە و بێوچان بەردەوامە چی؟ ئێستا کە ژێر پێی بەیتبێژان لێژ کراوە و گۆڕی تەنگ و تاریک زۆربەیانی هەڵلووشــیوە چی؟ ئێســتا کە نە مامۆســتا ماوە و نە شــاگرد، ئێستا کە بەیتبێژ چریکەی لێ بۆتە نووزە، ئێستا کە دوایین پشتی ئەم هونەرمەندانە لە دووری نزیک بوونە و لە ئاوالان تاقولۆق و بەیت دەمێکە سەرەنگرێ بووە چی؟

باغــی پڕ بــەری بەیــت کەوتۆتە بەر هێرشــی ڕەشــەبا، وا چاکە بە هانایەوە بچین. هەتا شــەختەی پایزێشی نەگەیوەتە سەر، هەرەوەزی لێ بکەین. کارێکی وا نەکەین ســبەی ڕۆژێ دەســتی حەسرەتی بۆ لە ئەژنۆ بدەیــن و ئــاخ لە ســەر ئاخی بۆ هەڵکێشــین. کارێکــی وا نەکەین بەرەی داهاتوو پینەی کەمتەرخەمیمان لە شان بدەن و سەرکۆنەمان بکەن.

زۆر کاری گرینگ و بەجێ هەیە کە هەر لە ئێستاوە دەبێ قۆڵی لێهەڵاڵین. دەتوانین تۆماریان بکەین و بیانهێنینە سەر کاغەز. هەر بەیتەی لە زمانی چەند بەیتبێژەوە تۆمار کەین، هەتا شێوە جۆراوجۆرەکانی بەیتێکمان بە دەستەوە بێ و ڕادەی ئاڵوگۆڕ بە سەردا هاتنیان وە دەست بێنین. بە چاوی شیعر بڕوانینە بەیت و ڕوونی کەینەوە ئایا بەیت شیعرە؟ بڵێی کێشی کۆنی کوردی تێدا نەدۆزرێتەوە؟ بکەوینە شوێن ئوستوورە و خواکانی کۆنمان و بزانین شوێنەواریان لە بەیتاندا بەر چاو دەکەوێ؟ زۆر بە وردی لە سەر هەوای بەیتەکان کار بکەین و گۆشەکانی دەرکێشین و هەنگاوی پتر بۆ سەربەخۆیی مۆسیقای گەلەکەمان هەڵێنینەوە. ڕووداوەکان بخەینە بەر چاوی ڕەوانناسی. شێوە بۆچوونەکان، دیاردەکانی ئابووری، دابونەریتەکان، سەرجەم هەموو تایبەتمەندییەکانی نێو بەیت بەو دوو چاوە بەراورد بکەین. تەرکیب و تەعبیرە جوانەکان دەرکێشین و کەڵکیان لێ وەرگرین. قامووسی بەیت ساز بکەین و زمانەکەمانی پێ پوختەتر بکەین. ئەگەر قەرارە لە وشەی بێگانە کەڵک وەرگرین، وا چاکە چاو لە شێوەی بە کار هێنانی ئەو جۆرە وشانە لە بەیتەکاندا بکەین، هەتا لە زمانەکەماندا ڕەق و زەق نەنوێنن. لێی بکۆڵینەوە بزانین بۆچی بەیت لە موکریاندا زیاتر پەرەی سەندووە و لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان بەو هەراوییە نییە؟ شوێن و شوێنەواری دەرەبەگایەتی لە سەر بەیت دەستنیشان بکەین. شوێنی بەیت بە سەر شیعری شاعیران بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەیتەکان بێنینە نێو چوارچێوەی ڕۆمان و بە دنیایان بناسێنین. فیلمیان لێ ساز بکەین. بەسەرهاتی بەیتبێژان کۆ بکەینەوە و بە خەڵکیان بناسێنین.

دیارە ئەو خاڵانەی دەستنیشانمان کردن، هەشتێ لە مشتێن، گەلێ بابەتی گرینگی دیکەش هەیە. هیوادارین سوارچاکانی دڵسۆز سۆرانی لێ باوێنە پشت مل و مامزە لە بدەوان توند بکەن.

# دمدم

**١٠١٨ی کۆچی**
**١٦٠٩ی زایینی**
**٩٨٨ی هەتاوی**

# لە نێوان ڕاستی و خەیاڵدا

ماوەی ساڵێکە بێ نێوەبڕ لەگەڵ ئەو چەند دەقەی دمدم ژیاوم. دەمێک بوو کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتبووە سەر کە پێویستە لە نزیکەوە خۆم دمدم ببینم و لانیکەم بارودۆخی جوغرافیایی ئێستای ئەو شوێنەم بێتە دەست. هەر بۆیە ١٣٩٠/٦/١١ (٢٠١٢ ز.) زەحمەتم وە بەر دۆستان نا. ڕۆژی جومعە بوو، لەگەڵ بەڕێزان مەحموود پێدرام، عەبدوڵڵا سەمەدی، سوارە فتووحی و سەلاح خزری وە ڕێ کەوتین و بەهمەن ئاشنای کوێرەسوننیمان، خەڵکی گوندی توومەتەر، لە وێ چاوەڕێمان بوو و لەو سەفەرەدا زۆری یارمەتی داین. بڕیار درا لە لای باشوورەوە بە شاخ هەڵگەڕێین هەتا بتوانین لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژاوا بە قەڵا داگەڕێین و بیپشکنین. کاک مەحموود و کاک عەبدوڵڵا چەند جاری تر دمدمیان دیبوو؛ ئەمە یارمەتییەکی باش بوو بۆ زانیاری پتری ئێمە.

بە باریکەڕێیەکی باشووری قەڵادا ڕوو بە ڕۆژهەڵات بە بەرزاییەک هەڵگەڕاین. کێوی بەرزی جمجم ـ کە گوایە زەمانێک قەڵایەکی لە سەر دوندی بووە ـ کەوتە شانی ڕاستەمان. بە گوتەی بەهمەن لە نێوان ئەو باریکەڕێیە و داوێنی باشووری دمدم، قەدیم ئاوەدانییەکی لێ بووە بە ناوی گوندی شکاکان. ئێستا ئەو شوێنە کێڵدراوە و ئاساری ئاوەدانی پێوە دیار نییە. بەهمەن دەیکوت دەگێڕنەوە خەڵک لە بەر هێرشی ماران ئەو گوندەیان چۆل کردووە.

من لە هەمووان خاوتر بووم؛ نەمدەتوانی ئەو هەورازە نە زۆر ڕژدە ببڕم. هەواڵان جارجار سەبارەت بە من باوی هەنگاویان شل دەکردەوە. لە بەرزاییدا گەیشتینە تەختاییەک. ئەو گۆڕاییە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی قەڵا و تا ڕادەیەک بە سەر دمدمدا دەڕوانێ. ئەودەم ئاو بە تەنیشتی ئەو بەرزاییە و بە ژێر عەرزدا کێشراوەتە نێو قەڵا. کاک مەحموود زۆری حەول دا شوێنی کێشانی ئەو ئاوە بۆ ئێمە دیاری بکا. دەیکوت ئێستاش بەهاران زنەی هەیە و شووخاڵێک گیای شین وە دیار دەکەوێ.

لە سەر ئەو تەختاییە تووشی قەبرستانێکی گەورە و کۆن بووین.

کێله خواروخێچ و نەتاشـراوەکان، سـارد و سڕ و بێڕوح، وەک نەمامانی بێبەر، لێرە و لەوێ ناشـتراون. تەزوویەک بە مێشکمدا هات؛ بڵێی قەبری جەنگاوەرانـی قـەڵا لە کـوێ بن؟ ئـەو تەختاییە بە گوتـەی عالەمئارای عەبباسـی شـوێنی ئۆردووبەزی حەسـەنخان و ئەمیرانـی هاوڕێی ئەو و تفەنگچییەکانـی ئیسـفەهانی و میرفەتتاحی سـەرکردەیان بوو کە ڕوو بـە بورجی گەورە و دەرگای ڕۆژهەڵاتی دمـدم چووبوونە مەتەرێزەوە. بێگومـان لە گەرمەی شـەڕ و نەبەردی خوێناویی ڕۆژانـەدا قەڵاپارێزان نەیانتوانیوە کوژراوانی خۆیان لەو قەبرسـتانە بنێژن. بڵێی هەموویان لە نێو حەوشەی قەڵادا ناشتبن؟

ئـەوەی ڕاسـتی بێ، دڵم بـۆ قەبرەکانی ئـەو قەبرسـتانە نەبزووت. چووزانی بەشێک لەو گۆڕانە هی گەمارۆدەرانی دڵ پڕ لە قین نەبن؟

بـە دەم ئـەم وردە خەیاڵانـەوە، خـۆم لـە بـەر دەرکـی چـادری میرسـۆفیدا دیتـەوە کە بـە شمشـێری عەبداڵبەگی موکـری لە خوێن دەگەوزا و شەڕکەرانی قەرەداغلوو عەبداڵبەگ و یارانیان چۆن ئەنجنین! خانیلەپزێڕین و جەنگاوەرانم دی لە چادری محەمەدبەگەوە بە شمشێری ڕووت خۆیان لە نێو دەریای لەشکری قزڵباشان دەهاویشت و هەر سەر و دەست بوو پەی دەکرا.

نازانم لە نێو ئەو هەموو خەسـارەدا بۆچی گۆڕی شـەهیدان مێشکی تەنیوم! بڵێی دوژمن ئیزنی ناشتنی تەرمەکانیانی دابێ؟

هەمـوو بە یەکەوە بـەرەو قەڵا داگەڕاین. ڕێوییـەک بە کلکێکی قەف ئەسـتوورەوە لـە پێشـمان هەسـتا و سـەرەوخوار بازرە بـوو. هەموو قیژاندمان: ئەوەتا ڕێوییەکەی نێو بەیتی دمدم:

دمدم بەردی لە سێران
جێگای خانان؛ جووتەی شێران
بۆتە جێگای شەل و کوێران
حەیفە ڕێویلان لێی دەدەن سێران

دەڵێن ڕێوی لە پێش کەسـێک هەسـتێ بەختی دەکرێتەوە؛ بەڵام ئەم باوەڕە بە مێشکی هیچماندا ختووری نەکرد.

بورجـی گـەورە، وەک تەپۆڵکەیەکی پڕ لە ڕاز، ئێمـەی بەرەو خۆی ڕاکێشـا. یـادی قارەمانەتی قەرەبـەگ و جەنگاوەرانی ئـەم بورجە وەک

خەرمانە بە دەوری مانگدا، لە سەر ئەم تەپۆڵکەیە جەمبوورەی بەستبوو. تەپۆڵکەی بورجی گەورە لە قەراغ هەڵدێری باشووری قەڵا هەر وا بە ویقار ڕوو بە دوندی چیای جمجم، باسی قارەمانەتی قارەمانانی پێیە. شریخەی تفەنگ و نەهرەتەی شێرانە و ورشەی شمشێری ڕووتت گوێ لێدەبێ، بێتوو لە سەر دوندی ئەم بورجە بێ دەنگ بوەستی و مراقیب بمێنی.

دیواری بەرز و بەرین و تێکتەپیوی ئەسڵیی قەڵا، ئێستاش کە ئێستایە، هەتا لێی سەر دەکەوی وە هەناسەبڕکێت دەخا. بۆڵدزێری «...» شەقڵێکی بە درێژایی قەڵادا کێشاوە و ئەو دیوارەشی لەت کردووە؛ هەر چۆن لێرەوارێکی چڕی بەرزەدار هێڵێکی سووتمانی تێدەکەوێ!

گوتم پێشانم بدەن ئەو ئەشکەوتەی مێرخاسان مەردانە بۆی جەنگین؛ لە سەر بەرزاییەکەی ویستام. گۆچانی یادگاری ڕاوچێتی بابم نەبوایە خۆم پێ لە سەر پێ ڕانەدەگیرا؛ گەڕابوومە ئەوان دەمان و چاوم بڕیبووە ئەو شوێنە کە دەبوایە بە پەیژەی خەیاڵ بۆی هەڵبچی. شریخوهۆڕی تفەنگ و بریقەی شمشێر لە زارکی ئەو ئەشکەوتە، لە شەوانی بەسامی گرتن و بەردانی، لە بەهاری ڕەنگیندا، دەیبردییەوە پیرە پاییز و ڕێژنەی وەرینی کەلاک. لەو سەرەوە لێم دەڕوانی. چاوم لە نێو شەپۆلی هرووژمی غەدداران هەتەری نەدەکرد، بەڵام بە گوێی دڵ بیستم کە دەنگێ دەیکوت: «هۆ غەریب! ئەوەیە مێژووی تۆ.»

دڵم لەو شوێنە نەدەبۆوە، پێی ڕۆیشتنم نەبوو. ببوومە یەکێک لە گڕە بەردەکان، قاچم ڕیشاژۆی کردبوو. ئەودەمەی هەواڵان بەرەو باکووری قەڵا پەلکێشیان کردم، ڕۆحم بەجێما و لە سەر جەنگاوران دەگەڕا.

نارین قەڵا، دیوار بە دیواری، ئەندەروون و بێروونی، هەمووی هەر زیندوو بوون. گوڕەی خان، جمەی خەڵک، هاتوچۆی شەڕوانان، تێکەودانی ژنوژاڵ هەمووی هەر زیندوو بوون. ئەوەی لەو نێوەدا وەک مردوویەکی لە سەر پێ، هەر لاکەی سەری دەهات من بووم.

لە سەر سولوق و بوزلوق، ئەو ڕەگی حەیات، هێشتاش تەمی خەیانەت نەڕەویوەتەوە. تەختە بەردی زۆر زل لەبەر یەک ڕەویونەوە و بە نەرمە لێژاییدا نەختێک خزیون. وێناچێ لەو دەمەوە ئاویان بە خۆوە دیبێ. لە سەر تاتەبەردێک خۆم بە سەر گۆچانی بابەدا هێناوە و گوێم بۆ دەنگی

ناڵی ئەسـپی ڕاگرتووە کە سەرشـۆڕانە ئەحمەدخانی لێتان دەباتە ژوانی دوژمن.

خم و هەش بار بار بە بەر چاومدا دێن و دەڕژێنە سەرچاوەی کانی. ئـاوی زوڵەمات، ڕەشـتر لە دڵـی دوژمنی غەددار، حـەوزە گەورە ڕەش هەڵدەگێـڕێ. لەو لاوە زرینگە زرینگی بژاردنی دراوی «شاعەبباسـی»یە کە بە سـەر کوردانی خۆ بە دەسـتەوەدەر دابەش دەکـرێ. تینوێتییەکی جەرگبڕ هەموو لەشم دادەگرێ و بڕستی ڕۆیشتنم لێدەبڕێ.

نازانم کەی و چۆن گەیشـتمە سـەر بەردی شمشـێرخان! من زاتی ئەوەم نەبوو بچمە سـەری؛ هەڵدێرێکی زۆر بەسام. تەنانەت نەمتوانی بە خەیاڵیش هاودەمی ئەو پەری ڕوخسـارانە بم کە لە سـەر ئەو بەردەوە بوون بە کۆتر و لە شەقەی باڵیاندا و دەستی دوژمنیان پێڕانەگەیی.

جارجـار لـە خـوارەوە دەڕوانم؛ ئـای نیشـانەیەک، ئاسـارێک لەو نەشـمیلانانە؛ ئـازا تەنانـەت لە ڕەگـە گیایەکیش! هەر دەڵێی ئەو بەشـە لـە داوێنی قەڵا، خەمێکی چوار سـەد سـاڵە قاقڕی کـردووە. هەر دەڵێی دەسـتێکی نهێنـی ئەمری کردووە ئەو شـوێنە نابێ هەتـا هەتایە چی لێ بڕوێ. چی جوانتر لە کچانی دمدم؟ چی شۆختر لە تازە بووکانی دمدم؟ گوڵاڵـە، سۆسـن، بەیبوون؟ نا! هیچیـان. کە وایە دەبا ئێـرە هەتا هەتایە هیچی لێ شین نەبێ.

وەک پەڕە کایەک کەوتبوومە سـەر شـەپۆلی ئەو خەیاڵاتە، هاواری هەوالان وە خۆی هێنامەوە؛ چاو! چاو لێ بکەن!! ڕاسـت لە سـەر بەردی شمشێرخان، ڕاست لەو شوێنەی کچان و تازە بووکانی قەڵای دمدم خۆیان هەڵداشـت، دوو پەپوولـەی سـپی لێک دەهاڵان و چـاوی ئێمەش ببوونە کامێرایەکی کڕ و مات؛ لەگەڵیان دەهاتن و دەچوون. هەموو موچوڕکمان بـە لەشدا هات! ئەو چ سـیڕێکە!؟ تۆ بڵێی ئـەوە ڕۆحی خانیلەپزێڕین و ئەبداڵبەگ بن؟ یان شەمسـە و قەمبەرنـازن؟ یان گوڵچین و دڵوەفان؟ یان بەدەخشان و شازەمانن؟ یان...

هەرچـی بـوو دەروونی هەموومانـی شـڵەژاند. ئەوەندەمـان پێکرا وێنەیـان بگریـن. جێی بـوو هۆڕ هـۆڕ گریابابین؛ بەلام ئەوەندە تاسـاین مەجالی ئەوەمان نەبوو لانیکەم دوو دڵۆپە فرمێسـک گۆشـەی چاوانمان تەڕ بکا.

# بنەچەکەی سەفەوییان

فەسڵی دووەمی کتێبی «شاه اسماعیل اول» بە قەڵەمی مەنووچێهر پارسادووست، بۆ ڕیشە و بنەچەکەی سەفەوییان تەرخان کراوە. ئەو فەسڵە شوێن پەنجەی سێ دەستەی پێوە دیارن کە بە سێ ئامانجی جیاواز لەو بنەچەکەیان کۆڵیوەتەوە:

یەکەم؛ هەر لە سەرەتای ژیانی شاسمایل و شاتۆماسپی کوڕیەوە، بۆ بە عەرەب نیشاندانی ئەو بنەماڵەیە و سەید کردن و پێوەلکاندنیان بە ئیمامانی شیعەوە حەول دراوە.

دووەم؛ بە تورک کردن و لە تەباری ئێرانی دوور خستنەوەیە. دیارە ئەم دوو حەولە دەستیان داوەتە دەستی یەک کە بڵێن ئەو بنەماڵەیە لە عەولادانی پێغەمبەرن و بە مەزەب شیعە بوونە و لە ئەسڵدا لە تۆرمەی تورکن. چاوخشانێکی سەرەکیش دەتگەیەنێتە ئەو ئاکامە کە ئەو دوو دەستەیە مێژوویان تەواو شێواندووە و ڕووداوەکانیان وا لێکداوە، سەرەگرێیەکانت بۆ لێک ناکرێنەوە. سەفسەتە و پاساو بە ڕووی حەولەکانیانەوە دیارە.

سێیەم؛ هەندێ لێکۆڵەر بۆ ئەوەی ڕەگەزی ئێرانی بوونی ئەو بنەماڵەیە ئیسپات بکەن، بیر و بۆچوونەکانی دەستەی یەکەم و دووەمیان بەرپەرچ داوەتەوە و کەوتوونەتە شوێنیان و بردوویاننەوە سەر ماکەی ئەسڵی خۆیان کە هەم کورد بوونە و هەم شافعی مەزەب و هەروەها فڕیان بە سەیدایەتییەوە نەبووە.

ئێمە گوڵچنێک لە لاپەڕەکانی ١٨٩ هەتا ١٩١ ئەو کتێبە دێنینەوە کە کورتەی بیروڕای دەستەی سێیەم دەگەیەنێ:

ئەحمەد کەسرەوی لە بابەت نیژادی شێخ سەفیەددین، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە باپیرانی سەفەوییەکان بە بنەچەکە کورد بوون و لە ناوچەی سنجار [ژەنگار]ی کوردستان کۆچیان کردۆتە ئازەربایجان؛ کە وایە ئێرانین.

پترۆفسکی لەو بارەوە دەڵێ: «ئەحمەد کەسرەوی، لێکۆڵەری ئێرانی،

گومانــی وایە خانەدانی ســەفەوی کورد بوون. لێکۆڵــەری تورک، زەکی وەلید تۆغان، ئەو ڕایەی کەسرەوی قەبووڵە.» زەکی وەلید، مێژوونووسی تورک، چەند نوسخەی خەتتی کتێبی «سەفوەتولسەفا»ی «ئیبنی بەزاز»ی پێکگرتوون و لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیوە کە «جێی هیچ شک و گومانێک نییە کە شاســمایل و شاتۆماســب زۆریان حــەول داوە ڕەچەڵەکی کورد بوونی خۆیان لە ســەر لاپەڕەکانی مێژوو بسڕنەوە و فیرووزی کورد بە بنەماڵەی پێغەمبەرەوە بلکێنن.»

زەکی هەروەها پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە ئەحمەد کەسرەوی بەر لەو، بەو ئاکامە گەیوە و کاکڵی بۆچوونەکانی خۆی لە کتێبی «شیخ صفی و تبارش» دا دەربڕیوە.

زەکــی وەلید لــە لێکۆڵینەوەکانی خۆیــدا دەڵێ: ئەژدادی ســەفەوییە وێدەچــێ کاتی گرتنی ناوچەکانــی ئەردەوێڵ، تاران، مۆغــان و داربووم لــە ســاڵی ١٠٢٥ی ز. (١٦ - ٤١٥ی کۆچــی مانگــی) بــە دەســت ئەمیری ڕەوادی کــورد، مەمەلان بنی وەهســوودان لەگەڵی بووبن. ئەو بۆچوونە نیزیکــە لەو داســتانەی لەمەڕ کۆچــی یەکەم بنەماڵەی ســەفەوییەکان بۆ ئازەربایجان باســی لێکراوە. ئیبنی بەزاز و مێژوونووســانی سەفەوی کە بە شوێنی ئەودا ڕۆیشتوون، مێژووی بنەماڵەی سەفەوی لە فیرووزشای زێڕیــنکڵاوەوە دەســت پێدەکەن. ئیبنــی بەزاز دەڵێ: لەشــکری کورد بە فەرماندەیــی پادشــایەک لــە ئەولادانــی ئیبراهیمــی ئەدهەم لــە ناوچەی سەنجاری کوردستان هێرشیان کردە سەر ئازەربایجان و ئەو ویلایەتەیان لەگــەڵ مۆغان و ئاران و ئەلیوان و داربووم گرت. ویلایەتی ئەردەوێڵ و هەرچی بە ســەریەوە بوو درا بە خوالێخۆشبوو فیرووزشا. لەو دەمەوە بنەماڵەی سەفەوییان لە ئەردەوێڵ نیشتەجێ بوون.

ئەلســاندرا بوزانــی، ڕۆژهەڵاتناســی ئیتالیایی، دەڵێ: مریدانی شــێخ ســەفی لەســەر ئــەو بــاوەڕەن ڕەچەڵەکی شــێخ دەچێتەوە ســەر ئیمام مووسای کازم، ئیمامی حەوتەمی شــیعەیان. لێکۆڵینەوەکانی ئەو دوایانە ئەوە وە درۆ دەخاتەوە کە ســەفەوییەکان دەڵێن ئێمە عەرەبین. هەروەها ئەوە دەردەخەن کە ئەوان لە تایفەیەکی کوردن و بەو پێیە ئێرانین.

نەسروڵڵا فەلسەفی، مێژوونووســی ئێرانی، دەنووسێ: «فیروزشای

زێڕیــنکڵاو حەوتەمین پشــتی ســەفیەددینە، دەوروبەری ســاڵی ٥٦٩ی کۆچی مانگی (١١٧٣ ز) لە کوردستانەوە هاتۆتە ئازەربایجان. سیلسیلەی ســەفەوییە بە ڕەچەڵەک ئێرانین و تەنانەت بە زمانی ئازەری، واتا زمانی ئازەربایجان، دواون.» محەمەدئەمین ڕیاحی، لێکۆڵەری ئێرانی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ســەفەوییەکان لە کوردانی ئێزیدین کە لە ناوچەی ســەنجار دەژیان و لەوێوە هاتنە ئازەربایجان.

بە پێی ئەو چەند زانیارییانەی سەرەوە و ئەو پێگەیشتنانەی ئەحمەد کەسرەوی، لە شێخ سەفی هەتا شاسمایل کە دوو سەد ساڵێکی خایاندووە، سێ ئالوگۆڕ لەو بنەماڵەیەدا ڕووی داوە:

١- شێخ، سەید نەبووە و وەچەکانی بوون بە سەید.

٢- شێخ، سوننی بووە و...

٣ - شێخ، زمانی فارسی بووە و ئەولادەکانی وە سەر تورکی گەڕاون.

بێجگــە لــە ئەوانە، لە باری نیژادی کــورد بوونە و لە نیژادی ئارییایی و هاونیــژادی ئێرانیــن. (ســەرچاوە: شــاە اســماعیل اول، دکتر منوچهر پارسادوست)

جێی ئاماژەیە ئەو تایفەیە یەکێک لە خوێنڕێژترین حکومدارانی ئێرانی دژی کــوردان بوون و گۆشــەیەک لەو تاوانانــەی دەرحەق بە کوردانیان کردووە لە دوو ڕووداوی قەڵای دمدم و موکریقڕاندا خۆ دەنوێنێ.

# قزڵباش

بۆ زانیاری پتر لە سەر قزڵباش و شوێنی ئەوان لە سەر ڕووداوەکانی دەورەی سەفەوی و تەنانەت دواتریش با گوڵچنێک لە کتێبی «قزڵباشان لە ئێران» بە قەڵەمی «ئەمیرحوسێن خونجی» بکەین و ئەوەی لەم هەلومەرجەدا ئیمکانی چاپی هەیە، بیخەینە ڕوو. ئەو وردە زانیاریانە بە یارمەتی دۆستێک بە فارسی کۆکراوەتەوە و منیش ئەوەندەیم لێ کردووە بە کوردی:

... ساڵی ٧٧٦ی هەتاوی[ ١٣٩٧ی ز.] کە ئەمیرتەیموری گورکان، ئێرانی وێران کرد و گەیشتە ئازەربایجان، سەدرەددین، کوڕ و جێگری شێخ سەفیەددین، لە ئەردەوێڵ بە خانەقا ڕادەگەیشت. سەدرەددین لە دیداری ئەمیرتەیموورردا، ئەوی بە خێر و بەرەکەت زانی و مۆری پەسندی لە ئاکارەکانی دا. دوو ساڵ دوایە کە ئەمیرتەیموور لە ئێراندا بە سەران منارەی ساز کرد، «عەلی سیاهپووش» کوڕی سەدرەددین کە ڕێبەرایەتی خانەقای کەوتبووە دەست، وەک بابی، ئەمیرتەیمووری بە پادشایەکی عادڵ ناساند و بۆ ئاکارەکانی بۆی لە مل دا. ئەمیرتەیموور ساڵی ٧٩٠ی هەتاوی[ ١٤١١ی ز.] کە لە ئاناتۆلی [تورکییەی ئەمڕۆ] گەڕاوە، هەزار لاوی دیلی تاتاری هێنابوو؛ وەک سەدەقە دای بە خانەقا و ئەوانە بوون بە ماکەی سەرەکی قزڵباشان.

... قەبیلەیەکی تورکی «ئۆغوز» بە سەرۆکایەتی «عوسمان کوڕی ئۆرخانبەگ» بە ناوی جەهادی ئیسلامی هەڵیکوتایە سەر شارەکانی مەسیحینیشنی ئاناتۆلی و یەک بە یەک داگیری کردن و سەرەنجام سەڵتەنەتی عوسمانی (١٢٩٩ – ١٩٢٢) پێکهات. شێخ بەدرەددین دژ بە عوسمانییەکان ڕاپەڕی؛ شکستی خوارد و لە دار درا. مریدانی لە سەر ئەو بڕوایە بوون شێخ بە ڕواڵەت مردووە؛ دەگەڕێتەوە و ڕاپەڕینەکە سەر دەخا. ئەوانە چونکە لە گوشاردا بوون، بیر و باوەڕی خۆیان دەشاردەوە و تەقیەیان دەکرد.

... شێخ جونەید لە خانەدانی شێخ سەفیەددین لە ئاناتۆلی دەژیا

و وەرگــەڕا ســەر تەریقەتی بەکتاشــییە. جیا لە مــەزەب، تەنانەت زمانی ئازەریشــی وەلانا و بە تورکی دووا. ســاڵی ٨٣٨ی هەتاوی[ ١٤٥٩ی ز.] لە شــەڕدا بە دەســتی جەهانشــاە قەراقۆیونلــوو کــوژرا. مریدانی کوڕە شیرخۆرەکەیان کە ناوی «حەیدەر» بوو کردە جێنشینی.

ئوزوون حەسەن سەرۆکی ئاققۆیونلوو و باپیری حەیدەر، جەهانشای کوشت و پێتەختی لە ئامێد گواستەوە تەورێز و بوو بە پادشای ئێران و حەیدەری ٩ ساڵەی کردە ڕێبەری خانەقا.

حەیدەر بوو بە خاوەن دەسەڵات و بە یارمەتی خەلیفەکانی بەکتاشی دەستووری دا قزڵباشان جلوبەرگی یەکدەست بپۆشن و کڵاوی سووری دوازدە شــوێن لە ســەر بنێن و ســونییان قەتڵیعام بکەن. کوشــتارێکی گەورە ڕووی دا. یەعقووب کوڕی ئوزوون حەسەن چووە شەڕی حەیدەر و کوشــتی و سەری دە پێش ســەیان هاویشت. مریدان ئیسماعیل کوڕی حەیدەریان لەگەڵ دایکی لە "لاهیجان"ی باکووری ئێران شــاردەوە. دوای مردنی یەعقووب خانەقا کاری خۆی دەســت پێکردەوە. ئیسماعیلیان هەر لــە منداڵییەوە ناو نا شائیســماعیل و تاتاران پشــتیووانیان لێکرد و لە ٥ساڵاندا لەشکرێکی ٧ هەزار کەسی قزڵباشان ساز بوو. ئەوانە بێ ئەوەی لەگەڵ فەرهەنگی ئێرانی ئاشــنا بن، لە دەوری شائیســماعیل کۆ بوونەوە. هێرشیان کردە سەر تەورێز و گرتیان. داستانی کوشتاری خەڵکی تەورێز ئەوەندە خوێناوییە لەو چەند دێڕەدا ناگونجێ.

کتێبە مێژووییەکان باسی شکەنجەی قزڵباشانیان نووسیوە، بۆ وێنە: ســووتاندنی خانوو بە دانیشــتووانییەوە، ســگ ئاوڕ تێبەردان و لە ماڵدا بەڕەڵــڵا کردن، بە چوارمیخە کێشــان، بە زیندوویــی کەوڵکردن، لە ئاودا کوڵاندن، ژن و کچ بە ڕووتی و لە ســەر زگ لە ســەر پشــتی ماکەری بە فاڵ درێژ کردن و نێرەکەر لێ کێشان، داڕووشاندنی لەش و چەور کردنی و شــارەمێروو لێ هارووژاندن، بە زیندوویی لە شــیش دان و بە ئاگری کەم کەباب کردن، هێور هێور پرتکە گۆشت لە لەش کردنەوە هەتا مردن، کاســەی ســەری ڕەقیبان لە زێڕ گرتن و شــەراب پێخواردنەوە، ڕۆن و شەم لە بەدەن هەڵسوون و لە بەر تاو ڕاگرتن هەتا کرمەڕێز بوون.

خواردنی گۆشتی دژبەران یەکێک لە شکەنجەکانی دەورەی سەفەوییە

بــوو و داهێنەرەکــەی خودی شائیســماعیل بوو. لە «تاریخ جهانگشــای خاقان» دا نووســراوە: شائیســماعیل بە لەبزی زێڕیــن فەرمووی «هەر کەس سەری منی خۆش دەوێ، گۆشتی دوژمنی من بخوا.» قزڵباشان بۆ خواردنی گۆشــتی کاڵی ڕەقیبان ســینگەبڕەی یەکتریان دەکرد و شیر و تیریان لێک دەکێشــا. دەســتەیەک بوون بە ناوی «چگین»؛ ئەو وشەیە لە تورکی‌دا بە مانای «ئینسان‌خۆر» ە. ئەوان ئەو کارەیان بە باش‌ترین شێوە بەڕێوە دەبرد. بۆ ئازاری پتری قوربانی، بە هێوری دەیانخوارد. لە گوێ و گەپۆ و ڕان و باســکی قوربانی دەســتیان پێدەکرد و بە زیندوویی ئەو ئەندامانەیان بە ددان دەپچڕی و بە کاڵی دەیانخوارد. ئەو شێوەیە لە نێو مەغوولەکان ڕەســم بووە. قزڵباشان دەورێکی بەرچاویان لە دەسەڵاتدار بوونی شائیســماعیل‌دا گێڕا. قزلباشــان هەوەڵێ ٩ بەرەبابی تاتار بوون، دوایە بوون بە ١٤ هۆز و هەتا ٧٢ هۆز زیادی کرد.

شائیســماعیل دوای کوشــتنی حەریفەکانی، ســەر و دەســت و لاقی دەپەڕاندن و بۆ ڕەقیبەکانی دیکەی دەناردن هەتا بیانترسێنێ. شائیسماعیل لە ٢٢ ساڵی‌دا بەشێکی زۆری ئێرانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئەوەندە غەڕە ببوو، پێی وا بوو ڕیســالەتی خودایی هەیە و پێغەمبەر و مەلایکە لەگەڵین و پشتیووانین. شکان لە شەڕی چاڵدران (٨٩٣ هەتاوی/ ١٥١٤ی زایینــی) و هەڵاتنی سەرشــۆڕانەی، دنیــای پڕ غــەڕە و خودایی ئەوی تێکوپێک دا و لە دە ســاڵی دوایی ژیانیدا تەنانەت جارێک باســی ئەوەی نەکرد کە ئیمامان پشــتیووانی ئەون. شائیســماعیل ساڵی ٩٠٣ی هەتاوی [١٥٢٤ی ز]. لــە ٣٧ ســاڵی‌دا مرد و ئەو سیاســەتە دوای ئەویش هەر وا بەردەوام بوو...

(ســەرچاوە: قزلباشــان در ایران، نقش قزلباشــان صفوی در تاریخ ایران، امیرحســین خنجی، نشــر الکترونیک: ایران تاریخ؛ www.Irantarikh. com)

قزڵباش: چەند قەبیلە بوون کە زۆربەیان لە ئاســیای بچووک و شام (تورکیە و ســووریەی ئێســتا) هاتبوونە ئێران. ســەرەتا حەوت بەرەباب بوون: ڕۆملوو، شــاملوو، ئیستاجلوو، تەکلوو، زولقەدر، ئەفشار و قاجار. دوایە دوو بەرەبابی ســۆفیانی ورشاق و قەراباغی پێوە زیاد بوو. ئەوانە

کڵاوی سووری قووچیان له سەر دەنا. ئەو کڵاوه دوازده چینی به پانایی قامک تێدا بوو به نیشــانەی دوازده ئیمامی شــیعەیان. ڕدێن و ســمێڵیان نەدەتاشــی. زرێیان له باشترین پۆڵای شــیراز ســاز دەکرا. یاڵ و بەر و سینەی ئەسپەکانیان به زرێی مز دادەپۆشی. نێزه و شمشێر و سپەریان پێ بوو؛ تەنانەت هێندێکیان تیر و کەوان و گورزیش. (ســەرچاوە: کتێبی شاه اسماعیل اول، ص ٣٤٧ - ٣٤٩.)

# چەند زانیاری

* کاتێک ســاز بوونی قەڵای دمدم دەنگــی داوە، ئەوانەی لە هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوســمانی یاغی ببوون ڕوویان کردە ئەو قەڵایە. یەکێــک لە وان عەبداڵبەگ ناوێک بوو لە تایفەی موکریی ســابڵاغ، برای شێخ حەیدەر (ارومیە در گذر زمان، حسن انزلی، ل ٢٩٠).
* کاتێ ئەمیرخان خۆ بە دەستەوە دەدا، تەمرخانی کوڕی بە ڕەخت و چەکەوە لەگەڵ دەبێ (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٣).
* باران یەک مانگی تەواو دەبارێ (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٣).
* ئەلغبەگ، یەکێک لە پیاوانی ئەمیرخان، بە یارمەتی ژنێکی ئەمیر، قەڵا دەگرێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو).
* قــەڵا جاری ســێیەم بە دەســت کــوردان دەگیرێتــەوە و دوای ئەو ڕووداوە بە فەرمانی کەلبعەلیخان بە یەکجاری خاپوور دەکرێ. (سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٦).

  شــەڕی یەکــەم: دەســپێک ٥ی دێســامبری ١٦٠٨ی زایینــی، (سەرچاوە: پەراوێزی شەڕەفنامە، ل ٥٥٤)، ٢٦ی شەعبانی ١٠١٧ی کۆچی (ســەرچاوە: عالەمئارای عەبباســی)، ٩٨٧/٩/١٤ی هەتاوی. کۆتایی ساڵی ١٠١٨ی کۆچی (سەرچاوە: عالەمئارای عەبباسی).

  شەڕی دووەم: ساڵی ١٠٢٤ی کۆچی مانگی، ٦ ساڵ دوای شەڕی یەکەم، ١٦١٥ی زایینی (سەرچاوە: عالەمئارای عەبباسی).

  شــەڕی ســێیەم: وێدەچێ ســاڵی ١٠٣٧ی کۆچــی ڕووی دابێ، ١٦٢٨ی زایینی.
* ســاڵی ١٠٣٥ی کۆچی ١٦٢٦ی زایینی، هەشــت هــەزار ماڵ تورکی ئەفشــار هێنرانە کوردستان و لە تیکابەوە هەتا سەڵماس نیشتەجێ کران.
* تەمرخانــی کوڕی خانیلەپزێڕین لانیکەم ســێ جــار ناوی هاتووە: کاتێ شــاعەبباس دەیەوێ کوڕی خان بە بارمتە بەرێتە لای خۆی، لە شــەڕی یەکەمدا لەگەڵ بابی خۆ بە دەســتەوە دەدا، لە شــەڕی

سێیەمدا. وا دیارە لە شەڕی یەکەمدا نەکوژراوە.

* شاعەبباس ساڵی ١٠١٣ی کۆچی شاری ئێرەوانی گرتووە و دەبێ دوای ئەو شەڕە دەستووری دابێ دەستی زێڕیان بۆ ئەمیرخان دروست کردبێ.
* شەڕی یەکەم دوو دەورەی شەش مانگەی خایاندووە.
* مینورسکی ساڵی گرتنی قەڵای دمدمی ١٠١٩ی کۆچی نووسیوە؛ ١٦١٠ی زایینی.
* کاتێ سپای عوسمانی لە ڕێگەی سۆمای برادۆست بەرەو ورمێ هات، ئەمیرخان پێشی گرت و لەو شەڕەدا کە لەگەڵ عومەرپاشا کردی، دەستی پەڕی (سەرچاوە، تاریخ ارومیه، احمد کاویانپور).
* دمدم لە سەردەمی ساسانییەکان هەر بەو ناوە قەڵا بووە.
* دوای دەست بە سەردا گرتنی قەڵا، سپای سەفەوی هەموو ئەوانەی کوشتن کە تەنانەت شەش مانگ پێشتریش خۆیان بە دەستەوە دابوو.
* دوای قەڵاچۆ کردنی قەڵا، کورە چکۆلەکان نەکوژران.
* خان بە بیانووی بنکۆڵ بوونی قەڵای ورمێ ئیزنی وەرگرت قەڵای دمدم ساز بکاتەوە.

# تێکدانی قەڵا

ئەو میللەت و دەسەڵاتدارانەی بە سەر شوێنێکدا زاڵ دەبن، بەر لە هەر کردەوەیەک دەکەونە بیری بەتاڵاندن و سڕینەوەی شوێنەوار و کولتووری میللەتی ژێردەست؛ چونکە بە هی خۆیانی نازانن. ماوەیەک بەر لە ئێستا بە بۆلدزێر کەوتنە بەتاڵاندنی ئەوەی لە قەڵای دمدم مابۆوە و ڕۆژگار لەو چوار سەد ساڵەدا پێی نەسرابۆوە.

ئەوە یەکەم جار نییە کە لە ناوچەی ئێمەدا ئەو کارە ڕوو دەدا. تەمەددون لە کتێبی ڕەزایەدا، باسی چۆنیەتی ڕووخاندنی قەبری دایکی زەردەشت دەکا:

«... لە ساڵەکانی ٤٤ـ ١٣٤٣ی کۆچی مانگی ڕۆژنامەی «حبل‌المتین» باسێکی تێروتەسەلی پرۆفیسۆرێکی زەردەشتی کردووە و نووسیویە ئەو ڕۆژهەڵاتناسە بۆ لێکۆڵینەوە دێتە ئێران. بەداخەوە ناوی ئەوم لەبیر چۆتەوە. ئەو کابرایە ساڵی ١٣٣٤ی کۆچی مانگی هاتە ورمێ و دوو سێ ڕۆژ لە دارولحکوومە مایەوە؛ لە زەمانی حوکمداری و فەرمانداریی حاجی سەتوەتولسەلتەنە. پرۆفیسۆر چووە گوندی «ئەنبی» (ئەممی) بۆ دیتنی قەبری دایکی زەردەشت. دوایە چووە کلیسای «نەنە مریەم» و دوو قەبری نیشان دا کە یاریدەرانی زەردەشت بوونە و لێرە نێژراون. مەسیحییەکان خۆشیان داستانێکی لەو چەشنەیان هەیە و دەڵێن دوو کەس لە ورمێ زانیان کە حەزرەتی عیسا لە دایک بووە و پێغەمبەرایەتی دراوەتێ؛ بۆ زیارەتی چوونە فەلەستین.

«ئەنبی» لە دوو فەرسەنگی شاری ورمێ هەڵکەوتووە. گوایە دوای زاڵ بوونی عەرەبان، بە بۆنەی هەبوونی قەبری دایکی زەردەشت ناویان نا «ئەممی» و لە نێو خەڵکدا بووەتە «ئەنبی». سەیر ئەوەیە لەو ساڵانەی دواییدا بۆ لێکۆڵینەوە چوومە ئەنبی، بەڵام قەبرەکە نەمابوو. ئاغای گوندەکە بەگزادەیەکی عەشیرەتی نووری‌بەگ بوو، لێم پرسی ئەو قەبرە چی لێهاتووە. سەرەنجام درکاندی: «بە فەرمانی بەرپرسانی دەوڵەتی، ئەوێم خەرا کردووە و بە بەردەکانی ئەو باڵەخانەیەم بۆ خۆم ساز کردووە.» گوتی حاجی سەتوەتولسەلتەنە زۆر ویشکەمەزەب بوو، پێی گوتم: «وا باشە ئەو بەردانە ببەتڵێنی، ئەگینا لاقی کافر و خاریجییان بۆ ئێرە دەکرێتەوە و گرفتمان بۆ ساز دەکەن». من فەرمانی ئەوم بەجێ هێناوە....»

(سەرچاوە: اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه، ص ٥٨ ـ ٥٩.)

# دەقەکانی دمدم:

- حوسێن مامەڕەش
- محەمەد ئەحمەدی
- سوورەی عەزیزئامان
- مام ئەحمەد لوتفی
- ؟
- ڕەحمان بەکر
- حەمەدی بەیتان
- قارەمان شایەر

# دمدم[1]

## حوسێن مامەڕەش[2]

خالەق هەر ئەتۆی[3]
ڕەببی دنیا و قیامەتت ڕۆناون لە شەڕافەتێ نەبییە[4]
هەر لە هەوەڵ هەتا ئاخیر ئەتووی
ڕازیقی ڕسقییە[5]
هەر شتێ هەزار نەوعە عالەم[6]
نووسیت لە پای عەرشییە
چل هەزاریان لێ بەحرییە[7]
چل هەزاریان لێ بەڕڕییە
سێ نەوعیان لێ مەقبووڵن[8]
یەکیان ئینسانی دنیایە
ئیدی جننێ بن عەرزییە[9]
نەوعێ دیکانەشی هەیە
مەلائیکەتێ دە وییە[10]
حەفت عاسمانت ڕۆناوە[11]
سەرپاک لە زێوی سپییە
هەر لە عەرزی هەتا عاسمان[12]
جێ پێیەکی خاڵی نییە
سێ کەس مەردن لە دونیایێ[13]
یەکیان ڕۆستەمی زەمانی[14]
دەعوای کرد دەگەڵ دێوییە
ئێدیکە شێری موختارە
نێوی ئیمامی عەلییە
لە ئاخیری ئەوان دووانە
خان لە گەرمێنێ هاتییە[15]

له سوڵتانی دڵ پێشاوه
دەچم دەبمە کوێستانییە
زێڕ و دراوی ئێکجار زۆره[١٦]
چەندی هێنا بە بارییە
هات گەڵی خانی دیتییە
هەمووی چەمە و دارەبییە[١٧]
زۆری ڕەبەر دڵی کەتییە[١٨]
قەڵاتێکی چا کردییە
دە کوڕی وێڕاگەیشتییە[١٩]
خان گەلێک حاکمێکی چا بوو
مەخلووقاتی لێ وە خڕ بوون
دەبۆ شارێکی کولییە
خانێک هات لە موکرییە[٢٠]
نێوبانگێ خانی زانییە
میوانێ لەپزێڕینییە
زۆری حورمەت لێ گرتییە
بە قورعانێیان سوێند خواردییە[٢١]
بوونە برای دایک و بابییە
لە شاعەباسی یاغییە
شای لەشکرێکی کردییە
لە گەڵی خانی وردییە
داروباری چەقاندییە
ڕەزی لێ بنیاد کردییە
بەرێ نەمامێی خواردییە[٢٢]
حەوت ساڵان لێی بوو یاغییە[٢٣]
چ زەفەر پێنەبردییە[٢٤]
شاعەباس گەلێک چازانە
نێو بەینێ پایز و جستانی
بە نایب و بە غولامان‌دا ترێی نارد لە بۆ خانانە[٢٥]

ئەوەش موعجزەی شاهانە
ئەوەڵ مانگە لە جستانێ
خان ڕۆنیشتبوون لە دیوانێ
هەرچی زاوە لە دالآنێ
حوکمیان کردە سەر کابانێ
فرۆی نادرێ؛ بۆ شای تارانێ[٢٦]
خانان هەستاندنیان کوانێ[٢٧]
شاعەباس هاتۆ بە داوە
لە وێ کارێ تەعجووب ماوە
فرۆ زۆرە وەک لێشاوە
خانان زەخیرەی لێ نەبڕاوە
مەخلووقاتیان کرد بڵاوە
لەشکری هەموو ئیزن داوە
بەر وای تارانێ گەڕاوە[٢٨]
خالەق هەر ئەتووی بە تەنێ
خان سوار دەبوون لە مەعەدەنێ[٢٩]
هەرچی وڵاتێکی دەیگەنێ
چوونە برای قۆشەنێ[٣٠]
خان ئاودەل مەردی خودایە
ئیکلامی لە شای کێشایە
سەرێ خۆم لۆ توو هێنایە
با سووک نەبی لە دونیایە
شاعەباس قەت شای وا نییە
دەستی داوە لە سەر ملییە[٣١]
خۆش بی خانێ موکرییە
لەپزێڕینی گەرمێنییە
چاکێکی چاکو کردییە[٣٢]
ڕێزێ منو نەشکاندییە
خان ئاودەل حاکمێکی دیاری[٣٣]

هاته کەڕەمێی شای هەوشاری[٣٤]
لێم دەخوازی کێهە شاری
دەیدەمە ئەنگۆ بە یەکجاری
داتدەنێم لە جێی سەرداری
جۆتێ خانان ڕاوەستایە
گەلێکیان کرد تەمەنایە
بندەیە جێی چەرمەگایە[٣٥]
با بێینە خوارێ لەو چیایە
شای لە بۆخۆی ئیزنی دایە
ڕای لە دمدمی وەستایە
لێی چێ بکاتن قەلایە
پادشای فەرمووی لە دیوانێ
خانان دەبەمە تارانێ
هەموو عالەمە پێ بزانێ
جواب چوو لە بۆ ماڵێ شایە
شای هەر دووک خانی هینایە
لە هەمووی کەیف و سەفایە
شا ڕۆیشت گەیشتە ماڵێ
خان تارانی دە وێ ساڵێ[٣٦]
شای ل بخۆی دابوو قەرارە[٣٧]
خان بێنە ڕایێ ئەوجارە
لە هەرتکان؛ هەرچی موختارە
کیژی خۆی لێدەکەم مارە[٣٨]
سێ مانگان شیرنێ خانانە
لە هەمووی بۆ زێڕوەشانە
داوەت بە سەد جێ گیرانە
بە خێرێن خانێ کوردانە
جۆتێ خانان گرتووە ڕێیە
سواری ئەسپی شێیە

سەد باری زێڕی زەرد پێیە
نێوێ خانم وا مەنشوورە
لێیان دا ساز و بللوورە
دەگەڵیان دا بیست تابوورە
چەند باری هەر زێڕی سوورە
لێیاندا بلوێر و نایە
کیژێ شایان دەگەڵدایە
خانێلەپزێڕین زاوایە
جێگایان دێرین قەڵایە[39]
خانمێ هەڵێنا چاوە
هەموو کۆلکە و دارە بناوە
خان عەمریان بە زایع داوە
لەو خانمێ زۆر جوانە
وەک ڕاما لە پەنجەرانە
خڕ شاخ و بەرد و تەلانە
لە وێ دا بوون سێ ساڵانە
کۆچی دەکرد بە خانانە[40]
لە هەمووی کۆچ و کۆچبارە[41]
دە ڕۆژان هەتا ئێوارێ
سەد قەتاریان دەکرد بارە
هەر قەتارێک بیست و چوارە
بۆ دمدمی چوونە خوارە
دمدم گەلێک بەر وە تاوە[42]
لێی نین چ چۆڕە ئاوە[43]
خان دەڵێ ئەگەر بمێنم
چ وەستایان ناحوبێنم
ئاوێی بە دزی لە بۆ دێنم
خان حاکمێکی گەلێک ڕەندە
دیتبووی ئاو و کانی چەندە

سەری دەکرد تەختەبەندە
پاکی چناری جەوهەرداره
هەزار ساڵی بە قەراره
هینگی لێیان دان بزماره
گورین (؟) هاتن لە ورمییە
خان ئاویان هێنا بە دزییە
ئاو گەیشتە دمدمییە
سەد وەستا دێ لە تارانێ
وەستام کیسەی لە پێش دانێ[٤٤]
خەندەکێ لێ بدە سبحەیانێ
سەد وەستا هات لە تەورێزێ[٤٥]
لە بناغەی دادەنێ ڕێزێ
خان چا دەکەن مەتەرێزێ
لە ئێرانێ هەر چەندی مایە
وەخرِ بوو هەزار بەننایە
خان دەکەن تەگبیر و ڕایە
وەعدەیان داوە دەگەڵ شایە
سەد بێژینگ کەریان هینایە
عەلیبەگیان باشوەستایە[٤٦]
چەرمەگایان لۆ هینایە
کێردێکی تیژیان وێدایە
سیرمەی باریک هەڵینایە
دە دمدمیان وەرهینایە
خانان ڕایان لێ وەستایە[٤٧]
فەعلە و بەننای یەکجا زۆرە
لێیان دان خەندەک و مۆرە
حەقی هەمووان زێڕی سۆرە
وەستایەک نێوی باپیرە[٤٨]
ئەو دەکا ڕاو و تەگبیرە

مۆرەی لێ بدەن بە زنجیرە[٤٩]
دا خان قەت نەنکەن لە بیرە[٥٠]
وەستایەک نێوی شابانە[٥١]
دوژمنی قەومی کوردانە
هێزم دەبڕێ لە ملانە[٥٢]
خمە، ماڵن دەبێ وێرانە
وەکی دەڵێ سەر ناگری
ئەوجاری بۆ کاری ئاگری
قازانج لە بۆ ئاسینگەری
دادەنێین خشت و بەردانە
هەمووی بە نەخش و نیشانە
کڵاوفەڕەنگی دە جوانە
ئەو زێدەیە لە کوردانە[٥٣]
هەمان گۆتیان قسەی وییە
کوردان بەقایان بۆ نییە
بەڵکەم لە شای بوون یاغییە
سبحەینێ جەوابن چییە
هەمان دەگرن دە خیزییە[٥٤]
سەرن دەبڕن لە پیلییە
سەد وەستا دێ لە بناوێ
ئەوان حەقی کەمیان ناوێ
خڕ خەنی بوون بە پڵاوێ
کەس ناخوا نان و شۆرباوێ
هێندێک ناکەن چ کارانە
پیشەیان قەننەکێشانە
لە بەهارێ هەتا جستانە
ڕاوەستانە و لێ ڕامانە
چونکی ئەوان باشوەستانە
حەقی وانیان زێڕ دەدانە

ڕوویان سپی بی خانانه[٥٥]
خانان ڕوویان بی سپییه
پشتیووانیان ڕەببییه
نەیانکرد چ تەخسیرییه
گەنج وەدەرکەت لە بەردییە[٥٦]
خڕ یاقووت و ئەشرەفییه و ئەڵماسە؛ دوڕێ بەحرییە[٥٧]
ئەوێ دی زێڕێ سپییه
زێڕێک هەزار مەجیدییه
سکەی شاکەیکاوسییه[٥٨]
وەستا ئەحمەدێ کوردییه
دەرکی گەنجێی شکاندییه
بە قورعانێی سوێند خواردییه
قسەی بۆ کەس نەکردییه
دڵێ وییان ڕازی کردییه
دەرکێ گەنجێیان گرتییه
دمدمم بەردێ ڕۆژهەڵاتێ
سەد وەستا دێتن، دەیگاتێ
بۆ ڕۆژێ لێ بکەن سوباتێ
دمدمم بەردێکی ڕەقە
سەد وەستای چەکوچ مەفرەقە
لێیانکردە تەقەتەقە
دروستیان کرد دوو تەبەقە
چاکی کرد برج و تاللارە
دەشتێ ورمێی لێ ڕا دیارە[٥٩]
خانێ لەپزێڕین سەردارە
خانێ لەپزێڕین چازانە
دروستی کرد بیست دیوانە
جێگای نایب و غولامانە
حوکمیان کردە سەر فەلانە[٦٠]

له گوڵیندانلی تا هوزانه[٦١]
چەند کارتیەیان هێنایه
دیرەکبەندیان ڕۆدەنانه
دروستی کرد تەویلخانه
چەندی حەدوود تێکێشانه[٦٢]
هەمووی حەدوودی گەرمیانه
پاکی به داغه و نیشانه[٦٣]
مەیتەر له بۆ وان گیرانه
حەقێ وانیان زێڕ دەدانه
ڕوویان سپی بی خانانه
جۆتی خانان به ئێقباڵن
دوو کوڕیان هەنه به کەماڵن
مستەفاخان و عەوداڵن
هەر دووک لاوی نازنینن
خەرجێ له ورمێ دەستینن
ملک و زەکاتان لێ دینن
خانان کرده تەعەددایه
له عەجەمان بۆ هەڵڵایه
قاقەزیان نارد له بۆ شایه
دوو کوردت دە مە بەردایه[٦٤]
نه داریان هێشتۆ و نه کایه[٦٥]
خەرج و باجن به وان دایه
وا دەزانن شا نەمایه
نەمری ئەحمەدی وەستایه
بەردی له بەردی ڕۆنایه
شۆرباوڕێژی وێ گێڕایه[٦٦]
تەمامی کردۆ قەڵایه
برج و قەڵای تەمام کرده
کۆشک و سەرای دروست کرده

شۆرباورێژی ده نێو کرده
چەند ساڵان لە وێ ڕابرده
زۆر نۆکەران خزمەت کرده
عەجەمان شکایەت برده
خانێک ڕابووه، بنیاد کورده
دمدمی ئاوا دەکرده
هەموو دنیای خەرا کرده
ئەو لە شای وا خۆشنشینه
ئەوجار بە دڵ و بە یەقینه
قاقەزی نووسین ڕەش و شینه
لە بۆ خانی لەپزێڕینه
دینی کوردان قبووڵ نینه
لەپزێڕین مەردی کارخانێ[67]
قاقەزی ناردنه تارانێ
شا دین و مەسەبی کوانێ!
ئەو لە خانی بە هەیبەته
وای نووسی قاقەز و خەته
لە بابێ شای سەد نەعلەته
دین هەر دینی محەمەدیه
وەرگەڕانم بە زەحمەته
دا پکەین مەحتێ خانانه[68]
مایننیان حەدوودی کەحلانه[69]
کوێتێ قاپ ڕەش، بێ نیشانه
بۆزی تەنکی کەفەڵ پانه
ڕمبیان هەژده قەف جۆللانه
مەتاڵی سوور، حەیزەرانه
زرێی داودیان لە ملانه
کڵاوزرێی زێڕنیشانه
پەڕ لە سەریان بای لێدانه

پاتۆڵ و چەکمە و ساتانە
پێیان نان دە ئاوزەنگیانە
سوار بوون لە خانەی زینانە
وەرنە سەیرێ کوڕە کوڕانە[٧٠]
عەرز لێی خواستن ئاممانە[٧١]
هەر لە خونکار هەتا شایە
خان بە عەوداڵی گەڕایە[٧٢]
دەشتێ ورمێ و عەردە شایە
ڕای لە دمدمی وەستایە
هەر لە شای هەتا خونکاری
خان دەگەڕێن بە عەوداڵی
ناچینە سەر دینی کوفاری
ناچینە سەر دینی کۆپەکە[٧٣]
پشتیووان شێخی باڵەکە[٧٤]
چاکی لە زینوێ سیدەکە[٧٥]
چا دەکەین ڕەخشی دە محەندەکە[٧٦]
دا پکەین خەزایە کۆپەکە
ڕۆژێکی بوو لە ڕۆژانە
حەوت شاران گرتبوو دیوانە
ملیان وە ملی یەک دەدانە[٧٧]
لە بۆ ڕا و تەگبیرانە
شا دەڵێتن حەسەن خانە
ئەزت دەبم بە قوربانە[٧٨]
بێنە سەرێ جۆتی خانە[٧٩]
دمدمی بکە وێرانە
خاکێی بکە دە بەحرانە[٨٠]
شا لەو قسەیەی دەکەم کۆمێ
دمدم عاسێیە و نەیچۆمێ[٨١]
هیمدادیان بۆ دێ لە ڕۆمێ

دەمکەنە بەردی بنی گۆمێ[٨٢]
عاشیرەت پێم دەکەن لۆمێ[٨٣]
حەسەن خان چەندە مندالّی[٨٤]
حەو[ت] سالاّن گەڕاوم بە عەودالّی
لە ڕۆمێم نەدیت توندوتالّی
حەسەن خان شێری بێ ڕەزا
بەس بکە قسەی دە بێ تەرزە
دە هاوارێت دێم ئەزە
شا چیدی مەکە سێ و دووە[٨٥]
ئەگە نەمئەستاند بە وان زووە
دامنێ لە کن مالمی جووە[٨٦]
قەت ناکەم ناز و ئەرجووە
تەتەرێ حەسەن خانە
بانک دەکا خان و سولّتانە
چەند بەگلەربەگی قەیغانە
تەدارەکە و نالّبەندانە[٨٧]
مەیتەران ئەسپیان دەرکێشانە
شالّ و ڕەنەکیان لێدانە
هەر چار پەلیان نالّ دەدانە
بەتالّ نینە دەفتەرخانە
نووسیان قاقەزێ گەورانە
ناردیان لە بۆ ولاّتانە

جـا ئەوە بـە سـەلامەتێو ئەو بەیتـەی دەلّێـم. ئەوە شـارن خڕیان دەکەمەوە.[٨٨]

هەر لە «مەشەد» بێ «خۆراسان» ە
«یەزد» و «گۆگجیل» و «دامغان» ە
هەر لە «شیراز» بێ «کرمان» ە
هەر لە «قەزوێن» بێ «تاران» ە
«شایسەیوان» ێ و «هەمەدان» ە

«سنه» و «سەقز» و «مەریوان»ە
«ئەرموودە» و «مازەندەران»ە
فەرعانی بێ «لێڕوستان»ە
دەمرقاپێ دەربەندانە
«دەرگەز»ی نییە و «خوردستان»ە
«ڕژد»ە و «کیشمیر» و «گێلان»ە
«زەند»ە، «تەخت»ە، «کوردستان»ە
«عەوێز»ە، «شووشتەر»ە، «مەریوان»ە
هەر لە «قوم» هەتا «کاشان»ە
هەتا «بەڵگ» [بەڵخ] و «بوخارا» نە
هەتا «محاڵ» و «موکوریان»ە
«شنۆ» و «سندووس» و «لاجان»ە[٨٩]
بە تاڵووکە تێگەڕانە
هەموویان لێکڕا دەنگدانە
جەمع بوون لە ئیسفەهانە[٣٠٢]
سەد هەزار لە وان سوڵتانە
دەچینە سەر خانێ کوردانە
دمدمی دەکەین وێرانە
خاکێی دەکەین دە بەحرانە
پێی زانی حەسەن خانییە
جەمع بوونە قوڵبەگییە
قۆرخانەی وە ڕێ کردییە
بە عەزمێ خانانەتییە
سەد هەزاریان مەشەدییە[٨٩]
لە ئیسفەهانێ بوون وە ڕێیە[٩٠]
قۆشەن دەکشان پێ بە پێیە[٩١]
سەد هەزاریان ولاغ شێیە[٩٢]
لە ئیسفەهانێ بۆ قەرقەشە
سەرێ بەیداغان ڕادەکشا

سەد هەزاریان ولاغ ڕەشە
لە ئیسفەهانێ بۆ دەقدەقە[٩٣]
مل بە زرێ بە ئاڵقە
بیست هەزار مەتاڵ مەفرەقە
سی هەزار ئەسپی ئەبڵەقە
لە ئیسفەهانی هاتنە دەرە
جارچی وەستان بەرانبەرە
قۆشەنێ شای کەوتە سەرە
سەد هەزاریان ئاغالەرە[٩٤]
باریان دەکرد سبحەیانێ
دار و بەرد هاتە هەژانێ
مەخلووق هاتە لێ ڕامانێ
تۆزێ گرت بەری عاسمانێ[٩٥]
هاتە ورد لە دوو زەویانێ[٩٦]
باری دەکرد لە سەحرایێ[٩٧]
فوویان کرد دە کەڕەنایێ
تۆزێک چەرخی سەمایێ[٩٨]
هاتە ورد لە قوڕیچایێ[٩٩]
ئەو حاکمێکی وا بە فێڵە
قۆشەن لە دوای وەکوو خێڵە
قۆناغێ دی ئەردەوێڵە[٨١٩]
عەجەمیان داون لە سانێ[١٠٠]
حەسەن خان دەکا سەیرانێ
لەشکری پادشای ئێرانێ
نەهاتوویتە دەفتەرخانێ
هات گەییە شاری زەنگانێ[١٠١]
عەجەمیان داون لە ڕێزێ
خان چا دەکەن مەتەرێزێ
هات گەییە شاری تەورێزێ[١٠٢]

چەندی ئاژۆت ڕەوڕەوانە
سەد هەزار بە کەلێسکانە
هەمان حەدوود دە بن دانە[١٠٣]
هاتنە محاڵ و موکوریانە[١٠٤]
بە ئایێت و بە حەددیسی
هێند زۆرە وەکوو وڵسی
میرزا ناتوانی بنووسی
هات گەییە دەشتێ سندووسی [١٠٥]
ڕۆژێکی محەللی چێشتەنگاوێ
لە بریقەی زرێ و قەتڵاوێ
هات گەییە شاری بناوێ[١٠٦]
تێپەڕیوە لە میاندواوێ[١٠٧]
لە لرفەلرفێ بەیداغێ
کەس لە کەس ناکا سۆراغێ[١٠٨]
هات گەییە شاری مەراغێ[١٠٩]
ڕۆژێکی نوێژێ نیوڕۆیە
سوارچاک دەکەن هۆ بە هۆیە
هات گەیشتە دەشتی شنۆیە[١١٠]
وە سەر کەوتن لە خوریشۆیە[١١١]
ئەو ناترسێ لە نیسکۆیە
ئەو حاکمێکی خۆشنشینە
سەد هەزار قاوەکۆڵینە
بیست هەزاریان پاتۆڵ شینە[١١٢]
جۆتی خانان مەیدانینە[١١٣]
شەڕ بۆ خانی لەپزێڕینە
شەڕێ والە کەس نەیدییە
حەشر لە شامێ وا نییە[١١٤]
سەد هەزاریان پینەچییە
بیست هەزار مەمەدکشییە[١١٥]

سی هەزار حەسەناڵییە
بێ حیسێب ئەڵڵاوردییە
جۆتی خانان مەیدانییە
شەڕ بۆ خانی موکرییە
هات لە خانان کە بکا فێڵێ
چوو گەیشتە دەشتەبێڵێ[116]
جواب چووە لە بۆ خانییە
عالەمت بۆ بزووتییە[117]
خانی خۆی قایم کردییە
هیمدادم لە چ لا بۆ نییە[118]
شەڕەکەم لە سەر دینییە[119]
هەڵاتن مومکین نییە
خالەقی عەرز و عاسمانی
خان لە برجێ چل کەوانی[120]
خودا لە بۆخۆی دەزانی
لەشکر چوو بۆ گەڵی خانی
لەشکری شای چۆ بە سەردا[121]
دایدەپۆشی دار و بەردە[122]
تاریک دەکەوتە سەر عەردە
لە بن دمدمی دەوردە
سبحەینێ بۆ بەیانییە
مەلا چوو بۆ سەربانییە
بڵێتن بانگێ ڕەببییە
پێ بچنە نوێژان سۆفییە
لە دەشتێ هۆزانێی نۆڕییە
ما دە خێوەتێ سپییە[123]
بە چەپەر چۆ کن خانییە[124]
جۆتێ خانان لێ نۆڕییە
هێندە ئەستێرە لە عاسمانان نییە

هێندەی خیوەت لێ وردییە
چین بە چینیان تێکبردییە[125]
لە دەشتی ورمێی جێ نییە
لە کن خانان قەت چ نییە[126]
خانان گۆتیان کاروانییە
بانگیان کردە شێرعەلییە
هات قەرەبەگی گەردییە[127]
ڕەسووڵئاغا؛ زێوکەیی یە[128]
مستەفاخان؛ باڵەکییە[129]
سێ برای دە کانیڕەشییە[130]
کاروانێکی خستییە
قەت کاروانی وا زۆر نییە
داغمەو لە بۆ هەڵکەتییە
هەر عیسان و عەباسییە[131]
هەر وڵاغ و پینچ شایی یە
دە هەزار زێڕ چی کەم نییە
سبحەینێ دەگەڵ بەیانی
شێرعەلی مەردی قەیغانی
بە خۆ و بە سەد پیاوی خانی
چوونە پێشاییە کاروانی
چوونە چیمەنی هۆزانێ
عەجەم هاتنە لێ ڕامانێ
کۆمەڵ کۆمەڵ دەگرن سانێ
بەدمەسەب گەورەی ئەنگۆ کوانێ
پیاوێ خانیلەپزێرینم
دوژمنێ عەجەمێ شینم[132]
داغمەی کاروانی دەستینم
پێی دەزانی حەسەن خانی
نایدەمێ داغمەی کاروانی

چ دەڵێ کوردی تەلانی[١٣٣]
حەسەن خانە لە دیوانێ
کوردی شاخی ئاقڵی کوانێ
لەشکری پادشای ئێرانێ
نەهاتوویتە دەفتەرخانێ[١٣٤]
ئەو بە کاروانی دەزانێ
شێرعەلیم خولامێ میرە
دەچۆ خیوەتێ وەزیرە
چەند ڕستی دانە بەر شیرە
شێرعەلیم شێری مەیدانی
سوێندی خوارد لە حەسەن خانی
نەیەنی داغمەی کاروانی
شەقت دەکەم وەک حەیوانی
شا لە تارانێ پێ بزانی
هەر چەند کیسەی بە ئەژمارە
هەمووی ئەستاند پووڵ و پارە
هەمووی ئەستاند تەمامییە
هەر عیسان و عەباسییە
هەر وڵاغ و پێنچ شاییە
دە هەزار زێڕ چی کەم نییە
دەینا دە تۆربەی دە سپییە
بردبووی لە بۆ خانییە
شێرعەلیم وەهای گۆتییە
کاروان نییە، لەشکرییە
لە تەڵەب دمدمی هاتییە[١٣٥]
خالەقی چۆل و سەحرایێ
لە بۆن بچەقێنن ئالایێ[١٣٦]
هەتا ماوین لە دنیایێ
ئینشاڵڵا دەکەین خەزایێ

ڕۆژێکی محەللی ئێوارێ
حەسەن خان دەهاتە دەرێ
چەپەری دەناردە خوارێ
قاقەزی نارد شا پێ بزانی
چم پێناکرێ دەگەڵ خانی
یاغی بۆ لە بەردەڵانی
حیساب بوومە بە کاروانی[١٣٧]
هەڵدێم دەچمە کوردستانی
شاعەباسە، خۆش نەزەرە
جاڕچی جاڕیان دا لە شارە
سەد هەزاریان بە دەفتەرە
لە ئیسفەهانێ هاتە دەرە
شاعەباسیان سەرعەسکەرە
کردییە سەرڕەو و لینگدانە
سێ شەوان و سێ ڕۆژانە
بەبێ مووچە و مۆڵەت دانە
داغیل بوو بە جێی خانانە
داغیل بووە بە ورمێیە
پرسی جێی خانان لە کوێیە
جێگای خانان لە چیایە
قایمە، وەک دێرین قەڵایە
لێیانکرد تەگبیر و ڕایە
ئەوێ ڕۆژیش باران باری
هات عوسمانبەگی حەکاری[١٣٨]
بە خۆ و بە پەنجا هەزاری[١٣٩]
گەییە هیمدادێ حەوشاری
تێکەڵ بوون تابوور تابوورە
هەڵیاندا خیوەتێ سوورە
خیوەتێ شای وا لە ژوورە

دمدمم بەردێکی لاسوو
چار تەڕەفی لێ بوون وەکوو[140]
هاتنە بنێ هەوشارێ بەدخوو
دمدمم بەردێ لە تیژی
زەرد دەچێ لە سەر قامیشی[141]
تێی دانە مەتاڵ بە ڕیشی[142]
دمدم بەردێکی شینە
ئەو عەجەمێ پەپاغ شینە
هەمان لێکرا تێورینە
خانئاودەل حاکمی شا ناسی
هێشتا دوورە و شا دەیناسی
چۆ خیوەتێ شاعەباسی
موکری حاکمێکی گوڵباوە
لە خیوەتێ دەبوو پیاوە
سەرپەردەی هەڵدەداوە[143]
جێی بە خانی ئیشان داوە
موکری حاکمێکی گرانە
لێی گرتبوو لایەک دیوانە
دەستی دەکرد بە قسانە
سەهمێ خانیم وەک شێرانە
کێ بوو لە شاعەباسییە
دەیکوت بە خانی موکرییە
ئێرە دێرین قەڵا نییە
داروبارم چەقاندییە
ڕەزم لێ بنیاد کردییە
بەرێ نەمامێم خواردییە
حەوت ساڵان لێم بووی یاغییە
لە توومە نەکرد خراپییە
زۆرم حەز کرد هاتنە ڕایە

دمدم بە سەیر و سەفایە
نە دمدم بە سەیر و سەفایە
نەمزانی خانان دەعوایە
ئەوجار نۆرەی قسەی خانی
توو لە بنەماڵێ سوڵتانی
هەم ڕۆستەم و قارەمانی
دوژمنی شای عەجەمانی
ئەگەر ئەتوو شای ئەمنیش خانم
خودانێ ڕەویێ شێرانم
کۆلی عوممەر و عوسمانم
وجوودێت بە سە نازانم[١٤٤]
دمدم بەردی مەیدانێ
سوێندی خوارد پادشای ئێرانێ
خاکێی دەکەم دە عوممانێ
لێیدا تۆپێ ئیسفەهانێ
گرموهۆڕێ جببەخانێ
کاریتە چوونە هۆزانێ[١٤٥]
دمدم بەردێ لە تیشی
لێیدەدەن تۆپی کاشیشی[١٤٦]
کاریتەی چۆ باڵانیشی[١٤٧]
دمدم بەردی گاوەیە
لێیدەدا تۆپێ فەلەیە
کاریتەی چوونە کووکەیە[١٤٨]
دمدم بەردی لە بەردی
لێیدەدا تۆپی نامەردی
یاغی بوو قەرەبەگی گەردی[١٤٩]
خان ئاودەل غەملی بە زەردی[١٥٠]
دمدم بەردێکی زۆپە
لێکرا لێیدەدا سەد تۆپە

میسلی بارانە و دلۆپە
یاغییە عەوداڵ بەگی چۆپە[151]
دمدمم بەردێکی شینە
ئەو عەجەمێ پەپاغ شینە
هەمان لێکرا تێوەرینە
یاغی بوو خانێ لەپزێڕینە
دمدمم بەردێکی دیاری
لێیدەدا تۆپی حەوشاری
لە قۆنگران ئاگر دەباری
یاغی بوو ئەحمەدی زێباری[152]
دا بزانین دوو خانان چ کرد
خانان دمدمیان قایم کرد
خانان شەڕ بە تەڕدەستی کرد
شێخ مووس دەچۆ سەر تاللارە[153]
سەد جارانی کرد هاوارە
یاڵڵا یا غەوسی بەغدایێ
پشتیوان بن لە قەڵایێ
نەچینە چۆل و سەحرایێ
تا ڕۆژێ دەکەین دەعوایێ
ئای دمدمۆی بە گێنگەڵە
جێگای میر و حاکم و مەلا
بۆچ دەبێ لیسێ خەرتەلە
های دمدمۆ بەرەو ژێرە
جێگای بەور و پڵینگ و شێرە
بۆچ ڕێوی لێت دەکەن گێرە
بەردی لێ وە جواب دەهاتن[154]
تۆپ و تفەنگم وە سەر کەتن
بۆیە وە برجانم کەتن
شێخ مووس لە بەردی کرد پرسیار

ئەی دمدمۆی بێ ئێعتوبار
قەڵات لە ژۆر، لەشکرت لە خوار
خۆت قایم ڕابگرە ئەوجار
جوابێ خانان چوو لە بۆ خونکار
ڕایانکرد خانی دە دیاری
هەڵیاندەبژارد لە هەزاری
سوار بی خدری برینداری[155]
بچیتە خزمەت خونکاری
وەڕێ بووە لە کن خانانە
ڕێگای ویم شنۆ و لاجانە
زینوێ شێخی و باڵەکانە
لە ڕواندزێ میوانە[156]
چۆ قۆناغێ ئەفەندیانە[157]
لە وێندەرێش بوو وەڕێیە
خدر سواری ئەسپی شێیە
هاتبوو هەولێر لە کوێیە
تێپەڕیوە لە هەولێرێ
چوو گەیشتە شانەدێرێ[158]
چەندی ئاژۆت لە سەحرایێ
شەوێ و ڕۆژێ خەوی نایێ
پشتیووان غەوسی بەغدایێ
شەوێ و ڕۆژێی ئاژۆتووە
نەیدەزانی درەنگە و زووە
حەوت ڕۆژێ وەختان وەختی چووە[159]
داخیلی ئەستەمبووڵ بووە
لە ئەستەمبووڵێش شارەزایە
زێڕ لە کنە وی وەکوو کایە[160]
چەندی وە قاسیدان دایە
لە دەرگەوانان هەڵایە

پیاوێک هاتووە لە لای شایە
لە کنی هەنە عەرز و ڕایە
بە عەمرێ پادشای سوبحانی
سوڵتان سەلیم پێی دەزانی[١٦١]
ڕاما لە قاسیدی خانی
خدرم مەردی پسمیری[٧٥١]
هەر وەکوو بەوری زویری
دەچۆ دیوانێ وەزیری
خالەق هەر ئەتووی تەنهایە
قاقەزێکی دەرهێنایە
دە دەستێ وەزیری نایە
کە وەزیر لێوە ڕامایە
مۆرێ دوو خانانی لێدرایە
لە بن دمدمی دەعوایە
هێشتا قەت کەس نەگوژرایە
خالەقی عەرز و عاسمانێ
قاقەز دێنە لێ ڕامانێ
وای گوت وەزیری گەرمیانێ [١٦٢]
دەبەر دەچن، خۆیان زانێ
وەزیر دەکاتن غەباتێ[١٦٣]
قاقەزی والە بداتێ
با بە جێ بێڵن قەڵاتێ
با شا لێی بکا سوباتێ
خالەق هەر ئەتووی ڕەبییە
سوڵتان سەلیم پێی زانییە[١٦٤]
خۆی لە دیوانێ گرتییە[١٦٥]
بە گوێیە خۆی لێی بیستییە
وەزیر ئەو قسەیەی گۆتییە
بێ شکە پوسوڵمان نییە[١٦٦]

ده جەللادانی خوڕییە[١٦٧]
سەرێ وەزیریان بڕییە[١٦٨]
زگی دوازدەی دیان دڕییە
ئەو گازی کردە خدرییە
قاقەزەکی بۆ نووسییە
با خان نەکەن تەخسیرییە
حەوت ڕۆژی تێدا نووسییە
ئەزیان دێم دە هیمدادییە
خدری وە ڕێ کردییە
خدرم مەردی نادری[١٦٩]
شیر پۆلای قەرەدەمری
ئەسپی دەفڕی وەک ئاگری
هات بگاتە نێو لەشکری
خدرم مەردی دژواری
ئەسپی دەفڕی وەک باڵداری
هات بگاتە قەراغ شاری
لێی بۆ شەوەکی تاری
لێی بۆ شەوەکی تارییە
گەیشتە دەرگەی شارییە
سێ جارانی بانگ کردییە
دەرگەیان هەڵنەگرتییە
چونکی ئیرادەی ڕەببییە
خەوی بە سەردا بارییە[١٧٠]
نووست لە سەر پشتێ ئەسپییە
شا دەیگەڕاند کێشکچییە
قاقەزیان لە وێ دزییە
بردیان بۆ شاعەباسییە
شا لە بۆخۆی لێی نۆڕییە
خزمینە چ بکەین تەنگاوییە

حەوت ڕۆژیان تێدا نووسییە
ئەو قاقەزیان هەڵگرتییە
یەکی دیکەی تێکردییە
حەوت ساڵی تێدا نووسییە
دای وە دەستێ کێشکچییە
هینابووی لە بۆ خدرییە
نابوویان دە بەر سەرییە
سبحەینێ دەبۆ بەیانە
دەرگە و کلیل هەڵگیرانە
خدر دەچووە دیوانە
قاقەزی دا خەزاییبانە[171]
جۆتێ خانان لێی ڕامانە
حەوت ساڵی تێدا نووسرانە
زۆریان لە دڵی دێ گرانە
لە کنیان بوو ئەحمەدخانە[172]
دە هەوەڵین دا لێتانە
غەیان بوو دەگەڵ خانانە
هەڵات چۆ نێو عەجەمانە
پێی ئیشان دان سوولەخانە[173]
وێیانگێڕاون دەرمانە
با پێ قڕ بن پوسوڵمانە
بڵێنە پادشای عەجەمانە[174]
مانگانەم هەزار قڕانە
شیرێ لە نێکام دەبانە
خەنجەرم تیغی کرمانە
ناڵی ئەسپم لە زێڕانە
بزماری پاک لە زیوانە
فەرمووی پادشای عەجەمانە
ئەوەش بەقایە کوردانە[175]

پادشا فەرمووی لە بۆم بێنن
چار داغی بە ڕوان دابێنن[١٧٦]
تۆپێ فەلەی پێ بجەڕبێنن[١٧٧]
ئەحمەدبەگم بۆ بانک کەنە
هەر دووک ڕوانی لێ ڕەش کەنە[١٧٨]
تۆپێ فەلەی پێ دەرکەنە[١٧٩]
لە برجێ دمدمی دەنە
شایەکی بە وەفا بووم
حەوت ڕۆژان دە کرێکارییەدا بووم
لە دمدمی شارەزا بووم
........................
ڕووی ڕەش بێ ئەحمەدبەگییە
ئەو کردی ناغەیانییە
لێی پیس کردبوون کانییە
ئەحمەدبەگی لێتانی
ڕووی ڕەش بی دەگەڵ شەیتانی[٣٣٩]
لێی پیس کردن سەروکانی
تێیکرد حەوت باری دەرمانی
تێیکرد خێومێ حەوت وڵاتە
دەگەڵ قەومێ نەما پاکە
ئەو دەردە لە بۆ وان چاکە
بەفرێک باری بە هاوینە
لە بۆ خانێ لەپزێڕینە
سێ ڕۆژانیش بە وی ژینە
ئای دمدمۆی بۆ بێ حایشی[١٨٠]
داروبارت لە نیقاشی
خاتوون دەغەملێن بە ڕەشی[١٨١]
خاتوون وا دەکەن بناری
هەشاون بۆ هاتە خواری

پیس بوون حەوزی دە حەساریٚ
با خان بمرن ئەویٚ جاریٚ
خاتوون دەچوونە کن خانی
یاغی بوون لە بەردەڵانی
ئاو نییە پیٚ بکەین نانی
خاتوون دەچوونە کن میری
چەندە گریان بە فەقیری
ئاو نییە پیٚ بکەین هەویری[341]
خاتوون دەچوونە دیوانیٚ
لە ڕووی خانان دەدەن تانیٚ
حەوز پڕ بوونە لە خمخانیٚ
سبحەی بگوژریٚن لە مەیدانیٚ
خانان دەگوت بە خانمە
ئەی خانمی دە چاو مەستە
دەسرە و هەوریو لە ملان سستە
ئەوشۆش لە خانان ڕاوەستە
سبحەی وەرنە سەر پەنجەرە
لە خانان بدەن خەبەرە
بە ئیزنیٚ چل پیٚغەمبەرە
دەشکیٚنن تیپ و عەسکەرە
خانان دەگوت لۆ مە هیمداد دیٚ لە میسر و شامە
شەڕ لە ئیشقی دوازدە ئیمامە[182]
خانی دەگۆتە کوڕیٚ خۆ [183]
لە سەرت بدە پەڕیٚ خۆ
سبەی دا بچینە شەڕیٚ خۆ
خان وا دەکیٚشی حەسرەتیٚ
کیٚ بی بکیٚشی غیرەتیٚ
هەڵگری دەرگەی قەڵاتیٚ
ڕاوەستا ئاڵی ئادەمە[184]

سوێندێ دەخوا بە قەسەمە
هەتا بمێنی گوللە و دەرمان
دەرگەی هەڵدەگرم بە زەمان[185]
خان سەعاتەکی خەو وێ کەوت
خۆشەویستی چاو پێکەوت[186]
هاتە کن خانێ نەبییە
فەقیر و فەقار چ نییە
هەرچی هەڵێ لۆمەی نییە[187]
هەرچی بڕوا بێ قەیدییە
هەرچی بگوژرێ شوداییە[188]
هەرچی بمێنی خەزاییە
لەپزێڕین وە خەبەر هاتییە
خەونێ خۆی بەیان کردییە
خەونم ڕاستە و درۆی نییە
دەچینە بەهەشتێ باقییە
هەرچی لە بەر خدری
ئەو زۆر چاکن بۆ لەشکری
دەڵێن خان کێ بی نامری[189]
سبحەینێ بۆ بەیانی
منداڵ خۆیان ماچ کردییە
گەردەنێ خۆیان ئازا کردییە
چوونە خوار لە دمدمییە
لە دمدمی چوونە خوارە
دەست بە شیر و بە قەتارە[190]
جەمعییەتیان نۆ هەزارە
جەمعییەت نۆ هەزار کەسە
سێ هەزار سەرزین ئەتڵەسە
سێ هەزار پەستە بە شەمسە[191]
سێ هەزاریان نوور لێ ئایسا[192]

بانگیان کرده مستەفایە
هەزار کەسی دە چەنگ دایە
پێی خۆشە شەڕ و دەعوایە
پشتیووانی بی خودایە
بانگیان کرده شێرعەلییە
هەر دەڵێی کەڵی جەنگییە
هەزار کەس بە دەستە وییە
پشتیوانت بی ڕەببییە
بانگیان کرده کەریم خانی
وەک شێری قامیشەڵانی
سەرکردەی خڕ سەرکردانی
هەڕۆوە تیپێ باقرخانی
زۆرە خودا دەیزانی
پشتیووانت بی گەیلانی[193]
هەمووی تێکدا، دەچۆ خوارە
لە دەشتێ ورمێ قەرارە
سبەینێ شەڕە،
حەوشارە هەموو تێکدا ڕاوەستاوە[194]
لە عەجەمان تەعجوب ماوە
شاخ و تەلانیش نەماوە
هێندەی خیوەت لێ هەڵداوە
موکریم حاکمی سەرناسی
هێشتا دوورە و شا دەیناسی
چۆ خیوەتێ شاعەباسی
موکریم حاکمەکی گوڵباوە
لە خیوەتێی دەبوو پیاوە
سەرێ پەردوێی هەڵدەداوە
ئیکلامی لە شای کێشاوە
شای عەلێکی ویدەداوە

جێی بە خانی ئیشان داوە
موکری حاکمەکی گرانە[195]
لێی دەگرت لایەک دیوانە
دەستیان دەکرد بە قسانە
سامێ خانی وەک شێرانە
کێ بوو لە شاعەباسییە
دەڵێ خانی موکرییە
ئێرەش دێرین قەڵا نییە
داروبارم چەقاندییە
ڕەزم لێ بنیاد کردییە
بەرێ نەمامێم خواردییە
حەوت ساڵان لێم بووی یاغییە
لە توومم نەکرد خەراپییە
بزانم شیری خانی چییە
ئەگە شا ڕاما لە شیرییە
شیرێ خانی پێ چ نییە
دەیخوڕی دە قەتارچییە
بێنێ هێسترێکی بارییە
پادشای قەت ئاقڵی نەمایە
شیری لە هێسترێ ڕۆنایە[196]
بە شیری خۆی شیر لێدایە
هێستر و شیری فڕێدایە
دەگەڵ دە تەختی پۆلایە
لە سەر عەرزیش ڕاوەستایە
خان! هەر بەوەش دەکەی دەعوایە؟![197]
خۆش بی خانێ موکرییە
هێتمێک بووم زۆر سەبییە
گەرمێن و کوێستانم دییە
چەکناسی وەکە من نییە

شام بترِوانم لە شیرییە[198]
کە خان ڕاما لە شیرییە
جەوهەرێ شیری میسرییە[199]
خان بە شیری پێکەنییە
شاهم شیرت خەزاییە
بتبی غەنیمی گیانییە[200]
شاعەبباس تێی گەیشتییە
گوشتنێ پیران قەت چ نییە[201]
خان سوێندی خوارد بە سەری میری
ئەگەر جوانی و ئەگەر پیری
شەق شەقت دەکەم بە شیری
خۆش بی خانێ موکرییە
بە دەستی شیری میسرییە
دایهێنا شاعەباسییە
بەخت نەبووە و نەیگرتییە
دیرەکێ خیوەتێی گرتییە
سەرێ دووکوڕای پەڕاندییە[202]
شاعەبباس لە وێ دەرپەڕییە
موکری لە دووی ڕۆییە
بەر جەماڵی ئەنگاوتییە
شەڕ لە ئیشقی محەمەدییە
کە خیوەتی وای دەدیتە
کوتکی خیوەتێی ئاویتە
موکری پێ بوو شەهیدە
کێ بوو لە برایمی سێمانی[203]
دەستی دەدا شیری خانی
پیری دەگوژی هەتا جوانی
چۆ خیوەتێ حەسەن خان
حەسەن خان لە سەر چۆکانە[204]

شیرێکی دا لە ملانە
بە کەرتی کرد بێ ئیمانە
بە تۆڵەی خانی قەیغانە
حەسەن خان و پێنج برازا
دەست بە شیری جەوهەر تازە
لێی کردنە ڕاوە بەرازە[٢٠٥]
کێ بوو لە وسووی سەروەرێ
دەگەڵ کوڕی دیزەکەرێ[٢٠٦]
شەڕیان دەکرد بە خەنجەرێ
ئاغا و نۆکەریان دانە بەرێ[٢٠٧]
دەبۆ ڕۆژێ قەستەسەرێ
کێ بوو لە کوڕی ئۆمەرشابی
دوو برا هەنە دەگەڵ بابی
چەندیان دەکوشت وەک قەسسابی
لێڕەوارە؛ دوایی نابی
خاڵ وسێن و مام وەتمانە
شەڕی دەکرد بە شیرانە
سێ شەوان و سێ ڕۆژانە
شیریان باڵچۆغە پسانە[٢٠٨]
نەیاندیت ماڵی کالانە
لەپزێڕین مەردی قەیغانە
گاوان بە خۆ، بە چۆماغی
لەو لەشکرەی ببوو یاغی
داری ویش وەکوو شیرییە
تۆپزێکی پێیە، عەرەبییە
هەرچی لێی دایە کوشتییە
لە سەتی یەکی هێشتییە
گاوانیان شەهید کردییە
لە کنی بوو شێرعەلییە

هات قەرەبەگی گەردییە
ڕەسووڵ ئاغا زێوکەییە
گاوانیان لە مە کوشتییە
کێن لە بۆ بچیتە گاڕانێ
نەمرین تێودەنێین قڕڕانێ
سێ سەتیان کوشت ئەوێ جانێ
شێر یاغی بوون لە مەیدانێ
هەرچی خیوەتی ئەستەڕە
خڕ خەمێ حوسێنی کەڕە[209]
هەرچەند خیوەتێ ژەنگاری
خەمێ ئەحمەدی زێباری
چەند خیوەتی سوورە و شینە
خەمێ خانی لەپزێڕینە
پشکیان کرد وەکوو برایە[210]
خۆشیان کرد خێر و خەزایە
پشتیووانیان بی خودایە
شەڕێ والە کەس نەیدییە
حەشر لە شامێ وا نییە
هیمداد دەهاتن غەیبییە
سێ سوار هاتن چەپەرییە[211]
یەکیان حەسەنی بەسرییە[212]
خاڵندیان لێ ئاڵاچییە[213]
یەکی حەمزەی عەرەبییە[214]
چەندیان کوشتن نەعلەتییە
هێندێک دەکەن ڕاو و گەشتێ
یەک شێخاڵییە لە سەردەشتێ[215]
وەیسەلقەرەنی ماهیدەشتێ[216]
شێخ برایمی کانێ ڕەشتێ[217]
چەندیان ییخستنە سەر پشتێ[218]

به شیری دەکرن بەحەشتێ[219]
سوارێک هاتۆ لە کارخانێ
هارەی وەک گوللەی تۆپخانێ
دە نێویان دەنێ قرِانێ
خانی پرسی ئەوە کێیە
سۆفی مامەندی بەلەبانێ[220]
سوارێک هاتۆ دوورئەنگێوە
چەند شیری لێدا لە پێوە
خەزایە، حیزە مەبزێوە[221]
خان دەیپرسی ئەوە کێیە
لە هەڵڵای رِا زاواکێوە[222]
سوارێک هاتۆ ئەسپی شێیە
مل بە مەتاڵە و زرێیە
رِەپێی دەنا دێ بە دێیە[223]
خان دەیپرسی ئەوە کێیە
ئەوەش پیرۆتی مەرگێیە[224]
سوار دەهاتنە مەیدانێ
سۆفی مامەندی بەلەبانێ
سەید خاڵند دێ لە لاجانێ[225]
سوڵتانی پشتی گەڵوانێ[226]
کەڵەرِیحانێ لە جەڵدیانێ[227]
شێخ پیرغەیبی قەڵاتیانێ[228]
کاک ئەحمەد و کاک مەحموودی دە شێخانێ[229]
شێخ محەمەدە لە هینگڵانێ[230]
فەقێ شاڵە لە دوورِیانێ[231]
مەلا برایمی گردکاشانێ[232]
شێخ سمایلی جاشێرانێ[233]
شێخ مووس بێتن لە سیاوانێ[234]
کەوێ زەردە لە مەیدانێ[235]
شێخاڵی و نوورەسەن کوانێ[236]
چەند مەزبووتن لە مەیدانێ

دەستیان دەکرد بە لێدانێ[٢٣٧]
بۆ ڕۆژی ئاخری زەمانێ
نوێژێ نیوڕۆیان لێ بووە
لەپزێڕینیش شەهید بووە
شەڕەکەیان بەرزەم بووە
ئەوان کردە ئەستوورییە[٢٣٨]
هەڵیاندەکێشا بۆ ئاڵییە[٢٣٩]
مام ئاڵی دەرگەی گرتییە
دەسکی خەنجەرێی ماهییە
سیوشەشی پێ کوشتییە
مام ئاڵی مەردی بەغیرەتە
گوللە و دەرمان نەما قەتە
دەیکێشا ئاخ و حەسرەتە
مام ئاڵی مەردی قەیغانە
گوللەی بە بێژینگ پێوانە[٢٤٠]
دەرمانی لە کن ڕۆنانە
یەکی بە هەدەر نەدانە[٢٤١]
لەو خانمی دە نۆجوانە
دێنە کن ئاڵی دەرگەوانە
لە بۆ ڕا و تەگبیرانە
کێ بوو لە خاتوونێ خەزاڵێ
هەنیەی مانگێ لە ساماڵێ
دەڵێ ئاڵی هەستە هەڵێ
مام ئاڵی وەهای گۆتییە
بەشکێ خۆم خەزا کردییە
هەڵاتن لۆ من چێ نییە
ئەگەرچی ئەنگۆ دەوێرن[٢٤٢]
خۆ لە قەڵاتان مەسپێرن
بڕۆنە برجان خۆو هەڵدێرن

لەو خانمی دە نازەنینە
منداڵیان لە خۆ بەستینە
بە چارشێوێ کۆبە شینە[٢٤٣]
خۆیان لە برجان هەڵداشتینە
دەبوونە کۆتر؛ فڕینە[٢٤٤]
ڕووی خۆیان دا لای مەدینە
لە زینوێ شێخیان دیتینە[٢٤٥]
کێ بوو لە کیژێ گاوانی
قبووڵی نەکرد کافرستانی
خۆی هەڵداشت لە چل کەوانی[٢٤٦]
چۆوە دوی خێزانی خانی
ڕایکردە ئەستوورییە
هەڵیانکێشا بۆ ئاڵییە
مام ئاڵی دەرگەی گرتییە
دەسکی خەنجەرێی ماهییە
سی و شەشی دی کوشتییە[٢٤٧]
خەزای لێ تەواو کردییە
مام ئاڵیان شەهید کردییە
چوونە ژوورێ لە دمدمییە
خانووبەریان سۆتاندییە
دمدمییان خەرا کردییە
خالەق ئەتووی شەوی ڕەحمەتێ
شادن بکەی بە جەننەتێ
دەگەڵ برایان و برادەران
دەگەڵ ئەوێ جەماعەتێ
شەیتان غەرق بی دە نەعلەتێ
ئەی گەلی برایان، برادەران، جوامێران
ئەمن لە بۆنگۆم گێڕاوە مەحت و سەنای ئەوان دوو شێران
هەزار ڕەحمەت لە دایک و بابی دە گوێدێران
دەگەڵدا نەبیتن شەیتانی مەلوولی ماڵوێران.

## دمدم

**محەمەد ئەحمەدی**[248]

دنیایە، دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە[249]
توخوداکەی ئەو دنیایەکی گەلێک بێ شەرتە، بێ قەولە، سەرەخۆرە،
گەلێ دنیایەکی بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ بابئادەمی، نە بۆ دایکەوایە[366]
دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ حەزرەتی عیسا
ئەگە کافران گەرنیان لە تەنافی دەدا[250]
دەچۆوە عاسمانێ بە قودەرتی باری تەعالایە
دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ حەزرەتی مووسا ئەگە دەپەڕیەوە لە دەریایە[251]
لە بەر فیرعەونی بە قودەرتی باری تەعالایە
ئەوە دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ حەزرەتی وێنس[252]
ئەگە دەچۆوە دە زگی ماسییەوە بە قودەرتی باری تەعالایە
ئەو چل شەوی حاشار دەدرا لە دەریایە
دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ حەزەرتی سولەیمان[253]
ئەگە بلقیسایان بۆ دەهێنا
بە حوکمی پاڵەوانان لە خزمەت پادشایەکەی باسەفایە
دنیایە، دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ یۆسفی میسرێ[254]
نە بۆ دوو چاوە بەڵەکەکانی دە زولەیخایە
ئەوە دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
بێ شەرت و بێ قەول و بێ وەفایە

وەفای نەدەما، نە بۆ حەزرەتی ئەسکەندەر[255]
ئەگە خەرجی دەستاند لە سەر ئەوێ کاولە دنیایە
دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ ئیمامی عەبووبەکر[256]
ئەگە پانیەی دەنا دە زاری ماری ئەو لە غاری حیرایە
دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما بۆ ئیمامی عوسمان[257]
ئەگە هەموو شەوی بیست و حەوتی ڕەمەزانان
دەیچەقاندەوە بەیداغێکی کەسک ئەو لە سەربانی کابەتوڵڵایە
دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ عومبەری قەیغان[258]
ئەگە بە حوکمی شیرە گەورەی بانگی محەمەدی دەکرد ئاشکرایە
دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ حەزەرتی خالید[259]
ئەگە هەژدە لفکەی بەردەداوە بە عەزمی دە خەزایە
دنیایەکی گەلێک بێوەفایە
وەفای نەدەما نە بۆ بیلالی حەبەشی[260]
ئەگە بانگی محەمەدی لێدەدایە
دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
وەفای نەدەما، نە بۆ شێرعەلی شاهی مەردان[261]
ئەگە بە سواری دوڵدوڵی بە نووکی زولفەقاری
بە درێژایێ ڕۆژێ دەگەڵ کافران دەیکردەوە جەنگ و جودایە
دنیایەکی گەلێک بێ وەفایە
ئەوە وەفای نەدەما، نە بۆ ئیمامی حەسەن و نە بۆ ئیمامی حوسێن[262]
ئەگە شەهیدیان دەکردن لە دەشتی کەربەلایە
دنیایەکی بێ وەفایە
بە وەی بزانن ئەگە بێوەفایە
ئەگە وەفای با، دەبا پێغەمبەری مە هەر مابا [263]
کۆچی نەکردبا لە سەر دنیایە

نووری پڕ بە عەرشییە، پێی لە تەختە سەرایە [٢٦٤]
سەری لە عەرشی عەزیم
شۆقی دەڵێی چرایە
کوانێ جانی بنی جان؟ [٢٦٥]
کوانێ قارەمان و قەیتەران؟ [٢٦٦]
کوانێ جمجمە سوڵتان؟ [٢٦٧]
کوانێ ڕۆستەمی داستان؟ [٢٦٨]
کوانێ عەباسی عەلەمدار؟ [٢٦٩]
کوانێ بزروونی بێڵدار؟ [٢٧٠]
کوانێ زۆهرابی نێزەدار؟ [٢٧١]
کوا نمرووود و کوا شەدداد؟ [٢٧٢]
کوانێ بەختەک و کوانێ نۆشیرەوان؟ [٢٧٣]
کوانێ جمجمە سوڵتان؟ [٢٧٤]
کوانێ ئەوان ئەسحابەی پاک و جوان؟
ئەوان دنیایان دەکرد فرەوان
کوانێ ئیمامی هەمزە؛ ئەو پاڵەوانی بێ ڕەزا؟ [٢٧٥]
تەواوی دەکرد خەزا.
کوانێ ئیمامی عومبەر؟ [٢٧٦]
ئەو دەست بە تیخی نشتەر
کافری دەکردن موستەخەر
کوانێ سەعدی بنی وەقازی؟ [٢٧٧]
کوانێ وسێنی غازی؟ [٢٧٨]
کوانێ جوانی وەک نەسیم؟ [٢٧٩]
کوا ئەسحابەی وەک تەمیم؟ [٢٨٠]
کوا سەعیدی ترش ڕوو؟ [٢٨١]
کوانێ جوانی بە ئابڕوو؟
کوانێ ئەزرەقی جادوو؟ [٢٨٢]
ئیفلاتوون وەکی وی نەبوو! [٢٨٣]
کوانێ عومبەر و کوانێ عوسمان؟

کوانێ عومبەری قەیغان؟
کوا شێرعەلی شاهی مەردان؟
کوا بەخشندەی وەک حەتەم؟ [٢٨٤]
ئەدی کوانێ زەبر بە دەستی وەک ڕۆستەم؟
کوا نمروود و کوا شەدداد؟
کوانێ فیرعوون و کوا تاق مراد؟
کوا شەددادی بە غوڕڕەم؟
ئەگە دایدەنا جەهەندەم!
ئەو بەهەشتی دادەنا یەکدەم
دڵ خۆش مەکەن بەو دنیایەی
دنیایەکی حیز و گەلێک مایەپووچە
هەزار ملْکت بێ بە مووچە
ئاقیبەتی دەچینە قەبری بە کووچە [٢٨٥]
قەبری ڕەشی زیندانی
هەڵیاندەکەند لە سینگی عیسانی[٢٨٦]
ئەگە خودا یەقباڵت بدا
سەت ساڵ بنوو پاڵ وەدە
هەر عالەم بیکا بیخواتن
پێستێ دەبێتن بە زێدە
ئەگە خودا نەتدا یەقباڵی[٢٨٧]
سەد ساڵی بکەی ماڵی
هەر ڕووتی، هەر ڕەجاڵی
گوێو لە من بێ گەلی دە خاس و عامان
با بەس بڵەین لە وان قسان، لە وان کەلامان[٢٨٨]
چەند پادشا، چەند لاوچاک، چەند سوارچاک و پیاوچاک
دەهاتنە سەر ڕووی دنیایە
ئاقیبەتی هەموویان دەچوونەوە باری فەنایە[٢٨٩]
جا با بێینە سەر بەندی دمدمی
لە پێن (ج) سەد کەوانی[٢٩٠]

ئەوان شێران، ئەوان پڵینگان[291]
پێیان بکەینەوە دەعوایە.
دمدمم بەردی لە سێران
جێگای خانان، جووتەی شێران
حەیفە ڕیویلان لێی دەدەن سێران
ئەلحان جێگای شەل و کوێران
دمدمم بەردی لە چەلان
جێگای خان و خانئاودەلان[20]
ئەلحان بۆتە جێگای قەلان
هەر لە شای هەتا خونکاری
خانان گەڕان چوار کەناری
هەر لە خونکار هەتا شایە
خان بە عەبداڵی دەیگەڕایە [292]
هەر لە شای هەتا خونکاری
خانان گەڕان چوار کەناری
با لە دمدمی دانێین دیواری[293]
لەپزێڕینم چاو بە نەخشە[294]
کاکەخانم ئەڵماسڕەشە[295]
قۆنگر و قەڵاتیان ڕاکێشا[296]
دمدمم بەرەو ڕۆژهەڵاتێ
حەوت سەد وەستای بەرداتێ[297]
دمدمم بەرەو ڕۆژاوایێ
حەوت سەد وەستای بەردەدایێ
قایم بۆ ڕۆژی دەعوایە
کاکە لەپزێڕین و کاکە خانە[298]
هەرکیان ملیان وێکڕا دانا
قایمیان کردن سوللەخانە
ڕایانکێشان جبەخانە
پاشای بزورگ و ڕەحمانە

وەرنە سەیری ئەو شاهانە
دمدمم بەرەو ڕۆژئاوایە
حەوسەد وەستای بەردەدایە
قایم بۆ ڕۆژی دەعوایە
وەرنە سەیری عەبباس‌شایە
پادشای بزورگ و ئەڵڵایە
حەوت ڕۆژە دەو کارەی دایە[٢٩٩]
ڕۆژێ زێڕیکیان دەدایە
بەردی بناغەی دانایە
ئەو حەوت زێڕەی وە بن دایە
بەرد و زێری ئێستێش مایە
وەختا ببێت ئاشکرایە
خانان بانگیان دەکرد بۆ قەڵایە
خانان نمەک دە پێش نایە[٣٠٠]
شای عەباس گرتی ڕێکومانێ[٣٠١]
چۆوە تەختی ئیسفەهانێ[٣٠٢]
شای عەباسم زۆر مەتینە
دەیکوت کوڕێکم بۆ نەنێرێ بەو ڕەهێنە[٣٠٣]
من لە سەری خانان نابم ئەمینە
لەپزێڕین فەرمووی عەبداڵبەگم تۆ قەیغانی
تۆم حەولادی کاکەخانی[٣٠٤]
قابیل بە خزمەتی شاهانی
عەبداڵبەگی چاو بەنگییە
حەوت ساڵی خزمەت کردییە
دەیکرد غەریبی باب و مامییە
شای عەباسم زۆر قەیغانە
وە بیری هات پارویێک نانە
بۆی هێنا تەختی ڕەوانە
وەعدە و پەیمانی بۆ دانا

وەعدە بە ئەجەلی سێ جوعمانە[٣٠٥]
عەبداڵ بەگ هاتە خزمەت باب و مامییە
وای دەکرد عەرزی مامییە
دیکوت خزمەت خزمەتی ڕەبییە
خزمەتی عەبدی هیچ نییە
خان ئاودەل وای دەزانییە
دەستی بە نژدیان گرتییە[٣٠٦]
لێرەڕا تا تارانێ دەگرتییە[٨٩]
سەرحەدی بە قوڕێ گرتییە[٣٠٧]
شای عەباس خەبەری بۆ دەچییە
قاسیدێکی دەنارد بۆ کن خانی کوردییە
دە بڕۆن بڵێن بە وان خانانە
گەر نەڕۆن لەو سەرحەدانە
قەڵایان لێدەکەم وێرانە
پاشین دەیانهێنم خێزانە[٣٠٨]
وای دەزانی خانی کوردییە
پیلی قاسیدی بڕییە[٣٠٩]
ئەو دە گەرنی دەکردییە
بۆ شای عەباسی ناردییە
شای عەباس شێری بە قەڵفەسە[٣١٠]
دەڵێ حەسەن خان بڕۆ لە بەرم ڕابەزە
دە هیمدادێت دەهێم هۆزە
حەسەن خان دەڵێ دمدمم بەردی ناچۆمێ
ئەو هیمدادیان بۆ دێن لە ڕۆمێ
دەمانکەن بە خیزی بن گۆمێ[٣١١]
شای عەباسم دەڵێ تۆ منداڵی[٣١٢]
ئەمن ڕۆمێ حەوت ساڵان گەڕام بە عەبداڵی
تێمدا نەدی توندوتاڵی
غەمم لە دڵی دەبوو خاڵی

ده برۆ له بەرم ڕابەزە
لە هێمدادێت دەهێم هۆزە
حەسەن خان دەڵێ دنیام دەوێ سەرانسەرە
پڕ بێ لە میر و بەگلەرە
بێجگە لە ئاغا و نۆکەرە
شای عەباس دەڵێ پایز نییە، هەر هاوینە
ده برۆ لێرە ڕامەمینە
لەشکرێکی زۆر بغەمڵێنە
سانی لەشکری ببینە

ئەو قەڵایەی دمدمی، ئەوەڵییەکەی لەوەێرا ساز بوو. [٣١٣] دوو کوڕەئاغا بوون. ئەو دوو کوڕەئاغایانە لە بەگزادان[٣١٤] بوون لــە تەرەفی سەقزی.[٨٩] لـــە بابــی خۆیان زیز بــوون، بە فەقێیایەتــی هــاتن بــەو ســابڵاغەی دا ڕۆیشــتن، چوونە تەرەفی ڕەزایە؛ پێیان دەکوت ورمێ. لە دێیەکی چکۆڵە شــەوێ میوان بوون. ئەگە تەماشــایان کرد ئێــوارێ گاڕان هاتەوە، ڕۆژ زوو بــوو، گاوانەکــە نەهاتــەوە. ڕۆژ زۆر درەنگ بوو گاوان بە ســەڵتی هاتەوە. ئەهلی ئاوەدانی لێیان پرسی کوتیان کاکە گیان: خەڵک گاڕانەکەی نایەتــەوە گاوان دێتەوە، ئەمە گاڕانەکەن دێتەوە و گاوانەکەمان نایەتەوە! بۆچــی دەبــێ وا بــێ! گاوان کوتی: « ئەگە عەیبە و ئەگە شــووڕەیییە،[٣١٥] بەردێکی لێیە، ئەگە دەچمە ســەر ئەو بەردەی هیچ شــتێکم لە بیر نامێنێ؛ نە ماڵم لە بیر دەمێنێ و نە گاڕانم لە بیر دەمێنێ. یان لە برسان وە بیرم دێتــەوە یان ســەرمام دەبێ یان خەوم دێ. لە ســەر ئەو بــەردەی دێمە خوارێ و ماڵم وە بیر دێتەوە و دێمەوە ماڵێ.»

ئەو دوو کوڕە فەقێیانە، ئەگە چووبوونە ئەو دێیە بە میوانی، گوێیان لەو قســەی بوو. شــەوێ تەگبیریان کرد، کوتیان ئەو بەردە شتێک هەیە. ئەمما کتێبی عیلمی قەدیمیشــیان هەبوو. ســپحەینێ ئەگە گاڕان ڕۆیشت، وە دووی ئەو گاوانەی کەوتن و کوتیان کاکە ئەو بەردە لە کوێیە؟ گاوان بە دەســتی ئیشــاڕەی کردن، کوتی لەو دۆڵەی دا هۆو بــەردە زەلامەیە. خۆیــان دە گاوانــی نەگەیانــد. هاتــن لە بن ئــەو بەردەی، ئــەو عیلمەیان خوێندەوە. ئەگە تەماشایان کرد حەوت عەمباری خەزێنە تێدابوو بن ئەو

بــەردەی. خان ئاودەل بــرای گەورە بوو؛ لە خانیلاپزێڕین گەورەتر بوو. کوتــی بە تاقی دەکەمــەوە بزانم خانیلاپزێڕین بۆ ئەوە دەبێ پشــتی پێ بســپێری[٣١٦] یان نا؟ ئاورێکیان لە بن بەردەکە کردەوە. تەعاماتێکیان ساز کرد؛ هەرچی خودا بە نســیبی کرد بوون. خان ئاودەل ســیغاری دەکێشا. ســیغارەکەی هەڵبەســت و بە دمێوە نا. بە خانیلاپزێڕینی کوت ئاورێکم دەیــە. خانیلاپزێڕینیش ئاورێکی بۆ لە ســەر دەســتی دانــا و ئەویش لە قەســتی هەر ســیغارەکەی دەولا و دەولای دەســتی کوتا. دەســتی هاتە ئەوەی پســووتی.[٣١٧] ســیغارەکەی لە دمی کردەوە و کوتی ماڵتە ئەتو بۆ ئاورەکە دانانێی؛ ئاخر خۆ دەســتت ســووتا! کوتی لەبــەر تۆ دڵم نەهات؛ دەڵێم با سیغارەکەی داگیرسێنی. کوتی: ئافەریم! ئەوجار بۆ وە دەبی پیاو پشــتی خۆت پێ بســپێرێ. ئەوە بۆیە ئاوام کرد بە تاقیم کردێوە. ئەوجار ئــەو گەنجــە بە مــە دەتوێتەوە.[٣١٨] با ئەمــە کارێکی وا پکەیــن بزانین لەو جێگایە چاوە خانوویەکی[٣١٩] ســاز ناکەیــن هەتا ئەو گەنجە و گەوهەرەی بتوێنینەوە. جا کوتی کاکە ئێرە سپاســالارێک حوکماتی لێ دەکا؛ حەسەن خانــی پێدەڵێن. ئەو حەســەن خانە ئەگەر ئیجازەمان نــەدا، ناتوانین لێرە خانووی دروست پکەین. کوتی با ئەمە پچینە نێو شاری ورمێ. پادشا لە ئیسپەهانێ شای عەباس بوو. قانوون بوو شا بە چوار ساڵان جارێک، بە پێنج ساڵان جارێک دەهاتە مەملەکەتی، دەگەڕا. زۆری پێ نەچوو، بەختی ئەو دوو کوڕە شای عەباس تەشریفی هاتە شاری ورمێ. چوونە خزمەتی کوتیــان قوربان! ئەمــە دوو کوڕە فەقێیــن، دەمانەوێ لــەو مەملەکەتەی پخوێنین، چاوە خانووێکی دروست پکەین لە جێگایەکی. دەمانەوێ جێگای چەرمە گامێشێکمان[٣٢٠] خاک بدەیەی؛ خانووی لێ دروست دەکەین و تێیدا دادەنیشین. شــای عەباس فەرمووی جا جێگای چەرمە گامێشێک جێگای هیچ نابێ. کوتیان قوربان بەسمانە. کوتی ئەو جێی چەرمە گامێشێکی، لە هەر جێی پێتان خۆشــە، ئەوە خاکم دانێ. کوتی قوربان ئەگەر قاقەزمان نەدەیــەی، ئەورۆ ئەوە ئەتوو دەفەرمووی دامنێ، ســپحەینێ مەعمووران نایەڵن ئەمە خانووەکەی دروست بکەین.

شاعەباس قاقەزێکی دانێ؛ بۆی ئیمزا کردن: «ئەو دوو کوڕە فەقێیانە، لــە هــەر جێیەکی، جێــی چەرمە گامێشــێکی بە کەیفی خۆیــان ڕابنگێون،

خانووی لێ دروست کەن، هیچ کەس حەقی نییە بەرگێڕەوەیان پکا.»

شای عەباس ڕۆیشتەوە بۆ ئیسفەهانێ. ئەو کوڕە فەقێیانەش هێنایان چەرمە گامێشـێکی زەلامی هۆڕاقیان کڕی. قەرەچییان هێنا سـەرێ، ئەو چەرمە گامێشەیان بە سیرمە هەڵێنا وەک غەرغەرەی باریک. لە دەورەی ئـەو کێـوەی کە غەزنەکەیـان تێدا دیتبـۆوە، ڕایانئەنـگاوت. هێنایان ئەو گەنجەیان دەسـت بە خورد کردنەوەی کرد.[320] فەعلە و وەستا و بەننایان بە کرێ گرت. دە پێشـدا چاوە خانوویەکیان سـاز کـرد؛ بۆخۆیان تێیدا دانیشتن. جا ئەوجار ئەوەندەی چەرمە گامێشەکە گرتبووی دەورەی ئەو کێوەیان دا. دیوارێکی هێندە مەحکەمیان لێ دانا، کەڵ و عارەبە بەکاوەخۆ بە سەر دیواریدا دەڕۆیی.[321]

ئـەو خەبەرەیـان بۆ شـای عەباس هێنـا. کوتیان قوربـان ئەو دوو کوڕە فەقێیانە ئەگە چەرمە گامێشـێکت خاک داونێ، چەرمە گامێشکەیان ڕانەخستووە و خانووی لێ دروست پکەن! فەرمووی: «ئەدی؟» عەرزیان کرد قوربان وەک سـیرمە لە غەرغـەرە باریکتر ڕایانهێناوە؛ لایەکی ئەو کێوەیـان بـڕ داوە. ئـەوە قەڵایەکیان لێ سـاز کردووە؛ دیـواری کەڵ و عارەبە بەکاوەخۆ بە سـەریدا دەڕوا؛ هیچ شتێک کارێ لەو دیوارەی ناکا! ئەوە عالەمیشـیان وە خۆیان خسـتووە، حەوسـەت هەش سەت فەعلە و وەسـتا و بەننایان لە سـەر دیواری داناوە کارێ دەکەن! هەتا ئەوڕۆکانە هیچ پادشایان ئەو کارەیان نەکردووە.

شـای عەباس فەرمووی ئەوانە بە تەمای شـتێک هەن؛ شـتێکیان لە کەللەی دایە.[322] وا چاکە ئەمن دەگەڵ ئەوانە خزمایەتێکی ساز پکەم.

شای عەباس کچێکی هەبوو. لە دوای ئەو دوو کوڕە فەقێیانەی نارد. کوتـی خانئـاودەل و خانیلاپزێڕیـن ئەنگۆ ئەو خانووبەرەی دروسـت دەکـەن ــ ئیـدی وە ڕووی نەهێنان ئەنگـۆ بۆچی ئاوای سـاز دەکەن و دیـواری ئـاواو بۆ دانا و ئەو چەرمە گامێشـەو بۆ ئـاوا باریک هەڵێناوە ــ فەرمووی خۆ هیچتـان ژنو نییە. کوتیان قوربـان هیچمان ژنمان نییە. کوتی ئەمن کچێکم هەیە پێم خۆشە بیدەم بە ئەنگۆ. کوتیان قوربان ئەمە ڕە ئـەوەی ناکەویـن[323] ئەتۆ کچمـان بدەیەی. کوتی نا! بەشـەرێک خودا دروستی بکا، هەموو هەر بەشەرە، هەموو هەر خودا دروستی کردووین.

ئەمــن کچی خۆم دەدەم بە ئەنگۆ. جـا کێهەتان برای گەورەن کچی خۆم دەدەم بە ئەوی.

خانــی لاپزێڕین کوتــی خان ئاودەل لە من گەورەترە. شــای عەباس کچــی خۆی دا بــە خان ئاودەلی. ئەو قەڵایەی دروســتیان دەکرد، چاردە ساڵان خەریکی دروست کردنێ بوون. لـــە جوملەی ئەو چاردە ساڵەی دا خان ئاودەل کوڕێکی بوو. کوڕەکەیان نێو نابوو عەبداڵ بەگ. ئەوە قەڵا هەر دروســت دەکرێ؛ ئێستێ تەواو نەبووە. شای عەباس کوتی وا چاکە ئەمــن بــە خەفیەگەری بچم دە بەرگی فەعلەیی‌یــەوە. پچم دەو قەڵایەی‌دا هەژ نۆ دە ڕۆژان کارێ پکەم بزانم ئەو کوڕە فەقێیانە، بە فەقێیاتی هاتن، لەو جێگایەی ئەو قەڵایەیان کردووە، ئەو هەموو پووڵەیان لە کوێ بوو!؟ ئەمن کچی خۆم لێ مارە کردن؛ ئاوا بە دەستووریشیان گوێستەوە! دەبێ لە کوێیان بووبێ؟ ئەمن وا چاکە بە جاسووسی بچم دەو کارەیەوە.

ئەگە شای عەباس هات بە جاسووسی دەو کارەیەوە، خان ئاودەل و خانی‌لاپزێڕین ئەوە نازانن ئەگە ئەوە کێیە؟ پێیان وایە کابرایەکی فەعلەیە. کاری دەکرد دە نێو فەعلاندا شــای عەباس؛ قوڕی دەشــێلا. کچەکەی لە ســەر باڵەخانەی دانیشــتبوو. تەماشــای کرد لەو فەعلانە، یەکێک قوڕی دەشــێلا. ئەگە لاقی هەڵدێناوە و لاقی دادەناوە دە نێو قوڕەکەی، مێشــکی لوولاکــی دیار بوو؛[٣٢٤] دەهات و دەچوو! بۆخۆی فیکری کردەوە کوتی بە قودرەتێ خودای ئەوە بابم نەبێ هیچ کەسی دیکە نییە. بانگی خان‌ئاودەلی کــرد. کوتی خان‌ئاودەل فەعلەیەک لــە نێو ئەو فەعلانەیە؛ پێم وابێ بابمە! کوتی بە چی دەزانی؟ کوتی ئەوە قوڕی دەشێلا مێشکی لوولاکی دیارە.

جا بۆیە دەڵێن:

پادشای بزورگ و ئەڵڵایە
وەرنە سەیری هەباس شایە
حەوت ڕۆژە دەو کارەی دایە

حــەوت ڕۆژ بــوو دەو کارەی‌دا بوو، جا کچەکــەی پێی زانی، حەوت زێڕیشــی وەرگرتبــوو؛ ڕۆژێ زێڕێــک. دە بناغــەی دیــواری‌دا دایناببوو. عەبداڵ‌بەگ شــای عەباسی بە زۆری بردە باڵەخانەی، نەدەهات. دەیکوت ئەمــن کابرایەکــم فەعلــە؛ کارێ دەکــەم، بابــم چت لە مــن داوە. ئەویش

دەیکـوت نا وەرە ســەرێ. ئەتـۆ دەبێ بێیە باڵەخانەی نان بخۆی. شـای عەباســیش مەنزووری ئەوە بوو، دەیکوت ئەوانە بە تەمای کێشەی هەن، بۆیە ئەو قەڵایەیان ئاوا ســاز کردووە. ئەگەر بێت و ئەمن نانیان لە ماڵێ پخۆم، دوایە لێم هەڵبەزنەوە و ئەمن شــەڕیان دەگەڵ پکەم، نەبادا نمەک بمگرێ؛[٣٢٥] دەبێتە نمەک بە حەرامی.

بە زۆری پەنجێکیان نان دەرخوارد دا. ئەوانیش لە چوار تەرەفی ئەو قەڵایــەی کاریان هەبوو. لــە لایەکی دەچوونە کن شــیرگەران، لە لایەکی گوللە و دەرمانیان ساز دەکرد، لە لایەکی قەڵا دروست دەکرا؛ دەبا ئاگایان لە هەموو جێگایەکی بێ. شــای عەباسیان دە قەڵایەدا بەجێ هێشت. شای عەبــاس لە قەڵایــە هاتە خوارێ. هاتە کن کابرایەکــی کوتی ئەو بارگینەم پێ بفرۆشــە؛ هەرچــی بڵێی دەتدەمێ. بارگینەی کڕی. تاریکایی شــەو بە ســەردا هات. هاتە کــن دەرکەوانی قەڵایە، کوتی ئیجازەم بدە لە شــاری وە دەر دەکــەوم. کوتی دەرکەی قەڵایە مــۆر کراوە، خۆڵی لێ دابێژراوە. ئەمن پاســەبانی ئێرەم، هەر کەس لە قەڵایە پچێتە دەرێ، ئەمن مەحکووم دەبم؛ شوێنی دیارە. ئەمما ئیجازە هەیە لە دەرەوەڕا دوو کەس سێ کەس بێــن دە نێو قەڵایەوە. شــای عەباس کوتی ئەمن کارێکــی وا دەکەم ئەتۆ مەحکووم نەبی. شــای عەباس بارگینی هێنا لە ناڵبەندی ڕایگرت و کوتی کاکی ناڵبەند ئەو بارگینەم بۆ ناڵ پکە، ئەمما ناڵەکانی پاشوپێش بۆ لێدە. کوتــی کاکی فەعلە ئاخر چۆن ناڵ پــاش و پێش لێدەدرێ! کوتی بارگینی خۆمــە؛ هــەر چۆنی دەڵێم ئاوای ناڵ پکە، چەندیشــی حەقــی ناڵ کردنێیە دەتدەمێ. کوتی بە چاوان ئەتۆ حەقی خۆت بدە، ئیشــتیات لێیە ســێ لاقی نــاڵ دەکــەم و لاقێکی ناڵ ناکەم؛ کەیفی خۆتــە. هێنای ناڵی بۆ لە بارگینی دا پاشوپێــش. چــۆوە کن کاکی دەرکــەوان. کوتی ئەی کاکی پاســەبان ئەوە بارگینەکەم پاش و پێش ناڵ کردووە، ئەتۆ ئیجازەی من بدە؛ بیست لیرەشت دەدەمێ. ئەگە سبحەینێ کوتیان کێ لە قەڵاتێ چۆتە دەرێ؟ بڵێ هیــچ کــەس لە قەڵایە نەچۆتە دەرێ، وەڵا تاقە ســوارێک هاتۆتە ژوورێ؛ وەرن تەماشــای کەن. ئەگە دەڵێن بەرتیلی لە ســەر بەردی دانێی نەرمی دەکا، ئەوەیە.[٣٢٦] بە حوکمی بەرتیلی کابــرای پاســەوانی قایل کرد. شــای عەباس دەرکــەی قەڵایەی کــردەوە و لێیدا ڕۆیی.[٣٢٧]

شـــای عەباس هاتەوە ئیســـفەهانێ. لەوێ فکری کردەوە کوتی ئەوانە کوڕێکیـــان هەیە نێوی عەبدالّبەگە. ئەو کوڕەیان لێ نەســـتێنم و خزمەتی خۆمی پێ نەکەم، ئەوانە تووشی کێشەم دەکەن. لەبەر خاتری کوڕەکەیان ناتوانــن لە حاســـتی خۆیان دەنگێ پکـــەن. حەوت ســـالانی عەبدالّی بەگ بردە کنە خۆی. پاشـــی حەوت ســـالّەی عەبدالّ بەگ هاتە خزمەت شـــای عەباس کوتی قوربان ئەمن زۆر زۆر بیری بابم و مامم دەکەم، خواهشت دەکەم ئیجازە بدەی ســـێ چـــوار ڕۆژان دەچمەوە خزمـــەت بابم و مامم بۆ ســـەردان. شـــای عەباس پێی خۆش نەبوو ئیجازەی بدا، ئەمما چونکە نمەکی ئەو دوو خانانەی کردبوو، بۆیە دەلّێ:

شای عەباسم زۆر قەیغانە
وە بیری کرد پارویێک نانە
بۆی هێنا تەختی ڕەوانە
وەعدە و پەیمانی بۆ دانا
وەعدە بە ئەجەلی سێ جوعمانە

عەبـــدالّ بەگ هاتەوە کن بابی و مامی. چەند ڕۆژان لە وێ بوو. هات دە کەللەیەوە بە بابی و بە مامی کوت خزمەتی عەبدی هیچ نییە، خزمەت هەر خزمەتی ڕەببییە. جا ئەوان دەســـتیان بە نژدیان گرت و دەســـتیان بە شـــەڕێ کرد. ســـەرحەدیان هەموو تێکدان. خەبەر بۆ ئیســـفەهانێ چوو. شای عەباس فەرمووی:

بلّێن بەو خانانە
بڕۆن لەو سەرحەدانە
دەنا قەلایان لێدەکەم وێرانە
پاشی دەیانهێنم مالّ و خێزانە

لە وێ قاســـیدی شـــای عەباســـیان گرت، دەســـتیان بڕی و دەســـتی قاسیدیشـــیان دە گەرنـــی گـــرت و ناردیانەوە بۆ خزمەت شـــای عەباس. (هەندێ لەقوپۆی ئەو وتانەی سەرەوەی بەیتبێژم هەلّپەرتاوتوون.)

شای عەباسیش ئەگە ئاوای دیت بە حەسەن خانی کوت:

هەستە بڕۆ ڕامەمێنە[٣٢٨]
قەلایان لێ بڕووخێنە

ماڵ و منداڵیان به ئیخسیر بێنه
حه‌سه‌ن خان فه‌رمووی:
ئه‌وانه هیمدادیان بۆ دێ له ڕۆمێ
ده‌مانکه‌نه خیزی بن گۆمێ
شای عه‌باس کوتی نا ئه‌تۆ منداڵی
ئه‌من حه‌وت ساڵان ڕۆمێ گه‌ڕاوم به عه‌بداڵی
تێمدا نه‌دیوه ترشوتاڵی
بڕۆ غه‌مت له دڵی ببێ خاڵی[٣٢٩]
غه‌مت له دڵی ببێت خاڵی
تێمدا نه‌دی توندوتاڵی
حه‌سه‌ن خانم سه‌رعه‌سکه‌ره
دنیام ده‌وێت سه‌رانسه‌ره
پڕ بێ له میر و به‌گله‌ره
بێجگه‌له ئاغا و نۆکه‌ره
حه‌وت شه‌وان و حه‌وت ڕۆژانه
به‌تاڵ نه‌بوون ده‌فته‌رخانه[٣٣٠]
که‌له‌که‌زێیه، مه‌مه‌غانه[٣٣١]
ڕه‌شته، کشمیره، گیڵانه[٨٩]
به‌ڕ و به‌حر و گورجستانه[٣٣٢]
بێ له ته‌وریز تا تارانه [٤٥]
هه‌ر له بناو و مه‌راغانه[١٠٦]
ئیسپه‌هانم خۆش جێگایه
فوویان کرده که‌ڕه‌نایه[٣٣٣]
ته‌ختی پادشام ده وێدایه
به‌گله‌رێک هات له شیرازه[٨٩]
حه‌و[ت] سه‌د هه‌زار هه‌ر به که‌غازه[٣٣٤]
به‌گله‌رێک هات له ورمێیه [٥٩]
حه‌و[ت] سه‌د هه‌زار ئێده‌ک شییێه
ئیسپه‌هانم شارێ دووره

وه خڕ بوون کەوڵ سەمبوورە[٣٣٥]
حەو[ت] سەد هەزار ئێدەک سوورە
ئیسپەهانم شارێ خۆشە
حەو[ت] سەد هەزار بەیداغ ڕەشە
لەشکر و قۆشەنیان ڕاکێشا
ئیسپەهانم خۆش جێگایە
تەختی حوکمەت دە وێدایە
حەو[ت] سەت هەزار هەر جۆلایە[٣٣٦]
حەسەن خانم سەرعەسکەرە
ئەو دەنووسێ ئەو تەتەرە
دەخوڕنە پۆلێ قەجەرە
لەوانیش هەڵدەبردن
هەڵبوردن لە کۆساللاران[٧٤٤]
دەخوڕنە پۆلێ قاجاران
حەسەن خانم تۆ مفلیسی
هات گەیە دەشتی سندووسی[٨٩]
دەنگ دێ لە زرێ و لە قۆچاغان
هات گەینە بناو و مەراغان
حەو[ت] شەوان و حەو[ت] ڕۆژانە
وچان نەدرا لە پردانە
لەشکر گەییە قەڵاتی خانانە
گەییە قەڵاتی کوردییە
وایزانی خانی کوردییە
نەیزانی لەشکری پادشاییە
وەیزانی بەفرە بارییە[٣٣٧]
دەیکوت کاکە نازانم ئەوڕۆ وڵات بۆ سپییە؟!

جا ئەوە سبحەینێ بەیانی ئەگە خانیلاپزێڕین هەستا، چونکە ئەو منداڵ تر بوو، دنیادیدە نەبوو، دنیایان لە پێش چاوی سـپی دەچوو، لەشـکری پادشای هاتبوو دەورەی قەڵایەی دابوو، هەموو خێوەتی سپی هەڵدرابوو،

سەری لێ شێوا و نەیزانی ئەو دنیایە بۆچی وا سپی هەڵگەڕاوە. هاتە کن خـان ئاودەلی کوتی کاکە ئەوڕۆ دنیا لە پێش چاوم سـپییە، نازانم بەفرە باریوە! چییە! عەبداڵبەگیش پێی کوت. کوتی براله ئەتۆ دەترسێی، ئەوە داخوا کاروانە، چییە، هاتووە و دەڕوا. پچۆ خەرج وماڵیاتی لێ بستێنە.

برۆ خەرج و ماڵیاتی بستێنە
وای کوت خانیلاپزێڕینە
حاڵی بوو لەو لەشکەرەی بێ سامانینە
دەیکوت کاکە کاروان نییە؛ ئەوە لەشکری پادشاییە
هاوارە و ڕۆڕۆ دمدمە
دمدمم بەردێکی تاڵە
تۆپیان دەکردن حەواڵە
دمدمم بەردێکی سوورە
تۆپیان لێدان دوور بە دوورە
خان لە شەڕێ زۆر زەروورە
دمدمم بەردێکی ڕەشە
تۆپیان لێدەکرد بەش بەشە
دمدمم بەردێکی شینە
تۆپیان لێدان قین بە قینە
دمدمم بەردی بناغێ
لێیاندا تۆپی مەراغێ
خان هەڵیکردبوو بەیداغێ[٣٣٨]

جـا دەڵـێ بەیداغیـان هەڵکرد؛ لەو شـەڕەیدا فەتح بـوون. ئەوان دە قەڵایـەدا بـوون. قەڵایەکەش دیواری هێند قایم بوون، تۆپ و شـت کاری لێنەدەکـرد. ئەوانیش بە کەیفی خۆیان تیرەندازیان دەکرد و لە لەشـکری پادشایان دەکوشت.

دمدمم بەردی لە وێ ساری
لێیاندا تۆپی هەوشاری
گەییە وەسمانبەگی حەکاری
بە خۆی و بە پێن[ج] سەد سواری

هاته خزمەت خونکاری
دەگەڵییە خدری بریِنداری[١٥٥]

دەو شەڕەیدا وەسمانبەگێک بە خۆی و بە پێن[ ج] سەد سوارییەوە، دە جەنگەی شەڕێ دا، لە نێو لەشکری دەوڵەتێ هەلات. خدری بریِنداریش پیاوێکی گەورە بوو، بەکار بوو لە ڕێ ڕۆینێ. ئەو وەسمانبەگی حەکاری[١٣٨] چۆ دە قەلایەوە و بوو بە پیاوی خان ئاودەل و خانیلاپزێڕین.

لە نێو لەشکری خان ئاودەڵ، پیاوێک هەبوو، نێوی ئەحمەدخان بوو؛ ئەحمـــەد خانــی لێتانیان[١٧٢]پێدەکوت. ئەو زەمانیش وەک ئێســتێ نەبووە، زێــر زۆر بــوو. نۆکەرێکــی ئەگە خۆشەویســت بایە و ڕەشــید بــا، ناڵی ئەسپەکەشــی هەر زێڕ بوو. ئەحمەدخانی لێتانی هاتە کن ناڵبەندی، کوتی کاکە ئەو ئەســپەی من دوو ناڵی زێڕە و دوو ناڵیشــی ئاســنە؛ دەبێ دوو ناڵەکانی دیکەشم هەر بۆ پکەنە زێڕ. ئەویش پێی کوت ئەحمەدخانی لێتانی ئەلحــان کارمــان هــەیە، ســبەی وەرەوە دوو نــاڵی زێــڕت بۆ لێدەدەین. ئەویــش قەڵــس بوو؛ زۆری لـــە ناڵبەندی دا. ناڵبەندیش هاتە شــکایەتێ. خانئاودەلیش کوتی هەر وایە ئەگە دە جەنگەی شــەڕێدا نۆکەر لە ســەر ئاغای خۆی زۆر بە منەتە؛ دەنا چ بووە! کوتوویە هەتا سبەینێ ڕابوەستە. دەبایــە ڕابوەســتێ؛ زۆری قین هەســتا چونکە لە ناڵبەنــدی دابوو. خان ئــاودەل هات لە ئەحمەد خانی تووڕە بوو؛ لێیدا. ئەحمەدخانیش زیز بوو، هاتە کن حەســەن خانی؛ لە قەلایە هاتە دەرێ. کوتی حەســەن خان ئەتۆ ســێو و هەرمێت چەقاندییە، لە بەری هەمووانت خواردییە، هیچ زەفەرت بــەو قەلایەی نەبردییە. ئەمن دەزانم ئەو قەلایە بە چی دەگیرێ. کوتی بە چــی دەگیرێ ئەحمەد خان؟ کوتی ســەرچاوەی ئــاوی ئەو قەلایەی ئەوە لـــەو بەندەنەی ڕا هاتۆتــە خوارێ. هێناویانە تەختەپۆشــیان کردووە و بە بن عەرزیدا بردوویانە دە نێو قەلایەوە. ئەو تاقە ســەرچاوەیان هەیە ئاو دەچێ بۆو قەلایەی. بێنە سەرچاوەی کانێکەیان لێ ویشک کە؛ ئەوان بۆخۆیان لە قەلایە دێنە دەرێ، دەیانگری. ئاوا نەبێ بۆت ناگیرێ. دەســت بەجێ حەسەن خان کە وایزانی، چوو سەرچاوەی کانیەکەی داوە و باری چەند وشــترانی قورقوشــم و باڕووت و خم دە ســەرچاوەی ئەو کانییە کرد و سەرچاوەی کانیەکەی لێ ویشک کردن.

دەڵــێ شــای عەباس پێی زانــی و کوتی ئەوە کێ ســەرچاوەی ئەو کانییەی دەزانی؟ عەرزیان کرد قوربان ئەوە نۆکەرێکی ئەو خانانە ڕۆیوە: هاتۆتە ئێرە. نێوی ئەحمەدخانی لێتانییە. شای عەباس زۆری پێ ناخۆش بوو؛ بۆخۆی بە سەرچاوەی کانییەکەی دەزانی، ئەمما چونکە نمەکی ئەو خانانــەی کردبــوو؛ دەیکوت دەبێتە نمەک بە حەرامی و ســەرچاوەی لێ ویشک نەدەکردن. ئەمما زۆری قین لە ئەحمەدخانی هەستا.

ئەحمەدخانی لێتانی
ڕووی ڕەش بێ دەگەڵ شەیتانی[٣٣٩]
بە سەرچاوەی کانیەی زانی
شای عەباسی فەرمووی ئەحمەدخانم بۆ بێنن
لە زاری تۆپێی بشەتێنن
قەڵای دمدمی پێ بڕەنگێنن[٣٤٠]
ئەحمەدخانم لە بۆ بانگ کەن
لە زاری تۆپە گەورەی ڕاکەن
قەڵای دمدمی پێ ڕەنگ کەن
خانمان چۆکیان دادا لە خزمەت وەزیری
خانم دانیشتبوون بە زویری
چۆکیان دادا لە خزمەت وەزیری
ئاو نێ پێی بشێلین هەویری[٣٤١]
بەفرێک باری بەو هاوینە
خانمان پێی ژیان حەوت ڕۆژینە

جا ئەگەر ئاوەکەیان لێ ویشک بوو. خانمان هاتنە کن خانان کوتیان ئاومان نەماوە، ئەمە بە چی نان و هەویری پکەین؟! خودا وای ئیرادە پێ بــوو، بەو هاوینەی بەفرێک باری. حەوت ڕۆژان ئەو لەشــکرە پێی ژیان. خدربەگی پیاوی وەســمانبەگی حەکاری[٣٤٢] بانگ دەکەن، دەینێرن بۆ کن سوڵتانی ئەستەمبووڵێ ئەگە هیمدادیان بۆ بنێرێ.

دەگەڵ تۆم خدری برینداری
قاقەز بەرە بۆ خونکاری
لە ڕێ ڕۆینێ دەڵێی باڵداری[٣٤٣]

له زمانی وەک گورگی هاری
ئافەریم خدربەگ دەڵێی میری[٣٤٤]
چۆکی دادا له خزمەت وەزیری
وایان دەکوت ئەو وەزیرانه
دەیانکوت بڵێن بەو خانانه
بڕۆن لەو سەرحەدانه
با نەیانهێنن ماڵ و خێزانه
دەگەڵ پادشای خۆیان نەبن غەیانه
قاقەزەکــەی لــه کـن وەزیرەکانــی ســوڵتانی ئەســتەمبووڵێ داینــا. وەزیرەکانیش کوتیان خدربەگ بۆ ناچێوە بە خان ئاودەل و خانیلاپزێڕین بڵێی له قەڵایه بێنه دەرێ. بۆچی دەگەڵ پادشای خۆیان شەڕێ دەکەن و غەیانەتێ بۆ بە پادشای خۆیان دەکەن؟! خدربەگ بە قسەی وانی نەکرد و هات له پێش ســوڵتانی ئەستەمبووڵێ چۆکی دادا و قاقەزی دانا. سوڵتانی ئەســتەمبووڵێ قاقەزەکەی خوێندەوە. جوابی بــۆ نارد بە ئەجەلی حەوت ڕۆژان لەشکری دێنم و دێم بە هیمدادیانەوە.
ئافەریم خدربەگ هات بە بێدەنگی
بەرگی خۆی پۆشی بە شەوڕەنگی[٣٤٥]
خدربەگ هات بە ئیخلاسی
گەییه لەشکری شای عەباسی
ڕمبی چەقاند، گۆلمی تێکرد
خەوی دەهات، سەری وێکرد
شــەو بوو کە گەیشــتەوە دەورەی لەشکری شــای عەباس. کوتی بە جێگایەکیدا بڕۆم هیچ کەس نەمناسێ. دوایە خەوی دەهات کوتی تاوێکی له ئێرە دەنووم. ئەو زەمانیش قاقەزیان دە ســەریان دەچاقاند. قاقەزەکە دیار بوو دە سەری دا؛ سپی دەچوو.
شتێک دیارە وەک کراسی
ئەو کێشکچی شای عەباسی
ئەوان خدریان زۆر چاک ناسی
قاقەزەکەیــان لــه بن ســەری دزی، نەیزانــی. قاقەزەکەیان بۆ شــای

عەباس هینا. شـــای عەباس ئەگە قاقەزەکەی خوێندەوە، لە کن ســـوڵتانی ئەســـتەمبوولێڕا هاتبوو؛ نووســـرا بوو بە ئەجەڵی حەوت ڕۆژی دیکە بە هیمدادی خانان دێم. شـــای عەباس قاقەزێکی دیکە نووسی کە بە ئەجەڵی حەوت ســـاڵی دیکە ئەمن دە هیمدادێی دێـــم. ئەو قاقەزەیان هێنا و دە بن سەری خدربەگیان ڕاکرد. خدربەگ هەستا لە خەوێ؛ نەیزانی قاقەزەکەیان لێ گۆڕیوە.

خدربەگ هەستا زوو بەیانی
دەهات بۆ خزمەتی خانی
قاقەزی خوێند خانی کوردییە
وەعدە بە ئەجەڵی حەوت ساڵی دییە
وای دەفەرموو خدربەگ
دەیکوت خانی کوردییە
وەڵڵاهی وەعدە بە ئەجەلی حەوتوێکییە
حەوت ساڵەی قەت تێدانیە
من خەوم لێدەکەوت
قاقەزیان لە خدری دزییە
خان ئاودەل دەیفەرموو
وەعدە بە ئەجەلی حەوت ساڵی دییە
ئەی تایەفەی ئاکابرییە
من دوێنێ شەوێ دە خەونمدا پێغەمبەرێ خودام دەدییە
هەرچی لەو شەڕەی بکوژرێ خەزاییە

عەبداڵ بەگ فەرمووی ئەی تایفەی پیاوی گەڕاوە، ئەمن دوێنێ شەوێ پێغەمبـــەرێ خودام دە خەوێ دییە، هەموومان شـــەهید دەکرێین، هەموو دەکوژرێین. بۆیە سوڵتانی ئەستەمبوولێ بە ئەجەلی حەوت ساڵان قاقەزی بـــۆ مە ناردۆتەوە. ئەوە دیـــارە دە هیمدادمان نایە و ئەمەش تازە ئاومان وە گیـــر ناکـــەوێ. لێرەدا هەموو بە هیلاک دەچین ئەگە ســـەر دابخەین و شـــەڕێ نەکەین. خۆ بە لەشکری دادەدەین، ئەگە نەجاتمان بوو یەکسەر دەڕۆینە دەرێ. ئەگەر نەجاتیشمان نەبوو هەرچی بکوژرێ شەهید دەبێ. تایەفەی ئاکابری هەموو ســـوێندیان خـــوارد، کوتیان هەر جێگایەکی لاقی

ئەنگۆی لێ بێ ســەری مەش لەوێیە. خان ئاودەل بانگی خانی لاپزێڕینی کرد کوتی ئەمن دەچم بۆ کن حەســەن خانی، ئەتۆش پچوو بۆ کن شــای عەباس. شــەڕێ ساز دەکەین. ئەمن حەسەن خانی دەکوژم ئەتۆش شای عەبــاس دەکــوژی. ئەودەمی ئەگە کوژراین با بکوژرێیــن؛ دەنا نەجاتمان دەبێ و لە لەشــکری دەچینــە دەرێ.[٣٤٦] خودای وای ئیرادە پێ بوو، خان ئاودەل هات بۆ کن خەزووری و خانیلاپزێڕین هاتە کن حەسەن خانی.

وای دەفەرموو خانیلاپزێڕینە
دەیکوت ئەی حەسەن خانی دەرپێ شینە
هاتووین بەرحوکم دەبینە[٣٤٧]
خەرج و ماڵیاتمان لێ بستینە
وای دەکوت ئەی خانی چاو هەڵۆیە
ئەو قسەی تۆ ڕاست نێ؛ درۆیە
هاتووی لێم بگری محاڵی شنۆیە[٨٩]
وای دەکوت خانی سەرعەسکەرە
دەیکوت خانی لاپزێڕین بزانم شیری تۆ چ جەوهەرە
شیری خانیلاپزێڕین میسرییە
لە مەجلیسی حەسەن خانی هیچ پەسەند نەدەکردییە
ئەوە خانی لاپزێڕین دەیفەرموو
ئەدی حەسەن خانی سەرعەسکەرە
بزانم شیری تۆ چ جەوهەرە
حەسەن خان دیفەرموو شیری دە گەورەم فەرموو بۆ بێنن[٣٤٨]
گۆڵەکەری وێڕا بێنن
شیرە گەورەیان هێنایە
نێرەکەریان وێڕا دێنایە
ڕایدەهێنا چەند شووشە پۆڵایە[٣٤٩]
یەسک و پێستی نەدەمایە
حەسەن خان لە کاری خۆی دەبوو پەشیمانە
دەیکوت ئەی خانیلاپزێڕین زوو کە شیرەکەم دەوە
لەو حەسەن خانی دەبوو هەوهەوە

خانیلاپزێڕین دەیکوت سەگی ڕەشی کەڵپنە
ئەو شیرە قابیل بە تۆ نیّ و قابیل بە منە
شیرە گەورەی هەڵسەنگێنم
هەوەڵ بە تۆی دەجەڕینم[٣٥٠]
خان دەیکرد بە جانبازە[٣٥١]
خۆی گەیاندە پاڵ ئەو چاوبازە

خـان ئـاوەدەڵ چوونکە چوو بۆ کن خـەزووری؛ دڵی نەهات هیچ بە خەزووری بڵیّ، بە شای عەباس و شەڕی دەگەڵ بکا. ئەمما خانی لاپزێڕین حەسەن خانی کوشت.[٣٥٢] خانئاودەڵ لە مەجلیسی پادشای شەڕی نەکرد و دەسـت بەجیّ کەوتە جانبازان و هاتەوە کن خانیلاپزێڕین و دەستیان بە شەڕیّ کرد.

جاڕچی دەبوون ئەوبەر ئەوبەرە
نەبیئاغایە[٣٥٣] بە حونەرە
مەلا ئەحمەدم[٣٥٤] سەرعەسکەرە
جاڕچی دەبوون ئەوبەر ئەوبەرە
عەبداڵ بەگ وای دەفەرموو
دەیکوت ئەی خانی کوردییە
ئاڵایەکم لە پێش چاوییە
نازانم ئەو ئاڵا و تابووتە ئی کییە
وای دەفەرموو خانی کوردییە
دەیکوت ئەو ئاڵای شەمسی تەورێزییە[٤٣٤]
لەشکری وا بوو هیچ کەس هەڵنەپشکووتییە
ئەوە ئاڵای ئیمامی عەلییە
ئاڵای ئیمامی عومبەری قەیغانییە
ئەو لەشکرەی مە بۆ هیچ کەس نییە
لاڵ بم ئەو سیّ خانانەیان
لە مەجلیسێدا شەهید دەکردییە
ئەو کیّ بوو لە بەر ئاڵی ئادەمان[٣٥٥]
ئەو لە پێش خۆی ڕۆکردبوو

به بێژینگان گولله و دەرمان
ئەو دەرکی قەڵاتێی هەڵگرتبوو به زەمان[356]
پێی نەما دوو گولله دەگەڵ دوو وەزنان
به سەری وەربوون کەوڵ سەمبوورە
پێیەک لە دەرێ و یەک لە ژوورە
به خەنجەرێ وە سەرێکی دەنان کەوڵ سەمبوورە[357]
لاڵ بم! دەرکی قەڵاتێیان به خوێنی کاک ئاڵی دەرکردەوە سوورە

پیاوێکیان هەبوو نێوی ئاڵی ئادەم بوو. ئەویان لە دەرکی قەڵایە بەجێ هێشـتبوو؛ ئەو به زامن دەرکی قەڵاتێـی هەڵگرتبوو. به بێژینگان گولله و دەرمانـی لـە پێش خۆ ڕۆکردبوو. دوو گولله و دوو فیشـەکی پێ مابوو. دەورەیان دا، هیندی لێ هاتنە پێشێ؛ بۆی نەتەقین. دەستی دا خەنجەرێ، هەشـت نۆ دە کەلاکـی دە نێو دەرکی قەڵایەدا خسـت. ئەمما دە ئاخریدا دەرکی قەڵایان به خوێنی کاک ئاڵی سوور کرد.

ئەوە کێ بوو لە بەر ژنی گاوانی
ئەو تەگبیری دەکرد بۆ خانمەکانی
دەیکوت وەرن ئەمە بچینە سەر قەڵاتی دمدمی
خۆ هەڵدێڕین لە پێن[ج] سەد کەوانی
ئەوە لە بەر پۆلە خانمی دە چاو بە غومارە
ئەوان لە ئەستۆی خۆیان شل دەکردەوە هیزارە
هاواریان دەکرد یا پەروەردگارە
لە قەڵاتی دمدمی خۆیان هەڵداشتە خوارە
بە حوکمی خودای دەبوونەوە پۆلە کۆترێکی باڵدارە
ئەوان بۆ سوڵتان سەلیمیان دەهێناوە هاوارە
دەیانکوت ئەی پادشای سەر دەوڵەتێ
تۆخوداکەی خەزایی لێکرا شاد دەبوون بە جەننەتێ[358]

ئەگـەر ئەو خەبەرە بە سـوڵتانی ئەسـتەمبووڵێ گەیشـت. سـوڵتان ئەستەمبووڵێ وەزیرەکانی چون پێی غەیان بوون. دوو عەمباری باڕووت هەبوو؛ ئەو دوو عەمبارە باڕووتەیان ئاور تێبەردا،[359] کوتیان با بە هاواری ئاودەل خان و خانیلاپزێڕینەوە نەچێ.

ئەویش لە حەیفان سـەری هـەر دوازدە وەزیری بڕین. لەشـکرێکی یەکجار زۆر قورسـی هەڵگـرت و هات بۆ ئێرانێ دەگەڵ شـای عەباس بەشەڕێ. دوازدە هەزار سواری هێنا و هات.

ئەوان هاتن تێدەپەڕین لە وان سەرحەدانە
پێن[ج] سەد ولاغی حودوودیان لێدەپسانە[360]
ڕادەبردن لە غولغولێ، لە غولغولێ بۆ تەڵلایە[361]
ئەوان شەڕێ دەکەن دەگەڵ عەباسشایە
وای دەفەرموو شای ئێرانە
دەیکوت ئەمن حەوت ساڵ شەڕمە دەگەڵ ئەو خانانە
پێم نەماوە گوللە دەگەڵ دەرمانە
دەگەڵیان ناکەم بە تۆپانە
لێیاندەدەم بە نێزانە
وای سوێند دەخوارد سوڵتانە
دەگەڵی ناکەم بە تۆپانە
دەگەڵی دەکەم بە نێزانە
ئێستێ باوی عەجەمانە[362]
وەزیرێک هاتووە جزیرییە
پیلی سوڵتان سەلیمی گرتییە
ئەوی دادەنا لە سەر عەرزییە

سوڵتانی ئەسـتەمبووڵێ سوێندی خوارد، کوتی چونکە شای عەباس دەڵێ ئەمە گوللە و دەرمانمان نەماوە بە نێزان دەگەڵی دەکەم، وە دەزانێ ئەمە بە نێزان شـەڕمان پێناکرێ. سوێندی خوارد و کوتی هەر بە نێزەی دەگەڵیان دەکەم. ئەگە کردیانە شـەری نێزە، لەشکری شای عەباس زۆر فەیاغتر بوون. جا وەزیرێکی جزیری هەبوو، ئەو وەزیرە هات ڕۆبۆ پیلی سوڵتانی ئەستەمبووڵێ و لە سەر تەختی هێنایە خوار و کوتی ئیدی ئەتۆ هیچت بە دەسـت نییە. دەسـتووری دا، کوتی لێیان ئاور دەن بە گوللە و دەرمانی. بە گوللە و دەرمانی شـەڕیان دەگەڵ کردن؛ شـای عەباسـیان شکاند. شـای عەباس خۆی شاردەوە؛ چۆ سەر سپیچنارێکی. دیتیانەوە هێنایانە خوارێ.

ئـەو قسـەیان بۆ سـولتان سـەلیمی گێـڕاوە، کوتیان شـای عەباس غەیانەتی نەکردۆ بەو خانانە. بە سـەرچاوەی کانێی زانیبوو؛ لێی ویشـک نەکردن. حەسـەنخانی دەرپێ شین ئاوەکەی لێ ویشک کردن بە قسەی ئەحمەدخانـی؛ پیـاوی خۆیان بوو. بەو پارووە نانەی شـای عەباسـیان بەخشی؛ نەیانکوشت. ئیجازەیان دا شای عەباس هاتەوە ئیسپەهانێ و لە سـەر تەختی خۆی دانیشت. (هەندێ لقوپۆی وتەکانی بەیتبێژ کە بە قسە کردوونی هەڵمپەرتاوتوون)

دڵ خۆش مەکە بەو دنیایەی
بە جووری جامی زێڕینە
جارجار تاڵێ، جارجار شیرینە
دڵ خۆش مەکە بەو دنیایەی
بە جووری کاروان سەرای ڕەنگاوڕەنگ[٣٦٣]
جارجار وە دڵ شاد، جارجار وە دڵ تەنگ
هێندەی عاسمان و ئەستێران
هێندە ڕەحمەت بێ لە دای و بابی گوێدێران
دەگەڵ نەبێ شەیتانی ئەلەننەعەلەتی ماڵوێران.

## دمدم [364]

### سوورەی عەزیزئامان[365]

کەولەکێ، کاولە دنیایە
دنیایەکی بێوەفایە
بێ شەرتێ، بێ قەولێ، سەرەخۆرێ، بێ وەفایە
وەرە عەزیزەکەی لە دنیایەم
نە وەفای لە بۆ کەسە، نە بۆ کەسی وەفایە
وەفای نەدەما نە بۆ حەزرەتی ئادەم، نە بۆ داکەوایە[366]
وەفای نەدەما نە بۆ چییایە، نە بۆ گوڵچییایە[367]
وەفای نەدەما نە بۆ حەزرەتی یۆسف، نە بۆ زولەیخایە[368]
وەفای نەدەما نە بۆ مەجروومە شێتەی، نە بۆ شیرن لەیلایە[369]
وەفای نەدەما نە بۆ حەزرەتی سولەیمان؛[370]
ئەگەر بڵقیسایان بۆ دێنا لە خزمەت پادشای باسەفایە
وەفای نەدەما نە بۆ حەزرەتی ئەسکەندەر[371]
ئەگەر بە حوکمی پاڵەوانان خەرجی دەستاند؛
لە ڕۆژێ و لە مانگێ، لە دەریایە
وەفای نەدەما نە بۆ ئیمامی شێرعەلی[372]
ئەگەر بە سواری دوڵدوڵی، بە نووکی زولفەقاری
دەگەڵ کافران دەیگرتەوە جەنگ و جیدایە
وەفای نەدەما نە بۆ خاڵندی بنی وەلی[373]
ئەگەر هەژدە لفکەی بەردەداوە بۆ ڕۆژی خەزایە
خودامان هەر ئەو خودایە
سەردارمان محەمەدە؛ ئەو خۆشەویستی خودایە
مەرتەبەی لە عەرشییە، پێی لە تەختەسەرایە [374]
نووری پڕ بە عەرشییە، شۆقی دەڵێی چرایە
کوانێ جانی بنی جان[375]
کوانێ جمجمە سوڵتان[376]

کوانێ ئەسحابەی پاک و جوان
کوا بەختەک و نۆشیروان[٣٧٧]
ئەوان دنیایان دەکرد فراوان
لەوانیش شتاق نەمان
کوانێ عومبەری قەیغان[٣٧٨]
کوانێ عەبوبەکر و عوسمان[٣٧٩]
کوا شێرعەلی شاهی مەردان
کوا سەعیدی ترشڕو[٣٨٠]
کوانێ جوانی وەک نەسیم[٣٨١]
کوا ئەسحابەی وەک تەمیم [٣٨٢]
کوانێ عەزرەقی جادوو[٣٨٣]
ئیفلاتوون وەک وی نەبوو
کوا زەبربەدەستی وەک ڕۆستەم[٣٨٤]
کوا بەخشندەی وەک حەتەم[٣٨٥]
کوا نمڕود و کوا شەدداد[٣٨٦]
کوا فیرعەون و تاق مراد[٣٨٧]
کوا شەددادی بە خورڕەم[٣٨٨]
ئەگەر دایدەنا جەهەندەم
ئەو بەهەشتی دانا یەکدەم
دڵ خۆش مەکەن بە دنیایە[٣٨٩]
دنیایەکی حیز و مایەپووچە
سەد ملّکت بێ بە مووچە
عاقیبەتی هەر دەچینەوە قەبری بە کووچە
قەبری ڕەشی زیندانی
ڕوحم دەترسا لە گیانی
گوێو لە من بێ گەلی دە خاس و عامان
با بەس بلّێین لە وان قسان، لە وان کەلامان
چەند پادشا دەهاتنە سەر ڕووی دنیایە
ئەوانیش هەموو دەچوونەوە باری فەنایە[٣٩٠]

با پچینە سەر بەندەنی دمدمی لە پێن[ج] سەت کەوانی[391]
ئەوان شێران، ئەوان پڵینگان، پێیان بکەینەوە داوایە
ئەگەر خودا یەقباڵت بدا
سەت ساڵی بنوو، پاڵەوە دە[392]
هەر خەڵک بیکا و بیخوا
ئێستا هەر دەبێ بە زێدە
ئەگەر خودا نەتدا یەقباڵێ
سەت ساڵی بکەی ماڵێ
ئێستا هەر ڕووتی هەر ڕەجاڵی
دمدمم بەردی لە سێران (؟)
جێگای خانان، جووتەی شێران
حەیفە ئێران بۆتە جێی شەل و کوێران[393]
ڕێویلان لێی دەدەن سێران[394]
دمدمم بەردی دە چەلان
جێگای خان و خانەودەلان
حەیفە بۆتە جێگای قەلان
هەر لە شای هەتا خونکاری
خانان گەڕان چوار کەناری
با لە دمدمی دانێین دیواری
هەر لە خونکار هەتا شایە
خانان بە عەبداڵی گەڕایە
با لە دمدمی دانێین قەڵایە
کاکەخانم ئەڵماسڕەشە[395]
لاب زێڕینم چاو بە نەخشە[396]
نەخشەی قەڵاتیان ڕاکێشا
پێن (ج) سەت وەستای هێنا پێشە
دمدمم بەرەو ڕۆژهەڵاتێ
پێن (ج) سەت وەستای بەردەداتێ
هەر وەستا بوو کیسەی داتێ

قایم بۆ ڕۆژی حارەساتێ
دمدمم بەرەو ڕۆژاوایە
ڕایانکێشا نەخشەی قەڵایە
پێن[ج] سەت وەستای بەردەدایە
قایم بۆ ڕۆژی داوایە
لاب زێڕین و کاکەخانە
بە جووت ملیان وێگرا دانا[397]
ڕایانکێشا جوبەخانە
قایمیان کردن سوللەخانە[398]
وەک خانان ئاویان هێنانە
پادشای بزورگ و ئەڵڵایە
وەرنە سەیری هەباس شایە
بە کرێ و بە فەعلە گیرایە
حەوت ڕۆژە دەو کارەی دایە
ڕۆژێ زێڕێکیان دەدایە
بەردی بناغەی دانایە
ئەو حەو[ت] زێڕەی وە بن دایە
بەرد و زێڕی ئێستێش مایە
وەختە ببێ ئاشکرایە[399]
پادشای بزورگ و ڕەحمانە
وەرنە سەیری شای عەجەمانە
لە فەعلانم یەک غەیانە
خانانم نمەک دە پێش نایە
شای هەباسیان بردە قەڵایە
سوێند بە پادشای عەرز و عاسمانی
شای هەباس گرتی ڕق و مانی
ڕۆیی بۆ تەختی ئیسپەهانی[302]
شای هەباسم زۆر مەتینە
قاقەزی نووسی بۆ خانی لاب زێڕینە

کوڕێکم بۆ بنێره به ڕاهینه[400]
هەتا له خانان ببم ئەمینه
عەڤداڵبەگ تۆ مەردێکی قەیغانی
تۆم عەولادی کاکەخانی
دەبێ بچی بۆ سەفەری ئیسپەهانی
عەڤداڵبەگی چاو بەنگییه
حەو[ت] ساڵی خزمەت کردیه
عەڤداڵبەگم وەک شەمامه[401]
دەیکرد غوربێ باب و مامه
به ڕێی کرد مۆر و غوڵامه
دوعا و سەلامی نووسییه
بۆ خزمەت خانی کوردییه
خانی کوردی لێی ڕوانییه
عەرز و سەلامی لێ نووسییه
شای هەباس ئیزنی بداتییه
وەعده به سێ جوحمەی دییه[402]
پاشین هەر له خزمەت وییه
شای هەباسم زۆر قەیغانه
وه بیری دەکرد پاروێک نانه
بۆی هێنا تەختی ڕەوانه[403]
عەڤداڵبەگ هاتەوه خزمەت خانانه
سەلامی کرد له باب و مامیه:
خزمەت هەر خزمەتی ڕەببییه
خزمەتی تورکان هیچ نییه
خانان ئەگەر وایان زانییه
دەستیان به نژدیان گرتییه[404]
لێرەڕا هەتا تەورێزیان به قوڕێ گرتییه[45]
سەرهەدیان هەموو خرا کردییه
خەبەر بۆ شای هەباس دەهاتییه

شای هەباسم زۆر قەیغانە
قاسیدێکی نارد بۆ کن خانانە:
بڕۆن لەو سەرهەدانە
دەنا قەڵایان لێ دەکەم وێرانە
پاشین دەیانهێنم خێزانە
دەگەڵ تۆمە حەسەن خانە
ببینە کدگاری خانانە[٤٠٥]
بڕۆ قەڵایان لێ بکە وێرانە
پاشین بۆم بێنە خێزانە
لێیان بگرە قەڵایە
لێیان وێران کە سەرایە
حەسەن خان دەڵێ:
دمدمم بەردی بن گۆمێ[٨٢]
ئەو زۆر مەردە قەت ناچۆمێ[٤٠٦]
دەمانکەنە خیزی بن گۆمێ
برادەران دەمانکەن لۆمێ
هیمدادیان بۆ دێ لە ڕۆمێ
شای هەباس دەڵێ: حەسەن خان ئەتۆ منداڵی [٣١٢]
ئەمن ڕۆمێ گەڕام حەو[ت] ساڵان بە عەڤداڵی
تێمدا نەدی توندوتاڵی
غەمم لە دڵی دەبوو خاڵی
شای هەباسم شێرە بە قەڵفەزە
لە حەسەن خانی دەبوو ئاڵۆزە
هەستە لە بەرم ڕابەزە
لە هیمدادێت دێنم هوزە
حەسەن خانم سەرعەسکەرە
دنیام دەوێ سەرانسەرە
پڕ بێ لە خان و بەگلەرە
بێجگە لە ئاغا و نۆکەرە

شای هەباس دەڵێ: هەستە، برۆ، ڕامەمێنە
پاییز نییە، هەر هاوینە
لەشکرێکی زۆر بغەملێنە
شای هەباسم چوو بۆ دەفتەرخانە
حەو[ت] شەوان و حەو[ت] ڕۆژانە
بەتاڵ نەبوون دەفتەرخانە
تەلکەزیو (؟) و مەمەغانە[٤٠٧]
ڕەشتە و کشمیرە و گێلانە[٤٠٨]
بەڕڕە و بەحرە و گورجستانە[٤٠٩]
بەفرەوانە و شووشەوانە[٤١٠]
بێ لە تەورێز و تارانە[٤١١]
دەگاتە بناو و مەراغانە[٤١٢]
بەگلەرێک هات لە ورمێیە [٥٩]
قۆشەنی ئەستووری پێیە
پێن[ج] سەت هەزار بەیداغ شێیە
ئیسپەهانم شارە تازە[٤١٣]
بەگلەرێک هات لە شیرازە[٤١٤]
پێن[ج] سەت هەزار هەر بەزازە
ئیسپەهانم خۆش جێگایە
پێن[ج] سەت هەزار هەر ئالآیە
ئیسپەهانم شارێ دوورە
پێن[ج] سەت هەزار بەیداغ سوورە
وەخڕ بوون کەوڵ سەنبوورە
ئیسپەهانم جێیە خۆشە
پێن[ج] سەت هەزار ولآغڕەشە
ئیسپەهانم خۆش جێگایە
تەختی پادشای دە وێدایە
پێن[ج] سەت هەزار هەر جۆلآیە
هات گەییشتە قڕووچایە[٤١٥]

هات گەییشتە کۆسالەران[٤١٦]
بخورنە پۆلی قەجەران
ئەوە ڕەد بوون لە قڕووچایە
دەگەڵیان کەوت لەشکری قەجەرشایە
هەڵبرد لە بناو و مەراغان
دەنگ دێ لە زرێ و لە قۆچاغان
حەسەن خان ئەتۆ مفلیسی
هەر دێ و تەتەران دەنووسی[٤١٧]
ڕەد بوون لە دەشتی سندووسی[٤١٨]
لەو حەسەن خانی سەرعەسکەرە
دەنووسێ شەش سەت هەزار تەتەرە
حەسەنخانم تۆ گوێت لێیە
ڕەد بوون لە دەشتی ورمێیە
گەییشتنە سەر بەحری خوێیە[٤١٩]
حەو[ت] شەوان و حەو[ت] ڕۆژانە
وچان نەدرا لە پردانە
لەشکر گەییشتە سەر قەڵاتی خانانە
لە بەر خانی کوردییە!
لەشکری بە سەردا وەردییە[٤٢٠]
نوێژی سبحەینەی کردییە
بانگی کاکەخانی دەکردییە
دەگەڵ تۆمە کاکەخانە
هەستە بزانە ئەوە لەشکرە یان کاروانە؟
کاکەخان دەڵێ:
دەگەڵ تۆمە خانیلاب زێڕینە
ئەوە کاروان و کەڵەکی سەنگینە
بچۆ ڕێداریان لێ بستێنە.
قاقەزێکی نووسی خانیلاب زێڕینە
ناردی بۆ کن حەسەن خانی دەرپێ شینە

ئەی حەسەن خانی دەرپێ شینە
ئەوەی دەگەڵتە قۆشەنە یان کاروانی سەنگینە؟
حەسەن خان دەڵێ:
بۆم بڵێن بە خانی کوردییە
خەنجەریان مشتومالْ کردییە[٤٢١]
پێی بڵێن بە خانی لای ڕەزایە[٤٢٢]
ئەوە لەشکری هەباس شایە
پێی بڵێن بە خانیلاب زێڕینە
سەریان دادەنێن لە ڕێی دینە
هەڵاتنیان دە مەزهەبیدا نینە
هاوار و ڕۆڕۆ دمدمە!
دمدمم بەردی بناغێ
لێیان دا تۆپی مەراغێ[٤٢٣]
دەنگ دێ لە زرێ و لە قۆڵچاغێ
خانان هەڵیانکرد بەیداغێ
دمدمم بەردی لە وێساری[٤٢٤]
حەو[ت] ڕۆژان گوللە و دەرمانی لێدەباری
قەڵاتیان ما لە تۆز و لە غوماری
هاواریان برد بۆ وەسمانبەگی هەکاری
ئەو خۆی دەدا لە هەزاری
خانی کوردی دەڵێ:
ئەی تایفەی ئاکابرییە
ئەمن ئەوشۆ خەونێکم بە پێغەمبەری خودایەوە دەدییە
ئێمە هەموو دەبین خەزایییە
دمدمم بەردێکی تاڵە
تۆپیان دەکرد حەواڵە
دمدمم بەردی لێتانێ
لێیاندەدا تۆپی ئیسفەهانێ[٣٠٢]
دمدمم بەردێکی سپییە

تۆپیان لێدا نامەردییە
دمدمم بەردێکی ڕەشە
خان بۆ خەزایە سەرخۆشە
ئەوە وەسمانبەگی هەکاری
بانگی کرد خدری برینداری [١٥٥]
بە زمان دەڵێی گورگی هاری
لە ڕێ ڕۆینێ دەڵێی باڵداری
قاقەزی بەرە بۆ خونکاری
ئافەریم خدر دەڵێی میری
دەڵێی بەوری بە پسمیری[٧٥١]
قاقەزی دا بە دەست وەزیری
وەزیر وای گوت بەبێ وێڵی (مەیلی؟)
بە خانی بڵێ: بۆ لە پادشای خۆی دەکا فێڵی؟
بڕوا قەڵاتی بۆ بە جێ بێڵی
ئافەریم خدربەگ! بەیانی
قاقەزی دا بە دەست سوڵتانی
قاقەزی خوێندەوە سوڵتانە
دێم دە هیمدادی خانانە
وەعدە بە سێ جومعانە!
خدر هات گەییشتە دەورەی قەڵاتێ
ڕمبی چەقاند، گۆڵمی تێکرد
خەوی دەهات، سەری وێ کرد
ئەو حەساسی شای هەباسی
ئەوان دەگەڕان بە ئیخلاسی
شتێک دیارە وەک کراسی
لە نێو باغەڵی خدرییە
قاقەزیان دەدزییە
یەکی دیکەیان دەنووسییە
دە باغەڵیان ڕاکردییە

قاقەزی دا بە دەست خانی کوردییە
عەرز و سەلام لە خانییە
دێم دە هیمدادی وییە
وەعدە بە حەو[ت] ساڵی دییە
سوێند بە وەی کەم ڕەببییە
وەعدە هەر بە ئەجەلی سێ جومعەی دییە
قاقەز حەو[ت] ساڵی تێدا نییە
ئەحمەد خانی لێتانی[٤٢٥]
ڕووی ڕەش بێ دەگەڵ شەیتانی[٣٣٩]
ئەو بە سەرچاوەی کانییەی دەزانی
لە سەر تاقە ناڵێکی لە خانی دەبوو غەیانی
دەهات بۆ کن حەسەن خانی
ئەحمەدخانم بۆ بێنن
لە زاری تۆپە گەورەی شەتێنن
قەڵاتی پێ بڕەنگێنن
ئەحمەد خانم بۆ بانگ کەن
لە زاری تۆپە گەورەی ڕاکەن
لە قەڵاتی دمدمی قایم کەن
خانم دانیشتبوون بە زویری
ئاو نییە پێی بشێلن هەویری
خان با بچین بۆ کن وەزیری
بەفرێک باری بەو هاوینە
حەو[ت] شەو و حەو[ت] ڕۆژ پێی دەژینە
لەبەر خانیلاب زێڕینە
هات بۆ کن حەسەن خانی دەرپێ شینە
هاتووین بەر حوکم دەبینە[٤٢٦]
ئەوجار خەرج و ماڵیاتی بستینە
لە بەر خانی چاو هەڵۆیە
ئەو قسەی تۆ ڕاست نییە و درۆیە

لێم دەگری محاڵی شنۆیه[٨٩]
حەسەن خان کوتی:
خانیلاب زێڕین ئەتۆ ئەو شیرەی خۆتم بدەیه
شیری خانیم میسرییه
هیچ بڕیان پەسەند نەکردییه
خانیلاب زێڕین کوتی:
حەسەن خانی سەرعەسکەره
بزانم شیری تو چ جەوهەرە؟
شیری حەسەن خانی شیری چا بوو
حەسڵ کرماشانپۆڵا بوو
حەسەن خان کوتی:
ئەی خانی بدەوه
زوو که شیرەکەم بدەوه
شیرێ حەسەن خانیم شیرێ چایه
خۆشەویستی هەباس شایه
خان دەڵێ ئەی سەگی کەڵپنه
ئەو شیرەی تۆ قابیل به منه!
شیرێ گەورەی هەڵسەنگێنم
هەوەڵین به تۆی دەجەڕێنم[٣٥٠]
شیرێ گەورەم بۆ بێنن
نێرەکەرێی وێڕا بێنن
نێرەکەریان بۆ هێنایه
شیرێ گەورەیان لێدەدایه
لەتی دەکرد چەند شووشه پۆڵایه
خانئاودەل دەیزانی شیرێ چایه
هەوەڵ پێشێ له کەللەی سەری حەسەن خانی دەدایه
خانی دی کردی به جامبازه
خۆی گەیانده ئەو چاوبازه
به سەریان وەربوو سەربازه

شەڕی گەورە بۆ خانان بوو سازە
لەو خانئاودەلی سەرعەسکەرە
جارچی دەبوون ئەوبەر ئەوبەرە
شەڕە شیرە و گاڵتە خەنجەرە
مەلا حەمەدم سەرعەسکەرە[٤٢٧]
نەبیئاغایە و بە هونەرە[٣٥٣]
ئەوان سەفیان دەدڕی دەچوونە دەرە
سەت ئافەریم بۆ برایمی مێرە تیزکەرێ [٤٢٨]
ئەو دەستی دەدا خەنجەرێ
هەژدە هەژدەی دەدا بەرێ [٤٢٩]
ئەویش سەفی دەدڕی و دەچوو دەرێ
لاڵ بم بۆ خانی کوردییە
ئەو مەرگی خۆی بە چاو دەدییە
ئالآیەکی غەیبی دەدییە
ئەو لە خانئاودەلی دەپرسییە
ئەتۆ پێم بڵێ ئەو ئالآیەی کێیە؟
خانئاودەل دیگوت:
ئەوە عومبەری قەیغانییە[٤٣٠]
حۆری سەفیان لە سەر گرتییە
کانی مرادی لە کوچکیە[٤٣١]
شەخسی پیرعەیزییە[٤٣٢]
چاکی هەیوانسارییە[٤٣٣]
نەهرەتەی ئیمامی شێرعەلییە
هیمدادی وا بۆ هیچ کەس نییە
حۆریان سەفیان لە سەر گرتییە
ئالآی شەمسی تەورێزییە[٤٣٤]
ڕابیعای چەڵەبییە[٤٣٥]
لاڵ بم خانئاودەل ئەجەلی گەییشتییە
پێم بڵێ ئەو ئالآیەی کێیە؟

ئالآی پیرۆتی مەرگییە[٤٣٦]
لاڵ بم ئەوە خانیلاب زێڕین ڕوحی دەرچوو لە گیانی
عەڤدداڵبەگ تۆ مەردێکی قەیغانی
تۆم عەولادی کاکەخانی
هەر بینا ئەمەش ڕوحمان دەرچوو لە گیانی
مامە دنیا هەر وایە
دار و بەردە؛ لە بنە نایە[٤٣٧]
خیزی ڕووبارانە بە مە کۆتایی نایە
کاکەخانم ئەڵماسڕەشە
لاڵ بم نەعرەتەی خانان لە دنیا بوو خامۆشە
کێ بوو لە بەر ئالّی ئادەمان
ئەو خوشکێ خۆی دەدا بە گوللە و دەرمان[٤٣٨]
گوللەی دێنا بە کێشان و بە پێوان
ئەو دەرکەی قەلاتێی هەڵگرت بە زەمان[٤٣٩]
کاک ئالّیم بانگی کردە پۆلا خانمان
پێم ماوە دوو گوللە دەگەڵ دوو وەزنان
پۆلی خانمان دەڵێ: وە پێش تۆم کەوێ مەرگە
لە خەنجەر وەشاندنێ دەتگوت زەرگە!
کاک ئالّیم بۆ خەزایە زەروورە
دەیکوشتن هەزار کەوڵ سەنبوورە
سەت ئافەریم بۆ ژنێ گاوانی
تەگبیری کرد بۆ پۆلی خانمانی
وەرن بچینە سەر بەندەنی دمدمی لە پێن[ج] سەت کەوانی
خۆمان هەڵدێرین؛ با نەکەوینە بەندی عەجەمانی
لەو پۆلە خانمەی چاو بە غومارە
لە ئەستۆی خۆیان داڕنی هیزارە
لە قەلاتی دمدمی خۆیان هەڵداشتە خوارە
بە حوکمی پادشای پەروەردگارە
ئەوان دەبوونە پۆلە کۆترێکی باڵدارە

بۆ سوڵتانی ئەستەمبووڵییان هێنا هاوارە
ئەی پادشای سەر عەزەمەتێ
خەزایی شاد بوون بە جەننەتێ
سوڵتان سەلیم سەری هەڵدەهێناوە
سێجار سێجاری لە بانگی دەداوە[٤٤٠]
دەستی شل دەکرد لە ڕانی خۆی دەداوە
لاڵ بم خانیلاب زێڕینم لە سەر دنیایە نەماوە
دەچم لە مەککەیڕا دەیهێنم
عەجەمان لە ئیسپەهانیش ناهێڵم
سوڵتان سەلیم لە موسڵێی دەگێڕاوە[١٦١]
موسڵییان بیستیان خەبەری خانانە
کردیان بە سەرڕەو و بە لینگدانە[٤٤١]
پێن[ج] سەت حدوودیان دەپسانە
هات گەییشتە کۆسالەری
خەبەرێ بدەن بە پادشای قەجەری
دەبێ شای هەباس لە دنیایە بچتە دەری
شای هەباس دەڵێ:
حەو[ت] ساڵە شەڕمە دەگەڵ خانانە
پێم نەما گوللە و دەرمانە
سبحەینێ ئەگەر دەگەڵم دەکەن بە نێزانە
زوو ساز بن بێنە مەیدانە
ئەگەر دەگەڵم نەکەن بە نێزانە
ئەمن دەچمەوە تەختی ئیسپەهانە
سوڵتان سەلیم سوێندی دەخوارد بە قورحانە
دەیگوت دەگەڵی دەکەم هەر بە نێزانە
بریقەبریق و شیر لێکدانە
سیرەسیری عەڕڕابانە
دوو کێو لە بەر یەک دەترازانە[٤٤٢]
ئەگەر دەگەڵیان نەکەین بە تۆپانە

ئێستێ باوی عەجەمانە
سێ ڕۆژە شەڕە شیر و خەنجەر لێکدانە
ئێستێ باوی عەجەمانە
وەزیرێک هات جزیرییە
پیلی سوڵتانی ئەستەمبوڵێ دەگرتییە
بۆخۆی دەچووە سەر تەختییە
حوکماتی شەڕێی بۆخۆی دەکردییە
لێیان ئاور دا بە تۆپانە
لێیان تێکچوو دەرک و دیوانە
بە وەعدەی سێ شەو و سێ ڕۆژانە
عەجەم دە دەشتی ورمێدا نەدەمانە
شای هەباسم هەڵدەهات دەچووە سەر داری
پێیانگوت وەرە خواری
هەڵبەت بوویە کۆللاری
ئەویان هێنا کن سوڵتانە
دەیبەخشی بە پارویێک نانە
دڵ خۆش مەکەن بەو دنیایەی سەرانسەر
کوا ئیمامی حەیدەر؟ [٤٤٣]
کوا عومبەری قەیغان؟
کوا قارەمان و قەیتەران؟[٤٤٤]
کوانێ سامی نەریمان؟ [٤٤٥]
دنیا بە جوری جامێ زێڕینە[٤٤٦]
جارجار تاڵە جارجار شیرینە
هێندەی عاسمان و ئەستێران
هێندەی گەنم و جۆی وەرزێڕان
هێندە ڕەحمەت بێ لە دایک و بابی گوێدێران
دەگەڵ نەبێ شەیتانی دین دوژمنی ماڵ وێران.

# دمدم[447]

## مام ئەحمەد لوتفی [448]

ئەوانە (خانی موکری[20] و خانی لەپزێڕین) عەسڵی خۆی ئێرانی بوون. کوتیان: لە ئێرانێ چمان بۆ ناکرێ، پچینە گەرمێنێ. برا نەبوون، دۆست بوون. چوونە عێراقێ. لە وێ لێیان پرسین: چ کارەن؟ کوتیان: کاسبی دەکەین. کوتیان: ئەنگۆ دەبنە شووان؟ کوتیان: بەڵێ. بوون بە شووانی گاڕان(!)

کانییەک بوو، نیوەڕۆیان دەچوونە سەری، وڵاغەکانیشیان دەبردە وێ بۆ مۆڵێ. خانی موکری کوتی: ڕۆژێک ئەمن ڕۆژێک ئەتۆ ئاگامان لە وڵاغەکان بێ. کەڵپە بەردێک[449] لە پشت کانییەکە بوو، بە نۆرە لە وێ دەنووستن.

خانی لەپزێڕین بە خانی موکری کوت: براله ئەمن شتێکم چاو پێدەکەوێ. خانی موکری کوتی: چت چاو پێدەکەوێ؟ ئەگەر لە بن ئەو بەردە دەنووم هەموو جارێ بە خەون دەبینم مێروو لە کەپۆم و لە زارم دێنە دەرێ.[450]

خانی موکری چوو لە بن بەردەکە درێژ بوو، ئەگەر خەوی لێ کەوت، دە خەونیدا بوو مێش لە کەپۆ و لە زاری دەهاتنە دەرێ؛ پاشان چاوی پێکەوت و کۆترێک لە زاری هاتە دەرێ، دەیخوێند، برووسکەی زاری دنیای ڕووناک کرد.[451]

خانی موکری کوتی: براله ئەتۆ دەزانی ئەمنیش خەونێکی وام دی؟ کوتیان: شتێک هەیە، ئیمتحانی دەکەین. لە جێیەکی دی ئەگەر دەنوستن، ئەو خەونەیان نەدەدی.

شوانی عێلی لێتان[452] بوون. مەلا سمایل مەزنی عێلی لێتان بوو. مەلایەکی زۆر ساحێب عیلم بوو. خانی موکری چووە کنی، خەونەکەی بۆ گێڕاوە. مەلا سمایل کوتی: بڕۆن دەزنوێژ هەڵبگرن، بە دەستی بە دەزنوێژ، ئەگەر بەردەکە داپاسی زۆرە، بەرەو قوبڵە بنوون؛ ئەگەر هاتنە

سەر نوستن، سێ کەڕەت بڵێن: یا خدری مەندە.[٤٥٣] ئەگەر ئەو خەونەو لە سەرڕا دیتەوە، وەرن تەگبیرێکو بۆ دەکەم.

خانی موکری دەزنوێژی هەڵگرت، چوو لە سەر بەردەکە بەرەو قوبلە سێ کەڕەتی هاوار کرد، ئیسمی خوڵای بە یاد کرد، قەدەرێک چوو دە خەیاڵاتەوە و خەوی لێکەوت. لە خەونیدا مار هاتنە دەرێ،[٤٥٤] هەچی دەهاتنە دەرێ، لە زاری و لە کەپۆی، لە ملی دەهاڵا. ڕاپەڕی، هەرچی ئازای بەدەنی بوو وە سەر ئاو کەوت.[٤٥٥] سبەینێ ئەویش (خانیلەپزێڕین) دەزنوێژی هەڵگرت، هاواری خوڵا و ڕەسووڵانی کرد، چووە بن بەردەکە، درێژ بوو، خەوی لێکەوت. دە خەونیدا شێرێک ـ چکۆلە بوو ـ لە زاری هاتە دەرێ، لە خەونەکەدا دەستی لە شێرەکە دا؛ هەر هاتو گەورە بوو، هەستا سەر پاشووان، بۆی هات، ڕاپەڕی، هات بۆ خانی موکری گێڕاوە.[٤٥٦]

چون بۆ کن مەلا سمایل. کوتیان: حاڵێکی وا بوو. مەلا سمایل کوتی: ئەمن کابرایەکی دوعاگۆم، ئەمن تەعلیمای خەونی ئیبنو بەسیری غەڵیفەی هاڕوونەڕڕەشیدم هەیە،[٤٥٧] هەتا کتێبی ئەولییایان. بەڵەدیم بە تەعلیمای خەونی حەزرەتی یۆسف هەیە.[٤٥٨] ئەگەر ئەمن عاقڵم پێی بشکێ کورە ئەوێ خەزنەی تێدایە، ئەگەر هاتوو وا بوو مەنفەعەتێکو بۆ من ببێ.

هێنایان دەستیان کرد بە بڕینی بەردەکە. ئەگەر بەردەکەیان بڕی دیتیان قیل و لباد و خوری لێک هاڵابوون، پێکەوە جۆشیان خواردبوو. هێنایان خوری و لبادەکەیان دەگەڵ قیلەکە لەبەر یەک ڕەواندەوە. وەرەقەیەک مس وەدەرکەوت، مسەکەیان لابرد دیتیان پلیکانە، بن عەرزە، چوونە خوارێ، حەوت کۆدەی خەزێنە تێدابوو، هەر کۆدەی باری حەوت وشتران.[٤٥٩]

موجەسسەمێکی تێدابوو، ئی حەزرەتی نووحی نەبی، داندرابوو لە نێوەڕاستی خەزێنەکان، واهیمەیان لێ کرد، وەک زیندوو بێ وابوو.[٤٦٠]

هەرچی خانی موکری بوو کوتی: مەلا واسیدەمان بۆ پەیدا دەکا. خانی موکری کوڕێکی دەگەڵ بوو، هەشت ساڵ نۆ ساڵ دەبوو، ئەگەر کارێکیان بوویایە بۆی دەکردن.

خانی لەپزێڕین کوتی: ئەگەر بێت و ئێمە مەلا خەبەردار بکەین، مەلا لێمان دەبێتە شەریک و برابەش، مەلا خەبەردار ناکەین. خانی موکری

کوتــی: براله شــەرتم دەگەڵ کردووە، مــەلا زاڵم نییە، تەگبیریشــمان بۆ دەکا، غەیانــەت دەگەڵ ئێمە نــاکا. خانیلەپزێڕین کوتی نە پێی دەڵێم و نە باسیشــی دەکەم. خانی موکری کوتی: پێی دەڵێم. کێشەیان لێ پەیدا بوو. ئێکی کەچە شیرێکیان پێ بوو، بەشەڕ هاتن. خانی موکری شیرێکی لێدا، ئەویش کوڕەکەی وی کوشــت. لە پاشــان هەر بۆخۆیان ئاشت بوونەوە، لێک کشانەوە.[٤٦١]

ئەوە دەستی خانی لەپزێڕین دەواودەرمان کرا. ئەگەر دەستی چا بوو جا ئەو جار قانع بوو؛ چوونە کن مەلا ســمایلی لێتانێ. کوتیان: براله ئێمە خەزێنێکمان دیوەتەوە بە سەر ئەو کارە ڕابگە. ئێمە پێکەوە بە دڵ ئاشت بووینەوە.

مــەلا ســمایل دەگەڵیــان هات، چــاوی بــە خەزێنەکە کــەوت، کوتی: ئەڵڵاهوم مەســەللی عەلا موحەمەد وە عەلا ســەییدینا موحەمەد،[٤٦٢] ئەوە موجەسســەمەی نووحــی نەبییە، ئەو خەزێنەش زەمانــی وی لە عەرزی خراوە. تەماحی هیچم لێتان نییە، سکەی نووحی پێوەیە، ئەنگۆ دەبێ بچنە کن سوڵتان سەلیم، پێی بڵێن: بە ئێمە ناخورێ. سوڵتان بەشی خۆی دەبا، لە پاشان ئێوە بەشی خۆتان بە گیانکەوتە خەرج کەن.[٤٦٣]

هەســتان چوونە کن سوڵتان ســەلیم.[٤٦٤] پاش حەوت ڕۆژ سوڵتانیان چاو پێکەوت. ســوڵتان کوتی: لە جومعە هاتمەوە ئەوانە بێنە کنم. چوونە کنی. کوتیان: قوربان ئێمە خەزێنێکمان دیوەتەوە. سوڵتان کوتی: لە کوێیە؟ کوتیان: لە مابەینی لێتان و بێنارێ دایە.[٤٦٥]

ســوڵتان ســەلیم برازایەکــی بــوو، نێوی مالیــک بوو. ئــەو مالیکەی دەگــەڵ تۆپاڵبەگ نــارد.[٤٦٦] خەزێنەکەیان بار کرد، یەک ســەر بردیان بۆ ئەســتەمبووڵ. ســوڵتان چاوی بە خەزێنەکە کەوت، کوتی: ئەوە ســکەی قەدیمە، هەرچی دەتانەوێ وەرن زێڕی تازەو بدەمێ. لە پاشــان ســوڵتان کوتی: پووڵ شــتێکی چاکە، غایەتی ئیختیــار لە پووڵ چاترە؛ خاکێک بەو پووڵــە بکــڕن؛ لیرەی ئەو وەختــی، زۆری دانێ. خان زەمانی شــاعەباس دمدمیان کڕی. شاعەباس پاش حەوت ڕۆژان پەشیمان بۆوە.[٤٦٧]

خالق هەر ئەتۆی ڕەحمان[٤٦٨]
ڕەبی هەر ئەتۆی ڕەحمان

دنیات دانا بە ئەرکان
تێیدا هەن پیر و جووان
پەنام هەر ئەتۆی سوبحان
بە تۆم هێناوە ئیمان
تێیدا هەن شاە و سوڵتان
دەروێش و غەرقە لە شان
دنیات ڕۆنا سەرانسەر
هەر تۆی ڕەحیم و جەببار
ئەوە قودرەتی تۆیە
داتنا ئیسلام و کوفار
شوکرانەی تۆ دەبژێرم
یا کەریمی کەرەمدار
فەرەغەنی دڵم بدەی
دڵم گوشاد کەی ئەوجار
پەنا تۆی بینا لە سەر
حەییی دەهەندەی داوەر
دنیات ڕۆنا سەرانسەر
کێوت کردن بە لەنگەر[٤٦٩]
هەرچی ئیرادەی تۆ بێ
چ بکا بەندەی خۆڵ بە سەر؟ [٤٧٠]
دنیات ڕۆنا لە وسووڵ
داتنا ئەملییا و ڕەسووڵ[٤٧١]
گەدا و پادشا و پیاوماقووڵ
پەنا تۆی بینای لە سەر
تۆی ڕوحدەر و ئەڕواحبەر
هەر ئەتۆی پادشای سوبحان
هەر ئەتۆی پادشای بێ مەکان
ئەو دنیایەی داتناوە
پیاو تێیدا دەبێ حەیران

هیچ چارەیەک نامێنێ
ڕوح دەدەی، ڕوح دەکەی بێ گیان[٤٧٢]
کەونەکێ کەونە دنیایە
سەرەخۆری بێ بەقایە
بۆ کەست نەبوە وەفایە
ئاخری دەچین بە فەنایە
چەند جوان دەستیان لێ بەردایە
دنیا جۆربەجۆر دەگۆڕێ
عاقیبەت ماندە خودایە
خالەق هەر تۆی بێ مەکان
هەر تۆی ڕەحیم و ڕەحمان
لەبزێکم هاتە سەر زار
ئەتۆ بۆم پکەی ڕوان
زمانم گرێ نەکا
کەمحوکم نەبێ چاوان
ئەو بەیتە بڵێم سەرانسەر[٤٧٣]
مەدح و سەنای تۆیە ئەی ڕەحمان
سڵاواتی ئەزەل لە پێغەمبەران
لە دەوری ئادەم تا ئێستا
بۆ کەس نەچووە هەتا سەر
خالقی حەییی دانا
تۆی عەمردەر و عەمربەر
بەیتێکم هاتە سەر زار
نەبمە مەحتەل و ناچار
ئەو بەیتە تەواو بکەم
نەبێتە گوناح و خەتەر
چونکی قودرەتی تۆیە
ئەو دنیایەت وا دانا
تێیدا شێخ و دێوانە

هێندێک مەست، هێندێک ئیغیار
هێندێک شێتی کێوانە
هێندێک پادشایە و میرە
هێندێک ئەمیر و سوڵتانە
ئەو بەیتە دەکەم سەرانسەر
شیعرم پکەی ڕەوانە
بۆ کەسێکی کە دەیڵێم
دەبێ پێم بکا متمانە
«عەلی بەردەشانی» یەک بوو
زۆر خۆشبێژ و چازانە
ئەو بەیتی ساحێب حونەر
لەبزی وییە ئەوانە[٤٧٤]
دنیا نەدەما بە مێر و نەدەما بە وەفایە[٤٧٥]
نەدەما بە ناز و نیمنازی ئی مەجرووم[٤٧٦]
ئەگەر تەمەنای بوو لە بەر خوڵایە
نەدەما بە دوو چاوی مەستی،
ئەگەر تاریفی دەکەن بە وی دەڵێن لەیلایە
نەدەما بە حەزرەتی وێسپ، نەدەما بە حەزرەتی زولەیخایە[٤٧٧]
چەندم سەنتەنەت چاو پێدەکەوتن؛
هەموو دەچوونەوە بە بادی فەنایە[٤٧٨]
مردنی هەق دەستی ئیلاهی هەقە
چارەی بە هیچ کەس نایە
چەند کەس فکریان لێ کردووە
لە سەریان کرتووە موتاڵایە
عاقیبەت هەر مردنە
دەبێ بە جێ بێڵی ئەو کاولە دونیایە
چەند میر و بەگلەران لە سەریان کردووە فکر و ڕایە
چەند کلووری جوان و پیر و چاک و خراپ تێدایە
هەموو حوکمی مردنیان بە دەست باری تەعالولڵایە

بنیادەمیش وەکوو گوڵە
ئەگەر شین دەبن لە سەران، لە بنکان، لە لانووایە
هەموو بۆنیان دێ؛ تێکەڵ دەبن دەگەڵ پەلکەی پیرە بیزایە
عاقیبەت ئەوانیش وەختیان بە سەر دەچێ
دەچنەوە بە بادی فەنایە
حاکمی حوکماتێ هەر تۆی
کەسی دیکە نامێنێ
ملک ملکی خودایە
عیلاجپەزێری نییە
بە غەیری باری تەعالوللایە
خالق هەر تۆی بە تەنێ[٤٧٩]
شوکرانەت لە بەر دەکەم
لێم تێک نەدەی مەوتەنێ
پیر و جوانی تێدایە، ئەوی تازە دەگەنێ
خۆیان ڕادەوەشێنن
دەڵێ ساحێب ئیختیارم
هەمیشە دەبێ وا بم
لە دنیایە کە سوارم
ساحێب ئەرکان و تەرتیب
نێو لە عالەمڕا دیارم[٤٨٠]
ئاخری ئەویش دەبینێ فەرمانی ئەو خودایە
هەر پێنج و دوو ڕۆژێکە ئەگەر لەو دونیایەدایە[٤٨١]
ئەویش دەردی خۆی هەیە، دەچێتەوە فەنایە
بەڵێ تۆوە دەیچێنێ
چاک و خراپ و پیر و جوان بۆ سەر دنیایە دێنێ
عاقیبەت لە خولا زیاتر هیچ کەسی دی نامێنێ
لەو دنیایەی بێ وەفایە
گەر خۆی ڕابوەشێنێ
کوا حوکمات و کوا سەردار

کوانێ میر و دەور دیار
کوانێ پیادە و کوانێ سوار
شل و مل و چاو بە غومار
پاک لە دنیایە بوون قوتار
کوانێ نازی جەمینان[٤٨٢]
لەو دنیایەی فەریع و فرەوان
هەڵێنن گۆشەی چاوان
بیکەن بە عەتربەخشان
لە گەردن لەعل و مەرجان
تەڵا و مەتای بەدەخشان
ئەوانیش پاک بوون بێ گیان[٤٨٣]
جا هەر لە شای هەتا خونکاری
هەر لە خونکار هەتا شایە
خانان بە عەبداڵی گەڕایە
دمدم بەرەو ڕۆژهەڵایە[٤٨٤]
جێگایەکی باسەفایە
لێیان کرد تەگبیر و ڕایە
لێی دانێن قۆنگرەی قەڵایە
تەگبیریان وا لە سەر دانا
بە تەگبیر و بە ئەرکانە
جێیەکی خۆش و بەرفرەوانە
جێگای ئەمیر و سوڵتانە
لێی بکێشن شوعرەی قەڵایە
هیچ نییە ماڵی دونیایە
لێی خەرج کەین زێڕ و فەرمان
لەعل و یاقووت هەتا مەرجان
ببێتە ئەڵماس پەنجەران
دەرکەی دوو بن بۆ شەماڵ و زریان[٤٨٥]
ببێتە جێگای عەیش و نیشان[٤٨٦]

بنێرن بەننا و عاقڵدارە
خەرج دەکەین پووڵ و پارە
ئەوان بێنە سەر ئەو کارە
جێگایەکی بەربڵاوە
حەیفێ کەمێک بێ ئاوە[٤٨٧]
خانی موکری دەڵێ: ئەگەر بژیم و بمێنم
ئەو کارە ڕادەپەڕێنم
لە قاسملییانڕا ئاوێ دێنم[٤٨٨]
حەوزی بەردی تراش و مەڕمەڕ
دوژمنم بێ کوێر و کەڕ
مەتەرێز دادەنێم بۆ شەڕ
ئەوڕۆکە ئێمە کارمان کوورە[٤٨٩]
ئێران زۆر بە شەڕ و شوورە
ئەوڕۆکە پکەین فکرانە
بە عاقڵ و بە ڕێی دانا
شاهەباس زۆر پەشیمانە[٤٩٠]
ناتوانێ بێتە قسانە
چونکە تەڕەفی سوڵتانە
ئیحتیاتە سبحەینێ بۆ کار
دابنێین شوعرەی قەڵای ڕۆژگار
دایمە بمانبێ دە هەزار سوار
زێڕ بێ ناڵی وڵاغیان دەگەڵ بزمار
ئەتۆ فکرت نەبێ بڵاو
سەغیگەری پیاو دەکاتە پیاو[٤٩١]
پیاو بڵێن ساحێبی نۆکەرە
ساحێب خزمەتکار و عەمربەرە
نابێ دەربەست بێ بە زێڕ و گەوهەرە
سنگی خۆیان دەبەنە بەرە[٤٩٢]
چون ئەمەگی پاشەڕۆژێیان لە سەرە

سەغی نەبین بە چرووک کاری
بە فەقیری و بە هەژاری
دنیای ڕوونمان دەبێ تاری[293]
لە کنمان نامێنی ڕەفتاری
نابێ ئەتۆ تێبفکری
هەچ نۆکەرێکی ڕایگری
وەکوو باز و وەکوو سەقری
ئەنعامی بدەیەی تەواوە
خەڵات و بەرات سەرانسەر
ئەو حەلە دەبێتە نۆکەر
حەز دەکەی بپارێزی ڕوح و گیانە
دەبێ تێر بن نۆکەرانە
زۆری سەدەمە لە سەرە ئەو ئێرانە
شاهەباسی عەجەمانە
برازایەکی هەیە، حەسەن خانە[494]
بێ قانوون و بێ ئیمانە
ئەگەر بچتە دەفتەرخانە
ئەو قەبووڵ ناکا ئەو کارە
کە فرۆشراوە و بێ ئیختیارە
لە پاشەڕۆژێ ڕا دیارە
یەگجار غەڕڕەیە ئەو حەسەن خانە
نەک پێمان بگرێ بەهانە
وەکوو شێر دەبێ بگرین سانە
نەک ببینین ڕۆژی دڵ هێشانە
ببێتە قڕەقڕ و شیر لێک دانە
لە ئێمە دوورە سوڵتانە
دەبێ بتوانین بە حونەری
بە خزمەتکار و نۆکەری
ئیدارەی خۆمان ڕابەری

نەک بە فکر و بە تەگبیر
بە کزی و بە ماتی و بە زیر (زویر؟)
وڵاتەکەمان لێ پکەن یەخسیر
دەبێ ئێمە وەکوو شێری لە پێش لانێ
کاری خۆی تەواو دەتوانێ
چون بە هەیبەت و بە ئەندێشی
دوژمن ناتوانێ بچتە پێشی
ڕوحی دوژمنی دەکێشی
بە فەقیری و بە هەژاری
هەمیشە تۆ شەرمەزاری
پێت ناکرێ هیچ کاروباری
بە خوڵای پشتت دەشکێنێ
دوژمن ملّکت لێ دەستێنێ
ئێخسیرت دەچتە گەرمێنێ
دمدم بەرەو ڕۆژهەڵایە
سازی کرد شوعرەی قەڵایە
کار دەکەن دوو سەت وەستایە[٤٩٥]
ڕۆژێ زێڕێکیان دەدایە
دەست کرا بە کار و نەخشە کێشان
وەستا و کارکەر هەتا فەرمان
نەجاڕ بێن بۆ پەنجەرانە
میزانیان بگرن بە ئەرکانە[٤٩٦]
دروست کەین قەڵای بەیداغدارە
دانێین جێی دە هەزار سووارە
وا ڕابرێ ئەو ڕفتارە
خەرج دەکەم پووڵ و ئەملاک
بە خۆڕایی نابێ ملّک و خاک
دمدم بەرەو ڕۆژاوایە
چاک و خراپی زۆر تێدایە

وەستای قابیلی بەردایە
کێشرا شوعرەی قەڵایە
ئەوبەرەوبەر وایان دانا
دروست کرا دەروازە و خوواجانە
جێگا و ڕێگا و مەیتەرخانە
جێیەک بۆ خانم و نەوجەوانە
شا هەباس هات و گەڕاوە
پیاوێکی عاقڵتەواوە
فکری لێ دەبوون بڵاوە
یەکیان لە خۆم دەکەمە زاوا
دنیا پاشەڕۆژی ماوە
ئەو تاقەتە و ئەو ئیختییارە
ئەو هەموو خەرجە و ئەو کارە
چاویان وا زرینگ و وشیارە
لە دەروونم گڕەی نارە[497]
بە وانم دەبێ فەرمانە
کچێکی بوو نێوی جەیرانە
چاوی وەک کۆتر و تەیرانە
وەک کەو ئیشتیای لە سەیرانە
لە دڵی خۆیدا ئەوی دانا
پادشای وای دەدا فەرمانە
دیارە حوکمی زۆر ڕەوانە
حوکمڕانە لە ئێرانە
ناردی دوو سەت نەفەرانە
عاقڵمەند، پیاوی چازانە
پڕ تەمەددود و فێڵ زانە
خانان بم بن بە میوانە[498]
بە وەی کەم گەر ئەبەدییە
هیچ خەیاڵی دیکەم نییە

لێیان دەکەم مبارەکبادییە
تا بمانبێ دۆستایەتییە
تا بمانبێ هاتوچۆیە
ئێران دایمە لە سەر گۆیە
هەرتک لامان قسەمان ببێ تەواوە
دوژمنمان نەگەڕێتەوە دوواوە
گەر بڵێن: دوژمن هێرشی بۆ ئێران هێناوە
هەرتک لامان بە حونەری
بە دۆستی و بە موشتەری
بە فکر و بە عەمربەری
دەبێ دوژمن لە نێو بەری
پیاو تا دۆستی زۆر بێ کەمە
ئەو دنیایە زۆر بە غەمە
هومێددار بم؛ دۆستە و هەمە
ئەوە ناردی لە دوویان، بە پیریەوە ناردن لە ئیسفەهانێ [٣٠٢]
دانیشتن ئەمبەروبەرە
نۆ سەت نۆکەری بە حونەرە
پاک دەستی لە گوێی خەنجەرە[٤٩٩]
لە بۆ خانان عەمربەرە
دڵم پڕ شەپۆلی خوێنە
هەچ کەس دەستی بۆ خانی هێنە
قابیز ڕوحی لێ بستێنە[٥٠٠]
دانیشتن ساحێب ئیختییار
نۆکەر و خزم و قەوموکار
وەک پیاوانیان دەکرد ڕفتار
بۆ دوژمنی نەماوە چار
لە بڵندان مەگەر پکا هاوار
بۆی نامێنێ عەقڵ و ئیختییار
ئای لەبەر مەردی جەوهەردار!

لەبەر نۆکەر و خزمەتکار
میر لە وێ بۆتە ئیختییاردار
شا هەباس کوتی: کچێکم هەیە نێوی جەیرانە[501]
کیژێکی زۆر خانومانە [502]
قابیلی میر و سوڵتانە
ئەگەر کردوومە پنهانە[503]
من نەمداوە بە بێگانە
ئەنگۆ بێگانە نین
دەبینە دۆست بە یەگجاری
بە دۆستی و بە خوماری
کەس پێمان نەبا چاری
جێگای ئێوە سەرحەدکارە
دوژمن پێمان نەبا چارە
بە دۆستی پکەین ڕفتارە
پەنا بۆ پەروەردگارە
جەیران وەک وەنەوشەی ساوا
خەبەریان بە وی داوە
جەیران خانم بەخشراوە
بە عێلی کوردانیان داوە
دەیگوت: من مەست و سیمین عوزارم
بابم کوتوویە، بێ ئیختییارم[504]
من بە کوردان منەتبارم
پێکهاتووە من کاروبارم
کڵفەتی کردن خەڵاتە
یەگجار ساحێب زۆر و زاتە
بابی من خاوەن حوکماتە
ساحێب مەجلیس و جەماتە
بۆ وان نەبێ مێرد بۆ من قاتە
چونکە فەرموویە شای تاجدار

ئەمنی بەخشیوە بە یەگجار
ئەمنیش دەبم بە خزمەتکار
من بۆ خانی جگەردار
ئەمن ئەو دەکەم بە سەردار
لە سەر منی ببێ ئیختییار
قسەی بابم بڕوا بۆ کار

شـا هەبـاس کوتی: من ئـەوە کچی خۆم بە خانی موکری بەخشـی. خانـی لەپزێڕین بە خانی موکری کوت: هەسـتە دەسـتی ماچ کە.[505] خان هەستا دەستی شاهەباسی ماچ کرد. شاهەباس کچی خۆی دایە.

بەو خاڵ و ئەگریجە[506]
کوڵمەی شەکر لە ناو
بەو سنگی ئەتڵەس
مەمیەی نەشێواو
بەو خانمی لایەق
دەست تێنەدراو
بەو ئەبرۆی کەمەند
بەو شەهێنی چاو
شا لوتفی مەرحەمەت کرد
بەخشرا خاو و لاو
کچی شاهەباس یانی جەیران ناو
عوزەرا و وەزیر
پاک کەوتنە تەگبیر
مەبارەک ببێ قسەی یەکترگیر
ئەوجار مەحفووزە خاک و وەتەنمان
مەحفووز دەمێنی کچ تاکوو ژنمان
چونکە خانان دڕندە و دلێرن
ساحێب زۆر و زات وەک نەڕڕەشێرن
بە دوژمنی خۆیان ئەوان دەوێرن
پێشکەشمان کردی کەج تانجی تێل بە سەر

نازەنین سەنەم، کوڵمەی وەک شەکەر
گەر شێخ ببینێ نایمێنێ جەوهەر
مەبارەکت بێ ئەو شادمانی
ئەو دۆستایەتی مەخفی و نییانی
حەســەن خــان دەنگی نەکرد، زۆریشــی پێ ناخۆش بــوو. مارە کرا، ڕێگای گیرا. کوتی:
وەزیران بۆم پکەن تەگبیر
مامم بە خانان ئێران دەکا گیر؟!
کچی نۆجووانی دەدا بە یەخسیر!
هیچ ئێخسیرێک وا ڕانەبردووە
سبەینێ دەڵێن: جارییەیە و ئێخسیرمان کردووە
پیاو دەبێ بژی بە عاقڵ و جەوهەر
سەدەمەی دنیایەی گەر نەیە وەسەر
دووروەتەن نەبێ، نەبێ دەربەدەر
قسەی گەورەی خۆی هەر بەرێتە سەر
نابێ بشکێنم قسەی شای ساحێب حوکمات
دەزانم ئاخری من چم بە سەرهات
پاش چەند ساڵان، تۆ قاقەز بێنە
ئەو قسەی دەیکەم مەخفی بینوێنە
ئێران دەبینم لە پڕیشکەی خوێنە
بازیان باز کوتووە شەهێن بۆ شەهێن
ئێران دەبینی لە نێو گۆلی خوێن
دەبینی - تەختی پادشا بەرقەرار -
دەبێتە داد و گریان و هاوار
ئەوجار کەس بەو کارە نابا چار
لە ئیسفەهانەڕا تا قەڵای دمدم
خاترجەم بن وەک ئاوی زمزم
ئەگەر خوێن ڕانەوەستا بزانن من بیژووم
ئــەوە خزمایەتییــان ســەری گــرت. حەوت ســاڵی گرت ئــەو قەڵا و

باڵەخانە دروســـت کردنە. شـــاهەباس دووبارە لە بەرگی شـــەوگەردی و ئی فەقیریدا دەگەڵ حەیدەرخان هات.[507] لە بەر فەعلە و بەننا و ســـوار و نۆکەر کەس ئاگای لە کەس نەبوو. ئاوەدانیان کردبۆوە. شاهەباس ئەگەر هات تەمەشـــای کرد، دیتی ئاقڵ سەراســـیمە دەمێنێ لێی. بە حەیدەرخانی گـــوت: ئەتۆ بـــڕۆوە، کەس کەس ناناســـێ. کوتی: ئەمـــن دەمێنمەوە هەتا ڕێوشوێنێکی لێ مەعلووم نەبێ نایەمەوە.

وەرنە سەیری هەباس‌شایە
تەختی کردووە بەرەڵڵایە
چ فکرێکی دە دڵدایە؟
حەوت ڕۆژە لە سەر تەقەلایە
فەعلە هیچ عیلاجی نایە
ڕۆژی ئاخری ڕاوەستایە
بەردی بناغەیان دانایە
ئەوە ئەمینی سەرایە
کردیان بە ڕیسمەی دەرگایە
حەوت زێڕەی بە ویان دایە
خستییە بن ڕیسمەی دەرگایە
ئەوە بۆ ڕۆژی دووایە
شاهەباس ماوە حەیرانە
عەجایەب ماوە لە وانە
بە خوڵای من ئێرانم دانا
بێت و کاریان سەر بگرێ
حوکماتیان بێت و ڕابرێ
گەر پێکیان بێتن کاروبار
لێم تێکدەچێ کار و ڕفتار
شاییم دەبێ بە ژەهری مار
بۆ سەرزەنیشتی پیر و ئیختییار
لە نێوچاوانیان‌ڕا دییارە[508]
هەر یەکەی قاتڵی هەزارە

ئێران لە بەر دەستیان قوتارە
ئەمن پێیان نابەم چارە
ڕۆژی لێقەومان و هاوارە
جا من چۆن بگەڕێمەوە دواوە
شوعرەی قەڵایان داناوە
سوارە و پیادە ڕاوەستاوە
هێندێک لە کار مەحتەل ماوە
هێندێک دوژمن دەکا بێ گیان
ساحێب حونەر، ساحێب فەرمان
هەمووی گۆ لە مەیدان دەرکەر
هەمووی وەک شێر و قەزنەفەر
بێ ئاقڵ بووم، خۆڵم وە سەر
بە خولای پێیان نابەم زەفەر
ئەو کچەی شاهەباس، جەیرانی شلومل
ئەو شلومل و جەیرانە
وەک کەروێشکی گەرمەلانە
کۆترە و لێی ون بووە هێلانە
چاوی ڕووانی لە فەعلانە
بابی کرد نەخش و نیشانە[٥٠٩]
ئەوە فەعلە نییە ئەو جووانە
دەستوپێ سپیلکە و بێ فەرمانە

جەیـران چۆوە، بە خانی موکری کوت، کوتـی: کابرایەک لێرە کاری دەکا، ئەو کابرایە فەعلە نییە. خان کوتی: دەورەی شاری بگرن. جووێکی لـێ بـوو، نێـوی داود بوو، سـاحێب ئوسـتوڕلاب و نجووم بـوو. هات شـاهەباس خۆی لە کن ئاشـکرا کرد. داود ئەوی شاردەوە لە ماڵە خۆی دا. حەوت ڕۆژ لەو فەعلەیە گەڕان، سۆراغی نەکرا.[٥١٠]

دوو سـەت سـوارێکیان بوو، ئەهلی وان و باشـخاڵان بوون.[٥١١] سێ کەس لە وان شاڵیبەگ و ئەسڵانبەگ و فەتاحبەگ ڕەمڵ و ئوستوڕلابیان خوێندبـوو؛ دەیانزانـی. چەند دانیشـمەندی دیکەیان بانگ کـرد، کوتیان:

نەڕۆیــوە، هــەر لە شــار و شــوعرەی دمدمدایە. جا خــان حوکمی کرد، کوتی: هەتا حەوت ڕۆژ نابێ کەس لە شــاری بچێتە دەرێ، بەڵام قەیدێ نــاکا ئەگەر بێنە ژووری. جوو وڵاغی بۆ شــاهەباس پاشوپێش ناڵ کرد. شاهەباس ڕۆیی. جووەیان گرت. جووەیان کوتا، کوتیان: دەبێ ڕاستیمان پێ بڵێی. جووە ڕاســتی کوت. خانی لەپزێڕین کوڕێکی بوو نێوی عەبداڵ بەگ بوو. شــاهەباس ئەگەر چۆوە، کوتی: کوڕە ئیختیاری وانە دە وەیدا نییە، کارێکی وا پکەین عەبداڵبەگ بە ئەمینی بێتە ئێرە.

شای هەباسم بە ڕق و قینە
ساحێب تەخت و تانجی شینە
ناردیە کن خانی لەپزێڕینە
کوڕێکم داتی بە ڕەهینە[512]
بە خزمەتکاری و خزمینە
حەز بکا لێک دەبین ئەمینە
مەبارەکە ئەو کارانە
بۆم بەڕێ کا عەبداڵ خانە
وەک شایان حوکمی ڕەوانە
فەرقی من و وی نییە لە دیوانە
ئەویش کوڕمە و لە ئیسفەهانە
بە مەردی و ئیختیارداری
ئەمن نەکەن شەرمەزاری
حوکمم کرد بە فەرمانداری
ئەو عەبداڵ بەگی نۆجەوانە
جەوهەردارە، قارەمانە
لازمە بۆ ئیسپەهانە
بۆ دیوانی پادشایە
گۆپاڵی سەری دوژمنانە
بەبێ عوزر و بێ بەهانە
ئیحتیراز نەبێ لە خانانە
بۆم بنێرێ شێری لە لانە

بۆم بنێرێ شێری سپییە
جەوهەری دێ بۆ عەرزییە
دییانەتە و ئامانەتییە
دەگەڵ ڕووس نێوانم نییە
ئەوم دەوێ بۆ مەردییە
دوژمن نەیبینێ چاوییە
بۆ دەردی من ئەو دەرمانە
ئەو هومێدە و پشتیووانە
لێک ئاشکرا دەبێ قسانە
نامەوێ بۆ خزمەتکاری
بۆ دەستڕۆیوی و ئیختیارداری
بۆ ئەمیری و بۆ سەرداری
من بەو دەکەم ئیفتخاری
بۆ دوژمنی نارزگاری
زۆرم پێخۆشە بە یاری
عەبداڵبەگ بنێری بە یەگجاری
عەبداڵبەگی چاو هەڵۆیە
لە کاری خۆی سەربەخۆیە
مەستێتی چاو و برۆیە
خەنجەری بەری نۆ گۆیە
پیاوێکی وەک قارەمانە
گەلێک عاقڵ و چازانە
ترسی نییە دە چاوانە
من دەچم بۆ ئیسپەهانە
حاڵی دەبم مەتڵەبانە
سورڕی ئاشکرا و پنهانە
* * *
کلکەی پشتی قاسملییانی[٥١٣]
هەڵیاندڕی کەندەڵانی

تا دەگاتە بیابانی
لێی کەوتوونە دڵ هێشانی
ئاویان بۆ دمدمی هانی
ئاویان هێنا بە سەت ڕەنگە
تەختەپۆش، قوڕقوشم و سەنگە
ئاومان ببێ؛ دنیا لە سەر شەڕ و جەنگە
لە خۆیان دا تانووت و حونەر
خەرجیان دەکرد زێڕ و گەوهەر
ئاو ژیانە بۆ گیانلەبەر
بۆ قەڵایە هێنایە سەر
بیست و یەک حەوز و کوفارە
هەر کامەیان جێگای دیارە
ئاوی خۆی لە سەری سوارە[٥١٤]
خەندەک کێشا سیوانکاری
بە عەقڵ و هۆشڕفتاری
وەختێکی گەر بەفر باری[٥١٥]
ئێمە بە ئاو نابەین چاری
ئاویان هێنا بە یەگجاری
خانم و خاتوون و شلومل
پاکی تۆقی زێڕی لە مل
پیاو شێت دەکەن بابان کاول[٥١٦]
جەمینان ئەوان بە سەت ناز
چاو شەهێنن هەر وەکوو باز
لەگەڵ خانان دەبن ئامڕاز
وەکوو من دەیڵێم هەر وایە
کچی هەباس شای تێدایە
جەیران کوڵمەی وەک چرایە[٥١٧]
دانای وا نییە لە دنیایە
گەرنی بیجادەی تێدایە

ڕاکشا قۆنگرەی قەڵایە
جێگای جەمینان کرا دیاری
پاکیان کردن سیوانکاری
وەختێکی بەفر دەباری
ئەوێ وەکوو نۆبەهاری
تێکەڵ دەبوون سوور و سپییە
پەنجەرانی چوارفەسڵییە[518]
ئەوێ جێی خانم و کیژییە
خان زێڕینگەری کرد حەواڵە
پەنجەرانی دوڕی لاڵە[519]
قاپییەی دەرک و قەڵایە
ئەڵماس سپی تێدایە[520]
بە هیچ کەس تاریفی نایە
جێگای میر و چەکداران
جێگای پیادە و سواران
جێگای مەرد و جگەرداران
جێگای خزم و دۆست و یاران
ئەوانیش کران تەواوە
هەر دەرک و پەنجەرەی ماوە
ئاو لە دمدم وەک سێڵاوە
فەراخانی زۆر چاک داوە[521]
لە ژومار نایە، بە هەزارە
پاک نەججاڕ و وەستاکارە
تەواو بوو ئەو کاروبارە
بە حەوت ساڵان جا **قوتارە**[522]
شوعرەی قەڵا بوو تەواوە
باغی خان بونیاد نراوە
کۆخ و هەنجیر تێکچڕژاوە
هەڵاڵە و شلکە گیاخاوە

وەنەوشە تازە گوڵی داوە
دڵی ماندوو دەحەساوە
خالق هەر ئەتۆی لە سەر
ڕەبی هەر ئەتۆی لە سەر
ئەتۆی گیانستێن و گیاندەر[٥٢٣]
ئەتۆی دەهەندەی داوەر
تەڕەقی و تەنەزول وەبەر
هەر بە تۆ دەکرێ حونەر
تۆ ساحێبی جیهانی
دەدەی شەرت و ئەرکانی
هەچی ئیرادەی تۆ بێ
کەنگێ بەندە دەزانێ؟
خالق، هەر ئەو ڕەببیە
هەچی ئیرادەی تۆ بێ
بەندە عیلاجی نییە
شای هەباسی عەجەمان
دەکەوتە سەر فکرییە
ئیسپەهانم خۆش جێگایە
شەش هەزار ماڵی جۆلایە
گەبر و جەبری زۆر تێدایە[٥٢٤]
حوکمی دەکرد بە یەگجاری
پادشای ساحێب ئیختیاری
خڕ بوونەوە پیادە و سواری
تۆپ و شیر پکەن دیاری
حەو[ت] سەت سواری کرد حەواڵە
بە گورز و مەتاڵ و چەتاڵە
وڵاتێک هەیە لە ئێرانێ، نێوی خاڵخاڵە[٥٢٥]
داینا بناغەی تەگبیرە
بە عولەما و بە وەزیرە

کابرایەک پێی دەڵێن خانی
بەشدار نییە لە ئێرانی[٥٢٦]
ڕوحی دەنێرمە عاسمانی
ڕوحی وەردەگرم لە گیانی
عەمری هەقی دەکەم فانی
لەشکر ساز بێ بە نیانی
تۆز بگرێ بەری عاسمانی
عەبداڵ بەگ قاقەزێکی دەنووسییە
ئەو بۆ لای باب و مامییە
سەرپاک بە خوێنی چاوییە
هەم لە سەر زیندەگانییە
خزمەت خزمەتی ڕەبییە
خزمەتی عەبدی هیچ نییە
پادشا گەر زانی جەنگ بە پارێزی[٥٢٧]
نییەتی هاتە ڕۆژی خوێنڕێژی
شەرت بێ کوردوکار وا مفتەلا کەم[٥٢٨]
گۆشت و ئێسکانیان وا لێک جودا کەم
دنیا بە تۆپان تەرت وتونا کەم
هەوای پەیدا کرد بە هەوای قەلا؟
تالانی پادشای ئێرانێ دەبا؟
پێی نیشان دەدەم دەردی موفاجا
نەیهێڵم خزم و دۆست و ئەقرەبا
لەشکر خاکی کورد پاک ئاور بدا
ڕۆژی خوێنڕێژی کەس زگی بە کەس نەسووتا[٥٢٩]
سوێندێکت بۆ پخۆم بە سەحرای نەجەپ[٥٣٠]
دیارە پێی پیاو نیم، بە من دەدا گەپ
ئێخسیریان بڕوا بۆ ئێنگی دونیا[٥٣١]
کاسەی کەللەیان دەکەم بە تۆتیا[٥٣٢]
بە حوکمی تۆپان، بە لەشکری دەلیا[٥٣٣]

بزانم پەنا ئەو بۆ کێ دەبا؟
شەرت بێ تێک بدەم من بناغەی ڕۆم
گورگم هاویشتە نێوان کۆزی خۆم[٥٣٤]
ئەمن ئەو وەختی ئاقڵم ناتەواوە
پەریان دەستیان لە دڵم داوە[٥٣٥]
کەس نەبوو بڵێ: زۆر بێ ئاقڵ بووی، ئاقڵت نەماوە
خاکی پادشایان کەی فرۆشراوە؟ [٥٣٦]
بە حوکمی پارە و زێڕ و زەڕ و سیم
بە فریوی بردم من سوڵتان سەلیم [١٦١]
من خاک فرۆش نیم، دەنا من برسیم؟
ساحێب خەزێنە و گەنج و جەلالم
پادشای ساحێب حوکم، حوکمم ڕەوانە
هەشتا هەزار سوار هەر لەو ئێرانە
پاک وەک نەڕڕەشێر، شێری لە لانە
لەشکر ببزوێ بۆ کوردستانە
بە لەشکری زۆر، قۆڕخانە دێنێ
پیاو لەو لەشکرە سەرسام دەمێنێ
شیری جەوهەردار لە قەدیان‌دایە
بەهێز و پڕ زۆر لە ڕووی دونیایە
هەر چۆنێکی شا گەر فەرمان بدا
کار دەچێتە پێش بە دەستووری شا
بوو بە قیيامەت، سێ سەت واوەیلا
بە تۆز و غومار ڕووی ئێران گیرا
پەنا هەر بەرین بە زاتی خودا
بزانین موقەددەری ئەزەل چ دەکا
خانان گەر زانیان وەزعییەت وایە
لەشکر هاتە پێش دەڵێی دەریایە
قەرەسۆرانیان بە خەبەرداری[٥٣٧]
بێنەوە گیر نەبن پیادە و سواری

ئەوە کار قەوما، ڕۆژی ڕزگاری
سنگ بەرینە پێش بە جەوهەرداری
ئەو بگرە بگرە و داد و ئامانە
ئەوە شۆخی نییە، پیشەی پیاوانە
سنگ بەرینە پێش وەکوو یەکانە
خەبەردار ببین لە نیزیک و دوور
سەرپاکمان ساز بین قارەمان دەستوور[٥٣٨]
پیاو بێنە پێشێ بە میسلی فەغفوور
بە زەبری بازوو کارمان دەبێ جوور
شیر و حەمەیاڵ پکەن لە گەردن
وشیاریو ببێ لە فریو بردن[٥٣٩]
دەرقەید نەبن لە ڕۆژی مردن
تەنەزول دەکا سپاهی دوژمن
بە یاد کەن قادر حەییی کەرەمدار
لە دڵدا بە سۆز هاوار کەن هاوار
خودای عالەمیان پێکمان بێنێ کار
سەرکەوتن ببێ جارێکە و ئەو جار
هەزار و سەت کەس دۆست و بێگانە
خەنجەری نۆ گۆ پاکی دەبانە
پاکی جەوهەردار، پاک خۆراسانە[٨٩]
پاک سێ جەڵغەمەن ئەو خەنجەرانە
ئەوان سەرۆکیان خدری لێتانە[٥٤٠]
پێش لەشکر بگرە بەبێ بەهانە
پەنا تۆ بەرە بە حەییی دانا
شاڵیبەگ بانگ کەن خەڵکی زمیرە[٥٤١]
ساحێبی تیر و خەنجەر و شیرە
پیاوێکی عاقڵە، کۆنە وەزیرە
ئەو زۆر بە هۆش و فکر و تەگبیرە
بۆ پێشی دوژمن ئەو جڵەوگیرە

هەزار و سەت سوار بۆ وی ئێخسیره
نێوبانگ و بڕوا، کارو لە ناو بێ
بۆستەی خەنجەرو ئاوریشمی خاو بێ
کەسێک دەترسێ گەر شل هەنگاو بێ
نەچێ بۆ شەڕی خوێنڕێژی و خەتەر
لێی بستێنن چەک و ئەسپاب و خەنجەر
پیاوی بێ غیرەت کە نێتی حونەر
غیرەتداریش بە وی دەبی دەربەدەر
سڵەمانبەگی خەڵکی باشخالان[٥٤٢]
ئاغا و نۆکەران پاکی تێکهالان
لە بەر بریقەی ڕمب و چەتالان
تەنەزول نەبن خزم و ئاوالان
فەتاحبەگ بانگ کەن سەرۆکی وانێ[٥٤٣]
ئەو بە سەررشتەی شەڕێ دەزانێ
ساحێب غیرەتە، مەردی کارخانێ
بۆ ڕۆژی جەنگ و کەلاک فرێدانێ[٥٤٤]
بزانم شیر و خەنجەر و ئاڵەتی جەنگی
دووره ئاسایيشت و ڕۆژی تەنگی
ڕۆژی دڵ خۆشی مەرد بە ئیختیاره
ڕۆژی دڵ هێشان ڕوخسەتی دیاره[٥٤٥]
وێنسبەگ بانگ کەن پیادەی بە دەسته[٥٤٦]
پڕ عاقڵ و پڕ هۆش گەلێک تەڕدەسته
ئەوه ڕۆژی مەرگە یان ڕۆژی قەسته
نەترسێ لە جەنگ سەفحەی ڕۆژگار
دەسکەرەوەیی پێکدێنێتن کار[٥٤٧]
دیفاعە پیاوی دەکا جەوهەردار[٥٤٨]
دیفاعە ڕوحی پیاوی دەکا قوتار
لە دنیا و قیامەت دەبێ بە سەردار
دێتە بەر دەستت حوکمات و ئیختیار

له دڵ هێشان دا نەبن پەڕاگەندە
لەبزی خۆشی شەکر و قەندە
ئەوڕۆکە ڕوح لە سەر ئەجەل بەندە[549]
سنگ لە عەرزی دەن وەکوو قارەمان
گەر بیستووتانە ڕۆستەمی زەمان [14]
ئەو خوێن پڕژێن بوو لە خاکی ئێران
تەواوی دونیا پێی نەدەوەستان
چونکە وەکوو شێر وەهای دەگرت سان
ئەو نەدەترسا لە ڕۆژی دڵ هێشان
بەبێ موقەددەری خولای کەس نابێ بێ گیان
با ئەجەل بڵێن هاتووە لە دوتان
بەبێ موقەددەری پادشای ڕەحمان
خاترجەم بن هیچ کەس سەر ناباتە قەبران
مەرد و بەور بن ئیدی نەناڵن
پاکتان ساحێبی ماڵ و منداڵن
پاک ئەحواڵ شلوێ، پاک گەروو تاڵن[550]
ڕابوەستن لە سەر موقەددەری خودا
پادشای لەمیەزەل، شای ئەرڵ و سەما
دەسکەرەوەیی پیاو وە پێش دەخا
کەسێکی مەرد بێ و شێر بێ لە دنیا
دیارە ڕوتبەکەی تەنەزول ناکا
جارچی جاڕ کێشا مەرد و مەردانە
سواران سوار دەبن وەکوو یەکانە
بە عومری سوبحان ئەو حەییی دانا
ئێمە وە جواب دێین لە جێومەکانە
لە سەر خاکی خۆمان سەرمان دانا
بریو بریوە و جەنگە و قەوماوە[551]
ئاڵەتی جەنگی لە خۆ دراوە
هیچ کەس هۆشی لە سەریدا نەماوە

له لایەکەوە خدری لێتانێ
ئەگەر بە خەبەری ئەوان دەزانێ
پێشی پێگرتن لەو قاوەقاوە
لەو جەنگی خەتەر سەرم مەحتەل ماوە
قرمەی خەنجەرە، لەو کاوە کاوە[552]
سەت و پێنج کەسیان لێ بێ گیان ماوە
خەبەریان دەبرد بۆ کن حەسەن خان
ڕەئیسی ستوون، سەرداری هەمووان
زۆر کەللەپڕن لەشکری کوردان
ناترسن لە ڕۆژی مردن و گیان کێشان
چۆک لە عەرزی دان، زینهار سەت زینهار[553]
ناترسن لە وەی ڕوحیان بێ قوتار
یان لە مردن و یا لە بریندار
گەلێک ئازان و زیرەک و وشیار
بۆیان بەڕێ کە ئەتۆ سێ هەزار
بە سەت و دوو سەت پێیان نابەین چار
سریوەی گەر دەبزوون وەکوو بای زریان[554]
نەهرەتەیان دێ وەک نەڕڕەشێران
واوەیلا دەکەین، خەنجەر هەڵکێشان
قرمەی خەنجەرە دەمرەشی دەببان[555]
لە زەهلە چەشمی پیاو دەبێ بێ گیان[556]
نەمزانی وایە لەشکر و سپای کورد
پاک وەک نامداران زۆر بە دەستوبرد
سەت و چل کەسمان لێ کوژرا و مرد
ئەوە خان دەڵێ:
میرەڵە بانگ کەن خەڵکی بێنارە[557]
پیاوێکی ئاقڵ، گورج و وشیارە
ڕۆڵەی زەمانە، زۆر جگەردارە[558]
بێنن بیدەنێ پووڵ دەگەڵ پارە

گەورەی یەک هەزار پیاوە و سوارە
پشتیووانی بێ پەروەردەگارە
ئەوی بەڕێ کرد جارێک ئەوجارە
سەرکەوتووی پکا پەروەردگارە
دروستی کردووە مانگ و ستارە[559]
مەحموودبەگ بانگ کەن گەورەی باڵەکان[560]
شیری دەمرەشی باوێتە سەر شان
شل پکەنەوە بۆستەی خەنجەران
قرەقرە، رۆژی لێ قەومان
سوار دەگەڵ پیادە وەها تێکچرژان
کەلاک وەک خەزەڵ دەکەوتە مەیدان[561]
خدربەگ بانگ کەن عەسڵە هەمەوەند[562]
گەلێک عاقڵە و هێدی و هێمن و مەند
یەگجار وشیار بێ کارمان نەبێ لەنگ
لەشکری ساز کا، عەرز بگرێ رەنگ[563]
مەترسن لە بڵێسەی شەمشیر و تفەنگ
عەزیزبەگ بانگ کەن عەسڵە زوراری[564]
کەمێک بارانە لە سەر دەباری
ئەتۆش زوو برۆ ئەگەر پێت شەرمە
تۆ دەبێ بگری شاخی قزرمە[565]
بانگ کەن رەشیدبەگ بچتە سەر دەریا[566]
سوارە و پیادەی خۆی تەواو ببا
لە دۆڵی ورمێ وریایی پکا
ئەو داد و فیغان، هات و هاوارە
مەترسن لە دەنگ و بڵێسەی خونپارە[567]
تاکوو بکوترێ: کورد جگەردارە.
بڵێن بە خاتوونان نەیکەنە گریان
داد و واوەیلا، فرمێسک هەڵوەران
پیاوان نەکەونە وەختی زگسووتان

هەر سەر دەکەوین وەک شێری لە لان
لەشکر وەک دەریا عەرزی دەبزیوێ
ئیشەڵڵا نازی خانمان ناشێوێ
ئەمبەر ئەوبەر بوون دوژمن وەک عەسکەر
ڕۆژی قیامەتم ئەوڕۆ کەوتە بەر
لە قرمەی خەنجەر ئی ئاغا و نۆکەر
باب هیچ ئاگای لە کوڕی خۆی نەما
لە گرمەی سواران، لە بەر واوەیلا
خوێن وەکوو دەریا هەر مەوجی دەدا
باب نەیدەتوانی ئاوڕ وە کوڕ دا
گرمەی شەڕێیە لە چاردە لاوە[٥٦٨]
عەجەم وەک سێڵاو هێرشی هێناوە
کوردان وەکوو شێر چۆک داکوتراوە[٥٦٩]
ئەوڕۆ بە هەرکیان هەزار کوژراوە
لەو بگربگر ئامان ئامانە
هەر دەڵێی ڕۆژی ئاخر زەمانە
لە قرمەی خەنجەر، شیر هەڵکێشانە
ڕکێف بەتاڵ بوو، بەدەن بێ گیانە[٥٧٠]
مەرکەب دەگەڕان لە نێو مەیدانە
کوژراویان بردووە لە بۆ گۆڕخانە
بڵێسەی ئاورە لە چاردە لاوە
پیاوی ئاقڵمەند لێی مەحتەل ماوە
یازدە قەدەم لەشکری عەجەم شکاوە
کەلاک و خۆراک زۆر بەجێ ماوە
لەشکریان بۆ هات، شکستە گیرساوە[٥٧١]
عیدەی کوردستان ساحێب ئیقباڵە
ساحێبی گورز و ڕمب و چەتاڵە
هەمووی ساحێبی فکری گرانە
پاکی غەزریوە، پاک قارەمانە

گرمەگرمی تۆپ، عاسمان ڕووخانە
قرمەی خەنجەری سێ گۆی دەببانە

لـەو کێشەکێشـەدا نالّی ولاّغـی ئەحمەدخانی لێتانـی کەوتبوو. نالّی ئاسـنیان لێدابوو، سەردارعێلیش بوو. ئەوە کوتی: خاترجەم عەجەم هەر فاییق دەبن با ئەمن دەسـتی خۆم ڕە پێش خەم، پەناهیدە ببم، پاشـەڕۆژ حوکمم دەدەنێ، دەزانن ئەگەر من خزمەتم بە وان کردووە.[٥٧٢]

ئەحمەدخانی لێتانە
سنگی دوو عەرەج پانە[٥٧٣]
شەیتان لێی وەرگرت ئیمانە
عەبلە و شێت و هیچ نەزانە
هەلاّت لە جووتەی خانانە
ئەو شوبرەی ڕەنگ شەیتانە
ئەو باعیسی ڕووحانە
ڕۆیی بۆ نێو عەجەمانە
ئالاّی سەر بەرەوژێر دانا
من تەسلیمم؛ گوت بە وانە.
من هاتووم بە هات و هاوار
بۆ شا دەبم بە خزمەتکار
بۆ سەر کەوتنت دێم بە کار
زۆر کوژراون عەجەمی هەژار
تۆڵە دەستێنم بیست و چوار
دڵی خانان پکەم بریندار
لێیان تێکدەم بورج و تالار
یەخسیر پکەم ناسک و نازدار
کچ و ژن و مەمک هەنار
لە دمدمیان وا بێنمە خوار
بۆ شایان پکەم یەخسیربار[٥٧٤]
حەسەن خان زانی خەبەرە
یەگجار جابر و بە حونەرە

خەڵاتی کرد ئەو نەفەرە
دەیدایە گەنج و گەوهەرە
ئەوە ساحێب گفتوگۆ و خەبەرە[575]
بە سەت خۆشی و مێهرەبانی
ئەحمەدخانیان لە بۆ هانی
داییە کەوڵی بە قیمەت گرانی
من هاشام لە دوو خانانە[576]
پادشام کرد بە پشتیووانە
من بەڵەدم بە ئەوانە
کوشتن و ئەسیر کردنیان هاسانە
بۆت قڕ دەکەم ئەو کوردانە
لە ملیان پکە زەولانە
بیاننێرە بۆ حەفس‌خانە
بە ڕێیان کە بۆ ئیسپەهانە
بییانکە تیرەبارانە
چونکە لە شا وەرگەڕانە
وای دەگوت حەسەن خانە
ڕیشەیان دەردێنم جانە
سەرچاوەی ئاوێی پێشان دانە[577]
خاتوون بانگیان کرد لە میری
ئاو نییە پێی بشێلین هەویری[341]
میر وەک مەردی لە کارخانە
دەستی دەدا لە ڕانانە
ئەی چۆن ساز پکەین نان و خووانە؟
بەختی خانی لەپزێڕینە
بەفرێک باری بەو هاوینە
حەوت ڕۆژ بە ئاوی بەفری ژینە
بەختی خان و جووتەی خانە
هاوینی کرد بە زستانە

بەفرێک گرت دەور و مەکانە
دە ڕۆژان بەو بەفرەی ژیانە
ئەوە خدری لێتانێ بۆ کن سوڵتان سەلیم بەڕێ کرا.[٥٧٨]
چاوی ئەستێرەی ڕۆژێیە
ئەو کیژە نێوی لەیلێیە
خدر ئیمزای ویشی پێیە! [٥٧٩]
ئیمزای وا دا ئەو عوزارە
بە جەرگی پارەپارە
بۆ دنیا ساحێب ئیختیارە
سوڵتانی ڕۆمێ لە عالم دیارە
ئیمزای دا خانم و خاتوون جەیران
نوتفەی شاهەباسی عەجەمان
ئەی سوڵتانی تەخت ڕەوان
هاوار لە بۆ تۆ دەگەڵ ئەلئەمان
سوێندت بۆ بخۆم بە شاهی سوبحان
هەڵیانبڕیوە سەرچاوەکەمان
هاتە پێشێ گوڵ خاترە [٥٨٠]
وەکوو باز و وەک سەقرە
ئەو زانا و حورمەتڕاگرە
پێمان نەماوە فکرە
ئەتۆ بەو کارە ڕابرە
هاتە پێشێ نێو زڵەخایە
دڵ پڕ هێش و واوەیلایە
دیارە پەنا هەر خودایە
سوڵتان بۆ لە هانامان نایە؟
مەرزینگان هات دەیگو: لاوین
بێ ئەنوا و لێقەوماوین
چلوپێنج شەوە بێ ئاوین[٥٨١]
لە بێ ئاوییە مەحتەل ماوین

مریەم ناو هات:
ئەی سوڵتانی ساحێب وەزیر
بۆمان بکە فکر و تەگبیر
لە وانەیە ببین ئێخسیر
سەراسیمەن سوڵتان و میر
دەنا پێشی لەشکر گیراوە
ئێحتیاتی وانمان نەماوە
جێگاکەمان زۆر بێ ئاوە
پەنجا کەس شل و نەشمیلە
قامک پڕ لە ئەنگوستیلە
بۆ تەختی سوڵتان زەلیلە
شاهم بۆو کارە وەکیلە
بەڕێ کرا خدری لێتانێ
تا سوڵتان دەردی مە بزانێ
هاتینە سەر ئاو بڕانێ
نامانمێنێ زیندەگانی
بەبێ ئاو و بەبێ کانی
بۆ ئێمە نەماوە فەراخانی
لێمان تاڵ بووە زیندەگانی
خەبەردار بێ شای سوڵتانی
زۆرمان هەیە زێڕ و سیم
ئیحتیاجی بە تەختی وی نیم
هاوار بۆ تۆ سوڵتان سەلیم
پەنا بۆ کارسازی قەدیم
ئەوە خدری لێتانێیان بەڕێ کرد.
سبەینێ زوو بوو بەیانە
سوڵتان دەچووە دەفتەرخانە
دەیڕوانی لە قاقەزانە
مەملەکەت و ئەتڕافانە

بزانێ کێ دەردی گرانە
کێ لە بن زوڵم و ئامانە
دەستی دەدا لە ڕانانە
ئاوی دەهات لە چاوانە
ئای لەو دەردی گەورە و گرانە!
دامناون جووتەی خانانە
ئەمن بۆ وا بێ جەوهەرم؟
لە کاری وان بێ خەبەرم
ئەوە بوو بە باسی سەرم
پێی بڵێن: لە دڵی نەگرێ لۆمێ
لە کاری خۆی دا نەچۆمێ[٥٨٢]
هیمدادی بۆ دێ لە ڕۆمێ
دەیکەمە بەردی بن گۆمێ[٥٨٣]
کۆ دەبوون کەیخودا و پیاوماقوڵ
قسەیان کرد بە عەداڵەت و وسووڵ
هیمداد بۆ تۆ دێ لە ئەستەمبووڵ
ئەنوەرپاشا و تۆپاڵ خانە[٥٨٤]
ڕەئیسی تەختی سوڵتانە
ئارتەش و لەشکر بە وانە
وەخۆ کەون، کار گرانە
خولاو ببێ پشتیووانە
ساز بن بە لەشکر و تۆپانە
ڕێگای بەرەو ڕێی ئێرانە
شەرتم کردووە، قەولم دانا
ڕەشت و کشمیر و گێلانە[٥٨٥]
ئەبغان تاکوو پاکستانە
دۆلاب دەگەڵ لڕوستانە
پاکی لێ بکەن وێرانە
ئاور بدەن ئیسپەهانە

نەجات دەن خان و خانمانە
دەروازەی دڵم شێواوە
قاقەزم دی لەنەکاوە
بۆچی دڵم وا خافڵاوە؟
جووتەی خانانم داناوە
توند دەستی لە ڕانان دەداوە
تۆفیق و ئەنوەر بە جارێ
لە پێش لەشکر بێنە خوارێ
ساز بکەن تۆپ و قۆڕخانە
مردن خۆشترە لەو ژیانە
بڕۆن ئەنگۆ بۆ ئێرانە
شاهەباسی عەجەمانە
تێکیدا شەرت و ئەرکانە
چۆتە سەر جووتەی خانانە
یەخسیر نەکرێن جەمینانە
نەکوو بەرن حەرەمخانە[٥٨٦]
ئەو وەختیماڵم وێرانە
هەڵڵا هەڵڵا و برمە برمە
وەزیر پاکی شان بە تورمە[٥٨٧]
لەو کارە دڵیان زۆر گەرمە
بیست ڕەقەمی کرد بڵاوە[٥٨٨]
ڕەقەم دەڕۆیی و گەڕاوە
لەشکر هەر وەکوو سێڵاوە[٥٨٩]
تۆپ و ئەسپابیان هێناوە
لە سەر حوکمی سوڵتان مەحتەل ماوە
جاڕچی جاڕ کێشا لە شاری
لەشکر ساز بێ بە یەگجاری
بە وریایی و بە وشیاری
شەو و ڕۆژ مەگرن قەرارە

پێش بخەن تۆپ و قومبارە
پێشی و پاشی سوارە
خانان دڵیان بڕیندارە
خانم و خاتوون بێ ڕفتارە
قەستەم بە زاتی خودایە
نابێ بژیم لەو دونیایە
شەرت و قەرارم وەهایە
ڕوحم لە کاری خانان‌دایە
پێم داون شەرت و پەیمانە
بە قەرار و بە ئەرکانە
جووتەی خانانم دانانە
بە لەشکر مەگرن وچانە
دە گرێوم ناوە زمانە [590]
مردن خۆش‌ترە لەو ژیانە
دەڵێن: لە قەولی خۆی پەشیمانە[591]
ترک و تات و ئەمردارە
ساز دەبوون پیادە و سوارە
عەرز کەوتۆتە جۆلانێ [592]
لەشکر جمی بۆ ئێرانێ
سوڵتان دە جوابدا نووسی:
بە وەی کەم گەر بێ مەکانە
عەرز و عاسمانی ئەو دانا
مەحفووزکونندەی عەبدانە [593]
بە دەست وییە مردن و ژیانە
پێی بڵێن لە دڵی نەبێ پەژار
لەشکری هات بە هاوار
ئێران پڕ بێ لە پیادە و سوار
هیچ کەس بەو هێزە نابا چار
تا لە تاڵی بیانکەم ڕزگار

پشتیووان بێ پادشای جەببار
بێ ڕوحمی وی پێک نایە کار
ئەوە بۆی نووســی بە وەعدەی حەوت تا دە ڕۆژ قەرەوڵی لەشــکری مــن دێ دەویۆە! لەولاشــەوە شــاهەباس بەرگی غەزەبــی دەبەر کرد و کوتی:[594]

حەسەن خانم بۆ مەدوێنن
ئەحمەدخانی لێتان بێنن[172]
لە تۆپە گەورەی وەرێنن
قۆنگرەی سەرێی پێ بڕووخێنن[595]
ئەوە نمەک بە حەرامە[596]
زۆر بێ ئاقڵ و نەفامە
بیگرن بۆ تۆپی سەحرایی
ڕوحی لە بەدەن بکەن جودایی
چۆن من هێندە منەتبارم
هێندە حیز و ناوشیارم؟
هەر کەس ببڕێ ئاوێ
هەڵبەت دنیای ڕوونی ناوێ
ئاوێ ببڕی لە چل هەزار[597]
نەترسێ لە غەززەبی جەببار
بۆ منیش هەر وا دەکا ڕفتار
ئەو کافری بێ ڕوحمی کوففار
بۆچی لە دەست خانان کەوتە هاوار؟
بۆتە باعیسی ڕوحی چل هەزار
وەبەر تۆپی گەورەی بێنن
لە پێشدا پشتی بشکێنن
ڕوحی شیرنی لێ بستێنن
با ئیدی تۆوی وا نەچێنن
نەکا باعیس و باعیسکاری
نەبێتە قاتڵی هەزاری

دنیای ڕوونی لێ پکەن تاری
هاتە سەر لوولەی تۆپانە
با نەزانێ حەسەن خانە
هەتاکوو دەیکەن بێ گیانە
چون نمەکی لە دەست داوە
غەیانەتی لە بەر چاوە
خزمەتی زۆر پێکراوە
دەزانم ئەو بێ ئیختیارە
زەرەدی زۆرە، وەک مارە
ئەو لێی تێک داون ئەو کارە
ئاوی لێ کردوون قوتارە
بیدەنە بەر لوولەی ناڵپارە[598]
دمدمم بەردێکی زۆپە
وەبەریان دا لوولەی تۆپە
کاریتەی دەبووە دڵۆپە
داد داد و ڕۆڕۆ دمدمە [599]
قەڵا پەنجەرەی دیارە
کەوتە بەر لوولەی ناڵپارە
بوو بە داد و هاوارە
کەس پێی نەمابوو ئیختیارە
داد داد و ڕۆڕۆ دمدمە
بە تۆپان لێی کەوتنە کار
ئەمبەر ئەوبەر بوو بە هاوار
گولله دێ وەک خیزی ڕووبار[600]
پەنجەرانی دەکەوتنە خوار
داد داد و ڕۆڕۆ دمدمە
دمدم بەرەو ڕۆژاوایە
ڕووی تۆپانیان دەدایە
قۆنگرەی قەڵا دەڕووخایە

دڵ هێشانیان ده نێودایه
ئەو کاره عیلاجی نایه
داد داد و ڕۆڕۆ دمدمه
دمدم وەختی تاوهەڵاتێ
تۆپ چوون بۆ قۆنگرەی قەڵاتێ
سوار بۆیان دەهات خەڵاتێ [٦٠١]
ئەوی دوور بوون ئەوی نیزیکه زوو بگاتێ
تێکیان دا قۆنگرەی قەڵاتێ
دمدم بەرەو کوێستانه
گەر بوو به بانگی شەوانه
بوو به شێلینگی تۆپانه
وەک ڕۆژی ئاخر زەمانه
زگیان به وان نەسووتانه
داد داد و ڕۆڕۆ دمدمه.
عیدەی لەشکرێک دەگەڕاوه
دیتی دمدم یەخسیر کراوه
دیواری لەشکر دروست کراوه
پاکی تۆقی کرده گەردن
دەربەست نەبوون له بۆ مردن
له بەر قرمەی خەنجەرانه
له ناڵەی بێ جگەرانه
کەلاک دەکەوتنه مەیدانه
خوێن دەڕژێ له زام و برین
به تاڵ دەکران خوانی زین [٦٠٢]
دنیا دەبوو به سەحرای چین
له بەر برین و واوەیلا و شین
ئالێ‌لەک به خۆی و به کوڕی[٦٠٣]
تیپی حەسەن خانیان دادڕی
چل و هەشت کەسیان زگ دڕی

بەهەشتی بە دەستی خۆی کڕی[٦٠٤]
حەوت قەدەم عەجەم شکاوە
پێنج تۆپیان لێ بەجێ ماوە
سەر لەو شەڕەی مەحتەل ماوە[٦٠٥]
ئەوجار دووبارە ئەوە عەجەم هێرش دێنێ. ئەوە خان مناجات دەکەن:
لە تۆ زیاتر دنیا خاڵییە
لە لائیلاهە ئیللەڵڵای کەسی دی نییە
قودرەتت هەیە ئەتۆ بۆ عەبدییە
بۆ مە بنێری لەشکری غەیبییە
زاهیری بۆ ئێمە کۆمەگ نییە
پەناهیدە نییە بۆ تۆ ئەی سوبحان
بە دەستی تۆیە مردن و ژیان
تۆ ڕوحمت دەکرد بە یاقووبی کەنهان [٦٠٦]
بە ناڵەی دەروونی ئەییووب لە کرمان [٦٠٧]
هەر بە زیرکی تۆ، بە سوبحان سوبحان
زۆری حەول دا زەفەری نەبرد شەیتان
بە ناڵەی جەرگی نووحی نەبی کار [٦٠٨]
تۆ کردتە ڕەسووڵ، تۆ کردتە موختار
بە دەردی بەندە هەر تۆ دەبەی چار
زەلیلمان نەکەی بینای کردگار
بە تەوڕات و عەسای مووسای عەزیەتکێش [٦٠٩]
بە ناڵەی هەیدەر، بە توفحەی دەروێش [٦١٠]
پەنای هەموو کەس شای ئەڕڵ و سەما
بێ شک و بێ دەلیل هەر ئەتۆی خودا
بە ناڵەی دەروونی عیسای ڕوحڵڵا [٦١١]
ئەتۆ لە عاسمان جێگات پیشان دا
لە دەستی دوژمن ڕۆیی لە دنیا
خودایە بۆ خاتری ساڵح پێغەمبەر [٦١٢]
بە کفلەکوونێک دنیا سەرانسەر

دروستکونەندەی دەهەندەی داوەر [٦١٣]
بەناڵەی جەرگی مەعسوومانی پاک
بە ناڵەی دەروونی شەهیدانی خاک
لە دنیای ڕووناک نەبین دەربەدەر
بە خوێنی کفتی حوسێنی کیشوەر [٦١٤]
بە قۆچی قوربانی ئیسماعیلی دولبەر [٦١٥]
لە دنیای ڕووناک نەمانکەی زەلیل
بە غەرقە و بەرماڵی ئیبراهیمی خەلیل[٦١٦]
پەنا نەماوە غەیری زاتی تۆ
پەنامان هێنا نەبین ڕەنجەڕۆ
ئەدی خەزایی دەورەی پێغەمبەر
عەبوبەکر و عومەر و عوسمان و حەیدەر
دەستم داوێنت، پاکمان بووین خلاس
زۆر بێ ئینسافە کافری خوانەناس
بە کۆمەگ بنێری سوڵتان سەید وەقاز[٦١٧]
هانام وەبەر تۆ فەتای فەتحدار[٦١٨]
چەن کەس لە زیندان تۆ کردت قوتار
لەوانە وێسپ، تۆ کردت ڕزگار[٦١٩]
تۆ ڕوحمت پێکرد، خۆت لێکرد بە یار
بردت لە میسرێ کر[د]تە فەرماندار
یاقووب بە شین و گریان و هاوار
بە دڵی پڕ هێش، سینەی بریندار
بیناهی چاوان بۆت دەکرد ڕزگار
منیش وا دانێ، بەندەی گوناهبار
لە تۆ زیاتر بۆ کێ بەرم هاوار؟
کێ بێ بتوانێ پیاو بکا ڕزگار
هەر ڕوحمی تۆیە ئەی خاوەن ئیختییار
بێی لە هانای دڵی سووتاوم
غەریب و پڕ ژان ئاو لێبڕاوم

له تۆ زیاتر پەنا نەماوم
دەبێ هەر بکەی سوبحان و خودا
له تۆ زیاتر نەماوە پەنا
نیازن بە تۆ شا تاکوو گەدا
ئەگەر بیەوێ شای ئەزڵ و سەما
بە کفلەکوونێک دنیا تێکدەدا
لێم قەبووڵ بکەی ئەو پەناداری
ئەو داد و فیغان، گریان و زاری
ئەو لێقەوماوی و ئەو بێ ئیختییاری
بە سۆزەی دەروون پێغەمبەرانت
بە ڕوحمی ڕەحمەت شەو سوبحانت
بە ناڵە دەرون ئەولییا و ئەملییا
تۆ عەتا دەکەی بە سوڵتان و شا
هەر کەس لە دنیا ئەوەندی ژیا
مەعمووری تۆیە و ڕوحی وی دەبا
ئەو خودای عالەم بەدبەختم نەکا
پێی دەکرێ ئەگەر کۆمەگم بدا
یانە بمداتێ دەردی مفاجا
یان بە ڕوحمی خۆی ڕوحمم پێ بکا
سێ سەت کەسیان بوو ساحێب عەقڵ و فام [620]
بێن لە بۆ تەگبیر ئەوشۆ وەختی شام
بە قسەی ئەحمەدخان لە عالەم تۆقام
دەگەڵیان نەبێ حیسانی عەوام
ئاخر بە خۆم نییە پشتم دەچۆمێ
ئەوە هەر نەهات هیمداد لە ڕۆمێ
بە یەخسیر نەبەن بازنە لە قۆڵێ [621]
هیمداد هەر نەهات لە عەنەدۆڵێ
بۆ سوڵتان نووسیم من داد و هاوار
هێندی من پێم بوو عاقڵ و ئیختیار

له هانام نەهات سوڵتانی سەردار
مەگەر پەنا بەرین بە زاتی جەببار
جا کوتیان: بابە با تەگبیرێک پکەین.
هیچ کەس نەترسێ لە ئاتەشبەخشان
لە ڕۆژی خەتەر، لە تۆپ ئاوردان
ئێمە دەچینە گفتگۆ و قسان
نەوەک بۆ کوشتن دەست هەڵگرین لە جان
تەپل هاتە کار نەکیسە و بارام[٦٢٢]
دنیا ڕەنگین بوو، لێی خۆش بوو عەیام
خەبەریان زانی ئەوە چ کارە
ئەوە چ قەوما، داد و هاوارە[٦٢٣]
دوازدە هەزار کەس ئەمیر و سوارە
وە پێش کەوتوون هەرچی بەیداغدارە
خەبەریان هێنا بۆ پادشای زەمین
خۆ داوێنە کنی، ئێمە تەسلیم دەبین
ئاڵایان شۆڕ کرد، خۆیان کرد مەعلووم
بۆ لای شاهەباس خانی موکری چوو
حەسەن خان بە خانی موکری گوت
پێی دەگوت: خانە!
خەنجەری بەرت دەبانە
کرمانە یان خۆراسانە[٨٩]
گۆیەکەی لەعلی ڕوممانە
لە کەلەکەی چەپەت دانا
لە بۆ ڕۆژی لێقەومانە
ڕاستە تەسلیمی لەو جێومەکانە؟
یانە مەتڵەبت ئاو و ژیانە؟
سوبحانەڵڵا لە بەر ئەو کارە!
لەو نۆکەرە و لەو ئیختییارە
حەسەن کوتی:

ساڵێک و شەش مانگ پێشی لەشکری ئێران ڕادەگری [٦٢٤]
دەڵێی بازی و نێچیر دەگری [٦٢٥]
تەڕدەستی، دەڵێی سەقری
بە غەیانەت لە وڵات دەفکری
بە خوڵای بێ ڕوحم و جابری
خانیش پێی گوت: حەسەن خانە
لە تۆ بووم بە میوانە
بتبێ عەدەب و ئەرکانە
زۆر قسەی ناحەزت دانا
من هاتووم ئێختیار نەماوم
من پەناهیدە، پەناهێناوم [٦٢٦]
دەنا خوێن دەتکێ لە چاوم
بۆیە من عیلاجبڕاوم
بێ زیندەگانی و بێ ئاوم
دەنا بڵێی هێندە نامەرد و خاوم؟!
لێم شل نەبووە هەنگاوم
پیر و جوان و چاک و خراپ
هەموو جەرگیان بۆتە کەباب
هەتیو، منداڵ بێ دایک و باب
لە بەر ئەوان نیمە جواب
ئاوت لێ بڕین، بوو بە سەواب؟
باڵدار بە باڵی دەفڕی[٦٢٧]
محەندەک کێوانیان بڕی
غیرەت کراسی دەدڕی
هەڵبەت ئەو شیرە حەسەن دەبڕی
تۆز گرتی بەری عاسمان
هەرتک لایان تێک چڕژان
ناڵەناڵە و شیر لێک دان
پیاو زگی پێ دەسووتان

خانم و خاتوون بە گریان
دەروازان دادەخران
بێ جگەران دەبوون بێ گیان[٦٢٨]
جگەرداران دەخرۆشان
وەک شێری لە گەرمەلان
کەوتنە کەلاک فڕێدان
ئاوری، خامۆش نابی[٦٢٩]
لە گازەی خانی موکری!
کە لە دوژمن ڕادەخوڕی
چاوی دە هەر کەس دەبڕی
پێی نەدەما گیان و ڕوحی
عەزیزبەگ بە خۆی و بە فرزەندی[٦٣٠]
تیپێکی وا هەڵکەندی
زۆر بە مەردی و بە ڕەندی
ڕەحمانبەگ چەتاڵدارە[٦٣١]
وەک شێری بریندارە
لەگەڵی هەن سەت سوارە
دایدڕین سەر بەرەو خوارە
شاڵیبەگ شاهی زمیرێ[٦٣٢]
بازە و بە کەس ناگیرێ
بە ڕایە و بە تەگبیرێ
یەگجار مەردی کارخانە
لە ڕاستەوە ڕاسانە
شیر لە کالان کێشانە
کەلاک کەوتنە مەیدانە
خوێن کەوتە شەپۆل دانە
دەپڕژێنە عاسمانە
دەبارێ وەک بارانە
لە هەمووی سوبحان سوبحانە

لەو گرمە و ناڵەناڵە
دەنگی ڕمب و چەتاڵە
ئاوزەنگی بوون بەتاڵە[٦٣٣]
لە بەر دەنگی چاوکاڵان
لە خەمی مام و خاڵان
گیرا پێشی منداڵان
نەکوو بچن بە تاڵان
تا بووە وەختی بانگی شەو
کۆمەگێک هات بە سەرڕەو[٦٣٤]
سووارێک هاتووە لەو لاوە
دوو سەت سواری بە دواوە
ئاڵای شینی هەڵداوە [٦٣٥]
وەکوو ڕۆستەم خولقاوە
تیپێکی وەبەر خۆ داوە
ئەو نەترسا و نەگەڕاوە
پێشی خانانی بەرداوە
پێشیان ئاچغ کراوە[٦٣٦]
دڵخۆشی کەوتە ناوە
سوارێک کەس نازانێ کێیە؟
ئەوم لە خەزایە چێیە[٦٣٧]
خان دەفەرموێ: ئەوە کێیە؟
ئەو مەردی بە ڕێ و جێیە
ئەو نیشانەی خۆی پێیە
شابازەسووری مەرگێیە[٦٣٨]
سوارێک هاتووە وەک مەردانە
سواری وڵاغی کەفەڵ پانە
لە شەققە شەققی ڕمبانە!
کەوتوونە نەهرە لێدانە
کەلاک کەوتنە مەیدانە

بارگین کەوتنە خۆ فرێدانە
ئەوڕۆکە ڕۆژی مەردانە
ڕۆژی خەنجەر هەڵکێشانە
دوژمنم بۆ بکەن بێ گیانە
خۆ بێ کەس نین خان و خانانە
خان دەفەرموێ: ئەوە کێیە؟
موعجین خەڵکی کەسنەزانە[٦٣٩]
سوارێک هاتووە دنیا لە پێش وی کاولە
پەستەک ڕەشە و چاو بە کلە[٦٤٠]
هەر چەند خۆی ڕادەوەشێنی
ئەو لە شەڕێ ڕانامێنێ
هەر چەند تیر بە کار دێنێ
سێ و چواران دەگەوزێنێ[٦٤١]
ڕاست و چەپی بردنە خوارێ
خوێن وەکوو بارانە دەبارێ
لێم بۆتە ڕۆژی بێناری[٦٤٢]
خاتوون هەڵیانکرد چرایە
سوکنایی دڵیان وا نایە
دۆست و دوژمن لێرەدایە
سوارێک هات ڕدێن سپییە
بۆ دەلالەت و دڵخۆشییە
دەیگوت: تازە ترسو چییە؟
لەشکر هیچ حەمییەتی نییە[٦٤٣]
بۆو هات لەشکری غەیبییە
ئەوە لەشکری زاهیر نییە
ئەوە لەشکری قودرەتییە
ئەوە ڕوحمی ئیلاهییە
وا هاتوون بە کۆمەگییە
سێ سەت سەرداری بەیداغدار

شەوێ هاتن وان بە هاوار
زۆر بە تەرتیب و بە ڕفتار
کەلاک کەوت وەک بەردودار
کەلاک دەکەوتە مەیدانێ
فڕێدران مەردی دە کارخانێ
کەس بە دەردی خۆی نازانێ
ئەوە ڕوحم بوو لە عاسمانێ
کەوتە بەرەکەتڕێژانێ
تا حەوت مەنزڵ کەس بە ڕێگای خۆی نازانێ
دوازدە تیپی کومەگدارە
بە زەخیرە و بە قەتارە
ئەوە هاتن بۆ [ئە]و هاوارە
پاک عەجەمی دڵ بریندارە
خۆیان لە وێ گرتەوە ئەو جارە [٦٤٤]
خالقی حەییی لە سەر
هاوار دەهەندەی داوەر
دنیات دانا بە میزان
هەرچی موقەددەری تۆ بێ
چ بکا بەندەی ماڵوێران؟
دەورەی دمدمیان توند کرد
دایاننا قەرەوڵان
سبحەینێ ئەو لەشکرە ڕۆیی
ئەوان نەمان هیچیان
چونکە ڕوحمی خوڵا بوو
ئەوان هاتن بە پەنهان
هێندێک دەیانگوت: غەیبی بوون
هێندێک دەیانگوت: ئەسحابەی بە ئەرکان

بۆ نیوەڕۆ چلوچوار سوار هاتبوون، لە پێش هەموویان خەبەریان دا بە خانان: دێت لەشکری ڕۆمیان.

شاخ و کێو و بڵند و نەوی
غەمزە ڕە مێردان ناکەوی[٦٤٥]
سوار دەگەنێ بە سەرڕەوی
میرم پشتت دەبێ قەوی
جێگای بڵند نابێ نەوی
بۆچی تۆ دڵت ناسرەوی؟
دایمە دڵت وەها سوارە[٦٤٦]
دایمە ماتە و بریندارە
ئاقڵت کەمە و بێ ئیختییارە
دەوڵەتی ڕۆمێ وشیارە
هاتووە تۆپ و خونپارە
بە وەی کەم دوو نییە و یەکە[٦٤٧]
ساحێبی ئەرڵ و فەلەکە
ئەگەر بم کەوێ جەندەکە
کەس نەڵێ: ئەتۆ وا مەکە
سوڵتان سەرکۆینەم دەکا [٦٤٨]
حازر بن خزم و جگەردار
لە ئەسپانیان ببن سوار
وەک ڕۆژێکی دەبێتە هاوار
یان ڕوحم دەبێ قوتار
یان فەتح بکەم ئەو جار
فکر زۆر لە دڵم کرا
ناکوژێتەوە ئەو ئاگرە
قسەی عەبدی لە گۆڕەوشاری قەبری ناخۆشترە[٦٤٩]
دەڵێن خان سکووتی داوە[٦٥٠]
هیچ غیرەتی پێ نەماوە
سەرچاوەی ئاوی هەڵبڕاوە
دەستی شەڕێی پێ نەکراوە[٦٥١]
پکەنەوە دەروازەی قەڵایە

قەستەم بە وەی کەم خودایە
عیلاجی ئەو دەردەم نایە
دەبێ من یان نەمێنم
یان خوێنی خۆم بپڕژێنم
یان من هەقی خۆم بستێنم
ئەو داخە لە دڵم دەربێنم
شاهەباس وا بژاکێنم
تەخت و تارانجی بستێنم
لەگەڵ ئێوەمە یارانە
دڵم وەک دڵی قارەمانە
یان دەگرم شەرت و ئەرکانە
سەعاتێکی پێم شەو ماوە
جووتەی خانان دەورە دراوە
خوێن جۆگەلەی وەک سێڵاوە
کەمێک لەشکریان گەڕاوە دواوە
خان هۆشیان پێ نەماوە
سێ ڕۆژە بێ نان و ئاوە
لە هیچ جێیەک نەحەساوە
کۆمەگیان ئەگەر بوو بڵاوە
خوێن لە بەدەنیان پڕژاوە
دەستیان ناگرێ لغاوە[٦٥٢]
لاق لە ڕکێفێ مەحتەل ماوە
چارەی دڵی وان نەکراوە
هجووم هات ئی ئیسپەهانێ
بۆ دەورەی دە جووتەی خانێ
ناکرێ عیلاجی دەردی نیهانێ
هەر وا هاتووە لە زەمانێ
چون سێ ڕۆژە بێ ئیختیارن
لە شەڕێ دان، بێ ڕفتارن

پێت بڵێم بە عاقڵی و هێمنی
چاویان نابینێ دوژمنی[٦٥٣]
کۆمەگ نییە بچێتە کنی
لە هەمووی هەر شیرکێشانە
حوکمی هجووم و فەرمانە
خان لە ڕکێفی وەرگەڕانە[٦٥٤]
ئەوە موقەددەری سوبحانە
لە مەیدان کەوتن دوو خانە
برینی شیر و تیرە، دەردیان گرانە
شەڕیان دەکرد وەک شێرانە
ڕوحیان دەردەچوو لە گیانە
چونکی تۆ ساحێب حونەری
بە غیرەتی و بە جەوهەری
ڕۆژێک کەس نەیوێرا بچتە سەری[٦٥٥]
خانم و خاتوونان دەگریان
بۆچی دیار نین جووتەی خانان؟
کەس نەیدەوێرا بچێتە سەریان
دەیانگوت: بەڵکو مابن بە ژیان
هەرچی بچێ دەیکەن بێ گیان
هەرکیان عەمریان دا بە ڕەحمان
شانیان لە خوێنێ سەرگەردان!
ئاخری دنیا هەر وەهایە
ئاخری پیاو دەبێ مفتەلایە
ئەوان عەمریان چوو بە زایە
ئەوە موقەددەری خودایە
عیلاجی ئەو دەردە نایە
شاهەباس ئەگەر وای زانی
لاشەیان کەوتە مەیدانی
شێری بە مەبخی و نییانی

ئەوە بە خوێنی حەسەن خانی
خانم و خاتوونان خەبەرداره
میر کوژراون، شوێنیان دیاره
میرات بێ گواره و قەتاره
زیندەگانی نەما ئەو جاره
هاوار وە بەر پەروەردگاره
جەرگ و دڵمان گرفتاره
ڕێ نییه گەر بکەین فیناره[٦٥٦]
ئێمه ئەگەر پکەین تەگبیر
دەبین ئێخسیر و موقەسیر
بێ تەگبیرکەر و بێ وەزیر
پەنا بەرین بۆ خودای بێ نەزیر
پکەوینه دەستی ئەوانه
کارمان لێ پکەن پەنهانه
بەدبەختین، ماڵوێرانه
لێمان تێک چێ بەخت و ئیقباڵ
بشکێنن بازنه و خڕخاڵ[٦٥٧]
بە یەخسیر بەرن چاوی کاڵ
دەبینه کۆینەی هەزار ساڵ
کەس یاخوڵا ئەوه نەبینێ
با دەرچێ ڕوحی شیرینێ
هاتنه سەر قۆنگرەی قەڵایه
شەمسەیه و زارا و زڵەخایه[٦٥٨]
قەمبەرنازه و دڵ وەفایه
گوڵ چینه و مەسته و زارایه
گوڵستان لەگەڵ بەدەخشانه
شازەمان لەگەڵ جەیرانه
کچی ناسک لەگەڵیانه
با ئێمه قەست بکەین لە جانه[٦٥٩]

قەستەم بە زاتی حەییی دانا
حەرام بکەین ئەو ژیانە
خولا ئەگەر بدا بەخت و ئیقباڵ
دینی ئێمە نەکا بەتاڵ
ببینە تەیرێکی تیژباڵ
چش ئەوجار دەکەین دەروێشی و سووال
پاشی خانی لەپزێڕینە
هاشا لەو عومر و لەو ژینە
دنیا بێ وەفایە، وەفای نینە
پاشی خانی موکری
لەبز شیرن وەک شەکری
چاو ناتوانێ لە بۆی بگری
خولایە بمانکەی بە کۆتر و سەقری
یانە عومرمان ڕاببری
عومرمان لە دەست وەربگری
نەمانخەیە بەر دەستی جابری[٦٦٠]
لە ناموسمان نافکری.
نەبین ئێخسیر و سەرگەردان
نەبینە کۆینەی دنیای پان
باسمان بکەن لە مەجلیسان
بلێن: کیژان ئێخسیر کران
بکەوینە سەر قسە و بوختان
مردن خۆشترە لەو ژیان
خۆ مردن عەمری خودایە
دیارە قەت عیلاجی نایە
ئەوڕۆ و سبەینێ، بۆ ئێمە هەر وایە
جا ئەوجار ئەوە لەشکری ڕۆمێ دێ.
سوڵتان بە لەبزی خۆی حوکم دەکا
هیچ کەس قسەی وی وە پاش نادا

ساحێب مەنسەب دیاری دەکا
بڕوانە لەشکری چەنی قەڵا
بەیداغی مانگ و ڕۆژ نیشان وەپێش دەخا[661]
دایپۆشی زەمین و سەحرا
گەر هاتن، دیتیان خان نەما
بوو بە کێشە و هەڵڵا هەڵڵا
جادە و ڕێبازان پاک گیرا
هەر وەکوو شێر و هەژدیها
زگیان بە کەس نەدەسووتا
نە وەک سوڵتان دەرمان پکا
قوڕقوشممان دە گەرووی کا[662]
تا دەمرین حەفسمان دەکا
دەڵێ: بۆ خانانو لە دەست دا؟
هات لەشکری حیرمان و عوممانێ[663]
ڕاوەستان لە سەر زین و خوانێ [664]
وەک ڕۆژی ئاخر زەمانێ
وەختی تەرازوو دانانێ[665]
بۆ خێر و شەڕ بەش کرانێ
وەکوو شێر گرتیان سانێ
خوێن دەپەڕێ بۆ عاسمانێ
پەپاغ کەوتنە مەیدانێ [666]
سەرکردەی لەشکریان کوانێ؟
بەغدا هاتە حیسابێ [667]
لەشکری وان بە کەس زەوت نابێ
هاتووە لەشکری بەسرایە
قەرەبینای لە ملدایە
لەشکری ئەوان دوای نایە
هەر ئەڵڵا و خودا خودایە
دوژمن دەکا واوەیلایە

بەڵام ئەوان عیلاجیان نایە
پێشیان گرتن تا سەڵماسێ [٦٦٨]
باب هیچ کوڕی خۆی ناناسێ [٦٦٩]
پاش و پێشیان لێ گیراوە
هەزار کەس ئێخسیر کراوە
ئەی لەو ڕۆژ و کام و کاوە!
هات لەشکری دیاربەکری
هەر وەکوو باز و وەک سەقری
هیچی لە قانوون نافکری
ڕوح لە دوژمن وەردەگری
ئاخر ئاکرێ بەجێ ماوە
هاتن جوان و خاو و لاوە
لە سەر ڕکێف ڕاوەستاوە [٦٧٠]
دەڵێن جووتەی خانان کوژراوە؟
ئەی بۆ تۆپ دانەبەسراوە؟
بۆ خوێن نایەن لە دوو چاوە؟
نیوەی دنیا وەرگەڕاوە
چون زۆر مەتلەبن بۆ سوڵتان [٦٧١]
دۆستن هەر وەکوو برایان
عەجەم کاری وای کردووە؟
ڕوحی وان لە بەین چووە!
ڕۆیی تانج و تەخت و ئیختیار
لە ئێرانێ وا بووە هاوار
وا تێکەڵ دەبن پیادە و سوار
لە سەر ڕکێف دەکەونە خوار [٦٧٢]
کەس نییەتی هۆش و ئیختیار
لە بەر برین و دەرد و هاوار
هیچ کەس بە خۆی ناباتن چار
حوکمی سوڵتان هێند بە تینە

دڵ لە زەخم و پڕ برینە
هاتووە لەشکری مەدینە
هەمووی لاو و جوان خوێنشیرینە
پاک لە سەر ڕکێف و خوانی زینە
ئەوان لە جەنگێ چێن خزمینە![٦٧٣]
ئەوان گرتیان لای مەرەندی [٦٧٤]
بێ سیاسەت و مەکر و فەندی
مەردی حەوت تیپیان هەڵکەندی
بە حوکمی ڕمب و نێزە و شیر
هەزار کەسیان دەکرد ئێخسیر
پیاوی گەورە و نایب و وەزیر
وەکوو باران دەبارێ تیر
لەشکری مەکە بۆ دیار نییە؟
پاکی وڵاغی سپییە
پاکی خوێنی لە چاوییە[٦٧٥]
لەشکری تورکان بۆ دیار نییە؟
میرەڵەیە و ئافەندییە
هات لەشکری عەنەدۆڵێ[٦٧٦]
دەبی بیگرم خاکوخۆڵێ
هەمووی بکێشم بە کۆڵێ
ئێستا نایەتن لە تۆڵێ
هات لەشکری شاری کەرکووک[٦٧٧]
وەکوو دەریا و سێڵاو دەبزووت[٦٧٨]
سوار و پیادە پاک تاق و جووت
ڕاوەستان وان لە مەیدانێ
کوانێ جووتەی خانان کوانێ؟
بۆمان دابنێن مێزانێ
بگرین تەختی ئیسپەهانێ
ڕاوەستن لە سەر ئەرکانە

لەشکر یەگجار بێ سامانە
زۆر شلوێیە ئەو ئێرانە[٦٧٩]
هەتا دێ حوکمی سوڵتانە
هاتووە لەشکری لای کۆ[٦٨٠]
هەموو ئازان و سەربەخۆ
خوێن دەڕوا وەک جۆبار و جۆ
لە مەیدانیان دەرکردووە گۆ[٦٨١]
لە عەجەمان بۆتە ڕۆڕۆ
لەشکر ڕۆیی ئەو بۆ لای خۆ[٦٨٢]
هاتووە لەشکری هەولێرێ[٦٨٣]
کەس بەو سپایە ناوێرێ
عەرزی بە خوێنی دەدێرێ[٦٨٤]
لەشکری وان هەڵبواردرا
لەشکری ئەوان ڕۆیی
تێکەڵ بوون دەگەڵ کۆیی
جووت جووت دەبوون پیادە و سوار
بە سەت داد و بە سەت هاوار
لەشکریان چوو بۆ عەلەمدار
عەجەم هەر وا دەکا فینار
ئەدی بۆچیمان نەزانی
هات لەشکری سولەیمانی[٦٨٥]
کە شێر هەڵدەستێ بەیانی
بۆ نچیر چاوەڕییە
چنگی نەشتەرە لەو ڕێیە
دایمە ئەو نچیرەی پێیە
هاتووە لەشکری میسر و شام[٦٨٦]
نامێنن عەجەمی عەوام
کارێکیان کرد بە عاقڵی خام
قابیلەتیان نەما لە لام

عەرەبستان سەرپاک بوو بە یار
دنیا پڕ بوو لە پیادە و سوار
بە هجووم گرتیان بیست و یەک شار
تەورێز گەلێک قەدیمە و ماوە
خوێن لە تەورێز دەبوو بڵاوە[٦٨٧]
بناغەی تەورێزێش گیراوە
کەسێک گەر خوێن بپرژێنێ
لە کاری خۆی ڕانەمێنێ
غەرەز وە بەر چاوی بێنێ
دڵی وی خوێن بدەڵێنێ
لە خوێنی جەیران و زێنێ
کە بتوانێ خوێن بستێنێ[٦٨٨]
قۆڵێک بڕوا بۆ قەزوێنێ[٦٨٩]
گرمەگرم و خاشەخاشە
دوازدە هەزار کەس فەڕاشە
حازرە بۆ سەر نان و خوانە
ئەگەر مەحتەل نەبن ئەوانە
وەزیعەتی خانە و خانە
هەرتک لایان بوون بێ گیانە
نەهات لە داد و لە فریاد
هەر دوو گیانیان دا بە باد
ئەوجار قوڵقوڵەی ڕۆمێ هات[٦٩٠]
ئەو مەرد و بەوری ساحێب زات
یان بەتاڵ دەکا تەختی ئێرانێ
ئەوڕۆکە هیچ کەس نازانێ
کارێکی سوڕڕی و پنهانێ
چون ئیختیار بە ئیختیاردارە
پادشای سوڵتان وشیارە
ڕاوەستین لە سەر ئەرکانە

بزانین چۆنی حوکم دانا
حوکمی وی دروست و ڕەوانە
تەکلیف لەگەڵ عەجەمانە؟
هات لەشکری وان و باشخالان[691]
دنیا پاک دەچێ بە تالان
بۆ خانی بوون بە ئاوالان
هاتن بۆ خوێن مام و خالان
هەر وەک هەور دەیاننالان
لە دەستمان داون چاوکالان
هاتە کۆمەگ لەشکری وانێ
حەو[ت] سەت کەسیان چۆتە سانێ
دەشکێنم حوکمی سوڵتانێ
خوێنی جووتەی خانان کوانێ!
ئەوە ئێستا نیوەی نایە
خوێنی خانان پاک دنیایە
کوا دنیا پیاوی وای تێدایە؟
لە بۆ ڕۆژی تەقەلایە
دوژمن بۆچی دەنگی نایە؟
بە خۆیان و هەشت هەزارە
ئەوەند تاقەت و ئیختییارە
جەرگی دوژمن کرا پارە
کوشتە و ئەسیر سی هەزارە
تا قیامەتێ شوێنیان دیارە
باشخاڵی دەستیان کرد بە گریان
سوێند بە خاوەنی ئینس و جان
ئێمە دەڕۆین بۆ ئیسپەهان
نامانەوێ ڕۆژی ژیان
تا خوێنیان دێنین وە دەستان
سالاران کەوتنە خوێنپڕژان

هەر وەکوو خودی ڕۆستەم وان
گەر شەڕی بوو لە ڕوی جیهان
ئەو دنیایە دەچێ بە باد
ئاخری دنیا دوایی هات
وەک ڕۆستەم و کەکی کۆزاد[٦٩٢]
بە فریو بە هیلاک چوو فەرهاد[٦٩٣]
کوا کێ خوێنی خانان دەدات؟
ئەو خوێنە قەت دوایی نایە
خوێنی وان سەرپاک دنیایە
هات لەشکری زمیرێ [٦٩٤]
پێشیان بە کەس ناگیرێ
بە شیر و گورز و تیرێ
وەک باز دەگرن نچیرێ
تیپیان کردووە بە حەوتانە
بگر بگر، ئامان ئامانە
خوێن دەتکێن لە چەکمانە [٦٩٥]
تەمە لە پێش چاوانە
ئەورۆ شەڕی شیرانە
خانم و خاتوونمان دانا
سەریان بردە گۆڕخانە
لەشکرێکی دی هات بە مەردی
کەلاک دەکەوتە هەردی
بە وێنەی دار و بەردی
خالق هەر تۆ تەنیای فەردی
قۆڵێک قانوونەزانە
ڕاناوەستن لە کارانە
پاک دەست بە شیری دەببانە
واوەیلا و ئامان ئامانە
هێندێک ڕۆیین میر و ڕەئیس

هاوار دەڕوا هەتا تفلیس[٦٩٦]
هەرتک خانانمان دان لە کیس
نیزیک بوون لە نەناسان
خوێن دەتکا لە کراسان
مەرگی دوژمن دەبوو هاسان
شاهەباس ساحێب ئیختیارە
بۆی هات بیستوچوار هەزار سوارە
پێنج هەزار کەسی بریندارە
کوشتە و مردە بێ ژمارە
لەقەم گەڕا لە مەیدانێ[٦٩٧]
لە لایەن قەوم و قاشانێ[٦٩٨]
ڕەشت لەگەڵ خاکی گیلانێ[٦٩٩]
هات لەشکری مازندەرانێ
لە دڵت دەرهاوێ هێش و ژان
هات لەشکری خاکی سیستان[٧٠٠]
ئەوانیش کەوتنە چاتمە لێدان[٧٠١]
دنیا بە جارێک شێوا
لەشکری عەجەم هات لە حەو[ت] جێوە
پاکی بە شین و بە گریان
هەموو برا و کوڕیان کوژران
خلاس نابێ ئەو جەنگی پان
تاکوو ڕۆژی ئاخری زەمان
دەبێ وە دەست بخەین خوێنمان
لەشکری ئێران بە سەت جوورە
هاتن بە ڕق و دڵ وەک کوورە[٧٠٢]
خەبەر بۆ سوڵتان هێناوە
دەورەی ئێرانێ گیراوە
سوار لە قەزوێن مەحتەل ماوە
سوڵتان حوکمی کرد بڵاوە

له وێ ئەوان بگەڕێنە دواوە
ئەمن کارم گەلێک ماوە
بە من دەکرێ ئەو خەبەرە
بە وەی کەم گیاندەر و گیانبەرە
شاهەباس خۆڵ وە سەرە
شاهەباسی پادشای ئێران
مەعموورم دێ پیاوی چازان
ئەمن لێم کڕی نیوەی ئێران
من بە زێڕخرید دام بە خانان[703]
بۆ تێکی دا شەرت و ئەرکان؟
ئەمنی خستۆتە سەر قسان[704]
بەڕێم کردووە لەشکری پان
بۆتە باعیسی دوو تەختان[705]
یەکیان ئی خۆی، یەک ئی سوڵتان
ناترسێ لە خۆفی ڕەحمان؟
کردییە قیامەت و خوێن ڕێژان
بە دەست خودایە ڕوح و گییان
هێندی کەلاک خستە مەیدان
بۆ قیامەتێ بێ ماڵوێران
عەبلەی بێ عاقڵی هیچ نەزان
شەریک دێنێ لە بۆ قوڕعان[706]

والی و تۆپاڵپاشا و بەخشپاشا چوونە کن شاهەباس. قەراریان دانا شەڕی بە شیران.

دامەزران ئەوبەر ئەوبەر
لە شیران دەڕژێ جەوهەر[707]
ئەورۆ ڕۆژی قەستەسەر
دەبێ وێک بێی وەکوو فەنەر[708]
ڕوح لە مەیدانێ بەریە دەر
ئەو حەلی دەبیە پەڕ بە سەر[709]

له دڵت نەبێ خەم و خەتەر
هەڵکێشران شیری جەوهەردار
له بەر نەهرەتەی مەرد و جگەردار
ئاواز دەداتن کۆهەسار[710]
پیاو دەبێ ڕوحی خۆی پکا ڕزگار
خوێن دەباری وەکوو خوسار
مەتاڵ لە مەیدان دەشکانە
جەنازەیان فڕێ دەدرانە
ڕوح کەوتۆتە جۆللانە
گەروو تیژ و تاڵ و بێ ئامانە[711]
پاکی هاواری ئاویانە
بریندار و زەخمدار
هەموو دەکەن داد و هاوار
لە مەیدانێ بن قوتار
هەتا حەو[ت] ڕۆژ بە فەرمانە
خودا شەو و ڕۆژی دانا
ئەو حەو[ت] ڕۆژە شیرکێشانە
لە یەک ڕوح لێ هەڵگیرانە[712]
هیچ لا نەیانبوو ئەرکانە
سەت کەس لە ڕۆمیان بێ گیانە
لە وان بیست کەسیان نەماوە
فەتحیان وەدەستی دراوە
دەزانی ئەوە مایەی چییە؟
کردوویانە مەشقی شیربازییە
ئیمتحان و بەڵەدییە
ئەوان لە سەر وەرزیشییە
ڕۆمیان وەرزیشیان پێ نییە
خەڵک ترسا، باسی سەرە
وەکوو جەنگی شێر و کەڵە

له شەوێدا هات میرەڵە
پیاوێکی بە فکر و ڕایە
عیلاجی دڵی وی نایە
ئەگەر کردی ئەو پرسیارە
سێ سەت کەسیان بریندارە
پێنج هەزار کەس بێ ئیختیارە
مردوون و لە ڕووی ڕۆزگارە
دەستی دەدا ئەو لە ڕانی[٧١٣]
هەڵیدەکێشا دەبیانی
ئاوی دەهات لە چاوانی
دەڵێم ڕوحم بکەم فانی
جا چۆن دەبێتن ئەو کارە؟
عەجەم بۆ ئێمە سەردارە؟
ئەو بە سەر ئێمەدا سوارە[٧٦٤]
لە دڵی داد و هاوارە
وەخت بوو خۆی پکا پارە
وەکوو شێری بێ ئەندێشی
لە والی دەچووە پێشی
سەرباز نی، تۆ دەروێشی
قەستەم بە زاتی سورپۆشی[٧١٤]
خوێنت دەڕێژم لە نێو یاران
جوسەت دەکەم تیرەباران
هەی بێ عاقڵی نەزانکاران! [٧١٥]
تۆپاڵپاشا هاتە سەرێ
دەستی لە گۆیە خەنجەرێ
ڕوحی شیرنی وەختە دەرێ
دەیگوت: تۆ ببەخشە جانە
ئێمە کارمان زۆر گرانە
بە هیچێ پێنج هەزار کەسمان دانا [٧١٦]

ئێمە دەچینە حەفسخانە
لێمان مەعلووم بووە وەهایە
دەردی ئێمە چاری نایە
بێ ڕوح دەبین لەو دونیایە
ئەوە قسەی تۆپاڵپاشایە
سوێندمان خواردووە تا بمێنین
قەولی خۆمان نەشکێنین
بە شیر شەڕ بە عەمەل بێنین
خوێنی یەکتری بپڕژێنین
ئەوان بازن ئێمە شەهێنین
نازانم لێی نازانین یان کاری خودایە
سەرکەوتن لە دەستی واندایە
عیلاجیان بە ئێمە نایە
حوکمی کرد ئەرێ ئەی یاران
تۆپ دابەستن لە کۆهساران
سبەینێ دەیکەمە خوێنباران
توپ دابەستن ئەوبەر ئەوبەر
لوولەی بخەنە ڕێگا و گوزەر
تێک بدەن مەیدانی شیر و خەنجەر
ئەی لەو کاری گەورە و خەتەر!
سێ سەت تۆپ زنجیری ئەستوور
تۆپچی بانگ کەن زۆر بە دەستوور
لە دڵی دەرهاوێژرێ قسوور
تا کارم لێ ببێ مەنشوور
وەهای حوکم کرد فەرماندار
ناڵە هات وەک هەوری بەهار
دەبزووتن دەشت و کۆهەسار
گوللە وەک برووسکە هاتنە خوار
هاتبوونە پێشی دە هەزار

پیاوی ڕەشید و جگەردار
لە دڵیان هەموو بوو بە هاوار
عەرز دەسووتێ و کۆهەسار
پێنج هەزاریان بوونە گرفتار
ناڵەی تۆپە لە هەموو جێ
دەلیا وەک مێو هەڵدەلەرزێ[717]
هەچ جارێکی مەوجێ دەلیا دێ
پێنج سەت کەسیان لێ دەخنکێ
هەچ جارێکی مەوجی دەلیا
بە حەڕەکەت شەپۆل دەدا
پێنج سەت کەسیان لێ دەخنکا
پێنج سەت چادری وە بن خۆی دا
بوو بە ناڵە و گوڵەگۆڵ! [718]
ئاوری تێبەربوو خاکوخۆڵ
پێشی تۆپێیان کردن چۆل
میرەڵە حوکمی کردییە
تۆپچی هیچی عاقڵی نییە
شەوێ ئیسراحەت قاتییە
قەستەم بە وەی ئەبەدییە
نابێ بووبێ خەو و خاوە
بڵێن: دنیا پاک سووتاوە
لەشکری عەجەمان نەماوە
پەپاغ لە مەیدان بڵاوە[719]
وێلدم وێلدم، کاوە کاوە
شا عاقڵی پوختی لێ بوو خاوە
تەخت و تانجی لێ گۆڕاوە
عەمری بە زایە دراوە
گیرا پێشیان بە زۆپەی تۆپ
بوو بە گریان و هۆکە هۆک[720]

زنجیریان دا لەشکری تورکان
خڕیمچون بوو لەشکری ئێران
ئالآیان خستە سەر عەرزان
فڕێیان دا شیری دەبان
بوو بە گریان و ئەلئەمان
بیست کەسیان یەخسیر لێ گیران
سێ هەزار کەسیان لێ بوو بێ گیان
قۆرخانە و زخیرە و ماکوولیات
پاکی لە چنکیان دەردەهات
نانێک نەبوو هیچ کەس بیخوات
بوو بە گریان و داد و فریاد
تا حوکم پچێ بۆ بەغدایە
حوکمی سوڵتانی تێدایە
لە سەر ڕووی بنیادەم دەبێ ببێ جودایە
تا بڵێن: عیسان نییە و داعبایە
دەنا عیلاجی وی نایە،
ئێران ڕۆمیانی تێدایە
تەگبیرکەر کردیان مەسڵەحەت
دنیا خۆشە وەکوو جەننەت
ئێمە عیلاجمان ناکرێ قەت
هەڵگرە حیجاب و ماریفەت
مەبە باعیسی سەت سەت

تورکان کوتیان: زەخیرە و تێشوویان بۆ بەرن، تا حوکمی یەگجاریمان بـۆ دێ. شاهەباسـیان وەک داعبـا ناردە سـەر دارێ! پاشـان سـوڵتان بەخشـی. «سامۆتێ» و «نازناز» و «خاس خاس» و «دزە» و «زێوە» و «وێناسـان» و «جولبەر» و «باڵستان» و «دەلۆ» و «دەربەند».... خانمان لە وێ گیرسـانەوە.[٧٢١] کچێکی خانیلەپزێڕین نێوی تازیمە سـوڵتان بوو، کچێکی نێوی شـازەمان بـوو. ئەوان مێردیان بە فیداخـان و جانگیرخان کـرد. وەلەدیان لێ پاشـەکەوت بـوو، «عەدۆیی» لە وانن. شـکاک چوار عاشـیرەتن: «زیندەشـتی» و «هەنارەیی» و «کاردار» و «عەدۆیی».[٧٢٢]

ئەوە خاتیمەی دمدمە.
خالق هیچ فکری پێ ناوێ
تۆ موقەددەر دەخەیە ناوێ
شا و سوڵتان بێ ئیختیارن
لە بەندی تۆ بن دیوارن
ئەوان فەقیر و بێچارن
کەس بە قودرەتی تۆ نابا ئەسەر
دنیا بۆ کەس ناچێتە سەر
چەند بێ جەوهەر و ساحێب جەوهەر
داتنا لە دنیا و لە گوزەر
هیچ کام ڕوحیان نەما لە بەر
چەند پیر و شێخ و مەلایە
چەند جوان و مەست و فیدایە
بەو دنیایە مفتەلایە
عیلاجی مردنێ نایە
قودرەت هەر بە دەست خودایە
عەلا ساحێبی ئیختیار
عەلا ساحێبی میعراج سوار
عەلا ساحێبی حوکم و موختار
سەللی عەلا محەمەد سەلەوات
سوار بوو لە بوڕاقی خەلیل[٧٢٣]
ڕۆیی بۆ خزمەتی جەلیل
شەکەت بەجێ ما جوبرائیل
سەللی عەلا محەمەد سەلەوات.

# دمدم

؟ [٧٢٤]

فەقێ محەمەد و فەقێ ئاودەل هەرکیان ئاواڵفەقێ دەبن. فەقێ محەمەد خەڵکــی ئێرانــێ دەبێ و فەقێ ئــاودەل خەڵکی ئێراقێ دەبــێ. ڕۆژێکی لە ڕۆژان کە پێکەوە بۆ جێخواســتنەوەی دەگەڕان لەو جێیەی کە ئێستا بە دمدم مەنشــوورە، دەبینن پۆڕێک لە ســەر بەردێکی دەبێ. وەختایەکی لە ســەر ئەو بەردەیە زۆر شــیرین و لە بەر دڵانە و ســەرەڕای ئەوەش لە حــەوت جۆرە ئاوا و ئاهەنگان دەخوێنی، بــەڵام کە دێتە خوارێ ئەوەندە سیس و پیس دێتە بەر چاو کە هیچ کاتێ پیاو حەز بە دیتنی ناکا! [٧٢٥] فەقێ ئــاودەل ڕوو دەکاتە فەقێ محەمــەدی، دەڵێ دەبێ ئەو بەردە حیکمەتێکی هەبێ، دەنا بۆ دەبێ ئەو پۆڕە ئەگەر لە ســەر وێیە ئاوا شــیرن و لە بەر دڵانە و ئەگەر دێتە خوارێ ئاوا سیس و پیسن! فەقێ محەمەد دەڵێ ئەمن دە خەوێش‌دا دیومە کە بن ئەو بەردەی حەوت دانە خەزنەی زێڕی تێدایە، بەڵام پیاو لە ترســی شاعەباســی چی لە دەســت نایە. فەقێ ئاودەل دەڵێ حــەک لــە منت نەکــەوێ، [٧٢٦] ئەوە چییە، دەچێ پیاو ئەوە لە شاعەباســی دەکڕێ؛ کڕینی ئەو بەردەی زۆر هاسانە.

بەڵــێ پێڕادێنن[٧٢٧] دەچن بۆ ئیســپەهانێ؛[٣٠٢]دەچنە کن شــا عەباســی. لــە بــەر ئەوەی لە بەرگی مەلایانــدا دەبن و پیاوی عیلــم و ئەوانە دەبن، شــاعەباس زۆر قــەدر و حورمەتیــان دەگرێ. بە قــۆڵ و وەزیران دەڵێ هەر کەسەی شتێکیان دەنێ و بەڕێیان کەنەوە زۆر بە قەدر و حورمەت. فەقــێ ئاودەل دەڵــێ قوربان ئێمە بۆیە نەهاتووین ئەگە ســواڵێ بکەین و بۆیــە نەهاتووین چاوەدێرێمــان بکەی. ئێمە ئەهلی عیلمیــن و دەمانەوێ نیشــتەجێ بین و خزمەت بە دین و عیلم بکەین. شــاعەباس دەڵێ جا زۆر چاکە وەرن لە مەدرەسەی چوارباغی[٧٢٨] دەرسێ بڵێنەوە. پاش ماوەیەکی کە شاعەباس دەبینێ ئەوانە زۆر لێهاتوو و وێچوو و چازانن، دێنێ کچی خۆیان پێشکێش دەکا؛ کچی خۆی دەدا بە فەقێ محەمەدی. فەقێ ئاودەل دە وەی‌دا دەڵێ چاکە وایە بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان بە سێحەبملک بزانین،

با بە قەرا چەرمی گایەکمان پێ بفرۆشی لە خاکی ئێرانێ. شاعەباس دەڵێ ئەوە پێم فرۆشتن. سبەینێ دەچن گایەکی دەکڕن، کەوڵی دەکەن، چەرمەکەی دەدەن بە دۆم و قەرەچییان. جا وەک داوە دەزووی هەڵیدێنن. ئەو سەفەرەی بە دەوری کێوی دمدمی‌دا دێنن[729] و دەست دەکەن بە کار کردنێ و قەڵای لێ ساز دەکەن. شاهی عەباسیش بۆ ئەوەی بزانێ ئامانجیان چێ و لە کار و کردەوەیان حاڵی بێت، دە بەرگی فاعلان‌دا دەچێتە ئەو جێیەی کە پێی دەڵێن قەڵای دمدمی؛ لە وێ دەست دەکا بە کارێ. کچی شاعەباسی کە ژنی فەقێ محەمەدی دەبێ و دوایە بە خانی‌لەپزێڕین مەنشوور دەبێ، دەڵێ ئەو فەعلەیە بێ و نەبێ[730] بابمە. دەڵێ هەی نەبێ![731] دەڵێ ئەنگۆ دە سیاسەتی بابی من ناگەن؛ شاعەباس زۆر پیاوێکی بە سیاسەت و بە مشوورە. ئەگەر بێت و ئەنگۆ نان و نمەکی دە پێش بنێن ئەوە خەیانەتیو پێناکا، دەنا حەتمەن شتێکی دە بن سەری‌دایە؛ دەنا بۆ دەبێ بێ فەعلەیی بۆ ئەنگۆ بکا!؟ بەڵێ دێنن نان و نمەکی دە پێش دەنین. شاعەباس وەختایەکی ئاشکرا دەبێ، نیوەشەوێ هەڵدەستێ سواری ولاغی دەبێ. بە دەرکەوانەکەی دەڵێ ئەمن ئەوە سەد زێڕت دەدەمێ ئیجازەم بدە ئەمن دەچمە دەرێ. دەڵێ خان کوتوویەتی کەس نەچتە دەرێ. دەڵێ کوڕە چت بە وەی داوە، خۆ کەس نازانێ. ئەمن دەچم هۆ لە وەی، ولاغەکەم ناڵەکان پاش‌و پێش دەکەم و دەڕۆمەوە. دەچێتە کن کابرای ناڵبەند، کابرای ناڵبەندیش دەڵێ ئەمن ئەوە سێ زێڕت دەدەمێ ئەتۆ ناڵی ولاغەکەم بۆ پاش‌وپێش کە. ناڵی ولاغەکەی بۆ پاش‌وپێش دەکا و لێدەدا دەڕواتەوە ئیسفەهانێ.[732] لە ئیسپەهانێرا پیاوی دە سەر خان‌ئاودەڵی دەکا و دەڵێ دەبێ بۆ ئەوەی ئەمن لێی ئەمین بم و بزانم ئەوە پیاوێکە خەیانەتیم پێناکا دەبێ کوڕێکی خۆیم بۆ بنێرێ. جا ئەوە مناجاتی بەیتی دمدمێ:

کەونکێ لە کەونە دنیایێ
کەونکێ لە کەونە دنیایێ
سەرەخۆرێ، بێ قەولێ، بێ شەرتێ، بێ وەفایێ
نە وەفات لە بۆ کەسە
نە لە بۆ کەست وەفایە

دنیا! چەند جوانان دەست پێدەگرتی
چەند جوامێران دەست لێ بەردەدایە
دنیا نە بە بابەئادەمی دەما نە بە دایکەوایە[٣٦٦]
نە بە حەزرەتی یۆسبی دەما نە بە زلەیخایە[٣٦٨]
نە بە حەزرەتی سولەیمانی دەما[٣٧٠]
ئەگە بە حوکمی نەڕەدێوان سێبەری دەکردەوە لە سەر چاوی بڵقیسایە
دنیا نە بە حەزرەتی ئەسکەندەری دەما[٣٧١]
ئەگە خەرجی دەئەستاندەوە لە مانگێ لە ڕۆژێ لە دەلیایە
دنیا نە بە ئیمامی شێرعەلی دەما[٣٧٢]
ئەگە سواری دوڵدوڵی دەبوو بە درێژایی ڕۆژێ
دەگەڵ کافرانی دەکردەوە جەنگ و جودایە
دنیا نە بە خاڵندی بنی وەلید دەما[٢١٣]
ئەگە هەژدە لفکەی بەردەدانەوە لە ڕۆژی دە خەزایە
خودا هەر ئەو خودایە
سەردارم محەمەدە، خۆشەویستی خودایە
نووری پڕ بە عەرشییە، پێی لە تەختەسەرایە[٣٧٤]
کوانێ جانی بنی جان؟[٧٣٢]
کوانێ ججمە سوڵتان؟[٣٧٦]
کوانێ سامی نەریمان؟[٧٣٣]
کوا قارەمان و قەیتەران؟[٢٦٦]
کوا ئەبابەکر و عوسمان؟[٢٥٦]
کوانێ عومبەری قەیغان؟[٢٥٨]
کوانێ شێرعەلی شێری مەیدان؟
کوا ئەسحابەی پاک و جوان؟
کوا بەختەک و نۆشیروان؟[٢٧٣]
دنیایان کرد فراوان
ئەوانیش شتاقیان نەمان
کوا زەبردەستی وەک ڕۆستەم؟[١٤]
کوا بەخشەندەی حەتەم؟[٢٨٤]

کوانێ جوانی وەک نەسیم؟[٢٧٩]
کوا ئەسحابەی وەک تەمیم؟[٢٨٠]
کوا سەعیدی ترشڕوو؟[٢٨١]
کوانێ جوانی بەئابڕوو؟
کوانێ ئەزرەقی جادوو؟[٢٨٢]
ئەفلاتوون وەک وی نەبوو[٢٨٣]
کوا نمroud و کوا شەداد؟[٢٧٢]
کوا فیرعەون و تاق مراد؟[٣٨٧]
کوا شەدادی بە غوڕڕەم ئەگە دایدەنا جەهەننەم؛[٣٨٨]
بەهەشتی دانا یەکدەم
ئەو دنیایە حیز و مایەپووچە
ئەگە سەد ملّکن بێ بە مووچە
عاقیبەتی دەچینەوە قەبری بە کووچە[٢٨٥]
قەبری ڕەشی زیندانی
هەڵیاندەکەند لە ئەستۆی ئینسانی[٣٨٦]
ئەگە چاوم دەکەوت بە چاوانی
ڕوحم دەردەچوو لە گیانی[٧٣٤]
با بچینەوە سەر بەندەنی دمدمی پێن[ج] سەد کەوانی[٣٩١]
لێی دانێینەوە قەڵایە
ئەوان شێران، ئەوان پڵینگان پێیان بکەینەوە دەعوایە
پاشی خانئاودەلی و کاکەخانەی
خودا بداتەوە ئیقباڵی
سەد ساڵ پاڵ وەدە[٣٩٢]
خەڵکی بیکا و بیخواتن دەبێتن بە زێدە
خودا نەدا ئێقباڵی
حەو[ت] ساڵان بکەی ماڵی
هەر ڕووت و ڕەجاڵی
دمدمم بەردێ لە چەلان[٧٣٥]
جێگای خان و خانئاودەلان

حەیفێ بۆتە جێگای قەلان
دمدمم بەردێ لە سێران[393]
جێگای خانان؛ جووتەی شێران
بۆتە جێگای شەل و کوێران[394]
حەیفێ ڕێویلان لێی دەدەن سێران
دمدمم بەردێ لە چەلان
جێگای خان و خانئاودەلان
حەیفێ بۆتە جێگای قەلان
هەر لە شای هەتا خونکاری
خان گەڕان هەر چوار کەناری
لە دمدمی پکەین دیواری
هەر لە خونکار هەتا شایە
خان بە عەبدالّی گەڕایە
قەلاّی لە دمدمی دانایە
دمدم بەرەو ڕۆژهەلاّتێ
هەر دوو خان دەیکەن غەباتێ
دە بلاّن ڕاکێشین قەلاّتێ
پێن[ج] سەد وەستای بەردەداتێ
هەر وەستا بوو کیسەی داتێ
قایم بۆ ڕۆژی حەراساتێ
دمدم بەرەو ڕۆژئاوایە
هەر دوو خان لێی دەکەن ڕایە
جا بلاّن ڕاکێشین قەلاّیە
پێن[ج] سەد وەستای بەردەدایە
هەر وەستا بوو کیسەی دایە
قایم بۆ ڕۆژی دە دەعوایە
کاکەخانم ئەلّماسڕەشە[395]
لەپزێڕینم چاو بە نەخشە[396]
پێن[ج] سەد وەستای هێنا پێشە

قۆنگره و قەڵاتی ڕاکێشا
خانئاودەل بوو کاکەخانە
میریٚ مەزن شانەوشانە
هەرکان ملیان ویٚکڕا دانا[٢٩٧]
قۆنگره و قەڵاتیان دانانە
ڕایانکێشان جببەخانە
قایمیان کردن سوللەخانە[١٧٣]
خانان ئاویان هێنانە
پاشای بزورگ و ڕەحمانە
وەرنە سەیریٚ شای عەجەمانە
ئەویش یەکێک لە فەعلانە
پادشای بزورگ و ئەڵڵایە
وەرنە سەیریٚ عەباس شایە
بە کریٚ و بە فەعلە گیرایە
حەو[ت] ڕۆژە دەو کارەیدایە
ڕۆژیٚ زێڕێکیان دەدایە
بەردی بناغێی دانایە
ئەو زێڕەی وە بن دەنایە
بەرد و زێڕیش ئێستا مایە
وەختە ببێت ئاشکرایە
شاعەباسم وەختە ببێت ئاشکرایە
خانان نمەک دە پێش نایە
خان وە سەر کەوتن لە برجانە
بانگیان کردە وەستایانە
لە فەعلانم یەک غەیانە
خالەقی عەرز و عاسمانیٚ
شاعەباس دەگریٚ ڕق و مانیٚ
چۆوە تەختی ئیسفەهانیٚ
شاعەباسم زۆر مەتینە

خورپه خانی لەپزێرینه
کورێکم داتێ بە رەهینه[٤٠٠]
هەتا لێی ببم ئەمینه
خان دەڵێ عەبداڵبەگە تۆم تەرلانی
مەعلوومە مەردی قەیغانی
تۆم عەولادێ کاکەخانی
لێی دەچۆ کن شای ئێرانی
عەوداڵبەگی چاو بەنگییه
حەو[ت] ساڵی خزمەت کردییه
غەریبی ماڵێی کردییه
عەوداڵبەگ بوو وەک شەمامە[٤٠١]
حەو[ت] ساڵەی کردبوو تەمامە
وە بیری کرد باب و مامه
بەرێی کرد مۆر و غولامه
مۆر و غولامی بەرێ کردییه
کاقەز هات گەییه خانییه
خانی موکری لێی نۆرییه
کور قاقەزێک وا ناردییه
غەریبی ماڵێی کردییه
خان قاقەزێک وا ناردییه
فرزەندی ما کۆی لە وییه[٧٣٦]
جوعمێک ئیزنی بداتییه[٤٠٢]
پاشان هەر لە خزمەت وییه
رووی سپی بێ شای ئێرانه
وە بیری کرد پارویێک نانه
بۆی هێنا تەختی رەوانه
عەوداڵبەگی کرد رەوانه
عەوداڵبەگی میسرییه
هات گەییه باب و مامییه

سەلام لە باب و مامییە
وایکردبوو عەرزی بابییە
خزمەت خزمەتی ڕەبییە
خزمەتی ترکی هیچ نییە
خانان وایان دەزانییە
دەستیان بە نژدان کردییە[٣٠٦]
هەتا تەوریزیان گرتییە[٤٥]
سەرحەدیان بە قوڕێ گرتییە
پێیزانی شای ئێرانییە
هەر دوو خان لێی بوون یاغییە
شاعەباس دەکاتن تەگبیران
دەنێرم قۆڵ و وەزیران
خانان دەکەم دە زەنجیران
پاشان بیانهێنن ئێحسیران
شاعەباسم دەکا ڕایە
وەک زیندوو بم لە دنیایە
ڕازی نیم ڕۆنێن قەڵایە
لێو خەرا دەکەم سەرایە
شاعەباسم زۆر قەیغانە
قاقەزی نووسی لە خانانە
دە بڵێن بڕۆن لەو سەرحەدانە
نەک لێیان بکەم وێرانە
قاقەزێک هات گەییە خانییە
خانی موکری لێی نۆڕییە
دەستی قاسیدی بڕییە[٣٠٩]
دە گەردەنی دەکردییە
دە بڵێن بێ نەکا تەخسیرییە
بە ئیزنی پادشای عاسمانێ
دەریدەکەم لە ئێرانێ

دەگرم تەختی ئیسپەهانێ
شاعەباسم دەڵێ حەسەخانە
دیتت کرگاری خانانە
هەستە بڕۆ بە ڕەوانە
دمدمم بۆ پکە وێرانە
سەریان بێنە بە تالآنە
پاشان بیانهێنە خێزانە
دەڵێ شاهم لە دڵم دەکا کۆمێ[٤٠٦]
دمدم سەختە؛ قەت ناچۆمێ
هیمدادی بۆ دێ لە ڕۆمێ
دەمکەن بە بەردی بن گۆمێ[٨٢]
بە عام خەڵکم دەکا لۆمێ
شا دەڵێ حەسەنخانە تۆ منداڵی[٣١٢]
ڕۆمێ گەڕام بە عەبداڵی
تێمدا نەدی توندی و تاڵی
غەمم لە زگی دەبوو خاڵی
شاهم دەڵێ وا بەرازە
دمدمم بەردێکە بەرزە
تۆپ نایگرێ هیند ناتەرزە
شاعەباس شێری بە قەڵفەزە
لە حەسەنخانی بوو ئاڵوەزە
دە هیمدادێت دەیەم ئەزە
هەستە لە بەرم ڕاوەزە
دەڵێ شا لێم مەگرە ئەرجووان
خانان دەگرم زوو بە زووان
ڕەشیان پکە هەردک ڕووان
دانێی دەگەڵ مالمی جووان
شا دەڵێ پێم دەدۆڕێنی سەرە[٧٣٧]
دنیام دەوێ سەرانسەرە

پڕ بێ لە خان و بەگلەرە
بێجگە لە ئاغا و نۆکەرە
بەبێ لەشکر ناچمە سەرە
دەڵێ هەستە لە کنم ڕامەمینە
پایز نییە هەر هاوینە
لەشکرێ زۆر بغەملێنە
دمدمم لە بۆ بستینە
شا وە سەر کەوت لە برجانە
بانگی کرد خان و سوڵتانە
لە بۆ تەگبیر و ڕایانە
حەو (ت) شەوان و حەو (ت) ڕۆژانە
بەتاڵ نەبوون دەفتەرخانە

پاش ئەوەی تەگبیر و ڕایەکی یەکجار زۆریان کرد، لە تەواوی ئەو شارانەی نێویان دەبەم لە هەموو وڵاتێکێوە لەشکریان خڕ کردەوە لە ئیسپەهانێ. جا وە ڕێ کەوتن بۆ سەر قەڵای دمدمی بە سەرکردایەتی حەسەنخانی وەزیری شاعەباسی.

چوون چەپەری دە قۆڵانە[٧٣٨]
ڕەشتە، کشمیرە، گێڵانە[٨٩]
دەمەرقاپییە، دۆعرغانە[٨٩]
تەنکەدێیە، گورجستانە[٨٩]
ئەو ئێراتە، ئێرەوانە[٨٩]
قەندەهارە، مەمەغانە، شووشەوانە[٤١٠ و ٨٩]
ئەردەوێڵە، بەڕ و بەحرە، لوڕستانە[٨٩]
بێ لە سەرە، بە ڕۆژانە[٧٣٩]
هەر لە تەورێز تا تارانە[٨٩]
جەمعی بوو لە ئیسپەهانە[٧٤٠]
با بچینە سەر جووتەی خانانە
ئیسپەهانم شارێ خۆشە
لەشکر دایان زۆر لە غرۆشە

پێن[ج] سەد هەزار یەدەک ڕەشە
ئیسپەهانم شارێ دوورە
لەشکریان دان لە تابوورە
پێن[ج] سەد هەزار بەیداغ سوورە
ئیسپەهانم خۆشەجێیە
بەگلەرێک هات لە ورمێیە[٥٩]
لەشکری ئەستوور لە وێیە
پێن[ج] سەد هەزار یەدەک شێیە
ئیسپەهانم شارێ دوورە
لەشکریان دان لە تابوورە
پێن[ج] سەد هەزار بەیداغ سوورە
ئیسپەهانم خۆشجێگایە
تەختی پاشای دە وێدایە
فووتیان کردە کەڕنایە[٦٢٢]
شاعەباس هەڵات وەک مانگایە[٧٤١]
لەشکر دایان بەرەو دوایە
هات وردۆتن لە قوڕووچایە[٧٤٢]
هێندە زۆرە بنەی نایە
پێن[ج] سەد هەزار هەر جۆڵایە
دە بدەن لە دەهۆڵ و تەپڵی خانی
سبحەی بار کەین لە بەیانی
لەشکر وردێ لە دێخورگانی[٧٤٣]
شاعەباس شاهی هەموو هەندەران
هەڵبرد لە کوساڵاران[٧٤٤]
دەخوڕنە پۆلێ قاجاران
دە پێشدا ناردم بەیداغان
دەنگ دێ لە زرێ و قۆڵچاغان
هەڵبرد لە بناو و مەراغان[١٠٦]
حەسەنخانە تۆم ئیبلیسی

هەر دێ و دەفتەران دەنووسی
هەڵبورد لە دەشتی سندووسی[٨٩]
لەو کافری دە بەدگۆیە
قۆشەنێکی خستە ڕێیە
لە لەشکری بە گرێیە
هات ورد لە سەر بەحری خوێیە[٩٦ و ٤١٩]
سبحەی بار کرد بەیانییە
بەڕێی کردن بارگەچییە
هات ورد لە سەر دمدمییە[٩٦]
لەشکری شای هات بە سەردا
دایدەپۆشین دار و بەردە
لە سەر دمدمی دەوردە
خان دەڵێ خانیلەپزێڕینە
سەر لە خەوی شیرین هەڵینە
ماڵوێران ئەو لەشکرە زۆرە ببینە
بەردی کێوان قەت هێند نینە
ئەستێرەم هێندە نەدینە
هێندەی خێوەت لێ وردینە
دەڵێ لە منت کەوێ هەی خانە
لەشکر نییە؛ هەر کاروانە
ڕاداری وام لە سەر وانە
دە بڕۆ لۆغمە [داغمە]ی لێ بستینە
قاقەزێک هات گەییە خانییە
خانی پێشین لێی نۆڕییە
لەشکر سەربازێ شایییە
چ کاروانم دەگەڵ نییە
هاتووم بۆ سەر دمدمییە
خان خۆشی بکاتن قەوییە
سەری بچێت ڕێی دینییە

هەڵاتنی ممکین نییە
بە حەو[ت] شەو و حەو[ت] ڕۆژانە
بەتاڵ نەبوون دەفتەرخانە
چوون چەپەری بە قۆڵانە
دمدمم بەردێکە خڕە
هەر چوار دەورەی لێوەبڕە[٧٤٥]
بەحەشتێ بە شیر بکڕە[٦٠٤]
خان بە خەزایە مەشغووڵە
دمدمم بەردێ لە تیشی
قۆچێ شایی پێوەنیشی
لێی کوژران کڵاو بە ڕیشی[٧٤٦]
دمدمم بەردێ مەیدانێ
لێیدەن تۆپی ئیسپەهانێ
خڕموهۆڕە لە جبەخانێ
کاریتەی گەینە هۆزانێ[١٤٥]
دمدمم بەردێ سپییە
حەسەنخان لە سەر وردییە
سێو و هەرمێی چەقاندییە[٢٢]
هەمان بەریان دەگرتییە
بەری هەمانی خواردییە
دمدمم بەردێکە شینە
شەڕەتۆپە، قین بە قینە
بەختی خانێ لەپزێڕینە
ئەستێرەم قەت هێند نەدینە
هێندەی خێوەت لێ وردینە
خان بۆ خەزایە شەقینە
دمدمم بەردێکە سوورە
شەڕەتۆپە دوور بە دوورە
لێی کوژران کەوڵ سەمبوورە[٣٣٥]

خان بۆ خەزایە زەروورە[747]
دمدمم بەردێ وێتاری[748]
لێیدەن تۆپێ هەوشاری
حەو[ت] ساڵی گوللە لێ باری
ما نە تۆز، ما نە غوماری[749]
هاوارم نارد بۆ خونکاری
هات وەسمان‌بەگی حەکاری[138]
بە تەنیا دای لە هەزاری
دمدمم بەردێ سپییە
حەسەن‌خان لە سەر وردییە
سێو و هەرمێی چەقاندییە
هەمان بەریان دەگرتییە
بەری هەمانی خواردییە
چارەی پێ نەکردییە
خان دەڵێ ئەگەر پێم دەکەی باوەڕییە
ئەوشۆ نەبوو شەوێ دییە
هەرچی هەڵدێ قەیدی نییە
پێغەمبەرم بە خەو دییە
هەموون دەبین خەزاییە
لە تایەفەی ئەکابیری
گوتیانە بە خانی موکری
پووچت کرد هەتا سەرت هەڵدەگری
بە شیر دەچینە کافری[750]
بە تەتەر دەنێرین خدری
ڕایانکردە دەگەڵ هەزاری
سواریان کرد خدری بریندار[155]
لە ڕۆینێ دەڵێی باڵداری
لە زمان دەڵێی گورگی هاری
خدر ڕۆیی وا بە زویری

دەڵێی بەورێ بە پسمیری[751]
قاقەزی دا دەست وەزیری
وەزیر وای کوت بەبێ وێڵی
خان بۆ لە شای دەکا فێڵی
قەڵاتێی بۆ بەجێ بێڵی
هەڵات بەیانییە
خدربەگ وەسەر کەوتییە
ڕەقەمی دا دەست سوڵتانییە
سوڵتان سەلیم لێی نۆڕییە[161]
دوعا و سەلامی نووسییە
سەلام لە خانی کوردییە
وەعدە بە سێ جوعمەی دییە
دێم لە هیمدادی خانییە
ڕووت سپی بێ سوڵتانە
قاقەزی نارد بۆ خانانە
وەعدە و پەیمانی دانانە
وەعدە هەر بە سێ جوعمانە
دێم لە هیمدادی خانانە
حەیفێ نەگەییە دیوانە
خدربەگ هات بە بێدەنگی
خۆی پۆشیبوو بە شەوڕەنگی
زوو بێ بۆ خەزای فەڕەنگی
خدربەگ بوو ڕایدەهاتێ
ڕۆژی چوو شەوی داهاتێ
کاری خودای بوو خەوی هاتێ
ڕمبی چەقاند گۆلمی تێکرد[752]
خەوی هات و سەری وێکرد
ئەو عەساسی شاعەباسی
ئەوان دەگەڕان بە ئیخلاسی

گەینە خدری نەیانناسی
ئەو ڕەقەمێ وەک کراسی[٧٥٣]
بردیان لە بۆ شا عەباسی
شاعەباسی ئێرانییە
ئەگە ئەو ڕەقەمەی دەدییە
بە ئاگری دا سووتاندییە
ڕەقەمێکی دی وا چا کردییە
دوعا و سەلامی نووسییە
سەلام لە خانێ کوردییە
وەعدە بە حەو[ت] سالێ دییە
دێم لە هیمدادێ خانییە
ڕەقەمیان دە سەری خدری ڕاکردییە
هەڵات بەیانییە
خدربەگ وە سەر کەوتییە
ڕەقەمی دا دەست خانییە
خانی موکری لێی نۆڕییە
دوعا و سەلامێی نووسییە
سەلام لە خانی کوردییە
وەعدە بە حەو[ت] سالی دییە
دێم لە هیمدادێ خانییە
خدربەگ چەندی سوێند بۆ خواردییە
لە وێ هاتووم بە دەنگییە[٧٥٤]
مەگین ڕەقەمیان دزییە
دەنا حەو[ت] ساڵەی تێدا نییە

دەو ئانەیدا ئەگە ئەوان لەشکریان لە دەوری دمدمی وە خڕ کردبوو، خانئـاودەل و خانیلەپزێڕیـن هاتن، خدر کە ئینسـانێکی زۆر چابوک و شـاتریان بوو، بەڕێیان کرد بۆ ئەسـتەمبوولێ. چۆ کن سـوڵتان سەلیمی بۆ ئەوەی بێ یارمەتییان بدا. سـوڵتان سـەلیم لە جوابدا کوتی بە سـێ جومعەی دیکە لەشـکرم دەگاتە سـەر دمدمی. شاعەباسیان بۆ دەشکێنم.

دەو ئانەی‌دا کە خدر دەگەڕاوە، کە شـــەوی بە ســـەردا هاتبوو، لە ڕێگایە خەوی لێدەکەوێ. ئەو عەساسی شاعەباسی کە شەوێ زۆر بە ئیخلاسی دەگەڕان بۆ شـــای، تەمەشـــایان کرد ئەوە ڕەقەمێکی دە ســـەری‌دایە. ئەو ڕەقەمیـــان دزی بۆ شاعەباسـیان برد. شـــاعەباس ســـێ جوعمەی کردە حەوت ســـاڵ. ئەوەیـــان دا خانی و زۆری پێ ناڕەحەت بوو؛ باوەڕیشـــی نەدەکرد. دەو ئانەشدا ئەحمەدبەگی لێتانی[172] کە نۆکەری خانئاودەلبەگ و خانی‌لەپزێڕین بوو، لە ســـەر ئەوەی کە لە چوارپەلی ناڵی ئەســـپەکەی پەلێکیان بۆ کردبوو بە زێو؛ یانی ســـێ پەلی زێڕ بوو و یەکیان زێو بوو. لە ســـەر ئەوەی هەســـتا لێیدا ڕۆیی بۆ کن شاعەباســـی و دەستی کرد بە غەیانەتێ. چوو بە حەسەنخانی کوت ماڵت نەشێوێ[755] شاعەباس لەگەڵ ئەو لەشـــکرەی ئەنگۆ غەیانە، دەنا ئەوە حەو[ت] ســـاڵە شەڕێ دەکەن بۆ ئـــەوان دەبـــێ یەکیان لێ نەگـــوژرێ! ئەوان ئەوە دە قایمـــەی خۆیان دان. ئەگە ئەنگۆ دەتانەوێ شکستیان بدەن وەرن ئەمن چاوەی کانێ پێدەزانم، پێو نیشان دەدەم. ئەو چاوەی کانێ بتۆقێنن ئەوان لە توینیان قڕیان دێ؛ دەکەونە ساکەدەشتێ.[756] ئەودەمی کاری خۆیان لێدەبینن. بە دوو سەتان یەکێ بگرین هێســـتا ئەمە زۆرترین لە وان.[757] حەســـەنخان هات هەشـــتا بـــاری بـــاڕووت لە چاوەی کانـــێ کرد. چاوەی کانێیـــان تۆقاند و هەرچی کابان و خزمەتکار بوون هاتنە پێش میری دانیشـــتن و کوتیان چ بکەین. چمان لێقەڵماوە، نە ئاو هەیە هەویری پێ بشـــێلین، نە ئاو هەیە بخۆینەوە و توونایەتێکـــی پێ بشـــکێنین. بەختی خانی‌لەپزێڕین بەو هاوینی ســـوور بەفـــر بـــاری.[758] بەو بەفرەش حـــەوت ڕۆژیان خۆ پێ ڕاگـــرت. مەجبوور بـــوون کەوتنـــە ساکەدەشـــتێ و بوو بە شـــەڕە خەنجەر. لە نێو شـــەڕێدا خانی‌لەپزێڕیـــن و خانئـــاودەل هەمـــوو دەگوژرێـــن و دوایە کـــە دوازدە ژنیان[864] دەمێننەوە، ئەوانیش لە سەر بەردانڕا خۆیان فڕێ دەدەن.

ئەحمەدبەگی لێتانی[172]
ڕووی ڕەش بێ دەگەڵ شەیتانی[339]
ئەو غەیان بوو دەگەڵ خانی
لێی دا چۆ کن شای ئێرانی
پێی نیشان دان چاوەی کانی

سبحەی دەگەڵ حەڕاساتێ
سەرعەسکەر دەکەن حوکماتێ
حوکمی قۆڕخانەن ناداتێ
هەشتا باری باڕووت هاتێ
شالاویان برد بۆ قەلاتێ
خانم هاتن وا بە زویری
چۆکیان دادا لە پێش میری
ئاو نێ پێ بشێلین هەویری[٣٤١]
شا دەڵێ ئەحمەدبەگی لێتانییە
غەیانەتت لە سەر چییە
دەڵێ قوربان غەیانەتێ من نییە
پەلێکم ناڵ دەخواستییە
سەعاتێک وەعدە گرتییە
کوتی برۆن کوڕینە ڕامەمێنن
ئەحمەدبەگم لە بۆ بینن
دە تۆپەگەورەی شەتینن
بەرەو دمدم هەڵیهێنن
قۆنگرەی سەرێی پێ برووخێنن
دە برۆن کوڕینە ڕاکەنە
ئەحمەدبەگم بۆ بانگ کەنە
لە قاسوخانەی بدەنە
دە تۆپەگەورەی ڕاکەنە
لە بەردی دمدمی دەنە

شـــاعەباس وەختایەکـــی کـــە پێدەزانـــێ ئەحمەدبەگ هاتـــۆ غەیانەتی دەگەڵ خانی کردۆ و ســـەرچاوەی کانێی بە حەســـەنخانی نیشـــان داوە و تۆقاندوویانـــە، بانگی دەکا و دەڵـــێ ئەتۆ بۆ غەیانەتیان پێدەکەی؟ دەڵێ قوربان پەلێکم ناڵ دەخواست بە سەعاتێکی نەیاندەدا بە من! دەڵێ شەرت بێ من وات بڵیند کەم لە هەموو شتێکی بڵیندتر بی. دەڵێ بێنن لە لوولەی تۆپێی بەســـتن لە بەردی دمدمی دەن. ئەحمەدبەگـــی لێتانێیان لە لوولەی

تۆپێ بەست و لە بەردی دمدمییان دا و شەقوپەقیان کرد.
هاتبوون خانی دە کارخانێ
کوتیانە خانی دیوانێ
کاری خودای بوو وا ڕەنگینە
بەفرێک باری بەو هاوینە
بەختێ خانی لەپزێڕینە
حەو[ت] شەوان بەو بەفرەی ژینە
هاتبوون خانی دە کارخانێ
کوتیانە خانی دیوانێ
سبحەی بگوژین لە مەیدانێ
لێو حەرام بێ پێی کابانێ[761]
قەبووڵ مەکەن ئەوێ ژیانێ
خان دەڵێ خاتوون سبحەی وەرنە سەر پەنجەرانە
دە پکەن سەیرێ دوو شێرانە
شەڕێ دەکەین ڕۆستەمانە
بە خوێنێ سوور دەکەین مەیدانە
هەر دوو خانان دەکەن گوفتوگۆیە
دەچینە کن حەسەنخانی دەرپێ شینە
هەر یەکن یەکێ دەگوژینە
هاتووین بەرحوکم دەبینە[347]
خەرج و ماڵیاتی بستینە
دوو شێر هاتن بۆ دەعوایە
یەکیان بۆ کن حەسەنخانی
ئەوی دییان بۆ کن عەباسشایە
خان دەڵێ سەلام بێ لە خانی دەرپێ شینە
هاتووین بەرحوکم دەبینە
خەرج و ماڵیاتی بستینە
حەسەنخانی هەرزەگۆیە
کوتیە خانی چاو هەڵۆیە

خانە قسەی تۆم درۆیە
دەخۆی محاڵی شنۆیە[89]
ماڵیاتی حەو[ت] ساڵم لە کنە تۆیە
حەسەنخانی سەرعەسکەرە
کوتییە خانی پڕ حوننەرە
شیرەکەتم دەیە بزانم چ جەوهەرە
خانئاودەڵبەگم بێچووە شێرە
شیری بۆ حەسەنخانی ڕادێرا
سەگدین ئەگە نەتدەمێ دەڵێی نەیوێرا
خانئاودەڵ بوو بە حوننەرە
کوتییە خانی سەرعەسکەرە
ئەوجار تۆ شیری خۆتم دەیە بزانم چ جەوهەرە
ئەوجار خانی شیری بۆ حەسەنخانی ڕاداشتییە
زووی برد بۆ پاشای نانییە[762]
شیری خانئاودەڵم بوو میسرییە
چ بڕیان پەسند نەکردییە
شیری حەسەنخانم شیرێ چا بوو
عەسڵی کرماشانپۆڵا بوو[763]
بە پێن[ج] سەد کیسەی کڕابوو
بە هەژدەی سەیقەڵ درابوو
وای لە باڵچۆغەی نووسرابوو
قەتڵی ترکانی تێدابوو [764]
حەسەنخانی کەڵلەزڕاوە
کوتییە خانی بەڵەکچاوە
زوو پکە شیرەکەم بدەوە
خانئاودەڵم خانیە شۆڕە[765]
بەڵەکچاوە دەڵێی پۆڕە
کوتی سەگدین شیرەکەت ناگۆڕم
بەڵام تێری لێ بنۆڕە

حەسەنخانی سەرعەسکەرە
حەسەنخانم نەیکوت وایە
تەقەبڵیشی شیری دایە [٧٦٦]
خانئاودەلی بە زاکوونە
کوتییە خانی دیندوژمنە[٧٦٧]
سەگدین، مەلعوونی کەڵپنە
ئەو شیرە قابیل بە منە
یانە شادەییێت پێدێنم
یانە ئەو شیرەت لێدەستێنم
حەسەنخانم نەیکوت وایە
پێی لە شادەیە نەنایە
شیریٚ من زۆر شیریٚ چایە
پێن[چ] سەد کیسەم پووڵ پێدایە
بە هەژدەم ساقەب دەدایە
مەعلوومە خۆشەویستیٚ شایە
جا ناتدەمیٚ بە وەڵڵایە
خانئاودەلی بە حوننەرە
کوتییە خانی سەرعەسکەرە
سەگدین، مەلعوونی کەڵپنە
حەسەنخان دوژمنیٚ دینم
مەرگی عەودالٚ دەبیینم
شیرە گەورەی هەڵسەنگینم
هەوەڵ بە تۆی دەجەڕینم[٣٥٠]
هەتا کرگارێی ببینم[٧٦٨]
خانئاودەل بوو وەک لێتانە[٤٥٠]
لای دەرکێی گرتبوو لە وانە
کوتیان وەزیری ترکی و حەسەنخانە
ئەوە سەربازیان وە سەر گەڕانە
وە سەریان گەڕا سەربازە

خانی دیبەییێ (؟) جانبازە
خۆی گەیاندە باڵ ئەو چاوبازە
خۆی گەیاندە باڵ ئەوییە
خۆی لە وی بزر کردییە
زووی گێچەڵ هەڵایساندییە
بە وەڵڵایە، بە بیللایە
کاری من بۆ وا قەڵمایە
شاعەباس هەڵات لە چەنگانم
دەبوو بزایە[٧٦٩]
خانان سڵاوەت لێدایە
وە دەر کەوتن لە بۆ خەزایە
خان دەڵێ کێ بێ بکێشێ غیرەتێ
بە زامین هەڵگرێ قەڵاتێ
کێ بوو لە ئاڵی ئادەمان[١٨٤]
خوشکی دا بە گوللە و دەرمان[٣٥٧]
بە بێژینگان گوللەی پێوان
سوێندی بۆ خوارد بە قورحانێ
کوتی خان تا لێم دەبڕێ گوللە و دەرمان
بە تەنێ قەڵاتم هەڵگرت بە زەمان[٣٥٦]
لە تایەفەی ئەکابری[٧٧٠]
کی سەری خۆی ڕادەگری
وە دەر کەوت بۆ لەشکری
لە بۆ خەزایە کافری
لە منت کەوێ مام سێودینە

وەختایەکی کەوتنە ساکەدەشتێ و خانئاودەلبەگ و خانی لەپزێڕین دەســتیان کرد بە شــەڕە خەنجەرێ. چوون بۆ وەی یەکیان شا عەباسی بکووژێ و یەکیان حەســەنخانی بکووژێ، لەو تایەفەی ئاکابیریش ئەوی دەســتی داری دەگرت و ســەری خۆی پێڕادەگیرا هەموو وەدەر کەوتن بیکەن بە شەڕ؛ چون تازە کەسیان لێ نەمابۆوە. هەموو لەشکرێک هاتن لە

هەموو تایەفەیەکێوە بۆ سەر لەشکری شا عەباسی، بۆ ئەوەی پشتیووانی خانئاودەلبەگ و خانی لەپزێڕین بکەن.

له تایەفەی ئەکابیری
کی سەری خۆی ڕادەگری
وە دەر کەوت بۆ لەشکری
لە بۆ خەزایە کافری
لە منت کەویَ مام سێودینه[771]
شیریَ لە کالان دەربینه
ئەورۆ حەقە شەڕەدینە
بەحەشتیَ بە شیر بستینە
دوو شێر هاتنە دەر لە لانیَ
سۆفی مامەی ناوپردانیَ[772]
دەگەڵیان هات بۆ لێدانیَ
عەجەمیان هێنان هەژانیَ
جارچی بوون ئەوبەر ئەوبەرە
مەلا ئەحمەدە سەرعەسکەرە[354]
نەبیئاغایە بە حوننەرە[353]
خۆشیان کرد گاڵتە خەنجەرە
سەفیان دەدڕی چوونە دەرە
دە بنوارنە مام هەیاسی[773]
دەستی دابۆ شیر ئەڵماسی
خالەقی بە حەق دەناسی
هەڕای کردە شاعەباسی
لە چەنگی دەرچوو بە کەساسی
مام خدرە، مام گدروونە[773]
هەرکیان ڕمبیان وەک حەسوونە
وەبەر تابووراندا چوونە
ترک و لۆتیان قۆڵ دەدروونە[774]
ڕووی ڕەش هەرچی هەڵیَ

ده بڕوانە کوڕی میرە دیزکەرێ[٧٧٥]
دەستی دابۆ گوێی حەنجەرێ
ترک و لۆتی دانە بەرێ
سوارێک هاتبوو وڵاغی شێیە
بە چوار ئاوێنە و زرێیە[٧٧٦]
خانی فەرمووی ئەوە کێیە
قوربان پیرۆتی مەرگێیە[٢٢٤]
ئەو لە شەڕێ قەویتییە
دوو سوار هاتن بە تۆغیانە
خانی فەرمووی ئەوە کێنە
قوربان خدرە، ئۆمەرمەندانە[٧٧٧]
ئەو لە شەڕێ زۆر قەیغانە
دوو سوار هاتن یەگجار خاسە
خان دەفەرمێ خانی دوڕناسە
ئەوە کێنە لە بۆم بناسە
قوربان یەک خدرە یەک ئەلیاسە[٧٧٨]
ئەو لە شەڕێ یەگجار خاسە
ئەوە زننووری میسرییە[٧٧٩]
ئەوە شەمسی تەورێزییە[٤٣٤]
ئەوە ڕابیعای حەڵەبییە[٤٣٥]
پیرمحەمەدی گوێگجەلییە[٧٨٠]
هەیوانساری کوردییە[٧٨١]
کانی مرادی لە کوچکییە[٧٨٢]
شێخ مارفی لە کەرخییە[٧٨٣]
مەرغەوڵی لە شارییە[٧٨٤]
وە دەر کەوت ئاڵای سپییە
حۆرییان سەف لە سەر بەستییە
خانی فەرمووی ئەوە کێیە
قوربان بەیداغی ئیمامی عەلییە

ئەڵڵاهو ئەکبەڕ، ئیمامی عومبەرە
هەمزە، عەباسی دەگەڵە[٢١٤]
دەگەڵ مەقبووڵی پەڕ بە سەرە
چەند لەشان دەکەم بێ سەرە
خان دەڵێ بووکەوێ لە خانییە[٧٨٥]
هیمدادی وا بۆ کەس نییە.....[٧٨٦]

# دمدم[787]

## ڕەحمان بەکر[788]

دڵم ڕاناوەستێ لەبەر ئەوێ غەمێ لەبەر ئەوێ ژانێ[789]
بانگێکم وە بەر خوڵای، ئەوی دیکەم بەر پێغەمبەری ئاخر زەمانێ
بانگی دیم وە بەر چاکی گەرمێنێ و لە کوێستانێ
بانگی دیکەم وە بەر پیرسوڵەمانی لە بانێ[790]
بانگی دیکەم وە بەر سوڵتان سەمەدی؛[791]
ماڵە خۆی دەکرد لە دەشتی ورمێ دەگەڵ کەونەلاجانێ[89]
بانگی دیم وەبەر سوڵتان بایاقووبی؛[226]
ماڵە خۆی دەکرد لە کێوی فەرەنگێ [فەرەنگی]،
بەرانبەری گردی گۆزەگیرانێ[792]
بانگی دیم وەبەر شێخ مارفی؛[793]
ماڵە خۆی دەکرد لە دەشتی مەحمەشەی،
بەرانبەر بە گردی گۆڕخانێ[794]
بانگی دیکەم دەبەر [وەبەر] بەرماڵ سپی لە چۆمەڵانێ[795]
بانگی دیکەم وەبەر خدری زیندە و خدرەلیاسان؛[453]
نەمرن، سەییاحن، کەس بە مەنزڵیان نازانێ
بانگی دیکەم وەبەر ئیمام حەسەن و حوسێنی [حوسەینی] غەریب؛[262]
مەرقەدیان لە مەشەد [مەشهەد] و کەربەلایە [کەربەلایێ]؛[89]
عەجەم و کلاوڕەشیان [پەپاخڕەشیان] دەچنە زیارەتێ
دەڵێن: ڕۆژی قیامەتێ خوڵا دەمانداتێ ئیمانێ
بانگی دیکەم وەبەر حەزرەتی عەلی؛
ڕۆژی جومعە [جمعە] و جەماعەتان [جماعەتان]
سوار دەبێ لە دوڵدوڵێ
دەست [دەز] دەداتە زولفەقاری، دەچێتە خەزای گاورقڕانێ[261]
بانگی دیم وەبەر سەوزەپۆشی لە حاجیخۆشی، لە ترشەکانێ[796]

بانگی دیم وەبەر ئەو شۆڕە سوار
سوڵتان سەعد وەقاسی [سەعدی وەقاز]؛[277]
ماڵە خۆی دەکرد لە ترۆپکی کوێستانێ
کەوم لێ بە جووت ئەنگووتن [ئەنگووت] لە قسقەپانێ[797]
کەڵم لێ یاغی بوو لە چیمەنی هۆزانێ[145]
لە بن گوێیانم خۆش دێ هاڕەی قاڵنیە دەگەڵ چریکەی کۆتانێ[798]
خانم چوونە سەر بورجی دمدمی؛
خۆیان هەڵدەدێرن بەرانبەری بەردی شمشیرخانێ [شمشێرخانێ][120]
دڵی خانی بە برینە، چەند بە برین برینە
زەینی خۆم دا چیمەنی هۆزانێ؛ چەند شین و نازەنینە
چۆمی باراندێزی [باراندێزێ]؛ دێتە خوارێ چەند زوڵاڵ و شیرینە [799]
دیواندڕێ، بازاڕ بەتاڵکەرێ[800]
بۆ [بە] کەس نەماوە، بۆ مەش [بۆ مەژ] نامێنێ
خانی برادۆستان کوتیان بە خانئاڵدەڵی [ئاولدەلی] موکرییە:[20]
بڵا بۆت[ بۆد] بم بە برایەکی دایک و بابییە
دەستت [دەستد] بۆ باوێمە سەر باڵچۆغەی شیران[801]
کێلانانت [کێلاناند] بۆ بەجێ بێڵم لە بنەبانێی [بنەبانی] دمدمییە[802]
خەنجەرانت [خەنجەراند] بۆ دەشکێنم جوێ لە نێرۆییە[803]
شیرانت [شیراند] بۆ دەشکێنم جوێ لە دانزغێیە[804]
دەمانچانت [دەمانچاند] بۆ دەشکێنم جوێ لە میسرییە[805]
تفەنگانت [تفەنگاند] بۆ دەشکێنم، خانی خۆم،
جوێ لە وەستا شاقوڵییە[806]
ڕمبانت [ڕمباند] بۆ دەشکێنم، خانی خۆم، جوێ لە نەزەرییە[807]
مەتاڵانت [مەتالاند] بۆ دەشکێنم، خانی خۆم، جوێ لە کەرگەدەنییە[808]
زرێیانت [زرێیاند] بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جوێ لە داودییە[809]
ئەسپانت [ئەسپاند] بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جوێ لە سەگڵاوییە[810]
پیاوانت [پیاواند] بۆ دەپسێنم، خانی خۆم، جوێ لە سیساڵییە[811]
مەگەر ئەو شەڕەکی کردبی [کردبێ] ڕۆستەمی مازندەرانێ[14]
لە بن کێوی دەماوەندێ سپی دێوی دەهێنا زەوتی شیرییە

مەگەر ئەو شەڕەکی کردبی [کردبێ]؛
کوڕە ئێرانیان بە خوێنی سیاوەشییە[812]
دڵی خانی بە برینە، چەند بە برین برینە!
بۆت [بۆد] دەچمە گۆلی دمدمی؛ چ دمدمێکی ڕەنگینە
چۆمی باراندێزی [باراندێزێ] دێتە خوارێ؛ چەندی زولاڵ و شیرینە!
لیم [لێم] بوویە قەسرێکی جندییە خەمخواری دەبڕیەوە [دەبڕێوە]
بڵا هەر لە شای هەتتا خونکاری [خوندکاری]
هەر لە خونکاری [خوندکاری] هەتتا شاهیە
شا بە ئەبداڵی گەڕایە
هۆ لە دمدمی دی دەزگایە
لە ئیسپەهانێ لێ کرد ڕایە
شاعەبباس دەڵێ: «حەسەنخانە!
بڵا بکەین تەگبیر و ڕایانە
بە سەرماندا هات زستانە
زستان چوو، ڕابرد هاوینە
ڕابە بە دڵ و [بە] یەقینە
زوو کە شوغڵم بۆ پێک[پێگ] بینە
دمدمم لە بۆ بستینە
ئەو ساڵ حەوت ساڵە [خان] لە من یاغینە
دەڵێ: شا! جێی [جێ] ئاسێیە، ئەز نایچۆمێ[81]
هیمدادی بۆ دێ لە ڕۆمێ
دەنشکێنێ، تێک [تێگ] دەدا کۆمێ
دەنکەن بە بەردی بن گۆمێ[82]
خەڵقی بە عام دەنکەن لۆمێ
شاعەبباس [عەبباز] دەڵێ [بە] حەسەنخانی بە غەرەزە
بەس [بەز] بکە قسەی دە ناتەرزە!
هەستە، لە پێشم ڕابەزە
لە هیمدادت دەیەم [لە هیمدایێت دێم] ئەزە
دمدم لە زگی بە غەرەزە[813]

حەسەن‌خان دەڵێ: «شا! بەسم لە سەر بکە ناز و ئەرجووان[814]
ئەگەر نەمئەستان بە وان زووان
ڕەشم بکەن [بکە] هەر دووک [دووگ] ڕووان
دامنێ لە جێ ماڵی [مالمی] جووان[86]
مەیتەر ئەسپیان دەرهێنانە
زینیان دە پشتی دەکوتانە
تەدارەک [تەدارەکە] و ناڵبەندانە
چەپەر چوو بۆ سەر ئێلانە
بە سەر شار و وڵاتانە [وەڵاتانە]
ئەو ئیرات [ئێرات] و ئیرەوانە [ئێردانە][89]
ڕەشت و کشمیر و گێلانە[89]
بێت لە ورمێ و لە لاجانە[89]
سندووس [سندووز] بێت و موکریانە[89]
سنە بێ، سنوور بێ، کرماشانە[89]
دەرگەزێنە، ڕژدستانە[89]
هەوێز و شووشتەر، مەریوانە[89]
سەد هەزار خان و سوڵتانە
پایتەختیان ئیسپەهانە [ئیسفەهانە][302]
وە دەر کەوت لە ئیسفەهانێ
لە قۆشەنێ، لە توغیانێ
دار و بەرد هاتە هەژیانێ[815]
تۆز گرتی بەری ئەسمانێ
بووە [بۆ] ڕۆژی ئاخرزەمانێ
دە قۆشەنان کەوت غلووە[816]
لەشکر تیپ تیپ ئاوا بووە
مەنزڵێکیان هات قافڵانتووە[817]
لەو کافری دە بەفیڵە [بەدفێعلە]
سەری ڕمبیان دەڵێی بێڵە
لەشکر لە دووی بوو بە خێڵە[818]

مەنزڵێکیان، هات ئەردەوێڵە[٨١٩]
کافر داژوێن لە مەجێزە[٨٢٠]
مەلعوونە دێن ڕێز بە ڕێزە
مەنزڵێکیان، دەشتی تەورێزە[٤٥]
دێ لرفەلرفی بەیداغان[٨٢١]
دێ دەنگی زرێ و قۆڵچاغان[٨٢٢]
مەنزڵ لە بناو و[لە] مەراغان[١٠٦]
قۆشەن دێ ڕێ بە ڕێیە
دەڵێ: خانی موکری لە کوێیە؟[٢٠]
مەنزڵێکیان، لە دەشتی خوێیە[٨٢٣]
لەشکر ئاژوای بە مەخسووسی
لە خانی موکری دەپرسی
لەشکر [مەنزڵ] لە دەشتی سندووسی[٨٩]
چەند لەشکرێکی [خانێکی] ئەنگامەیە [بەنگامەیە]
بە قۆشەن و زەمزەمەیە
هات گرتی گەڵی دارنەیە [دەرەنەیە][٨٢٤]
«ڕەحمان بەکر» یان [ڕەحمان بەکر] دەگەڵ هەیە[٨٢٥]
جواب چوو لە بۆ خانییە
چاکە خۆ [خۆی] بکا قەوییە
عاڵەم بۆ ئەو [عالەمی بۆ] بزووتییە[١١٧]
چاک شەڕێک لە سەر دینییە
خان دەڵێ: ئەو شا بێ، ئەمنیش خانم
خالەق بێ بە پشتیووانم
غوڵامی ڕەوێک شێرانم
قاتڵی کوللی شیعانم[٨٢٦]
ڕۆژێکی بەیانی بەردا
لەشکری شای هات لە سەردا
داپۆشی بوو [داپۆشیبوو] دار و بەردا[١٢٢]
هات لە بن دمدمی وردا[٩٦]

دەمدمم بەردی مەیدانێ
لێیدەن تۆپی ئیسفەهانێ
تۆز گرتی بەری ئاسمانێ
مەردچاک تێدا دەگرن مانێ
بۆ ڕۆژی ئاخر زەمانێ
دمدمم بەردی لە نزاری
لێیاندا تۆپی هەوشاری
حەوت شەو و ڕۆژان ئاور باری
دنیای داگرت بە یەکجاری [یەگجاری]
خەبەر چوو لە بۆ هەوشاری
دمدمم بەردی لە بەردی
لێیدەن بە تۆپی نەبەردی
تا ڕۆژی مەردی [مەرد] و نامەردی
دەمدمم بەردێکی زۆپە
لێیاندا تۆپخانە و تۆپە
دمدمم بەردێکی پانە
لێیاندا تۆپ و تۆپخانە
قەڵاتی پێ بکەن وێرانە
دمدمم بەردی مەیدانێ
لێیدەن تۆپی لە کارخانێ
کاریتەی گەییە هۆزانێ[١٤٥]
دمدمم بەردی دەبەیە
لێیدەن بە تۆپی کەڵەیە
کاریتەی گەییە کووکەیە[١٤٨]
خان بە خەزایە مەشغووڵە
دمدمم بەردێکی خڕە
چوار تەرەفی لێوەبڕە[٧٤٥]
بەهەشتێ بە شیر بکڕە[٦٠٤]
خان بە خەزایە مەشغووڵە

دەمدمم بەردێکی شینە
چوار زستانە، پێنج هاوینە[827]
تێیدا خانیلەپزێڕینە [لابزێڕینە][828]
زەفەریان پێ نەبردینە
وەکیل و وەزیر دەڵێن: خان، ئەوهە کینە؟
خان فەرمووی: ئەوە کاروانینە
خان بە خەزایە مەشغووڵە
خانێک ڕابوو لە کوردانە
کێ بوو[؟] لە حەمەدبەگی لێتانە[829]
ڕووی ڕەش [ڕەژ] بێ دەگەڵ جووانە!
لە سەر یەک نیمچوون ناڵانە
زیز بوو، چوو بۆ نێو ئەوانە
پێی نیشان دان سووڵەخانە[173]
کێ بوو؟ لە کافری بێ ئیمانە
تێیان کرد [کرت] هاش و دەرمانە
پێی قڕ دەبوون موسڵمانە
لە وان بووە [بوو] ڕۆژی تەنگانە
لە کنیان ئاخرەت زەمانە
چەند گریان ئەو خاتوونانە!
لێیان تێکچوو جێی [جێ] و مەکانە
خوڵایان بێت[بە] پشتیووانە!
خانوونێک [خاتوونێگ] دێتە مەیدانێ
لە دڵی خانی دەدا تانێ:
لێت حەرام بێ جێی کابانێ
ئاو نییە پێی بکەین شێلانێ [شیلانێ]
خاتوونێک [خاتوونێگ] دێ و دەبەزی:
ڕەبی خانە مارت [مارد] گەزی
لێم ڕەش [ڕەژ] بوون سەر و کەزی
خاتوونێک [خاتوونێگ] دێ بە فەقیری

چۆکی دادەدا [دادا] لە پێش [پێژ] میری
خان! سەڵا لە منی فەقیری
خان ئاو نییە پێی بکەین هەویری[341]
خان حەیفە، تۆ [توو] بێ مودەبیری
خان بە خەزایە مەشغووڵە
کێ بوو؟ لە خانی لەپزێڕینە [لەبزێڕینە]
لە شەرافەتی خاتوونی شیرینە
بەفرێک [بەفرێگ] باری بە هاوینە[758]
لە شەرافەتی خانی لەپزێڕینە [لەبزێڕینە]
حەوت شەو و ڕۆژان بە وی ژینە
ڕایان وا بوو بە هەزاری[155]
سوار کەین خدری بریندار
بە چەپەر بچێ بۆ خزمەت خونکاری
وەزیر وای گوت بە بوێری
چاکە قاقەزی بنێری
قەڵاتی [قەڵاتێ] بۆ شای بەجێ بێڵی
کێ بوو؟ لە خانی جندییە
کوتیە تایفەی خەزایی‌یە
هەرچی هەڵێ قەیدی نییە
هەرچی بمرێ فیدایی‌یە
هەرچی بکوژرێ [بیکوژن] خەزایی‌یە
تایفێک [تایفێگ] بوو؛ تایفە کافری [کابری] [830]
کوتیان بە خان [خانی]:
پووچ و ناماقوڵت کرد [کرت] تا سەرت هەڵدەگری
دەس [دەز] بە شیر دەچین بۆ لەشکری
کێ بوو؟ لە خانی جندییە
دەڵێ: بانگی حەقق وەبەر ئەوییە
بێ شەریکە، هیچ شەریکی نییە
غەیرەز خوڵا [خوڵای] هیچ کەس نییە

یا[با] بێ شێخی گەیلانییە [گێلانییە][١٩٣]
شێخ جونێدی [جونەیدی] بەغدادییە [٨٣١]
سوڵتان مەعرووفی کەرخییە[٧٨٣]
با بێ فەرخی داودییە[٨٣٢]
با بێ رابیعەی عەدەوییە[ڕابییەی حەلەبییە[٤٣٥]]
با بێ شەمسی تەورێزییە[٤٣٤]
شێخ محەمەدی [محەمەدی] باڵەکییە[٧٤]
عەبدولعەزیزی شنۆییە [شنۆیی‌یە][٨٩]
شێخڕەشی گەرگەرۆییە [گەرگەرۆیییە][٨٣٣]
لە مەیدانێ شەڕە، قەرقەشە
لە جێراوگان کەوتبوو [کەتبوو] لەشە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! گوڕەی ئەسحابەڕەشە
سوارێک هاتووە ئەسپی شێیە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! ئەوە گوڕەی پیرۆتی مەرگێیە[٢٢٤]
سوارێک هاتووە بە نادری
کەس نییە چەکانی وەرگری
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! ئەوە عەزرەتی خدری[٤٥٣]
سوارێک هاتووە لە بۆ گەشتێ
بە وییە سووڕەتی بەهەشتێ
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
ئەوهە وەیسی ماهیدەشتێ[٢١٦]
سوارێک هاتووە لە کارخانێ
بە وییە سووڕەتی ئیمانێ
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! شێخ عەبدولقادری گێلانێ[١٩٣]
سوارێک هاتووە هونەرمەندە،

ئەسپابی دەعوایەی [دەعوای] ڕەندە[٨٣٤]
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! ئەوهە شاهی نەخشبەندە[٨٣٥]
سوارێک هاتووە ئەسپی تازە
مل بە قەتلا[و] پڕ[لە] ئەنگازە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
خان! ئەوەش سوڵتان سەعدی وەقازە[٢٧٧]
سەلاحشۆڕان دەست [دەز] دا چەکان
دەگەڵ سەفی دە مەلەکان
دێت گوڕەی شێخی باڵەکان[٧٤]
خان بە خەزایە مەشغووڵە
هات عەشەڕەی [ئەشارەی] دە موبەشەڕە [موبەشەرە][٨٣٦]
هەمزە و هەباس و هەیدەرە
دەگەڵ مەقلووبی پەڕبەسەرە
ئالاچی سوڵتان سەمەرە[٨٣٧]
با بێ ئالای نەبییە
حەوت تیپی [تیپ] تێکپەڕاندییە
خان دەپرسێ: ئەوهە کێیە؟
کۆڕژنێ [گوڕژنی] حەزرەتی عەلییە
با بێ بەیداغی پێغەمبەری
هەمزە بێ دەگەڵ عومبەری [عمبەری][٢١٤]
بێ خالیدی [بێت خاڵندی] ئیبنی وەلی(د)[٢١٣]
خان بە خەزایە مەشغووڵە
خان دەڵێ: ئابداڵبەگە [ئەبداڵبەگە]، ڕۆڵەی بابی[٨٣٨]
بە من دەکەی چاک چاک [چاک چاگ] دەبی
دەڵێ: بابە، چ بکەم [پکەم]، لێڕەوارە، دوایی نابی[٨٣٩]
با بکەین مەدحی هورمزبەگی[٨٤٠]
ڕمبی نەزەری بە چەنگی
لە هەزاری دەبڕێ مەرگی[٨٤١]

خانئەبداڵ [ئاودەل] و کاکە خانە
حەوت شەوان، حەوت ڕۆژانە
شەڕیان دەکرد بە شیرانە
شیران نەیاندی کێلانە
لەش کەوتبوون [کەوتن] وەکی گردانە[٨٤٢]
خوێن ڕۆی [ڕۆیی] هەر وەک جۆگانە
باڵچۆغەی شیران نەمانە[٨٤٣]
شەهیدیان کرد [کرت] کاکەخانە
خان دەڵێ: خانی خەزاییمە
هەتتا لە دنێ [دنیێ] ئەز بژیمە
بۆخۆم پەرژینی شەڕی مە [شەڕیمە]
خانئاوداڵ و کاکە خانە
گرتبوویان وەعدە و پەیمانە
دەست هەڵناگرن لەو کارانە
بانگم وەبەر میری میران
خان بۆخۆی دەکا تەگبیران
حەوت پۆلی [قۆڵی] دایە بەر شیران
بانگم وەبەر پادشای قودرەتێ
خانیان شەهید کرد بە کوتکی خێوەتێ[٨٤٤]
هاوار و ڕۆڕۆ دمدمە
ڕۆژێکی تاو هەلاتێ [تاوهەڵاتێ]
عەجەم دەکاتن غەباتێ
سەبر هەڵدەکشا [هەڵکشا] بۆ بن قەڵاتێ
کوانێ سواری دە نازەنین؟
کێ بوو؟ لە ئاڵی ئادەمان،[١٨٤]
قەڵاتی هەڵگرت بە زەمان[٣٥٦]
کێ بوو لە ئاڵی ئادەمانە؛
قەڵاتی هەڵگرت بە زەمانە
حەوت شەو و حەوت ڕۆژانە

شەڕی دەکرد بە تۆپانە
قەڵاتی لە دوو نەدانە[٨٤٥]
کوانێ سواری دە نازەنین؟
کێ بوو لە ئاڵی بەجەرگە
لە وانی کردەوە دەرگە
لە خەنجەری دە منی زەرگە
لە هەزاری دەبڕی [دەبڕێ] مەرگە
هاوار و ڕۆڕۆ دمدمە
کێ بوو لە خاتوونپەروەرێ
کوتی: کاک ئاڵی ئەتۆ ماوی، ئەتۆش هەڵێ
کێ بوو لەبەر کاک ئاڵییە
کوتی: خاتوونێ، پووچ و ناماقوڵت کردییە
بەشی خۆم خەزا کردییە
شەهیدیان کرد [کرت] کاک ئاڵییە
هاوار و ڕۆڕۆ دمدمە
کێ بوو؟ لە خاتوونی خانی
قبووڵ [قەبووڵ] ناکەن کافرستانی
خۆمان هەڵدەدێرین [هەڵدێرین] لە چل کەوانی[١٢٠]
ئەی دمدمی بەردی دە لان
جێگەی خان و خانئاودەلان[٢٠]
ئێستا بووی بە مەسکەنی خەرتەلان
کوانێ سواری دە نازەنینی؟
لە سوڵتانی ئەمینی
ئەگەر قامەتێ دێنی
ماڵە خولای دەبینی
لە سوڵتانی موحتەبەر
دەڵێ: بە ئیزنی خولای [ئەڵڵاهی] لە سەر
پشتیووانم پێغەمبەر
دەچم بۆ سەر شای قەجەر

ڕاوەستان لە سەر وەعدان
ئەسپی خۆیان ناڵ لێدان
خوروش [خودووج] کەوتە کۆڵانان
بەداو دەکەن پێکۆڵێ[٨٤٦]
وەدەر کەوت لە ستەمبوولێ
کەنگێ وەکەم وێ تۆڵێ
جووجێک هەبوو زەمانی[٨٤٧]
ئەو بە سوڕان دەزانی
دوازدە وەزیری دەرگای
بوون بە وەکیلی خانی
لە سوڵتانیان دەستوور دا
شیریان لە قایشان هەڵدا [٨٤٨]
لە سەری دوازدانیان دا
چ غەیان بوو لێیاندا
سوڵتان دەکاتن نازێ
بدەن لە تەپڵی بازێ
هات و گەییە سیوازێ[٨٤٩]
سوڵتان دەکا تەڵەبێ
لە قۆشەن و دەبدەبێ
هات و گەییە حەڵەبێ[٨٥٠]
سێ بەش دەکەن چۆپییە
سوار دەکەن ڕمبازییە
هات و گەییە ئەمەدییە [ئامەدییە][٨٥١]
لە هەیبەتی ڕۆمیان،
لە کەوڵ و یەنگیچەریان[٨٥٢]
گەییە توولە و تاوییان[٨٥٣]
ڕۆژێکی بەیان بەردانێ[٨٥٤]
سوڵتان گەییە لاجانێ[٨٩]
ڕۆژێکی نوێژی نیوەڕۆیە

سوار دەکەن هۆ بە هۆیە[٨٥٥]
گەییە دەشتی شنۆیە[٨٩]
قۆشەنی دێ ڕێ بە ڕێیە[٨٥٦]
سەد لەکە بە زرێیە
گەییە دەشتی ورمێیە[٥٩]
لە سوڵتانی ئەنوەرە
هەم سەیید و سەروەرە
ناردی موهر و دەفتەرە
لە بۆ پادشای قەجەرە
ئەگەر هەڵێ ماکەرە[٨٥٧]
شا کوتبووی [شای کوتبوو] لە دیوانە
ڕەبی خۆش [خۆژ] بێ سوڵتانە
دەگەڵم نەکا بە تۆپانە
شەڕێ [شەڕی] دەکەین بە شیرانە
یان شا دەبێ یان سوڵتانە
سوڵتان دەڵێ: قەسەم بە زاتی نەبی
هیچ [هیج] ماڵی ئاورم پێنەبی
هەرچی شا دەڵێ بڵا وە بی
یاخوڵا هەر خۆش [خوژ] بێ سوڵتان
حەوت شەوان، حەوت ڕۆژان
شەڕیان دەکرد بە شیران
لەش کەوتن وەک [وەکی] گردان
خوێن ڕۆیی هەر وەک جۆگان
نە شا شکا، نە سوڵتان
وەزیر گرتیان دیوانە
یاخوڵا خۆش [خۆژ] بێ سوڵتانە
عەجەم بە فیڵ و زۆرزانە
پێناوەستین بە شیرانە
وەزیری ئەستەمبووڵێ کیایە

حەو(ت) سەد [سەت] تۆپیان هێنایە
دە لبادان پێچرایە،
بەرەو قۆشەنی شایە
ئەگەر ئاوریان دایە
سەد هەزاری کوژرایە
یاخولا خۆش [خۆژ] بی [بێ] سوڵتان
لە ئیسپەهانێ گرت [گرد] دیوان
عامی کردن موسڵمان [موسوڵمان]
مزگەوتی لە بۆ دانان
بانگی حەققی لە نێو دان
ئەوجار گەڕاوە سوڵتان
گوێ لە من بێ، گەلی جوانمێران!
هەرچەندی بەردی لە بەر ئەستێران
هەرچەندی گیای سەر دەردێنێ لە حەوشان، لە زەنوێران
سەد هەزار سەڵەوات [سەلاوەت] لە پێغەمبەری دەگەڵ گوێدێران[٨٥٨]

# دمدم[859]

## حەمەی بەیتان[860]

کەونەکێ کەونە دنیایێ[861]
بێ مرۆت، بێ وەفایێ
چەند جوانان دەستیان پێدەگرتی
چەند جوانمێران دەستیان لێ بەر دەدایێ
دنیا نەدەما نە بە حەزرەتی ئادەم و نە بە دایکەوایێ[366]
دنیا نەدەما بە حەزرەتی نووحێ[460]
ئەگەر دە کەشتێدا دەیخوێند دەرسی دە سبوورێ
دەگەڵ کەلیمەی لائیلاهە ئیلەڵڵایێ
دنیا نەدەما بە ئیبڕایمی خەلیلوڵڵایێ[862]
دنیا نەدەما نە بە حەزرەتی ئەسکەندەر[255]
ئەگەر خەرجی دەستاند لە دەلیایێ
دنیا نەدەما نە بە حەزرەتی وێسپ، نە بە زولەیخایێ[254]
دنیا نەدەما نە بە حەزرەتی سولەیمان، نە بە بلقیسایێ[253]
سەرم دێشێ، دلم ڕاناوەستێ
لەبەر ئەوی غەمێ، لەبەر ئەوی ژانێ
بانگێکم وەبەر خولای
بانگی دیکەم وەبەر پێغەمبەری ئاخر زەمانێ
بانگێکم وەبەر چاکی لە گەرمێن و لە کوێستانێ
بانگی دیکەم وەبەر پیرسڵەمانی لە بانێ[790]
بانگی دیکەم وەبەر سوڵتان سەمەدی[791]
ماڵە خۆی دەکرد لە دەشتی ورمێ دەگەڵ کۆنەلاجانێ[89]
بانگی دیکەم وەبەر سوڵتان بایاقووبی[226]
ماڵە خۆی دەکرد لە کێوی فەڕەنگێ؛ بەرانبەر ماڵە گردی گۆزەگیرانێ[792]
بانگی دیکەم وەبەر شێخ مارفی[793]

ماڵە خۆی دەکرد لە دەشتی مەحمەششەی؛
بەرانبەر بە گردی گۆڕخانێ[٧٩٤]
بانگی دیکەم وەبەر بەرماڵ سپی لە چۆمەڵانێ[٧٩٥]
بانگی دیکەم وەبەر خدری زیندە و خدرەلیاسان[٤٥٣]
نەمرن، سەییاحن، کەس بە ماڵیان نازانێ
بانگی دیکەم وەبەر ئیمام حەسەن و ئیمام حوسێنی غەریب[٢٦٢]
مەرقەدیان لە مەشەد و کەربەلایێ[٨٩]
پەپاغڕەشیان دەچنە زیارەتێ[٨٦٣]
دەڵێن ڕۆژی قیامەتێ خولا دەماندانێ ئیمانێ
بانگی دیکەم وەبەر حەزرەتی حەلی (عەلی)
ڕۆژی جوحمە و جەماعەتان، سوار دەبێ لە دوڵدوڵێ
دەست دەداتە زولفەقارێ، دەچێتە خەزای گاورقڕانێ[٢٦١]
بانگی دیکەم وەبەر سەوزەپۆشی لە حاجیخۆشی؛ لە ترشەکانێ[٧٩٦]
بانگی دیکەم وەبەر ئەو شۆڕەسوارەی سوڵتان سەید وەقازە[٢٧٧]
ماڵە خۆی دەکرد لە تروویکی دە کوێستانێ
کەوم لێ بە جووت ئەنگووت لە قژقەپانێ (قسقەپانێ)[٧٩٧]
کەڵم لێ یاغی بوو لە چیمەنی هۆزانێ [١٤٥]
لە بنی گوێیانم دێ هاڕەی قاڵینەی دەگەڵ چریکەی کۆتانێ[٧٩٨]
خانم دەچوونە سەر برجێ دمدمی
خۆیان هەڵدەدێرن بەرانبەر بە بەردی دە شمشیرخانێ[١٢٠]
دڵی خانیم بە برینە، چەندە بە برینە برینە
زەینێ خۆم دەدا چیمەنی هۆزانێ؛ چەند شین و نازەنینە
چۆمی باراندێزی دێتە خوارێ؛ چەندە زوڵاڵ و شیرنە[٧٩٩]
دیواندڕی، بازاڕ بەتاڵکەری[٨٠٠]
بە کەس نەماوە و بە مەش نامێنی
خانی برادۆستیان کوتیان بە خانئاودەلی موکرییە[٢٠]
بەڵان بۆت دەبم بە برایەکی دای و بابی
دەستت بۆ داوێمە سەر باڵچووغەی دە شیران[٨٠١]
کێلانانت بۆ بەجێ دێڵم لە بنەی دمدمییە[٨٠٢]

خەنجەرانت بۆ دەشکێنم جۆرە نێرۆیی‌یە[٨٠٣]
شیرانت بۆ دەشکێنم جۆرە دانزغییە[٨٠٤]
دەمانچانت بۆ دەشکێنم جۆرە میسرییە[٨٠٥]
تفەنگانت بۆ دەشکێنم خانیَ خۆم؛ جۆە وەستا شاقوولّییە[٨٠٦]
ڕمبانت بۆ دەشکێنم خانی خۆم؛ جۆرە نەزەرییە[٨٠٧]
مەتالآنت بۆ دەشکێنم خانی خۆم؛ جۆرە کەرگەدەنییە[٨٠٨]
زرێیانت بۆ دەپسێنم خانی خۆم؛ جۆرە داودییە[٨٠٩]
ئەسپانت بۆ دەپسێنم خانی خۆم؛ جۆرە سەکلاوییە[٨١٠]
پیاوانت بۆ دەپسێنم خانی خۆم، جۆرە سی سالّییە[٨١١]
مەگەر ئەو شەڕێکی کر(د)بێ ڕۆستەمی مازندەرانێ[١٤]
لە بن کێوی دەماوەندێ سپی‌دێوی دەهێنا زەوتی شیرییە
مەگەر ئەو شەڕێکی کر(د)بێ کوڕە ئێرانیان بە خوێنی سیاوشییە[٨١٢]
دڵی خانیم بە برینە چەندە بە برینە برینە
بۆت دەچمەوە گۆلێ دمدمی، چەند دمدمێکی ڕەنگینە
چۆمی باراندێزی دێتە خوارێ چەندە زوڵاڵ و شیرنە
لێم بۆتەوە بە قەسرێکی جەوەندییە[٨٦٤]
خەمخواری دەبڕێوە
بڵا هەر لە شای هەتا خونکاری[٨٦٥]
هەر لە خونکاری هەتا شایە
ڕایکێشا شوعلەی قەڵایە[٨٦٦]
پێن(ج) سەت وەستای بەردەدایە
هەر وەستای کیسێک دەدایە
قایمە بۆ ڕۆژی دەعوایە
شا بە عەبدالّی گەڕایە
هۆ لە دمدمی دەزگایە
لە ئیسفەهانێی لێ کرد ڕایە[٣٠٢]
شا عەباس دەڵێت حەسەن‌خانە
دە پکە ڕا و تەگبیرانە
بە سەرمان‌دا هات جستانە

جستان چوو ڕابرد هاوینه
ڕابه به دڵ و به یێقینه
زوو پکه شوغڵم بۆ پێک بینه
دمدمم له بۆ بستینه
حەو(ت) ساڵه خان لیێم یاغینه
دەڵێ جێی ئەستەمه و ئەز نایچوومێ[81]
هیمدادی بۆ دێت له ڕۆمێ
دەنشکێنێ، تێکدەدات کۆمێ
دەنکەن به بەردی بن گۆمێ[82]
حالەم (عالەم) به حام (عام) دەنکەن لۆمێ
شاعەباس دەڵێت به حەسەنخانی به غەرەزه
بەس پکه قسەی ده ناتەرزه
هەسته له پێشم ڕابەزه
له هیمدادێت دیبیێم ئەزه
دمدمم له زگی به غەرەزه
شا دەڵێ حەسەنخانه تۆ منداڵی[867]
حەو(ت) ساڵان گەڕام به حەبداڵی (عەبداڵی)
تێمدا نەدی توندوتاڵی
کێ بوو ئەو بەیتەی تەواو کرد
جا محەمەدی خەزاڵی
خان دەڵێ شا بەسم بکەن لۆمان
ئەگەر نەمگرت به وان زووان
ڕەشم بکه هەردک ڕووان
دامنێ له جێی مالمی جووان[86]
مەیتەر ئەسپیان دەرهێنانه
زینیان ده پشتی دەکوتانه
تەدارەک و ناڵبەندانه
چەپەر چوون بۆ سەر ئێلانه
بۆ سەر شار و وەڵاتانه

ئەو ئێرات و ئێرەوانە[٨٩]
ڕەژت (ڕەشت) و کشمیر و گێلانە[٨٩]
بێت لە ورمێ و لە لاجانە[٨٩]
سندووس بێت و موکوریانە[٨٩]
سنە بێت، سنووری کرمەشانە[٨٩]
دەرگەزێن و ڕژدەستانە[٨٩]
هەوێز و شووشتەر و مەریوانە[٨٩]
سەت هەزار خان و سوڵتانە
پایتەغتیان لە ئیسپەهانە[٣٠٢]
وە دەر کەوت لە ئیسپەهانێ
لە قۆشەنێ و لە تۆغیانێ
دار و بەرد هاتە هەژیانی[٨١٥]
تۆز گرتی بەری عاسمانێ
بوو بە ڕۆژی ئاخرەت زەمانێ[٨٦٨]
دە قۆشەنان کەوت غوڵووە
لەشکر تیپ تیپ ئاوا بووە
مزڵێکیان هاتە قافلانتووە[٨١٧]
لەو کافری دە بەدفێڵە
سەری ڕمبیان دەڵەی بێڵە
لەشکر لە دوای بوو بە خێڵە[٨١٨]
مزڵێکیان هاتە ئەردەوێڵە[٨١٩]
کافر ئاژوان لە مەجێزە[٨٢٠]
مەلعوونە دێن ڕێز بە ڕێزە
مزڵێکیان دەژتی (دەشتی) تەورێزە[٤٥]
دێ لرفە لرفی بەیداغان[٨٢١]
دێ دەنگی زرێ و قۆڵچاغان[٨٢٢]
مزڵە لە بناو و مەراغان[١٠٦]
لەشکر دێت ڕێ بە ڕێیە
دەڵێ خانی موکری لە کوێیە[٢٠]

مزڵێکیان هاتە دەژتی (دەشتی) خوێیە[٨٢٣]
قۆشەن ئاژوای بە مەغسووسی (مەخسووسی)
لە خانی موکری دەپرسی
مزڵە لە دەژتی (دەشتی) سندووسی[٨٩]
چەند خانێکی بە ئەنگامەیە
بە قۆشەن و زەمزەمەیە[٨٦٩]
ڕەحمان بەکر دەگەڵ مەیە[٨٧٠]
جواب دەچوو لە بۆ خانییە
چاکە خۆی بکا قەوییە
عالەمی بۆ بزووتییە[١١٧]
چاکە شەڕێک لە سەر دینییە
خان دەڵێ ئەو شا بێت ئەمن خانم
خالەق بێت بە پژتیوانم (پشتیووانم)
غولامی ڕەوێک شێرانم
قاتڵی شاهی بێ ئیمانم[٨٧١]
ڕۆژێکی بەیانی بەردا[٨٧٢]
داپپووشیبوو دار و بەردە[١٢٢]
دمدمم بەردی مەیدانێ [٨٧٣]
لێیاندا تۆپی ئیسپەهانی
تۆز گرتی بەری عاسمانێ
بوو بە ڕۆژی ئاخرەت زەمانێ[٨٧٤]
مەردچاک تێیدا دەگرن مانێ
بۆ ڕۆژی ئاخرەت زەمانێ
دمدمم بەردی لە نزاری
لێیاندا تۆپی هەوشاری
حەو(ت) شەو و ڕۆژان ئاور باری
خەبەر دەچوو بۆ هەوشاری
دمدمم بەردی لە ئێردی
لێیدەن بە تۆپی ئەوبەردی

تا ڕۆژی مەرد و نامەردی
دمدمم بەردێکی زۆپە
لێیاندا تۆپخانە و تۆپە
دمدمم بەردیکی پانە
لێیاندا تۆپی کارخانە
قەڵاتی پێ پکەن وێرانە
دمدمم بەردێکی سوورە[876]
تۆپیان لێدان دوور بە doorە
قەڵاتی پێ پکەن خاپوورە
دمدمم بەردی مەیدانێ
لێیدەن بە تۆپی کارخانی
کاریتەی گەییە هۆزانێ[145]
دمدمم بەردی دەبەیە
لێیدەن بە تۆپی کەللەیە
کاریتەی گەییە کۆکەیە[148]
خان بە خەزایێ مژغووڵە[877]
دمدمم بەردێکی خڕە
چوار تەڕەفی لێوەبڕە[745]
بەحەشتێ بە شیر بکڕە[604]
خان بە خەزایێ مژغووڵە
دمدمم بەردێکی شینە
تۆپیان لێدان قین بە قینە
چوار جستان و پێنج هاوینە[827]
تێیدا خانیلاپزێڕینە[828]
زەفەریان پێ نەبردینە
خان بە خەزایە مژغووڵە
دمدمم بەردی بن گۆمێ[878]
بە تۆپە گەورەی ناچۆمێ
هیمدادی بۆ دێت لە ڕۆمێ

خان بە خەزایێ مژغوولە
وەکیل و وەزیر گوتیان خان ئەوە کینە؟ [879]
خان فەرمووی ئەوە کاروانینە
خان بە خەزایێ مژغوولە
جا خانێک ڕابوو لە کوردانە
کێ بوو حەمەبەگی لەتانە[829]
ڕووی ڕەژ (ڕەش) بێ دەگەڵ جووانە
لە سەر یەک نیمچوون نالانە
زیز بوو چوو بۆ نێو ئەوانە
پێی نیشان دان سۆڵەخانە[173]
کێ بوو کافری بێ ئیمانە
تێیانکرد هەش و دەرمانە
پێی قڕ دەبوون مسوڵمانە
لە وان بۆ ڕۆژی تەنگانە
لە کنیان ئاخرەت زەمانە
چەند گریان ئەو خاتووخانە
لێمان تێگچوو جێومەکانە
خولایان بێت بە پشتیووانە
خاتوونێگ (خاتوونێک) دێتە مەیەدانێ
لە دڵی خانی دەدا تانێ
لێت حەرام بێت جێی کابانی
ئاو نێ پێی پکەین شێلانی
خاتوونێگ دێت و دەبەزی[880]
ڕەبی خانە مارت گەزی
لێم ڕەش بوون سەر و کەزی
خاتوونێگ دێ بە فەقیری
چۆگ (چۆک) دادەدات لە پێژ (پێش) میری
خان سەلا لە منی فەقیری
ئاو نێ پێی بشێلین هەویری[341]

خان حەیفە ئەتۆ بێ مودبیری
خان بە خەزایێ مژغووڵە
کێ بوو خانی لاپزێڕینە
لە شەرافەتێ خاتوونی شیرنە[881]
بەفرێک باری بەو هاوینە
بەختی خانی لاپزێڕینە
حەوت شەو و ڕۆژان پێی دەژینە
ڕایان وا بوو جا بە هەزاری[155]
سوار کەن خدری بە بریندای
بە چەپەر بینێرن بۆ کن خونکاری[882]
وەزیر وای گوت بە مودبیری
چاکە کاغەزێک بنێری
قەلاتێ بۆ شای بەجێ بێڵی
کێ بوو لە خانی جوندییە
کوتی بە تەیافەی خەزاییە
هەرچی هەڵێت قەیدی نییە
هەرچی بمرێت فیداییە
هەرچی بیکووژن خەزاییە
تەیافێک بوون لە تەیافەی گابری (کابری)[830]
کوتیان خان پووچ و ناماقووڵت کرد تا سەرت هەڵدەگری[883]
ئەمە دەست بە شیرێ دەچین بۆ لەشکری
کێ بوو لە خانی جوندییە
دەڵێ بانگی حەق وەبەر وییە
غەیرەز خودای هیچ کەس نییە[884]
با بێ شێخی گێلانییە[885]
سوڵتان مەعرووفی کەرخییە[783]
با بێ فاڕووقی داودییە[832]
با بێ ڕابیحەی حەدەوییە (ڕابیعەی عەدەوییە) [435]
با بێ شەمسی تەورێزییە[434]

شێ محەمەدی باڵەکییە [٧٤]
عەبدولعەزیزی شنۆییەیە[٨٩]
شێخڕەشی گەرگەرۆییەیە[٨٣٣]
لە جێڕاوگان شەڕە، قەرقەشە
لە جێڕاوگان کەوتوون لاشە[٨٨٦]
خان دەپرسێت ئەوە کێیە؟
پیرۆتە سووری مەرگێیە[٢٢٤]
بە چوار ئاوێنە و زرێیە[٨٨٧]
سوارێک هاتۆت بە نادری
کەس نێ چەکانی وەرگری
خان دەپرسێ ئەوە کێیە؟
خان! ئەوە حەزرەتی خدری[٤٥٣]
سوارێک هاتۆ لە بۆ گەشتێ
بە وییە سوورەتی بەهەشتێ
خان دەپرسێت ئەوە کییە؟
خان! ئەوە وەیسی ماهیدەشتێ[٢١٦]
سوارێک هاتۆ لە کارخانێ
بە وییە سوورەتی ئیمانێ
خان دەپرسێت ئەوە کێیە؟
شێخ عەبدولقادری گێلانێ[١٩٣]
سوارێک هاتۆ هونەرمەندە
ئەزپابی (ئەسپابی) دەعواییێ ڕەندە[٨٣٤]
خان دەپرسێت ئەوە کێیە؟
خان! ئەوە شاهی نەخشبەندە[٨٣٥]
سوارێک هاتۆ ئەسپی تازە
مل بە قەڵاتە و ئەنگازە[٨٨٨]
خان دەپرسێت ئەوە کێیە؟
سوڵتان سەید وەقازە[٢٧٧]
سەلاحشۆڕان، دەست بە چەکان

دەگەڵ سەفی دە ئەو مەلەکان
دێت گوڕڕەی شێخی باڵەکان[٧٤]
با بێت حەشەڕەی (عەشەڕەی) موبەشەڕە[٨٣٦]
هەمزە و هەباس و حەیدەرە
دەگەڵ مەقرەبی پەڕ بە سەرە
ئالاچی سوڵتان سەمەرە[٨٨٩]
با بێت ئالای نەبییە
حەو(ت) تیپی تێگپەڕاندییە
خان دەپرسێت ئەوە کێیە؟
گوڕژەنی حەزرەتی حەلییە (عەلییە)
با بێ بەیداغی پێغەمبەری
هەمزە بێ دەگەڵ حومبەری (عومبەری)[٢١٤]
بێت خالندی ئیبنی وەلی(د)[٢١٣]
خان بە خەزایێ مژغووڵە
خان دەیگوت حەبداڵبەگە (عەبداڵبەگە)، ڕۆڵەی بابی[٨٣٨]
بە من دەکەی چاک چا دەبی
دەیگوت بابە چ پکەم لێرەوارە؛ دوایی نایە
با پکەین مەدحی هورموزبەگی[٨٤٠]
ڕمبی نەزەری بە چەنگی
لە هەزاری دەبڕێ مەرگی[٨٤١]
خانئاودەل و کاکەخانە
حەو(ت) شەوان و حەو(ت) ڕۆژانە
شەڕیان دەکرد بە شیرانە
شیران نەیاندی کێلانە
لەش کەوتن وەکی گردانە[٨٤٢]
خوێن دەڕۆیی وەکی جۆگانە
باڵچووغەی شیران نەمانە[٨٤٣]
شەهیدیان کرد کاکەخانە
هاوار و ڕۆڕۆ و دمدمە[٨٩٠]

خان دەڵێ خانی خەزاییمە
تا لە دنیایە ئەز بژیمە
بۆخۆم پەرژینی شەڕێمە
خانئاودەل و کاکەخانە
کر(د)بوویان وەعدە و پەیمانە
دەز (دەست) هەڵناگرن لەو کارانە
بانگم وە بەر میری میران[891]
خان حەوت قۆڵی دانە بەر شیران
بانگم وە بەر پادشای قودڕەتێ
خانی موکریان شەهید کرد بە کوتکی خێوەتێ[844]
هاوار و ڕۆڕۆ و دمدمە
ڕۆژێکی تاوهەڵاتێ
عەجەم دەکاتن خەباتێ
سێبەر هەڵکشا بۆ بن قەڵاتێ[892]
کوانێ سواری دە نازەنین
کێ بوو لە ئالی ئادەمان[184]
قەڵاتی هەڵگرت بە زەمان[356]
کێ بوو لە ئالی ئادەمانە
حەو(ت) شەوان و حەو(ت) ڕۆژانە
شەڕی دەکرد بە تۆپانە
قەڵاتی لە دوو نەدانە[845]
کوانێ سەرداری نازەنین
کێ بوو لە ئالی بە جەرگە
لە وانی گر(ت)پوو دوڕگە[893]
لە هەزاری دەبڕی مەرگە
هاوار و ڕۆڕۆ و دمدمە
کێ بوو لە بەر خاتوونپەروەری
کوتی کاک حەلی (عەلی) ئەتۆ ماوی ئەتۆش هەڵێ
کێ بوو لە بەر کاک حەلییە

کوتی خاتوون پووچ و ناماقوولّت کرد هەتا سەرت هەڵدەگرییە
من بەشی خۆم خەزا کردییە
شەهیدیان کرد کاک حەلییە
هاوار و ڕۆڕۆ و دمدمە
کێ بوو لەبەر خاتوونێ خانی
قبووڵ ناکەن کافرەستانی
خۆیان هەڵدەدێرن لە چل کەوانی[١٢٠]
ئەی دمدمی بەردی دە لان
جێگای خان و خانئاودەلان[٢٠]
ئێستا بووی بە مەسکەنی خەرتەلان
جێگای خانان، جووتەی شێران
بۆت بە جێگای شەل و کوێران
کوانێ سواری دە نازنینێ
لە سوڵتانی ئەمینێ
ئەگەر قیامەتێ دەنوێنێ
ماڵە خولای دەبینێ
لەو سوڵتانی سەروەرە
دەڵێ بە ئیزنی ئەڵلای لە سەرە
پژتیوان (پشتیووان) بێ پێغەمبەرە
دەچم بۆ سەر شای قەجەرە[٨٩٤]
ڕاوەستان لە سەر وەعدان
لەشکری خۆیان ناڵ لێدەدان
خرووش کەوتە کۆلانان
بەداو دەکەن پێکۆڵێ[٨٤٦]
وەدەر کەوت لە ئەستەمبووڵێ
کەنگێ پکەم وێ تۆڵێ
جۆگێگ هەبوو زەمانی[٨٤٧]
ئەو بە سۆرانی دەزانی
دوازدە وەزیری دەرگای بوون بە وەکیلی خانی

به سوڵتانیان دەستوور دا
شیریان دە قایشان هەڵدا[٨٤٨]
لە سەری دوازدانیان دا
هەرچی غەیان بوو لێیاندا
سوڵتان دەکاتن نازێ
دە بدەن لە تەپلی بازێ
هات و گەییە سیوازێ[٨٤٩]
سوڵتان دەکا تەڵەبێ
لە قۆشەنێ و لە دەبدەبێ
هات و گەییە حەڵەبێ[٨٥٠]
سێ بەش دەکەن چۆپییە
سوار دەکەن ڕمبازییە
هات و گەییە ئەمەدییە[٨٥١]
لە هەیبەتی ڕۆمییان
لەرزی زەمین و زەمان[٨٥٢]
گەییە تۆڵە و تاوییان[٨٥٣]
ڕۆژێکی بەربەیانێ[٨٥٤]
سوڵتان گەییە لاجانێ[٨٩]
ڕۆژێکی نوێژی نیوەڕۆیە
سوار دەکەن هۆ بە هۆیە[٨٥٥]
گەییە دەشتی شنۆیە[٨٩]
لەشکر دێت ڕێ بە ڕێیە[٨٥٦]
سەد لکە بە زرێیە
گەییە دەشتی ورمێیە[٥٩]
لەو سوڵتانی ئەنوەرە
هەم سەید و هەم سەروەرە
ناردی مۆر و دەفتەرە
لە بۆ پادشای قەجەرە[٨٩٤]
شا گوتی لە دیوانە

یارەبی خۆش بی سوڵتانە
دەگەڵم نەکات بە تۆپانە
شەڕ دەکەین بە شیرانە
یان شا دەبێ یان سوڵتانە
سوڵتان دەیکوت قەستەم بە زاتی نەبی
ئەگەر هیچ ماڵی ئاورم پێ نەبی[896]
چۆنێکی شا دەڵێ با وابی
یارەبی خۆژ (خۆش) بی سوڵتانە
حەوت شەوان و حەوت ڕۆژانە
شەڕیان دەکرد بە شیرانە
شیران نەیاندی کالانە
لەش کەوتن وەکی گردانە
خوێن دەڕۆیی وەکی جۆگانە
باڵچووغەی شیران نەمانە[897]
نە شا شکا، نە سوڵتانە
وەزیران گرتیان دیوانە
یارەبی خۆژ بی سوڵتانە
حەجەم (عەجەم) فێڵباز و زۆرزانە
پێناوەستین بە شیرانە
شەڕ دەکەین بە تۆپانە[898]
وەزیری ئەستەمبوولێ شکایێ
حەو(ت) سەت تۆپیان هێنایێ
پاک دە لمەدان پێچرایێ
بەرەو قوشوونی شایێ
ئەگەر لێگرا ئاوریان دایێ
سەد هەزاری کوژرایێ[899]
یارەبی خۆش بی سوڵتانە
لە ئیسپەهانێ گرت دیوانە
عامی کردن مسوڵمانە

مزگەوتی لە بۆ دانانە
بانگی حەقی لە نێو دانە
ئەوچەل گەڕاوە سوڵتانە
گوێو لە من بێ گەلی دە میران، گەلی دە جوانان
هێندەی بەردی دە ئەستێران
هێندەی گیای سەر دەردێنێ لە حەوشە و لە زەنوێران
هێندە سڵاوەت بێ لە پێغەمبەری ئاخری زەمانێ
دەگەڵ نەبێ شەیتانی دین دوژمنی ماڵوێران[900]
ئەمن ئەو بەیتەم تەواو کرد
بە سڵامەتێ شا و مللەتی ئێرانێ

لێرەدا بەیتبێژ بە قسە باسی چۆنیەتی هەڵکەوتنی قەڵا دەکا:[901]

... دەڵێ قەڵای دمدمی کێوێکی یەکپارچە و بڵێند و درێژە، بەرینایی کەمە. لە لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای قەڵایەوە، دۆڵێکی قووڵە، هیچ کەسی لێ وە سەر ناکەوێ، لە سەرێوە هیچ برجێکی مەحکەمی بۆ ساز نەکراوە. فەقەت لە لای ڕۆژهەڵاتی قەڵایەوە دەرکێک بڵێند دەبیندرێ، بە یەکەوە نووساوە، حەسارێکی مەحکەمی بۆ درووست کراوە. لە لای ڕۆژئاوای قەڵایەوە، دەرکێک نێوی (نەوی) دەبیندرێ، ئەو دەرکەی نێوییە، دوو حەساری بۆ درووست کراون، لە حەساری دووەم باریکە ڕێیەک دەبینرێ، بە نێو بەرداندا، سوارێک بە زەحمەت دەتوانێ ئەگەر لەو (ڕێگایەی) بێتە خوارێ بۆ سەرزەمینێ، لە قەڵای دمدمیدا. دەنا لەو ڕێگایەی بە دەر، هیچ ڕێگای دیکەی نێ. لە لای ڕۆژهەڵاتی قەڵایەوە، ئەمیرخان ئاوێکی کەمی (لێ بووە). کوتوویێتی ئەو ئاوەی بێنن دە بن قەڵایەدا حەوزێکی دە بەردا بکەن. ئەو حەوزە هەر لە ئەوەڵی ئێوارێوە هەتاکوونێ بەیانی پڕ ئاو دەبێ، ئەگەر پڕ ئاو بوو، بەشی دانیشتووی ئەو قەڵایەی دەکا. هێنای حەوزێکیان لێ دروست کرد، لە سەر حەوزەکەیەوە قەڵایەکی مەحکەمیان لە سەر دروست کردۆ، لە لای ڕۆژهەڵاتی قەڵایەوە، حەوزێکی دیکە دروست کراوە، بە ئاوی بارانە پڕ دەبێ. لە تەنیشت حەوزەکەیەوە بەردێک هەڵکەوتۆ؛ بەردێکی پان و بەرین، پێی

دەڵێـن بەردی شەمشـیرخانی. دە بەینی بەردی شەمشـیرخانی و قەڵای دمدمیـدا، برجێکی مەحکەمی لێ دروسـت کراوە، بە قەڵایەوە نووسـاوە. هەتاکوونـێ ئەو برجە نەگیرێ، قـەڵا ناگیرێ. لە لای ڕۆژئاوای قەڵایەوە. جێییێـک دەبینـدرێ پڕ لە بەفر و سـەهۆڵە، ئەو جێگایـەش حەوزێکی دە ژێردا دروسـت دەکەن، بۆ وەختێکی، سـاڵێکی کە دنیا، وڵات بێ ئاو بێ، هاوینان ئیستیفادە لەو ئاوەی دەکەن. ئەویش قەڵایەکیان لە سەر دروست کردۆ؛ بەو قەڵایەوە، قەڵای دمدمی بە پێنج قەڵا بەش دەکرێ. شاعەباسی سەفەوی بە زەمانی خۆی، حەمەبەگ نێوێکی کردبۆ سەرۆکی تەرگەوەڕ و مەرگـەوەڕان و وڵاتـی برادۆسـتیان. ئەمیرخان سـەری وە بن باری نەدهێنان؛ دەگەڵ قزڵباشـێکان ڕێک نەدەکەوت. پاشای تورکیەی تەماحی دە وڵاتـی ئاگربایـنجانـی کردبـوو، کوردەکانی بە لای خۆی کێشـابوون. ئەمیرخان هەر وەختێکی ئیشتیای لێدەبوو، یێکێتی دەگەڵ ئاغا گەورەکانی ئـەو وڵاتەی دەبەسـت و پەیمانی دەبەسـت دەگەڵیـان. وەختێکی دەگەڵ "حەمەدبـەگ"ی دە شـەڕێکدا، پیلێکیـان لە بـنڕا بڕی؛ لە بـەر ئەوەی پێیاندەگوت ئەمیرخانی چۆڵاغ، یانی یەکدەسـت. شاعەباسـی سـەفەوی دەیویسـت ئیرەوان و نەخجەوانێ بگرێ، ئەمیرخان خۆی لە شای نیزیک کردەوە. بە حوکمی شـای عەباس هێنایان باسـکێکی زێڕیان بۆ دروست کـرد، لە بەر ئەوەی جـا پێیان دەگووت "خانیلاپزێڕیـن". خانیلاپزێڕین شـا زۆری خۆش دەویست، کردێ سـەرۆکی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕێ. بەرەو ئەو ناوچەیەی وە ڕێ کەوت. چوونێ پیاوێکی نەترس و نەبەز بوو شـا عەباس زۆری خۆش دەویسـت؛ ڕۆژ بە ڕۆژ بە دەرەجەی بڵیندتری دەگەیانـد. وەختێکـی "چەغاڵئۆغڵی" لەشکرکێشـی کرد، هـات بۆ وڵاتی ئاگربایـنجانی، لە نیزیک تەورێزێ لەگەڵ دەسـتوپیوەندی شـای بە شەڕ هات؛ ئەمیرخان کۆمەگیی شای نەکرد. ئەمیرخان بە شای ڕاگەیاند کوتی: بە زەمانی ساسانیان کۆنەقەڵایەک بووە، پێێ دەڵێن قەڵای دمدمی. ئەگەر شـا ڕازی بێ، ئەمن ئـەو قەڵایەی ئاوەدان دەکەمـەوە چاکی دەکەموە و دروسـتی دەکەم، مەحکەم بۆ ڕۆژی تەنگانان. دەڵێ شـا ئیزنی دا، کوتی: دروسـتی کـە "پیربداغخان"ێک بوو لـە تەورێـزێ، زۆر پیاوێکی ئاقڵ و دونیادیتوو بوو. بە شای ڕاگەیاند: شا! ئەگەر بە قسەی من بێ ئەمیرخان

ئەو قەڵایەی دروســت نەکا. ئەو قەڵای بۆ ڕۆژی تەنگانان دروست دەکا. شــا عەباس فەرمووی بەڵی زۆر چاکە. مەهێڵێن، دروستی نەکا. لە قەڵایە گەڕێ، قەڵا چا کردنەوەی ناوێ. ئەمیرخان جوابی نەداوە؛ ئەو چەل قەڵای محکەمتر دروســت کرد. وەختێکی شــا عەباسی ســەفەوی لەشکرکێشی کرد: هات بۆ "خۆ" و "ســەڵماس"ان. ئەمیرخان لە وێ تووشــی لەشکری شــای بوو. شــا زۆری خۆش دەویســت، هیچی بە ئەمیرخان نەگووت و ناردیوە بۆ وڵاتی خۆی، بۆ تەرگەوەر و مەرگەوەڕان. دەڵێ "خانئاودەلی موکری"ش لە شــای یاغی ببوو، بە خۆ و بیســت هەزار نەفەریوە پەنای بــۆ ئەمیرخانی هێنا. لە لایەکی ئەمیرخان دڵخۆشــی خانئاودەلی دەداوە، لە لایەکی دیکەش یەکێتی پێنیشانی شای دەدا. جا دەڵێ شا لەشکرکێشی کرد بۆ مەراغەی. دەگەڵ قزڵباشــێکان ئەمیرخان ڕێک نەدەکەوت. جەلالی و قزڵبــاش هەمــووی لە مەراغەی خڕ ببوونەوە، لەشــکری شــاش هات. شاعەباســی ســەفەوی ناردی بۆ کن خانی: دەبێ ئەگەر بۆخۆشــی نایە، تەقریبەن ســێ ســەد چوار ســەد نەفەرێکــی بنێرێ، لە ڕدێنســپێکان و لــە گەورەگــەورەکان؛ با نەڵــێ ئەمیرخان دەگەڵ شــای نێوانی نێ. دەڵی شــاعەباس ئەو نووتقەی فەرموو ئەمیرخان جوابی نەداوە و هیچ کەسی نەنارد. قزڵباشــێکان و جەلالێکان کاغەزیان نووسی بۆ ئەمیرخان: ئەگەر ئەو نایە، ئەمە دێین دیدەنێ وی و دوو شــەوان لە وێ دەبین و تەکبیرێ دەکەین و چۆنێکی ئەمیرخان پێی مەسڵەحەت بوو ئەمە ئاوە دەکەین.

ئەمیرخــان ئــەو دەرســانەی زۆر خوێندبــوون. ڕێــی نــەدا، جوابی نەدانەوە. دەڵێ شا بە پیربداغخانی گوت پچێ بزانێ ئەگەر خەتای جەلالی و قزڵباشــیان بوو، ئەوە پێنج هــەزار تمەنیان بدەنێ و بەڕێیان کەنەوە با بێنــەوە مەملەکەتی خۆیان. ئەگــە خەتای ئەمیرخانیش بــوو، ئەمیرخانی تەنبێ بکات و بیگرێ و بیهێنێ بۆ ئێرەکانە. ئەمیرخان خەبەری دا شــای، کوتی: ئەو لەشــکرێکی پیربداغخانی ســەرۆک بێ، ئەمــن کۆمەکی ناکەم. لە بەر دڵی ئەمیرجانی پیربداغخانی لێ خســت، "حەســەنخانی دانا جێی پیربداغخان. هاتن بۆ مەراغەی. لە مەراغەیڕا شەڕ هەڵایسا و پەیدا بوو.

# دمدم[902]

## قارەمان شایەر[903]

خالەق هەر ئەتووم ڕەببیە
عەرز و عاسمانت ڕۆنابوون
لە شەڕافەتیێ نەبییە
هەشتیێ هێزار نەفعی عالەم[904]
نووسیت لە پایی عەرشییە
هەزاریش لە وان بەحرییە
هەزاریش لە وان بەڕییە
لە وان حەموان سێ مەقبوولن
یەک عینسانی سەر دنیایێ
یەکیان جننێ بن عەردییە
ئێ دیش مەلایکەتی وییە
هەر لە ئەوەڵ هەتا ئاخر
خودا ڕازقی ڕزقییە
سێ مەرد هەبوون لە دنیایێ
یەکیان ڕۆستەمی زەمانی
شەڕی کرد دەگەڵ دێوییە
ئێ دیکەی شێری موختار
حەزرەتی ئیمام عەلییە
لە ئاخریێ وان هەردووکان
خان لە گەرمێنێ هاتییە
لە خونکاری دڵمەند بوو
دەچم دەبمە کوێستانییە
گەنج و ماڵی هێندە زۆر بوو
باری دەکرد بە بارییە
هات گەشتە گەڵیە خانییە
لە گەڵیێ خانی ڕۆنییە

کۆلکەبناو و دارەبییە[905]
کۆشک و سەرای چا کردییە
مەخلووقاتی لێ خڕ بۆوە[906]
خان دە کوڕی وێڕاگەشتییە
خانەک هەبوو مکورییە
نێوبانگی خانی زانییە
لە خانئاودەلی مێوان بوویە
ئەهدییان وێکڕا گرتییە
بوونە برای دای‌وبابییە
لە شاعەباسی یاغی بوویە
شاعەباسی چی کرددیە
لەشکرەکی کرد قەوییە
داروبەردی بۆ بزووتییە
لە بن گەڵێ خانی هەوردییە[907]
حەو[ت] ساڵان لە بن هەوردییە
چ زەفەر پێنەبردییە
ڕەزیشی لە بن چاندییە
کۆخ و هەرمێی وێڕاگەشتییە
بەرێ نەمامێی خواردییە
چ زەفەر پێنەبردییە
مەعبەینی پایز و زستانە
چی کرد خانی عەجەمانە
ترێی ناردبوو بۆ خانانە
ئەوە مەعزیفەی (زیافەت؟) پادشانە
سبحەینێ دەگەڵ بەیانی
خان ڕۆنیشتبوون لە دیوانێ
حوکمیان کردە سەر کابانێ
فرۆی دەنێرین بۆ حەسەنخانی
فرۆ زۆر بوو وەک لێشاوە

بۆ حەسەنخانیان ناردبوو
شاعەباس لێی مەحتەل ماوە
خانان زەخیرە نەبڕاوە
لەشکری دەکەم بڵاوە
مەخلووقاتیان ئیزن داوە
لەشکر بە پاشدا گەڕاوە
خالەق هەر ئەتووی بەتەنێ
خان سیوار بوون لە مەعدەنێ
دا بچینە بەراییێ قۆشەنێ
چی وڵاتەکی لێ بگەنێ
چون گەشتنە بەراییێ قۆشەنێ
خانئاودەل مەردی خودایە
لە شای دەکرد تەمەننایە
سەرێ خۆی بۆ توو هینایە
بێ قەدر نابی لە دنیایە
شاعەباس قەت شای وها نییە
دەستی دانا سەر ملییە
ڕوو سپی بی خانانی مکورییە
لەبزێرینی گەرمێنییە
کارەکی چاکو کردییە
ڕێزێ منو نەشکاندییە
خالەق هەر ئەتووم جەباری
وای فەرموو پادشای حەوشاری
لێم دەخوازن کێهە شاری
دا بوودەمێ بە یەگجاری
جووتێ خانان ڕاوەستایە
لە شایان کرد تەمەننایە
بماندەیە هێندی چەرمی گایە
لە ملکێت دەکەین ئاوایە

دەکەینە کۆشک و سەرایە
شا بە خۆرای لێ وەستایە
دەودەمێ هیندی چەرمی گایە
لە ملّکم بکەن ئاوایە
بکەنە کۆشک و سەرایە
شا عەباس دەچۆ دیوانێ
جووتێ خانان دەبەمە تەهرانێ
عالەمێ خودای پێبزانی
مزگێنی چۆ مالّێ شایە
هەر دوو خانی دەگەڵدایە
لە حەمووی کەیف و سەفایە
چون گەشتنە مالّێ شایە
خالەق هەر ئەتووم جەببارە
وای فەرموو پادشای حەوشارە
کێهەو لەو خانان سەردارە
دا کیژێ خۆی لێ بکەم مارە
حەوت شەوان و حەوت ڕۆژانە
خواردیانەوە شیرنێ خانانە
داوەت لە سەد جێ گیرانە
لە حەموو لایان زیرەوشانە
خان سیواری هەسپی شێیە
خانیان دەکردن وە ڕێیە
نێوی خانان بوو مەنشوورە
وە گەڵێی یەخست حەشت تابوورە[۹۰۸]
سەرباریان خرِ زێڕی سوورە
لێیاندا بلوێر و نایە
کیژێ شایان دەگەڵدایە
مەکانیان دەرینقەڵایە
خانی لەبزێڕین زاوایە

هات گەشتە دەرین قەڵایە
لەو خاتوونێ بەڵەکچاوە
لە گەڵێ خانی ڕاماوە
کۆلکەبییە و داربناوە
خان عەمری خۆو بە زاهێر داوە
لەو مەعبووبی چەندە کۆکە
مل بە هەوری و بە دەسرۆکە
لە برجان تەماشە دەکا
خڕ هەورێس و دارشنۆکە[909]
خڕ کەوت و داربەنۆکە
خڕ هێنجیر و بەڵاڵووکە
خودا ئەو جێیەی فەنا کا
لەو خاتوونێ چەندە جوانە
وەک دەڕوانی لە برجانە
خڕ بەرد و شاخ و تەللانە
کۆچی دەکرد بە خانانە
حەوت ڕۆژان هەتا هێوارە
لێیاننان کۆچ و کۆچبارە
بۆ دمدمی هاتنە خوارە[910]
دمدم ڕازا بەر وە تاوە[911]
مەخلووقان خڕ مەحتەل ماوە
قەت لێی نەبوو چۆڕێک ئاوە
خانئاودەل دەیگوت بمێنم
چ وەستایان ناحەزێنم
ئاوێی لە بۆ بە دزی دێنم
جووتێ خانان هێندە ڕەندە
زانیان ئاو و کانی چەندە
سەریان دەکرد تەختەبەندە
تەختەبەندی دارچنارە

به پێنسەد ساڵی قەرارە[912]
ئەو جار لێی دەدا بزمارە
گۆنگرە هاتن لە ورمێیە[913]
جۆگەی هێنا جێبەجێیە
هەڵیاندەبەست سوولەخانە
بۆ سەر دمدمی خانانە
ئەو بەحسەش با بەرکنار بێ[914]
جا بکەین مەدحەی وان وەستانە
سەد وەستا هات لە تارانێ
وەستا و کیسەی لە پێش دانێ
خەندەکێ لێ بدەن سبیانێ
سەد وەستا هات لە تەورێزێ
کیسانیان بۆ بدەن لە ڕێزێ
سبحەی بکۆڵن مەتەریزێ
سەد وەستا هات لە بناوێ
ئەویش حەقیان تەمام دەوێ
دروستیان کرد عەمباری ئاوێ
بۆ ڕۆژێ شەڕ و تەنگاوێ
سەد وەستا هات لە مەراغەی
دمدمی چا دەکەم لەو شاخەی
خان دێ دەگرێتن ئۆتراغێ [915]
سەد وەستا هات لە کوردییە
حەقیان ڕۆژ و مەجیدییە
سەد وەستا هات لە خۆشناوێ
ئەویش حەقیان تەمام دەوێ
سەد وەستا هات لە بەغدایێ
وەستا و ڕۆژ و لێرەی دایێ[916]
سەد وەستا هات لە باشقاڵە
بە متمانی و بە یەغباڵە

دمدمی چا دەکەم ئەو ساڵە
بەحتێ باریێ هەزار ساڵە[917]
دمدم زێنەتی دە دنێ
هەزار وەستای هاتە بنێ
ئەو جار بکەین مەدحەی چا کردنێ[918]
جووتێ خانان ڕاوەستایە
دەیانکرد مەدح و سەنایە
قەولین وەتۆ دەگەڵ پادشای نایە
ئالاکەن هێندی چەرمی گایە
وەستایەک هەبوو وەستا باپیرە
سەد ڕەحمەتی لە بابییە
گوتی چاک دەکەم بێ تەخسیرە
بناغەی دادەنێم بە زنجیرە
خان شەڕی لێ بکا بە شیرە
وەستایەک هەبوو وەستا شەعبانە
خەڵکی تەپە و تورکومانە
حەکماڵی ببی وێرانە
دوژمن بە قەومی کوردانە
گوتی وەک توو دەڵێی سەر ناگری
دەکەویتە کاری ئاگری[919]
قازانج لە بۆ ئاسنگری
دمدمی چا دەکەم لە بەردانە
حەمووش بە نەخش و نیشانە
ئەو زێدەیە لە کوردانە[920]
خانی کوردان ئیحتیباری نییە
حەمووانو دەگرن دە خیزییە
پاشی هێنگی تەگبیرو چییە؟
وەستایەک هەبوو وەستا عەمەرە
وەستایەکی موحتەبەرە

دروستی کردن منناره
شاری ورمێی لێ دییاره
وەستایەک هەبوو وەستا ئەمینە
وەستایەکی نازەنینە
چاکی کرد برج و شانشینە
هەستەم بۆ بدە دەزگای نینە[921]
وەستایەک هەبوو وەستا عەباشە
دمدمی چا کرد بۆ تەماشە
خۆش بیتن ئەحمەدی کوردییە
گەنج وەدەرکەت لە بەردییە[922]
حەموو زێڕ و ئەشرەفییە
هەر زێڕێ سەد مەجیدییە
ئی دەوری کەیکاوسییە
سوێندی بۆ خانان خواردییە
خانان ئەو ڕازی کردییە
جۆتێ خانان بە یەغباڵن
دوو کوڕیان هەبوون بە کەماڵن
مستەفاخان و عەوداڵن
دوو لاوی دە نازەنینن
خەرجێ لە ورمێ دەستینن
چییان کرد جۆتی خانانە
حوکمیان کردە سەر فەنانە
کاریتەیان ڕاکێشانە
دروستیان کردبوو تەویلخانە
دیرەگبەندیان لێ ڕۆنانە
سەد حەدوودی تێکێشانە
پاک حەدوودی گەرمییانە
حەمووت بە داغ و نیشانە
حوکمیان کردبوو سەر فەننانە

له دزه و تەرکه و ئڵقیبیانه[٩٢٣]
له گۆیتەپه و شەمشەجانه[٩٢٤]
کاریتەیان دەهینانه
دمدمیان کرد ئاوەدانه
دمدمیان ئاوەدان کرده
بیست ساڵ پاشی هێنگی ڕابرده
حوکماتیان له سەر دەکرده
ئەو لایه ئیدی بەرکەناره
ئەو جار بکەین بەحسی حەوشاره
چەند مەخلووقاتیان لێ هەستایه
دایان له قۆڕێ و سەڵایه[٩٢٥]
دوو خانت دە مه بەردایه
ڕۆژێکی وا بوو دە ڕۆژانه
حەوشاران دەگرت دیوانه
چەند بەگلەربەگ و سوڵتانه
بەتاڵ نابن دەفتەرخانه
ملیان وە ملی یەگدی دانه
دەکەین ڕا و تەگبیرانه
بچینه سەر خانی کوردانه
دمدمێ بکەین وێرانه
شاعەباس دەڵێ حەسەنخانه
هاوین نییه، هێشتا زستانه
زستانه نییه هەر هاوینه
هەسته به دڵ و به یێقینه
ئەوێ کارێم بۆ پێک بینه
سەری جۆتی خانانم بۆ بینه
حەسەنخان دەیگوت ئەی لۆمێ
جێیان عاسێیه دەچۆمێ
هیمدادیان بۆ بێ له ڕۆمێ

ترسم بشکێنێ، تێک بدەین کۆمێ
خەڵک و عامین لێدەکەن لۆمێ
دەنکەنە بەردی بن گۆمێ
شاعەباس دەڵێ حەسەنخانە
هێند شێتی هێندەش منداڵی
دە ڕۆمێ گەڕام حەود [حەوت] ساڵی
قەت لێم نەدی ترشی و تاڵی
بەسە بکە قسەی وا بێ تەرزە
هەستە لە پێشم ڕاببەزە
دە هیمادێ توو دێم ئەزە
حەسەنخان وای گوت بە شایە
لێت دەکەم ناز و ئەرجوویان
لە دڵت دەبڕم سێ و دوویان
ئەگەر نەمئەستاند بە وان زوویان
ڕۆژەکی وا بوو دە ڕۆژانە
مەیتەران هەسپ ڕاکێشانە
کاڵە و ڕەندەیەکیان لێدانە[926]
زینیان دە پشتێ کوتانە
لغاویان دە سەری دەنا
هەر چارپەلیان ناڵ دەدانە
لە پێش خانان ڕاگیرانە
وەدەرکەتبوو حەسەنخانە
دە پێیدا چەکمە و سەتانە[927]
مەتاڵ شۆڕە، حەیزەرانە
دا بکەین مەدحەی وان چەکانە
خەنجەریان وستا کرمانە
زرێی داودیان دە ملی دانە
پەڕی سەریان پاک دەوێزانە
نووسین چەپەر بۆ قۆڵانە

ده سەر شار و وڵاتانە
دەمەرقاپی و گورجستانە
ڕەشتە و کشمیرە و گیلانە
هەوێزە و شووشتەرە و مەریوانە
هەر لە قۆم هەتا کاشانە
هەر لە بەڵگە و بوغارانە
خۆ و سەڵماس و دیلەمانە
هەر لە ئۆرمی، مەمەغانە
تەورێزێش دەگەڵ تارانە
جەمعی خڕ بوو لە سپەهانە
لە سپەهانێ هاتە دەرە
هەژدە هەزار ئاغالەرە
حەسەنخانیان سەرئەسکەرە
لە سپەهانێ بوو کادوویە[928]
هەزاریان لێ پەپاغ جوویە
لە سپەهانێ بوو بڵندە
خان و بەگلەر و ئاخوندە
چەند هەزاریان هەمەوندە
لە سپەهانێ بوو گەڵدۆزە[929]
لە ڕەخشیان دا بە کۆتنێ تۆزە
چەند هەزار سواری هەسپ بۆزە
لە سپەهانێ بوویە ڕێیە
دەنگی ساچاغ و زرێیە
چەند هەزار سواری هەسپ شێیە
لە سپەهانێ بوو دەقدەقە
لە ڕەخشان بدەن هەڵەقە
هەزار سوار هەسپ هەبڵەقە
بار دەکاتن هەر سبحەیانێ
تۆز گەشتە بەری عاسمانێ

هات هەڵیدا لە دخورگانێ
بار دەكاتن لە سەحرایێ
تۆز گەشتە چەرخ و سەمایێ
هات هەڵیدا لە قوری‌چایێ
سەركەردەیان چەند بەفێڵە
قۆناغەكی ئەردەوێڵە
لەشكر زۆر بوو وەك لێشاوێ
هات گەشتە شاری بناوێ
لە لرفەلرفی بەیداغێ
هات گەشتە شاری مەراغێ
بە ئایات و بە حەدیسی
كاتب كاغەزان دەنووسی
هات گەشتە دەشتی سندووسی
ڕۆژەكی مەجەلی نێورۆیێ
شاسوار دەكەن هۆ بە هۆیێ
هات گەشتە دەشتی شنۆیێ
وا ڕێیەك هاتبوو لە شنۆیێ
وە سەر كەت لە خوری‌شۆیێ
لەشكرەكی چەند بە دۆمی
هات گەیشتە عەینەڕۆمی
لەشكری هاتبوو خوارە
بێ حیساب و بێ هەژمارە
لە بن دمدمی هەوردییە
كاغەزی ناردبوو بۆ خانانە
وەرنە سەر ڕایێ
داروبەردو بۆ بزووتییە
هەڵاتنو ممكین نییە
سبحەینێ دەگەڵ بەیانی
مەلا دەچۆ سەربانی

له دەشتی هۆزانێی ڕۆنییە
تێکدا خیوەتی سپییە
حەموو خیوەتی کەسک و شینە
چین بە چینیان تێک بردینە
خان دەڵێ قاپیلکێ خۆنکارینە
دێن بۆ ئۆرمێ ڕادەبرینە
یان کێشکچێ حەسەنخانینە
بۆم بانگ کەنە شێرعەلییە
ئەویش ئامۆزای خانییە
حەمەڕەشی گەرمێنییە
مینەبەگ برادۆستییە
مەحموودخانم دێبۆکرییە
شێرتاجدینم سوێسنییە
ئەویش چاووشی خانینە
خان دەڵێ هەرێ شێرعەلییە
ئەتۆم ڕۆنایی چاوییە
کاروانەک ئەوشەو هاتییە
له دەشتی هۆزانێ هەوردییە
داغمەت لە بۆ هەڵکەتییە[٩٣٠]
هەر عینسان و دوو شاییە
هەر وڵاخ و عەباسییە
هەزار لیرەی بە دەفتەرە
قەت شاییەکی لێ کەم نییە
شەو لە نیوەشەوێ ڕابردییە
شێرعەلیم مەردی قەیغانی
گرتی دەورەی خیوەتی حەسەنخانی
بێنە بدە داغمەی کاروانی
بدە داغمەی کاروانییە
هەر عینسان و دوو شاییە

هەر وڵاخ و عەباسییە
هەزار لیرەی بە دەفتەرە
تاق شاییەکی لێ کەم نییە
وهای دەگوت حەسەنخانی
کوردێکی دە وای ئاقڵی کوانی
لەشکری پادشای ئیرانێ
ئەو بە کاروانی دەزانی
شێرعەلی وای پێ گۆتییە
لە دڵت فرێدە سێ و دوویە
مێرچاکان دەورەت گرتییە
حەسەنخان فکری کردییە
کار لە کارێ ڕابردییە
دەیکر شەکنە خۆ مەجروویە[931]
هەزار لیرەی هەژماردییە
قەت شاییەکی لێ کەم نییە
شێرعەلی تۆم ڕوونایی‌یە چاوییە
لیران بەرە بۆ خانییە
ئەو ساڵ چم دەخڵ نییە
چی کردبوو حەسەنخانی
لە تێلێی دا بۆ تارانێ
چ بکەم دەگەڵ کوردی تەلانی؟
یاغی بووە لە بەردەڵانی
لەشکرم بە کاروان دەزانی
هیمداد نەییێت لە بنەکانێ
هەڵدێم دەچمە کوردستانێ
لەشکر تێک دەچی خۆی زانی
خان سیواری هەسپێ شێیە
گەلی تایفان حەموو گوێو لێیە
دا بکەینە شەڕی بەدرێیە[932]

شەڕێ بەدرە و حونەینانە
سەر کەتن وەکی بەردانە
لەش کەتن وەکی گردانە
جووتێ خانان وەگەڕانە
* * *
کەونێ کەونە دنیایێ[٩٣٣]
بێ بەختێ، بێ بەقایێ
نە بە کەسی دەمینی
نە بە کەسی دەمایێ
نەدەمایێ نە بە بابادەمی
نە بە دایکەوایێ
نە بە عیسای ڕوحوڵڵا
نە بە مووسای کەلیموڵڵایێ
هەزار و یەک تەکەلومی دەکرد دەگەڵ باریتەعالا
لە سەر کێوی دە توور و سەنایێ
گەلی دە برایان، گەلی برادەران
ئەنگۆ وەرن دا بچینەوە سەر کەتی شمشیرخانای
لە دمدمی خانان بکەینەوە تەگبیرێ دەگەڵ ئەوێ ڕایێ
ئەمن ئەوەڵ بانگم دە بەر خالەقی میرێ مەزن
دوومین دە بەر پێغەمبەری ئاخری زەمانی
ئەمن سیوارم لێ ڕادەوەستان لە گردێ قوبلەی
ئەوە ناسکە تیادان خۆ دەداوە گردە گردەی دە سۆفیانێ
کەلیان لە سندووسی دە خاوێ دەگرت
بە ئیزنی عەرد پێ کێلانێ
ئەمن بەندەکت لە بۆ پیرە دمدمی ڕەنگین هەڵدەلێم
ئەوی دیکەیان هەر بە کەتی شمشیرخانێ
شێخ مووس دەلێ ئەمن ئەگە زەینەکی خۆم دەدایێ
یەلەیەلی عارەبەچییان بوو[٩٣٤]
لە بنەبنەی دە دیدانێ زەینی خۆم دەداوە بنەی قەرەقاجی[٩٣٥]

ئەوە لە من دێتن سەدایێ سیرێنێ هەرامە کۆتانێ[٩٣٦]
خیوەت و غەرگاڵی شای قەجەر[٩٣٧]
هەڵدرابوو لە دەشتی گوێیتەپەی
مەوجی دەداوە شەمشەجانێ
خان دەڵێتەوە شێخ مووسی
ئەرێ براله ئەتوو هەستە بڕۆ
زەینێ خۆ بدە حەوز و کانیان
هەموو پڕ بوونە لە خمخانەی دە شینە
ئەگە دەچووم زەینەکی خۆم دەدایێ
نەمابوون ئەو سۆرەگوڵ
دەگەڵ بلبلی دە ڕەنگینە
ئەمن زەینێ خۆم دەدایێ
نەمابوون تەڕلان و باز و قرغوونە[٩٣٨]
ئەوە خان دەڵێ براله مردن هەر لە بۆ مە چاترە
هەر لە وی ژینە
دەست دە باڵچخی دە کۆسە مسریان[٩٣٩]
بە سەر دەشتی پیرە تورکومانێدا بچینە
سەریان دەبڕین
جەندەکی لێ بکەینەوە بە پەرژینە
لە وەی بە پاش وە کوڕەکوڕە ڕۆدەنیشن لە مەجلیسان
شایەر بەحسی دەکەن
ئاقڵمەندیان دەڵێن سەد عامفەرینە
خانئاودەل دەڵێ لە منت نەکەوی
دەگەڵ ئەوێ تەگبیرێ دەگەڵ ئەوێ ڕایێ
دەست دە باڵچخی دە کۆسە مسریان
بە سەر دەشتی پیرە شەمشەجانێدا
دەچینە خوارێ سەریان ببڕین
جەندەکیان هەڵدەین وەک بن گڵە سەرۆکی دە کایە
چەند ساڵان لەمە بە پاش وا
ئەوجار تاریفێ مە دەڵێن هەر لە دنیایێ

## بۆچوون و پەراوێزی دەقەکانی بەیتی دمدم

١- ئەم دەقەم بە دوو هۆ هێناوەتە سەرەوەی دەقەکانی دیکە. حوسێن مامەڕەش خەڵکی گوندی «کانیسۆرک» ە. ساڵی ١٩٩٠ ئەم بەیتەی گوتووە. کانیسۆرک لە ٧ کیلۆمیتری ڕۆژاوای شنۆ هەڵکەوتووە و دانیشتووەکانی سۆرانی و هەرکین و لە ڕاستیدا ئەو شوێنە سنووری نێوان دوو زاراوەی سۆرانی و بادینییە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. شاری شنۆ و چەند دێی دەوروبەری، بە کانیسۆرکەوە، لە زارکی باشووری گەڵی قاسملوو هەڵکەوتوون، هەر ئەو گەڵییەی لە زارکی باکووری و بە ڕووکاری شاری ورمێدا قەڵای دمدمی لێیە. مەودای باکوور و باشووری ئەو گەڵییە ٥٠ کیلۆمیترە. بەو جۆرە شوێنی گوتنی ئەمەیان لە هەموو دەقەکانی تر لە قەڵای دمدم نزیکترە. لەو دەقەدا زیاتر و ڕاستەوخۆتر بایەخ بە ناوی قارەمانان و شەڕوانانی ئەو ڕووداوە حیماسی و دڵتەزێنە دراوە. دەقی حوسێن مامەڕەش هاتنی سپای عوسمانی بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە لە سپای سەفەوی تێدانییە؛ هەر ئەو مەبەستە ئەو دەقە لە ڕووداوەکانی مێژوویی قەڵا نزیکتر دەکاتەوە.

٢- بەیتبێژ لە سەرەتای دەست پێکردنی بەیتی دمدمدا ئاوا باسی خۆی و شوێنی گوتنی بەیتەکە دەکا: «دۆستان و خۆشەویستان! ئەو بەیتەی دمدمی لە دەنگی حوسێنی مامەڕەشی خەڵکی «کانیسۆرک»ی، ساڵی ١٣٦٩ی [١٩٩٠]، پێشکێشی دەکەم بە میرزا قادری مەهدیزادە، سەحەبی ئیستریۆی «شەهاب»ی لە شاری شنۆ، لە خیابانی کارگەر. ئەوە حوسێنی مامەڕەش بەیتی دمدمی دەڵێ؛ ماڵی لە کانیسۆرکێیە لە حوسێنئابادی.»

حوسێن مامەڕەش کوڕی برایم لە دایک بووی ١٣٠٢/٧/٤ی هەتاوی/ ١٩٢٣/٩/٢٧ لە گوندی «خورشت»ی شنۆ، بەیتی دمدم لە بابی فێر بووە. ١٣٨٤/١١/٢٧ ، ٢٠٠٦/٢/١٦ مردووە. بە نەخۆشی دەچێتە ئیستریۆی شەهاب و دەڵێ دەمرم، با دمدم نەبەمە بن گڵی.

٣- کارەساتی دمدم سەرەڕای ئەوەی ڕووداوێکی حیماسی - میللییە،

به تەواوی ڕەنگ و بۆنی مەزەبی پێوە دیارە. دمدم لەو بەیتانەیە پێشەکییەکی بەپیزی ئایینی هەیە و گوێگر لە ڕێگەی بانگەشەی بێ سەرەنجامی و بێ وەفایی دنیا لە ڕوانگەی مەزەبییەوە ئامادە دەکا بۆ قەبووڵ کردنی ئاکامی دڵتەزێنی ئەو ڕووداوە. زۆر وێدەچێ ئەم بەیتە بە دەست مەلایەکی وشیاری پڕ هەست و تەنانەت دەنگخۆش داندرابێ. ئەوە فەرامۆش نەکەین، دەمێک بەر لە ڕوودانی کارەساتی دمدم، گۆڕانی بە زۆرەملی مەزەب لەودەمی ئێراندا بە شێوەیەکی توند و خوێناوی دەستی پێکردبوو و بەرەو کۆتایی دەچوو. بەشێکی زۆر لە کوردستان هەرگیز ملی بۆ ئەو گۆڕانە شل نەکرد و بەهایەکی زۆریشی بۆ دا.

٤- ئاماژەیە بە حەدیسی «لولاک لما خلقت الافلاک»، واتە [ئەی پێغەمبەر] ئەگەر سەبارەت بە تۆ نەبوایە، دنیام ساز نەدەکرد. گوایە سۆفییەکان ئەو حەدیسەیان بە کەیفێیە.

٥- ئاماژەیە بە ئایەی ٥٨ی سوورەی زاریات: «ان الله هوالرزاق ذو القوه المتین»، واتە هەر خودا ڕۆزی دەنێرێ کە خاوەنی دەسەڵاتی بەهێزە.

٦- هەزار و ژمارەی لەو چەشنە مانای «زۆر» دەدەن، تەنانەت ژمارەی سەدیش هەر ئەو دەورەی هەیە؛ بەتایبەت لە ئاخاوتندا.

٧- ژمارەی چل یەکێک لەو ژمارە تایبەتییانەیە کە لە نێو کولتووری کوردیدا جێی سەرنجە. بابەتگەلی وەک چلدانە گرتنەوە، چلە کێشان، چلەی گەورە و چلەی چکۆڵە، هەروەها چل پەری و چل دێو و چل کەزی لە چیرۆک و ئەفسانەکاندا جێی لێ وردبوونەوەن. دەڵێن ژمارەی چل، ژمارەی چارەنووسە.

٨- ژمارەی سێ یەکێک لەو ژمارانەیە لە کولتووری کوردیدا پێگەیەکی زۆر بەرچاوی هەیە. لە نێو بیر و باوەڕی ئایینی، دابونەریتی جۆربەجۆر، جلوبەرگ و... بە ڕوونی خۆ نیشان دەدا. ئایینی زەردەشت بە هۆی سێ ماکە سەرەکییەکەی خۆی واتا بیری باش و وتەی باش و کردەوەی باش، دەورێکی بەرچاوی لە دەور گێڕانی ژمارەی سێ هەیە. بابەتگەلی وەک سێ گۆی خەنجەر، سێ گرێی پشتێند، سێ سوێند، سێ تەڵاق، قوماری سێ جگە و... جێی لێ

وردبوونەوەن.

٩- لە قورئاندا ٦٥ جار وشەی ئینسان هاتووە و ٢٢ جار وشەی جین. بە پێی قورئان جین لە ئاور و هێزی گەرما ساز کراوە. هەروەها ناوی ٧٢یەمین سوورەی قورئانیشە.

١٠- مەلائیکە ٨٠ جار لە قورئاندا ناویان هاتووە و کاربەدەستی تایبەتی خودان و هەر تاقمەی بۆ کارێک ساز کراون.

ئاوالّناوی «ئەو» یا «وی» بێت و بێ مەرجەع لە ئاخاوتن و نووسین‌دا بێ، جێنشینی ناوی خودایە.

١١- ئاماژەیە بە ئایەی ٨٦ی موئمینوون: «قل من رب السموات السبع ورب العرش العظیم»، بێژە: ڕاهێنەری حەوت عاسمانان و ڕاهێنەری تەختی مەزن کێیە؟

دەڵێن حەوت دیوار بە دەوری هەمەدان پێتەختی مادەکاندا کێشرابوو. ئەستێرەی حەوتەوانە، حەوتوو. بڕوانە پ. ٢٩٩ و ٣٠٥

١٢- مەبەست زۆری و بێ ئەژماری گیاندار و بێ گیانە کە خوا خوڵقاندوونی.

١٣- لە سەرەتای بەیتەوە هەتا پێش ئەم ڕستەیە، شێوە دەسپێکێکە لە چەشنی «بەرائەتی ئیستهلال» کە لە قالبی شیعریی قەسیدەدا وەک «تەغەزول» کەڵکی لێوەردەگیرێ. ئەم ڕستەیە و دوو ڕستەی دواتر دەوری «تەخەللوس» یان هەیە و لە پێشەکی و مناجاتەوە هەڵتدەبڕێ و دەتباتە سەر ئەسڵی ڕووداوەکە. بەیتبێژ زۆر هونەرمەندانە خانی بردۆتە ڕیزی دوو کەسی ناسراوی ئەفسانە و حیماسە و مێژوو و دینی ئیسلامەوە. دیارە گۆشەچاوی لە قارەمانەتی و نەترسی ڕۆستەم و عەلییە و ناڕاستەوخۆ هەر لە سەرەتاوە بەو کەرەسانە چاونەترسی و پاڵەوانەتی خان بەرجەستە دەکاتەوە؛ هەروەها ئاکامی ژیان و مەرگیشی. گوێگر هەر لە ئێستاوە خۆ بۆ ڕووداوێکی ناخۆش ئامادە دەکا کە بە سەر خان دێ.

ئێستا کە شێوە داڕشتی ئەم دەقەی دمدممان وە قەسیدە چوواند، پێویستە کورتە شی کردنەوەیەکمان لە سەری هەبێ. قەسیدە جۆرە قالبە شیعرییەکە بە لاسا کردنەوەی شیعری عەرەبی لە سەدەی

سێی کۆچییەوە هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی فارسییەوە. مێژووی هاتنی قەسیدە بۆ نێو ئەدەبی کلاسیکی کوردی ڕوون نییە. ئەگەرچی ئەوە سەروا (قافیە)یە شێوە قالبە شیعرییەکان ساز دەکا، بەڵام پێم وا نییە ئەو دابەش کردنە هەر بە تەنیا لە ڕووی ئەوەوە بێ و بەس.

بەیت قالبێکی تایبەت بە خۆی هەیە و هەرچی کۆنتر بێ، ڕواڵەتەکەی لە فۆرمی عـەرووز و قالبە شیعرییە ناسراوەکان دوورتر دەکەوێتەوە. ئەوەی منی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەم دەقە وەک قەسیدە دەچێ، داڕشتی دەروونییەکەیەتی بێ لە بەر چاو گرتنی حاڵەت و دەوری قافیە. دیارە ئەوە ئاشکرایە لە باری قافیەوە وێک ناچن؛ بەتایبەت لە بەشی ئەسڵی ڕووداوەکەدا. ئەم دەقە هەر وەک قەسیدە تەغەزولی هەیە، تەخەللوسی هەیە، چواربەندەی سەرەکی هەیە، هەروەها کۆتایی. ئەوانەی هەموو هەن، بەڵام بە شێوەی داڕشتی بەیت کە هەرگیز خۆی بە قافیەی یەکدەستەوە نەبەستۆتەوە و لە هەر جێیەک پێویست بووە قافییەی گۆڕیوە و خۆی لە تەنگوچەڵەمەکانی ئەو پاراستووە.

١٤- ڕۆستەم: ڕۆستەم کوڕی زاڵ، پاڵەوانی هەموو پاڵەوانانی ئێران و خەڵکی زابولستان. خزمەتی چەند پادشای سیلسیلەی کیانی وەک کەیکاووس و کەیخوسرەوی کرد. دێوی سپی و چەند دێوی دیکەی لە مازەندەران کوشت و کەیکاووسی ڕزگار کرد. ئەسپەکەی ناوی ڕەخش بوو و لە هەموو جێیەک لەگەڵی بوو. شەڕی ئەسفەندیاری کرد و کوشتی. سەرەنجام بە دەستی شوغاد، برای خۆی، کوژرا. شوغاد [شوغاڵە کەچەڵ] بە فێڵ و فەرتەنە ڕۆستەم و ڕەخش دەهاوێتە نێو بوودرێکی قووڵی پڕ لە نێزە و شمشێری چەقاو. ڕۆستەم لە سەرەمەرگدا تیر دەنێتەماڵی کەوان و شوغاد بەو دارەوە دەدروێ کە لە پشتی ئەو خۆی حەشار دابوو. هەندێ لە لێکۆڵەران دەڵێن ڕۆستەم هەمان گوندەفەڕ پادشای سەکستان(سیستان)ە و هەندێکیش ئەو بۆچوونە بە هەڵە دەزانن. (فرهنگ فارسی معین، جلد ٥)

ڕۆستەم لە نێو فەرهەنگی کوردیدا زۆر بەناوبانگە و ئینسانی ئازا

و نەترس و شەڕکەر و کەڵەگەت و بەخۆوە وە ڕۆستەم دەچوێنن. وشەی ڕۆستەم وەک ناوی کوڕانە لە نەسلەکانی پێشوودا بە پڕانی کەڵکی لێوەرگیراوە. ئەو وشەیە لە ئیدیۆم و قسەی پێشینیاندا دەوری هەیە: ڕەخش بۆ ڕۆستەم و گاڕان بۆ دووشەم/ ڕەخش بۆ ڕۆستەم و چەقەڵ بۆ چەم/ ئەگەر ڕۆستەم بی لە نەوەی زاڵی، هیچ قوتبت نییە چونکە بێ ماڵی/ مەراغە مەیدانی تۆ، دارسەندەڵ گۆچانی تۆ، ڕۆستەمی زاڵ خاڵی تۆ (پێهەڵاگوتن بە منالّی کوڕ)

شەڕی ڕۆستەمانە: حەزرەتی محەمەد هەتا حەزرەتی عەلی لە خەزایە دەهاتەوە پێی دەکوت: عەلی! ئەو خەزایەت ڕۆستەمانە بوو! حەزرەتی عەلی هەموو جارێ ڕقی هەڵدەستا. ڕۆژێکی پێغەمبەر پاڕاوە کوتی خودایە دەبێ ڕۆستەمی بۆ عەلی زیندوو کەیەوە و بێتە سەر ڕێی. بە عەمری ئەو خودایەی حەزرەتی عەلی بە خۆی و بە دوڵدوڵی چۆ سەر گوورزی ڕۆستەمی. ڕۆستەم کوتی: حەک وێران بێ وڵاتی مازەندەرانێ، لەوەتی ڕۆستەم نەماوە پیاو لەبەر قانگەلاشکان دەرناچێ. حەزرەتی عەلی ڕقی هەستا و تیژ تێپەڕی. گەیشتە بەردێکی جوان. کوتی دەیبەمەوە بۆ حەسەن و حوسێنان. لە سەر سواری ڕۆیبۆیە بۆی هەڵنەهات، دابەزی بە هەر تک دەستان هەتا پشتێندێی هێنا، دایناوە. گەیشتە دەروێشێکی شڕۆڵە. کوتی: حەزرەتی عەلی زۆرەبانێکی ناگرێ؟ کوتی: با. دەروێش هەر وای کرد و عەلی لە حەرزێ دا. ئەگە چۆوە ماڵێ زۆر کز بوو. خۆشەویست کوتی: بۆ کزی، خەزات بە دەستەوە نەهاتۆ؟ کوتی: نەوەڵڵا مامە، کێوێک لە دووی کێوێک دەڕۆیی کێوێکیشیان لە دووی خۆیان دەکێشا بە خۆم و بە دوڵدوڵی چوومە سەریان کوتیان: حەک وێران بێ وڵاتی مازەندەرانێ، لەوەتی ڕۆستەم نەماوە پیاو لەبەر قانگەلاشکان دەرناچێ.

خۆشەویست فەرمووی: ئەدی بۆ ئەگە دەڵێم ئەو شەڕەت ڕۆستەمانە کرد ڕقت هەڵدەستێ؟ ئەوە لە پێشەوە بۆی نەچووی، دەنا چل ساڵانی خەزا دەگەڵ دەکردی. ئەو بەردە نیوەی دنیایە بوو، تاقەتی نیوەی دنیایەم بۆ دەو بەردەی نابووی. ئەو دەروێشەش

مامی خۆت بوو، پێتناخۆشە مامی خۆت لە عەرزێت دا؟ (سەرچاوە: سەید حوسێن ڕەسووڵی، دانیشتووی قۆزلووجەی مەنگوڕانی مەهاباد. یادداشتەکانی سەلاح پایانیانی)

١٥- هەر دەقەی بە شێوەیەک لە شوێنی پێشتری ژیانی خان دەدوێن، لە هەر دەقدا بە پێی خۆی باسیان دەکەین. نزیکترین سەرچاوە بە ژیانی خان، کتێبی «عالەمئارای عەباسی» یە. بە پێی نووسینی ئەسکەندەربەگی تورکمانی نووسەری ئەم کتێبە، ئەمیرخان لە عێل و عەشیرەتی برادۆستە. برادۆستییەکان بە زاراوەی بادینی دەدوێن و هەر ئێستا لە ڕۆژئاوای شاری ورمێ دەژین.

برادۆست (سەرچاوە ئینترنێت): «یەکێک لە تایفە گەورەکانی کوردە. زۆربەیان لە دزەی دۆڵ، مەرگەوەڕ، بەردەسوور، سۆمای برادۆست و بنار لە ڕۆژئاوای ورمێ و ناوچەی سیدەکان نیشتەجێن. دەڵێن ناوی قەدیمی ئەو تایفەیە «برازدوخت» بوو کە هۆزێکی کۆنی کورد بووە لە دینەوەری کرماشان. شەرەفنامە ئەسڵی برادۆستەکان لە ئەمیرهیلالی حەسەنوویە دەزانێ. خانی لەپزێڕین یەکێک لە گەورەترین ئەمیرانی ئەو عێلە بووە کە کارەساتی دمدم لە زەمانی ئەودا ڕووی دا.

ئێستا برادۆست وڵاتێکی کوێستانیی ساردە لە سەر سنووری ئێران و ئێراق. لە باکوورەوە دەگاتە سۆما لە باشوورەوە بە تەرگەوەڕەوە نووساوە. لە ڕۆژهەڵات دەگاتە بەڕۆژ. ٥٢ گوندی هەیە و ١٣٠٨ماڵی شکاکی لێیە. ناوەندەکەی «ئیشکەسوور»ە و گوندە گەورەکانی بریتین لە: چیرە، زنکەکان، گەنگەچین، مستەکان و نەیچالان. دانیشتووانی ئەو ناوچەیە وەرزێڕن.»

«گەرمێن» وشەیەکە موکریانییەکان بۆ کوردستانی سەر بە ئێراق بە کاری دێنن و بەرانبەرەکەی «کوێستان» ە؛ واتا موکریان. هەروەها وشەی «ئەودیو»یش بە کار دێنن. ئەسکەندەربەگی تورکمان دەنووسێ ئەمیرخان دەچێتە یارمەتی عومەربەگی حاکمی «سەهران» و لە شەڕی عومەربەگ لەگەڵ دوژمنەکانی دەستی لە ئانیشکیڕا دەپەڕێ. بێتوو ئەو سەهرانە هەمان ناوچەی «سۆران»ی

ئێستا بێ، ڕستەی «خان لە گەرمێنێ هاتییە» دەتوانێ ئاماژە بە گەڕانەوە لەو دیوەوە بێ.

١٦- وا دیارە خان بۆ ئاوەدان کردنەوەی قەڵای کۆنی دمدم، پووڵ و پارەیەکی زۆری لە ساڵانی پێشدا وە سەرێک ناوە. ئەو مەسەلەیە لە هەندێک دەقدا لەگەڵ خەون و ئەفسانە و خەزێنە دۆزینەوە ئامێتە دەبێ؛ دەبێ لە جێگە و پلەی ئەفسانە ورد بییەوە. ئەودەمەی مێژوو بە دروستی و کاتی خۆی تۆمار نەکرێ، ئەفسانە جێی ڕاستییەکان دەگرێتەوە.

١٧- ئەو گەڵییە ئێستا بە «گەڵی قاسملوو» دەناسرێ و بە ناوی گوندی «قاسملوو» کراوە کە لەو گەڵییەدا هەڵکەوتووە. وا دیارە ئەودەم ناوی «گەڵی خان» بووە. وێشدەچێ لە بەر خۆشەویستی خان ئەو ناوەی لە سەر دانرابێ. ناوچەیەکی خۆش ئاووهەوا و سازگارە و لە سەر ڕێگەی ورمێ - شنۆ هەڵکەوتووە. ئێستاش پڕیەتی لە دار و درەخت.

١٨- ڕە بەر دڵ کەوتن، وە بەر دڵ کەوتن، خۆشی لێ هاتن. لە بنزاراوەی موکریانیدا لەم شێوە ئیدیۆم و زاراوانە زۆر هەن؛ تۆمار کردن و کۆ کردنەوەی دروستی ئەوانە یارمەتییەکی بەرچاو دەدا بە توانایی زمانەکەمان.

١٩- ئەم ڕستەیە لە دوو بارەوە جێی سەرنجە: یەکەم؛ چاوگی «وێڕاگەیشتن» ە کە ڕاستەوڕاست مانای تەواو گەورە بوونی جیسمی و فیکری مێرمنداڵە و لاوەتییەکی پوخت. وێڕاگەیشتنی دە کوڕ ئاماژەیە بە کامڵ بوونی هەلومەرجی هەمەلایەنەی ژیانی خان بۆ سەرهەڵدانێکی مەزن. دووەم؛ دەوری نمادی ژمارە «دە»یە کە لە لایەک ئاماژەیە بە بۆچوونی سەرەوە و لە لایەکیش لە عیرفاندا ژمارە «دە» نیشانە و نەمادی بە کەماڵ گەیشتنە. ژمارەی دە لە باری ڕەوانناسییەوە نەمادی گەیشتن بە یەکیەتی و وەحدەتە. لە سەر ڕستە ڕیز بوونی ژمارە دە و کوڕ و وێڕاگەیشتن، سەرجەم بە ئێمە دەڵێن خان بە کەماڵ گەیوە و ئامادەیی بەرەنگاری لەگەڵ کارەساتی پڕ مەترسی هەیە.

٢٠- مەبەست خانئەبدالّی موکرییە. مەسەلەی موکرییەکان بە دوای ڕووداوی دمدمدا گرینگییەکی تایبەتی لە مێژووی کورددا هەیە. پێویستە ئاوڕێک لە ڕووداوی قەلاچۆ کردنی ئەوان بدرێتەوە؛ چونکە بە دوای کارەساتی دمدم و قەتڵیعامی موکرییەکان، ڕێگە خۆش بوو بۆ هاتنی هەشت هەزار ماڵ تورکی ئەفشاری بۆ ناوچەکانی سەلْماس و ورمێ و سندووس هەتا ساییینقەلا. ئەو کۆچە قورسایی هێزی کورد و تورکی لەو مەڵبەندانە بە تەواوی بە لای تورکاندا شکاندەوە و ئەو دەسەلاتدارییە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بۆ ڕادەی دڵڕەقـی و فێڵ و فەرتەنە نـانـەوەی سەفەوییەکان، چۆنییەتی قەلاچۆ کردنی موکرییەکان بە بیانووی ڕفاندنی ڕەوە ئەسپی شاعەباس لە قەراچوبوق لە کتێبی «عالەمئارا عەباسی» بە قەڵەمی ئەسکەندەربەگی تورکمان، کاتبی شاعەباس، وەک شاهید دێنینەوە:

«... بە کورتی لە نێو بردنی ئەو تیرە بەدفەڕ و سەرەڕۆیە کە لە موسڵمانی هەر ناوێکیان هەبوو، ئەرکی سەر ئەستۆی شای دادپەروەر بوو. ئاگری ڕق و تووڕەیی وا لە دڵی خاوێنی شاهانەدا بڵێسەی گرتبوو کە تەنیا بە خوێنی ئەو بێ فەڕانە و وە کار کەوتنی شیری ئاگربار نەبایە نەدەکووژاوە و دانەدەمرکاوە. لە کاتێکدا کە بارەگای بەرز لە گاودۆڵ هەڵیدابوو، ڕۆژێک قوبادخان بە خۆی و سەد و پەنجا کەسەوە ڕوویان لە بارەگای بەرز کرد. ئێوارەوەخت بوو گەیشتنێ. دەگەڵ چوار کەس لە خزمانی بۆ حوزوور بانگ کران. کە وە ژوور سەراپەردە کەوت لە سەر فەرمانی شا لە وەختی چەکمە داکەندندا، غولامان بێ ئەوەی بێڵن ببزوون کوت کوتیان کردن. کەلاکی پیسی ئەوانیان بۆ کووچەی پشت سەراپەردە ڕاکێشا. بۆ ئەوەی زیانێک لە لایەن ئەو پیاوە خراپانەوە بە غولامان نەگا، فەرمان بە عەلیقوڵیخانی ئێشکئاغاسیباشی شاملوو درا لە بـەردەرکی سـەراپـەردە ڕاوەسـتـێ، یـەک یـەک بانگیان بکا بۆ مەجلیس، کە وە ژوور سەراپەردەی پیرۆز کەوتن، دەستبەجێ غولامان بیانکوژن و کەلاکیان باوێژنە کووچەی پشت سەراپەردە، تا لە پێش چاوان نەبن. تا بیست سی کەس بەو جۆرە کوژران و

یەک بە دوای یەکدا فڕێ دران. ئەوانی دەرێ کەمێک دڕدۆنگ بوون. یەکیان کە هاتە ژووری تەماشای کرد خوێن زۆر ڕژاوە و قوبادخان و ئەوانیش دیار نین، قیژاندی و دەستی دا خەنجەر، موحیبعەلیخانی شاهیسیوەنی بریندار کرد. دوو سێ کەس کە بە دوایدا دەهاتن کشانەوە و خەریکی ڕاکردن بوون. غولامان و قۆرچییان تێیان وەرووکان، هەر لە وێ پارچەپارچەیان کردن. ئەوانی دەرەوە تێگەیشتن، ڕایانکردە ئەسپان، هێندێک هەر لەو دەوروبەرە و هێندێک لە وەختی ڕاکردندا کوژران و تاقیان لێ بڕا.

لەو وەختە بەسامەدا خاوەنشکۆ هاتە دەر و سواری ئەسپی ڕەســەن و خۆشبەز بـوو و ڕووی لـە قـەڵای گـاودۆڵ کـرد و سەربازانی قزڵباش کوشتن و تاڵانی عەشایری موکرییان پێ ئەسپێردرا. خاوەنشکۆ بەتلێک لە شەو چووبوو گەیشتە قەڵای گاودۆڵ. هێشتا ئەو خەبەرە نەگەیبووە قەڵا کە لەشکر بە ژوور قەڵا وەربوو و هەر کەسیان وەگیر کەوت خستیان. عەلیقولیخان ناردرا بۆ حەوشەیەکی دیکە کە لەو نیزیکانە بوو. پەنجا شێست دەستبەستراوی هێنا دەرگای بەرز. غازییە تۆڵەئەستێنەکان بە چاوقووچاندنێک هەموویان ناردنە وڵاتی نەبوون. زۆر لەو کەسانەی دەیانهێنان خزمەتکار و پێمەڕەدارەکان هەر بە زەبری گۆپاڵ و پاچ و پێمەڕە سەر و مێشکیان دەکوتان و دەهاڕین. ئەسفەندیاربەگی ئاوچیباشی عەرەبکەرلوو لە سەر فەرمانی خاوەنشکۆ بە سەرڕەو ناردرا بۆ گەرمڕوود و بە فێڵێکی شەڕکەرانەوە ئەمیرخانی برای شێخ حەیدەر و ئەو پەنجا کەسەی لە تیرەی موکری کە لەگەڵ ئەو بوون بە جارێک کوشت. حوسێنسوڵتان برازای شێخ حەیدەر و ئەوانەی دەگەڵ ئەو لە ورمێ بوون بە دەستی حەسەنخان کوژران....(تۆحفەی موزەففەرییە، ل ٦٢ هەتا ٦٤)

وەک دواتـر وە دیـار کـەوت بـە قـەڵاچۆ کـردنـی دوو تیرەی برادۆست و موکری، بۆشاییەکی دەسەڵات لەو قۆناغە گرینگەدا لە سنووری کوردستان بەدی هات و بەشێک لە وڵاتی کوردان بەکردەوە داگیر کرا و سنووری کوردستان لە گاودۆڵی مەراغەوە

بەرەو میاندواو هەڵکشا و لە دەوربەری سەڵماس و خۆ و ورمێش ئەو پاکتاو کردنە بەڕێوە چوو. بۆ ئەفشار بڕوانە پ. ٣٤ و ١٩٤

٢١- سوێند خواردن بە قورئان لە نێو ئۆمەتی ئیسلامی بەتایبەت لە نێو کورداندا دەتوانی مێژوویەکی سەربەخۆ و دووردرێژی بۆ تەرخان بکرێ؛ چ بۆ سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتن و چ بۆ دەهۆ و گزە و فەرتەنە. لەو یەک دوو سەدەیەدا کەلک وەرگرتن لە سوێند بە قورئان خواردنی ئەمیرنیزامی گەڕووسی بۆ خستنە داوی هەمزاغای مەنگوڕ یەکێک لە بەناوبانگترین کردەوە دژەئەخلاقییەکانە. سوێندی خانی لەپزێرین و خانی موکری، لەو بەشە سوێندانەیە وەعدەی برایەتی پێ چووەتە سەر و ئەو پەیمانە بە مەرگی هەر دووکیان لە مەیدانی شەڕیشدا نەشکا.

٢٢- لە زۆربەی دەقەکاندا باسی ڕەز و نەمام ناشتن و تەنانەت لە بەری ئەوان خواردن هاتووە. ئەوە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بە درێژ بوونەی گەمارۆدانی قەڵا و شێلگیر بوونی گەمارۆدەران بۆ بە چۆکدا هێنانی قەڵاپارێزان. ئەگەر کارێکی لەو چەشنە بەکردەوەش ڕووی دابێ، بۆ ڕووخاندنی هێزی بەرەنگاری قەڵاپارێزان کراوە. هەر وەک دواتر باسی دەکەین ئەو شەرە ساڵێکی خایاندووە؛ ئەوەی لەو نێوەدا دەبێ لێک هەڵاواردرێ ئەوەیە ڕاستییەکان لە لایەکە و دانی قالبی ڕاستی بە ئارەزووەکان لە زمانی بەیتبێژەوە لە لایەکی تر.

٢٣- شاعەباس ساڵی ١٠١٣ی کۆچی هێرشی کردۆتە سەر ئێرەوان و نەخجەوان. بە پێی کتێبی عالەمئارا لە چوون بۆ ئەو شەڕەدا دەستووری دا دەستی زێڕ بۆ ئەمیرخان ساز بکەن و ئەمیرایەتی ورمێ و شنۆیەشی دایە. قەڵای دمدم ساڵی ١٠١٨ داگیر کرا. لە کتێبە مێژوویی‌یەکان وا دەردەکەوێ نەیانهێشت خان بە تەواوی خۆ تەیار بکا و قەڵا بە تەواوی قایم بکا، گەیشتنە سەری و شەڕیان لەگەڵ دەست پێکرد.

٢٤- سەروا (قافیە) دەورێکی سەرەکی لە قالبی بەیتی کوردیدا دەگێڕێ. یەکەم و سەرەکیترین دەوری ئەوەیە، بەیت لە زمانی ئاسایی

و ئاخاوتنی ڕۆژانە دوور دەکاتەوە. تەنانەت شوێن دەخاتە سەر ڕیز بوونی ڕێزمانیی وشەکان لە سەر هێڵی ڕستەدا. ئەو نموونە ساکارەمان وەک دەوری سەروا هێناوەتەوە. موکریانییەک لە حاڵەتی ئاسایی ئاخاوتندا دەڵێ: «زەفەری پێ نەدەبرد.» ئەو شێوە بە کارهێنانی کردار (فێعل)ە بۆ لادانی پەردە لە سەر تواناییەکانی زمانی کوردی جێی سەرنج و لێ ورد بوونەوەیە.

٢٥- ناردنی تریێ بۆ شکاندنی ورەی دانیشتووانی قەڵا کەڵکی لێ وەرگیراوە. باسی ناردنی تریێ، ئەویش لە یەکەم مانگی زستاندا، خاڵێکی شاراوەشی لە بن دایە. ئەگەر ئێمە وای دابنێین شێوە ژیانی ئابووری سەرەتای سەدەی بیستەمی ناوچەی موکریان وەک چوار سەد ساڵ بەر لە ئێستای بووە؛ ئەوەمان پێدەڵێ کە ژیانی کوردان لەو ناوچەیەدا بە هۆی شێوە ژیانی دەرەبەگایەتی داسەکنین و ئارامشی نەبووە، وەرزێڕ و بە مانایەکی ڕاستتر ڕەعییەت هیچ کات ئەوەندەی ئیزن پێ نەدەدرا کە چەند ساڵ لە گوندێک بمێنێتەوە، چ بگا بە ئەوە مەودای نەمام ناشتنی هەبێ و بەروبووی بخوا. هەر بۆیە باغ و باغاتی بەربڵاو تا ئەو دوایانە بە دەگمەن دەبینرا و میوەجات بە گشتی لە ئازەربایجانەوە دەهات.

٢٦- خان دەستوور دەدا فرۆی ئەو ئاژەڵانەی لە نێو قەڵادا زاون کۆ بکرێتەوە و بۆ گەمارۆدەران (شا) بنێردرێ. دیارە خانیش ویستوویە بەم شێوەیە هەم بڵێ کە دانیشتووانی قەڵا تێرن و هەمیش ویستوویە ورەی گەمارۆدەران دابەزێنێ. خاڵی شاراوەی ئەم کارە دەتوانێ جێگە و پێگەی ئەودەمی ئاژەڵداری لە ناوچەی موکریان بێ. مانای ساکاری ڕستە: «فرۆ مەدەن بە بێچووان، بۆ شای دەنێرین.»

٢٧- ئەو ڕستەیە - بێت و لە هێنانە سەر کاغەزدا هەڵەم نەکردبێ - جوان مانا بە دەستەوە نادا. بە پێی ڕستەکانی پێش و پاش خۆی دەکرێ ئەوەی لێ هەڵکرێنی کە خانان مل نادەن و بۆ هەر پیلانێکی شاعەباس وڵامێکی شیاویان هەیە. هەبوونی فرۆی زۆر نیشانەی زاوزێی زۆرە و ئەوەش فەرعانی و دڵخۆشی دانیشتووانی قەڵای لێ دەکەوێتەوە. ئەو مانایەش دەدا کە خانان بە زۆر شتیان

لێناستێنرێ.

٢٨- له سەردەمی سەفەوییەدا شاری ئیسفەهان پێتەختی ئێران بوو. ئەودەم تاران گوندێک بووە. دەبێ ئەمە وەک هەڵەیەکی بەیتبێژ چاو لێ بکرێ. بنەماڵەی سەفەوییە، لە درێژەی سێ سەد ساڵەی دەسەڵاتداریی خۆیان (٩٠٢- ١٢٠٠ی کۆچی مانگی) سێ شاری تەورێز، قەزوین و ئیسفەهانیان کردە پێتەخت. ئیسفەهان لە سەردەمی «زیاریان»، «دەیلەمیان» و «سەلجووقیان»یشدا پێتەخت بووە. بڕوانە پ. ٤١٣.

٢٩- خان لە قەڵا وەدەرکەوتن. بڕوانە پ. ٦٧.

٣٠- لێرەڕا بەیتبێژ دەگەڕێتەوە سەرەتای پێوەندی خان لەگەڵ شا و ساز کردنی قەڵای دمدم. ئەو ئاڵوگۆڕ کردنەی ڕەوتی ڕووداوەکان و فلاشبەکانە لە باری داڕشتی داستانییەوە جێی لێ ورد بوونەوەن. مانای ڕستە: لە شەڕدا بۆ یەکتر وەک برا بوون.

٣١- واتا بە مێهرەبانی لەگەڵ خانان دووا.

٣٢- ئاوەڵناوی لکاو (زەمیری موتتەسیل)ی «و» واتا «تان» خەریکە وردە وردە لە زمانی کوردیدا دەسڕێتەوە. جێیەتی زمانزانانی کورد لە سەر ئاواڵناوی تایبەتی نێو زاراوەکانی کورد ورد بنەوە و توانایی زمانەکەمان بەرنە سەر.

٣٣- خانئاودەل ئایا ناوی خانیلەپزێڕینە؟ لە دەقەکاندا جارجار ناوەکان جێگۆڕکێیان پێدەکرێ. بڕوانە ٢٠.

٣٤- لەم ڕستەیەدا دوو خاڵ جێی لێ ورد بوونەوەن. یەکەم؛ ئیدیۆمی «له کەرەم هاتن» ە بە مانای یارمەتیدان و دەستگیری کردن لە کاتی تەنگانەدایە. شێوەی ساز بوونی ئەو شێوە ئیدیۆمانە زۆر جێی سەرنجن و دەتوانن وەک ئۆلگوو بۆ ساز کردنی بابەتی تازەی زمانی کەڵکیان لێ وەربگیرێ. وردەواژەی «لە» و وشەی عەرەبی «کەرەم» بە مانا تازە و کوردییەکەی لەگەڵ بە کار هێنانی نائاسایی چاوگەی «هاتن» یارمەتی نووسەران دەدا شارەزایانە ڕۆبچینە ناخی زمانەکەمان و ئەسپی قەڵەم لە مەیدانی فەساحەتدا تاو بدەن.

وشەی هەوشار لە نێو فۆلکلۆری موکریاندا زۆر جار دێتە گوێ؛ بەتایبەت لە ڕووداو و تێکهەڵچوونەکاندا. وێدەچی لایەنێکی مانایی ئەو وشەیە بگەڕێتەوە سەر تایفەی تورکزمانی ئەفشار کە هەر لە دەورەی سەفەییەوە خزانە باکووری موکریان و تەنانەت هەتا خۆ و سەلماسانیش هەڵکشان و گرێ و فەرتەنەیەکی زۆریان بۆ کوردان نایەوە و ئاساری ئەو زۆرەملییە هەتا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. بۆ ئەفشار بڕوانە پ. ٢٠ و ١٩٤.

٣٥- لە سەر شێوەی دامەزرانی قەڵای دمدم، هەندێ چیرۆک لە سەر زارانە؛ زۆرتر لە ئەفسانە دەکا. خان داوا لە شاعەباس دەکا بە قەد چەرمەگایەک جێی بداتێ هەتا تێیدا بژی. شا دەڵێ ئەوە دامێی. خان دۆمان دێنێ و چەرمەگایەک بە سیرمە هەڵدێنێ بە باریکی داوە دەزوویەک و لە دەوری کێوی دمدمی دەهاڵێنێ و شوورەی دیواری قەڵا بە جێی ئەو سیرمەیەدا دەکێشێ و...

٣٦- ڕستەکە تێکەڵە وا وێدەچێ مەبەستی بەیتبێژ ئەوە بێ خانساڵێک لەوێ مانەوە.

٣٧- وردەواژەی «ل» لە جیاتی «لە» لە بن زاراوەی موکریانیدا نەماوە و تەنیا لە هەندێ دەقی بەیتیدا نەبێ کەلک لەو شێوە گوتنە وەرناگیرێ.

٣٨- لە بەڵگەنامەکانی مێژوویی‌دا هیچ ئاماژەیەک بە ئەوە نەکراوە کە خان زاوای شاعەباس بووبێ.

ناوی دوو پادشا بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش خزاونەتە نێو بابەتە فۆلکلۆرییەکانی کوردی. ئەگەرچی ئەو دوو پادشایە واتا «سوڵتان مەحموود غەزنەوی» و «شاعەباس سەفەوی» لە ڕیزی خوێنخۆرترین پادشاکانی ئێرانن، بە چاکە باسیان لێدەکرێ. ئەو ڕوانینە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی دەروونناسانەی کۆمەڵی کوردەواری هەیە. هەر دەڵێی ڕاستییەکان ئەوە نین کە بەکردەوە ڕوو دەدەن، بەڵکو ئەو خەیاڵە دژە ڕاستییانەن کە بە مێشکی بەیتبێژ و گوێگردا دێن. ئەو شێوە پێچەوانە کردنەوەی ڕاستی، جۆرێ قەرەبوو کردنەوەی شکست و قووت دانی ڕووداوە تاڵەکانە.

٣٩- ئەم دێڕە ئاماژەیە بە دێرین بوونی قەڵا، بە پێی بەڵگەکانی مێژوویی، شوێنی قەڵای دمدم لە دەورەی ساسانیش‌دا هەر قەڵا بووە.
٤٠- لە بەڵگەنامەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە خان بارگەوبنەی خۆی لە شاری ورمێیەوە بۆ قەڵای دمدم گواستەوە، کەچی ئەو چەند دێڕە، ئەوە نیشان نادا کە شوێنی پێشووی خان شار بووبێ.
٤١- ئەو دێڕانەی خوارەوە بۆ نیشاندانی توانایی و زۆر و زەوەندیی ماڵی خان ڕێک خراون.
٤٢- وێدەچێ مەبەست لەو ڕستەیە ئەمە بێ کە شوێنی دمدم ویشکە. لە ڕستەکانی دواتردا ئەمە بە جوانی دەردەکەوێ.
٤٣- «پانێی ئاشیل»ی قەڵای دمدم ئەوە بوو کە ئاوی پێویستی دانیشتووانی لە نێو خۆیدا دابین نەدەبوو. سەرچاوەی ئاوی قەڵا دوو کانی بوون کە لە دەرەوەی قەڵا هەڵکەوتبوون و بەیتبێژ گوتەنی بە دزی سەریان تەختەبەند کردبوون و کەس نەیدەزانی ئەو دوو سەرچاوەیە لە کوێن. ناوی حەمەدبەگی لێتان و ئاشکرا کردنی سەرچاوەی ئاوی قەڵا، ئەوی بردە نێو لیستەی کەسایەتییەکانی مەنفی و دزێوی کولتووری کوردی؛ لە جێی خۆیدا بە وردی باسی لێدەکرێ.

سەرچاوەی ئاوی قەڵا بە پێی بەڵگەنامەکانی مێژوویی، بەتایبەت عالەم‌ئارای عەباسی، بەشێک لە بیناکانی قەڵا بوو. بۆ دەست بە سەر داگرتنی خوێناویترین شەڕەکانی لە سەر کرا. داگیر کردنی ئەو سەرچاوەیە سەرەتای دابەزینی ورەی قەڵاپارێزان بوو و لە ئەنجامدا ڕووخانی قەڵای لێکەوتەوە.
٤٤- مەبەست دانی پووڵ و پارەی زۆرە بە وەستاکاران.
٤٥- لە فۆلکلۆری موکریاندا هەر کات باسی وەستا و وەستاکاری، لە هەر بابەت و بوارێکدا بێ، ناوی شارە غەیرە کوردنشینەکانی وەک تاران، ئیسفەهان، تەورێز،... دێتە گۆڕ. بابەتی بیناسازی لە موکریاندا جێی لێ وردبوونەوەیە. ئەوە لە خۆوە نییە کە لەو ناوچەیەدا بە دەگمەن بینای دوو سەد ساڵە دەست دەکەوێ. نەبوونی بینای تەمەن‌درێژ ڕاستەوڕاست دەگەڕێتەوە سەر دوو لایەن:

یەکەم؛ نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی درێژخایەن کە ببێتە گەورە بوونەوەی شارەکان و پێویستی بە دامودەزگای حکوومەتداریی سەردەمی خۆی بێ. لەو نێوەدا ئەوەی وەک ئیستسنایەک دەتوانین چاوی لێ بکەین بداغسوڵتانە بە ساز کردنی پردی سوور، مزگەوتی سوور و گومبەزان لە مەهاباد مێژووی چوارسەد ساڵەی هەیە.

دووەم؛ شێوە ژیانی دەرەبەگایەتی بوو کە شوێنی بەرچاوی لە سەر ساز نەکردنی بینای بەرچاو و پڕ تەمەن لەو ناوچەیە دانا. دیارە لە هەلومەرجی ئەوتۆدا پیشەی وەستایەتی گەشە ناکا و کەرەسەی تەمەن‌درێژ لە بیناکان‌دا کەڵکی لێوەرناگیرێ و لە ئەنجامدا بینا دەوامی کەم دەبێ و بەرگەی داڕووخانی زەمان ناگرێ.

٤٦- لە تەرکیبی «باش‌وەستا» بە مانای «سەروەستا» سەرۆک‌وەستادا «باش» لەو وشە تورکییانەیە کە هاتۆتە نێو زمانی کوردی. نەمدیوە بە تەنیا بێ و هەر بە مانا تورکییەی کەڵکی لێوەرگیرێ. ئەو وشەیە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێرانی دەورەی قاجارەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردی.

٤٧- وێدەچێ مەبەست ئەوە بێ خانان ئەوەندە شوێنەیان پەسند کرد کە سیرمەی چەرمەگای لێ هاڵا بوو.

٤٨- «ناو» لە نێو بابەتە فۆلکلۆرییەکاندا جێی سەرنجن؛ لەگەڵ خۆیان بەشێک لە مێژوو و دابونەریت و کولتووری کۆن دەگوێزنەوە. یەکێک لە باشییەکانی ئەو دەقە هێنانەوەی ناوە. بەیتبێژ تەنانەت خۆی لە هێنانەوەی ناوی بەنناکانیش نەبواردووە.

٤٩- مۆرە جۆرە دیوارێکی ئەستوور بوو کە هەتا سی چڵ ساڵ لەمەوبەر بە گڵی خالیس ساز دەکرا. گڵیان، بەتایبەت گڵەسوور، دەگرتەوە و کەمێکیان کا لەگەڵ تێکەڵ دەکرد و زۆر بە وردی و شێنەیی دەیانشێلا هەتا وەک هەویری لێدەهات، ئەوجار دیواریان پێ دادەنا. هەر جارەی بە بڵیندایی نیو گەز و درێژایی ئەوەندەی گونجابا دیوارەکەیان دادەنا و بە مۆرەبڕ - پێمەرەیەکی دەم پان و ڕاست بوو - هەر دوو لایان وەستایانە دەتاشی هەتا لووس بێ.

چاوەڕوانی ئیشک بوونەوەیان دەکرد و ئەوجار دیسان بە شێوەی پێشوو دەستیان پێدەکردەوە.

دیواری مۆرە تایبەتی دەشتانی بوو؛ ئەو جێیانەی بەردی لێ دەست نەدەکەوت. ئەو دیوارەیان زۆر ئەستوور ساز دەکرد، هەر بۆیە لەمپەرێکی پاش لە ئاست گەرما و سەرما بوو. بەرینایی ئەو جۆرە دیوارانە لە دیوەخاناندا جاری وابوو دەگەیشتە دوو گەز.

٥٠- «دا» لەم ڕستەیەدا مانای «بلا» دەدا. مانای ڕستە: بلا خان هەرگیز لە بیرمان نەکەن.

٥١- ناوی «باپیر»ی کورد وەک وەستاکاری دۆست و هەروەها «شابان»ی غەیرەکورد وەک وەستاکاری نادۆست جێی سەرنج و لێ ورد بوونەوەیە.

٥٢- بکەر (فاعیل)ی ئەم ڕستەیە وەستا شابانە و ئەوپەڕی بێزاری و نیگەرانی لە دامەزرانی قەلا لەو ڕستەیەدا دەردەبڕێ. مانای ڕستە: «هێز و توانام لە لەش دەبڕێ».

٥٣- مانای ڕستە: «ئەو قەلایە لە شان و شکۆی کوردان نایەتەوە و لە وان زیادە.»

٥٤- مانای ڕستە: «هەمووومان دەکوژن». «لە خیز گرتن» یەکێک لەو شێوە ترسێنەرانەی کوشتنی بە کۆمەڵ بوو کە کەڵکی لێ وەرگیراوە. نزیکترینی ئەم لە خیز گرتنە کوژرانی بە کۆمەڵی گوندی ئیندرقاشی مەهاباد لە ساڵی ١٩١٦دا بە دەستی سپای تزاری ڕووس بوو. لە قەتلیعامی خەڵکی سابلاغدا، ساڵداتی ڕووس هەموو نێرەوەزی ئەو گوندەیان کۆ کردنەوە و لە دەراوی چۆم بە ڕیز هەتا پشتێند لە خیزیان گرتن و ئەوجار لەو سەرەوسەر بە شمشێری تیژی پان بە ناوی شۆشکە یەک یەک ملیان پەڕاندن.

٥٥- ئەو شێوە ئاڵوگۆڕەی سەروا (قافیە) کە وشەیەکی سەرەکی ڕستەی یەکەم دەکەنە سەروای ڕستەی دووەم، «رد العجز علی الصدر»ە. لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی زاراوەی کرمانجیدا دەبیندرێ. لە زاراوەی سۆرانیدا «ئەحمەدی کۆر» لە شیعرەکانی خۆیدا کەڵکی زۆری لەو شێوەیە وەرگرتووە.

٥٦- دەگەڕێتەوە سەر ئەو قسە و دەنگۆیەی کە ئەو شوێنە گەنجی تێدا بووە. لە پەراوێزەکانی تردا بە وردی باسی لێدەکرێ.
٥٧- ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ڕیز کردنی چەند شتی تایبەتە و یەکیان لەوانی تر پڕ بایەختر نشاندانە. یاقووت و ئەشرەفی و ئەڵماس هەر سێ پڕ بایەخن، بەڵام دوڕ لەوانە پڕ بایەخترە. ئەو بەراورد کردن و هەڵبژاردنی یەکیان لە شێوەی ڕیز کردنی وشەکانەوە دەردەکەوێ.
٥٨- کەیکاووس دووەمین پادشای بنەماڵەی «کەیانی»یە و دەگەڕێتەوە سەر مێژووی ئەفسانەی ئێران. مەبەست لەو ڕستەیە کۆنی و لەمێژینە بوونی گەنجەکەیە.
٥٩- کێوی دمدم لە زارکی گەڵی قاسملوو هەڵکەوتووە. بە ڕووکاری باکووری ئەو کێوە هەتا دەگاتە گۆلی ورمێ بەشێک لە دەشتی پڕ پیتی باراندێز هەڵکەوتووە و شاری ورمێی تێدا ساز کراوە. جادەی قیلەتاوی مەهاباد - ورمی پێشتر کە بە گوندی باڵانیشدا تێدەپەڕی و بناری باکووری دمدمی دەگرتەوە. ئێستا ئەو ڕێگایە چەند کیلۆمیترێک بەرەو گۆلی ورمی هەڵکشاوە و دەشتی باراندێزی لەت کردووە. ڕۆژاوای قەڵاش ئێستا دەشتێکی پڕ پیتە و هەموو باغ و باغاتە.

ورمێ: شاری ورمێ، ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، دەیەمین شاری گەورەی ئێرانە. بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٣٨٥/ ٢٠٠٦، حەشیمەتی ٥٧٧٣٠٧ کەس بووە. پێکهاتەی ڕگەزیی شارەکە تورک، کورد، ئاشووری و هەرمەنین. ساڵی ١٣١٤/ ١٩٣٥ ناوی شارەکە لە «ئوورمیە» ڕا کرایە «ڕەزائیە». لە کەونارادا شارەکە بە ناوی گۆلەکەی پەنای، بە «چیچست» ناو براوە. زۆربەی مێژوونووسان بە شوێنی لە دایک بوونی «زەردەشت»ی دەزانن.

لە بابەت وشەی «ورمێ» سەرچاوەکان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دواون: بە سوریانی «ئورمیا» ، بە پارسی «ئوروومی»، بە عەرەبی «ئورمییە»، بە تورکی «ئورمی» و بە هەرمەنی «ئۆرمی» نووسراوە. لە بەردەنووسەکانی ئاشوور بانیپاڵدا «ئورمیتە» و لە مێژووی واقیدیدا «ئۆرمانی» و لە نووسراوەکەی حەسەن

ئەرفەعدا «ئۆریما» نووسراوە.

سەبارەت ئێتیمۆلۆژیی ئەم ناوە ڕای جیاواز هەیە، کە پوختەکەی ئەمەیە: (ئوور: شار، شوێن، ئاور) [(میۆ/ می/میا/ میە/ میاە/ میاتە/ مائیت: ئاو، ماد) = شاری ئاو، شوێنی ئاو، ئاوئاباد، ئاوری ماد.

وشەی «ئور» پێکهێنەری سەرەکی ئەو ناوە تێکەڵاوەیە و بە مانای شارە، هەر وەک لە «ئورشەلیم» و «ئورفە» دا هاتووە.

لەو چەند بەڵگەیەی بۆ ئەو بابەتە چاوم پێداخشاندوون، هیچ ئاماژەیەک بەوە نەکراو کوردەکان، واتا دانیشتووانی ئەسڵی و باستانی ئەو شارە چی پێدەڵێن! لەمەڕ ناوی ئەو شارە ئەوەی لە سەر زاری خەڵکی ئاسایی و لە فۆلکلۆری ناوچەی موکریانە «ئوورمی»، «ورمێ» و «ورمە» یە. ئەو ناوە وێدەچێ کورتکراوەی «ئورمیا» بێ. ئێستا هەندێ لە تورکزمانەکان بە ئانقەست «ئورووميە» بە کار دێنن هەتا وشەکە بگەڕێننەوە سەر ڕیشەی تورکی. ورمێ تەنانەت لە گۆرانی کوردیشدا ڕەنگی داوەتە: هەرمێ هەی وەی هەرمێ/ سینگۆڵەت باغی ورمێ/ دوو شەمامەی سینەی/ ناوێرم دەستیان بەرمێ/ خەڵکم لێڕا دیارە/ بۆیە لێی دەکەم شەرمێ... (سەرچاوە: ویکی پدیا، فرهنگ معین، سرزمین زردشت، معانی بعضی از اسامی کهن و ایرانی در زبان کردی)

٦٠- لە ورمێ و دەوروبەری هەندێ هەرمەنی و ئاسۆری دەژین و کوردان بە سەرجەمی ئەوان دەڵێن «فەلە». فەرهەنگە کوردییەکان وشەی فەلەیان بە مەسیحی، خاچپەرست و نەستووری مانا کردووەتەوە. پێوندی ئەوان لەگەڵ کوردان باشە و بەرچاوترین گرژی نێو ئەوان ڕووداوەکانی دەورەی سمکۆ بوو کە کوژرانی مارشیمۆن و کارەساتی جیلۆی لێ کەوتەوە. سەرەڕای ئەو کارەساتە ناخۆش و خوێناوییە، پێوندی کورد و مەسیحییەکانی ورمێ خۆشە.

٦١- گوڵێندانلی: گولدانلی، گولدانلوو، هەر ئێستا ناوی گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی شارەدێی باڵانیش. ئەو گوندە دەکەوێتە باکووری قەڵای دمدم. بۆ هۆزان بڕوانە پ. ١٤٥.

٦٢- کردار (فێعل)ی «تێکێشان» و «داکێشان» تایبەتی بردنە ژوور و بەستنەوەی ئەسپە لە تەویلەدا. کرداری تێکێشان زۆرتر بۆ زەمانی ڕابردوو بەکار دێ. تەویلەیەکی گەورەی ساز کرد و چەند ئەسپی تێکێشا. ئەسپەکە داکێشە. ئەسپەکەی داکێشا.

٦٣- لە ژیانی ئاژەڵداریدا ئەوە ڕەسم بوو کە بۆ ناسینەوە، ئاژەڵیان داغ دەکرد. داغ بریتی بوو لە نیشانەیەکی ئاسنینە. لە مەڕ و مانگادا ئەو داغە بە ئاور سوور دەکرایەوە و لە نەرمەی گوێیان دەدرا. ئەگەر مەڕ گورگ خواردبای یان مندار ببایەوە و یان لە ئاودا خینکابا، شوان دەبوایە گوێی داغداری بۆ خاوەنەکەی هێناباوە. لە موکریاندا بۆ ئەو بابەتە لە جیاتی وشەی «گوێ» ، جارجار وشەی تورکی «قولاغ» بەکار دێنن: «کاکی شوان ئەگەر مەڕەکەم گورگ خواردوویە قولاغی کوا؟»

جاری وا بوو بە «کەت کردن»ی گوێ، ماڵات نیشانە دەکران. کەت کردن بریتی بوو هەڵبڕینی چیلکەی گوێ - ڕاست یا چەپ -. تەرکیبی «پێشکەت» و «پاشکەت» بۆ هەڵبڕینی پێش یا پاشی گوێ بەکار دەهات. جارجار لاکەپۆی ئاژەڵیان داغ دەکرد.

داغ و نیشانەی ئەسپ لە گوێی نەدەدرا. داغێکی جوانی چکۆڵەیان هەڵدەبژارد و لە سەر کولۆمتیان دەدا هەتا جوانی و دیمەن و ڕوخساری ئەسپ نەشەمزێنێ. ئەسپ بە هۆی بایەخێکی کە لە ژیانی ئینساندا هەیبوو، جێگەیەکی تایبەتی پێدراوە. هەر بۆیە ئەسپی ڕەسەن جیا لە داغی تایبەت، قەباڵەشی هەبووە. تەنانەت لە فۆلکلۆردا ژنی جوان و پەسندیان بە حدوود و کەحیل و کەحلان و... شوباندووە کە سیفەتی ڕەسەنترین جۆری ماینە لە کوردەواریدا.

٦٤- «کەسێک دە کەسێک یان کەسانێک بەردان» ئیدیۆمێکە زۆرتر لە حاڵەتی ناڕەزامەندیدا بۆ ئاکار و کرداری ئەو کەسە دێتە گوتن. لە بنەمای شاراوەی ئەو زاراوەیەدا جۆرێ سووکایەتی کردن و بە سەگ شوبهاندنی تێدا حەشار دراوە.

٦٥- واتا تاڵان و برۆ زۆر توند بووە و هەموو شتێکیان بردووە. وێشدەچێ دان و کا بێ.

٦٦- شۆرباوڕێژ کردن یەکێک لە میتۆدە مەنشوورەکانی بیناسازی لە کۆندا بووە کە کاری چیمەنتۆی دەکرد. ئاژەڵی قەڵەو و پڕ چەورییان دەکوژتەوە. شۆرباو ساز دەکرا، گۆشتەکەی دەدرا بە بیناسازان و کارگەران و بە ئاوەکەی قوڕ دەگیرایەوە و دەبوو بە کەرەسەی دیوار و بناخە و کڵی پرد و بابەتی لەو چەشنە.

٦٧- دوو وشەی «مەعدەن» و «کارخانە» هەندێ جار لە بەیتەکاندا بە پێی پێویست وەک قافیە کەڵکیان لێ وەرگیراوە. هەر دووی ئەو وشانە ئیتر بە مانای پێشەکیی خۆیان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ناوچەی موکریاندا نەماون و ئێمە نموونەی غەیری‌بەیتیمان نەدیوە؛ هەر بۆیە بۆم نەگونجا بە دڵنیاییەوە مانایان بکەمەوە. بە پێی نێوەرۆک و ڕەواڵی ئەم دەقە، دەبێ وشەی مەعدەن مانای مەسکەن و شوێن و جێگەی نیشتەجێ بوونی سەرەکی بدا (خان سوار بوون لە مەعدەنێ). مەعدەن لە چوارچێوەی یاسای ڕێزمانیدا، ناوە. کەچی وشەی کارخانە - کە ئەویش ناوە - وەک ئاوەڵناو بە کار دێ و زۆربە دوای وشەی «مەرد» دێ (لەپزێڕین مەردی کارخانێ). لێرەدا وشەی مەرد، مانا مەجازییەکەی مەبەستە واتا ئازا و دلێر. کارخانەش مانای لێهاتوو و کارزان و ئەزموو دەدا. وێدەچێ ئەم مانا مەجازییە دوای هاتنی کالای کارخانەیی بۆ ناوچە ساز کرابێ کە لە بەراورد کردنیان لەگەڵ کالای دەسکری خۆماڵیدا زۆر ڕێکوپێک و بەکەلک و جوان و ڕەختەترن.

ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٣٣ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە سوارێک هاتووە لە قۆڕخانەڕا. وا دیارە کارخانەی بە قۆڕخانە مانا کردووەتەوە.

٦٨- وشەی بێگانە، بەتایبەت عەرەبی، لە نێو بەیتەکاندا جێی سەرنجن. دەم و ڕاوێژی کوردانە، بەتایبەت کاتێ بێژەر نەخوێندەوار بێ، ئاڵوگۆڕیان بە سەردا دێنێ. هەندێ لەو وشانە ڕاستەوڕاست هەر بە مانا سەرەکییەکەیان دەمێننەوە. هەندێ وشە کورت دەبنەوە؛ بەتایبەت ناوەکان. هەندێ وشەش ئاڵوگۆڕیان بە سەر دادێ و بیچم و قەوارەیان ئەوەندە دەگۆڕێ ناناسرێنەوە و تەنانەت مانا

سەرەکییەکەشیان پێوە نامێنێ. لەو ڕستەیەدا وشەی عەرەبی «مدح» بە مانای «پێهەڵاگوتن و ستایش» بە دوو شێوەی مەتح (جێگۆرکێی «د» و «ت» ) مەحت (جێگۆرکێی «د» و «ح» و گۆڕانی «د» بە «ت») یەکێک لەو ئاڵوگۆڕانەیە کە ساختاری زمانی کوردی بە سەر هەندێ وشەی عەرەبیدا دێنێ. با ئەوەش فەرامۆش نەکەین ئەو گۆڕانە هەندێ جار لە نەخوێندەواریی تاکی کوردەوە دەکەوێتەوە کە ئاشنایەتی تەواوی لەگەڵ ئەو وشە بێگانانە نییە.

٦٩- ئەسپ دەورێکی سەرەکی لە ژیانی کورددا هەبووە و ڕەنگدانەوەی ناو و ئاکار و سیفەت و ڕەنگی لە نێو زمان و کولتووری کوردەواریدا ئاساییە. لەو دوو ڕستەیەدا سیفەتگەلی وەک کەحلان، کوێت، قاپڕەش، بێنیشان، بۆز، تەنک و کەفەڵپان نیشانەی ئەو ڕەنگدانەوەیە. حدوود و محەندەک دوو سیفەتی زۆر ئاشنای ئەسپن لە نێو کورداندا بە مانای ڕەسەن و نەجیب.

٧٠- دووپات بوونەوەی وشەیەک لە ڕستەدا، یەکێک لەو شێوەکارە زمانییەیە کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەنتر بوونی زمان و پتر کردنی توانایی پەیام بۆ بەردەنگ. دووپات کردنەوەی ئاوەڵناو – سیفەت – بە شێوەیەکی بەرچاو، ڕستە کوردانە دەکا و دەیباتە حاڵەتی کۆ: کچی جوان جوان، ماڵی گەورە گەورە. عیبارەتی «کوڕە کوڕە» کە لە دووپات بوونەوەی ناو و ئامرازی خیتابی «ە» ساز بووە، سەرەڕای حاڵەتی کۆیی، لە چوارچێوەی مانا و کارکردی نموونەکانی سەروو دەردەچی و حاڵەتێکی تایبەتە. ئەو عیبارەتە مانای هەڵبژاردە و شاز و زۆر و پەسند دەدا و تەنانەت جەغزی مانایی لەوەش پتر دەکا و دەتوانی بڵێی کوڕە کوڕە بە مانای زیرەک، جەنگاوەر، لێزان، چاونەترسە. ئاگاداری لە سەر تواناییەکانی زمان، یارمەتی دەدا بە توانایی پتری دەربڕین و هەراش و هەراو کردنی زمان.

٧١- مانای ڕستە: عەرز لە بەریان هاتە ئامان «واتا عەرز لەبەر زاکوون و هەیبەتی پاڵەوانانە و شەڕکەرانەی ئەوان ترسا و خۆی بە دەستەوە دا.

٧٢- بە پێی نێورۆکی ئەفسانە و داستانە فۆلکلۆرییەکان، پادشایان و

حاکمان جارجار جلوبەرگیان دەگۆڕی و بە نەناسیاوی بۆ کارێکی تایبەت یان بۆ ئاگاداریی هەلومەرجی وڵات و بە سەر کردنەوەی میللەت و ئاکاری دەست و پێوەندەکانی خۆیان دەگەڕان و سەریان بە زۆر جێیاندا دەکرد و پەردەیان لە سەر زۆر ڕازان هەڵدەداوە؛ زاڵمانیان تەمبێ دەکرد و حەق و مافی مەزلوومانیان دەستاند. داستانەکانی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس لە بەناوبانگ‌ترینی ئەو بە عەودالی گەڕانانەن. لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆربەی ئەوانەی بە عەودالی دەگەڕێن لە ڕیزی پیاوچاکانن و لەوە دەگەڕێن عەداڵەت بەرقەرار بکەن؛ دیارە ئەمە لە نەبوونی عەداڵەت لە نێو کۆمەڵگادا دەکەوێتەوە.

٧٣- کۆپەک لە تورکیدا مانای «گۆڵە سەگ» دەدا. بەداخەوە لە تێکهەڵچوونی نەتەوەکاندا، جیا لە ئازار و زەرەر و زیان لە یەکتر، گرفتێکی بە سووکایەتی لێک ڕوانینیشی لێدەکەوێتەوە. ئێستا لە نێو کوردەکانی دەوربەری ورمێ، کاتی توورە بوون و بێزاری «تەرکیبی وەسفی» «س... ڕ...» بۆ تورکەکان بە کار دێنن. وا دیارە ئەو بۆچوونە لانیکەم لە سەردەمی سەوفەوییەوە لە ئارادا بووە و هاتنی وشەی کۆپەک دەبێ لەو ڕوانگەیەوە لێی بڕوانین. بێ‌گومان ئەگەر بە دڵ و بە مەیلی خۆم بایە، هەرگیز ئەو وشەیەم تۆمار نەدەکرد. قەڵەم دەبێ بە قازانجی ئاشتی و تەبایی هەرچی ئینسانە لە گەڕدا بێ. (فرهنگ اذربایجانی – فارسی، محمد پیفون کوپک= سگ [نر]، ص ٢٩٣)

٧٤- شێخی باڵەک، شێخی باڵەکان: کاک «سەلاح خزری»ی هونەرمەند، لە سەفەرێک کە بۆ هەرێمی کوردستانی کردبوو، ئەو زانیارییانەی خستبووە سەر سی‌دییەک و بۆی هێنامەوە. کابرایەکی خەڵکی حاجی ئۆمەران بە ناوی «کەمال بۆڵی» باسی ئەوە دەکا لە ئەو گردەی لە سەر ڕێگەی قیلەتاوی حاجی ئۆمەرانە و هەر لە نێو ئەو شوێنە هەڵکەوتووە و بە گردی لاوان مەنشوورە، مەیتی خانی لەپزێرینی لێ نێژراوە. گومبەزی کەسکی شێخ محەمەد باڵەکی هەر لە خوار ئەو گردەیە. بە گوتەی باب‌وباپیران و پشتاوپشت، دوای

ئەوەی خان شەهید دەبێ، ئەو شێخ محەمەدە، تەرمەکەی خان دێنێ و لە سەر ئەو گردەی لاوان دەینێژێ. بە گوتەی مام کەمال بۆڵی، شێخ محەمەد باڵەکی، ئامۆزای شێخەڵڵای هەولێرە. (سەرچاوە: دیداری کاک سەلاح خزری لەگەڵ کەمال بۆڵی، ١٣٩٠/٩/١٠). گۆیا شێخی باڵەکان خەڵکی گوندی «وەسانان» بووە و دەبێتە باپیری ئەو «شێخ محەمەدی وەلاشی» یە کە ئەولادانی لە قەسرێ، چۆمان و حاجیئۆمەران نیشتەجێن و عەشیرەتی «مەلاشەرەفی» پێکدێنن. (سەرچاوە: یادداشتی مەحموود باوزی)

٧٥- زینوێ سیدەک: ئەم شوێنەم لێ ڕوون نییە و نازانم لە سیدەکان ئەو زینوێیە هەیە یان نا. هەنبانەبۆرینە وشەی زینوێی نەگرتووە، بەڵام لە بەرانبەر وشەی زینوودا نووسیویە ملەی کێو، بستوو.

٧٦- مانای ڕستە: بە سواری ئەسپان دەچینە مەیدانی شەڕ؛ ئەسپی وەک ڕەخش. بڕوانە پ. ٦٩.

٧٧- «مل وە ملی یەک دان یانی» ڕا و تەگبیر کردن» ، «ڕاوێژ کردن و پێکەوە دوان». دەتوانێ ڕکەبەری کردن و بەرانبەری یەکتر وێستانیش مانا بدا.

٧٨- ڕاناو «زەمیر»ی «ئەز» بۆ یەکەم کەس لە کرداری تێنەپەڕ «لازم» دا دەورێکی بەرچاوی لە کوردی کرمانجیدا هەیە. وا وێدەچێ لە زاراوەی سۆرانی، بەتایبەت بنزاراوی موکریانیدا، لە ڕابردوویەکی دووردا کاری پێکراوە و وردە وردە لە کەلک کەوتووە و ئیتر لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا نەماوە. ئێستا ئێمە لە موکریاندا «ئەز» لە عیبارات و تەرکیبات و قسەی پێشینیاندا نەبێ نابینین؛ جارجاریش لە شیعری شاعیرانی کلاسیکدا: «ئەز و ئیمانم...»/ «ئەزم هەڵدەبەزم»/ «دیتیانم ئەزم، نەیاندیتم دزم»/ «ئەز و بزن چیایێ مەزن»/....

٧٩- «چوونە سـەر...» لە یەکەم مانای مەجازی خۆیدا واتا بە دزی هێرش کردنە سەر کەسێک بە مەبەستی گرتن، زەرەر پێگەیاندن و تەنانەت کوشتن. لەم ڕستەیەدا هەر ئەو مانایە دەدا. لە دووەم مانای مەجازیدا واتا خوازبێنی کردن: «... بۆ کوڕەکەی چووەتە

سەر کچی جیرانەکەی»

٨٠- بۆ ئەوپەڕی تووڕەیی و بێزاری و زێدەڕۆیی و بۆ نابووت کردنی دوژمن چەند ئیدیۆم لە ناوچەی موکریاندا باوە؛ دوو ئیدیۆم لە هەموویان بەناوبانگترن. یەکەم؛ « خاک بە توورەکە کێشان»: پێی بڵێن سەربزێوی نەکا دەنا خاکی بە توورەکان دەکێشم (واتا نابوودی دەکەم و داری لە سەر بەردی نایەڵم). دووەم؛ «خاک دە بەحریٚ کردن» هەر بە مانای ئیدیۆمی خاک بە توورەکە کێشان دیٚ و جۆریٚ نەفرەتی تێدا دیارە.

٨١- عاسیٚ بە مانای جێگای سەخت و دەست وێرانەگەیشتوو دیٚ. «هەڵۆ هێلانە لە جێی عاسیٚ دەکا». وشەی «نەیچۆمیٚ» وێدەچیٚ «نایچۆمیٚ» بیٚ بە مانای «بۆم ناچەمیٚ». واتا ناتوانم شکستی بدەم. «چەمین» بە مانای خواربوونەوە و لە حاڵەتی مەجازیدا شکست خواردن و تەسلیم بوونە. ئەو چاوگەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا کارکردی خۆی لە دەست داوە و تەنیا لە نێو نووسراوە کۆنەکان و بابەتی وەک بەیتدا ئاساری ماوە.

٨٢- «بەردی بن گۆم» بریتییە لەو کەسە یا ئەو بابەتەی بە یەکجاری ون دەبیٚ یان بزر دەکریٚ و هەرگیز نادۆزرێتەوە. ئەو ئیدیۆمەش زێدەڕۆیی زۆری تێدایە؛ لێرەدا وەک هەڕەشە بۆ لە نێوچوون بە کار هاتووە.

٨٣- عاشیرەتان دابونەریت و خووخدەی تایبەتیان هەبوو. هەندیٚ کردەوە ئەوەندە ناحەز بوون کە تەنانەت دەبوونە هۆی لە پێش چاو کەوتن و تەرە بوون. یەکێک لەو کردەوانە شکان و هەڵاتن لە مەیدانی شەڕدا بوو. ڕوانگەیەکی تەواو پیاوانە لە نێو عاشیرەتان، هەندیٚ ئیدیۆمی لەو بارەوە لێکەوتۆتەوە کە تەنیا لە نێو ئەوان مانا دەدا و بە زاردا دیٚ و توندترین جنێوە بە خۆ یا بەرانبەر: هەرچی لە شەڕیٚ هەڵیٚ ژنە/ کوڕینە دەرپێی ژنانو دەبەر بیٚ؛ دوژمن گەیشتە سەرتان/ ژنیٚ خۆم، بۆ هەڵدێی!

وا دیارە تاڵی لۆمە و سەرکۆنە کردن بە لایانەوە لە مردن تاڵتر بووە، هەر بۆیە زۆرجار شەڕکەر خۆی بە کوشت دەدا و

هەڵنەدەهات.
٨٤- لێرەدا منداڵ بوون بە مانای کەمئەزموونی هاتووە و تەنانەت بێئاگایی و بێخەبەریشی لێدەکەوێتەوە.
٨٥- «سێ و دوو کردن» یانی خۆ گنخاندن و ئەو دەستەودەست کردن و لە ئاکامدا ئەرکی پێ ئەسپێراو وە دوا خستن. «سێ و دوو لێ نەکردن» واتا بە خێرا ئەرکێک بە جێ گەیاندن.
٨٦- «جوو» وەک کۆمەڵێک خەڵکی خاوەن دینی یەهوودی، لە نێو فۆلکلۆری کوردیدا بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەبێ. بۆ دەوڵەمەندی جوو بە نموونە دێننەوە: «وەک جوو دەوڵەمەندە/ بە قەد جوویەکی هەیە». بۆ فەقیرحاڵی و مەزلوومی: «فلانی وەک جووی فەلستینێی لێ قەڵماوە». بۆ ترسەنۆکی: « هەی جوو!!»
لەو ڕستەیەدا بۆ نیشاندانی ناحەزترین پلەی کۆمەڵایەتی و دینی و توندترین ئازار دەڵێ ئەگەر قەڵای دمدمم نەگرت لە دینی ئیسلام دەرمکەن و دەبمە جوو؛ نە تەنیا دەبمە جوو، بەڵکو دەبمە مالمی جووان.
مالم: پێشنوێژ و پێشەوای ئایینی جوولەکان. «ڕابی» و «لاوی»یشیان پێدەڵێن کە بە مانای «موعەللیم» ە. دوور نییە «مالم»ی کوردی هەمان وشەی «معلم» نەبێ.
٨٧- یەکێک لەو کارانەی لە ڕابردوودا و لە چوارچێوەی «تەداروکات»ی شەڕ دەکرا، تەدارەکی ناڵبەندی بوو.
٨٨- بەیتبێژ ئەو ڕستە بە شێوەی ئاسایی دەڵێ و ئاهەنگی بەیتی نییە.
٨٩- لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا بەیتبێژ هەر وەک خۆی دەڵێ شار و ناوچەی لە پەنا یەک کۆ کردوونەوە. دیارە مەبەستی سەرەکی کۆ کردنەوەی لەشکرێکی زۆر و زەوەندە. دامودەزگای لەشکرێکی گەورە، جیا لە جەماوەرێکی پڕ چەکی پۆشتە و ئامادەی حکوومی، هێزی چەکداری ولایات و ئیمارات و حاکمانی ناوچەیی و تەنانەت عەشایر بوون. کاتێک پادشایەک یا حاکمێکی بە دەسەڵات بەرەو شەڕێک وەڕێ دەکەوت، لە مەودای ئەو ڕێپێوانەدا ئەوانەی لە ژێر ئاڵای ئەو حکوومەتەدا بوایەن، دەبوایە ئامادەیی خۆیان بۆ

تێکەڵ بوون لەگەڵ لەشکر ڕاگەیاندبا و ئەگەر پێویستییان پێیان بوایە ڕەگەڵ کەوتبان. زۆر و زەوەندی هێزی شەڕکەر بەو شێوەیە دابین دەکرا.

بە پێی ئەو ناوانەی بەیتبێژ ڕیزی کردوون وا دیارە ئێرانی ئەودەم لە ژێر ئاڵای شاعەباسدا بۆ گرتنی قەڵای دمدم هەڵپشکووتوون و هەر ئەو زۆر و زەوەندییە یەکێک لە هۆیەکانی گیرانی قەڵا بووە.

خاڵی بەرچاوی دیکەی ئەو گەلەکۆمەکییە ئەوەیە کە گیرانی قەڵا بۆ شاعەباس یەکجار گرینگ بووە و مانەوەی بە مەترسییەکی گەورە داناوە؛ هەر بۆیە زۆربەی شارەکانی ئەودەمی ئێرانیان لێ دەنگ داوە.

ئەو ناوانە بە چەند دەستە دابەش دەبەن: یەکەم؛ ئەو ناوانەی ئێستاش هەر ماون وەک شیراز – قەزوێن – تاران – مەشەد. دووەم؛ ئەو ناوانەن کە ئێستا پارێزگان وەک خۆراسان – لورستان – کوردستان. سێیەم؛ ئەو ناوانەن ئێستا سەر بە ئێران نین وەک کشمیر – بەڵخ – بوخارا. چوارەم؛ ئەو ناوانەن شار یا پارێزگا نین وەک شایسەیوان (ناوی تایفەیەکی تورکزمانی کۆچەرییە و دەڵێن بە ڕگەز کورد بوون)– فەرعانی (وێناچێ ناو بێ)– دەمرقاپی (مانا تورکییەکەی واتا دەرگای ئاسن) – خوردستان (ناوچە یا پارێزگایەک بەو ناوە ناناسم)– زەند (ناوی تایفەیەکی کوردە)– محاڵ، سندووس، لاجان (ناوچەن)

تێبینی: «عەوێز» وێدەچێ «عوویزە»ی خوزستان بێ. «تەختە» ڕوون نییە کوێیە. «رژد» واتا شاری «ڕەشت» ناوەندی پارێزگای گیلان. لە زۆر جێی فۆلکلۆری کوردی وشەی لەو شێوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ؛ گۆرانی پیتی «ش» بە «ژ»؛ بۆ لایەنی زمانەوانی جێی لێ ورد بوونەوەیە.

ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٢٧ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە سنووور شوێن نییە بەڵکو بە پێی ئاهەنگی وشەی سنە هاتووە. هەروەها دەنووسێ دەرگەزێن لە نیزیک شاری سولەیمانییەیە.

ئاورێک لەو ناوانەی ئەسکەندەربەیگی تورکمان لە عالەم ئارای عەباسیدا هێناونی، زۆر و زەوەندی لەشکر و کۆ کردنەوەی بۆ سەر قەڵا دیاری دەکا. وا وێدەچێ گرتنی قەڵا و ملکەچ کردنی خانی لەپزێرین بۆ شاعەباس و حکوومەتی سەفەوی یەکجار گرینگ بووە: حەسەنخانی ئێستاجلوو، محەمەدپاشا، حەوت هەتا هەشت هەزار کوردی جەلالی، ئیعتیمادولدەولە، پیربوداقخانی حاکمی تەورێز، بەرخورداربەگی تۆپچیباشی، تفەنگچییانی ئیسفەهانی و خۆراسانی و تەورێزی و بافقی، خانوەلەد غازیبەگی حاکمی سەڵماس، ئەولیابەگی کوڕی سەیفەددینە کوێرەی ئەنزەل و سۆما، سەفەرقوڵیبەگی یووزباشی بە پێنج سەد تفەنگچییەوە، قۆرچییەکانی چەگەنی، لەشکری پەرداخی گەنجعەلیخانی تەورێز، میرفەتتاحی سەرکردەی تفەنگچییەکانی ئیسفەهان، مرادخانی سوڵتانچینی، خەلیل سوڵتان، محەمەدتەقیبەگ، تفەنگچییەکانی مازەندەران، قوربان سوڵتانی بیگدلی، نیعمەتوڵڵا سوڵتانی سۆفیان، میرسۆفی، میرپازووکی، میرموقەددەم، ئیمامقوڵی سوڵتانی تاجرلوو، پاڵەوان محەمەد، محەمەدبەگی شاملوو، تورکمانەکان، ئەلیاس خەلیفەی قەراداغلوو و... ئەوانە بە پێی عالەمئارا بەشێک لە سەرکردەکانی سپای سەفەوی بوون کە گەمارۆی قەڵای دمدمیان داوە.

٩٠- مانای ڕستە: «لە ئیسفەهانەوە وە ڕێ کەوتن.»

٩١- مانای ڕستە: «لەشکر بەرەبەرە و بە پێیان دەهاتن.»

٩٢- مانای ڕستە: «ئەسپی سەد هەزار سواریان شێ ڕەنگە.» وڵاغ لە موکریاندا بە مانا ڕاستییەکەی خۆی هەم بە مانگا و گامێش و هەرچی لێی دەکەوێتەوە دەگوترێ و هەم بە ئەسپ. کاتێ تەنیا مەبەستیان هەر مانگا و جسنی ئەو بێ، دەڵێن ڕەشەوڵاغ؛ بۆ ئەسپیش وڵاغی سوارێ.

٩٣- مەبەست لەو ڕستە و دواتری هەراهەرا و ساز بوون و خۆ تەیار کردنی لەشکرە لە ئیسفەهان بۆ چوونە سەر قەڵای دمدم.

٩٤- مانای ڕستە: «سەد هەزاریان ئاغاوەتن». پاشگری «لەر» یان «لار» نیشانەی کۆیە لە تورکیدا؛ ئاغالەر واتا ئاغایان. تێکەڵاو بوون و

شوێن دانانی زمانی تورکی لە سەر زمانە ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتداری چەندین سەد ساڵەی بنەماڵە تورکزمانەکان لە حکوومەتی ئێراندا، جیا لەوە، شوێنی زمانی تورکی لە سەر کوردیی موکریانی بە دەسەڵاتی ئابووریشەوە بەسراوەتەوە.

٩٥- مانای ئەمڕۆیی ڕستە: «تۆز بەری عاسمانی گرت.» ئەم ڕستەیە ئاماژەیە بە زۆر و زەوەندیی لەشکر.

٩٦- چاوگی «وردن» ئیتر لە زمانی ئاخاوتندا نەماوە؛ بەڵام لە فۆلکلۆر، بەتایبەت بەیت، زۆر جار کەڵکی لێ وەردەگرێ بۆ نیشتن و نیشتەجێ بوون. کۆمەڵێک باڵندە لە گۆلی ورمێ وردینە؛ واتا نیشتن. لەشکر لە دەشتی هۆزانێ دەوردییە؛ واتا نیشتەجی دەبوو.

چاوگی «وردن» لە ئاخاوتنی دەوەری سەردەشت بە شێوەی «هەڵوردن» ماوە: لە وێدا وەکو بەحری ڕەش هەڵورە/ لە خەڵکی نەکەن زوڵم ئەو لەشکرە ( دمدمنامە = مەلا کەریم فیدایی)

لەو ڕستەیەدا دوو زەویان ناوی شوێنێکە و بۆم ساغ نەبۆوە.

٩٧- مانای ڕستە: «لە سەحرا لەشکر نیشتەجێ بوو.

٩٨- مانای ئەم ڕستەیەم بۆ ساغ نەبۆوە. شکم بۆ بارگە تێکنان و وەڕێ کەوتنی لەشکر دەچێ.

٩٩- قوڕیچای یان قووریچای ناوی شوێنە؛ لە تورکیدا مانای چۆمی ئیشکارۆ دەدا. زۆر ڕووباری ویشکارۆ لە ئازەربایجاندا بەو ناوە هەن، یەکیان ئەوەی شووشەوانی عەجەبشێرە کە دەکەوێتە سەر ڕێی لەشکرکێشی شاعەباس.

١٠٠- «لە سان دان» واتا ڕیز کردن بە مەبەستی دیدار و بردنە سەری ورە. ئەوە ئیدیۆمێکی لەشکرییە.

١٠١- «زەنگان» ناوی پێشووی شاری «زەنجان» ە و ناوەندی پارێزگایەکی تورکنشینی هەر بەو ناوەیە لە سەر ڕێگای تەورێز - تاران. پارێزگای زەنجان دراوسێی بەشێک لە کوردستانە بە لای ڕۆژهەڵاتەوە. ئاڵوگۆڕی «گ» بە «ج» دەگەڕێتەوە سەر شوێنی زمانی عەرەبی لە سەر زمانە ئێرانییەکان.

١٠٢- شاری تەورێز ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتە و

ئەو شارە تورکنشینە یەکێک لە گرینگترین شارەکانی ئێرانە کە شوێنی ڕاستەوخۆی لە سەر باری ئابووری و سیاسی کوردستان، بەتایبەت موکریان، هەبووە.

١٠٣- مانای ڕستە: «هەموو سواری حدوودن. وێشدەچێ مەبەست ئەوە بێ کە ڕەوڕەوە و کالیسکەکان بە ئەسپی حدوود دەکێشران.

١٠٤- لێم ڕوون نییە مەبەستی ئەم ڕستەیە لە «محاڵ» هەمان ناوچەی نێوان بۆکان و مەهابادە کە ئێستا بە «محاڵی ئاختاچی» ناوی دەرکردووە یان نا مەبەستی ئەو ڕوانینە تورکییەیە کە بە دەوروبەری میاندواو دەکوترێ کە ئەودەم تا نزیک مەراغە کوردنشین بووە. دوای ڕووخانی قەڵای دمدم و دوای کوشتنی نزیک ١٥٠ کەس لە سەرانی موکری، شاعەباس دانیشتووانی قەڵای گاودۆڵی نزیک مەراغە قەتڵیعام کرد کە ناوەندی دەسەڵاتی موکرییەکان بوو. ئەو قەتڵیعامە بە «موکریقڕان» بەناوبانگە.

١٠٥- سندووس دەشتێکی پڕ پیت و بەرەکەتە، کەوتۆتە نێوان مەهاباد و شنۆ. شاری نەغەدە لەو دەشتە هەڵکەوتووە و چۆمی گادەر بە نێوەڕاستیدا تێدەپەڕێ. ئێستا کورد و تورکی قەرەپاپاق تێیدا دەژین. داستانی هاتنی ئەو تورکانە دەگەڕێتەوە زەمانی عەباسمیرزای قاجار و گرژییەکانی نێوان ئێران و ڕووس. بە فەرمانی عەباسمیرزا ساڵی ١٢٣٧ی کۆچی/ ١١٥٦ی هەتاوی/ ١٧٧٧ی زایینی ئەو قەرەپاپاقانە لە ئێرەوانەوە هێنرانە سندووس و تێیدا نیشتەجێ کران. (سەرچاوە: ایل قاراپاپاق، مهدی رضوی). بڕوانە پ. ٨٩.

١٠٦- بناو ئێستا شارێکی تورکنشینە لە سەر ڕێگای مەهاباد – تەورێز. پێویستە بگوترێ بەیتبێژ بە تەرتیب باسی شار بە شاری سەر ڕێگای ئەو سەفەرەی لەشکری نەکردووە کە هاتۆتە سەر قەڵای دمدم.

١٠٧- «میاندواو» ناوی پێشتری حکوومییەکەی «مەرحەمەتئاباد» بوو. ئێستا تورکنشینە و گوندەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ئەو شارە هەموو کوردن. ئەو شارە نزیک ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر هەموو

کورد بوون و تەنانەت تا شەڕی یەکەمی جیهانی هەر بە دەست کوردانەوە بووە. ئێستا نزیکترین شاری تورکنشینە بە مەهاباد.
بە وتەی عومەرئاغای عەلییار ناوە کوردییەکەی نێوئاوان بووە و ئێستا بە یەکجاری لە بیر چۆتەوە.

١٠٨- مانای ڕستە «کەس ئاگای لە کەس نییە.» سۆراغ کردن یانی لە کەسێک پرسین و ئاگاداری لێ پەیدا کردن: «فلانی ئەسپەکەم دزراوە؛ سۆراغێکم بۆ بکە.»

١٠٩- مەراغە شارێکی تورکنشینی ئازەربایجانە، پێتەختی هەلاکۆی مەغوول بووە. پێوەندییەکی مێژوویی لە نێوان مەراغە و موکریاندا هەبووە.

١١٠- دەشتی شنۆ کە شاری شنۆ لە جەمسەری ڕۆژاوای ئەودا هەڵکەوتووە، دەکەوێتە نێوان دەشتەکانی سندووس و لاجان و دەشتەبێڵ. بڕوانە پ. ٨٩.

١١١- خوریشۆ: گەڵی خوریشۆ لە نێوان گردکاشان و ئیسلاملییان لە ١٠ کیلۆمیتری جادەی شنۆ بە ورمێ هەڵکەوتووە لە دەڕەی قاسملوودا.

١١٢- ئایا ڕەنگی شین کە بۆ پاتۆڵی شەڕکەرانی سەفەوی بەکار هاتووە مانایەکی تایبەتی هەیە و نمادێکە؟

١١٣- واتا خانان ئامادەی شەڕن. «مەیدانی» وێدەچێ مانای شەڕانیش بدا.

١١٤- شوبهاندنی هێرش بردن بۆ سەر قەلا بە ڕۆژی قیامەت، گەورەیی ڕووداو و حەشیمەتی زۆری هێرشکەران دەگەیەنێ. حەشر و ڕۆژی هەستانەوە بە پێی ڕوانینی ئیسلامەتی لە دەشتی شام بەڕێوە دەچێ.

١١٥- ئەو ڕستە و دوو ڕستەی دواتری شێوە دەربڕینێکە کەموێنە بۆ بەیانی ڕووداوێکی تاڵ لە شەڕێکی نابەرانبەردا. بیست هەزار «مەمەدکشی» و سی هەزار «حەسەنالی» و لەوانەش زیاتر «ئەڵڵاوێردی» جیا لە نیشاندانی زۆر و زەوەندی لەشکری سەفەوییە بۆ شەڕی قەلای دمدم، جیاوازییەکی نژادی و مەزەبیش

دەگەیەنێ. «کشی» لە تورکیدا مانای «پیاو» دەدا؛ مەمەدکشی یانی محەمەدکشی، حەسەنالی یانی حەسەن‌عەلی، ئەڵڵاوێردی یانی خوداداد، هەر سێی ئەو ناوانە لە نێو ترکان‌دا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بەیتبێژ دەیەوێ بڵێ ئەوە لەشکر زۆر و زەوەندە هەمووی تورک بوون. سەرەڕای ئەو دژواری و مەترسییە، جۆتێ خانان مەیدانینە.

١١٦- دەشتەبێڵ دەکەوێتە ڕۆژاوای قەڵای دمدم و هەر ئێستا دانیشتووانی سەرجەم گوندەکانی ئەو دەشتە کوردی هەرکین.

١١٧- مانای ڕستە: «خەڵکێکی زۆرت هاتوونە سەر.» ئیدیۆمی «عالەم بۆ بزووتن» بۆ کردەوەی بە گەلەکۆیی بە کار دێ کە بیانەوێ کارێک بکەن.

١١٨- بێژەر خانی لەپزێرینە. ئەم گوتەیە تەواو ناڕێکە لەگەڵ ئەوەی خان بە هیوای هیمداد و یارمەتی عوسمانییەکان ویستبی لەگەڵ سەفەوییەکان بەشەڕ بێ.

١١٩- سەفەوییەکان بۆ هێنانە سەر کاری مەزەبی شیعە لە ئێراندا هەرچی لە دەستیان هات کردیان و توانیان بە زەبری شیر ئێران وە سەر ئەو مەزەبە داگێڕن. لەو نێوەدا کوردستان جیا لە گێرە و کێشەی پاراستنی ئەمارەتە کوردنشینەکان، گرفتی پاراستنی مەزەبی سوننیشی کەوتە سەر شان. هەر بۆیە قین و بوغزی سەفەوییەکان لە ئاست کوردان دووقات بۆوە، هەمی بۆ سەر پێ شۆڕ کردنی قەومی و هەمی بۆ داسەپاندنی مەزەبی تازە.

١٢٠- چل کەوان: بۆ شوێنی خۆ هەڵداشتنی ژنانی قەڵا سێ ناو لە بەیتەکاندا هاتوون: چل کەوان، پێنج سەد کەوان و شمشێرخان. ئەوەی لە هەمووان ئاشکراترە بەردی شمشێرخانە؛ کەوتۆتە ڕەوەزی زۆر ڕژدی باشووری قەڵا. ئێستا هەتا تەختانی عەرز سی چل گەز قووڵە و بە گوتەی جەماوەر ژنەکان لەو شوێنەوە خۆیان هەڵداشتووە.

سەبارەت بە وشەی شمشێرخان ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٢٤ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە

ڕنگە شوێنی پاراستنی شمشێری قەڵا لەو شوێنە بووبێ.

بۆچوونەکەی ئۆسکار مان وێدەچێ ڕاست بێ؛ شمشێرخان لە دوو وشەی شمشێر و خان دروست کرابێ. لە زمانی کوردیدا هاوچەشنی ئەو وشەیەمان هەیە: دیوەخان، گەلەخان، یەختەرمەخان، تەویلەخان و.... لەو وشانەدا خان بە مانای دیو و خانە هاتووە.

١٢١- هەندێ جار لەو وشانەی کە دەبنە سەروا (قافیە)، پیتی دەنگبزوێنی درێژی «ا» لەگەڵ پیتی دەنگبزوێنی کورتی «ە» بەرانبەر دادەنرێ، هەروەک لەو دوو لابەیتەدا «سەردا» لەگەڵ «بەردە» کراونە قافیە. ئەم دیاردیە لە ئەدەبی کلاسیکیشماندا وە بەر چاو دێ.

١٢٢- واتا لەشکر ئەوەندە زۆر بوو هەموو دەوروبەری قەڵای داپۆشیبوو. لە دوو ڕستەی دواییدا وا دەردەکەوێ لەشکر کاتی ڕۆژاوا دەگاتە دمدم و قەڵا گەمارۆ دەدا.

١٢٣- مانای ڕستە: ١- لەو هەموو خێوەتە سپییە ڕاما. ٢- لەو هەموو خێوەتە سپییە سەری سوڕما.

١٢٤- مانای ڕستە: «بە پەلە چووە لای خان.» چەپەر واتا چاپار، هەواڵبەر، نامەبەر، قاسید. لەم ڕستەیەدا «چەپەر» مانای «خێرا» دەدا. لێرەدا ئیتر چەپەر «ناو» نییە و دەوری «قەید/ ئاواڵکردار» لە ڕستەدا دەگێڕێ.

١٢٥- مانای ڕستە: خێوەتەکان سەف بە سەف هەڵدراون.

١٢٦- مانای ڕستە: بە لای خانانەوە گرینگ نییە.

١٢٧- یەکێک لە گرفتەکانی ئەو لێکۆڵینەوە و پەراوێزانە ناوی شەڕوانان و قارەمانانی قەڵای دمدمە کە هیچ زانیارییەک لە بارەی ئەوان لە دەستدا نییە. دەبێ خۆمان بە قەرزداری بەیت و بەیتبێژان بزانین کە لانیکەم ناوی ئەو لە خۆبوردوویانەیان بۆ پاراستووین.

بۆ قەرەبەگ هەر ئەوەندە دەزانین گەردی بووە و بەس. ناچارین لەو جۆرە پەراوێزانەدا هەر بەمە ئاماژە بکەین کە یەکێک لە فەرماندەران و شەڕوانانی قەڵای دمدم بووە. دەنا دەبێ پەنا

بەرینە بەر بەڵگەی دوژمـن لە کتێبی عالەمئارای عەباسیدا:... قەرابەگ ناوێک کە وەکیلی ئەمیرخانی بوو، پاسەوانی لەو بورجەی دەکرد[واتا بورجی گەورە]. کەرێزەکەنەکان چەند ڕۆژ کاریان کرد و ئەو دارانەیان ئاگر تێبەردا کە بۆ قایمی دە نێو چینەی دیواریان کێشابوون. ئەو دارانە سووتان، دیوارەکە هەرەسی هێنا و زگیدا و نیوەرۆیەک کە کارگەرەکان خەریکی نان خواردن بوون، لایەکی بورجەکە بزووت و تێکڕووخا و دەستەیەک لە پاسەوانەکان دەگەڵ خاکوخۆڵ بۆ نێو دۆڵەکە جاڵە بوونەوە. کە ئەوە ڕووی دا، جەنابی وەزیر بە حەسەنخانی دەستوور فەرموو کە ئیتر چ وەختی ڕاوەستانە، هێرش بۆ بورجەکە بەرن. حەسەنخان فەرمانی هێرشیدا. هەوەڵ کەسێکی پێی لە سەر بورجەکە دانا و تفەنگی لە قەرابەگدا و سەری بڕی و هێنایەوە، پاڵەوان محەمەد ناوێک بوو لە تفەنگچییەکانی خۆزاتی ئیسفەهانی... (تۆحفەی موزەففەرییە، ل ٥٠)

١٢٨- یەکێک لە فەرماندەران و شەڕوانانی قەڵای دمدم.

١٢٩- یەکێک لە فەرماندەران و شەڕوانانی قەڵای دمدم.

١٣٠- سێ برای شەڕوانی خەڵکی کانیڕەش. گوندێک بە ناوی «کانیڕەش» لە ناوچەی مەنگوڕانی مەهاباد هەیە؛ نازانم مەبەست ئەو گوندەیە یان نا.

١٣١- ئەودەم هەر کاروانێک کە بە ناوچەیەکدا دەگوزەرا دەبایە باجی دابا، بە پێی ئەو وتە بۆ هەر ئادەمیزادێک عەباسییەک و بۆ هەر ئاژەڵێک شاییەک دراوە. عەبباسی واحیدی پارەی ئەودەم بووە؛ کە بە ناوی شاعەباسی یەکەم کراوە. لە سەدەی بیستدا هەر ٢٠ شایی قرانێک بوو. عەبباسی ٤ شایی بووە. لە سەردەمی سەفەوییەدا ٥٠ عەباسی تمەنێک بووە و لە سەردەمی قاجاردا ٤ شایی ١ عەباسی بووە.

١٣٢- دیسان وشەی شین وەک سیفەت دراوەتە پاڵ عەجەم. جێی لێ ڕامانە.

١٣٣- مانای ڕستە: «کوردی کێوی چی هەیە بۆ گوتن؟». سنووری

کوردستان بەر لە دەورەی سەفەوییە زۆر لە حاڵەتی ئێستا بەربڵاوتر بووە و تەنانەت سەردەمانێک تا تەورێز حوکمداری کردووە. هاتنی تورکان لە سەدەی حەوتەوە بۆ ئێران، بەتایبەت بۆ ئازەربایجان، گوشاری خستە سەر کوردان و ئەوانی لە دەشتان بەرەو کێوەکان پاڵ پێوەنا. بۆ نموونە هەر لە دەورەی سەفەوییە کە موکریقڕانی لێکەوتەوە، سەیفەددین موکری ناوەندی دەسەڵاتداری خۆی لە دەشتی شارویران گواستەوە بۆ شوێنی مەهابادی ئێستا، تەنیا بەو هۆیە کە هەر چوار دەوری کێو بوو و پاراستنی هاسانتر. دوژمنان سیفەتی نیسبی «کێوی» یان بۆ کوردان بەو مەبەستە بە کار دەهێنا کە دوورن لە کردەوەی ئەقڵانی و شارستانییەتی سەردەم. دانی سیفەتی «تورکی کێوی» بە کوردەکان لە تورکیا لەو بۆچوونە بە دوور نییە.

١٣٤- مانای ڕستە: لەشکری پاشای ئێران ئەوەندە زۆرە نایەتە ئەژمار.

١٣٥- مانای ڕستە: هاتووە قەڵای دمدم بگرێ.

١٣٦- مانای ڕستە: بۆ سەرکەوتن یارمەتیم بدا.

١٣٧- مانای ڕستە: «منی بە کاروانی دانـاوە!» واتا خان هاتنی ئەو لەشکرەی بە لاوە گرینگ نییە.

١٣٨- یەکێک لە فەرماندەران و شەڕوانای قەڵای دمدم.

١٣٩- ئەو شێوە دارشتەی ڕستە لە زمانی کوردیدا بۆ بەرجەستە کردنی پتری فاعل بە کار دێ.

١٤٠- مانای ڕستە: لە چوار لاوە لە دەوری کۆ بوونەوە، چوار دەوریان دا»

١٤١- ئایا مەبەست ڕووخانی خانووەکانی نێو قەڵایە کە بۆریە و ئالاشی قامیش بووە؟

١٤٢- بۆم نەچووە سەر یەک مەبەست لە مەتاڵی بە ڕیشە چییە! بڵێی ڕیشوویان بە دەوری جۆرە مەتاڵێکەوە هەڵبەستبێ؟ ئەگەر ئەم بۆچوونەم ڕاست بێ، پێویستە ئاوڕ دانەوەیەکمان لەمەڕ ڕیشوو هەبێ. ڕیشوو دەورێکی بەرچاوی لە ڕازاندنەوەی جلوبەرگ و دەستکرد و ئامرازی تایبەتی ئینسان و ئاژەڵ لە کولتووری کوردیدا

هەبووە. ڕیشووی پێچ و شەدە بۆ پیاوان و هەروەها ڕیشووی دەسرە و لێچکە و کۆڵوانە و گێلگێلە بۆ ژنان لەو قوماشەن. ئەو سەرەوسەری بەرماڵ و پۆپەشمین و جاجم و بەڕە و فەڕشیش ڕشوویان هەیە. تەنانەت جارجار بن و لێوی جەواڵ و خورجێن ڕیشوویان وێدەخرا.

١٤٣- مانای ڕستە: لە خێوەت چووە ژوور. «پیاو بوون» لێرەدا بە مانای دابەزینە.

١٤٤- ئەم ڕستە و چەند ڕستە سەرووتر جۆرێ خۆ هەڵکێشان و ورەی دوژمن دابەزاندنە؛ لە زمانی حیماسی فارسیدا بە «ڕەجەزخوانی» ناوی دەرکردووە. مانای ڕستە: تۆ بە لامەوە لە سەگ کەمتری.

١٤٥- هۆزان گوندێکە لە ڕۆژاوای قەڵا هەڵکەوتووە؛ لەو بەر چۆمی باراندێز ڕووبەڕووی گوندی کووکە. مەبەست لەم ڕستە تۆپبارانی خەست و توندە.

١٤٦- ئایا بڵێی مەبەست لە «کاشیش» هەمان «کەشیش» واتا قەشە بێ؟ یانی تۆپێکی کەشیش سازی کردووە یان ناوی کەشیشە.

١٤٧- «باڵانیش» ئێستا شارەدێیەکە لە بناری باکووری قەڵای دمدم.

١٤٨- «کووکە» یان «کۆکە» گوندێکە لە بناری ڕۆژاوای قەڵای دمدم.

لە بارەی ڕستەی سەروو واتا «لێی دەن بە تۆپی کەڵەیە» ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٣٠ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە میرزا جەواد دەڵێ تۆپی کەڵە تۆپێکە مسوڵمانێک بە شمشیر دەمی کەت کردووە.

ئەوە یەکێک لەو بۆچوونانەیە کە سەری لە ئۆسکار مان شێواندووە. مانای مەجازی وشەی «کەڵە» واتا زەلام و گەورە. بەو پێیە ڕستە دەبێتە: لێی دەن بە تۆپی گەورە. لە ڕستەی سەرووتردا وشەی «دەبە» ش مانای زل دەدا.

١٤٩- یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵای دمدم. بڕوانە پ. ١٢٧.

١٥٠- مانای ڕستە: خانئاودەل شەمزا و نیگەران بوو. لە باری زمانییەوە غەملێن باری مانایی پۆزتیڤی هەیە کەچی لێرەدا بۆ نیگەرانی و تەنانەت ترسان بە کار هاتووە.

١٥١- ئایا عەبدالْبەگ چۆپە بووە؟ ئەوانەی چۆپەن، واتا بە دەستی چەپ کار دەکەن، ئەنگێوەن. نازناوی چۆپ یا چۆپە یان چەپ لە کوردەواریدا هەر ئێستا بە سەر هەندێ بنەماڵەدا براوە و بەوە دەناسرێن. مانای ڕستە: عەبدالْبەگی چۆپە لە نێو شەڕکەرانی دوژمـندا یاغی بـووە و خـۆی لە نێو هاویشتوون بۆ شەڕی یەکتەنی.

١٥٢- وا وێدەچێ هەر جارە فەرماندەیەک بە خۆی و جەنگاوەرانیەوە لە قەڵا هاتۆتە دەر و خۆیان بە دوژمن داداوە. مانای ڕستە ئەوە دەگەیەنێ بە دوای عەبدالْبەگدا ئەحمەدی زێباری ئەو کارەی کردووە. ناوەکانی وەک حەکاری و زێباری و گەردی و... ئەوە دەگەیەنێ کە زۆربەی تایفە و عەشیرەکانی کورد لەو شەڕەدا یارمەتی خانی لەپزێرینییان داوە.

١٥٣- شێخ مووس یەکێ لە جەنگاوەرانی قـەڵای دمـدم. چاکی شێخ مووس لە گوندی «سیاوانێ»ی دەشتەبێلە؛ لە دەرەی قاسملوو، لە سەر ڕێگای شنۆ - ورمێ

١٥٤- سەنعەتی ئەدەبی «تەشخیس» لەو ڕستەدا بە کار هاتووە.

١٥٥- واتا لە نێو هەزار کەس خدری برینداریان وەک قاسید هەڵبژارد هەتا سوار بێ و بچێتە لای خونکار بۆ یارمەتی.

١٥٦- ئەو یەک دوو ڕستەیە ڕێگەی قەڵا بەرەو هەولێر نیشان دەدا: قەڵا، شنۆ، لاجان، زینوێ شێخی، باڵەکایەتی، ڕەواندز، هەولێر، شانەدێر. دوای حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئاژۆتن چوونە ئەستەمبووڵ.

١٥٧- مەبەست ئەوەیە چووە ناوەندێکی حکوومی عوسمانی.

١٥٨- شانەدێر، شانەدەر. ئەوەی لەو دەقەدا پێوەندی بە «شانەدەر» هەیە ئەوەیە کە خدری بریندار قاسیدی قەڵای دمدم کە دەچێ بۆ هیمداد و یارمەتی وەرگرتن لە عوسمانییەکان و لە سەر ڕێگای خۆیدا بەو شوێنەدا ڕادەبرێ.

بـە هـۆی گرینگی «شـانـەدەر» لـە مـێژوو و ژیـانـی کـورددا پێویستە ئاوڕێکی لێ بدەینەوە. بۆ ئەم مەبەستە بەرگی دووەمی ئینسکلۆپیدیای هەولێر هەڵدەدەینەوە و پوختەیەک لە سەر ئەم

ناوە گرینگە دێنینەوە:

... شوێنەواری شانەدەر دەکەوێتە قەزای مێرگەسوور. ١٦٢ کیلۆمیتر لە پارێزگای هەولێر و ٤٣ کیلۆمیتر لە شارۆچکەی خەلیفانەوە دوورە. شانەدەر مەزنترین و کۆنترین ئەشکەوتی ناوچەکەیە و کەوتۆتە خوارووی چیای برادۆست لە نزیک زێی گەورە... لە ساڵی ١٩٥١ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتی عێراقی بە ماوەیەکی کەم ئەو ئەشکەوتە دۆزرایەوە. پاشان ڕێگە درا بە «ڕالف سولیکی» بە نوێنەرایەتی زانکۆی میشیگانی ئەمریکی و بە نوێنەرایەتی پەیمانگای سمسونی ئەمریکی لێکۆڵینەوەی تێدا بکات... لە چینی d لە قووڵایی ئاستەکانی چینێکی ئەستوور دەرکەوت و ئەستوورییەکەی بە نزیکەی ٢٩ پێ خەملێندرا (لە پاش ماوە)، مێژووەکەی بە ٤٥ – ٧٠ هەزار ساڵ خەملێندراوە. شوێنەواری ئەم چینە بۆ سەردەمی بەردینی کۆنی ناوەڕاست لە خولی موستیریدا دەگەڕێتەوە. لەو چینەدا پەیکەری ئێسکی مرۆڤی نیاندرتاڵ دۆزراوەتەوە، کە جیاوازە لەگەڵ جۆری مرۆڤی نوێ کە بە هۆی مۆساپێنس ناسراوە؛ واتا مرۆڤی ئاقڵ...

١٥٩– وەختان وەخت یانی بیستوچوار سەعات؛ بۆ وێنە لەو بەیانەوە تا سبەی بەیانی. مانای ڕستە: حەوت شەو و ڕۆژی تەواو ڕێگەی بڕی.

١٦٠– واتا زێڕی لە لا بێبایەخە. وا وێدەچێ بۆ چوونە ژووری بارگای سوڵتان بەرتیلی داوە.

١٦١– سوڵتان سەلیم: لەم دەقەدا ئەو باسە دێتە گۆڕ کە هاوکات لەگەڵ ڕووداوی قەڵای دمدم واتا ساڵی ١٠١٨ی کۆچی ئیمپراتۆری عوسمانی بە دەست سوڵتان سەلیم بووە؛ دیارە مەبەست سوڵتان سەلیمی دووەمە. بۆ ڕوون بوونەوەی مەبەست و ئەوەی کە زانیاری نێو دەقەکان لەم بارە چەندە لەگەڵ بەڵگە مێژووییەکان یەک دەگرنەوە، بەرگی سێی تاریخی عوسمانیمان هەڵداوە و لە سوڵتان سەلیم و جێگرەکانی گەڕاین:

سوڵتان سەلیمی دووەم کوڕی سوڵتان سولەیمانی قانوونییە و

ساڵی ۹۳۰ی کۆچی (نیسانی ۱۵۲٤ز.) هاتۆیە دنیا. لە چلوچوار ساڵیدا بووە بە حوکمرانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی. ۱۸ی شەعبانی ۹۸۲ی کۆچی (۱۵۷٤ز.) مردووە.

مرادی سێیەم: ساڵی ۹۵۳ی کۆچی (۱۵٤٦ز.) هاتە دنیا. بە دوای مردنی باوکی واتا سوڵتان سەلیم، چووەتە سەر تەخت و بیستویەک ساڵی سەڵتەنەت کرد. ساڵی ۱۰۰۳ی کۆچی (۱۵۹۵ز.) مردووە.

سوڵتان محەمەدی سێیەم: کوڕە گەورەی سوڵتان مراد ساڵی ۱۰۰۳ی کۆچی جێنشینی بابی بوو. ساڵی ۱۰۱۲ی کۆچی (۱٦۰۳ز.) مردووە.

سوڵتان ئەحمەدی ئەوەڵ: لە چاردە ساڵی بووە بە حوکمران و چاردە ساڵیشی حکوومەت کردووە؛ واتە لە ساڵی ۱٦۰۳ هەتا ۱٦۱۷ی زایینی. ساڵی ۱۰۲٦ی کۆچی (۱٦۱۷ز.) لە تەمەنی بیستوهەشت ساڵیدا مردووە.

بە پێی ئەو زانیارییەی تاریخی عوسمانی، کارەساتی قەڵای دمدم لە دەورانی سەڵتەنەتی ئەو سوڵتانە، واتا ئەحمەدی ئەوەڵ، ڕووی داوە. شەڕی قەڵای دمدم لە ٥ی دیسامبری ۱٦۰۸(بە پێی پەراوێزی شەرەفنامە، ل ٥٥٤) ۲٦ی شەعبانی ۱۰۱۷ی کۆچی (بە پێی کتێبی عالەمئارای عەبباسی) دەستی پێکردووە کە دەبێتە ۹۸۷/۹/۱٤ی هەتاوی. عالەمئارا کۆتایی ئەو شەڕە و گیرانی قەڵای ۱۰۱۸ی کۆچی نووسیوە. شەڕەکە ساڵێکی کێشاوە. مینۆڕسکی گرتنی قەڵای دمدم بە ساڵی ۱۰۱۹ی کۆچی (۱٦۱۰ز) دەزانێ.

خاڵی جێی سەرنجی ئەم بەشە وێکچوونی دەسەڵاتی وەزیر لە نێو دەقەکانی دمدم و بەڵگەکانی تاریخی عوسمانییە. دیارە لە پاشایەتی منداڵێکی چاردە ساڵەدا ئەوە دەوروبەرن بڕیاری بۆ دەدەن. لە گوتەکانی خدری بریندار، قاسیدی خانی لەپزێرین، ئەوە بە ڕوونی دیارە کە وەزیر دژایەتی ناردنی یارمەتی بۆ گەمارۆدراوانی قەڵا دەکا. (تاریخ عثمانی، اسماعیل حقی اوزون چارشیلی)

١٦٢- ئایا مەبەست لە وەزیر، ڕاوێژکار یا حاکمی عوسمانی بۆ کوردستان و ئەو بەشە لە خاکی عوسمانی بووە کە ئەمڕۆ ئێراقی پێدەڵێن؟
١٦٣- مانای ڕستە: وەزیر تێدەکۆشێ.... بڵێی وشەی غەبات هەمان خەبات بێ؟ دیارە ئەگەر خەبات بێ، شێوەیەکی نوێی بە کار هێنانیەتی؛ ئەویش بە باری سەلبیدا. بێت و لە وشەی «غبطە»ی عەرەبییەوە هاتبێ، مانای ڕستە دەبێتە وەزیر ئێرەیی دەبا.
١٦٤- واتا سوڵتان سەلیم لەوە حاڵی بوو کە وەزیر لەگەڵ خان ڕاست نییە و دەیەوێ یارمەتییان نەدرێ. بڕوانە پ. ١٦١.
١٦٥- «خۆ گرتن» واتا بە دزی گوێ بۆ قسەی کەسێک یا کەسانێک ڕاگرتن.
١٦٦- مانای ڕستە: بێگومان موسڵمان نییە. لە ناوچەی موکریاندا هەندێ جار وشەی موسڵمان بە شێوەی مسوڵمان، پوسڵمان، پوسوڵمان دێتە گۆ.
١٦٧- یەکێک لەو ڕستانەی لە نووسراوە مێژووییەکان و چیرۆک و ئەفسانە و بابەتی فۆلکلۆری لە پێوەند لەگەڵ پادشایان دەبینرێ، تێخوڕین لە جەللادانە بۆ لە سەر دانی کەسێک یان کەسانێک؛ بێ ئەوە محاکمە یا پرسینەوەیەک لە گۆڕێدا بێ. بڕیار لەو جۆرە جێگایانەدا بە ڕادەی قەڵسی و توورەیی بڕیاردەر دەبەسرایەوە. لە سەردان واتا سەر بڕین، یەکێک لە ترسێنەرترین شێوەکانی کوشتن بوو. دەڵێن ئەودەمەی «گیۆتین» یان ساز کرد، زۆر کەس دوعای بەخێریان بۆ سازندەکەی نارد کە لەمەو بە دوا سەر بەبێ ئازار لە قەڵای بەدەن جوێ دەبێتەوە.
١٦٨- دیارە ئەمە دوورە لە ڕاستی. هەر پێشتر باس کرا خەیاڵی بەرزەفڕی بەیتبێژ جێجێ بەرگی ڕاستی دەپۆشێتە بەر ئاوات و ئارەزووەکان و وەک بەڵگەی باوەڕپێکراوی مێژوویی ناشێ لێی بڕوانی.
١٦٩- وشەی «نادر» وەک سیفەت لە بەیتەکاندا زۆر دەخرێتە پاڵ ناوی قارەمانان و هەندێ لە کەسایەتییەکان. ئەو وشە تەنانەت لە ئاخاوتنی خەڵکدا هەتا ئەو دوایانە هەر مابوو. وەک «ناو»

کەلک وەرگرتن لەو وشەیە بۆ کوڕان هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەو بایەخەی وشەی نادر لە نێو زمانە ئێرانییەکاندا هەیەتی؛ کوردیش یەکێک لەوان. نادر واتا: شتێکی کەم دەست دەکەوێ، شتێکی پڕ بایەخ، ڕۆڵەی زەمانی خۆی، شاز، هەڵبژاردە و...

ماناى ڕستە: «خدر پیاوێکی لێهاتوو و کەموێنەیە». پێوە لکاندنی «م»ی موزافونئەلەیە بە خدر و ساز کردنی ڕستەی خدرم مەردی نادری» لە باری زمانییەوە جێی لێ ورد بوونەوەیە.

١٧٠- «خەو بە سەردا بارین» واتا «خەو بە سەردا هاتن». کەلک وەرگرتن لە «بارین» بۆ خەو ئەمڕۆ بە «ئاشنایی سڕینەوە» تەعبیر دەکرێ. دیارە مەبەست لەو ئاڵوگۆڕ کردنەی کردار، واتا بارین بە جێی هاتن« بۆ نیشاندانی زێدەڕۆیی پتری خەوی خدر بە کار هاتووە هەتا بەستێن بۆ دزینی نامە و پێنەزانینی ئەو ئامادە بکرێ.

١٧١- خەزایی واتا جەنگاوری ڕێگای دین.

١٧٢- ئەحمەدبەگی لێتان یان حەمەدبەگی لێتان: لە نێو بەیتەکانی کوردی دوو کەس لە بەدناوی‌دا بەناوبانگ‌ترینن؛ ئەحمەدبەگی لێتان (ئەحمەدخان) لە قەڵای دمدم و بەکرە شۆفار لە مەم و زین‌دا. شۆفاری بەکر دەخەینە پەراوێزی مەم و زینەوە. بە پێی ئەو دەقانەی لە بەیتی دمدمی موکریاندا ماونەوە، ئەحمەدبەگ فەرماندەیەکی بە قەدر و قوتب بوو لە لای خانی لەپزێرین. ناڵی ئەسپی زێڕ بووە. هۆی خەیانەتی ئەو دوو ڕووبەری هەیە: یەکەم حەسوودی و خۆ بە زل زانین و بە دڵ لەگەڵ خان نەبوون. دووەم؛ ترس لە شکان و حیسابگەرانە پاکانە بۆ خۆ کردن لە لای حکوومەت. خاڵی هاوبەش و جێی سەرنجی چارەنووسی ئەحمەدبەگ و بەکرە شۆفار، شێوەی کوژرانیانە. بەکر بە دەست برای زین دەکوژرێ سەرەڕای ئەوەی جاسووسی و شۆفاری بۆ کردبوو. ئەحمەدبەگ دوای ئاشکرا کردنی سەرینچاوەی ئاوی قەڵا، هەر بە دەستی سپای شاعەباس لە زاری تۆپ دەبەسترێ و دیواری قەڵای دمدمی پێ دەڕەنگێنن. وێدەچی لە ئەساسدا

مەرگی ئەو دووە هەر وا نەبووبێ، بەڵام بەیتبێژ ڕوون کردنەوەی ئاکامی خەیانەت و سەرنویشتی خەیانەتکارانی بە لاوە گرینگە؛ چونکە دەزانێ خەیانەت ئاکارێکی قێزەونە لە نێو جەماوەری کوردەواریدا. لە سەردەمی نوێدا خەیانەتی سیاسی وشەی جاشی و جاشایەتی بۆ ساز بوو. ئێستا ئەم وشەیە لە ڕیزی مەنفیترین وشەکانی کوردییە.

مێژووی خەیانەت لە نێو کورداندا مێژوویەکی دووروردرێژە. بە ڕێژەی تەواوی شکانەکانی کورد، بگرە زیاتریش، باسی خەیانەت و خەیانەتکاری و سیخوڕی دەبینرێ. ئەو شێوە ئاکارە، واتا خەیانەت هەر وە نەبێ تایبەتی کوردان بێ، بەڵام کاتێ ئاکامەکانی دەخەینە چوارچێوەی هەڵسوکەوتەکانی چەندین سەدەی گەلێک، بەتایبەت ئەودەمەی لە هۆی سەرنەکەوتنەکان دەگەڕێی، کردەوەی خەیانەت زۆر سەیر بەرجەستە دەبێتەوە.

وشە و ئیدیۆم و عیباڕاتی وەک: خەیانەتکار، غەیان، خایین، سیخوڕ، خەنجەر لە پشت دان، هۆرە، جاش، شۆفار و... بەشێک لەو هەڵوێستە زمانییەن کە کردەوەی خەیانەت هێناویەتە نێو قامووس و ئاخاوتنی کوردان.

١٧٣- سوولەخانە واتا سەرچاوەی ئاو. لە تێکستە مێژووییەکاندا بە دوو وشەی «سولوق» و «بوزلوق» ئاماژە کراوە. هەر دوو وشە تورکین. یەکەمیان بە مانای «ئاوی» و دووەمییان بە مانای «سەهۆڵی». وشە و عیبارەتی حکوومی و سەربازی بە هۆی حکومداریی تورکان لە ئێراندا خزاونەتە نێو زمانەکانی دراوسێش. ئەم دوو وشەیە لەو شوێندانانە بە دەر نین. بڕوانە پ.٥١٣.

١٧٤ - بێژەر ئەحمەدبەگی لێتان و بە گوێرەی هەندێ دەق حەمەبەگی لێتانە و لە لای گەمارۆدەرانی قەڵا خۆ هەڵدەکێشی و دەڵێ مانگێ هەزار قڕانم مووچە بوو، شیری نێو کالانم دەبان بوو، خەنجەرم دەسکردی کرمان و... ئەوانەم هەموو لە قەڵادا جێ هێشتووە و هاتووم خزمەتی پادشا دەکەم.

١٧٥- سەرەڕای ئەو خەیانەتەی ئەحمەدبەگ، پادشا تانە لە کوردان دەدا

و دەڵێ کورد بۆ هیچ نابن و جێی بەقایە نین. تەواو ڕوانگە و نیگای ئەو جۆرە تورکانە دەتوانی لەو پەندە تورکییەدا بدۆزییەوە: «ئاغاشدان ماشە ئۆڵماز، کوردتان پاشا چیغماز« واتا» نە دار بۆ ماشەی سکڵ دەبێ و نە کورد پاشای لێ هەڵدەکەوێ. ئەو بە کەمزانینە ڕاست لەو کاتەشدا ناشاردرێتەوە کە یەکی وەک ئەحمەدبەگ بەو خەیانەتە گەورەیەی خۆی ڕێگە بۆ شکانی قەڵا خۆش دەکا!

١٧٦- مانای ڕستە: «چوار داغی بە ڕوویەوە بنێین». لە ڕابردوودا یەکێک لە شێوەکانی جەزا دان داغ کردن بووە؛ ئێستاش وەک هەڕەشە و ترساندن لە حاڵەتی تووڕەیی بە زاردا دێ، بەتایبەت بۆ منداڵ و ژن. داغ بە ڕوومەتەوە نان و ڕوخسار شەمزاندن ئازارێکی دەروونی هەتا مردنی بۆ ئەو کەسە بە دواوە دەبوو؛ هەر بۆیە دوژمنان و ناحەزان زۆر جار لە جیاتی کوشتن لەو شێوە ئازاردانە کەڵکیان وەرگرتووە.

١٧٧- چاوگی «جەڕباندن» بە مانای تاقی کردنەوە. مانای ڕستە: «تۆپی فەلەی پێ تاقی کەنەوە.» واتا لە زارکی تۆپی ببەستن و تۆپەکە ئاگر بدەن. بڕوانە پ. ٣٥٠.

١٧٨- «ڕوو ڕەش کردن» جۆرێ جەزا دان بووە؛ بەتایبەت لە نێو ژیانی عێلی و عەشیرەگەریدا کە هەموو یەکدی دەناسن جۆرێ ئابڕوو بردن و ناو زڕاندن بووە.

١٧٩- بڕوانە پ. ١٧٧.

١٨٠- مانای ڕستەم بە تەواوی بۆ ڕوون نەبۆوە. بڵێی مەبەستی ئەوە نەبێ کە بێ پارێزگا و حاشیە مابێتەوە؟ بێت و حەیش لە «عەیش»ی عەرەبییەوە بێ، مانای ڕستە دەبێتە: ئەی دمدم بۆچی بێ خۆشی و گوزەران مایەوە!؟

١٨١- مەبەست ئەوەیە ژنانی قەڵا نیگەران دەبوون. لەو ڕستەیەدا جۆرێک پارادۆکسی مانایی دەبینرێ. جەغزی مانایی «غەمڵین» لە ڕیزی وشەی پۆزتیڤدایە و بۆ جوانی و شادی و ڕازاندنەوە بە کار دێ؛ کەچی کاتێ ئامێتەی ڕەشی دەبێ مانای نیگاتیڤانە دەگرێ

و بەرەو نیگەرانی و غەم و ناخۆشی دەچێ. هەر وەها خاتوون لە بەر بێ ئاوی، چڵکن بوون و سیمایان ڕەش هەڵگەڕاوە.

١٨٢- دیارە دیاردەی دوازدە ئیمامی ماکەی بیری مەزەبی «شیعەی ئیسناعەشەری»یە و ئەوە بۆ پارێزەرانی سوننیمەزەبی قەڵا مانایەکی نییە؛ بۆیە وا وێدەچێ مەبەست لەو ڕستەیە ئەوە بێ کە هێرشکەران بە ئیشقی دوازدە ئیمام هێرشیان هێناوە.

٨٣١- لەو ڕستەیەدا دوو خاڵ وەبەرچاو دێ. یەکەم پەڕ لە سەر دانە، کە جۆرێ زاکوون و غیرەتی داوە بە جەنگاوران و ورەی بەرانبەری دادەبەزاند. دووەم بەڵگە مێژووییەکان دەڵێن کاتێ خان زانی سەرچاوەی ئاویان لێ پیس کردوون و پاراستنی قەڵا دژوارە، بڕیاری دا باشترین جەنگاورانی خۆی پڕ چەک بکا وەک دواچارە لە قەڵا بێتە دەر و ئەگەر بگونجێ ئابلۆقەی هێرشکەران بشکێنێ و دەنا پیاوانە هەموو لە مەیدانی شەڕدا بکوژرێن.

١٨٤- ئاڵی ئادەم یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵا. مام ئاڵی واتا مام عەلی. جێگۆڕکێی پیتی «ع» بە «ئـ» ڕووی داوە. مام ئاڵی بە پێی بەیت دوو جار و هەر جارەی ٣٦ کەس دەکوژێ کە دەبێتە ٧٢ کەس. ئایا ئەو ژمارەیە پێوەندی بە ٧٢ شەهیدی کەربەلا لە ڕوانگەی مەزەبی شیعەوە هەیە؟

١٨٥- مانای ڕستە: «بە زامین پارێزگاری قەڵا وە ئەستۆ دەگرم. بڕوانە پ. ٣٥٦.

١٨٦- مانای ڕستە: لە خەونیدا پێغەمبەری دی.

١٨٧- هەر کەس بیهەوێ شەڕ نەکا، لۆمەی ناکەم.

١٨٨- مانای ڕستە: «هەرچی بکوژرێ شەهیدە. شودایی دەبێ بە مانای شەهید بێ.

١٨٩- مانای ڕستە: «دەڵێن خان کێیە نەمری» واتا هەموو دەمرین.

١٩٠- بڵێی قەتارە جۆرێک چەک بووبێ یان مەبەست ڕیز بوونی جەنگاوەرانە؟

١٩١- ئایا مەبەست لە «شەمس» ڕۆژە؟ بڵێی وێنەی ڕۆژیان لە پەستەکانیان دابێ؟ بێت و وابێ نمادی ئایینی میترابیسمە.

١٩٢- ئایا مەبەست ئەوەیە ئاوریان بە دەستەوە بووە یان ڕوخساریان نوورانی بووە؟ دیارە ئەگەر مەبەست مانای دووەم بێ، دەبێ بچینە نێو باسی شەڕ و غەزا و شەهید بوون؛ چونکە یەکێک لە حاڵەتی ڕوخساری پیاوچاکان و ئیمانداران بە پێی ڕوانینی دینی ئیسلام، ڕووناکی و نوورانی بوونی ڕوخسارە. زۆر جار وشەی نوورانی وەک سیفەت کەڵکی لێ وەردەگیرێ: هاوار یا سەیدی نوورانی...

١٩٣- گەیلانی، غەوسی گەیلانی: عەبدولقادر گەیلانی سەردەستەی ڕێبازگەی قادرییە، ساڵی ٤٧١ی کۆچی/ ١٠٧٩ی زایینی لە بەغدا هاتۆتە دنیا. لە هیندوستان و پاکستان لایەنگری زۆرە. دیوانی شیعری فارسی و هەندێ نووسراوەی لە بواری فیقهـ و سۆفیایەتی هەیە. ساڵی ٥٦١ی کۆچی/ ١١٦٦ی زایینی مردووە و لە بەغدا نێژراوە.

ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٣٢ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە قەبرەکەی لە بەغدایەیە و ڕووگەیەکی بەناوبانگە.

١٩٤- حەوشار: هەوشار بە ناوچەی شاری تیکاب و دەوروبەری دەڵێن کە کەوتۆتە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. ئەو ناوچەیە گرینگییەکی تایبەتی لە مێژوودا هەبووە؛ بەتایبەت لە دەورەی ساسانییەکاندا. مێژوونووسە کوردەکان مانای ناوی حەوشار یان هەوشار دەبەنەوە سەر مەسەلەی هەبوونی حەوت شاری مێژوویی دەورەکانی مانناییی و ماد لەو ناوچەیەدا؛ کەچی تورکەکان دەیبەنەوە سەر ناوی عەشیرەی تورکی ئەفشار (افشار) کە لە دەورەی سەفەوییەدا هێنرانە ناوچە و بە زۆرەملی کوردەکانیان بەرەو شاخەکان ختە دان و بەشێک لە دەشتاییەکانیان پێ بەجێ هێشتن. واوێدەچێ هەوشار لە ڕابردوودا یەکێک لە ناوەندەکانی دروست کردنی چەکی تۆپ لە ئێراندا بووبێ. هەر ئێستا فەرشی هەوشار ناوبانگی جیهانی هەیە. بڕوانە پ. ٢٠ و ٣٤.

١٩٥- سیفەتی «گران» ئێستا لە موکریان بە تەنیا کەڵکی لێ وەرناگیرێ.

فلانی پیاوێکی گران و سەنگینە. دیارە گران و سەنگین هەر دوو بە یەک مانان.

١٩٦- مانای ڕستە و ڕستەکانی دواتر: «شیری (خانی) لە سەر هێستر دانا، ئەوجار بە شیری لێیدان، هەر دووکی لەگەڵ تەختی پۆڵای بنیان دوو لەت کرد. دیارە ئەو زێدەڕەوییە بۆ نیشاندانی باشی و پڕبایەخ بوونی شیری پاشا کراوە.

١٩٧- پادشا گاڵتە بە شیری خان دەکا و دەڵێ ئەو شیرە کوا بۆ شەڕ پێکردن دەبێ.

١٩٨- مانای ڕستە: «پادشا با لە شیری تۆ بڕوانم.»

١٩٩- لە نێو فۆلکلۆری کوردیدا شیری میسری بایەخێکی زۆری پێدراوە و ناوبانگی هەیە. بۆ ئەو کەسەی سیفاتی ئینسانی تێدا زۆر بێ و خاوەن وقار بێ، دەڵێن «شیری میسری نایبڕێ».

٢٠٠- مانای ڕستە: «ببێ بە دوژمنی گیانت» واتا بە شیری خۆت بکوژرێی.

٢٠١- بێژەر پادشایە و دەڵێ کوشتنی پیران گرینگ نییە؛ دیارە دەیهەوێ خان فریو بدا و پێشی کوشتنی خۆی بگرێ.

٢٠٢- مانای ئەم ڕستەیەم بەتەواوی لێ ڕوون نییە؛ نازانم وشەی «دووکوڕای»م دروست تۆمار کردووە یان نا. ئایا ئامرازێکی نێو خێوەت بووە یان مەبەست دوو کوڕە یان...؟

لە دروست تۆمار کردن یا نەکردنی ئەوەی بەیتبێژ دەیڵێ چەند لایەن شوێن دادەنێن: فەسیحی و ڕەوانیی دەنگ، تازە بوونی کاسێت و باش تۆمار بوونی، هەروەها شارەزایی زمانی ئەو کەسەی لە ڕووی کاسێت دەیهێنێتە سەر کاغەز.

٢٠٣- یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵا.

٢٠٤- کوژرانی حەسەنخان لەگەڵ بەڵگەنامە مێژووییەکان ناگونجێ.

٢٠٥- یانی دابڕدابڕی کردن و هەر یەکەی بۆ لایەکی ڕاونان. هەر ڕووداوێکی خۆش بێ و بە گاڵتە و پێکەنین ڕوو بدا یان کەسێکی قسەخۆش بە قسەی خۆش مەجلیسداری بکا دەڵێن: ڕاوە بەرازە. دیارە لێرەدا بۆ باری شەڕانی بوونی برایمی سێمانی کەڵکی

لێوەرگیراوە.

٢٠٦- کوڕی دیزەکەر، یەکێک لە شەڕکەرانی بەیتی، «کاکەمیر و کاکەشێخ» ە. ئایا لەوێوە پەڕیوەتەوە نێو ئەم دەقەی دمدم یان ئەمەیان یەکی ترە؟

٢٠٧- مانای ڕستە: هەم ئاغا و هەم نۆکەرەکانیان ڕاونان.

٢٠٨- مەبەست بە کار هێنانی یەکجار زۆری شیر لەو شەڕەدایە. شیر لە باڵچۆغە (دەسک) هاتنە دەر.

٢٠٩- هەرچی خێوەتی ئەستەڕە، بە تەواوی دەبێ حوسێنی کەڕ خەمیان بخوا و لە نێویان ببا.

٢١٠- واتا حوسێنی کەڕ و ئەحمەدی زێباری و خانی لەپزێرین وەک برا خێوەتەکانیان بۆ شەڕ کردن لە نێو خۆ دابەش کرد.

٢١١- مانای ڕستە: «سێ سوار بە سەرڕەو هاتن»

٢١٢- حەسەن بەسری؛ حەسەن کوڕی یەسار ناسراو بە ئەبوو سەعید یان حەسەنی بەسری لە ساڵی ٢١ی کۆچی مانگی/ ٦٤٢ی زایینی لە شاری مەدینەدا لە دایک بووە. حەسەنی بەسری لە ڕیزی تابعیندایە و یەکێک لە گەورە پیاوانی جیهانی ئیسلامە و مرۆڤێکی زانا و خواناسێکی تەواو عەیاری سەردەمی خۆی بووە، زانستە باوەکانی ئەودەمی لە لای ئەنەسی کوڕی مالیک خوێندووە، چەند نووسراوە و کتێبی نووسیوە وەک «رسالە فی فضلمکە الخلاص» و «تفسیر قرآن» بە گوێرەی سەرچاوەگەلی تەسەووف بە هەوەڵین پێشەوای تەسەووف دەناسرێ. حەسەنی بەسری لە ساڵی ١١٠ی کۆچی مانگی/٧٢٨ی زایینی لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. لە ڕۆژئاوای شەتتولعەرەب ئەسپاردەی خاک کراوە.

شیاوی باسە لە گوندی «بەسری»ی ڕۆژهەڵاتی مەهاباد چاکێک بە ناوی «شێخ حەسەنی بەسری» هەیە.

٢١٣- خاڵند بنی وەلید یەکی لە فەرماندەکانی سپای ئیسلامە. خالیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغەییەرە لە بنەماڵەیەکی ناوداری شاری مەککەیە، حەڤدە ساڵ بەر لە سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لەو

شارەدا لە دایک بووە. خالید لە سەرەتادا بە توندترین شێوە بەرهەڵستیی موسڵمانانی کرد، تەنانەت لە غەزای ئوحوود شکستی بە سپای ئیسلامدا و پاشان براوی بەو ئایینە هێنا و موسڵمان بوو. خالید هەتا ئەو ئاستەی بەرز بۆوە کە بە «سەیفوڵڵا» واتە شەمشیری خوا یان «سیف‌الله المسلول» » واتە شیری ڕووتی خوا ناوی دەرکرد و بە یەکێک لە سەرکەوتووترین فەرماندەکانی سپای ئیسلام حیسێب دەکرێ. خالید لە ماوەی تەمەنی خۆیدا لە ١٢٥ غەزای چووکە و گەورەدا بەشداری کردووە و سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ئەبووبەکردا شەڕی «موسەیلەمە»ی کرد کە داوای پێغەمبەرایەتی دەکرد و بیست هەزار کەسی لە لایەنگرانی ئەو کوشت. سەرەنجام پاش تەمەنێک خەبات لە پێناو ئایینی ئیسلام لە دەیەی شەشەمی تەمەنیدا ساڵی ٢١ی کۆچی لە شاری «حەمس» بە دوور لە بەرەکانی شەر کۆچی دوایی کرد.

٢١٤- مەبەست حەمزە مامی پێغەمبەرە. حەمزەی کوڕی عەبدولموتەللیب ناسراو بە ئەبوو عەممارە. دایکی ناوی هالەی کچی وەهەیبی کچەمامی ئامینەی دایکی پێغەمبەری ئیسلامە و لە شاری مەککە لە دایک بووە. حەمزە مامی پێغەمبەر و برای شیریەتی و هەردووکیان لە ئامێزی ئافرەتێک بە ناوی سوهێبە بە پێی نەریتی ئەو سەردەمی کۆمەڵگای عەرەبی بە دایەن دراون، بەڵام هەر یەکەو لە سەردەمێکدا. بە گوێرەی گێڕانەوەی ئیبنوئەسیر و زۆربەی مێژوونووسانی ئیسلامی لە ساڵی دووەمی بێعسەت موسڵمان بووە و یەکێک لەو کۆچەریانە بووە کە شاری مەککە بەجێ دێڵێ و لە مەدینە نیشتەجێ دەبێ. ئیمامی حەمزە پیاوێکی بوێر و ئازا و نەترس بووە، هەروەها لە پێناو ئایینی ئیسلامدا گەلێک قارەمانەتی لە خۆ نواندووە. لە غەزای ئوحود کوژرا. حەمزە وەک ناودارترین کەسایەتی ئیسلام ناسراوە، تەنانەت لە بەیت و باوی فۆلکلۆری کوردیدا گەلێک جار ئاماژەی پێکراوە. بڕوانە: پ. ٢٥٧.

٢١٥- شێخاڵی سەردەشت: ناوی گوندێکە لە سەردەشت. بڕوانە پ. ٢٣٦.

٢١٦- وەیسەلقەرەنی ماهیدەشت: ئەو کەسایەتییە سەردەمی پێغەمبەر لە «قەرەن»ی یەمەن ژیاوە. دەڵێن پێغەمبەر گوتوویە بۆنی بەهەشت لە یەمەنڕا دێ؛ مەبەستی وەیس بووە. وەیس ئاواتی ئەوە بووە چاوی بە پێغەمبەر بکەوێ، بەڵام نەیدی. لەو بارەوە هەندێ داستان دەگێڕنەوە. دوای مەرگی پێغەمبەر عومەری خەڵیفەی دووەم چووە سەردانی وەیس و جلوبەرگی پێغەمبەری بۆ برد. دەڵێن لە شەڕی «سیفین» کوژراوە. لە ماهیدەشتی کرماشان چاکێک هەیە بە وەیسەلقەرەنی بەناوبانگە. لە تورکییەش چاکێکی بەو ناوە هەیە.

٢١٧- شێخ برایمی کانی ڕەشتێ: مەزارێکە لە نیزیک گوندی «خورشت»ی شنۆ. مەودایەکی زۆری لەگەڵ مەزاری شێخ محەمەدی هەنگلان نییە. وێدەچێ خوڕشت بێ نەک کانی ڕەشت. بە هۆی ئەوەی کە ئەو مەزارە لە نیزیک ئەو گوندە هەڵکەوتووە.

٢١٨- مانای ڕستە: چەند کەسیان کوشت.

٢١٩- واتا خەزا کردن؛ چ بکوژی و چ بکوژرێی دەچییە بەهەشت.

٢٢٠- «بەلەبان» گوندێکە سەر بە شاری پیرانشار. لەم دەقەدا سۆفی مامەند هاتووە وێدەچێ بە هۆی دەستکاری ڕاویی بەیتەکە هەڵەی تێکەوتبێ. ئەوەی لەو ناوە نیزیک بێ «گۆڕستانی مەلا مامەند»ە لە سەر تەپۆڵکەیەکی نێوان گوندی «شنۆزەنگ» و «کێلێ»؛ ڕۆژانی هەینی خەڵک دەچنە زیارەتی.

٢٢١- «مەبزێوە» دەبێ «مەبزوو» بێ واتا کرداری ئەمری جووڵە مەکە.

٢٢٢- زاواکێو: بە پێی ڕستەکە وا دەردەکەوێ ناو بێ بۆ یەکێک لە جەنگاوەران. زاواکێو هەر ئێستا ناوی گوندێکی گەورکایەتی شاری بۆکانە.

٢٢٣- «ڕەپێنان» واتا ڕاونان و ڕێکەوتن. فاعل پیرۆتی مەرگەیە.

٢٢٤- پیرۆتی مەرگێ: ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٣٣ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە پیرۆت لە نێو

موکریاندا ناوێکی باوە. مەبەست لەو پیرۆتە دەبێ کەسایەتییەکی پیرۆز بێ.

٢٢٥- سەید خاڵندی لاجان: لە لێکۆڵینەوەکانی مەلا عومەر ئیمام کە لە سەر داوای من بۆ ناسینەوەی چاک و پیرەکانی ناوچەی پیرانشار کردی ڕوون نەبۆوە چاک یان قەبرستانی سەید خاڵند لە لاجان هەبێ. بۆ لاجان بڕوانە پ. ٨٩ و ١٥٦.

٢٢٦- سوڵتانی پشتی گەڵوانێ: سوڵتان بەیاقووب کێوێکە لە ڕۆژهەڵاتی گوندی «باڵغچی» شـاری نـەغـەدە. چاکێکی هـەر بـەو نـاوە لە سەرە. ئەو کێوە بە سوڵتانی پشت گەڵوان و پشت خەلیفان ناوی دەرکـردووە؛ ئەو دوو گوندە لە دەوری کێوی سوڵتانن. گوایە سوڵتان بەیاقووب یەکێک لە ئەسحابان بووە.

٢٢٧- کەڵەڕیخانی جەڵدیانێ؛ گردێکی مێژووییە لە گوندی جەڵدیانی سەر بە شاری پیرانشار، بە پێی لێکۆڵینەوەی کەونینەناسان و بە هۆی توێ توێ بوونی ئەم گردە دەردەکەوێ لە سەرەتای ژیانی مرۆوەوە ئەم گردە دروست کراوە. مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نیوەی دووەمـی هـەزارەی شەشی بەر لە زایین و لە پێرستی کەلەپووری نەتەوەییدا ژمارەی ٦١٣ی پێدراوە، بەڵام ئەوی کە جێی تێڕامانە لە ریزبەندی کەسایەتی نێو بەیتەکە سەرجەمی ئەو چاک و پیرانە لە خۆ دەگرێ کە لەو ناوچانە بە پیرۆز چاویان لێدەکرێ و خاوەن ڕێزن، بەڵام ئەم گردە هیچ بنەمایەکی لەو بابەتەوە نییە و تەنیا لایەنی مێژوویی هەیە، دەبێ چ هۆکارێکی هەبێ کە بەیتبێژ ئەو گردەی دە نێو بەیەتەکە خزاندووە؟

٢٢٨- پیرغەیبی قەڵاتیان؛ مەزارێکە لە سەر تەپۆڵکەیەکی ڕۆژهەڵاتی گوندی قەڵاتیانی سەر بە شاری شنۆ؛ پڕ لە دار تاوک و گوێزە و گێوژە. لە لای خەڵکی ناوچە ئەوەندە بە حورمەتە، تەنانەت هیچ کەس زات ناکا لکە دارێکی لێ بکاتەوە. خەڵک بۆ چارەی زۆر نەخۆشییان زیارەتی دەکەن.

٢٢٩- کاک ئەحمەد و کاک مەحموودی شێخان؛ دوو چاکن لە ڕۆژهەڵاتی گوندی شێخانی شاری شنۆ. لە ڕوانگەی خەڵکدا پیرۆز و مەبارەکن.

زێدەتر ئەو ژنانەی کە منداڵیان نابێ بە پیر ئەو دوو زاتەوە دەچن.

٢٣٠- شێخ محەمەدی هینگڵان، مەزارێکی پیرۆز و ناسراوی ناوچەی شنۆیە. لە ڕۆژئاوای ئەو شارەدایە و ئێستا سەیرانگایە. لە ڕۆژانی پشوودان خەڵکی شار و تەنانەت دەروبەریش دەچنە ئەوێندەرێ بۆ سانەوە و کات بە سەر بردن. بە هۆی ئەوەی کە لە شوێنێکی بەرز هەڵکەوتووە و بە سەر دەشتی سەرسەوزی شنۆدا دەروانێ و خەڵکانێکی زۆر بەرەو خۆی پەلکێش دەکا.

٢٣١- فەقێ شاڵەی دووڕیان؛ گۆڕەستانی گوندی سینگانە، دەکەوێتە نێوان شنۆ و گوندی سینگان. فەقێ شاڵە لە کاتی خۆیدا تەنیا مەزارێک بووە لە ئەوێندەرێ. بە هۆی پیرۆز بوونی ئەو شوێنە، خەڵک مردوویان لە فەقێ شاڵە ناشتووە و ئێستا گۆڕەستانێکی بەشکۆیە.

٢٣٢- مەلا برایمی گردکاشان: گردکاشان هەر ئێستا دێیەکە سەر بە شنۆ. بۆم ڕوون نەبۆوە ئەو چاکە واتا مەلا برایم لەو دێیە هەیە یان نا.

٢٣٣- شێخ سمایلی جاشێران: شێخ سمایل ناسراو بە شێخ سمایل کڵاوقووچ باوکی شێخ باباسەعیدی بەرزەنجییە. قەبری شێخ سمایل لە گوندی جاشێرانە. جاشێران لە دەشتی شنۆ هەڵکەوتوو. شێخ سمایلی جاشێران (سەدرەددین)، کوڕی شێخ محەمەدی ئۆتەمیش، کوڕی شێخ بابای لەگزە.

شێخ باباسەعید ساڵی ١٩١٥ی زایینی لە شەڕی یەکەمی جیهانی بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ تێوەگلانی کوردان لە شەڕی ڕووسان بە دەستی سپای عوسمانی لە دار درا.

شێخ سمایل جگە لە شێخ باباسەعید (سەدروسسادات)، سێ کوڕی دیکەشی هەبوو: شێخ فەخرەددین (فەخروسسادات)، شێخ مارف و شێخ ئەحمەد.

٢٣٤- شێخ مووسی سیاوانێ: بڕوانە پ. ١٥٣.

٢٣٥- کەوێ زەرد: بۆم ڕوون نەبۆوە ئایا کەوێ زەردیش چاک و پیرە و ئەگەر وایە لە کوێیە؟ یان «کەوازەرد» ە وەک کەسایەتییەکی

پیرۆز؟
٢٣٦- شێخاڵی و نوورەسەن؛ شێخاڵی گۆڕەستانێکە لە گوندی نەڵۆس سەر بە شاری شنۆ، خاوەن ڕێزێکی تایبەت و شوێنی پیرۆزی خەڵکی ئاوایی و دەوروبەرە. نوورەسەن مەزارێکی پیرۆزە و لە سنووری دوو ناوچەی نێوان دەشتەبێڵ و مەرگەوەڕ هەڵکەوتووە؛ لە سەر لووتکەیەکی بەرزدایە.
٢٣٧- مانای ڕستە: شەڕیان دەکرد
٢٣٨- مانای ڕستە: گوشاری گەمارۆدەران زیادی کرد.
٢٣٩- مانای ڕستە: بەرەو ئاڵیی جەنگاوەر کە بەر دەرگای گردتبوو هەڵکشان.
٢٤٠- گولله لە بێژینگ کردن: وێدەچێ کەلک وەرگرتن لە بێژینگ بە مەبەستی پێشگری لە خاو بوونەوەی باروووت بووبێ. بێژینگ کونکونە و لە ژێرەوە هەوای پێدەگا و ئیشکی ڕادەگرێ. وێشدەچێ وەک پێوانە بە کار هاتبێ؛ یەک بێژینگ گولله و دەرمان، دوو بێژینگ گولله و دەرمان،...

دەرمان: یەکێک لە ماناکانی ئەو وشەیە باڕووتە. لە ناوچەی موکریان بەتایبەت لە گەوەڕی باشووری گۆلی ورمێ، بە هۆی هەبوونی شام و گیاوگۆڵ و ئاوی شیرنی چۆمەکانی جانداران و گادەر و جەغەتوو و تەتەهوو کە دەڕژێنە ئەم گۆلەوە، باڵندەیەکی زۆری کۆچەری ڕووی تێدەکا. هەر بۆیە ڕاووشکار وەک پیشە چاوی لێدەکرێ و زۆر کەس سەرپڕ و تاپڕیان هەیە. جاران باروووت لەو ناوچەیە هەر بە دەستی خودی ئەو ڕاوچییانە ساز دەکرا. لە جیاتی باروووتی کارخانە ئەو باڕووتە ڕەشە کەڵکی لێوەردەگیرا. شێوەی ساز کردنی بەم جۆرە بوو:

گووگرد و ڕەژی و شۆرەیان تێکەڵ دەکرد. ڕێژەی تێکەڵ کردنی ئەوانە زۆر گرینگ بووە. بۆ وێنە سەد گڕەمیان گووگرد لەگەڵ سەد گڕەم ڕەژی لە پاڵ حەوتسەد گڕەم شۆرە دەکرد. ئەوانەیان لە کونی گوێنی (جوێنی) دەکرد و بە بەردی تایبەت حەوت، هەشت و تەنانەت نۆ هەزار جاریان دەکوتا و تەواو تێکەڵ

دەبوون و وەک هەویری لێدەهات. بۆ ئەوەی گەرم دانەیە و جوان ئاور بگری، جارجار قومە ئاوێک یا نەختە پیوازێکیان ڕەگەڵ دەخست. دوای کوتانی تەواو، دەیانکردە سەلکی وەک کەشک، ئەو جار لە هێلەگی وردیـان دەخشاند و لە سـەر پارچەیەک هەڵیاندەخست هەتا ویشک بێتەوە. مەرجی چاکی و خراپی ئەوە بوو ئەگەر تۆزێکت لە سەر کاغەز ڕۆکردبا و ئاگری لێ نزیک کراباوە، دەبا گرفەی هاتبا و ڕوو بە سەرێ تەقیبا؛ بێ ئەوەی کاغەزەکەی سووتاندبا. ئەوانەی زۆر شارەزا بوون لە سەر بەری دەستیان ئاگریان دەدا و هیچ ئازارێکیان پێنەدەگەیشت.

تێبینی:

- شۆرەیان لە گڵێکی تایبەت ساز دەکرد کە لە خاکی شۆرەکاتدا دەست دەکەوت. ئەو خاکەیان ئاو تێدەکرد و دەیانکوڵاند و بە شۆڕابەی ئەو ماجوومە کوڵاوەیان دەکوت شۆرە.
- ڕەژییان لە داری «بی» ساز دەکرد؛ بۆ ئەوەی زوو ئاور ببا.
- بەرد و گوێنی کاری دەستە و هاوەنی دەکرد. بەردەکەیان لە بەردی ڕەش دادەتاشی یان لە ئاسن دروستیان دەکرد. گوێنییەکەیان لە داری سەختی وەک قەیسی و بووز ساز دەکرد. کۆتەر، دارێک بوو نزیک بە میترێک درێژ و نیو میتر ئەستوور. کونیان لە سەرێکی دارەکە دەکرد و لە سەری دیکەی دادەنیشتن. گووگرد، ڕەژی و شۆرەیان لەو کونە دەکرد و بە بەرد دەیانکوتا.

لەمەڕ وشـەی گوێنی پێویستە بڵێم دەبێ وشـەی «جوێنی» بێ لە کرداری «جوێ کردنەوە» و ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتبێ. هەنبانەبۆرینە لە ژێر وشەی «جوونی» نووسیویە: ١- جاوین، جووتن. ٢- جوێن، دژمان، سخێف، جنێو. ٣- ئاونگی بەردین و دارین. ٤- جوولەکەن. ٥- دەسئاونگ. هەروەها لە ژێر وشە «جۆنی» نووسیویە: قوڵکەبەرد کە شتی تێدا دەکوتن، ئاونگی بەردین یا دارین.

هەنبانە بۆرینە وشەی «گوێنی» بە مانای جونی نەگرتووە. وا

وێدەچێ جوێنی ئەسڵ بێ و گوێنی بە ئاڵوگۆڕی پیتی «ج» بە «گ» ساز بووبێ.

گیو موکریانی لە فەرهەنگی کوردستاندا ئەم وشەیەی بە شێوەی «جوهن» بە مانای «هاوەن» تۆمار کردووە. لە زمانی فارسیش‌دا «جەوەن» بە مانای «جەنجەڕ» هەیە کە خەرمانی پێ ورد دەکەن. وەفایی بە «جۆن» و «جۆنە»ی هێناوە:

رۆژی تەڕەب و کەیف و دەمی جۆنە کوتانە
بەو دەستەیی جۆنیەوە پەری بۆتە نیشانە
دەستی بەمە توند گرتووە، گەرمی قەوەتانە
نێوکی نەکەوێ یاڕەبی بەو بارە گرانە
جانی منە جۆنی دەکوتێ عوزر و بەهانە

٢٤١- مانای ڕستە: تەواوی گوللەکانی لە ئامانج داوە و بە هەمووان ئەنگاوتوونی.

٢٤٢- مانای دوو ڕستە: ئەگەر دەوێرن لە قەڵادا مەمێننەوە و لە سەر برجانڕا خۆتان بخەنە خوارەوە.

٢٤٣- بەرلەوەی ڕەنگی ڕەش بێتە نێو فەرهەنگی کوردی، شین ڕەنگی تازیە و عەزا بووە. ئەو بابەتە لە نێو هەندێ لایەنی زمانی‌دا هەر ماوەتەوە، وەک سووکە جنێوی خیتابی «سەر شین» واتا کەسێکت بمرێ و تازیەدار بی، یان «بابە ڕدێن شینەکەم...» واتا ئەو بابەم کە ڕیشی شین دەکا و ئیمانی بە دینی ئیسلام نییە.... لێرەدا کۆبەی شین لە چارشێو نان و منداڵ پێ لە کۆڵ بەستن و خۆ هەڵدێران، پێگەی ڕەنگی شین لە نێو بیر و باوەڕی کوردەواریدا پتر زەق دەکاتەوە.

٢٤٤- بوون بە کۆتر؛ فڕینە: ڕووداوەکانی قەڵای دمدم یەک لە یەک دڵتەزێن‌ترن؛ بەسەرهاتی کیژان و ژنانی لاوی نێو قەڵا لە سەرووی هەمووانە. بەیتبێژ چی لە دەست دێ غەیری ئەوەی پەنا بەرێتە بەر خەیاڵ و دووبارە لە جلدی کۆتردا ڕۆحیان بنێتەوە بەر. کۆتر لە کولتووری کوردەواریدا پاک و مەعسوومە و لە خۆشەویست‌ترینی باڵندەکانە. کۆتر نەمادی ڕووحە. (فرهنگ

نمادها، خوان ئیدواردۆ سیرلوو) بڕوانە پ. ٦٢١ و ٦٥٨ و ٧٥٩.

٢٤٥- زینوێ شێخی؛ گوندێکە لە پێنج کیلۆمیتری ڕۆژئاوای حاجیئۆمەران هەڵکەوتووە. لە پێشوودا ناوەندێکی دینی و ئابووری بووە. بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و عیراق گوندێکی ئاوەدان و پڕ لە حەشیمەت و زیادتر لە سەد و پەنجا ماڵ لەودا نیشتەجێ بوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣ی زایینی بە هۆی شەڕ و نیزیک بوونی لە سنوور خاپوور کراوە. ئێستا تەنیا لە وەرزی هاوینان خەڵکەکە بۆ کاری وەرزێڕی و ڕەعەمەل هێنانی دەغڵودان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو گوندە و زێدەتر وەک هاوینە هەوار کەڵکی لێوەردەگرن.

٢٤٦- چل کەوان: بڕوانە پ. ١٢٠.

٢٤٧- مام ئاڵی: بڕوانە پ. ١٨٤.

٢٤٨- محەمەد ئەحمەدی: خەڵکی گوندی «قزڵجە»ی سەر بە مەهابادە. ئەم دەقەی دمدم زور وەک هی خاڵەسوورە دەچێ؛ یان لێکتر فێر بوونە یان مامۆستای هەر دووکیان یەک بووە. جارجار شکم ڕێدەنیشێ نەکا هەر دوو هەر یەک کەس بن!

٢٤٩- دەسپێکی ئەم دەقە هەر لە سەرەتاوە بە ناهومێدی و بێوەفایی دنیا دەست پێدەکا، سەرەتایەکی غەمبارانە بۆ ڕووداوێکی تاڵ و دڵتەزێن.

٢٥٠- ئاماژەیە بۆ بە خاچ کێشانی حەزرەتی عیسا و دووبارە زیندوو بوونەوە و چوون بۆ ئاسمانی لە ڕوانگەی ئایینی مەسیحییەوە.

٢٥١- ئاماژە بە داستانی حەزرەتی مووسا و فیرعەون و شەق بوونی چۆمی نیلە. کەلک وەرگرتن لە ئایەت و حەدیس و داستانی کتێبە دینییەکان، واتا «تەزمین» لە نێو بەیتەکاندا دەبینرێ.

٢٥٢- حەزرەتی یۆنس: ناوی ئەو پێغەمبەرە چوار جار لە قورئاندا هاتووە. بە «زولنوون» و «ساحەبی حووت» یش باسی کراوە. ئەو پێغەمبەرە لە قەومی خۆی زیز بوو و ئەوانی بە جێ هێشت و سەرەنجام کەوتە زگی ماسییەوە و خوای ڕزگاری کرد. سوورەی سافات، ئایەی ١٣٩ تا ١٤٨.

... بۆ لە دەریا هاویشتنی ئەو و چەند کەسی نێو کەشتی پشکیان

هاویشت؛ یۆنس لەو پشکەدا بەشداری کرد. ئەوە هەر یۆنس نەبوو خرایە دەریاوە؛ چەندی دیکەش بوون. کەشتی پڕ بوو لە موسافیر و خرتوپرت. لە هەلومەرجی ئاوادا، بێجێ نییە کە بۆ سووک بوونی کەشتی بڕێک کەلوپەل و چەند کەسان بە پشک هاویشتن بخەنە دەریاوە هەتا نوقم نەبێ (قامووسی قورئان)

... «یۆنس» یش هەر یەکێک بوو لە پێغەمبەران، کە ڕایکردە ناو گەمی پڕ، لە پشک خستن بەشدار بوو. ئەو دۆڕاندی، ئەوسا ماسییەکی زەلام هەڵیلووشی و بۆخۆی سەرکۆنەی خۆی دەکرد. سا ئەگەر ئەو پاکی خودای نەگوتبایە تا ڕۆژی سەڵا ڕادەبوو، لە ورگی‌دا دەمایەوە، فڕێمان دایە دەشتێکی چۆل و قاقڕ. نەخۆشیش بوو، ئەوسا بڕکەی کوندرێکمان (کوولەکە) لە لا شین کرد. ناردمانە ناو سەد هەزاران یان زیادەتر، هەموویان بڕوایان پێهێنا و تا ماوەیەک ژیانێکی خۆشمان پێدان. (قورئان: وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار).

٢٥٣- حەزرەتی سولەیمان: لە پێغەمبەرانی بەناوبانگی بەنیئیسراییل بوو. ناوی هەڤدە جار لە قورئاندا هاتووە. کوڕی داودی نەبییە و خاوەنی وەحی. شەریعەتێکی سەربەخۆی نەبووە؛ حوکمەکانی تەوڕاتی تەرویج کردووە. خوا عیلم و حیکمەتی پێداوە. زمانی باڵندانی دەزانی. لە ڕووداوی سەحرای نەملدا کە باسی قسە کردنی لەگەڵ مێرووله کرد وا دەردەکەوێ زمانی حەشەڕاتیشی زانیوە. سولەیمان سەرەڕای ئەوەی پێغەمبەری خوا بوو، خاوەن سەلتەنەتێکی بەرفراوان بوو. ئەو لە خوای ویست: «خوایە سەلتەنەتێکم بدەیە بە کەست نەدابێ.» (قامووسی قورئان)

سوورەی نەمل، ئایەی ٢٠ هەتا ٤٣: سولەیمان چاوی بە مەلاندا گێڕا، گوتی چۆنە پەپووسێمانە نابینم؟ پەپوو هات وتی من شتێکم دەس کەوتووە کە دەستە تۆ نەکەوتبوو. وا من لە سەباوە هاتووم، دەنگوباسێکی دروستم بۆ هێناوی. من لە وێ ژنێکم دیوە پاشایە بە سەریانەوە، خاوەنی هەموو شتێکە و تەختێکی زۆر گەورەی هەیە... کوتی بزانین بە ڕاستت بوو، ئەم نامەیەم بۆ بەرە و بۆیان

باوێژە و ئەوسا تۆزێک دوور کەوە. مەلەکە بە پیاو ماقووڵەکانی کوت نامەیەکیان بۆ هاویشتووم زۆر گرینگە، لە سولەیمانەوەیە و بە ناوی خودای دەهندە و دلۆڤانە. نووسیویە نابێ خۆتان لە من بە زلتر بزانن. وەرنە لام و خۆتان بە دەستەوە بدەن. ئەوا ئەمن دیارییەکیان بۆ دەنێرم، چاوەڕێم کە ڕاسپاردەکان بە چیەوە دەگەڕێنەوە. سولەیمان گوتی ئێوە دەتانەوێ یارمەتی من بکەن. ئەوا ئێمە بە لەشکرێکەوە دێینە سەریان. سولەیمان گوتی ئەی گەلی دیوانێ! بەر لەوە بێنە ئامانێ کێو دەتوانێ تەختی ئەو ژنەم بۆ بێنێ؟ لۆزەندەرێک لە جنەکان گوتی: ئەمن بەر لەوە لە جێی خۆت هەستی بۆتی دێنم، توانام بە سەریدا هەیە. ئەوی لە کتێب شتێکی دەزانی هەڵیدایە، هێندەی چاوت بتروکێنی بۆتی دێنم. کوتی ئەوە چاکەی پەروەرەندەی منە. گوتی تەختەکەی بگۆڕن، تا بزانین دەتوانێ بیناسێتەوە یان بە سەری ناکاتەوە، کاتێ گەیشتنە بەرەوە وتیان: تەختەکەی تۆ وا بوو؟ گوتی هەر ئێژین خۆیەتی. پێی وترا: وەرە ناو کۆشک، کە لێی ڕوانی هەر پێی وابوو ئاوێکی زۆر و زەوەندە، لنگی هەڵکرد. پێیوت: بۆ ئەم کۆشکە لە شووشەی ڕوون داڕژاوە، کوتی تا ئێستا ناحەقیم لە خۆم کردووە و لە ئێستاوە خۆم دەدەمە دەس ڕاهێنەری گش جیهان... (قورئان: وەرگێڕاوی هەژار)

٢٥٤- یۆسفی میسر: یۆسف کوڕی یەعقووب کوڕی سێیەمی ئیبراهیم، لە نەوەکانی ئیسحاق، ناوی بیست و حەوت جار لە قورئاندا هاتووە. یۆسف لە پێغەمبەران بوو.

شەوێکی یۆسف خەونی دی کە مانگ و ئەستێرەکان کڕنۆشی بۆ دەبەن. ئەو خەونەی بۆ باب و براکانی گێڕایەوە. برایان ئێرەیان پێ برد، بە بیانووی سەیران بردیانە بیابان و لە چاڵاوێکیان هاویشت و کراسی ئەویان لە خوێنی کۆترێک وەردا بە بابیان گوت گورگ خواردوویە. کاروانێک دۆڵچەی خستە چاڵاو و یۆسفی دەرهێنا و بردییە میسر. یۆسف جوانچاک بوو، لە میسر ناودەنگی دەرکرد، سەرکاروان ئەوی بە عەزیزی میسر فرۆشت.

زولەیخا ژنی عەزیزی میسر ئاشقی بوو، هەرچی کردی نەیتوانی دڵی یۆسف بە دەست بێنێ. تاوانباری کرد و خستییە زیندانەوە. یۆسف بە هۆی لێکدانەوەی خەونی پادشای میسر لە زیندان ئازاد کرا و بوو بە خەزنەدار.

ئەو خەڵکی لە ویشکەساڵی نەجات دا... براکانی لە کەنعانەنەوە بە هۆی ویشکەساڵی ڕوویان لە میسر کرد؛ یۆسف ناسینییەوە. کراسی خۆی بۆ بابی نارد. یەعقووب سۆمایی چاوی هاتنەوە... (قاموس قرآن).

٢٥٥- حەزرەتی ئەسکەندەر: ئەسکەندەری مەقدوونی کوڕی فیلیپ (فیلووس) (٣٢٣ی پێش زایین) میسر و ئێران و هێندوستانی داگیر کرد. لە تەمەنی ٣٢ ساڵی لە بابل کۆچی دوایی کرد. ئەو ئەسکەندەرەی ڕەوایات و قیسەس باسی دەکا و بەسەرهاتی لە ئەدەبیاتی فارسیدا هاتووە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی مێژوو باسی دەکا. لە ڕەوایاتی ئیسلامیدا سەربهوردی ئەسکەندەر لەگەڵ «زولقەرنەین» ئامێتە بووە؛ هەر دوو ناو بوون بە ئەسکەندەری زولقەرنەین کە سەددی یاجووج و ماجووج ساز دەکا.

لە تەفسیر و داستانەکاندا ڕەوایاتی جۆربەجۆر و جارجار دژ بە یەک لە بارەی ئەو کەسایەتییەدا هاتووە. هێندێک دەڵێن هاوچاخی فەرەیدوون بووە. هێندێک دەڵێن لەگەڵ خدری زیندە هاوسەفەر بووە و بە کانی ئاوی حەیات گەیوە. هێندێکیش دەڵێن چەند زولقەرنەین هەبووە. زۆر کەس، بۆ نموونە ئیبنیسینا، ئەسکەندەری زولقەرنەینی بە ئەسکەندەری نێو قورئان دەزانی کە هاوچاخی ئەرەستوو بووە. هێندێک پێیان وایە زولقەرنەین داریۆش و کووڕشن... (قاموس قرآن).

٢٥٦- ئیمامی عەبووبەکر: ناو ئەبووبەکر، لەقەب سیددیق، کوڕی ئەبووقوحافە و سولما، لە مەککە لە دایک بوو دوو ساڵ دوای عامولفیل. دوای پێغەمبەر یەکەم پیاوی مسوڵمانە. ساڵی ١١ی کۆچی بووە بە جێنشینی پێغەمبەر. ساڵی ١٣ی کۆچی مردووە. بابی عایشە و خەزووری پێغەمبەر بوو. لە پەنا قەبری پێغەمبەر

ناشتراوه.

باس و پێهەڵاگوتن و پەسنی چوار یاری نەبی- خولەفای ڕاشیدین- واتا ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی زۆر جار لە بەیتەکاندا ڕەنگ دەداتەوە؛ ئەو مەبەستە دەگەڕێتەوە سەر بیروبۆچوونی مەزەبی سوننیانەی بەیتبێژەکان.

دێڕی دواتر ئاماژە بە داستانی سەفەری بە دزی پێغەمبەر و ئەبووبەکرە کە لەودا کاتێک پێغەمبەر دەنوێ مارێک لە کون دێتە دەر، ئەبووبەکر بۆ دوور کردنەوەی مەترسی، پانێی بە زاری کونەوە دەنێ و مار پێوەی دەدا.

٢٥٧- ئیمامی عوسمان: ناو عوسمان، لەقەب زولنوورەین، کوڕی عەففان و عەرووی، لە تایف لە دایک بوو؛ شەش ساڵ دوای عامولفیل. ساڵی ٢٤ی کۆچی بوو بە جێنشینی عومەر. ١٢ ساڵ خەلیفایەتی کرد. ساڵی ٣٥ی کۆچی ترۆر کرا. لە مەدینە لە قەبرستانی بەقیع نێژراوە.

دێڕی دواتر ئاماژەیە بە کۆکردنەوەی قورئان کە لە زەمانی خەلافەتی عوسماندا کرا. قورئان بە پێی باوەڕی مسوڵمانان ڕۆژی بیستوحەوتی ڕەمەزان بۆ پێغەمبەری ئیسلام بە خەڵات هاتووە.

٢٥٨- ئیمامی عومبەری قەیغان: عومبەر کوردانە کردنی وشەی عومەرە. عومەر کوڕی خەتتاب ناسراو بە فارووق، دووەمین جێنشینی پێغەمبەری ئیسلامە. خەزووری پێغەمبەر بووە. شەش ساڵ دوای پێغەمبەرایەتی حەزرەتی محەمەد وەک چلەمین کەس بۆتە مسوڵمان. ساڵی ١٣ی کۆچی بۆتە جێنشینی پێغەمبەر. دە ساڵی تەواو دەسەڵاتدار بووە. دوو ئیمپراتۆری ئێران و ڕۆمی داگیر کرد. لە عەدالەتدا ناوی دەرکردووە. ساڵی ٢٣ی کۆچی ترۆر کراوە. قەبرەکەی لە مەدینە و لە پەنا قەبری پێغەمبەرە.

دێڕی دواتر ئاماژە بە ئاشکرا گوتنی بانگە کە پێشتر موسڵمانان نەیاندەوێرا بیدەن. دەڵێن عومەر دوای مسوڵمان بوون دەستووری بە بیلال دا بچێتە سەربانی مزگەوت و بە ئاشکرا بانگ بدا؛ خەڵک کە بیستیان کوتیان ئەوە عومەر مسوڵمان بوو.

٢٥٩- خالید بنی وەلید: بڕوانە پ. ٢١٣.

٢٦٠- بیلال حەبەشی: بیلال بنی ڕباحی حەبەشی (وەفات: دیمشق ١٨ یا ٢٠ی کۆچی) بانگبێژ و یەکێک لە یارانی نزیکی پێغەمبەر. دایکی ناوی حەمامە بوو. لە سەرەتادا یەکێک لە کافران و مونافیقان بوو. دوای مسوڵمان بوون ئازارێکی زۆری بە دەستی ئەوانەوە دی. (اعلام فرهنگ معین)

دەڵێن هەتا عومەر مسوڵمان نەببوو، بیلال لە کوولەکەدا بانگی دەدا. دوای مسوڵمان بوون، عومەر لەگەڵی چووە سەربانی مزگەوت و...

٢٦١- شێرعەلی شای مەردان: عەلی کوڕی ئەبیتالیب، ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر بووە. ٢٢ ساڵ بەر لە کۆچی پێغەمبەر بۆ مەدینە هاتۆتە دنیا. ساڵی ٢٥ی کۆچی بووە بە جێنشینی ئەو. ساڵی ٤٠ی کۆچی ترۆر کراوە... گڵکۆی لە نەجەفە.

دوڵدوڵ ئێسترێکی سپی بووە، پێغەمبەر دابووی بە عەلی. هەروەها زولفەقار ناوی ئەو شمشێرە گرێگرێیەیە پێغەمبەر لە شەڕی ئوحۆددا بە عەلی بەخشی. لە کولتووری کوردیدا ئەو دووە واتا دوڵدوڵ و زولفەقار بەشێکن لە باسوخواسی قارەمانەتی عەلی. ئەوەی ڕاستی بێ لە نێو کورداندا شەڕوانی و قارەمانەتی عەلی پتر بایەخی پێدراوە هەتا لایەنەکانی دیکەی ژیانی ئەو کەسایەتییە ئیسلامییە.

٢٦٢- ئاماژەیە بە کارەساتی کەربەلا و شەڕی حوسێن بنی عەلی و معاوییە و تێداچوونی حوسێن و یارانی. ئەو کارەساتە دەورێکی سەرەکی لە باوەڕی ئایینی مەزەبی شیعەدا هەیە. لە نێو بەیتەکان کە باسی کارەساتی کەربەلا دەکرێ، هەندێ جار بە هەڵە مەرگی حەسەنیش دەخەنە پاڵ مەرگی حوسێن.

ڕەنگدانەوەی کارەساتی کەربەلا لە نێو بەیتی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ: یەکەم؛ نەرمی مەزەبی شافعی لە چاو لقەکانی تری مەزەبی سوننی لە بەرانبەر مەزەبی شیعەدا. دووەم؛ مەزەبی شیعە بەتایبەت ترکانی دراوسێ و دەسەڵاتدار لە

دراوسێتی ناوچەی موکریاندا.

حەسەن: حەسەن کوڕی گەورەی عەلی بنی ئەبیتالیب ساڵی ٣ی کۆچی لە مەدینە هاتۆتە دنیا و ساڵی ٥٠ی کۆچی دەرمانداو کراوە.

حوسێن: حوسێن کوڕی عەلی بنی ئەبیتالیب ساڵی ٤ی کۆچی لە مەدینە هاتۆتە دنیا، ساڵی ٦١ی کۆچی لە ڕووداوی کەربەلادا کوژراوە.

٢٦٣- بەیتبێژ گەورەترین نمادی بێوەفایی دنیا لە ڕاست ئادەمیزاد لە مردنی پێغەمبەری ئیسلامدا دەبینی و پێی وایە کاتێک دنیا وەفای بۆ پێغەمبەر نییە، ئیتر وەفاداریی دنیا بۆ هەموو ئینسانەکان و هەرچی گیانلەبەرە مانای نامێنێ.

٢٦٤- ئەم ڕستەیە و دوو ڕستەی دواتر بەڵگەیەکە بۆ گەورەیی لە ڕادەبەدەری پێغەمبەر و تەواوکەری دوو ڕستەی سەرەوەی خۆی.

عەرش: وشەی عەرش لە ئایەی پێنجی سوورەی تاها وەرگیراوە (الرحمن علی العرش استوی) ئەو خوایە لە سەر تەختی خۆی دامەزرا. ئەو دوو ئایەتە پێوەندییەکی بەهێز و ئۆرگانیکیان بە یەکەوە هەیە، تەنانەت ئایەتی شەش وەکوو تەحلیل دەچێ بۆ ئایەتی پێنج کە بە واوی عەتف بە یەکەوە نەلکێندراون، عەرش لێرەدا مانای تەخت دەدا؛ بە واتایەکی تر مانای دەسەڵات و قودرەت دەدا. وشەی عەرش لە قورئاندا بە مانای جۆربەجۆر هاتووە.

تەحتەسەرا: وشەی «تحت‌السرا» لە ئایەی شەشی سوورەی تاها وەرگیراوە کە دەفەرمێ (له ما في السموات وما في الارض وما بینهما وما تحت الثری). هەرچی لە ئاسمان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیان دا و هەرچی لە ژێر خاکیش‌دایە هی ئەوە. ورد بوونەیەکی تر لە ناخی ئەم ئایەتە بە شێوەی (ثری) بە مانای خاکی شێدارە. «ال» لە «الثری» دا واوێدەچێ بۆ جینس بێ واتە هەر خاکێکی شێدارە، بەڵام چونکە لە (ما في الارض)دا هاتوو خاوەنی مانایەکی

بەربڵاوتر دەبێ.
٢٦٥- جانی بنی جان: ناوی تایفەیەکە لە جندۆکان کە لە ئەفسانەکاندا باسیان لێکراوە. دانەری «ڕەوزەتولسەفا» هێناویە: جانی بنی ئەلجان کە بە زمانی شەرع جننی ناوە، سەرۆکی ئیبلیسی تووکلێکراوە. لە ئیبنی عەباسیان گێڕاوەتەوە کە ناوی ئەبولجن «سوما»یە و جان لەقەبێتی. لە کتێبە گەورەکانی ئادەمدا نووسراوە جان ناوی «تارنووش» بووە؛ نەوە و نەتیجە و بازماندەگانی لە سەر زەوی زیادی کرد. خواوەندی مەزن ئیزنی پێدان زیکری شەریعەت بکەن و لە هەمووانی ویست تاعەتی لێ بکەن. تارنووش و ئەولادەکانی حوکمەکانی شەریعەتیان قەبووڵ کرد. ژیانێکی خۆشیان ڕادەبوارد هەتا دەورەیەکی هەسارەکان (سەوابت) گەیشتە کۆتایی. بە دوای ئەودا ڕوویان لە خوا وەرگێڕا و سەربزێو بوون. دەورەی هەساران بە لای حەکیمانی هەوەڵێ سیوشەش هەزار ساڵە و هەندی بیستوپێنج هەزار و دووسەد ساڵیان مەزندە کردووە. محێدینی مەغربی ئەو دەورەیەی بە بیستوچوار هەزار ساڵ داناوە. [ئەجندان] چوار دەورەیان بە فەرمانبەری و دواتر سەرپێچی ڕابوارد. لە دەورەی چوارەمدا مەلائیکە مەئموور کران بچنە شەڕیان. لەو شەڕەدا بەشی زۆری ئەجندان کوژران. ئەوانەی لە مەرگ ڕزگاریان بوو و نەکوژران هەڵاتنە دوڕگان و کاولان.

مەلائیکە منداڵانی سەروپێچکەی ئەوانیان بردە ئاسمان؛ یەکێک لەوان ئیبلیس [شەیتان] بوو. ئیبلیس هیچ تاعەت و عیبادەتێک نەما نەیکا؛ بوو بە یەکێ لە نزیکانی بارەگای خوا و بوو بە ڕێپێشاندەر و ئیرشادی «بنی ئەلجان» لە سەر زەوی و بە شەڕ ئەوانی ملکێشی تاعەتی خوا کرد و خۆی بوو بە ئەمیری ئەوان. [ئیبلیس] زۆر غەڕڕە بوو، دەچووە ئاسمانان و لە کۆڕی نزیکان، بە خۆی هەڵدەگوت. هەتا مەلائیکە لە ڕێی «لەوحی پارێزراو» (لەوحی مەحفووز) ئاگادار بوون کە یەکێک لە نزیکان دەکەوێتە بەر قین و غەزەبی خودا. بە ئیبلیسیان گوت ئەو خەبەرە؛ دەبێ خەریکی

تۆبە و پەشیمانی بین. ئیبلیس گوتی زانیومە و ئەوە پێوەندی بە ئێمەوە نییە. ئادەم خوڵقا و شەیتان لە دەرگای خوا ڕاونرا... (ڕەوزەتوسەفا، ج ١) و بڕوانە «جیبالسیر و ناسخ التواریخ. (لغتنامە دهخدا، جلد ٥)

جانی بنی جان: جان وشەیەکی پەهلەوییە و بە مانای «هێزی نادیار و نەبینراو»ە. لە فەرهەنگی فارسیدا بە مانای «جن» واتە جندۆکەش لە مارج و مارجە. ئادەم لە خاک بوو و مارج لە ئاور. بەرەی مارج، واتە ئەولادانی جان/ جن/ جندۆکە تا ٣٠٠ ساڵ لە سەر دنیا ژیان و خواپەرست بوون. پاشی ئەم ماوەیە وردە وردە لاڕێ بوون و ڕوویان کردە فەساد و خراپە. خوا سزای دان و دەستەیەکی بە هۆی تۆفان لە نێو بردن و دەستەیەکیشی ئاوارەی چۆل و بیابان و شوێنی وێرانە و تاریکستان کرد، بۆیە ئێستاش بیر و باوەڕی ڕەمەکی وایە کە جێگای تاریک و خەڵوەت و ژێرخان و شوێنی کاول و وێرانە جندۆکەی تێدایە. (فرهنگ اساطیر و اشارات داستانی، محمدجعفر یاحقی، چاپ دوم، سروش، ١٣٧٥)

ئاماژەی جانی بنیجان واتە جانی کوڕی جان، لە فۆلکلۆڕی کوردیدا، مەبەست لە سەردەمێکی زۆر دوورودرێژ و کۆنی مێژووویە؛ وەک بڵێی لە زەمانی ئادەم و حەواوە. وشەی جان حەوت جار لە قورئاندا هاتووە.

٢٦٦- قارەمان و قەیتەران: بۆم ڕوون نەبۆوە کێن، بەڵام وێدەچێ قارەمانی ئەو چیرۆکە فۆلکلۆڕییە بن کە دێوان بەخێویان کردن و لە لای ئەوان گەورە بوون.

٢٦٧- جمجە سوڵتان: ئەو پاشا ساماندارە ئەفسانەییە کە سەدان ساڵ دوای مردنی، ڕۆژێ کەللەسەرەکەی لە بەرانبەر پاشایەکی تردا – کە بە ڕێڕەو تووشی دی و بە نووکی کەوشەکەی ئەم دیو ئەو دیوی پێدەکا – دێتە گۆ و دەڵێ: «بۆ وا دەکەی؟! منیش وەک تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان پاشا بووم، سامانم عەردوبووی هەڵگرتبوو و...»

لە موکریاندا جمجمە سوڵتان لە دوو جێدا بە کار دێ: بۆ

دەوڵەمەندی (فڵانی وەک جمجمە سوڵتانە)، بۆ بێوەفایی دنیا (دنیا بە جمجە سوڵتانی نەما بە کێ دەمێنێ)

٢٦٨- ڕۆستەم: بڕوانە پ. ١٤.

٢٦٩- عەباسی عەلەمدار: عەباس بنی عەلی، چوارەمین کوڕی عەلی و گەورەترین کوڕی ئومولبەنین و ناسراوە بە «قەمەری بنی هاشم». ڕۆژی عاشووڕا لە ساڵی ٦١ی کۆچی لە ڕووداوی کەربەلادا شەهید بوو. گڵکۆی لە کەربەلایە. (اعلام فرهنگ معین)

٢٧٠- بزروونی بێڵدار: «بورزوو» کوڕی سۆهراب و نەوەی ڕۆستەمە. «بورزین» حەکیم و پیاوی دانای سەردەمی بارامی گۆڕە. بیل B iL لە زمانی زەردەشتییەکانی کرمان‌دا بە مانای «بەردە» هاتووە. من وای بۆ دەچم کە بزروونی بێڵدار بە مانای پاڵەوانی خاوەن ئەسیر بێ؛ واتا لە شەڕدا دیلی زۆری لە دوژمن گرتووە. بێڵ لە فارسیدا نەمادی میوانداری و ئاگاداری کردن لە موسافیر و ڕێبوارانە. (یادداشتەکانی عەبدوڵڵا سەمەدی)

لێم ڕوون نییە بزروونی بێڵداری نێو ئەو دەقە هەر ئەو کەسایەتییانە بێ وەک پەراوێز هێنامنەوە.

٢٧١- زۆهرابی نێزەدار: سۆهراب کوڕی ڕۆستەم کە بە دەستی باوکی کوژرا، بێ ئەوەی یەکتر بناسن.

٢٧٢- نمردوود و شەدداد: نمروود؛ لەقەبی پاشای کەلدەیە. ژیانی تێکەڵاوی ئەفسانە بووە. دەڵێن ناوی «نینووس» بووە. پیاوێکی دلێر و ئازا بووە. خەڵک بە قارەمان و دەسەڵاتداری زەوییان دەزانی. دەڵێن شاری بابل ئەو سازی کردووە؛ دەورانێکی زۆر بە بابلیان دەگوت وڵاتی نمروود. نمروود هاوچاخی برایم پێغەمبەر بووە، هەر بۆیە لە تەفسیرەکانی ئیسلامیدا ناوی زۆر هاتووە. (اعلام فرهنگ معین).

شەدداد؛ پاشای عەرەبستانی باشووری دوو کوڕی هەبوو «شەدداد» و «شەدید» دوای مردنی شەدید، شەدداد جێی گرتەوە و وڵاتانی دەوروبەری داگیر کرد. بەهەشتی شەداد - ئیرەم - مەشهورە. (اعلام فرهنگ معین)

٢٧٣- بەختەک و نەوشیرەوان: «نەوشیروان» یا بە فارسی (نووشین ڕەوان) کە بە مانای (ڕوحی نەمر)ە، کوڕی قوباد و ٢١ەمین پادشای بنەماڵەی ساسانییە، ساڵی ٥٣١ی زایینی هاتۆتە سەر تەخت و ساڵی ٥٧٩ لە تیسفوون مردووە. «بەختەک» کە بە پێی پەندی کوردیی «هەتا ئەنەوشیرەوان حاکم و بەختەک وەزیر بێ، هەزار کەلاوە بە پووڵێکی». دەبێ وەزیری نەوشیروان بووبێ؛ بەڵام لە سەرچاوەکانی زمانی فارسیدا ناوی بەختەک نەهاتووە، وا دیارە ئەم ناوە تەنیا لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە. سەرچاوەکان دەڵێن وەزیری نۆشیروان ناوی «بوزورگمێهر» بووە. بەڵام بە پێی (اعلام معین) و (تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام) و (شاهنامە فردوسی) یەکەمین وەزیری نەوشیروان، کە هەر بە یارمەتیی ئەویش هاتە سەر تەختی پادشاهی، ناوی (مهبود= مەهبوود) بووە. بە پێی وتەی نیزامی گەنجەوی (٥٣٥- ٥٩٩ کۆچی) لە کتێبی «مخزن‌الاسرار»دا، لە ژێر سەردێڕی «داستان نوشیروان با وزیر» دەڵێ: نەوشیروان کە هاتە سەر حوکم زۆر زاڵم بوو، ڕۆژێکی لەگەڵ ئەم وەزیرەی دەچن بۆ ڕاو، شا دەبینێ دوو باڵندە لە سەر لکی دارێک بەرانبەری یەکتر دەخوێنن، شا بە وەزیر دەڵێ: ئەمانە دەڵێن چی؟ وەزیری عاقڵ لە وەڵامدا دەڵێ: قوربان یەکیان خوازبێنی کچی ئەوی تر دەکا، ئەویش بۆ مارەیی کەلاوەیەک دەخوازێ، ئەمیش پێی دەڵێ: غەمت نەبێ، شای وا زاڵمی وەک نەوشیروان لە سەر حوکم بێ، لە سەر کەلاوە پەک ناکەوێ، لە جیاتی دانەیەک سەد هەزارت دەدەمێ. شا زۆر بەوە تێک دەچێ و بڕیار دەدا لە مەودوا بە عەداڵەت بجووڵێتەوە. بە پێی ئەم داستانە دەبێ (مەهبوود) هەمان (بەختەک)ی کوردی بێ. لە بەرگی هەشتەمی، شاهنامەی چاپی مۆسکۆ، لە لاپەڕە ١٤٧دا ناوی (مهبود) هاتووە.

ئەنەوشیرەوان (خاوەنی ڕوحی هەرمان) لەقەبی خەسرەوی یەکەم پادشای ساسانی بە «دادگەر» مەنشوورە. بیستویەکەمین پاشای ئەو سیلسیلە و کوڕی غەبادی ساسانییە. دایکی کچە

وەرزێڕێک بوو... دوای مردنی غەباد، نەوشیرەوان لەگەڵ برایانی «کیووس» و «جام» کەوتە ململانی و سەرەنجام بە یارمەتی مەهبوودی وەزیر بە دەسەڵات گەیشت. لە شەڕی ڕۆمیان و هێرشکەرانی ڕۆژهەڵاتدا سەرکەوت. سێبەری عەداڵەتی خستە سەر هەموو وڵات. دەورانی پاشایەتی نۆشیرەوان دەورانی زێڕینی حکوومەتی ساسانییەکانە. پێغەمبەر لە سەردەمی پاشایەتی ئەودا لە دایک بوو. (اعلام فرهنگ معین)

٢٧٤- بڕوانە پ. ٢٦٧.

٢٧٥- ئیمامی هەمزە: مامی پێغەمبەر بوو. دوو ساڵ دوای ئاشکرا بوونی پێغەمبەرایەتی ئەو ئیمانی هێناوە. ساڵی ٣ی کۆچی لە تەمەنی ٥٩ ساڵی لە شەری ئوحوددا کوژرا. هەمزە بە سەیدوشوهەدا ناوی دەرکردووە. بڕوانە پ. ٢١٤.

٢٧٦- بڕوانە پ. ٢٥٨.

٢٧٧- سەعدی بنی وەقاز: سەعدی کوڕی وەقاس (٥٩٥- ٦٧٥ی.ز) یەکێک لە یارانی پێغەمبەر و سەردارێکی بوێری سپای ئیسلام بوو. ساڵی ١٣ی کۆچی لە شەڕی قادسییە لەشکری ئێرانی تێکشکاند و ڕۆستەمی فەڕروخزاد، فەرماندەی سپای ئێران لەو شەڕەدا کوژرا. سەعد شاری تیسفوون پێتەختی ئێرانی داگیر کرد و بەو چەشنە ئیمپراتۆری ئێران تەسلیمی سپای ئیسلام بوو. بەشێک لە حەدیسەکانی پێغەمبەر لە زمانی سەعدەوە نەقڵ کراون. (اعلام فرهنگ معین/ فرهنگ جغرافیایی و تاریخی عمید/ ویکی پدیای عەرەبی)

نەزەرگەی «سوڵتان سەید وەقاز» لە سەر کێوی «سوڵتان»ی نێوان مەهاباد و بۆکان، وە بیرهێنەرەوەی لەشکرکێشیی سپای ئیسلام بۆ سەر کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسە.

٢٧٨- وسێنی غازی: گومبەتێکە لە ناوچەی قەراج لە نزیک شاری مەخموور. (سەرچاوە: فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری/ محەمەد کەریم شەریف/ بەغدا ١٩٨٩)

٢٧٩- نەسیم: وێدەچێ مەبەست نەسیمی عەییار، قارەمانی تەڕڕار و تەردەستی چیرۆکە فۆلکلۆڕییەکان بێ.

٢٨٠- تەمیم: تەمیم بن موڕڕ، یەکێ لە گەورەترین شاعیرانی دەورەی جاهیلی بوو. زمانی میعیاری بەلاغەت لە نێو عەرەبان بوو. قەبیلەی تەمیم دوای مردنی پێغەمبەر لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە و خالید بنی وەلید هێنانیەوە سەر ڕێی ئیسلامەتی.

تەمیمی ئەلداریْ: ئەسحابە و خزمەتگوزاری مزگەوتی ئەلخەلیل لەو تایفەیە بووە. (المنجد)

٢٨١- سەعیدی ترشڕوو: بۆم ڕوون نەبۆوە کێیە!

٢٨٢- ئەرزەقی جادوو: یەکێک لە قارەمانانی ئەفسانەکانی کوردییە. زۆرم حەولدا بزانم هی کامە داستانە؛ چیم دەست نەکەوت.

٢٨٣- ئەفلاتوون: (٤٢٧-٣٤٧ی پ.ز) فەیلەسووفی یۆنانی کە لە مەزنەماڵێکی «ئاتێن»یدا پێی نایە جەغزی ژیان. لای سوقرات خوێندی و بوو بە مامۆستای ئەرەستوو. لە ئاتێن ناوەندێکی دامەزراند و ناوی نا «ئاکادیمیا» و کردی بە خوێندنگا و لێی بوو بە دەمڕاست و مامۆستا. ڕوانگەی فەلسەفییانەی ناسراوە بە فەلسەفەی ئاکادێمیا. بە پێی فەلسەفەی ئەفلاتوون هەر کام لە کاروبارەکانی جیهان خاوەنی بن و بنچینە و ڕاستەقینەیەکە و بە نموونەی کامڵ و پێگەیشتوویان دادەنێ و وەک وێنە دەیانخاتە بەر باس. هەروەها لای وا بوو جیهان خاوەنی گەوهەر یان نەفسە.

سەبارەت بە دەوڵەتان لای وا بوو، باشترین دەوڵەت ئەوانەن کە فەرمانڕەواکانیان «فرەزان» بن یا پیاوی پیتۆڵ و فرەزان ببنە فەرمانڕەوا. ئەفلاتوون لە کتێبی «سیاسەت» (یان هەمان کۆمار) دا پێی وایە دادپەروەری و دادەوانی لە «شاری ئاواتەخواستە» دا وەدی دێ. شوێنەوارە بەرچاوەکانی ئەفلاتوون بریتین لە: سیاسەت، ئاپۆلۆژی، خارمیدێس، کریتۆن، پرۆتاگۆراس، یوون، فێدرۆس، گورگیاس، مێنۆن، تێئێئووس، سووفیست، پارمیندێس، سۆمیۆسیۆن، فیدۆن، فیلبۆس، تیمایووس، کریتیاس و نوامیس. (سەرچاوە: فرهنگ اعلام سخن، جلد اول، ص ٢٠٥ - ٢٠٦)

٢٨٤- حەتەم: حاتەمی تایی، حاتەم بنی عەبدوڵڵا بنی سەعدی تایی لە هۆزی تەی، یەکێک لە پیاوە جوامێر و دەستڕۆیو و بەخشندەی عەرەبی دەورەی جاهیلییە. پیاوەتی و سەخاوەتی ئەو لە نێو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەنگی داوەتەوە.

٢٨٥- مەبەست تەنگی و باریکی قەبرە.

٢٨٦- مەبەست قووڵی قەبرە. قەبری ژنان لە هی پیاوان قووڵتر هەڵدەکەنن. قەبر بە قەرا بەرزیی سینەی ئەو کەسانەیە کە هەڵیدەکەنن.

٢٨٧- لە نێو کولتووری کوردەواریدا باوەڕ بە شانس و ئیقباڵ بە لای بەشێکی زۆر لە خەڵکەوە وەک ڕاستییەک چاوی لێدەکرێ کە لە دەسەڵاتی ئادەمیزاد بە دەرە. دیارە ئەو شێوە بۆچوون و باوەڕە دەتوانێ شوێنی سەلبی لە سەر تێکۆشانی بەردەوام و گەڕان بە دوای هۆ و سەبەباندا هەبێ و ورە و توانایی و خەللاقییەت کەم بکاتەوە. دەیان بەسەرهات لە داستان و ئەفسانەکانمان سینە بە سینە پارێزراون و ئێستاش بیسەری تامەزرۆی خۆیان هەر هەیە.

٢٨٨- شێوەی بڕینەوەی پێشەکی و چوونە نێو کاکڵی مەبەست. ئەو جۆرە هەڵبڕینە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حیکایەتخوانییە کە پەڕیوەتەوە نێو بەیت.

٢٨٩- بادی فەنا: هەندێ نەتەوەی کەونارا «با» یان دەپەرست و بە خودایان دەزانی (فرهنگ نگارەای نمادها در هنر شرق و غرب). با نیشانەی هێز و تواناییە و دەتوانێ ڕوح بستێنێ و ڕایماڵێ. هەر بۆیە لە شیعر و ئەدەبدا هەمیشە بۆ «فەنا» ، «مەرگ» ، «ئەجەل» «با» گوتراوە: بای ئەجەل هات و لەنەکاو دەفتەری ژینی دڕیم (هەردی). هوودی پێغەمبەر تووکی لە قەومی خۆی واتا عاد کرد و بایەکی توند هەموویانی لە نێو برد. لە هەندێ دەقدا باری فەنا هاتووە کە وێدەچێ هەڵە بێ.

٢٩٠- پێنج سەد کەوان: بڕوانە پ. ١٢٠.

٢٩١- شێر و پڵینگ لەو ڕستەیەدا وەک ئیستعارە کەڵکی لێوەرگیراوە و مەبەست قارەمانان و شەڕکەرانی کارەساتی دمدمن. دوو دێڕ دواتر هەوای بەیتەکە شێوەی ڕەزمی و شەڕ بە خۆوە دەگرێ.

٢٩٢- ویدەچێ مەبەست ئەوە بێ کە خان بۆ هەڵبژاردنی جێگەی قەڵای دمدم زۆر شوێن گەڕابێ و لە کۆتایی ئەو گەڕانەدا ئەم شوێنەی هەڵبژاردبێ.

٢٩٣- مەبەست ئەوەیە کە با قەڵا ساز بکەین

٢٩٤- لە نێو کوردان چاو ڕشتن بە کل و دەرمان هەر تایبەت بە ژنان نەبووە. هەتا ئەو زووانە پیاوانی بەساڵاچووش چاویان دەڕشت. ویدەچێ خانی لەپزێڕنیش ئەو کارەی کردبێ و «چاو بە نەخش» لەوەوە هاتبێ.

٢٩٥- کاک خانم ئەڵماس ڕەشە: ئەڵماس کینایەیە لە هەر شتێکی تیژ؛ هەروەها مرۆڤی چوست و چالاک. ئەڵماس نەمادی نوور و درەوشانەوە و لە شکان نەهاتوویە. لە نیشانەکاندا زۆربە نیشانەی ناوەند و درەوشاوە و پڕ ڕەمزوڕازە... (فرهنگ نمادها)

٢٩٦- فیعلی «ڕاکێشان» بۆ خانووبەرە جێی لێ وردبوونەوەیە. زۆر بوونی فێعل لە هەر زمانێکدا توانایی ئەو زمانە زیاد دەکا و پێشی شوێن دانانی بێجێی زمانی لاوەکی دەگرێ. هەروەها یارمەتی دەدا بە معادلسازی زمانی؛ بەتایبەت لە فەننی وەرگێڕاندا.

٢٩٧- واتا حەوت سەد وەستای هێنا بۆ ساز کردنی قەڵا.

٢٩٨- مەبەست لە کاک خانە میری موکرییە. خانە وەک ناو ئێستاش لە موکریان ماوە. بۆ میری موکری بڕوانە پ. ٢٠.

٢٩٩- ژمارەی حەوت نەمادی نیزامێکی کامڵە. حەوت یەکگرتنی چوار و سێیە. حەوت بەرانبەرە لەگەڵ حەوت لای فەزا (شەش لایەنی هەستی و لایەنێکی ناوەندی)، لەگەڵ ئەستێرەی حەوتپەڕ، لەگەڵ تێکەڵاوی چوارگۆش و سێگۆش (هەر ئەو جۆرەی ئاسمان لە سەر عەرز ڕاوەستاوە). حەوت لە حەوت نۆتی مۆسیقادا، لە ڕەنگەکاندا، لە حەوت ئەستێرە و خێوەکانیاندا، لە گوناهە گەورەکاندا دێتە بەر چاو. حەوت نەمادی دەرد و ڕەنجە. (سەرچاوە: فرهنگ نمادها). بڕوانە پ. ١١ و ٣٠٥.

٣٠٠- «نانی کەسێک خواردن و خەیانەت پێ نەکردن» وەک باوەڕێکی یەکجار قایم و پتەو بایەخی پێدراوە و کەم کەس وا بووە ئەو

بـاوەڕەی پێشێل کردبێ. ئیدیۆمی وەک «نمەکگیر بـوون» ، «نان و نمەکی کەسێک کردن» ، «نمەک بە حەرامی» ، «نمەک کردن» ، «نمەک سوێری» هەموو لە چوارچێوەی ئەو باوەڕەدا دەخولێنەوە. نمەک لە فارسیدا بە مانای «خوێ»یە. لە موکریاندا ئەو وشە بە تەنیای و بە مانای خوێ بە کار نایەنن؛ تەنیا لە بابەتی وەک ئیدیۆم و مەتەڵ و تەمسیلدا ماوەتەوە. ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە بەیتبێژ لە هەر جێیەک بۆی گونجا بێ تاوانی شاعەباسی لە کارەساتی دمدمدا کەم کردۆتەوە. سپای شاعەباس بە دڕندانەترین شێوە ئەو قەڵایەی وێران کرد؛ کەچی بەیتبێژ باسی خۆ پاراستنی شاعەباس لە نمەکگیر بوون دەکا. ئەم کەمڕەنگ کردنەوەی تاوانی دەسەڵاتداران لە بیر و باوەڕی جەماوەری کورددا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ڕەوانناسانە و کۆمەڵناسانەیە.

٣٠١- مانای ڕستەم بۆ ڕوون نەبۆوە. وێدەچێ لە زمانی بەیتبێژەوە بە هەڵە تۆمارم کردبێ یان کۆنی کاسێت بە هەڵەی بردبم. لە دەقەکەی خاڵە سـوورەدا ڕق و مان هاتووە. بە پێی ئەو دەقە مانای ڕستە دەبێتە: شا عەباس هەم ڕقی هەستا و هەم مانی گرت. دیارە بەو جۆرە دەستیان لێ بەرداوە و ئەویش گەڕاوەتەوە ئیسفەهان.

٣٠٢- ئیسفەهان، ئیسپەهان: بڕوانە پ. ٢٨ و ٤١٣.

٣٠٣- دڕدۆنگ بوون و باوەڕ پێنەکردن بە ژێردەستان یەکێک لە نیگەرانی و دڵەخورتەکانی پاشایان بووە. بۆ ئەوە پێشی سەربزێوی و لە فەرمان چوونە دەری حاکمانی ژێر دەستی خۆیان بگرن، چەند کەسی نیزیک - بەتایبەت کوڕی ئەوانیان بە بارمتە لای خۆیان ڕادەگرت. وشەی ڕەهن لێرەدا بۆتە ڕەهێن؛ مانای بارمتە و گرەو دەدا.

٣٠٤- حەولاد، عەولاد، مەبەست منداڵە. جێگۆڕکێی پیتی «ع» بە «ح» لە کوردی موکری دەشتی شاروێران و شاماتی مەهاباد زۆر جار ڕوو دەدا. مامۆستا هێمن لە پێشەکی تۆحفەی موزەففەرییەدا

ئاماژەی بەو دیاردە زمانییەی بەشێک لە ناوچەی موکریان کردووە. لە دەقی دمدمی ڕەحمان بەکردا پتری باس لێدەکەین.

٣٠٥- واتا عەبدالّبەگ بۆ ماوەی سێ حەوتوو لە لایەن شاعەباسەوە ئیزنی پێدەدرێ بێتەوە کوردستان و بە خزمەت باب و مامی بگا. دیاری کردنی واحیدی زەمانی جومعە یان حەوتوو لە قەدیمدا زۆر باو بووە و ڕیشەی لە ئەرزیشی نەمادی ژمارە «حەوت» دایە و دەستنیشان کردنی ڕۆژی جومعە وەک دوایین ڕۆژی حەوتە بە جێی «حەوتوو» جیا لە بارە نەمادییەکەی، ڕەنگی ئیسلامەتیشی بە خۆوە گرتووە. بڕوانە پ. ١١ و ٢٩٩.

٣٠٦- مانای ڕستە: بۆ خۆ پاراستن دەستیان بە دەس‌درێژی بۆ سەر ناوچەکانی دەوروبەر کرد. مامۆستا هەژار لە هەنبانەبۆرینەدا وشەی «نژد»ی بەو مانایە نەگرتووە، بەلّام وشەی «نژدە» و «نژدی» هێناوەتەوە: نژدە ١) تەریدە، دەستەی ڕێگران ٢) تالّانکەر ٣) ئەوانەی شوێن ڕێگران دەکەون بۆ کوشتن و گرتنیان. بە ڕوونی دیارە لێرەدا مەبەستی بەیتبێژ مانای سێیەمی «نژد»، «نژدە» یان «نژدی»یە.

لە دەقەکاندا لە دوو چاوگی «گرتن» و « کردن» بۆ وشەی نژدی کەلک وەرگیراوە، ئەم بابەتە لە باری زمانییەوە جێی سەرنجە. ئایا نژدە بە دوو کردار دەکار دەکرێ؟ ئایا بۆ مانای سێیەم لە «گرتن» کەلک وەردەگرن؟

٣٠٧- بە قوڕێ گرتن بە مانای خەرا کردن و چۆل کردن دێ. بە قوڕ گرتن دەبێ شێوەیەک دەرکردن و بە زۆر مالّ پێ چۆل کردن بووبێ؛ بەو چەشنە کە خاوەن مالّ بە یەکجاری لە نیشتمانی خۆی بڕەتێنی و دەرگای مالّەکەشی بە قوڕ بگری و توانای گەڕانەوە و چوونە ژووری نەمێنێ. تایبەتمەندییەکی زمان لە حالّەتی تەرکیب و ئیدیۆمدا دوور بوونەوە لە مانا سەرەکییەکە و دروست بوونی مانای تازەیە.

٣٠٨- مانای ڕستە: ژن و مندالّیان بە تالّان دێنم. ژن و مندالّ بە تالّان بردن یەکێک لە کردارە باوەکانی شەڕکەرانی سەرکەوتوو بوو.

شاعەباس ڕاست ئەو هەڕەشەیە لە خانی لەپزێرین دەکا. وێدەچێ هەر ئەو ترسە دواتر بووبێتە هۆی خۆ هەڵدێرانی تێکڕا و وێکڕای کچ و ژنانی قەڵا. ئەم ڕستە لە بواری زمانیشەوە جێی سەرنجە بەتایبەت کەلک وەرگرتن لە «پاشین» و جێی ئەو وشەیە لە سەر هێڵی ڕستەدا.

٣٠٩- کوشتن یان دەمولووت یان دەست بڕینی قاسید لە دژایەتییەکانی نێوان دەوڵەتاندا باو بووە. ئەوە ڕاستەوڕاست نیشانەی شەڕ بووە. لە سەر ئەو شێوە ئاکارانە مێژوو گەلێ کارەساتی خوێناوی بە خۆیەوە دیوە.

٣١٠- مەبەست لەم ڕستەیە ئەوەیە کە شاعەباس وەک شێری نێو قەفەس لە پێل بڕینی قاسیدی خۆی ئازاری پێگەیشتووە و فکری تۆڵەی کەوتە سەر. وێچواندنی شاعەباس بە شێر، قین و بوغزی لە ڕادە بە دەری تێدایە. لەو ڕستە تەشبیهەدا «وەجهی شەبەهـ» بێگومان ئازایەتی نییە، بگرە مەبەستی بەیتبێژ دڕندەییە.

٣١١- بڕوانە پ. ٨٢.

٣١٢- لێرەدا مەبەست لە منداڵ، بێ تەجرەبەیی و کەمئەزموونییە.

٣١٣- لە دەورەی ساسانییاندا قەلای دمدم هەر بەو ناوە و هەر لەو جێیە هەبووە.

٣١٤- بەگزادە: بەگزادە (واتا: کوڕی بەگ)، ناوی کۆمەڵێکی گەورەی کوردە کە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەژین و لە بەرەی نەجیبزادە و دەسەڵاتدارانن. بەگزادەکانی هەورامان بنەچەی خۆیان دەبەنەوە سەر «تەهموورس»ی پادشای ئەفسانەیی، بەڵام بەگزادەکانی جاف بە چەند پشت دەچنەوە سەر «زایربەگ» و یەکەم بەرەی دەسەڵاتدارانی جاف پێکدێنن. لە تەرگەوەڕی ورمێ بەرەیەکی تری بەگزادە دەژین کە خاوەن ٢٥ گوندن و بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن (دایرەالمعارف اسلامی، ج١٢). بەگزادەی بەرباسی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ، «بەگزادەی موکری»ن کە دەوری هەزاروپێنسەد ماڵ و لە بەرەی «بوداغ سوڵتان»ی موکرین. لە نێوانی سابڵاغ و سەقزدا نیشتەجێن

و زۆربـەی ئاغاکانیان باسـەوادن و ئەهلی شیعر و ئـەدەب و مۆسیقان. کاری زۆربەی خەڵکەکە کشتوکاڵە و داهاتی ناوچەکەیان بەناوبانگە. ئۆژێن ئۆبێن دەڵێ: «دەچنەوە سەر پیربوداخی کوڕی شێرخانی حاکمی سابڵاغ. دانیشتووی چیان، بەڵام ئەو تایفەی لە شار نیشتەجێن بە «خـانزادە» ناوبانگیان هەیە. V ichevskij لە وتـارەکـەی کە ساڵی ١٩٥٨ بە ڕووسـی لە مۆسکۆ بڵاوی کردەوە، دەڵێ: گۆیا بەگزادەی موکری لە سەرەتادا دارودەستەی شەڕکەری خێڵی موکری بوون (هۆزی فەیزوڵڵابەگی بانی بۆکان، ل ٧٠). لە شەجەرەیەکی دەستنووسدا حەسەن سەڵاح بنەچەکەی بەگزادەکان لە میرسەیفەدینی موکری و فەقێ ئەحمەدی دارشمانە و کاکەمیرەوە دەباتەوە سەر «بوداغبەگ» ناو کە ئەویش لە زمان سی. جی. ئەدمۆنسەوە دەباتەوە سەر سەلاحەدینی ئەییووبی. (لە یادداشتەکانی عەبدوڵڵا سەمەدی)

بەڵگەکان وا دەردەخـەن بەگزادەی موکری لە سۆهرابـبەگی کوڕی بداغسوڵتانەوە کەوتوونەوە و خانزادەکانیش لە مووساخانی برایەوە.

٣١٥- ئـەو ڕستەیە هـەر بـەم جۆرە و بێ دەستکاری و جێگۆڕکێی وشەکانی بە کار دێ. بێژەر کاتێ لەو عیبارەتە کەلک وەردەگرێ کە پێی وا بێ قسە، ئاکار یان ویست و داخوازییەکەی بە دڵی ئەو کەسە نەبێ کە لەگەڵی دەدوێ. جارجار بۆ ڕێگە خۆش کردن و درکاندنی سووکەڵە ڕازیش بە کار دێ: ئەگەر عەیبە و ئەگەر شوورەیی‌یە خۆشم لە ئاکاری فڵانی نایە/ ئەگەر عەیبە و ئەگەر شوورەیی‌یە دڵم بە فڵان کەسەوە/ ئەگەر عەیبە و...

٣١٦- پشت پێ ئەسپاردن یان پێ بەستن لەو ئیدیۆمانەیە کە بە هەر دوو شێوەی ئیجابی و سەلبی دە کار دەکرێ. وێدەچێ زاراوەیەکی شـەڕ بێ و لە پشت وێکدانی دوو کـەس لە مەیدانی شـەڕەوە کەوتبێتەوە، بۆ ئەوەی لە هێرشی پشتەوەڕا خاترجەم بن: فلانی بۆ پشت پێ بەستن دەبێ؛ واتا ڕۆژی تەنگانە و لێقەومان دەتوانێ یارمەتیت بدا/ فلانی بۆ پشت پێ بەستن نابێ. پشت لەو وشانەیە

که له مانا مەجازییەکەیدا چەندین جۆرە دەوری لە زمانی کوردیدا هەیە: پشت (بە مانا کەسوکاری لای باوک)، پشتوپەنا (بە مانای کەس یا شوێنێک بۆ پەنا بردنی ڕۆژی تووشی و تاڵی)، پشت ئەستووری (بە مانا سازدانی کاروبار و دابین کردنی هەلومەرجی پێشەکی بۆ کارێکی خەریکی بیکەی)، پشتاو (بە مانای بێبەری کردن و ئەهەممییەت وێنەدانی کەسێک)، پشت تێکردن، پشتاوپشت، پشت شکان، پشتگوێ خستن،...

٣١٧- مانای ڕستە: خەریک بوو دەستی بسووتێ.

٣١٨- «توانەوە» لانیکەم دوو مانای مەجازی لێدەکەوێتەوە. زەمانە کەڵی دەتوێنێتەوە (بە مانای پیر بوون)، کوڕە ماڵەکەی بابی هەموو تواندەوە (بە مانای خەرج کردن و تەواو کردن و بە فیڕۆ دان). لە داستان و بەسەرهاتی دۆزینەوەی گەنجەکاندا ئەوەی هەمیشە گرفتی ساز کردووە، شێوەی خەرج کردن و هێنانە نێو خەڵک بووە. هەر بۆیە مانا مەجازییەکەی تواندنەوە لەگەڵ بە دزی و بێ ئاگاداری ئەم و ئەویش تێکەڵ دەبێ.

٣١٩- چاوە واحیدی خانوو و ساختومانە؛ یەک چاوە خانوو، دوو چاوە خانوو. دەکرێ ئەو وشەیەی لە جێی «باب»ی فارسی دابنێی: «یک باب ساختان» یەک چاوە خانوو. «هەمبانەبۆرینە چاوەی بە دیوێک لە خانووبەرە مانا کردۆتەوە. وێدەچێ ئەم وشەیە لە سەرەتادا ئەو مانایەی هەبووبێ، بەڵام ئێستا بە مانای سەرجەمی خانووبەرەیە. فەرهەنگی مەهاباد ئەم وشەیەی بەرانبەری «غرفە»ی عەرەبی داناوە.

٣٢٠- «خورد کردنەوە» زێڕ و جەواهیرات و ماڵ و ماڵات و بەرە بەرە کردنە پارە. جارجار بۆ بەرە بەرە فرۆشتنی ماڵی دزێتیش بە کار دێ. گۆڕینەوەی پارە بە چەند پارەی بچووکتریش (ورد کردنەوە) هەر خورد کردنەوەیە.

٣٢١- مەبەست لە «کەڵ و عاڕەبە بە سەردا ڕۆیشتن» بەرینییە؛ واتا دیوارەکە ئەوەندە بەرین ساز کرا بوو کەڵ بە عاڕەبەوە بە هاسانی بە سەریدا دەڕۆیی؛ دیارە ئەم ڕستەیە مەحکەمی دیواریشی

لێدەکەوێتەوە.

٣٢٢- «شتێک لە کەللەدا بوون« لەو ئیدیۆمانەیە کە پلان و نەخشەی لەگەڵە. فکر و بیرێک کە ماوەیەک زەین داگیر بکا و بۆ بەڕێوەبردنی لە هەل بگەڕێی.

٣٢٣- «ڕێ نەکەوتن» واتا لیاقەت نەبوون، کەمتر بوون لە ئاست بەرانبەر. ئەو ئیدیۆمە بە شێوەی سەلبی لە کار دەکرێ. ئەگەر بێژەر بە خۆی بڵێ ڕێم ناکەوێ... ئەوە کەلامێکی بە ئیحترامە و جۆرێک تەوازوع نواندنە. ئەگەر کەسێک بە کەسێک بڵێ «ڕێت ناکەوێ... ئەوە سووکە جنێوە و دەتوانێ لاتاو و تەشەری ناخۆشیش بێ.

٣٢٤- لە کولتوور و سەلیقەی جوانناسی کوردیدا، سپی بوونی پێست لە خاڵە جوانەکانە. جاری وایە بۆ ئەو سپی بوونە زێدەڕۆیی دەکرێ. بەلەک لەو ئەندامە پڕ جەزبانەی ژن و پیاوە کە نیگای جوانیپەرستی کورد ناتوانێ تێیەوە ڕانەمێنێ. وێدەچێ ئەو تێڕامانە تامەزرۆیانەیە لە داپۆشراوی لەشی پیاو و ژن و جۆری جلوبەرگی کوردییەوە کەوتبێتەوە. سپی بوونی بەلەکی ژن بە هوڕڕەی لۆکەی هەڵپێچراوی کانیاو دەشوبێنن: «بەلەکی دەڵێی هوڕڕەی لۆکەیە». ڕادەی سپی بوونی بەلەکی پیاو بە دیار بوونی مێشکی نێو ئێسکی لوولاک دیاری دەکەن؛ هەر وەک لەو ڕستەیە مێشکی ئێسکی لوولاکی شاعەباس دیارە، ئەوەش مەبەست سپی بوونی لە ڕادە بە دەر و نازدارییە و بەس.

٣٢٥- بڕوانە پ. ٣٠٠.

٣٢٦- واتا بە دانی ڕیشوە کاری ناڕەوا دەچێتە پێش. ئەم مەتەڵە بەم شێوەیەش هاتووە: «بەرتیل بەردی نەرم دەکا.»

٣٢٧- لێرەدا دوو خاڵ جێی سەرنجن: یەکەم، ئەوە تەنیا خەیاڵی بەیتبێژە ئەو باسەی خوڵقاندووە و لە هیچ کوێی بەڵگەکانی مێژوویی ئەم باسە نەهاتووە و شاعەباس خۆی نەچووە بزانێ قەڵا چۆن ساز دەکرێ، بەڵام بە دوور نییە جاسووس و سیخوڕی ناردبن هەتا لە چۆنیەتی ساز کردنی قەڵا ئاگادار بێ. دووەم، شوێن پێ دەورێکی دیاری لە نەخشە و پلان و ڕووداوی چیرۆک و ئەفسانە

و سەرکەوتن و شکست لە شـەڕدا هەیە و تەنانەت ئێستاش لە شەڕەکاندا ئەو خاڵە لەبەر چاو دەگرن و پاک کردنەوە و سڕینەوەی شوێن پێ یان پاش و پێش کردنی کەوش وەک خاڵێکی خۆ حەشاردان و دوژمن بە فریو بردن بە کار دێنن.

٣٢٨- مانای ڕستە: هەستە برۆ ترس و ئەندێشت نەبێ. ڕامان واتا چاو لە جێیەک بڕین و بە وردی بیر لەو شتە کردنەوە کە چاوت تێبڕیوە، بەڵام لێرەدا هەر ئەو مانایەی نییە و نیگەرانی و دڵەڕاوکەشی لەگەڵە.

٣٢٩- بەیتبێژ. لێرەوە بەیتەکە بە دەنگ دەڵێ: ڕستەکانی سەرەوەی هەر وا بە قسە گوتووە.

٣٣٠- واتا حەوت شەو و حەوت ڕۆژان هەر ناوی خەڵکیان نووسی بۆ چوونە شەڕی قەڵای دمدم، بەڵام دەفتەرخانەکان هەر بەتاڵ نەبوون و دیسان شەڕکەر دەهاتن و ناونووسییان دەکرد.

٣٣١- «کەلەکەزێ» ڕوون نییە چ شوێنێکە، لە چەند شوێنی تری بەیتەکەدا «دەزگـەز» هاتووە. دەبێ یان مەبەست دەرەگـەز یا دەرگەزێن بێ یان بەیتبێژ وشەکە بە هەڵە دێنێتە گۆ. دەرەگەز لە باکووری پارێزگای خۆراسانە. دوو شار بە ناوی دەرگەزێن لە دوو پارێزگای هەمەدان و سمناندا هەیە. مەمەغان، مەمەقان ئێستا شارێکی تورکنشینە لە نزیک تەورێز.

٣٣٢- گورجستان هەر ئێستا وڵاتێکی سەربەخۆیە.

٣٣٣- کەڕەنا: شەیپووری گەورە؛ لە شەڕدا بۆ دانی هەواڵی جۆراوجۆر بە شەڕکەران کەڵکی لێوەردەگیرا. بە فارسی «کەرنا» و «خەرنا»ی پێدەڵێن. وشـەی «خـەر» لـە فارسیدا کە بە مانای «کـەر»ە، دەکەوێتە سەر هەندێ وشە و لە مانادا گەورەیان دەکاتەوە، وەک: «خرمهرە»، «خرمگس» و... واتا مووررووی گەورە، مێشی گەورە. «خەرنا» یا «کەرنا» ش بە مانای «نای/ نی» گەورە؛ واتە «بلوێری گەورە» یە.

ئـەم ئەرکە ڕێزمانییەی وشـەی «کـەر» لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە سەر «کـەڵ» و «گـا». «کـەڵ» بۆ گـەورە کردنەوەی

مانایی، وەک: «کەڵەمێرد» ، کەڵەپیاو،... «گا» بۆ گەورە کردنەوەی جەستەیی، وەک: گابەرد، گاتوو، گادەر (گادەرە)،...

ئەو ئەرکە جاری وایە لەو دابەشینەی سەرەوەدا ناگونجێ، وەک: کەڵەدار (لە باری جەستەوە)، گابۆڕ (لە باری دەنگەوە). جاری وایە وشەی «کەڵ» و «گا» دەبنە پاشگر، وەک: کۆترەگایە، قادرەکەڵە.

٣٣٤- کەغاز، کاغەز، مانای ڕستە: حەوتسەد هەزار کەس ناوی لەو لەشکرەدا نووسراوە جگە لە وانەی ناونووسی نەکراون. ژمارەی هەزار مانای زۆر دەدا و حەوتسەد هەزار واتا یەکجار زۆر و زەوەند.

٣٣٥- کەوڵ وەک پۆشتەمەنییەکی گرانبایی لە ڕابردوودا کەڵکی لێوەرگیراوە. لە دەربارەکاندا جۆری کەوڵ و پڕبایەخ یان کەمبایەخ بوونی کەوڵ، جێگە و پێگەی خاوەنی دیاری دەکرد. زۆربەی ئەو جۆرە کەوڵانە لە لایەن پادشا و حاکمانەوە بە خەڵات دەدرا. لە بەیتەکانی کوردی لە زۆر شوێن ئاماژە بە کەوڵی سەمبوور و قاقم و چوار قەلاتی کراوە. سەمبوور دەبێ سمۆرە بێ. کەوڵی سەموور نیشانەی دەسەڵات و دەوڵەمەندی بووە؛ نموونە دیوانی سالم:

«سالم» نەکەی لە شەوکەتی مونعیم نەزەر بە غەم
نادەم پەڵاسی کۆنەیی فەقرم بە سەد سەموور

٣٣٦- چ قەدیم و چ ئێستا هەر لەشکرێک کە دەبزوێ بەرەو شوێنێک، بەشێکی بەرچاوی سەربازەکانی بۆ تەداروکات واتا ئامادە کردنی کەلوپەل و پێداویستی چەک و خواردەمەنی و پۆشتەمەنی تەرخان دەکا. لە هەندێ جێی بەیتە مێژووییەکان بەو مەبەستە ئاماژە کراوە؛ وەک دەستەی جۆلا، دارتاش، ناڵبەند، سەوەچن، کۆڵکێش، ئاوکێش و... زۆری و کەمی ئەو دەستانە دەگەڕاوە سەر گەورەیی و کەمیی لەشکر.

٣٣٧- ئاماژە بە چادر و خێوەتی سپی زۆرە کە لە دەوری قەلا هەڵدراوە.

٣٣٨- ئاماژەیە بە هێرش کردنی خان و پیاوانی بۆ سەر سپای

شاعەباس. ئاماژە بە هەڵدان و شەکانەوەی ئاڵا، ورەبەرزی و مەیل بە سەرکەوتن دەگەیەنێ.
٣٣٩- لە چەند دەقدا کاتێ باسی ئەحمەدخانی لێتانی دەکرێ، ڕستەی «ڕووی ڕەش بێ دەگەڵ شەیتانی» هاتووە. سەروا (قافیە) دانانی لێتان و شەیتان باری مانایی ڕق لە ئاکاری خەیانەتکارانەی ئەحمەدبەگی بە لای گوێگرەوە چەند قات کردووە.
٣٤٠- بڕوانە پ. ١٧٢.
٣٤١- ئاماژەیە بە ئەوپەڕی بێ دەرەتانی دانیشتووانی قەڵا بە هۆی ئاو لێ هەڵبڕین و کەوتنە تەنگانەوە.
٣٤٢- بڕوانە پ. ١٣٨.
٣٤٣- ئاماژەیە بە خێرا ڕۆیشتنی خدر. لە چیرۆک و ئەفسانەکاندا کاتێ باسی قاسید و نامەبەر و ئەرکی لەو چەشنە دەکرێ، سیفەتی چوستی و چالاکی و بەخێرایی ڕێگە بڕین گرینگی پێدەدرێ. قاسیدیان لە کەسانێک هەڵدەبژارد کە خاوەنی ئەو سیفەتانە بێ.
٣٤٤- ئاماژەیە بە لێهاتوویی و قسەزانی و تێگەیشتوویی خدر.
٣٤٥- نەبینران و دوور لە چاوی دوژمن چوون و هاتنەوە، یەکێک لە ڕەوشتە سەرەکییەکانی قاسید و نامەبەران بووە. بە شەو جلی ڕەش لەبەر کردن و بەیت کوتەنی بەرگی شەو واتە ڕەش یارمەتی بە سڵامەت سەفەر کردنی پێدەدان. باسی خۆ ساز کردنی تەتەر و تەڕاران یەکێک لە خۆشترین بەشەکانی گێڕانەوەی حەقایەتانە.
٣٤٦- ئەو بەشە لە بەیتەکە لەگەڵ سەرەنجامی کارەساتی دمدم بە پێی بەڵگەکانی مێژوویی یەک دەگرنەوە. لە جێی خۆیدا بە وردی باسی لێدەکرێ.
٣٤٧- بەرحوکم بوون واتا گوێ ڕایەڵ و تەسلیم بوون.
٣٤٨- لێرەدا دەنگی بەیتبێژ دەگۆڕێ و هەوای حیماسی و ڕەزمی دەدا بە بەیتەکە.
٣٤٩- ڕاهێنان واتا بڕین. مانای ڕستە: بە شیر نێرەکەری دوو لەت کرد. دیارە لێرەدا تیژی و عەسڵی شیرەکە مەبەستە و جۆرێک تاقی کردنەوەیە.

٣٥٠- چاوگی «جەڕباندن» لەو چاوگانەی زمانی کوردییە کە خەریکە فەرامۆش دەکرێ و ئیتر کەمتر کەڵکی لێوەردەگیرێ. بەختەوەرانە هەنبانەبۆرینە ئەو وشەیەی گرتووە: (جەڕب: ئەزموون، تاقی/ جەڕباندن: تاقی کردنەوە/ جەڕبی: ئەزموودە، تاقیکراو/ جەڕبێن: ئەزموون، تاقی کردنەوە).

لە نێو دەقی بەیتەکان «جەڕین، جەڕێن و جەڕبێن» هاتووە. ئەو ئاڵوگۆڕییە یان لە سوانی پیتی «ب»وەیە یان لە هەڵەی گۆ کردنی بەیتبێژەکانەوە.

٣٥١- هەر دەڵێی وشەی «جانباز» لێرەدا خۆ پاراستن لە شەڕ دەگەیەنێ!

٣٥٢- کوشتنی حەسەنخان بە دەست خانی لەپزێرین لەگەڵ بەڵگەکانی مێژوو یەک ناگرنەوە و دوورە لە ڕاستی. زۆر جار لە دەقەکاندا تێکەڵاوییەک لە نێوان دوو ناوی خانی لەپزێرین و ئەبداڵبەگ دێتە گۆڕ و سەرشێواوی ساز دەکا.

٣٥٣- نەبیئاغا، یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵایە. بەحوننەر یا بەهونەر واتا نەترس و لێزان.

٣٥٤- مەلا ئەحمەد، یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵا. سەرعەسکەر واتا فەرماندە.

٣٥٥- بڕوانە پ. ١٨٤.

٣٥٦- مانای ڕستە: دەرکی قەڵای بە زەمانەت هەڵگرت کە نەیەڵێ کەس بێتە ژوور. دیارە هەتا کوژرا ئەو بەڵێنییەی خۆی بردە سەر و کەس نەیتوانی هەتا ئەو زیندووییە لە دەرگای قەڵا بچێتە ژوور. ڕستەی دواتر وا نیشان دەدا کە چەکی ئاگری پێ نامێنێ.

٣٥٧- ئەو ڕستە و ڕستەی سەرتر حاڵاتی ڕووحی و شێوەی بەرەنگاری و تەنیا مانەوەی ئەو شەڕکەرە بە جوانی نیشان دەدا؛ هەروەها ڕستەی دواتر مەرگی جەنگاوەرێکی وەفادار. بۆ کەوڵی سەمبوور بڕوانە پ. ٣٣٥.

٣٥٨- واتا هەموو شەهید بوون.

٣٥٩- ئاور تێبەرانی چەکوچۆڵ و ئازووقە وەک حەرەکەیەکی تێکدەر لە شەڕەکاندا ئێستاش کەڵکی لێوەردەگیرێ و بە «سیاسەتی

زەوینی سووتاو» ناسراوە.

٣٦٠- پسان بۆ ئینسان و ئاژەڵ بە کار دێ. مردنێکە لە ماندوویی بێ ڕادەوە دەکەوێتەوە. ئەسپێک زۆر لە سەر یەک بیرەتێنن دەپسێ. ئاژەڵێکی زۆری ماندوو بکەن و کاری زۆری لێ بکێشن و بمری دەڵێن پساوە.

٣٦١- نەمزانی دوو وشەی غولغول و تەڵڵا ناون یان سیفەت و حاڵەتی هێرش بردنی لەشکر!

٣٦٢- مانای ڕستە: هەلومەرجەکە بە قازانجی عەجەمانە و ئەوان لە پێشن.

٣٦٣- دنیا سەبارەت بە بێوەفاییەکەی زۆر جار بە کاروانسەرا دەشوبێنرێ؛ ئەویش لە جۆری ڕەنگاوڕەنگی. هەر بۆیە هەندێ ئیدیۆم لە زمانی کوردی هەر بۆ ئەو مەبەستە ساز بووە و هەر کام لە جێی خۆی و کاتی خۆی بۆ ئیسپانی بێ وەفایی دنیا دەگوترێ: ئای دنیای بیوەفا.../ دنیا هەتا سەر بۆ کەس نییە./ دنیایەکی مایەپووچە!/...

٣٦٤- ئەم دەقە بە قەڵەمی کاک قادر فەتتاحی قازی لە زمانی بەیتبێژ «سوورەی عەزیزئامان» (خاڵە سوورە) ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی نووسراوەتەوە. خاڵە سوورە ئەو بەیتەی لە «کەریمە ڕەشی خەڵیفە» خەڵکی گوندی «گردەبەردان»ی پیرانشار فێر بووە. ئەم تێکستەم لە ڕووی دەستخەتی کاک قادر بێ هیچ دەست تێوەردانێک هێناوەتەوە. پێشتر چاپ نەبووە؛ گوایە کاتی خۆی کاک قادر ئامادەی چاپی کردووە و زانستگای تەورێز ئیزنی چاپی نەداوە.

ئەو دەقە وەک دەقی دووەمی ئەو زنجیرەیە دەچێ؛ هۆیەکەشی ئەوەیە هەر دوو بەیتبێژ هی ناوچەیەکن؛ واتا محاڵی نێوان مەهاباد و بۆکان. هەر دوو بەیتبێژ لە باری تەمەنەوە هی سەردەمێکن، وێدەچێ تەنانەت لە مامۆستایەکیش فێر بووبن.

٣٦٥- سوورەی عەزیزئامان: ئەم بەیتبێژە لە ژمارە ٥٢ی گۆڤاری سروە (ساڵی شەشەم، خەزڵوەری ١٣٦٩ی هەتاوی) بە قەڵەمی کەمال

فەتتاحی قازی وەک شمشاڵژەن ناسێندراوە. لێرەدا کورتەیەک لە وتووێژی نووسەر لەگەڵ ئەو دێنینەوە: «... ئەمن ناوم محەمەد و شۆرەتم ئەحمەدزادەیە... لە بەر ئەوەی کە سوورکارەم هەر لە منداڵییەوە پێیان کوتووم سوورە و ئێستاش دۆست و ئاشنایان هەر بە خاڵە سوورەم ناو دەبەن... ساڵی مەلاخەلیل (١٣٠٧ی هەتاوی) لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری مەهاباد لە دایک بووم...». بنەماڵەی خاڵە سوورە ئاواییەکانی دارەلەک، شیلاناوێ، سارەوانان، قزڵجە و ئەمینئابادیان کردووە.

«... پیاوێک بە ناوی مام سەعید کە خەڵکی ئەمینئاباد بوو. شمشاڵی چاک لێ دەدا... فێری کردم... پیاوێکی دیکە لە ئاوایی قزڵجەی خوارێ کە برایم شەمیان پێدەکوت... فێری کردم...» بە پێی ئەو وتووێژە بەیتەکانی خان و خانئاودەل، ناسر و ماڵماڵ، برایم و مەحمەڵ، خەجێ و سیامەند، لەشکری، گوڵەجوان، ئایشەگوڵ، محەمەد حەنیفە، حەتەم، شێخی سەنعان دەزانێ. خاڵە سوورە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی لە گوندی ئەمینئاباد سەر بە بۆکان کۆچی دوایی کرد.

٣٦٦- ئاماژەیە بە ئادەم و حەوا. لە فۆلکلۆری کوردیدا وشەی دایک بە «حەوا»وە دەلکێنن و ئەو ئێحساس و دایک و فرزەندییە ڕەنگ دەداتەوە. بۆ «ئادەم» ئەو ئێحساسە کەمترە.

٣٦٧- نازانم هەر مەبەستی چیا و گوڵە یان ئەوە دوو ناوی تایبەتن!

٣٦٨- بڕوانە پ. ٢٥٤.

٣٦٩- ئاماژە بە لەیلی و مەجنوون دوو ئەویند اری بەناوبانگی عەرەب کە داستانی ئەوینیان لە هەموو ولاتان گەڕاوە. ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە گۆڕانی وشەی مەجنوونە بە «مەجرووم». ئێستاش وشەی مەجرووم لە سەر هەندێ بنەماڵە وەک پێناسە هەر هەیە. مەجرووم جارجار سیفەتی «شێت» یشی پێوە دەلکێ: مەجڕوومە شێتە.. بڕوانە پ. ٦٨.

٣٧٠- بڕوانە پ. ٢٥٣.

٣٧١- بڕوانە پ. ٢٥٥.

٣٧٢- بڕوانە پ. ٢٦١.
٣٧٣- بڕوانە پ. ٢١٣.
٣٧٤- بڕوانە پ. ٢٦٤.
٣٧٥- بڕوانە پ. ٢٦٥.
٣٧٦- بڕوانە پ. ٢٦٧.
٣٧٧- بڕوانە پ. ٢٧٣.
٣٧٨- بڕوانە پ. ٢٥٨.
٣٧٩- بڕوانە پ. ٢٥٦ و ٢٥٧.
٣٨٠- بڕوانە پ. ٢٨١.
٣٨١- بڕوانە پ. ٢٧٩.
٣٨٢- بڕوانە پ. ٢٨٠.
٣٨٣- بڕوانە پ. ٢٨٢.
٣٨٤- بڕوانە پ. ١٤.
٣٨٥- بڕوانە پ. ٢٨٤.
٣٨٦- بڕوانە پ. ٢٧٢.
٣٨٧- لە زۆربەی دەقەکاندا بە دوو شێوەی تاق مراد و کاک مراد هاتووە. بە لامەوە ڕوون نەبۆوە چییە.
٣٨٨- وێدەچێ لێرەدا خوڕڕەم، غوڕڕەم بێ بە مانای غەڕڕە بوون. بڕوانە پ. ٢٧٢.
٣٨٩- بەیتبێژ لە هەر جێیەک بۆی لواوە بێوەفایی دنیای گەورە کردۆتەوە. بڕوانە پ. ٣٦٣ و ٢٥٨.
٣٩٠- بڕوانە پ. ٢٨٩.
٣٩١- بڕوانە پ. ١٢٠.
٣٩٢- بڕوانە پ. ٢٨٧.
٣٩٣- تەنیا لەم دەقەدا ناوی ئێران هاتووە و بە تەشەر باسی بێکیفایەتی حاکمانی دەکرێ کە جاران قەڵا دوو شێری لێ بوون و ئێستا شەل و کوێر حوکماتی تێدا دەکەن. وێشدەچێ وشەی «ئێرە» واتا قەڵای دمدم بە هەڵە ئێران گۆ کرابێ؛ واتا ئێرەکانە.
٣٩٤- ئەم ڕستەیە جۆرێک تەحقیر و بە کەم زانینی دوژمنی تێدایە. لە

بابەت وشەی «سێران» لەم ڕستەیەدا دەتوانی بڵێی ئێستا ڕێویلە گەشت و سەیرانی تێدادەکەن، بەڵام بۆ «سێران»ی سێ ڕستە سەرووتر مانایەکم بۆ نەدۆزرایەوە.

٣٩٥- بڕوانە پ. ٢٩٥.

٣٩٦- بڕوانە پ. ٢٩٤.

٣٩٧- مانای ڕستە: بە جووت ڕازی بوون لەو شوێنە قەڵا چێ بکەن.

٣٩٨- بڕوانە پ. ١٧٣.

٣٩٩- مانای ڕستە: شاعەباس وەخت بوو ئاشکرا بێ و بزانن کە هاتۆتە نێو قەڵا.

٤٠٠- بڕوانە پ. ٣٠٣.

٤٠١- شەمامە: جۆرێکە لە گندۆرە، زۆر گەورە نابێ، بۆنی تایبەت و خۆشی هەیە. شەمام، شەمامۆک و شەمامۆکەشی پێدەڵێن. شەمامە لە بێستاندا زوو دەگا. قەدیم ژنان لە نێو جلوبەرگیان دەنا هەتا بۆنی بێ و جارجار لە سەر تاقان ڕیزیان دەکرد. وشەی شەمام وەک ناوی کچانە، هەروەها وەک سیفەت بۆ جوانی کەڵکی لێوەردەگرن. شەمام چووەتە نێو گۆرانی فۆلکلۆری هەم وەک ناو و هەم وەک سیفەت بۆ جوانی: شەمام لە بەر نانی/ شەمام شلکی/ دەستم برد بۆ ڕانی/ ناسک و شلکی/ دایکی عەیار بوو پێی زانی/ شەمام شلکی/ شەمامە و شلێرە/ شەمام شلکی/ هەر ئەوڕۆم ماوە لێرە/ شەمام شلکی/ ماچێکمان دەیە خێرە/ ناسک و تەنکی/...

بەم پێیە مانای ڕستە دەبێتە: عەبداڵ وەک شەمامە جوان و تازە پێگەیشتوویە.

٤٠٢- بڕوانە پ. ٣٠٥.

٤٠٣- تەختی ڕەوان: تەختی ڕەوان لەو چەشنە کەرەسە و ئامرازانەیە کە تایبەتە بە شێوە ژیانی دەربار. کەم وا هەیە لە بەیتی ناوچەی موکریاندا لەو چەشنە کەرەسانە کەلک وەرگیرابێ، بەڵام هەتا بڵێی لە چیرۆکە ئەفسانەیییەکانماندا هەیە. ژیانی شایانە و دابونەریت و دامودەزگای تایبەت بە ئەو لە نێو فۆلکلۆری لانیکەم نوێی کوردەواریدا وەبەر چاو نایە و هەرچی هەیە خێڵایەتی

و عەشايرييە. دەسەڵات دەسەڵاتێكی مەزنايەتی سنووورداری ناوچەيی‌يە.

هەندێ كەس بەوە شانازی دەكەن كە كورد هەرگيز لە فكری گەورە كردنەوەی دەسەڵات و داگير كردنی ناوچەكانی دەوروبەری خۆيدا نەبووە. لە ڕوانگەی ئەخلاقييە وێدەچێ خاڵێكی ئيجابی بێ، بەڵام هەر ئەو شێوە هەڵسوكەوتە كە تەنيا لە خۆ پاراستندا ڕەنگی داوەتەوە، بووەتە هۆی لە دەستدانی گەلێ ناوچە و بەرتەسك بوونەوەی بەردەوامی كوردستان. ژيان و تەمەنی هەموو ئەمارتەكانی كورد بپشكنی، دەسەڵاتێكی درێژخايەنی پڕ توانای داگيركەر نادۆزييەوە. نابێ خۆ فريو بدەين، پێشينەی پڕشەنگدار و پڕ دەسەڵاتمان نەبووە هەتا لە خۆيدا مرۆڤی زۆر زانا و هەڵكەوتە لە ڕێژەيەكی زۆردا پەروەردە بكا و ئێمە ببينە خاوەن سەبك و داهێنانێكی فكريی خۆمانە.

٤٠٤- بڕوانە پ. ٣٠٦.

٤٠٥- بێتوو وشەی «كدگار»م لە ڕووی كاسێتەوە دروست هێنابێتە سەر كاغەز، سووای وشەی «كردگار» ە و بە ئانای ئاكار و عەمەلە.

٤٠٦- بۆم ناچەقی. بڕوانە پ. ٨١.

٤٠٧- لە دەقەكانی تردا لە جياتی تەلكەزيو، دەرگەزێن هاتووە. بڕوانە ٣٣١.

٤٠٨- بڕوانە پ. ٨٩.

٤٠٩- بڕوانە پ. ٣٣٢.

٤١٠- بەفرەوان: گوندێكە لە دەشتی شارويران. لە كەنار گۆلی ورمێ هەڵكەوتووە. بێتوو بتەوێ لە تەورێز و مەراغەوە لابڕ بچييە ورمێ، ئەو دەشتە كاكیبەكاكييە باشترين و نيزيكترين و بێ مەترسیترين شوێنە بۆ ڕابردنی سووك و هاسانی لەشكری زۆر و زەوەند؛ ئەويش لەشكری قورسی ئەودەم.

شووشەوان: شارەدێيەكە لە ڕۆژئاوای شاری توركنشينی عەجەبشێر لە سەر لێواری گۆلی ورمێ. ئەويش ئەو

تایبەتمەندییانەی هەیە کە بەفرەوان هەیەتی بۆ پێدا ڕابردنی لەشکر.

شووشەوان لە کۆتاییەکانی حکوومەتی قاجاران، واتا ساڵی ۱۳۲۸ی کۆچی درا بە ملکقاسممیرزا، کوڕی بیستوچوارەمی فەتحعەلیشا. لەودەمەوە شووشەوان بوو بە ناوێکی ئاشنا بۆ بەشی باکووری موکریان. شازادەی قاجار – مەلیکقاسمی – لە شووشەوان نیشتەجێ بوو و بەشێک لە گوندەکانی ڕۆژئاوای شاری میاندواو، نێوان دوو چۆمی جەغەتوو و تەتەهوو بە ڕووکاری دەریادا وەک «تیوول» درا بە ئەو و بە محاڵی شازادە (محاڵی شازدە) ناوی دەرکرد. ئەو گوندانە بەشێکیان کوردنشین بوون. شازادەکان خۆیان ڕاستەوخۆ بە سەریان ڕانەدەگەیشتن؛ موباشیر و بابنۆکەر و کوێخا و گزیریان هەر لەو گوندانە هەڵدەبژارد؛ هەتا ملکانە خڕ بکەنەوە و بۆیان بنێرن. قانوونی شازادان لەگەڵ شێوەی دەرەبەگایەتی ئاغاوەتی دێبۆکری – کە ناوەندی سەرەکییان دەشتی شارویران بوو– جیاوازی هەبوو. رعێت لە گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی شازاداندا کەمتر دەچەوسانەوە و نیمچە ئازادییەکیان هەبوو. تەنانەت ئەگەر ڕعێتێک لە شارویران لە دەستی ئاغاکەی ڕایکردبا بۆ محاڵی شازادە، بێتوو دەرفەتی ئەوەی نەبووبا لە چۆمی تەتەهوو بپەڕێتەوە، پێچوکڵاو یان کەوشەکەی هاویشتبا ئەوبەر، ئاغاوەتی دێبۆکری زاتی ئەوەیان نەبوو قسەی پێ بڵێن یان ئازاری بدەن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا هاتوچۆی نێوان ئەو گوندانە و شووشەوان بەردەوام هەبوو.

گوایە وشەی شووشەوان مانای قامیشەڵان دەدا و وشەیەکی ئاسۆڕییە. وشەی «وان» لە ناوگەلی وەک وان، بەفرەوان، گۆرەوان، هەرەوان جێی لێوردبوونەوەیە.

٤١١- بڕوانە پ. ٤٥ و ٨٩.

٤١٢- بڕوانە پ. ١٠٦.

٤١٣- ئیسفەهان تازەشار نەبووە لەو سەردەمدا، بەڵام سەفەوییەکان کردیان پێتەخت. بڕوانە پ. ٢٨.

٤١٤- بڕوانه پ. ٨٩.
٤١٥- قرووچای به تورکی واتا ڕووباری ئیشک. ئەو ناوە لە چەند شوێن هەیە و ڕوون نییە مەبەستی بەیتبێژ کامەیانە. «چای» لە ترکیدا یەکێک لە ماناکانی «چەم» ە. لە کتێبەکانی جۆغرافی و بەڵگە و سەنەداندا زۆر جار وشەی چای بە دەستی نووسەرانی غەیرە کورد – چ بە ئانقەست یان نائانقەست – خراوەتە پاڵ ناوی ڕووبارەکانی کوردستان و جاری وایە مانای سەیر و سەمەرەی لێ کەوتۆتەوە. بۆ وێنە چەمی «گادەر» کراوەتە «قادرچای»، چۆمی جانداران کراوەتە مەهابادچای. بڕوانە پ. ٩٩.
٤١٦- کۆسالەر: وشەیەکی تورکییە. چەند شوێن بەو ناوە هەیە. ڕوون نییە مەبەستی بەیتبێژ کامەیانە. «لەر» یان «لار» پاشگری کۆیە لە زمانی تورکیدا؛ بەرانبەرە لەگەڵ «ان»ی کوردی.
٤١٧- تەتەر واتا نامەبەر. وێناچی ئەم وشەیە مانای نامە و هەواڵ بدا یان بەیتبێژ بەو مانایە بە کاری هێنابێ. مانای ڕستە: حەسەنخان زوو زوو نامە دەنێری بۆ هەندەران.
٤١٨- بڕوانە پ. ٨٩.
٤١٩- مەبەست لە بەحری خۆی، گۆلی ورمێیە.
٤٢٠- بڕوانە پ. ٩٦.
٤٢١- «مشتوماڵ کردن» : بۆ خەنجەر بە مانای ژەنگ سرینەوە و خاوێن کردنەوەیە؛ لێرە واتا خۆ بۆ شەڕ ساز کردن. مانای سەرەکی مشتوماڵ یانی دەست پێداهێنانی لەش بە مەبەستی حەساندنەوە. دەکرێ بۆ وشەی «ماساژ» لە وەرزیشدا کەڵکی لێ وەربگرێ و «ماساژۆر»یش بکەیە مشتوماڵدەر. مشتوماڵ لە هەندێ حاڵەتدا مانای لێدانیش دەدا.
٤٢٢- ڕەزایە: ورمێ؛ بڕوانە پ. ٥٩.
٤٢٣- بڕوانە پ. ٨٩.
٤٢٤- وێسار؟ لە دەقێکی دیکەدا وێتار هاتووە. بەداخەوە مانای هیچیانم بۆ ڕوون نەبۆوە.
٤٢٥- بڕوانە پ. ١٧٢.

٤٢٦- بڕوانه پ.٣٤٧
٤٢٧- یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵای دمدم.
٤٢٨- برایمی مێرە تیزکەرێ. یەکێک لە قارەمانانی بەیتی کاکەمیر و کاکەشێخە و پەڕیوەتە نێو ئەو دەقەی دمدم. برایمی مێرە دیزکەرە، واتا برایمی مێرێی دیزەساز.
٤٢٩- واتا هەژدە هەژدەی وەبەر دەمی خەنجەر دەدا و دەیکوشت.
٤٣٠- بڕوانه ٢٥٨
٤٣١- کانی مراد ئێستا چاک و پیرێکە لە گوندی کوچکی سەر بە شاری ورمێ.
٤٣٢- پیرعەزیز: بۆم ڕوون نەبۆوە ئەو چاکە لە کوێیە.
٤٣٣- چاکی هەیوانساری: چاکێکە لە سەر بەرزاییەکی کەنار گوندی تورکنشینی «دووربـاش»ی ڕۆژهەڵاتی شاری تیکاب. خەڵکی کورد و تورکی ناوچە بۆ زیـارەت دەچنە سـەری. بە بڕوای خەڵک مەرقەدی «ئەییووب ئەنساری»یە. لە ئاخاوتندا ئەو ناوە بۆتە هەیوانساری. ئەو چاکە بەناوبانگە و تەنانەت چووەتە نێو گۆرانییەکانیشەوە.

ئەییووب ئەنساری، ئەبوو ئەییووب خالید کوڕی زەیدی ئەنساری، دەوری بیست ساڵ بەر لە بێعسەت، لە مەدینە لە دایک بووە. کاتێک پێغمبەری ئیسلام لە مەکەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، یەکەم کەس میوانی ئەبوو ئەییووب بوو. ئەنساری لە هەموو غەزوەکاندا بەشداری کردووە و ساڵی ٥٢ی کۆچی لەگەڵ سپای یەزید کوڕی معاوییە چووەتە شەڕی قوستەنتەنییە. لە وێ نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ؛ هەر لە پای دیواری شار نێژراوە. لە سەردەمی تورکاندا مزگەوتێکیان لە هەمان شوێن ساز کرد. ئێستا گڵکۆی ئەبوو ئەییووب ئەنساری لەو شارە زیارەتگەی مسوڵمانانە. www.wikipedia.com

نالی کە ساڵی ١٨٥٥ی زایینی لە ئەستەنبووڵ کۆچی دوایی کـردووە، لـە گۆڕستانی «ئەبائەییووبی ئـەنـساری» نـێژراوە. (مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٢١٨)

٤٣٤- شەمسی تەوریزی: ساڵی ٥٨٢ی کۆچی لە تەوریز هاتۆیە دنیا. ساڵی ٦٤٢ چۆتە قوونییە. لە وێ مەولەوی ئۆگری بووە و زۆربەی غەزەلەکانی بۆ ئەو داناوە. دەڵێن ساڵی ٦٤٥ بە دەستی کوڕی مەولەوی کوژراوە. محەمەدعەلی بنی عەلی بنی مەلکدار، ناسراو بە شەمسی تەوریزی، عارفی ناوداری ئێرانییە.

٤٣٥- ڕابیعە: ڕابیعەی عەدویە. لە بەیتی کوردیدا بە عەدەوی، حەڵەبی و چەڵەبی ناوی دەر کردووە. ژنێکی خوێندەواری زانا بووە. لە دنیای عیرفاندا ناودارە و شێخ عەتتار لە «تەزکەرەتولئەولیا» دا باسی کردووە. لە بەسرا هاتۆتە دنیا. ساڵی ١٣٥ی کۆچی لە بەیتولموقەددەس مردووە. ئەو قسەیە هی ئەوە: «هەر وەک گوناهەکانت دەشارییەوە، چاکەکانیشت بشارەوە.»

٤٣٦- بڕوانە پ. ٢٢٤.

٤٣٧- مانای ڕستە: لەشکر هێندە زۆرە تەواو نابێ. «داروبەرد» دوو مانای مەجازی لە زمانی کوردیدا هەیە. یەکیان زۆر و زەوەندە وەک ئەو نموونەیە. ئەوی تر بە مانای ڕەقوتەق. ئەو وەرزیشکارە لەشی وەک داروبەردە! جارجار بە مانای دڵڕەقی و بێ بەزەییش دێ: خۆ تۆ داروبەرد نی، نابینی ئەو منداڵە چۆن دەگری!

٤٣٨- بڕوانە پ. ٣٥٧.

٤٣٩- بڕوانە پ. ٣٥٦.

٤٤٠- بڕوانە پ. ٨.

٤٤١- مانای ڕستە: بە غاردان هاتن. سەرڕەو و لینگدان هەر دوو بە مانای غاردانی تۆرەمەی ئەسپە بە توندی.

٤٤٢- ئەم ڕستە و دوو ڕستە سەروو تەوسیفی مەیدانی شەڕە و مەبەست لە دوو کێو دوو لەشکری ئێران و عوسمانییە.

٤٤٣- بڕوانە پ. ٢٦١.

٤٤٤- بڕوانە پ. ٢٦٦.

٤٤٥- ڕۆستەم کوڕی زاڵە، زاڵ کوڕی سامە، سام کوڕی نەریمان. بڕوانە پ. ١٤.

٤٤٦- مەبەست لە شوبهاندنی دنیا بە جامی زێڕین، ڕواڵەتێکی جوان و

سەرەنجامی ناخۆشی ژیانی ئادەمیزادە.

٤٤٧- کاک قادر فەتاحی قازی ئەم دەقەی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە زمانی مام ئەحمەدی لوتفییەوە نووسیوەتەوە. ئەم دەقە پێشتر چاپ نەبووە و ئێمە لە ڕووی دەستخەتی ئەو هێناومانەتەوە. کاک قادر ئەم دەقەی لە ١٣٥٨/٧/٧ی هەتاوی پاکنووس کردووەتەوە.

٤٤٨- مام ئەحمەدی لوتفی لە نێوان ساڵانی ١٨٨٦ تا ١٨٩٦، لە گوندی «کەریزەی مەحموودئاغا»ی دەڤەری بۆکان لە دایک بووە. گەلێک بەیت و حەکایەت لە خۆشخوانەکانی «مەحموودئاغای ئێلخانی» لە ئاوایی «حەمامیان» فێر بووە. لە گوندی «پیروەلی باغی» ماوەیەک شاگردیی «مامەشێرە»ی بەیتبێژی کردووە. مام ئەحمەد لە قاوەخانان حەکایەتخوانیشی کردووە. بۆچوونی من ئەوەیە هەندێ لەو بەیتانەی مامۆستا قادر فەتاحی قازی لە زمان مام ئەحمەدەوە تۆماری کردوون، لە سەرەتادا حەکایەت بوون، مام ئەحمەدی نەخوێندەوار بە تواناییەوە قەوارەی گۆڕیون و نەزمی پێداون. مامۆستا قازی ژمارەیەکی زۆری بەیت لە زمان مام ئەحمەدەوە نووسیونەتەوە. دەستەیەکیان لە لایەن زانستگای تەورێزەوە چاپ و بڵاو کراونەوە و کۆمەڵێکیان چاپ نەکراون؛ دەقی حازری یەک لە وانەیە. مامۆستا قازی لە کتێبی « امثال و حکم کردی» مێژووی مردنی مام ئەحمەدی ١٣٦٢/٨/٣ی هەتاوی، [٢٥ی ئۆکتۆبری ١٩٨٣]ی نووسیوە، کەچی لە کتێبی «سێ بەیتی فۆلکلۆری»دا مێژووی ٣/١٠/ ١٣٦٢[٢٤ی دیسامبری ١٩٨٣]ی بۆ دیاری کردووە. بەڵام بە وتەی سەعیدی کوڕی، مام ئەحمەد خاکەلێوەی ١٣٦٣[مارس/ ئاوریلی ١٩٨٤] مردووە.

٤٤٩- کەڵپ بە دوو ددانی پێشەوەی سەگ دەگوترێ کە لە هەموو ددانەکانی سەرەوە گەورەترن. هەر لەوەوە بۆ بەردێک کە لە بەرزاییەکدا هاتبێتە پێش، بە کار هاتووە و بە تەنیایی بۆ ئەم مانایە بە کار نایە و هەمیشە لەگەڵ بەرد دێ. بە کار هێنانی کەڵپ بۆ ئینسان سووکەڵە جنێوە و وردە وێچواندنێک لەگەڵ سەگ دێتە ئاراوە.

هەنبانەبۆرینە بۆ وشەی «کەڵپ» نووسیویە: ١) کەڵبە، کلۆی پچووک ٢) ددانی پێشینی سەگ و دڕندە ٣) گەماڵ، کسۆک. هەروەها بۆ «کەڵپە» نووسیویە: ١) کەڵب ٢) بڵیندایی بەرین لە کێودا، دەماغە. بۆ «کەلبە» ش نووسیویەتی: ١) کەڵب ٢) کەڵپەبەرد.

٤٥٠- مێروو لە زار و کەپۆ هاتنە دەر لە خەودا نیشانەی دۆزینەوەی گەنج و خەزنەیە. وێدەچێ ئەو باوەڕە لە ئەوەوە هاتبێ کە هەم گەنج و هەم خانەمێروو لە ژێر خاک دان. ئاوڕ لە لێکدانەوەی خەون ئەم بابەتە پتر ڕوون دەکاتەوە.

٤٥١- ئاماژەیەکی سەیر دەروونناسانەیە بە برووز بەستنی دواتری خانی لەپزێرین و دەنگدانەوەی ئازایەتی و سەرنویشتی ئەو هەتا ئەمڕۆ.

٤٥٢- بڕوانە پ. ١٧٢.

٤٥٣- خدری مەندە: مەند سیفەتە و جارجار جێگەی ناو دەگرێتەوە بۆ پیاوان بە مانای باویقار، سەنگین و گران، لە سەرخۆ. وێدەچێ لەگەڵ وشەی «مامەند» لە یەک ڕیشە بن.

سەبارەت بەوە کە ئەو خدرە ئەفسانەییە هەر بە خدری زیندە ناوی دەرکردووە، وێدەچێ لێرەدا «مەندە» مانای «هەرمان» و «نەمر» بدا؛ مەندە واتا ئەوەی دەمێنێتەوە. ئەو ناوانەی پاشگری مەندیان پێوە لکاوە، کۆنی و ڕەسەنایەتییان پێوە دیارە: سیامەند، مامەند، شێخمەند. لە بەیتی شێخڕەش و شێخمەنددا، شێخ مەند کورت دەکرێتەوە و دەبێتە مەندە؛ وێدەچێ ئەو «ە»یە نیشانەی خیتاب بێ: دایکی مەندێم لەبەر نانییە/ دەستی دا بەو ڕانییە/ شێخ مەندم دۆڕاندییە...

خدری زیندە: دەڵێن عەبدێکە لە عەبدەکانی خوا، زۆر زانایە. لە قورئاندا ناوی هاتووە. هەندێک لە موفەسیرەکان دەڵێن ئایەی ٦٥ی سوورەی کەهف باسی خدرە. لە ئەدەبی کلاسیکی فارسیدا بۆ یەکەم جار سەنایی شاعیر باسی ئەوەی کردووە کە خدری دیوە؛ سەنایی تەبیاتی سۆفیانەی هەبووە. لە بیروباوەڕی عەوامدا خدر ئەگەر بیهەوێ لە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا دێتە هانای خەڵک.

هەندێک لایان وایە ئەو زیندوو بوونەی خدر، بیرێکی ئێرانییە نەک ئیسلامی.

خدرەلیاس: خدر ئەلیاس، سۆفی و عارفەکان خدر و ئەلیاس لە ڕیزی پیاوچاک و ئەولیایان دادەنێن و هەر دوو بە کەسێک دەزانن؛ بەڵام ئەوەی ئاشکرایە «ئەلیاس» ناوی یەکێک لە پێغەمبەرانە و دوو جار لە قورئاندا ناوی هاتووە. «وان الیاس لمن المرسلین».

٤٥٤- لە ئەفسانەکاندا باوە مار لە سەر خەزێنە دەنوێ و نیگاداری دەکا.

٤٥٥- هەرچی ئازای بەدەنە وە سەر ئاو کەوتن، بە مانای زۆر ئارەقە کردن دێ. بە کار هێنانی مەجازی ئەو ڕستەیە بۆ حاڵەتەکانی ترسان، سەرسوڕمان و خەجاڵەت بوونەوەیە.

٤٥٦- بڕوانە پ. ٢٠.

٤٥٧- ئیبنوبەسیر: دەبێ مەبەستی بەیتبێژ « ئیبنی سیرین» بێ. «ئەبووبەکر محەمەد بنی سیرین» (٣٣- ١١٠ی کۆچی) بەناوبانگترین خەونلێکدەرەوەیە کە تا ئێستا ناسرابێ. خەلیفەی هاروونەڕڕەشید (١٤٨- ١٩٣ی کۆچی)یش نەبووە، بەڵام زۆر لە سەردەمی ئەو دوور نییە. مامۆستا هەژار سەبارەت بەو دەڵێ: « ئەو کابرایە داهێنەری خەوننامە و لە خەون لێکدانەوەدا هەتا ئێستا هاوتای نەبووە. کێ دەزانێ ئەو زیرەک و بلیمەتەی کە خەوننامەکەی هەموو ڕۆژێ سەر بە هەموو ماڵی مسوڵماندا دەکا و خەونیان بۆ لێک دەداتەوە، کوڕە کوردە و خەڵکی مەڵبەندی باڵەکە لە کوردستانی عێراقدا. ئێستاش گوندێک هەیە لە جێگەی سیرین ئاوایە و ناوی «بەرسیرین»ی هەیە. (شەرحی دیوانی مەلای جزیری، ل ٥)

٤٥٨- بڕوانە پ. ٢٥٤.

٤٥٩- کۆدە: گیشەی گژوگیای چیا و قانگەلاشک (هەنبانەبۆرینە). بۆ وشەی «حەوت» بڕوانە پ. ١١ و ٢٩٩ و ٣٠٥.

لێرەدا بە تەواوی شوێنی داستان و ئەفسانەخوانی بەیتبێژ وە دیار دەکەوێ و جیاوازی کاری یەکی وەک مام ئەحمەد لوتفی لەگەڵ بەیتبێژەکانی تری موکریان ڕوون دەبێتەوە. نەقڵی مام

ئەحمەد یەکێک لە هۆیەکانی دوورودرێژ بوونەوەی بەیتەکانی ئەون. ئەو درێژ بوونەوەیە شوێنی ئیجابی و سەلبی لە سەر کارەکانی ئەو داناوە. ئیجابی لەبەر ئەوە کە گەلێ بابەتی کولتووری و زمانی خزاونەتە نێو دەقی بەیتەکان و گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی پێ دەوڵەمەندتر بووە. سەلبی لەبەر ئەوە کە لە نێو لقوپۆ زیادکراوەکاندا گەڕان بە دوای لایەنە ئەسڵییەکانی بەیت دژوار دەبێ و لێک هەڵاواردنیان چەتوونە.

٤٦٠- حەزرەتی نووح: نووح پێغەمبەرە ٤٣ جار لە قورئاندا ناوی هاتووە. یەکەمین پێغەمبەری ئولولعەزم بووە. بانگی یەکخودایی بەرز کردۆتەوە. بە پێی ڕەوایات نزیک ١٠٠٠ ساڵ ژیاوە و ئەو تەمەندرێژییە موعجیزەی ئەو بووە. تۆفانی نووح وێدەچێ لە خودی نووح بەناوبانگتر بێ. ڕێژنە بارانی لە گۆڕ بارین و کانییەکان تەقینەوە. بە نووح دەستوور درا کەشتییەک ساز بکا و ماڵ و منداڵی خۆی و ئیماندارانی سوار بکا. لە هەر گیانلەبەرەش نێر و مێیەک بباتە نێو کەشتی. کوڕەکەی جوابی نەداوە. سێڵاو هەستا و بەڵای خوا هەموو سەربزێوانی خینکاند. بە ئەمری خوا لافاو دامرکا و کەشتی نووح لە سەر کێوی جوودی گیرسایەوە.

سەدری بەلاغی دەڵێ: جوودی کێوێکە لە نیزیک مووسڵ کە بە زنجیرەکێوەکانی ئەرمەنستانەوە نووساوە و کوردان لە دەوروبەری ئەو دەژین. کوردان پێی دەڵێن کارد و یا حاردوو. (قاموس قرآن)

٤٦١- خەیاڵپەردازی و تێمی داستان و ئەفسانەکانی زەینی بەیتبێژ تەواو زاڵ بووە بە سەر ڕاستییەکانی ڕووداوی دمدمدا. بەیتبێژ بریندار بوونی دەستی خانی لەپزێرین دەباتەوە سەر شەڕ لەگەڵ خانی موکری؛ ئەویش لەسەر دابەش کردنی ئەو خەزێنەیەی دیتوویانەتەوە. بەو شێوەیە حاڵ و هەوای ئەو بیرەی ڕووداوی دمدمی لێکەوتەوە هەر دەڵێی لە مێشکی بەیتبێژدا نییە. بەیتەکانی مام ئەحمەد بە هۆی زاڵبوونی بیری نەققاڵی بە سەریاندا لە ناوچەی بەرتەسکی موکریان دوورتر دەکەوێتەوە و ئامێتەی

هەندێ لایەتی ناکوردانەی ئێرانی دەبن.
٤٦٢- مانای ڕستە: سڵاو لە محەمەد و سەروەری ئێمە محەمەد. ئەوە بەشێکە لە نوێژ، بەڵام زۆر جار مسوڵمانی ئیماندار بۆ شوکرانەبژێری لە ڕوودانــی ڕووداوێکی خۆش و دیدارێکی دڵخواز دەیهێننە سەر زمان.
٤٦٣- تەرکیبی «گیانکەوتە» بۆ یەکەم جارە لە فۆلکلۆری کوردیدا دەبینم. ئەوە یەکێک لە خاڵە ئیجابییەکانی بەیتەکانی مام ئەحمەدە. بە پێی ڕستە دەبێ مانای ڕاحەتی و بێترس و ئۆف بدا؛ جۆرە خەرج کردنێکی بە گیانت بکەوێ و نیگەرانی بە دواوە نەبێ. ئایا دەکرێ ئەمڕۆ ئێمە لەو تەرکیبە بۆ مانای وەک «راحتالهضم» کەلک وەرگرین. بەتایبەت بۆ «ناسازگاری» هەوا یان خواردەمەنی. ئێمە دەڵێین: ئەو هەوایە/ غەزایەمان بە گیان ناکەوێ یان دەکەوێ.
٤٦٤- بڕوانە پ. ١٦١.
٤٦٥- لەو ڕستەیە وا دەردەکەوێ «لێتان» و «بێنار» دوو شوێن بن. لێتان هەر وەک ناوی تایفەیەک بیستراوە و ئێستاش هەندێ لەو تایفەیە لە دەشتی شنۆ نیشتەجێن. لە ناوچەی سیدەکان گوندێک بە ناوی لێتان هەیە. هەروەها بەیتێک بە ناوی سوڵتان ئەحمەدی بێنارێ هەیە کە لە جێی خۆیدا پێشکێش دەکرێ.
لەمەڕ لێتان زانیاری کەم هەیە. لێرەدا باسی گرتنی قەڵای لێتان وەک بەشێک لە سەربهوردی ئەو عەشیرەتە دەخەینە ڕوو:
... میر[میرمحەمەد، پاشای گەورە] هەموو خاکی برادۆستی گرت و پیاوی خۆی لە سەر دانا و لە قەڵاکاندا سەرۆک و لەشکری دامەزراند. قەڵای «سارۆ»ی کردە ناوچەی سەرهەنگی خۆی و دەستە سپاهێکی لە ژێر فەرمانی ئەحمەد سەرهەنگدا ناردە سەر قەڵای «کەکلە». بۆخۆشی بە لەشکرەوە چووە سەر خاکی مەرگەوەڕ و شنۆ؛ بە شەڕ گرتنی. لەشکری ڕوو بە لاجان ئاژۆت؛ کە گەیشتە نزیک خێڵی لێتان تەمای دەستبزێوی و سەرکێشیان نەبوو. میر خۆی تێنەگەیاند[ن]؛ ڕۆیشت هەتا لە قەڵای «نەڵۆس» تێپەڕی. بەگزادەی عەشیرەتی لێتان بە خەڵکی

قەڵای گوت کە بە دەنگێکی بەرزەوە «قەبوو قەبوو» بکەن؛ کە بۆ لەشکری شکاو ئەوە دەبێژرێ. میری ڕەواندز دڵگیر و ڕەنجیدە بوو. لە قینا لەشکری گەڕاندەوە و ڕووی لە قەڵای نەڵۆس کرد. بەگزادە و میللەتی لێتان قەڵابەندیان کرد. میری ڕەواندز سێ شەو و سێ ڕۆژان قەڵای دەورەدا. ڕۆژی پازدەی جمادی دووەم قەڵای گرت [ساڵی ١٢٣١ی کۆچی مانگی/ ١١٩٥ی هەتاوی/١٨١٦ زایینی]. گەورە و بچووک و نێر و مێ و ورد و مەزنی کوشتن. ئەو قەڵایەشی ڕووخاند و تێکیدا.

شێخ یۆسف شەمسەددینی بورهانی موکری لەو دەمەدا منداڵ و شیرەخۆرە بوو. دایکی و ئەو ڕزگار بوون و دایکی ئەو منداڵە پچووکەی بردە سابڵاغ و بەخێوی کرد، هەتا بوویە ئەو پیاوە کە لە شەرق و غەربدا نێوبانگی پەیدا کرد و پێگەیشت. (سەرچاوە: مێژووی میرانی سۆران، داماو، ل ٤٣- ٤٢.)

٤٦٦- تۆباڵبەگ دەبێ یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای عوسمانی بێ.

٤٦٧- ئیتر داستانی کڕینی شوێنی قەڵا لە شاعەباس و ڕائەنگاوتنی سیرمە و ڕووداوەکانی دوایی لەو دەقەدا نایەتە بەر چاو و هەر دەڵێی کەشوهەوایەکی تر بە سەر سەرەتای بەیتەکەدا زاڵە.

٤٦٨- سەرەتای بەیت بەو ڕستەیە دەست پێدەکا و ئەوانی سەروو پێشەکییەکە بەیتبێژ بە قسە دەیگێڕێتەوە. ئەم بەشە هەر دەڵێی پێشەکی بەیتە ئایینییەکانە.

٤٦٩- کێوت کردن بە لەنگەر ئاماژە بە مانای ئایەی ٦ و ٧ی سوورەی نەبەئە: «الم نجعل الارض مهدا والجبال اوتادا» واتە ئەدی ئێمە ئەم هەردەن نەکردە ڕایەخ؟ کەژ و چیاکانیش سینگان؟ (وەرگێڕاوی هەژار)

٤٧٠- ئاماژە بە جەبر و بێ دەسەڵاتی ئینسانە لە ئاست ئەوەی بۆی دیاری کراوە.

٤٧١- ئەملییا واتا ئەولیا و پیاوچاک. مانای ڕستە ئەولیا و پێغەمبەرت دیاری کردن.

٤٧٢- ڕوحی دووەم ئیستعارەیە لە زیندەوەر. بەیتبێژ لێرەوە دەچێتەوە

سەر سەرەتای بەیتەکە؛ هەر ئەو جۆرەی ئەوانی دیکە گوتوویانە.

٤٧٣- هەندێ جار لە نێو بەیت و تەنانەت گۆرانیدا بێژەر دەپاڕێتەوە خودا هێزی ئەوەی پێ بدا هەتا بتوانی بە تەواوی و بە ڕەوانی بیڵێ و شەرمەزاری گوێگران نەبێ. لێزانی و لێهاتوویی خاڵێکی هەر گرینگ بووە لە ئاکاری بەیتبێژاندا و شانازییان پێوە کردووە. بەناوبانگترینی ئەو پاڕانەوەیە، هی عەلی بەردەشانییە: ئەزم عەلی بەردەشانی/ لەنگم نەکەی لە زمانی/ بەیتێ دەڵێم بە ڕەوانی/ مەتحێ پاشای کوردستانی (بەیتی ئاڕەحمان پاشای بەبە)

٤٧٤- لێرەدا مام ئەحمەد لوتفی بە ڕەوانی دەڵێ ئەوەی دەیڵێم وشە بە وشەی عەلی بەردەشانییە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەیتی عەلی بەردەشانی کورتی ڕستەکانە. کارەکانی ئەو لە نەزمی بڕگەیی نزیکن. بەیتی موکریان هاڕمۆنییەکەی پێوەندی بە عەرووزەوە نییە و درێژی و کورتی ڕستە بە پێی نیازە و قافیە دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ لە ساز کردنی هارمۆنی ڕستەدا. سەبکی کاری مام ئەحمەد لە سەبکی عەلی بەردەشانی نزیکە؛ واتا ڕستەی کورت و زاڵ بوونی نەزمی بڕگەیی لە نێوان دوو میسرعدا. بڕوانە پێشەکی بەیتی باپیرئاغای مەنگوڕ لە بارەی عەلی بەردەشانی.

٤٧٥- ئاماژە بە دوو ئاشق و مەعشووقی بەیتی مێر و وەفایە.

٤٧٦- بڕوانە پ. ٣٦٩.

٤٧٧- بڕوانە پ. ٢٥٤.

٤٧٨- بڕوانە پ. ٢٨٩.

٤٧٩- بڕوانە پ. ٤٨٠.

٤٨٠- ئەو ڕستانەی سەروو و خواروو پێشەکییەکە بۆ ئەوەی بە گوێگر بڵێ دنیا بێوەفایە و هەتا سەر بۆ کەس نییە و هەر لە ئێستاوە ڕێگە خۆش دەکا بۆ قەبووڵاندنی ڕووداوی دمدم بە بیسەر.

٤٨١- لە ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسیدا پێنج ڕۆژ و هەروەها بە تەنیا دوو ڕۆژ هاتووە و کینایەیە لە کورتی و زوو تێپەڕ بوونی ژیان. لە فۆلکلۆری کوردیدا پێنج و دوو ڕۆژ هەر بەو مانایەیە و ڕێک کورتی تەمەن دەگەیەنێ و جۆرێ ئیعتیرازیشە لە ئاست ئەو

کورتییە.
٤٨٢- ڕستەکانی سەروو و خواروو هەموو بۆ ئیسپاتی بێوەفایی دنیا و سەرەنجام لە نێو چوونی هەموو شتێک هاتووە. بەیتبێژ ئەوی شاز و ئەنتیکەن هەڵیبژاردوون هەتا بڵێ چاو دنیا مایەپووچە و وەفای بۆ ئەوانیش نییە!
٤٨٣- لەم دێڕە بە دواوە پێشەکی تەواو دەبێ و بەیتبێژ دەچێتە سەر ئەسڵی ماجەرای دمدم.
٤٨٤- ڕۆژهەڵا، ڕۆژهەڵات؛ سەبارەت بە قافیە بۆتە ڕۆژهەڵا.
٤٨٥- بەو شێوەیە دەرکەی زریانی قەڵا ڕووی لە دەشتی باراندێز دەبێ کە کەوتۆتە نێوان قەڵا و گۆلی ورمێ. دەرکەی شەماڵ ڕووی دە گەڵی قاسملوو دەبێ کە دەکەوێتە باشووری قەڵا. بەڵام بە پێی عالەمئارا دەرکەیەکی لە ڕۆژهەڵات بوو و یەکی لە ڕۆژاوا؛ شوێنەکەش هەر وا هەڵدەگرێ.

لە موکریاندا بە هۆی هەڵکەوتەی جۆغرافیایی ئەو ناوچەیە، دوو «با» زۆر بەناوبانگ و شوێندانەرن: شەماڵ و زریان. شەماڵ لە باشوورەوە دێ و گەرمە و زستانان بەفرتاوێنە. زریان لە باکوورەوە دێ و زستانان تەزوو و ساردی پێوەیە و هاوینان فێنکایی.
٤٨٦- ماڵێک کە دەرگای بەرەو شەماڵ و زریان بکرێتەوە هەوای فێنک و سازگار دەبێ. «نیش» لێرەدا مانای «نووش» دەدا. عەیش و نووش. مانای ڕستە: دەبێتە جێی عەیش و نووش و خۆش ڕابواردن.
٤٨٧- دیارە هەر لە سەرەتای ساز کردنی قەڵا، کەمئاوی یەکێک لە گرفتەکانی بووە.
٤٨٨- قاسملییان گوندێکە و ئەو دۆڵە دوورودرێژەی نێوان ورمێ و شنۆیەشیان هەر بە ناوی ئەو کردووە. «لوو» تورکییە و پاشگری مەکانە. بەرانبەری «لوو» لە کوردیدا «ان»ە: «مەمەلوو» «مەمەلییان» ، «خەڵیفەلوو» خەڵیفەلییان، «قاسملوو» قاسملییان و...

شوێنی زمانی تورکی لە سەر کوردی دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتداریی سەدان ساڵەی تورکان بە سەر ناوچەدا، وەک شوێن پێی هێرشەکانی موغوول و تاتاران، ئاققویونلوو و قەرەقۆیونلوو، هەروەها لە هەمووی ئەوانە گرینگتر دەسەڵاتداری چەندین سەدەی سیاسی و دینی ئیمپراتۆری عوسمانی.

هەندێک لایان وایە دیفتۆنگ (بزوێنی دوولانە)ی «وێ» لە وشەگەلی وەک کوێن، گوێ - کە لە موکریاندا زۆر باوە - هەر دەگەڕێتەوە سەر شوێندانانی زمانی تورکی بە سەر زمانی کوردی ئەو ناوچەیەدا.

٤٨٩- «کار کووڕ بوون» یەکەم جارە دەبیسم. لە حال و هەوای ڕستەکان وا دەرکەوێ مانای دژوار بوونی هەلومەرج بدا. وێدەچێ لە ساز کردنی ئەم ئیدیۆمەدا کووڕ بەپێچەوانەی تەخت و ڕاست هاتبێ؛ لە جێگەی کووڕ ڕاوەستان دژوارە.

٤٩٠- ئاماژەیە بە وەی شاعەباس شوێنی قەڵا بە خانی لەپزێرین داوە و دواتر پەشیمان دەبێتەوە.

٤٩١- سەغی، سەخی، سەخاوەت و نانبدەیی. بۆ ئەو دیاردەیە گەلێ بابەتی زمانی لە نێو کورداندا هەیە و ئەوەش گرینگی و بایەخ پێدان بە پیاوەتی و نانبدەیی و دەرگا ئاوەڵا بوونی ئەوان دەگەیەنی. کورد بە میوانداری و دڵئاوەڵایی ناوی دەرکردووە. ئەو ڕستانە بە جوانی نیگا و بۆچوونی کورد لە ئاست سەخیگەری و چرووکایەتی دەردەخا.

٤٩٢- سنگ بردنە بەر واتا سینگ ڕە پێش خستن، خۆ دانە پێش، بەرپرسایەتی قەبووڵ کردن، لەو ڕستەیەدا وا دەردەکەوێ ئەوەی پیاوەتی و سەخیگەری لەگەڵ دەکەی کاتی تەنگانە بە هاناتەوە دێ و تەنانەت خۆشت بۆ دەخاتە مەترسییەوە.

٤٩٣- مانای ڕستە: تووشی ناخۆشی دەبین. کەلک وەرگرتن لە پێچەوانە بوونی مانایی دوو وشەی «ڕوون» و «تاری» ئەو مانا مەجازییەی داوە بەم ڕستەیە. لە فۆلکلۆردا بۆ باری مەجازی مانا لە بابەتی ئاشکرا و مەلمووس کەلک وەرگیراوە و پێچەڵاوپێچی

زمانی کە هەندێ شاعیر دەیکەن بە پێویست نەزانراوە. ڕووناکی و ڕۆژ پەسند کراوە و شەو و تاریکایی خراونە پاڵ ئەهریمەنەوە. سێیەری بۆچوونی «شەو قەڵای مێردانە» ناتوانین بکێشینە سەر هەموو بیر و بۆچوونی کوردانە لەمەڕ شەو.

٤٩٤- حەسەنخان: یەکێک لە فەرماندە سەرەکییەکانی سپای ئێران بوو لە گرتنی قەڵای دمدمدا. عالەمئارا دەنووسی یەکێک لە ئەمیرەکانی عێراق بوو. لە دەورەی سەفەوییەدا بە پێی دابەشینی جوغرافیایی وڵات، بە ناوچەکانی نێوان ئیسفەهان و هەمەدان و تارانیان دەگوت عێراقی عەجەم و ئەو ناوە هەتا دەورەی مەشرووتە لە ئێراندا کەڵکی لێ وەردەگیرا. (وێدەچێ مەبەستی عالەمئارا لە عێراق هەر ئەو عێراقی عەجەمە بووبێ. ئیتر باسێک لە خزمایەتی حەسەنخان و شاعەباس نییە.

٤٩٥- لە هەموو دەقەکاندا باسی ئەوە کراوە کە وەستا و فەعلەیەکی زۆر وێکڕا کاریان کردووە و حەقی باشیشیان پێدراوە. مەبەست لە دانی ڕۆژێ زێڕێک، حەقدەستی باشە.

٤٩٦- مانای ڕستە: هەموو شتێک بە ڕێوجێ بێ و بە پێی پلان و نەخشەیە.

٤٩٧- مەبەست ئەو نیگەرانییەیە کە بە دروست بوونی قەڵا کەوتۆتە دڵی شاعەباسەوە. مانای ڕستە: دەروونم ئاگری گرتووە.

٤٩٨- شێوەی داڕشتی ڕستەکە جێی سەرنجە؛ شێوەی گۆ کردنی ئەمڕۆی ئەم ڕستەیە ئەمەیە: خانان ببن بە میوانم. ئاوڕدانەوە لە شێوەی ئاواڵناوی لکاو لەو شێوە ڕستانەدا پەنجەرەیەکی تازە بە سەر ئەو بەشە لە ڕێزمانی کوردیدا دەکاتەوە.

٤٩٩- مانای ڕستە: هەموو ئامادەن بۆ شەڕ و بەرەنگاری.

٥٠٠- مانای ڕستە: هەر کەس دەست بۆ خان درێژ بکا بیکوژن.

٥٠١- بە پێی نێوەرۆکی یەک دوو دەقی بەردەستی من، جەیران ناوی کچی شاعەباسە کە داوییە بە خان. ئەوە بەشێکە لەو حاڵەتە خەیاڵاوییەی خراوەتە پاڵ ئەو ڕووداوە مێژووییە. جەیران بە تورکی واتە ئاسک. لە نێو ئەواندا بۆ ناوی کچانە کەڵکی لێ

وەردەگرن.
٥٠٢- خانومان: هەنبانەبۆرینە مانای «شۆخ و شەنگ» و «جوان و دڵگر»ی بۆ لێداوەتەوە. خانومان سیفەتێکە تایبەت بە ژن. وێڕای جوانی و شۆخی هەڵگری مانای ویقار و سەنگینیش هەیە. بێتوو بۆ کچانیش بە کار بێ، گۆشە چاوێک لە تەمەنداریشە. وێدەچێ هاوڕیشە و هەڵکراوێک لە وشەی «خانمانە» بێ.
٥٠٣- ئاماژەیەکە بە کچ بە شوودان بە پێی بەرژەوەندی. قەدیم خزمایەتی بە پێی بەرژەوەند و مەسڵەحەت زۆر باو بووە.
٥٠٤- ئەو وشە و عیبارەت و ئیدیۆمانەی لەمەڕ شوو کردنی کچ لە نێو زمانی ئێمەدا هەیە بە تەواوی کەشوهەوای بیری باوکسالاری دەردەخا: بابم دەزانێ، بابم/ کاکم ئیختیاردارە، بابم دەمبەخشێ نامبەخشێ خۆی دەزانێ، لە سەر دڵی بابمم و....
٥٠٥- دەست ماچ کردنی خەزوور یەکێک لەو ڕەسمانەیە کە زاوا دەبێ کاتی مارە کردنی بووک ئەنجامی بدا. وا وێدەچێ ڕیشەی لە دابونەریتی کۆندا بێ و نەوعێک عەبدایەتی نیشان بدا؛ هەر ئەو کارەی دەروێش و سۆفی بۆ مورشیدی خۆیانی دەکەن. زاوا دوای خواستنی بووک دەبێتە مەحرەمی ماڵی خەزوور و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا چووەتە ماڵی خەزوور و بە یەکجاری لەوێ نیشتەجێ بووە؛ «زاوابەندی» یادگاری ئەو دەورانەیە.
٥٠٦- پێهەڵاگوتنێکی شاعیرانە بە چەند ڕستە دواتریەوە. سەرەڕای ڕەوانـی و جوانی و سووکی زمانی ڕستەکان، کەمێک دوور دەکەوێتەوە لە قالبە کۆنەکەی بەیتی کوردی ناوچەی موکریان؛ ئەوە خسڵەتی کاری مام ئەحمەدی لوتفییە لە بەیتبێژیدا.
٥٠٧- بڕوانە پ. ٧٢.
٥٠٨- نێوچاوان هەڵگری دوو باری ماناییە. یەکەم؛ لە نێو چاویانڕا دیارە... دووەم؛ لە نێوچاوانیانڕا دیارە...
٥٠٩- مانای ڕستە: لە نێو کرێکاراندا بابی ناسییەوە.
٥١٠- سۆراغی نەکرا واتا نەبینراوە. بۆ جوو بڕوانە پ. ٨٦.
٥١١- وان گـەورەتـریـن شـاری ڕۆژهـەڵاتـی تورکییەیە و نـاوەندی

پارێزگایەکە هەر بەو ناوە؛ کوردنشینە و یەک میلیۆن حەشیمەتی هەیە. لە باکوور و ڕۆژئـاواوە بە گۆلی وانـەوە نـووسـاوە. لە ڕۆژهـەڵاتـی وان چیا بەرزەکانی سیاکێو و لە باشوور چیای ئارتووسە. باشخاڵ (باشقەڵا) شارۆچکەیەکە سەر بە وان. ئەو دوو ناوە لە موکریاندا هەمیشە پێکەوە دێن: وان و باشخاڵان. وان دوو شتی مەنشوورە: گۆل و پشیلەی سپی بە چاوێکی شین و چاوێکی زەردەوە.

٥١٢- بڕوانە پ. ٣٠٣.

٥١٣- کلکە ئەو بەشە لە شاخە کە نزم بۆتەوە پێش ئەوەی بگاتە تەختانی. مانای ڕستە: لە نزمایی شاخی پشت گوندی قاسملییان (قاسملوو). عالەمئارا لە باسی چۆنیەتی هەڵکەوتنی قەڵای دمدم و شوێنی سولوقدا دەنووسێ:... ئاوی قەڵا لە حەوزێکی گەورەڕا دابین دەکرێ کە بە باران پڕ دەبێ، بەڵام لە لای باکوور لە نێو گەڵیدا نیزیکی قەڵا کانییەک هەیە. ئاوی زۆر کەمە. ئەمیرخان جۆگەی بۆ کێشاوە و ڕێی بۆ کردۆتەوە و دە حەوزەکەی کردووە. ئاوی ئەو کانییە لە ئێوارەوە تا بەرەبەیانی حەوزەکە پڕ دەکا. ئاوەکەی بەشی ڕۆژێکی قەڵانشینان دەکا. گومبەزێکیان لە ڕێکی عەرزی لە سەر حەوزەکە هەڵخستووە کە لە پێش چاوان ون بێ؛ پێی دەڵێن «سولوق». بۆ پاراستنی حەوزخانەکە بورجێکیان بە پاڵ قەڵاوە هەڵچنیوە... (تۆحفەی موزەففەرییە - هێمن) بۆ قاسملییان بڕوانە پ. ٤٨٨. بۆ سولوق بڕوانە پ. ١٧٣.

بـە پێی ئـەو گـەمـارۆ تـونـدەی سـوپـای سـەفـەوی لـە لای ڕۆژهەڵاتەوە بە دەوری قەڵادا کردوویەتی، بێگومان ئاوی لای قاسملییانی هەڵبڕیوە. کێشەی دۆزینەوەی سەرینچاوەی ئاوی قەڵا هەر دەگەڕێتەوە ئەو کانییەی لای باکوور کە عالەمئارا باسی دەکا.

٥١٤- ئاو لە سەر شوێنێک سوار بوون واتە بڵیند بوونی سەرچاوەی ئاو لەو شوێنەی بۆی دەچێ و تێی دەڕژێ.

٥١٥- وێدەچێ ئاماژە بە ساز کردنی «بوزلق» بێ. عالەمئارا لە بارەی

بوزلقەوە دەنووسێ:... لە لای باشوورەوە سەهۆڵدانێکیان ساز کردووە کە لە زستاندا بە بەفر و سەهۆڵ داخندرێ. لە تەنیشت وێ حەوزێک هەیە، تا ئەو بەفر و سەهۆڵەی لە گەرمای هاویندا دەتوێنەوە و دەبێتە ئاو بە فیڕۆ نەڕوا و لە وێدا کۆ بێتەوە و لە کاتی کەمئاوی‌دا بەکار بێ. ئەو سەهۆڵدانەش قەڵاییچەیەکی لە سەر دروست کراوە و پاسەوان و تفەنگچی لە سەر داندراوە. بەویش دەڵێن «بوزلق» یا «قارلق». ڕێگای وێش وەک ڕێگای «سولق» لە دەرەوەڕا ونە...(تۆحفەی موزەففەرییە – هێمن). بڕوانە پ. ١٧٣.

٥١٦- لەو ڕستە و ڕستەکانی سەر و خوارتری دەکرێ ئەو مانایە هەڵکرێنی کە هەلومەرجی ژیانی نێو قەڵا خۆش و بە دڵە و باشی ڕادەبوێرن. بەیتبێژ بۆ ئەو دڵگوشادییە حاڵوهەوای ژنانی قەڵا و خشل و جەواهێرات و تەنانەت ناز و نیمنازی ئەوانی بە نیشانە هێناوەتەوە.

٥١٧- بڕوانە پ. ٥١٦. وێچوواندنی کوڵمە بە چرا لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆر باوە و گرینگی ئەو کەرەسەیە لە ژیانی کورددا نیشان دەدا. دیارە وەجی تەشبیهـ سووری و گەشییە. ڕەنگی سوور جێگەی تایبەتی لە سەلیقە و جوانی‌ناسی کورددا هەیە. تارای سوور بەرچاوترین نیشانەی بایەخی ڕەنگی سوورە.

٥١٨- چوارفەسڵی، خانوویەکە لە قاتی هەرە سەرەوە سازی دەکەن و زۆربە هەر چوار لای پەنجەرەی تێدەگرن هەتا فێنک بێ و لە هەر چوار لاوە بتوانی لە دەرەوە بڕوانی.

٥١٩- مانای ڕستە: پەنجەرەکان لە دوڕ و لەعل ساز کراون.

٥٢٠- دەرکە بە ئەڵماس ڕازاوەتەوە. «قاپی» وشەیەکی تورکییە بە مانای دەرگا.

٥٢١- مانای ڕستە: خەڵکێکی زۆریان لێ دەنگ دا بۆ ساز کردنی قەڵا.

٥٢٢- «قوتار» لەو وشە تورکییانەیە هاتۆتە نێو زمانی کوردی بە مانای ڕزگار بوونە، بەڵام لێرەدا مانای تەواو بوو دەدا.

٥٢٣- لە نێو بەیتەکاندا هەندێ لایەنی زمانی وە بەرچاو دێ کە لێ

وردبوونەوە لێیان دەتوانێ چارەسازی گرفتەکانی زمانیمان بێ. بۆ وێنە هەر ئەو سێ وشەی «گیانئەستێن» و «گیاندەر» و «دەهەندە» کە هەر سێک سیفەتی فاعیلین. لە یەکەم وشەدا فۆرموولی ناو لەگەڵ ڕیشەی موزارع، لە دووەم وشەدا، فۆرموولی ناو لەگەڵ پاشگری «دەر» و لە سێیەم وشەدا فورموولی ڕیشەی موزارع لەگەڵ پاشگری «ەندە» دەتوانێ پەنجەرەی دنیایەکی بەربڵاوی زمانیمان بە ڕوودا بکاتەوە. ناسینی وردی وردەکارییەکانی زمان، ئێمە لە داتاشینی وشەی ناکوردانەی خەڵکنەویست بێنیاز دەکا.

٥٢٤- لە ئێران و هەروەها لە کوردستانیش پیشەی سەنعەتی زۆرتر کاری نامسوڵمانەکان بوون. هەر لەو سابڵاغەی خۆمان جوو و هەرمەنی لێ بوون. ئەو کارانەی نەختێک بۆنی سەنعەتییان لێ هاتبێ، کاری ئەوان بوو! وێدەچێ مەبەستی ئەو ڕستەیە ئەوە بێ کە بە دەستی نامسوڵمانان کە لە ئیسفەهان دەژین چەکوچۆڵ و کاروباری تەداروکاتی شەڕ دابین بکا. ئیسفەهان هەر ئێستا گەورەترین ناوەندی مەسیحییەتی ئێرانە. ئەوانە لە دەورەی سەفەوییە بردرانە ئیسفەهان. گەبر: زەردەشتی. جەبر: (؟) بڵێی هەر ئەو بۆچوونە لە ئیسلام نەبێ کە لە سەر ئەو باوەڕەن کردار و ئاکاری ئادەمیزاد بە ئیرادەی خوایە و بەندەگان خۆیان ئیختیاردار نین.

٥٢٥- خاڵخاڵ شارێکە سەر بە ئوستانی ئەردەوێل. ئەو ناوە لە فۆلکلۆری ناوچەی موکریاندا کینایە لە شوێنی دوورە. ئەگەر بیانەوێ باسی جێیەکی دوور بکەن و چوونی سەخت بێ، دەڵێن: «لە تارمە و خاڵخاڵانە!» تارمە واتا تاروم؛ ئەویش شارێکە لە ئوستانی گیلان. واوێدەچێ مەبەستی بەیتبێژ ئەوەبێ کە شاعەباس تەنانەت لە دوورترین شوێنەکانیش لەشکری کۆ کردەوە.

٥٢٦- واتا خان لە ئێران یاغی بووە و...

٥٢٧- وێدەچێ مانای ڕستە ئەوە بێ: ئێستا کە پاشا زانی خۆ لە شەڕ بپارێزێ. ویناچێ فورموولێکی تایبەتی زمانی بێ لە دارشتنی ڕستەدا؛ هەرچی هەیە هەڵەیەکی زمانیی بەیتبێژە.

٥٢٨- کوردوکار، کردوکار، سەبەبکار، باعیس. مانای ڕستە: دەبێ سەبەبکار وەها جەزا بدەم...

لەمەڕ ئەو تەرکیبە، جێیەتی ئاماژە بکرێ کە لە موکریان «کردوکار» و «کرد و کارەسات» و «کارەسات» بۆ توندیی دژکردەوە یان ڕەنگدانەوەی هەواڵ بە لای کەسێکە بە کار دێ و دوورە لە مانای سەبەبکاری یا باعیسی. بۆ نموونە: کە زانیان منداڵەکەیان مردووە، باب و دایکە کردوکارێکیان کرد مەگەر خودا بزانێ! (واتا بە توندی گریان و خۆیان ڕنییەوە و شینگێڕییان کرد). ژنە کە زانی قسەیان بۆ هەڵبەستووە کردوکارێکی کرد، کردوکارێکی کرد (واتا بە توندی دژکردەوەی لە خۆ نیشاندا). ئەم تەرکیبە سەرف - گەردان - ناکرێ؛ زۆربە وەک هەواڵێک لە ڕابردووی سادەدا بۆ سێیەم کەسی تاک بە کار دێ.

٥٢٩- لەو ڕستەیەدا دوو ئیدیۆمی «ڕۆژی خوێنڕێژی» و «زگ پێنەسووتان» هەیە. یەکەمیان واتا شەڕ و دووەمیان وەلفەت پێنەدان و جۆرێ بێڕوحمی دەگەیەنێ.

٥٣٠- سەحرای نەجەپ، سەحرای نەجەف. ئاماژەیە بە هەبوونی قەبری عەلی خەلیفەی چوارەم کە لە نەجەفی عێراقە. بەڵێ جێگۆڕکێی پیتی «ب» و «پ» لە کوردیدا هەیە، جیب/ جیپ، تاپ/ تاب. بەڵام لێرەدا «ف» بە «پ» گۆڕاوە.

خاڵی شاراوەی نێو ئەم ڕستەیە ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بە شیعە بوونی شاعەباسە.

٥٣١- یەنگە دنیا، یەنگی دنیا: قاڕڕەی ئەمریکای باکووری و ناوەندی و باشووری. ئەو وشەیە تورکی فارسییە و بەڕواڵەت بە مانای دنیای نوێیە. یەکەمجار لە لایەن عوسمانییەکان (وەک زۆر وشەی تر کە ئەوان لە ئورووپاوە گەیاندیانە ئێران) هاتە نێو زمانی فارسییەوە. هەتا ماوەیەکی زۆر خەڵکی ئێران بە ئەمریکایان دەکوت یەنگە دنیا و یەنگی دنیا. چینی نەخوێندەوار لەنگە دنیا و لەنگی دنیاشیان پێدەکوت. (فرهنگ معین، جلد ٤).

دیارە لێرەدا مەبەستی بەیتبێژ ڕاونان و دوور خستنەوەی

یەکجارەکییە لە خاک و وڵات و نابێ نیگای ئەمڕۆییمان بۆ ئەمریکا هەبێ.

٥٣٢- تۆتیا، تووتیا: ئۆکسیدی سروشتی و ناخالیسی فافۆن (ڕووی) کە لە کوورەی تواندنەوە و قاڵ کردنەوەی قورقوشم و فافۆن ساز دەبێ. مەحلوولی پاکەرەوەیەکی قەوییە؛ کەپۆ و زار و پێلووی چاوی پێدەشۆنەوە. قەدیم بۆ زیپکەی بەهارانە و چاوئێشە کەڵکیان لێ وەردەگرت و وەک تۆز لە چاویان دەکرد...

(فرهنگ معین، جلد ١)

تووتیا هەم لە ئەدەبی کلاسێک و هەم لە فۆلکلۆری کوردیدا هەڵگری سێ باری مانایی مەجازییە: ورد، بەنرخ و هاڕین. لە شەڕ و حیماسەدا ئەوپەڕی توندی نواندنە لە بەرانبەر حەریف و شکاندن و تەرتوتوونا کردنی یەکجارەکی ئەو دەگەیەنێ.

مانای ڕستە: دەیانکووژم و تەنانەت کەللەی سەریان دەهاڕم و وەک تۆزی تووتیایان لێدەکەم.

٥٣٣- حوکم: زەبر، هێز. دەلیا: دەریا. لێرەدا دەریا کینایەیە لە زۆر و زەوەندی و لە ڕادەبەدەری لەشکر.

مانای ڕستە: بە زەبر و هێزی تۆپان و بە لەشکری زۆر و بێ ئەژمار...

٥٣٤- کۆز ئەو پەرژین و چەپەرەیە بۆ جوێ کردنەوە و ڕاگرتنی بەرخ و کاریلەی ساوا لە حەوشە یا دانگە دەیگرنەوە. بێتوو گورگ بکەوێتە نێو کۆز و خاوەن ماڵ پێ نەزانی، زەرەر و زیانی زۆر دەگەیەنێ و جاری وا بووە گورگ هەموو بەرخ و کاریلەکانی خینکاندوون. لە نێو بیرۆکە و وردە داستانەکانی ژیانی مەرداران چ زۆرن بەسەرهات و ڕووداو لەم بارەوە.

سەرچاوەی زۆربەی ئیدیۆم و پەندەکانی ئێمە ئابوورین و لەو نێوەدا ئاژەڵداری دەورێکی بەرچاوی هەیە. یەکێک لەو هەڕەشانەی ئەمڕۆ بەربینگی زمانەکەمانی گرتووە، ویشک بوونی ئەو سەرینچاوەیە. ژیانی ئابووریمان بەسراوەتەوە بە ئابوورییەکی دەرەکی و ئەو دەرەکی بوونە پێشی زاوزێی ئیدیۆم و عیبارات

و پەند و مەتەڵی خۆماڵی گرتووە و تەنانەت بە هۆی پچڕانی پێوەندی لەگەڵ ڕابردوو، بەرەی نوێ لە بابەتە زمانییەکانمان نامۆیی دەکەن.

مانای ڕستە: بە دەستی خۆم زیانم بە خۆم گەیاندووە. (ئاماژەیە بە ئیزندانی دروست کردنی قەڵا)

ئیدیۆمی «کۆزی ساوا» بە بنەماڵەیەک دەکوترێ کە هێشتا منداڵ یا منداڵەکانی وێرانەگەیشتوون.

٥٣٥- مانای ڕستە: ئاقڵم گۆڕاوە، شێت بوومە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆر تێکەڵاوی ئەفسانە و خەیاڵاتە لەگەڵ ڕاستییەکان. کەلک وەرگرتن لە عیباراتی «پەری دەست لە دڵ دان» یان «جندۆکە دەست لێوەشاندن» بۆ گۆڕانی حاڵاتی ئینسانەکان بە سەر زاردا دێ و زۆر شکیش لەوە ناکرێ کە ئەم بۆچوونە فڕی بە سەر زانستەوە نییە.

٥٣٦- ئاماژە بە ئیزنی دانانی قەڵا و داستانی چەرمەگا و...

٥٣٧- نازانم مەبەست لە قەرەسۆرانی (سۆرانی ڕەش) ئایا تیپێکە لە نێو لەشکری کوردان یان تایفەیەک بووون؟

٥٣٨- دەستوور: دابوڕەسم. قارەمان دەستوور: بە دابوڕەسمی قارەمانان. مانای ڕستە: هەموو وەک قارەمانان خۆ بۆ ئەو شەڕە ساز بکەین.

٥٣٩- دەرقەید: دەربەست. مانای هەر دوو ڕستە: ئاگاتان لە خۆ بێ فریو نەخۆن. دەربەست و نیگەرانی مردن مەبن.

٥٤٠-خدری لێتان: یەکێک لە سەرکردەکانی قەڵا. لێتان وەک سەرکردەی ئازا، لێتان وەک تەتەر، لێتان وەک شوێن، لێتان وەک نەمادی خەیانەت هەمیشە لێرە و لەوێی دەقەکانی دمدمدا وەبەر چاو دێن. بڕوانە پ. ١٧٢.

٥٤١- شاڵیبەگ: لە سەرکردە و جەنگاوەرانی پارێزەری قەڵا. زمیر: ئایا مەبەست شاری «ئیزمیر»ی تورکیەی ئێستایە؟

٥٤٢- بڕوانە پ. ٥١١.

٥٤٣- فەتتاحبەگ: لە سەرکردە و جەنگاوەرانی پارێزەری قەڵا. وان:

شارێکی کوردنشینی تورکییەیە.
٥٤٤- مانای ڕستە: بۆ ڕۆژی شەڕ و دوژمن کوشتن.
٥٤٥- واتا ڕۆژی تەنگانە ترسان و ئازایەتی پیاو دیاری دەکا.
٥٤٦- «پیاوی بە دەستە» دەتوانێ هەڵگری دوو مانا بێ. یەکەم؛ واتا دەستەودەیارەی هەیە. دووەم؛ واتا دەستکەرەوەیە. وێنس‌بەگ: یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵا. لە نووسینی ڕستەدا مانای یەکەممان ڕە چاو کردووە.
٥٤٧- دەستکەرەوە: ئەو کەسەی لە شەڕدا - یان لە قسەدا - وڵامی هێرشی حەریف دەداتەوە و لە خۆی دیفاع دەکا. «دەستکەرەوە» لە چاوگی «دەست کردنەوە» وە هاتووە. وردبوونەوە لە کەرتی دووەمی ئەو سیفەتە تێکەڵاوە دەتوانی بەرەو ساز کردنی وشەی تازەی لەو چەشنەمان بەرێ.
مانای ڕستە: بە دەست کردنەوە دەتوانی سەر بکەوی.
٥٤٨- جەوهەر واتا ویقار و زاکون. پیاوی جەوهەردار پیاوی نەترس و ئازا. بە پێی ڕستە ئەوەی لە خۆی دیفاع دەکا دەبێتە خاوەن جەوهەر و پێگە و پلەی بەرز. ترسەنۆکی لە شەڕدا یەکێک لە سیفەتە هەر چرووکەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری بووە؛ بەتایبەت لە کولتووری عەشایریدا. هەر بۆیە بە شاهیدی مێژوو، جەنگاوەرانی کورد ناوبانگیان هەبووە. زۆر شەڕی وا هەبووە کوردان بە ڕێژەیەکی کەم جەماوەرێکی زۆریان شکست داوە.
٥٤٩- ڕستەکە وەک قسەی نەستەق دەچی. هەر دەڵێی ڕووح لە سەر سەفەرە و چاوەڕوانی ئەجەلە! ئەم ڕستە چەشنێک فیداکاری و دەربەند نەبوونی لێ دەکەوێتەوە.
٥٥٠- دوو عیبارەتی «ئەحواڵ شلوێ» و «گەروو تاڵ» پێکهێنەری کاکڵی مانایی ئەم ڕستەیەن. هەر دوو ناخۆشی هەلومەرج و چاوەڕوانی کارەساتی ناخۆشیان پێوە دیارە. شلوێ بۆ ئەحواڵ و تاڵ بۆ گەروو قورسایی ماناییان زیاتر کردووە.
٥٥١- هەنبانەبۆرینە «بریو»ی بە مانای پەلە و لەز گرتووە. لەو ڕستە و ڕستەکانی دوایی کە حاڵەتی شەڕ نیشان دەدەن، وا دەردەکەوێ

مەبەست لە بریو بریو دەنگەدەنگ و زەنازەنا و تێکەوەدان و بەپەلە خۆ تەیار کردن بێ.
٥٥٢- کاوەکاو: هەنبانەبۆرینە لە بەرانبەر کاوەکاودا برژانەوەی پێست، سووزیانەوە، گریان و کاڵینی هێناوە. بە لە بەر چاو گرتنی ڕستەکانی سەر و خوار، «قرمەی خەنجەرە، لەو کاوەکاوە» وا دەردەکەوێ هەر دوو مانای هەژار بگرێتەوە؛ واتا بریندار بوون و هاوار هاوار.
٥٥٣- زینهار وشەیەکی پەهلەوییە بە مانای «ئەمان، پەنا، مۆڵەت، بەڵێنی». لە دەقە فۆلکلۆرییەکانی کوردیدا بە دوو مانای تریش دە کار کراوە: ١- وریا بە. ٢- هەرگیز.
لەم ڕستەیەدا بەیتبێژ بە مانا دووەمەکە هێناویەتی، واتە: کوردان لە شەڕدا هەرگیز بە چۆک دانایەن و کۆڵ نادەن.
٥٥٤- هەنبانەبۆرینە وشەی «سریوە»ی بە مانای سروە، شنە، بای بسکان، جریوەی چۆلەکان و زریوەی ئەستێرە گرتووە.
سریوە لە ئەسڵدا بە مانای دەنگێکی نزمە. بۆ دیاری کردنی جۆر یا کاتی ئەو دەنگە جاری وایە وشەی تری دەخەنە دوای. سریوەی بەیانی واتا بەیانی زوو پێش ئەوەی گیانلەبەرەکان لە خەو هەستن و وە جووڵەجووڵ بکەون. سریوە نەدەهات واتا نە دەنگی پەلەوەرێک و تەنانەت نە دەنگی کزەبایەک نەدەهات؛ بێدەنگی تەواو.
لەم ڕستەیەدا وا دیارە سریوە وەک بەشێک لە کات هاتووە؛ شەوەکی، بکەر و فاعیلی ئەم ڕستەیە جەنگاوەرانی پارێزەری قەڵان. لە فۆلکلۆری کوردیدا یەکێک لە حاڵەتەکانی بای زریان ساردییەتی؛ هەر بۆیە دەڵێن وەک شمشێر دەبڕێ واتا کار لە لەشی مرۆڤ دەکا. مانای ڕستە: جەنگاوەرانی قەڵا هەر لە شەوەکییەوە هێرشی کوشندەی خۆیان دەست پێدەکەن.
٥٥٥- دەبان جۆرێک پۆڵا بووە و خەنجەر و شمشێریان لێ ساز کردووە.
٥٥٦- زەهلەچشم «زهرچشم»ی فارسییە بە مانای ڕوانینی بە تووڕەیی و غەزەب. مانای ڕستە: لە ترسی چاوی، پیاو ڕوحی دە بەردا

نامێنێ.
٥٥٧- میرەڵە یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵا.
٥٥٨- ئاماژەیە بە سیفەتەکانی میرەڵە. ڕۆڵـەی زەمانە بە ئینسانی لێهاتوو و تەڕدەست و لێزان و چوست و چالاک دەڵێن. پێویست نییە ئەوەی باسی دەکەن هەمیشە کەسایەتییەکی ئیجابی هەبێ؛ جارجار بۆ ئینسانی فێڵەباز و تەنانەت دزی زیرەکیش بەکار دێ. جگەردار، نەترس و بەجەرگ. مانای ڕستە: میرەڵە ئینسانێکی لێهاتوو و نەترسە.
٥٥٩- واتا ئەو پەروەردگارەی مانگ و ئەستێرەی ساز کردووە میرەڵە سەرکەوتوو بکا.
٥٦٠- یەکێک لە سەرکردەکانی شەڕوانی قەڵای دمدم
٥٦١- ئەو ڕستەیە کینایەیە لە کوژرانی زۆری شەڕکەران. لەشی مردوو بە بەرگی وەریو چوواندن لە ئەدەبی کەلاسیک و لە فۆلکلۆردا زۆری کەلک لێ وەرگیراوە.
٥٦٢- خدربەگ یەکێک لە جەنگاوەرانی قەڵایە و هیچ زانیاییەکمان لە بارەیەوە بە دەستەوە نییە. هەمەوەند تیرەیەکی ئازا و بەجەرگن و لە کۆنەوە بە چاو نەترس و لێهاتوو و سەرسەخت ناوبانگیان دەرکـردووە، تەنانەت لە شەڕ و هـەرا خێڵەکییەکان و لە شەڕ لەگەڵ دوژمن، ئافرەتیش هاوبەشییان کردووە.
ئەم تیرەیە لە دەوروبـەری ساڵی ١٧٠٠ی زایینی لە ناوچەی «سنە»وە هاتوونە ناوچەی «بازیان»ی ئێستا کە سەر بە سلێمانییە.
٥٦٣- مانای ڕستە: لەشکرێکی وەها زۆر ساز بکە عەرد و بوو هەڵگرێ.
٥٦٤- عەزیزبەگی زوراری یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵا.
٥٦٥- شاخی قزرمە: قزدرمە دەرەسی (دۆڵی قزدرمە) دەربەندێکە لە نیزیک دزەی دۆڵ لە سەر ڕێگای ورمێ بۆ مەهاباد. ئۆژێن ئۆبێن لە کتێبی «ایران امروز» دا باسی دەکا و دەڵێ لە دزەی دۆڵ کە بەرەو سابڵاغ دەهاتین بە وێدا تێپەڕین؛ لەو جێیە ڕێبواران ڕووت دەکەن. قزدرمە بە تورکی یانی تاوتێ.

٥٦٦- ڕەشیدبەگ یەکێک لە سەرکردەکانی قەڵا. لە کتێبی عالەمئارای عەباسیدا باسی ئەوە هاتووە کە سپای ئێران هەندێ چەکوچۆڵی لە ڕێگەی دەریاوە هێنایە بەرەی شەڕ. وێدەچێ مەبەستی ئەم ڕستەیە ئاماژە بەو مەسەلەیە بێ.

٥٦٧- جارجار چەکوچۆڵی شەڕی ئەمڕۆ دێتە نێو دەقەکانەوە، ئەوەش یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بابەتی فۆلکلۆرییە و دەچێتە خانەی هەڵەی بەیتبێژەوە. وەک خونپارە (خۆمپارە) لەم ڕستەیەدا.

٥٦٨- مەبەستی چاردە لا ئەگەر دوور لە هەڵەی زمانی بەیتبێژەوە لێی بڕوانین و بڵێن مەبەستی چوار لا نەبووە، دەکرێ هێرشی هەمەلایەنەی پێبڵێین و بابەتێکی وەک جەنگی مەغلووبە.

٥٦٩- چۆک داکوتان بە مانای دامەزران و بە دڵنیاییەوە شوێنی خۆ گرتنە، بەڵام جارجار لە بابەتە حیماسییەکاندا ئاماژە بەوە دەکرێ کە شەڕکەران لە حاڵەتی بەرەنگاری‌دا، بۆ ئەوەی فکری پاشەکشە لە بیریان بەرنەدەر، لە سەنگەرەکانیاندا چۆکی خۆیان دەبەست و شەڕی مان و نەمانیان دەکرد. وێدەچێ ئەم ڕستەیە ئاماژە بەو چۆک بەستنەش بێ.

٥٧٠- «ڕکێف بەتاڵ بـوون» و «بـەدەن بێ گیان بـوون» بە مانای کوژرانی سوارە. کوژرانی سوار و کەوتنە خوار لە ئەسپ و لاق لە ئاوزەنگی هاتنە دەر بۆتە بنەمای ساز بوونی ئەو ئیدیۆمە.

ڕکێف بەتاڵ کردن مانایەکی تری هەیە ئەویش سوار کردنی کەسێک لە پاشکۆی سوارە؛ بەو حاڵەتە کە سوار لاقێکی لە ڕکێف دەردێنێ و دەستی پیادە دەگرێ و پیادەش لاقێکی دەخاتە ڕکێفە بەتاڵەکە و سواری پاشکۆی دەبێ: ئاشق گەیشتە گراوییەکەی و ڕکێفی بۆ بەتاڵ کرد.

٥٧١- مەبەست ئەوەیە لەشکری عەجەم دەشکێ، بەڵام هیمدادیان بۆ دێ و دیسان دەگەڕێنەوە مەیدانی شەڕ. لێرەدا «گیرسانەوە» ڕاوەستانی دوای هەڵاتن مانا دەدا.

٥٧٢- لەو دەقەدا باسی بیری حیسابگەرانەی ئەحمەدبەگی لێتان دێتە گۆڕ کە لە فکری سبەی دوای شەڕدایە و ناڵی ئەسپەکەی تەنیا

بیانوویەک بووە و بەس.

٥٧٣- عـەرەج: لە فەرهەنگی نۆبەرەدا عەرەج بە مانای شەلین، شەل بوون، لەنگان هاتووە. ئەو مانایە لەگەڵ نێوەرۆکی ڕستەکە یەک ناگرێتەوە؛ مەگین عەرەج بە شەقاو دابنێین. ئەودەم مانای ڕستەکە ئـاوای لێ دێ: سینگی دوو شەقاو پانە. ڕستەکە جۆرێک تانە لێدانی پێوە دیارە.

بەیتبێژ لێرەدا چەند ئاوەڵناوی ناحەز بۆ ئەحمەدبەگ ڕیز دەکا و بە باعیسی ڕووخانی قەڵای دەزانێ. ڕستەکانی دواتری ئەم بەشە پڕن لە ڕەزیلی و خوێریگەری ئەحمەدبەگ بۆ وە دەست هێنانی دڵی سپای شاعەباس و جێ بۆ خۆ کردنەوە. ئەم ڕەزالەت و خوێرییەتە تەنانەت سەدەکانی دوای دەوری شاعباسیش هەر وەک ئاکارێکی زۆر دزێو لە نێو ئەو کەسانەی بەرەی خەبات و شەڕی کوردانیان بە جێ دەهێشت و دەچوونە بەرەی دوژمن نیشان دراوە؛ تەنانەت زۆر دڵڕەقتر لە نەتەوی لە ئاست میللەتی خۆ جووڵاونەوە.

٥٧٤- پاشگری «بار» : لە وشەگەلی وەک «هەتیوبار» (ئەوەی خاوەنی منداڵی سەغیر و هەتیوە)، «منەتبار» (ئـەوەی منەت دەکێشێ)، «تازیەبار» (ئەوەی تازیە دەکێشێ)، «تاوانبار» (ئەوەی تاوانی کردووە)، «سەغیربار» (ئەوەی خاوەنی سەغیرە)، پاشگری «بار» بە مانای ئەرک و قورسایی مەعنەوی بابەتەکەیە. قامووسی زمانی کوردی عەبدوڕەحمانی زەبیحی و فەرهەنگی زارەکی موکریان هی سەلاح پایانیانی بە وردی لە سەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی «بار» دواون و بە پێویست نازانم لێرەدا بیانهێمەوە. ئەوەی پێویستە باس بکرێ یەکەم، پاشگری «بار» لانیکەم لەو شێوە نموونانەدا سیفەتی فاعیلی یان مەفعوولی ساز دەکا. دووەم وشەی «یەخسیربار» لەو ڕستەیەدا تەواو مانای «یەخسیر» دەدا. جێی سەرنجە سەلاح پایانیانی لە فەرهەنگی زارەکی موکریان، لاپەرە ١١٠، بەرگی ٢ نموونەیەکی لە چێشتی مجێوری هەژار هێناوەتەوە کە ڕێک وەک یەخسیربار بە کار هاتووە و تەواو دژی نموونەکانی سەروون:

«سەید عەولام کە بە جێ هێشتبوو منداڵێکی فەقیر و هەتیوبار بووم». سەرنجدان بەو وردەکارییانەی بەیت لەمەڕ زمانەوە کارێکە دەبێ شارەزایانی زمان ئەنجامی بدەن.
٥٧٥- مەبەست ئەحمەدبەگی لێتانە کە لە قەڵا ڕایکردووە و باس و خەبەری نێو قەڵای پێیە.
٥٧٦- فاعیل و بکەری ڕستە و ڕستەکانی دواتر ئەحمەدبەگی لێتانە. دیسان ڕەزاڵەت و خۆ شیرین کردنی خەیانەتکارانەی ئەحمەدبەگ دەست پێدەکاتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە لەو دەقەدا ئەوەیە، بەو توندییەی کە ئەحمەدبەگ بۆ سەرکوتی پارێزەرانی قەڵا دەدوێ هیچ فەرماندەیەکی گەمارۆدەر ئاوا نەدواوە.
٥٧٧- بڕوانە پ. ١٧٢ و ١٧٣.
٥٧٨- بڕوانە پ. ١٦١.
٥٧٩- وا دیارە یەکێک لە کەسایەتییەکانی قەڵا بێ. ئێمە نازانین ناوی ئەو ژنانەی لەو دەقانەدا باسیان دێ چەندە ڕاست و چەندە ناڕاستن. بەڵام هیچ ئاماژەیەک بەوە ناکرێ کە لە شەڕدا بەشدار بووبن. یان بۆ نان و هەوێر یان بۆ کاروباری ماڵ ناویان دێ. سەرەنجامیش بۆ خۆ هەڵدێرانیان لە دواساتەکانی گیرانی قەڵا. ئایا ئەم خاڵە سەلبییە بخەینە سەر شانی بیری پیاوسالاری؟
٥٨٠- بڕوانە پ. ٥٧٩.
٥٨١- ئەمە یەکەم جارە ژماری ڕۆژانی بێ ئاوی نێو قەڵا باسی لێدەکرێ.
٥٨٢- واوێدەچێ سوڵتان ئەو قسەیە بە خدری لێتان دەڵێ کە بە خانی بڵێ خۆ ڕاگرێ و کۆڵ نەدا.
٥٨٣- بڕوانە پ. ٨٢.
٥٨٤- تۆپاڵ یەکێ لە فەرماندەرانی سپای عوسمانییە.
٥٨٥- بڕوانە پ. ٨٩.
٥٨٦- مانای ڕستە: نەوەک ژن و منداڵ بە یەخسیر بەرن!
٥٨٧- شان بە تورمە. تورمە پارچەیەکی گرانبایی بووە و زۆرتر بۆ پیاو ماقووڵان و گەورە گەورەکانی دەسەڵات کەڵکیان لێ وەردەگرت. جۆری پۆشتەمەنی و جۆری پارچە پێگەی ئەوانیان لە دەسەڵاتدا

دیاری دەکرد. پارچەی تورمە یەکێک لەو چەشنە پارچانە بووە کە لە پەنا کەوڵی قاقم دەوری گێڕاوە.

٥٨٨- وشەی ڕەقەم لێرە مانای نامە دەدا. مانای ڕستە: بیست نامەی نارد.

٥٨٩- لەشکر وە سێڵاو چوواندن کینایە لە زۆری و لە ڕادەبەدەریی لەشکرە.

٥٩٠- واتا زمانم لە گرێو ناوە. مانای ڕستە: قەولم داوە.

٥٩١- بەجێ گەیاندنی عەهد و پەیمان و بەڵێنی خاڵێکی هەرە دیار و بەرچاوی پیاوەتی لە نێو کورداندا بووە. گەلێ کارەساتی دڵتەزێن لەسەر بە جێ هێنانی پەیمان ڕووی داوە و گیانی بەڵێنیدەر فیدا بووە.

٥٩٢- ئاماژەیە بە زۆر و زەوەندیی لەشکر.

٥٩٣- «مەحفووزکوننده» بە مانای پارێزەر، هێنانەوەی ڕاستەوخۆی عیبارەتێکی فارسییە لەو دەقە بەیتەدا. بابەتی زمانی لەو چەشنە لە نێو بەیتەکاندا کەمتر ڕوو دەدا.

٥٩٤- بەرگی غەزەب پۆشین: زۆرتر لە ئەفسانەکاندا لەو عیبارەتە کەلک وەردەگیرێ؛ ئەوەش بریتییە لە حاڵەتێک کە حاکم یان پاشا لە کردەوەی کەسێک یان کەسانێک قەڵس و تووڕەیە و فەرمانی بە جەزا گەیاندن دەدا. ئەو فەرمانە زۆرتر کوشتنی لایەنی پێوەیە.

٥٩٥- بەو پێیە دەبێ بە بورجی گەورەیان دادابێ.

٥٩٦- بڕوانە پ. ٣٠٠.

٥٩٧- بە پێی ئەم ڕستەیە دەبێ ٤٠ هەزار کەس لە قەڵادا بووبن.

٥٩٨- بڵێی تۆپێک بێ کە لە جێی گوللە ورکە ناڵیان تێکردبێ!؟ ئەوەی ڕوونە تا ئەم دواییانەش ڕاوچییانی دەوری گۆلی ورمێ ئەگەر ساچمەیان دەست نەدەکەوت، دەفری قورقوشم و تەنانەت ئاسنینەیان ورد دەکرد و لە جێی ساچمە بۆ تفەنگی سەرپڕ و تاپڕ کەڵکیان لێ وەردەگرت و پێیان دەکوت نۆپارە.

٥٩٩- ڕستەی «داد داد و ڕۆڕۆ دمدمە» و تاک ڕستەی لەو چەشنە جارجار لە نێو دەقەکانی بەر دەستمدا دەبینرێ و ڕاست لەو دەمەوە

دەبێتە سەربەندی وتەکانی بەیتبێژ کە قەڵا بەرەو ڕووخان دەچێ و هەلومەرجی دژوار بۆ پارێزەران دێتە ئاراوە. «ڕۆڕۆ کردن» بە مانای شینگێڕی و سەردوولکە گێڕانە بۆ مەرگی ئازیزان.

٦٠٠- «وەک خیز» بە مانای زۆرە. مانای ڕستە: قەڵا بە دانیشتووانییەوە گوللەبارانێکی خەست دەکرێ.

٦٠١- بەو ڕستانە وا وێدەچێ دوای شەوێکی سەخت و شەڕێکی دژوار، یەکەم قۆنگرەی قەڵات لەگەڵ تاوهەڵات گیراوە و کوردان لە هەموو لایەکەوە هوروژمیان بۆ ئەو جێیە هێناوە هەتا پێشی شکست بگرن.

٦٠٢- مانای ڕستە: سواران کوژران. خوانی زین: ئەو بەشە لە زین کە سوار لە سەری دادەنیشێ. بڕوانە پ. ٥٧٠.

٦٠٣- ئالیلەک یەکێک لە پارێزەرانی قەڵا. لە دەقەکانی تردا ئاڵیبەگ هاتووە؛ وێدەچێ ئاڵیلەک هەڵە بێ.

٦٠٤- «بە دەستی خۆ بەهەشت کڕین» کاتێ بە کار دێ کە کەسێک چاکە و چاکەکارییەکی وەها بەرچاوی کردبێ کە بۆی بە کارێکی گەورەی ئیماندارانە بنووسرێ و لە جیاتی ئەو چاکەیە خوا بەهەشتی بە نسیب بکا. کوشتن یا کوژران لە شەڕ لە ڕێگەی خوادا، واتا خەزا، بەشێک لە باوەڕی مسوڵمانانە کە چ بکوژن و چ بکوژرێن دەچنە بەهەشت. بەهەشت بە شیر کڕین واتا شەڕ و غەزا لە ڕێگای خوادا کردن و پاداشتی بەهەشت وەرگرتن.

محەمەدجەمیل ڕۆژبەیانی لە کتێبی «فەرمانڕەوایانی موکریان» دا نووسیویە: لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیدا کوردەکانی ئازەربایجان تەنانەت ڕۆڵەکانی عێلی هەزەبانی پەیڕەوی ڕچی (مەزەبی) «شورات» بوون.

وشەی شورات بە مانای «کڕیاران» ، جەمعی موکەسسەری «شاری» یە و لەو ئایەتەوە هاتووە: «ان الله اشترى من المومنين انفسهم و اموالهم بان لهم الجنه» واتە «خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە».

کوردەکانی «تاوغ» (داقوق)یش کە لە سەرەتای دەرکەوتی

ئایینی ئیسلاما پەیڕەوی ڕچەی ئایینی شـورات بـوون، دژی «ئەمەوی» یەکان شۆڕشێکیان هەڵگیرساندبوو.
٦٠٥- مەبەست سەختی و دژواری شەڕ و تێکهەڵچوونەکەیە.
٦٠٦- ئاماژەیە بە داستانی حەزرەتی یۆسف. بڕوانە ٢٥٤
٦٠٧- ئاماژەیە بە داستانی حەزرەتی ئەیووب پێغەمبەر کە هەموو گیانی کرمەڕێز بوو. ناوی ئەو پێغەمبەرە چوار جار لە قورئاندا هاتووە. ئایەی ٨٣ و ٨٤ی سوورەی ئەنبیا باسی ئەیووب دەکا. دەڵێ ئەوکاتەی ئەیووب هاواری بۆ هێناین و کوتی گیروگرفتم هەیە، ئێمە گیروگرفتەکەمان بۆ ڕەها کرد.

لە ڕیوایەتدا هاتووە: جەستەی ئەیووب دافەتا و کرمەڕێز بوو؛ تا ئەو ڕادەیە خەڵک شاربەدەریان کرد. لە تەوراتدا هاتووە: لە بەری پێیڕا هەتا تەپڵی سەری کوانی لێهاتبوو؛ بە سواڵەت لە نێو خۆڵەمێش خۆی دەخوراند. ئەوانە لە قورئاندا نەهاتووە.
٦٠٨- ئاماژەیە بە داستانی حەزرەتی نووح و ساز کردنی کەشتی. بڕوانە پ. ٤٦٠.
٦٠٩- ئاماژەیە بە کتێبی تەورات و داستانی عەسای مووسا. چەند جار لە قورئاندا لە بارەی مۆجزەی گۆچانی مووسا ئایە هاتووە:

- کاتی (بێعسەت)، بـوون بە مـار لە کێوی تـوور. (سـوورەی قیسەس، ئایەی ٣١)
- بوون بە ئەژدیها لە بەر دەم فیرعەون (سـوورەی شوعەرا، ئایەی ٣٢)
- قووتدانی کەرەسەی جادووگەران و سیحربازان (سوورەی بەقەرە، ئایەی ٤٥)
- شەق کردنی ئاوی نیل و کردنەوەی ڕێگا (سوورەی شوعەرا، ئایەی ٦٣)
- قەڵشاندنی بـەرد لـە سـەحرای سینا و دەرهـاتنی ١٢ کانی (سوورەی شوعەرا، ئایەی ٦٠)

٦١٠- نالەی هەیدەر: دەڵێن عەلی، خەلیفەی چوارەم، چالاوێکی هەبووە و هەر کات لە باری دەروونییەوە گوشاری بۆ هاتووە، سەری

بەو چاڵاوە ڕۆکردووە و قیژاندوویە هەتا ئەهوەن بووەتەوە.

تۆفحەی دەروێش: ئاماژەیە بە دیارییەک کە باری ئەوین و خۆشەویستییەکەی زۆر و باری پارە و مادییەکەی کەم بێ. لە ڕستەیەکی فارسی وەرگیراوە کە دەڵێ: «برگ سبز است تحفه درویش.» ، واتە: دیاریی هەژار گەڵایەکی سەوزە.

٦١١- ئاماژەیە بە داستانی لە خاچدانی حەزرەتی عیسا. بە پێی ئایەی ١٥٧ی سوورەی نیسا، عیسا لە دار نەدراوە و بە دەستی یەهوود نەگوژراوە. پێداگری قورئان بۆ لە دار نەدرانی عیسا لە بەر پووچەڵ کردنەوەی ئەفسانەی «کەفارەی گوناهان»ە؛ کە عیسایییەکان سازیان کردووە و دەستبەرداری نین.

ئایەی ١١٧ی سوورەی مائیدە: عیسا کوتی من هەتا لە نێو خەڵکدا بووم شاهیدیان بووم و وەفاتت کە بە نسیبی من کرد خۆت ئاگات لێیان بوو.

٦١٢- ساڵح پیغەمبەر: نۆ جار ناوی لە قورئاندا هاتووە. دوای نووح و پێش ئیبراهیم پێغەمبەرایەتی کردووە. پێغەمبەرایەتی قەومی بتپەرستی سەموودی کرد. ئەوان وشتری سپی ساڵحیان کوشت کە مۆجزەی ئەو پێغەمبەرە بوو. برووسکەیەکی توند لێی دان و هەمووی کردن بە خەڵووز.

ئایەی ٧٣ی سوورەی ئەعراف لە بارەی وشتری ساڵح: ئەوە مایە (وشتری مێ)ی خوایە؛ بۆ ئێوە نیشانەی دەسەڵاتی خوایە. لێی گەڕێن لە سەر عەرز بلەوەڕێ.

ئایەی ١٥٥ی سوورەی شوعەرا: ئەو وشترە مافی ئەوەی هەیە لە ئاوی کانی (ئەو دێیە) ڕۆژێک بخواتەوە و ڕۆژێکیش بۆ ئێوە بێ.

ئایەی ٢٧ و ٢٨ی سوورەی قەمەر: ئێمە وشتر بۆ ئیمتحانی ئەوان دەنێرین.

٦١٣- بڕوانە پ. ٥٢٣.

٦١٤- بۆم ڕوون نەبۆوە وشەی کیشوەر لێرە چ مانایەکی هەیە.

٦١٥- ئاماژەیە بە داستانی ئیسماعیل و بۆ قوربانگە بردنی بە دەستی

باوکی.

٦١٦- بۆم ڕوون نەبۆوە داستانی غەرقە و بەرماڵی ئیبراهیمی خەلیل چییە.

٦١٧- بڕوانە پ. ٢٧٧.

٦١٨- فەتای فەتحدار مەبەست خوایە. لە سیپارەی حوجرەکانی کوردەواریدا، یەکەم دەرسی سووختان ئەوە بوو: یا ئەڵڵا تۆفیقم دەی، یا فەتاح فەتحم دەی، یا ڕەزاق ڕسقم دەی.

٦١٩- بڕوانە پ. ٢٥٤.

٦٢٠- ئەم ڕستە و ڕستەکانی دوایی لەگەڵ نێوەرۆکی کتێبی عالەمئارا یەک دەگرێتەوە کاتێک خان زانی هیمدادی لە ڕۆمێ بۆ نایە و خەریکە قەڵا داگیر دەکرێ نەخشە و پلانی داڕشت و کوتی لە بنەوە چەکوچۆڵ لە خۆی دەدەین و دەڵێین تەسلیم دەبین، دەچینە نێویان و دەستی خۆمان لە گەورەکانیان دەوەشێنین و ئەگەر توانیمان ڕێی دەرباز بوون پەیدا دەکەین و ئەگەر نەشمانتوانی ئەوە پێش مردنمان تۆڵەی خۆمانیان لێدەکەینەوە و...

٦٢١- دڵنیگەرانی بە تاڵان چوونی ژن و منداڵ و دەستدرێژی سپای شاعەباس بۆ سەر ئەوان بە سەر تەواوی بەیتەکەدا زاڵە و دیارە ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوان زۆر گرینگ بووە. هەر ئەو ترس و نیگەرانییەیە دواتر دەبێتە هۆی خۆ هەڵداشتنی ٨٦ کیژ و ژنی لاو لە بەردی شمشێرخانەوە. لەم ڕستەیەدا قۆڵ بە بازن ئاماژەیە بە کچان و ژنانی خانومانی نێو قەڵا. بڕوانە پ. ٢٤٤ و ٦٥٨ و ٧٥٩.

٦٢٢- ئامرازگەلی وەک تەپل و کەڕەنا و شەیپووڕ بۆ ڕاگەیاندنی هەر چەشنە هەواڵێک لە شەڕەکانی قەدیمدا کەڵکی لێ وەردەگیرا؛ ئەم ڕستەیە ئاماژەیە بەو کارە. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە دوو ناوی «نەکیسە» و «بارام»ن. ئەگەر بەیتبێژ لەو داستانانەی لە قاوەخانانددا نەققاڵی دەکردن ئەوانەی نەیهێنابنە نێو ئەم دەقە، دۆزینەوەیەکی باشە کە تەپڵلێدەری و حیماسەکانی ڕووداوی دمدمدا ئەم دوو کەسە بووبن؛ واتا نەکیسە و بارام.

نەکیسا مۆسیقازانی بەناوبانگی خوسرەوپەرویزی ساسانی

بووه. «بارام» یش ئەگەر «باربود»ی مۆسیقازانی دەورەی خوسرەوپەرویز نەبێ، دەتوانێ ئاماژە بە «بارام»ی ئایینی زەردەشتی بێ کە پاسەوانی پەیمان و بەڵێنی بووە.

٦٢٣- ویدەچێ مەبەست لەشکری شاعەباس بێ کە لەو دەنگەدەنگ و زەنازەنایە ئاگادار بوون و خێرا خەبەریان بۆ شا برد.

٦٢٤- بە پێی بەڵگە مێژووییەکان شەڕی قەڵای دمدم ساڵێکی کێشاوە، کەچی بە پێی ئەم ڕستە ساڵێک و شەش مانگ بووە.

٦٢٥- حەسەنخان سەرەڕای ئەوەی بە خانی موکری هەڵدەڵێ، تەشەریشی پێدادەدا و لێی بە گومانە.

٦٢٦- پەناهیدە بە مانای پەناهندە. شێوە ساز بوون و باری مانایی هەر دوو وشەی پەناهیدە و پەناهێناو جێی ورد بوونەوەن. هەروەها وتەکانی خانی موکری سەرەڕای تەسلیم بوونی، هیچ بۆنی ترس و پەشیمانی پێوە دیار نییە.

٦٢٧- لێرەوە قسەیان تێکدەهەڵقێ و لێیان دەبێ بە شەڕێکی قورس. بە پێی بەڵگەکانی مێژوویی ئەو تێکهەڵچوونەی خانی موکری لەگەڵ میرسۆفی بووە. ئەوەی لێرەدا گرینگە شێوەی تێکهەڵچوون و تەوسیفی شەڕ و بارودۆخەکەیە، نەک ئەوەی بەرانبەرەکەی کێ بووە.

٦٢٨- بڕوانە پ. ٦٢٧.

٦٢٩- بڕوانە پ.٦٢٧.

٦٣٠- عەزیزبەگ یەکێک لە جەنگاوەرانی قەڵا.

٦٣١- ڕەحمانبەگ یەکێک لە جەنگاوەرانی قەڵا. چەتاڵ: دار یا ئاسنی دوو لک کە دەیانچەقاند و لوولەی تفەنگیان لە سەر دادەنا هەتا ئامانج بێ دەست لەرزینی تفەنگچی بپێکرێ.

٦٣٢- بڕوانە پ. ٥٤١.

٦٣٣- بڕوانە پ. ٥٧٠.

٦٣٤- بڕوانە پ. ٤٤١.

٦٣٥- بەیتبێژ ئاماژە بە ناوی سوارەکە ناکا، بەڵام بە ئاڵای شینیەوە دەبێ کەسایەتییەکی ئایینی بێ.

٦٣٦- مانای ڕستە: پێشی خانان کراوە. ئاچغ وشەیەکی تورکییە لە چاوگی «ئاچماغ» بە مانای ئاوەڵە، کرانەوە.
٦٣٧- ئاوەڵناوی «چێ» تایبەتە بە تانجی؛ ئەو تانجییەی خێرایە و کەرویشک لە بەری دەرناچێ. ئەو سیفەتە بۆ ئینسان کەمتر دەکار دەکرێ و تەنانەت سووکە جنێویشە. بەڵام بەیتبێژ لە شوێنێکی وا حەساسدا کردوویەتە قافیە کە بیسەر یا خوێنەر هەست بەو بارە سەلبییەی ناکا.
٦٣٨- شابازە سووری مەرگێ: لە دەقەکانی تر و تەنانەت شوێنەکانی تر هەر باسی پیرۆتە سووری مەرگێ هاتووە. بڕوانە پ. ٢٢٤.
٦٣٩- موعجین خەڵکی کەسنەزان، یەکێک لە جەنگاوەرانی قەڵا. کەسنەزان گوندێکە سەر بە شاری سەقز.
٦٤٠- ڕوون نییە ئەو سوارە کێیە. بۆ چاوی بە کل بڕوانە پ. ٢٩٤.
٦٤١- مانای ڕستە: سێ چوار کەسان دەکوژێ. لە خوێن گەوزاندن بە مانای کوشتن لە ڕێی بریندار کردن و خوێنی زۆر لێهاتنە. وەک تووک و نزای ژنانەش کەڵکی لێ وەردەگیرێ: لە خوێنی خۆت گەوزێی. گەوزان بە مانای تل خواردنی لەشە لە سەر عەرز یان هەر شتێکی تر.
٦٤٢- کاک قادر فەتاحی قازی لە پێشەکی کتێبی «شۆڕمەحموود و مەرزینگان»دا باسی چوونی هەڵکەتی و خڕناڵ، دوو بەیتبێژی مەجیدخان، بۆ لای وسوو شایەر دەکا لە شنۆ؛ بۆ ئەوەی بەیتی «سوڵتان ئەحمەد بێناری»ی لێ فێر بن. هەم ئەو مەبەستە و هەم ئەم ڕستەیە وا دەردەخەن کە دەبێ لە بێنار شەڕێکی زۆر دژوار و خوێناوی ڕووی دابێ. بەیتی سوڵتان ئەحمەدی بێنار لە جێی خۆیدا پێشکێش دەکرێ. بۆ بێنار بڕوانە پ. ٤٦٥.
٦٤٣- حەمییەت واتا ئەهەمییەت و گرینگایەتی. دەیەوێ بە کەم گرتنی هێزی دوژمن دڵخۆشی ژن و منداڵان بداتەوە هەتا نەترسن.
٦٤٤- خۆ گرتنەوە: بەر لەوەی بە تەواوی بکەوی هەستییەوە. مانای ڕستە: هەموو عەجەم ئازاریان بینیوە و ئێستا دوای شکست خۆیان ساز داوەتەوە و ئامادەن دووبارە بێنەوە شەڕ.

٦٤٥- غەمزە ڕێنیشتن: ئەم ئیدیۆمەم تەنیا لە بەیتاندا دیوە و ئیتر لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا نەماوە. لە هەندێ بابەتی وەک حەیران و ئازیزە و... دا کە باسی ڕاو دێ بۆ نیمچە ترسانی نێچیر «غەمزە» دێنن. ئەوا لەو ڕستەیەشدا هەر بەو مانایە هاتووە، واتا پیاوان لێیان ناوەشێتەوە تەنانەت سووکە ترسێکیشیان لێ بنیشێ.

غەمزە لە مانای سەرەکی خۆیدا واتا بە چاو و برۆ ناز کردن، دیارە بۆ ئەو جۆرە نازە دەبێ کورتە حەرەکەیەک بە چاو و برۆ بدرێ.

ترس بەر لە هەموو ئەندامێکی لەش شوێن دەخاتە سەر چاو و برۆ. بەیتبێژی کورد ئەو ترسەی بە غەمزە ڕێنیشتن داناوە؛ بۆچوونێکی زۆر هونەرمەندانەیە.

٦٤٦- دڵسوار بوون بە مانای نیگەرانییە. مانای ڕستە: بۆچ وەها نیگەرانی؟

٦٤٧- مەبەست خوایە. لێرەدا ڕستەیەکی سوێند خواردنە. دیاردەی سوێند، شوێن پەنجەی خۆی لە سەر هەموو زمانەکان داناوە و دەیان و بگرە سەدان وشە و ئیدیۆم و شێوەڕستەی لێ کەوتۆتەوە. ئەم بابەتە مەیدانی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و ڕەوانی هەر کۆمەڵگایەکە.

٦٤٨- سەرکۆینە: ئێستا لە ئاخاوتنی خەڵکدا «سەرکۆنە» بە کار دێ. ئەمە لە دابی «کوێن» لە سەر نانی تازیەبارانەوە هاتووە. کوێن بەو پارچە ڕەشەی ڕەشماڵی لێ ساز دەکرێ دەڵێن. ژنانی کورد کوێن لە مووی بزنی ڕەش ساز دەکەن. هەر بۆیە کوێن زۆر زوورە و ئەگەر ڕاستەوخۆ بە پێستەوە بنووسێ دەتوانێ ئازاری بدا و دایڕووشێنێ. کوێن لە بەر کردن یان لە سەرنان بۆ ئەو خۆ ئازاردانەیە. بەیتبێژ لێرەدا «سەرکۆینە»ی هێناوەتەوە، ئایا ئەم «کۆین» ە شکڵی کۆنتری «کوێن» ە؟

٦٤٩- گۆڕەوشار واتا گۆڕفشار، بریتییە لە ئەو باوەڕەی مسوڵمانان کە پێیان وایە هەر کەس مرد، لە یەکەم شەوی ناشتنیدا، قەبر وێک دەکەوێ، واتا گاگۆڕ و گۆڕیچە گوشار دێنن بۆ تەرم و ڕێکی

دەگوشن، بە چەشنێک پاک و پیس لێک دەبێتەوە. لە ڕووی ئەم باوەڕە دینییە ئەو مەسەلەیە ساز کراوە؛ بەو مانایە کە تانە و تەشەر و عەیب لێ هەڵدانی خەڵک عازابی لەو گۆڕەوشارە پترە.

٦٥٠- واتا خان تەسلیم بووە و لەبەر دوژمن چۆکی داداوە. لێرەدا ئەم ڕستەیە بە تەنیا ناتەواوە و لەگەڵ ڕستەی پێش و ڕستەکانی دوای خۆی مانای تەواو دەبێ.

٦٥١- مانای ڕستە: لە شەڕدا دەستی پێ نەکراوەتەوە.

٦٥٢- لێرەدا کینایەیە لە نەمانی هێز و توانا. «دەست لغاو نەگرتن» ئەگەر بۆ شەڕ و ماندوویی و بێهێزی نەبێ، بۆ نیشاندانی سەرمای پڕ سەخڵەت بە کار دێ: زستان بوو، سوار بووم بچمە شار، لە ڕێیە دەستم لغاوی نەدەگرت. ڕستە دواتر بە مانای بەستنی لاقە بە ڕکێفەوە بە هۆی نەمانی هێز و توانا.

٦٥٣- ئەو ڕستە و ڕستەکانی سەرووی توندی و گرانی شەڕ و بێ دەرەتانی قەڵاپارێزان نیشان دەدەن. ماندوویی و برینداری گەیوەتە ڕادەیەک چاویان حوکمی لە کزی داوە و تەنانەت دوژمنی بەرانبەریان نابینن. زۆر بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان دمدم ببێتە فیلم، ئەو دەقانە پڕن لە وێنە و تەسویر و حاڵاتی ڕووحی هێرشکەران و پارێزەرانی قەڵا، پڕیەتی لە حاڵاتی حیماسی و لە خۆ بوێری. چەکوچۆڵ و جلوبەرگ و هێرش و پاشەکشە و دەیان بابەتی تر دەکرێ هەر لە ڕووی ئەو دەقانە دووبارە لە سەر ڕووبەری فیلمەکاندا بژینەوە.

٦٥٤- مانای ڕستە: هەر دوو خان کوژران.

٦٥٥- واتا ڕۆژێک بوو خان کوژرا بوو کەس نەیدەوێرا بچێتە سەر تەرمەکەی.

٦٥٦- مانای ڕستە: ڕێی هەڵاتنمان نینە. بکەر ژنانی قەڵان. فینار بە مانای «فەرار»ی فارسی واتا هەڵاتنە. وشەی فینار دەچێتە هەڵەی بەیتبێژ بۆ گۆ کردنی وشەی فەرار. ئەو هەڵەیە هەندێ جار نەخوێندەوارەکان دەیکەن، ناچنە خانەی کورداندنی وشەی دەرەکییەوە.

٦٥٧- مانای ڕستە: دەستدرێژیمان پێ بکەن. ئەو قسانەی ژنانی قەڵا دەسپێکی ئەو بیرەیانە کە بێتوو خۆ بە دەستەوە بدەین ئابڕوومان دەکەوێتە مەترسییەوە، وا چاکە خۆ هەڵدێرین و نەکەوینە چنگی دوژمنەوە.
٦٥٨- ناوی هەندێ لەو ژنانەی خۆیان لە قەڵا هەڵداشت لێرەدا ڕیز کراون. ئەوەش یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی ئەو دەقەیە: شەمسە، زارا، زلەخا، قەمبەرناز، دڵوەفا، گوڵچین، مەستە، گولستان، بەدەخشان، شازەمان، جەیران و... ئەمانە لەو ٨٦ ژن و کچەن کە خۆیان هەڵداشت. بڕوانە پ. ٢٤٤ و٦٢١ و ٧٥٩.
٦٥٩- مانای ڕستە: با دەست لە گیانی خۆمان هەڵگرین.
٦٦٠- جابر لە فەرهەنگی فارسی موعیندا بە مانای ستەمکار هاتووە. لە نێو ئاخاوتنی ڕۆژانەی نەخوێندەوارانی موکریان بە ئینسانی زۆرزانی بەدەفەر و پێکراو دەکوترێ. وشەی جابر باری مانایی مەنفی هەیە. هێنانەوەی سیفەتی جابر، ئەویش لە قافیەی ئەو ڕستەیەدا، ڕوانین و قینی گـەمـارۆدراوان لە ئاست لەشکری ئیسفەهان نیشان دەدا.
٦٦١- پەرچەم کە بە مانگ و ڕۆژ نەخشاوە دەخاتە پێش. وا دیارە پەرچەمی ئیمپراتۆری عوسمانی مانگ و ڕۆژی لە سەر بووە. هەر ئێستا پەرچەمی وڵاتی تورکییە مانگ و ئەستێرەیەکە لە سەر تەختی سوور؛ نیشانە و هێمای ئیسلامەتییە.
٦٦٢- یەکێک لەو ڕێگایانەی قەدیم تاوانباریان پێدەکوشت ئەوە بوو کە قورقوشمیان دەتواندەوە و دە گەروویان دەکرد. ئەم ڕستە ئاماژەیە بەو شێوە جەزادانە.
٦٦٣- حیرمان و عوممان: ؟
٦٦٤- واتا ئەو لەشکرە سوارە بوو و هەموو بە سواری ئامادە ڕاوەستان.
٦٦٥- مەبەست ڕۆژی قیامەتە.
٦٦٦- بەیتبێژ پەپاغ - کڵاو- ی بە نیشانەی عەجەم هێناوەتەوە. مانای ڕستە: کوژراوانی لەشکری شاعەباس لە مەیدانی شەڕ کەوتن.
٦٦٧- مانای ڕستە: لەشکری بەغدایەش هاتە نێو ئەو شەڕە.

٦٦٨- سەڵماس ئێستا شارێکە لە باکووری ورمێ. لە دەورەی ڕەزاشای پەهلەویدا کرا بە «شاپوور». ناوی بەر لەوی «دیلمان» و «دیلمەقان» بوو. ئێستا ئەو شارە زۆرتر وە سەر تورکی گەڕاوە. گوندەکانی ڕۆژاوای هەموو کوردن.

٦٦٩- واتا کەس ئاگای لە کەس نییە.

٦٧٠- بڕوانە پ. ٦٦٤.

٦٧١- مانای ڕستە: بۆ سوڵتان زۆر گرینگن. «مەتڵەب» لە زمانی کوردی موکریانیدا جاری وایە بە مانای «موهیم»، «گرینگ» دێ: پلانێکم هەیە و ڕای تۆم بۆ مەتڵەبە (واتا بۆم گرینگە تۆ ڕات لەمەڕ ئەو پلانەی من چییە). تازە من دەستم لەو دنیایە شوتووە و مەتڵەبم هیچ شتێک نییە (واتا هیچ شتێکم بۆ گرینگ نییە.)

٦٧٢- واتا دەکوژرێن. بڕوانە پ. ٥٧٠.

٦٧٣- بڕوانە پ. ٦٣٧.

٦٧٤- مەرەند شارێکە تورکنشین سەر بە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات.

٦٧٥- وێدەچێ هەڵبژاردنی ئەسپی سپی بۆ لەشکری مەککە بە مەبەستی پیرۆزی و تەنانەت جلی سپی عەرەبان لەبەر چاو گیرا بێ. «خوێن لە چاودا بوون» مانای تووڕە و شەڕانی دەدا. ئەو ئیدیۆمە هەندێ جار بۆ حاڵەتی کەسێک دەکوترێ کە گومانی ئەوەی هەیە قەتڵ بکا: ئەو کابرایە خوێنی دە چاودایە، ئەڵڵاهوو ئەعلەم!

٦٧٦- عەنەدۆڵ: لە کولتووری کوردیدا بە تورکییەی عوسمانییان کوتووە. لەو دەقەدا وا دیارە مەبەست بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی عوسمانی بێ.

ئاناتۆلی، ئاسیای بچووک لە باکووررا دەگاتە دەریای ڕەش و دەریای مەڕمەڕە، لە ڕۆژئاواوە دەگاتە دەریای ئێژە، لە باشوور دەگاتە بەحرولرۆم و سوورییە و عێراق، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە ئێران و قەفقاز. ئەمڕۆ دەبێتە ئەرمەنستان و تورکییە. (فرهنگ فارسی معین)

٦٧٧- کەرکووک: مەبەست شاری کەرکووکی هەرێمی کوردستانە.

ئـەودەم وڵاتێک بە نـاوی عێراق نەبوو. ئەو وڵاتـە و زۆربـەی وڵاتانی عەرەبی خاکی ئیمپراتووری عوسمانی بـوون. بە پێی بەڵگەکانی مێژوویی، لە شەڕەکان و لەشکرکێشی بۆ سەر خاکی ئێران یا ئەمارەتە کوردەکاندا، لە بەغدا و مووسڵ و کەرکووک و تەنانەت بەسرا لەشکر لە ژێر ئاڵای تورکان دەهاتن. لە بەیتەکانی موکریاندا شوێن پێی ئەو هاتوچۆیە دیارە.

٦٧٨- بڕوانە پ. ٥٨٩.

٦٧٩- وشـەی شلویَ وەک موسنەد لەو ڕستەیەدا بۆ ئێران بە کار هاتووە. شلویَ، شلوو بە مانای لیڵ، ئاوی لیڵ، ئاوی ناساف هاتووە (هەنبانەبۆرینە). شلویَ لە موکریاندا و بە باری مەجازییەکەیدا - هەمیشە لە ڕستەی مەنفی‌دا دێ و سەرف ناکرێ - بۆ کەسێک دە کار دەکرێ تووڕە نەبێ و لە ئاست گرفت و ناخۆشییەکانی ژیاندا خۆڕاگر بێ و وە سەرە خۆی نەیەنێ و مەند و مەنتیقی بە گژ ناتەبایی و کێشەکاندا بچێتەوە: فڵانی بە هیچ شتێک شلویَ نابێ. شلویَ لە ڕستەی «زۆر شلوێیە ئەو ئێرانە» بە مانا مەجازییەکەی هاتووە؛ واتا: سپای ئێران نەزمی تێک چووە و بێ سەرەوبەرە بووە.

٦٨٠- کۆ، کۆیە شارێکە لە هەرێمی کوردستان. حەمەدئاغا، (حەماغا) ی کۆیە بە دەوڵەمەندی و سەخاوەتی و ئەو داستانانەی لێی دەگێڕنەوە، ئەو شارەی لە نێو فۆلکلۆری موکریاندا مەنشوور کـردووە؛ دیـارە بە لای نووسـەران و ڕۆشنبیرانیشەوە حاجی قادری شاعیر.

٦٨١- گۆ لە مەیدان بردنە دەر، کنایەیە لە سنوور بەزاندن و لە ڕادەی چاوەڕوانی دەرچوون. مانای ڕستە: جەنگاوەرانی کۆیی لە ڕادەی چاوەڕوانی زیاتر ئازایەتییان نواند.

گـۆیـەن جـۆرە قومارێکی کوردییە کـە بـە داردەسـت و گۆ (تۆپەڵەدار) دەکـرێ. لە نـووسـراوە و شیعرە حیماسییەکان و هەروەها لە بابەتەکانی شەڕ و حیماسی نێو فۆلکلۆردا، سەری شـەڕکـەر لە مەیدانی جەنگ بە «گـۆ» چـوانـدراوە، مەبەست

کوشتن یا کوژرانە و سەری بڕاو لە مەیدان کەوتن. مانای ڕستە: جەنگاوەرانی کۆیی بە سەری دوژمن لە مەیدانی شەڕ گۆیەنیان دەکرد.

٦٨٢- ڕستەکە کەمێک شڵەژاوی تێدایە. ئەگەر هەڵەیەکی تێدا ڕوو نەدابێ، دەبێ ڕستە ئەو مانایە بدا کە لەشکر گەڕاوە شوێنی خۆی. مەگین بڵێین مەبەستی بەیتبێژ لە وشەی «خۆ» شاری «خۆی» بێ کە لە نیزیک سەڵماسە. دیارە ئەودەم مانای ڕستە پاشەکشە کردنی سوپای ئێران هەتا شاری خۆی دەبێ.

٦٨٣- هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان. خەیاڵی بەهێز و قینی بەیتبێژ لە سپای شاعەباس هەموو شارەکانی کوردستانی هێناوەتە یارمەتی و تۆڵە ئەستاندنەوە؛ بەراورد کردنی ئەوە لەگەڵ مێژوو لایەنێکی دیکەی ئەو کارەساتەیە. ئەوەی بۆ بەیتبێژ ئەسڵەن گرینگ نییە، لایەنی مێژوویی ڕووداوەکەیە. بیری گشتی کورد ئەو شکستە جەرگبڕەی پێ قووت نادرێ؛ هەر بۆیە ڕێگەی بۆ مەیداندارِی ئەسپی خەیاڵی بەیتبێژ - بە گوتەی ئۆسکار مان کوردی فەناتیک - خۆش دەکا.

٦٨٤- کینایە لە کوشتار و خوێنڕشتنی لە ڕادە بەدەر.

٦٨٥- سولەیمانی شارێکی هەرێمی کوردستان. بڕوانە پ. ٦٨٣.

٦٨٦- بڕوانە پ. ٦٧٧.

٦٨٧- بڕوانە پ. ٤٥.

٦٨٨- واتا سەبارەت بە خوێنی جەیران و زێنێ دەبێ دڵی هەموو کون کون بێ. ئەو چەند ڕستەیە هێرشکەران هان دەدا تۆڵە بستێننەوە و ڕوحمیان بە کەسدا نەیە.

٦٨٩- بڕوانە پ. ٨٩.

٦٩٠- مانای ئەو ڕستەیەم بۆ ساغ نەبۆوە. لە موکریاندا «هاتە هاتی ڕۆم» هەیە و کاتێک بە کار دێ کە کارێک هەر تەنەخی تێبکەوێ و ئەنجامدانی وە دوا بکەوێ، دەڵێن بۆتە هاتە هاتی ڕۆمێ. نازانم ئەمەیان پێوەندی بە مانا و مەبەستی ئەو ڕستەیەوە هەیە یان مەبەست هاتنی سپا لە چەند لاوەیە.

قوڵقوڵە: سەرچاوەی ئاوێک کە لە چەند جێوە جۆش ئەدا. (هەنبانەبۆرینە)
٦٩١- بڕوانە پ. ٥١١.
٦٩٢- بڕوانە پ. ١٤.
٦٩٣- واتا فەرهاد لە ڕێگەی فریودانەوە بە هیلاک چووە. مەبەست لە فەرهاد، قارەمانی داستانی شیرین و فەرهادە.
٦٩٤- بڕوانە پ. ٥٤١.
٦٩٥- کینایە لە وەیە جەنگاوەران بریندارن خوێن بە چەکمەکانیاندا دێتە خوار.
٦٩٦- تفلیس: پێتەختی ئێستای گورجستان.
٦٩٧- وێدەچێ مەبەست ئەوە بێ نامە بۆ هەموو لایەک ناردرا هەتا لەشکرێکی گەورە کۆ بکەنەوە. لەقەم: ڕەقەم، نامە.
٦٩٨- وێدەچێ مەبەست دوو شاری قوم و کاشان بێ. بڕوانە پ. ٨٩.
٦٩٩- بڕوانە پ. ٨٩.
٧٠٠- بڕوانە پ. ٨٩.
٧٠١- «چاتمە» وشەیەکی تورکییە بە مانای چەقاندن و زاراوەیەکی سەربازییە بە مانای چەقاندنی چەند تفەنگ لە سەر قۆنداغ و پێکەوە نووسانی لوولەیان بە یەکتر. کاتێ سەربازان وچان دەدەن ئەو کارە دەکەن هەتا تفەنگەکانیان لە سەر عەرز درێژ نەکرێ و شتێک نەچێتە لوولەکەیەوە. لە تفەنگی قەدیمدا کە بە بارووتی ڕەش ئاگریان دەدا زۆر جار لە بەر خاو بوونەوەی بارووت دەرنەدەچوو، چاتمە کردن یەکێک لەو ڕێگایانەیە پێشگری دەکا لە خاو بوونە. وێدەچێ هەر لەو دەمەوە ئەو کارە بووبێتە باو.
٧٠٢- دڵ وەک کوورە واتا دڵ لە جۆشە. ئیستلاحی دڵ ئاگر گرتن بۆ نیشاندانی ئازار و ناڕەحەتی وێدەچێ بنەمای ئەو بۆچوونەی بەیتبێژ بێ.
٧٠٣- واتا ئەمن شوێنی قەڵام بە زێڕ کڕیوە و داومە بە خانان.
زێڕخڕید: لە فارسیدا ئیستلاحی «زرخرید» لانیکەم دوو مانای بەرچاوی هەیە: ١- غولام یا کەنیز کە بکڕدرێ ٢- بە پێی

یاسای سەردەمی قاجاران، ئەگەر کەسێک موڵکی خالیسە (موڵکی دەوڵەت یا بنەماڵەی سەلتەنەت)ی کڕیبا، پانتای موڵکەکە هەر بە خالیسە دەماوە. بەو جۆرە سەودایەیان دەکوت «زرخرید» (فرهنگ فارسی معین). موڵک بریتی بووە لە پانتا (عرصە) و ئەو بینایەی لە سەری ساز کراوە (اعیان). لە سەودادا عەرسە هەر بە خالیسە دەمێنێتەوە.

لێرەدا ئاماژەی بە مانای دووەمە واتا ئەو شوێنە بە «زێڕخرید» فرۆشراوە بە خانان و پاشا مافی ئەوەی هەیە عەرسە واتا کێوی دمدمی بوێتەوە.

٧٠٤- واتا لە نێو خەڵک دەنگۆی بۆ من ساز کردووە و ئەوان چاکەم ناڵێن.

٧٠٥- واتا هەر دوو حکوومەتی ئێران و عوسمانی خستۆتە مەترسییەوە.

٧٠٦- شەریک دێنیٚ بۆ قورعان: واتا لە دین لای داوە و کافر بووە. ئەو بابەتە دەکریٚ لەگەڵ سیفەتی نیسبیی «ڕافزی» پێک بگیریٚ.

٧٠٧- مەبەست لە شیری جەوهەردار ئەو شمشێرە پۆلایینەیە کە کاتیٚ لێی دەڕوانی ڕەنگ دەگۆڕیٚ و هەر دەڵێی جەوهەری لێدەڕژیٚ بیٚ ئەوەی چەور کرابیٚ. چ خەنجەر و چ شمشێر ئەوەی بە سیٚ گۆ (بزمار) لە دەسک درابا بۆ شەڕ باشتر بووە و لە دەسک نەهاتۆتە دەر.

٧٠٨- واتا دەبیٚ زۆر زرینگ و چوست و چالاک بی.

٧٠٩- ئەم ڕستەیە لەگەڵ ڕستەکەی دوای خۆی مانای تەواو دەبیٚ. واتا: ئەگەر ترس و خەم لە دڵت دەرباوێی، لە شەڕدا سەر دەکەوی و پلەت بەرز دەبیٚ.

٧١٠- واتا چیا دەنگ دەداتەوە. کینایە لە بەرزی نەعرەتەی شەڕکەرانە.

٧١١- بڕوانە پ. ٥٥٠.

٧١٢- مانای ڕستە: ڕوح لە یەکتر دەستێنن؛ یەکتر دەکوژن. نیشتەجیٚ بوون و تەرتیبی ڕیز بوونی وشە و وردە واژەکان لەسەر هێڵی ڕستە لە باری زمانییەوە جێی لیٚ ورد بوونەوەیە.

٧١٣- دەست لە ڕان دان واتا خەم و خەفەت خواردنی زۆر بۆ ڕووداوێکی

ناخۆش یان لە دەست چوونی کەسێک یان هەلێک.
٧١٤- سورپۆش: ئەو کەسەی سورِ و نیانی خەڵک دادەپۆشێ؛ خودا. واتە سوێندم بە زاتی خودا.
٧١٥- سیفەتی تێکەڵاوی «نەزانکاران» واتا کارانەزان. لێ ورد بوونەوە لە «نەزانکار» یان «نەزانکاران» یارمەتی دەدا بە توانامەندتر کردنی زمانەکەمان.
٧١٦- «بە هیچی» واتا «لە خۆرِا»
٧١٧- لەو چەند رِستەدا لەشکر بە دەریا چوواندراوە و هێرش بە شەپۆل.
٧١٨- مانای رِستە: بوو بە ناڵە و هاتوهاوار. گۆڵەگۆڵ لە هەنبانەبۆرینەدا بە مانای «زەنازەنا بە دەنگی بەرز و تێکەڵاو» هاتووە. وشەی تێکەڵاوی گاڵەگاڵ لە ناوچەی موکریاندا کەڵکی لێوەردەگیرێ. ئەو شێوە جووتوشانەی بۆ نیشاندانی دەنگی جۆربەجۆر لە زمانی کوردیدان توانایی زمانی ئێمەیان زیاد کردووە. بۆ حاڵاتی جۆربەجۆری دەنگ، بەرزی و نزمی، جۆری ئاژەل و تەنانەت بابەتەکانی بێگیانی سروشت ئێمە دەنگی تایبەتی خۆیانمان هەیە.
٧١٩- مانای ئەو رِستە و رِستەی دواتری هەڵگری شکستی سپای ئێران و گوژرانی هێرشکەرانە. وێلدم تورکییە و مانای «مردم» دەدا. گۆ کردنی ئەم وشەیە بە تورکی دەبێتە ئوێلدم. برِوانە ٦٦٦.
٧٢٠- هەنبانەبۆرینە چەند مانای بۆ وشەی «هۆک» لێداوەتەوە، بەڵام «هۆکەهۆکی» نەگرتووە. یەکێک لەو مانایانەی بۆ هۆکی هێناوەتە برِوبیانوویە بۆ کار نەکردن. وێدەچێ ئەمەیان لە رِەنگی مانای هۆکەهۆک بێ. بەو پێیە مانای رِستە دەبێتە: بوو بە گریان و بیانوو هێنانەوە بۆ شەرِ نەکردن.
٧٢١- ئەو ناوانە گوندن لە رِۆژهەڵاتی قەڵای دمدم لە محاڵی دۆڵ. زۆربەی دانیشتووانی ئەم گوندانە کورد یا کوێرەسوننین. لەمەرِ کوێرەسوننی دەبێ بکوترێ ناوێکە بە سەرجەمی ئەو سوننییانە دەکوترێ کە لە ورمێ و دەوروبەری دەژین و بە تورکی دەدوێن. ئەوانە بەشێکیان هەر بە نژاد تورکن و بە هۆی هاومەزەب بوون لەگەڵ کوردان تێکەڵاوییەکی زۆریان هەیە و تەنانەت خۆ بە کورد

دەزانن.

دەستەی دووەم ئەو کوردانەن کە بە درێژایی زەمان لە نێو تورکاندا ئاسمیلە بوونە و سـەرەڕای ئـەوەی بە نژاد کوردن، زمانیان وە سـەر تووکی گـەڕاوە. ئێستا سێ لای ڕۆژهـەڵات و باکوور و باشووری قەڵای دمدم لەو کوێرەسوننییانەی لێ نیشتەجێن. ڕۆژئاوای قەڵا هەموو کوردی هەرکین.

٧٢٢- شکاک بە پێنج ئێل و دەیـان تیرە دابـەش دەبـن: عەبدۆیی (٧ تیرە)، کارداری (١١ تیرە)، کرمانج (دەیان تیرە)، سادات، کۆمەڵێک تیرەی جیا لەو چوار ئێلە، وەک: بەگزادە، هەنارە، مەلان، خەڵیفە،... (جامعەشناسی ایل شکاک، ل ١٥- ٢٩)

ئیبراهیم ئەسکەندەرینیا لە کتێبی «ساختار سازمان ایلات و شیوه معیشت عشایر اذربایجان غربی» دا شکاکی بە چوار تایفەی مامەدی، باڵکانلوو، کارداری و عەبدۆیی دابەش کردووە و هەنارەیی بە کارداری داناوە و باسێکی لە زیندەشتی نەکردووە.

٧٢٣- ئاماژە بە چوونی حەزرەتی محەمەدە بۆ مێعراج.

٧٢٤- جارجار هەندێ دەق بێ ناوونیشانی بەیتبێژ دێنە سەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبە چەند بەرگییە. ئەم بێ ناوییە لە دوو هۆوە دەکەوێتەوە: هەندێ جار دەستت بە کاسێت و بابەتی تۆمارکراو ڕادەگا بێ ئـەوەی بزانی وێـژەر و خاوەنەکەی کێیە. هەندێجاریش لە نێو کتێب و گۆڤارەکاندا چاوت بە دەقێک دەکەوێ کە نووسەر ناوی بێژەرەکەی نەنووسیوە.

ئەم دەقە بێتوو پێشەکییەکەی لە بەر چاو نەگرین، زۆر وەک دەقـی سـوورەی عەیزئامانی- خاڵە سـوورە- و تەنانەت دەقی محەمەد ئەحمەدی دەچێ. ئەم وێکچوونە دوو بۆچوونی دەتوانێ لە سەر بێ. یان ئەوانە لە یەک مامۆستا فێر بوونە، یان یەکیان لە یەکیان فێر بووە. ئەگەر ناوی بێژەری ئەم دەقە زانرابا لانیکەم لایەنێکی ڕوون دەبۆوە.

هـۆی هـێنانـەوەی ئـەم دەقـە سـەرەڕای ئـەم وێکچـوونـە، جیاوازییەکانیەتی لەگەڵ دەقی خاڵە سوورە و محەمەد ئەحمەدی

که یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی بابەتی زارەکییە.

٧٢٥- بڕوانە پ. ٤٥٠.

٧٢٦- «لە منت نەکەوێ» ڕستەیەکی نەگۆڕە بۆ تەشویق و دڵدانەوەی کەسێک کە سەبارەت بە بابەتێک یا کارێک نیگەرانە. یان سووکە ڕەخنەیەکە بۆ کردەوەی کەسێک کە لێی چاوەڕوان ناکرێ. ئەو ڕستەیە جارجار بە شێوەی «ئای لە منت نەکەوێ» » ش دەگوترێ. گەردان ناکرێ و هەمیشە یەکەم کەس بە دووەم کەسی دەڵێ. ئەوەی دەیڵێ نابێ لە باری تەمەنەوە لە دووەم کەس چووکتر بێ؛ بێت و وا بێ سووکە بێ ئەدەبییەکی تێدا دەبێ. بابەتێکی هاوچەشنی ئەو ڕستە هەیە کە بە شێوەی ئیجابی دێتە گۆ و بۆ شانازی و پێهەڵاگوتنە. تەنانەت بۆ ئەم جۆرەشیان «لە منت کەوێ» هەیە. خان بە ئیعتیرازەوە دەڵێ: «لە منت کەوێ...»

کاتێک منداڵ یا خزمێکی نزیک کارێکی باش دەکا، باب دەڵێ: هەی لە بابت کەوێ/ لە منت کەوێ...»

لەمەڕ «کەوتن» وای بۆ دەچم مەبەست حەقێک بێ لە لای کەسێکەوە. بەو بۆچوونە، لە منت نەکەوێ واتە هیچ حەقێکت لە لای منەوە پێ نەگا. لە بابت کەوێ واتە لە لای بابتەوە حەقت پێ بگا.

٧٢٧- پێڕاهێنان: ئەم چاوگەیەم زۆرتر بۆ بارگەوبنە تێکەوە پێچان و ڕۆیشتنی کاروان یان هەوارچی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بیستووە، بەڵام لێرە بۆ سەفەری دوو کوڕە فەقێ بە کار هاتووە. وا وێدەچێ مانای بەربڵاوتری هەبێ، چونکە بۆ هەڵاتنیش دێ: تووشی دوژمنایەتی هاتبوون، شەوێکی پێیانڕاهێنا بۆ گەرمێنێ.

٧٢٨- شەقامی بەناوبانگی ئیسفەهان کە بە دەستووری شاعەباس ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی لێدرا. هەر دوو لای داری لێ چەقابوو. لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دوو باغ هەبوو.

مەدرەسەی چوارباغ یان مەدرەسەی سوڵتانی، لە شەقامی چوارباغ بوو. بە دەستووری شاسوڵتانحوسێن لە ساڵی ١١١٢ هەتا ١١٢٨ی کۆچی ساز کراوە. (اعلام فرهنگ معین)

هەر وەک دەبینن مەدرەسەی چوار باغ ١١٠ ساڵ دوای کارەساتی دمدم ساز کراوە. تێکەڵاویی مێژوویی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بابەتی زارەکییە. نابێ لە فۆلکلۆر چاوەڕوانی ئەمە بکەین کە ڕووداوەکانی مێژوویی لە کاتی خۆی و وەک خۆی سینە بە سینە بپارێزێ.

٧٢٩- بڕوانە پ. ٣٥.

٧٣٠- بڕوانە پ. ٣٢٤.

٧٣١- «هەی نەبێ» ڕستەیەکی نەگۆڕە و گەردان ناکرێ. ئەم ڕستەیە لە زمانی کەسێکەوە بە سەرسووڕمانەوە دێتە گۆ کە بیستنی هەواڵێکی زۆر پێ سەیر بێ و باوەڕ نەکا؛ واتا چۆن شتی وا دەبێ!؟

٧٣٢- لێرەدا هەوای بەیتەکە گشت دەبێ. بۆ جانی بنی جان بڕوانە پ. ٢٦٥.

٧٣٣- بڕوانە پ. ١٤.

٧٣٤- مەبەست ترسی لە ڕادەبەدەر لە قەبرە و بە مانای سەرەکی مردنە.

٧٣٥- لێرەوە ئاهەنگی بەیت گشت دەبێ.

٧٣٦- دەبێ ڕستەکە ئەوە بێ: «فرزەندی مە کوو لە وییە» واتا فرزەندی ئێمە کە لە وێیە. «گرییەکە لە جوان حاڵی نەبوونی ئێمەیە لە کاتی هێنانە سەر کاغەز لە کاسێتەوە.

٧٣٧- واتا دەبێیە هۆی شکست و سەرم تێدا دەچێ.

٧٣٨- بە پێی ڕستەی سەروو، واتا تەواو ناونووسی کران و چەپەر و هەواڵبەر بۆ هەموو شوێنێک چوو هەتا لەشکر کۆ کەنەوە.

٧٣٩- واتا لە سەرڕا هەموو ڕۆژێ لەشکر بێن.

٧٤٠- واتا لە ئیسفەهان کۆ بوونەوە. جەمعی بوون واتا کۆ بوونەوە.

٧٤١- ئەم ڕستەیە جنێوە. وێدەچێ لە دیاردەی مانگا بە کەڵ وەرگیرا بێ. کاتی مانگا بە کەڵ- واتا کاتی جووت بوونی مانگا - هەر چەندی گا و جوانەگای دەوروبەریەتی دەکەونە شوێنی هەتا لەگەڵی جووت بن. ئەو گوشارە مانگا جاڕز دەکا و سەرەنجام

له بەریان ڕادەکا و ئەوانیش دەکەونە شوێنی، واوێدەچێ بەیتبێژ
هەڵاتهەڵاتی شاعەباسی بە هەڵاتنی ئەو جۆرە مانگایە چوواندبێ.
٧٤٢- بڕوانە پ. ٩٦،٩٩،٤١٥.
٧٤٣- دێخورگان - دهخورگان - شارێکە سەر بە ئوستانی ئازەربایجانی
ڕۆژهەڵات لە نێوان بناو و تەورێز. دێخورگان و شارۆچەکەکانی
دەروبەری، ناوەندی تەڕەکاری - بەتایبەت پیواز - ن و شوێنی
ئابوورییان لە سەر موکریان هەیە.
٧٤٤- بڕوانە پ. ٤١٦.
٧٤٥- لێوەبڕ واتا لێواردابڕاو و ڕەوەز. شوێنی قەڵای دمدم لە لای
باکوور و باشوورەوە تەواو لێوەبڕە. ڕەوەزێکە بڵیند، هیچی لێ
وە سەر ناکەوێ.
ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٣٠ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی
تۆحفەی موزەففەرییەدا لێوەبڕی بە هەر چوار لا بەستراوە
هێناوەتەوە.
٧٤٦- بڕوانە پ. ١٤٢.
٧٤٧- واتا خان خەزا کردن بە پێویست و زەرووری دەزانێ.
٧٤٨- وێتار: بڕوانە پ. ٤٢٤.
٧٤٩- هێنانە پێشی فێعلی «ما» لە هەر دوو ڕستەدا ڕواڵەتی ئەم
میسرەعەی کەمێک گۆڕیوە و تەنانەت ئەو شێوە ڕستەیە کەمێک
غەوارە دەنوێنێ. مانای میسرەع: نە تۆزی ما و نە غوباری ما؛ قەڵا
هەموو خەرا کرا. تۆز و غوباری قەڵا نەمان خۆی لە خۆیدا ئیغراقە
بۆ شیددەتی وێرانکاری هێرشکەران «بەڵام وا وێدەچێ بەیتبێژ
هەر بەوە ڕازی نەبووبێ و بۆ پتر نیشاندانی ئەو وێرانکارییە،
ڕستەکانی شێواندبێ. ڕواڵەتی کارەکەش هەر ئەوە نیشان دەدا.»
«ما نە تۆز، ما نە غوباری» لە «تۆز و غوباری نەما» سەرنج
ڕاکێشترە.
٧٥٠- واتا بە شیر بەرەوڕووی کافران دەبینەوە.
٧٥١- هەنبانەبۆرینە وشەی «پسمیر»ی بە تەنیا نەگرتووە، بەڵام
«پسمیران»ی بە مانای بەچکەبەگ و نەجیمزادە تۆمار کردووە.

لەم دەقانەدا سێ جار وشەی «پسمیر» هاتووە: خدرم مەردی پسمیری، دەڵێی بەوری پسمیری و دەڵێی بەوری بە پسمیری.

لە ڕستەی یەکەم و دووەم، پسمیر ئاوەڵناو – سیفەت – ە، لە ڕستەی سێیەمدا قەید.

«پس» بە مانای کوڕ – تا ئەو جێیەی من ئاگادارم – هەر لە وشەی «پسمام» واتا کوڕەمام هەیە. پس و «پسر»ی فارسی دەبێ هاوڕیشە بن.

لەو سێ نموونەیەی باس کرا مانای مەجازی پسمیر کەڵکی لێوەرگیراوە و دەتوانێ لێهاتوویی، باویقاری، تێگەیشتوویی، زیرەکی و لەو چەشنە مانایانەی لێ هەڵکرێنی کە هەموویان تایبەتن بە نەجیمزادان و کوڕەمیران. تەنانەت دەتوانێ ئەو مانایەشی هەبێ: ئەی خدر تۆ بەگزادەی نەجیمزادەی.

٧٥٢- گۆلم، مشت، دەست کە دەقووچێ. واوێدەچێ بۆ هەڵگرتنی ڕمب، بۆ نەسوان و نەڕەنجانی نەرمایی دەست ئامرازێکی قوماشی یان چەرمییان هەبووە کە کاتی هەڵگرتن بکەوێتە نێوان دەست و ڕمب. مانای ڕستە واتا خدر گۆلمی دە ڕمبەکە خست و سەری وێ کرد و خەوی لێکەوت.

٧٥٣- مەبەست ئەوەیە کە ئەو نامەیەی خدر لە نێو عوسمانییان هێنابووی سپی سپی بوو. دیارە لە شەوی تاریکدا شتی سپی لە دوورڕا دیار دەکا.

٧٥٤- مانای ڕستە: لە وێ وە دەنگ هاتووم و وەعدەکەیان بە قسە پێگوتووم.

٧٥٥- ماڵت نەشێوێ: ڕستەیەکی ئێعترازییە بە کەسێک دەکوترێ ئەرکی خۆی باش بەڕێوە نەبردبێ، یان هەر بەڕێوەی نەبردووەی نەبردبێ، یان کارێکی ناشایستی کردبێ. جارجار لە ڕستەی ئیجابیشدا دەکوترێ: ماڵت شێوێ...

٧٥٦- ساکەدەشت: دەشتی ڕووتی بێ داڵدە و کەندولەند. لێرەدا مەبەست ئەوەیە بێتوو ئاویان نەبێ مەجبوور دەبن لە قەڵا و جێی قایم بێنە دەر و لە دەشتایی شەڕ بکەن.

٧٥٧- بەو پێیە ڕێژەی گەمارۆدەرانی قەڵا دووسەت بەرانبەری گەمارۆدراوان بووە.

٧٥٨- لە کتێبی عالەمئارای عەباسیدا ئاماژە بەو بارینە کراوە: ... ئەمیرخان و گەورە گەورەکان تا دە پازدە ڕۆژ بە ئاوی کەمی بوزلق و خەڵکەکەش بە ئاوی بۆگەنی حەوزی گەورە قەناعەتیان کرد و خەریکی قەڵاداری خۆیان بوون، چونکە داگیر کردنی سولق لە زستانەوە هەتا بەهاری کێشا. وەختی بارانێ هات و هەورەکان ئەم ساڵ بەپێچەوانەی ساڵی ڕابردوو وەک فیلانی مەست کەوتنە شریخوهۆر و بە ڕوحمی خوڵای کە کەس نازانێ چەند زۆرە، نیزیکەی مانگێکی بێ نێوبر باران باری و لێی نەکردەوە و قەڵانشینەکانی لە ئاو بێ نیاز کرد. چونکە تەگبیر تەقدیری پێهەڵناوەشێتەوە، ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەی لەو سێ مانگەدا بۆ داگیر کردنی سولق ئەنجام درا بە فیڕۆ چوو. قەڵانشینەکان پتر لە جاران خەریکی قەڵاداری بوون (تۆحفەی موزەففەرییە – وەرگێڕانی عالەمئارای عەباسی – هێمن).

جیاوازی ئەو دەقە لەگەڵ نووسراوەی عالەمئارای عەباسیدا کاتیەتی. بە پێی دەق لە هاویندا بەفر باریوە و بە پێی عالەمئارا لە بەهار باران.

٧٥٩- بە پێی ئەو دەقە ژمارەی ئەو ژنانەی خۆ هەڵدەدێرن دوازدە کەسن، بەڵام بە پێی کتێبی (ارومیه در گذر زمان، حسن انزلی) ٨٦ کچ و تازەبووک خۆ هەڵدەدێرن. ئەنزەلی پێیوایە ئەو هەڵداشتنەی کچ و ژنان لە شەڕی سێیەمی دمدمدا ڕووی داوە کە ساڵی ١٠٣٧ (١٦٢٨ ز.) قەوماوە. بڕوانە پ. ٢٤٤ و ٦٢١.

٧٦٠- مانای ڕستە: لە زاری تۆپی گەورەی ببەستن.

٧٦١- مانای ڕستە: ژنەکانتان لێ حەرام بێ.

٧٦٢- لە مەبەستی ئەو ڕستە نەگەیشتم.

٧٦٣- جارجار باس لەوە دەکرێ کە لە شاری کرماشان شیر ساز کراوە.

٧٦٤- واتا لە سەر دەستەی نووسرابوو ئەوە بۆ کوشتنی تورکان ساز

کراوه.
٧٦٥- بێت و وشەی «خانیە»م دروست تۆمار کردبێ، مانای ڕستە دەبێتە خانئاودەل خانێکی شۆڕە.
٧٦٦- دەبێ ئەو مانایە بدا کە حەسەنخان بایەخی بە شیری خان نەدا.
٧٦٧- لە جێجێی دەقەکان بابەتی وەک دین دوژمن، کافر، غەزا، بەهەشت بە شیر کرین و... هاتووە. ئەوانە نیشانەی زاڵ بوونی بیری مەزەبین بە سەر هەر دوو لای شەڕدا.
٧٦٨- هەتا بزانم ئاکاری چۆنە؛ دەبڕێ یان نا؟
٧٦٩- واتا دەبوو شاعەباس بزابایە و هەڵنەهاتبایە. لێرەدا ئەوە بیرۆکەی پیاوسالارییە حوکم دەدا و شاعەباس بە ژن دانان و ترسەنۆک بوون وەک پیس و ناخۆشترین جنێو بە زاردا دێ.
٧٧٠- ئەکابیر، ئەکبەر، گەورە، بەسالاچوو. لە نێو پیر و بەسالاچووەکان ئەوەی دە خۆی ڕادی چووە مەیدانی شەڕ.
به پێی گوتەکانی دوایی وا دەردەکەوێ پیاوانی قەڵا سەبارەت بەبێ ئاوی چاریان نامێنێ و وێڕای هەر دوو خان لە قەڵا دێنە دەر و دەست بە شەڕی مانونەمان دەکەن.
٧٧١- سێوەدین یەکێک لە پارێزەرانی قەڵا.
٧٧٢- لە دەقەکانی دیکە سۆفی مامەندی بەلەبان هاتووە. بڕوانە پ. ٢٢٠. ناوپردان لە باڵەکایەتییە.
٧٧٣- مام هەیاس، مام گدروون، مام خدر هەر سێ لە پارێزەرانی قەڵا بوون.
٧٧٤- مانای ڕستە: ترک و لۆتیان دەستە دەستە دەکرد و دەیانکوشتن.
وشەی لۆتی لێرەدا کەمێک نامۆ دەنوێنێ. تەنیا ڕێیەکی تێدەچی ئەویش ئەوەیە کە زۆر ئەوانەی وەک لۆتی بە دەهۆڵ و زوڕنا و تەنانەت ورچ دەهاتنە ناوچەی موکریان تورک بوون. ئەوانە سەرەڕای ئەوەی شادی و دڵخۆشییان بۆ خەڵک پێ بوو بە چاوی سووک چاویان لێ دەکرا. وێدەچی بەیتبێژ ئەو بە چاوی سووک چاو لێکردنەی کێشابێتە سەر هەرچی تورکە. هەروەها وێدەچێ مەبەست شەیپوور و کەڕەناژەنیش بن کە لە لەشکری قەدیمدا

ئەرکی ئاگادار کردنەوەی جۆربەجۆری سەربازانیان لە ئەستۆ بوو..

٧٧٥- لێرە دیزکەر: بڕوانە پ. ٤٢٨.

٧٧٦- بۆ ڕازاندنەوەی ئەسپ چەرمێکی پانی ڕیشووداریان بە بەرسینگیدا ئەو شانەوشان دەکرد و چەند قوبەی زێویان لێدەنا. کووژەکە و مووورووی شینیان بۆ چاوزار پێدا بەردەداوە. ئاوێنەیان وە سەرکەللە دەخست و ڕاست دەکەوتە نێوچاوانی. هەروەها بۆ شەڕ زرێیان پێدادەدا هەتا تیر و شیر کاری لێ نەکا.

٧٧٧- خدر – ئۆمەرمەندان: لێم ڕوون نییە، بەڵام وێدەچێ ئۆمەرمەندان ناوی تایفەیەک بێ. بە پێی کتێبی فۆلکلۆری کوردی سەعدوڵڵا شێخانی، ئارامگای ئۆمەرمەندان کەوتۆتە سەر ڕێگای کۆیە – کەرکووک. بەو پێیە دەبێ کەسایەتی ئایینی بێ.

٧٧٨- بڕوانە پ. ٤٥٣.

٧٧٩- زننووری میسری، زننوون. ئەبوئەلفایز(٢٤٥ ه.ق) بە زەندەقییە تاونباریان کرد. موتەوەکلی عەبباسی بانگی کرد و گوێی بۆ قسەکانی ڕاداشت و بەری دا. زننوون لە میسر مرد.

٧٨٠- گوێگجەلی: گوندێکی کوردنشینە لە سەر چۆمی جەغەتوو لە ڕۆژهەڵاتی میاندواو. ئەو گوندە بە ملکایەتی هی سەیفولقوزاتی شاعیر بوو. چاکێکی بە ناوی پیرمحەمەد لێیە.

٧٨١- هەیوانساری: بڕوانە پ. ٤٣٣.

٧٨٢- کانی مرادی کوچک: بڕوانە پ. ٤٣١.

٧٨٣- شێخ مارفی کەرخی لە خواناسان و شێخەکانی سەر بە سۆفیایەتی بووە. ساڵی ٢٠٠ی کۆچی لە بەغدا مردووە. ناوی «ئەبوو مەحفووز مەعرووف کوڕی فیرووزانی کەرخیی بەغدادی» یە. (اعلام فرهنگ معین)

٧٨٤- مەرغەوڵ: کێوێکە لە نێوان مەهاباد و بۆکان؛ لە مابەینی ئاواییەکانی دۆستاڵی و تیکانلووجە و زگدڕاو. چاکێکی لە سەرە بە ناوی «میرغەوڵ»

٧٨٥- بووکەوێ لە خانییە: بڕوانە پ. ٧٢٦.

٧٨٦- ئەو دەقە ناتەواوە و کاسێتەکە کۆتایی دێ؛ بەڵام تێکستەکە بە نیوەچڵی دەمێنێتەوە.

٧٨٧- دەقی شەشەمی دمدم هی تۆحفەی موزەففەرییەیە کە بەر لە ساڵی ١٩٠٥ی ز. بە دەستی ئۆسکار مانی ئاڵمانی، لە زمانی ڕەحمان بەکر، لە شاری سابڵاغ تۆمار کراوە. گرینگی ئەو دەقە بەر لەوەی بە نێوەڕۆکەکەیەوە بێ، دەگەڕێتەوە سەر کۆنی ئەو. ئەو کۆنییە وەک تایبەتمەندییەک هەموو ئەو بەیتانە دەگرێتەوە کە لە دوو توێی کتێبی تۆحفەی موزەففەرییەدا کۆ کراونەوە و بەرە بەرە لە کارەکەی منیشدا دێن و قسەیان لە سەر دەکرێ.

ئەو سەردەم، سەردەمی گەشە کردنی دیاردەی بەیت لە ناوچەی موکریاندا بووە. دەبێ گەلێ بەیتبێژی لێزان لە دیوەخانی ئاغا ناوبەدەرەوەکان و هەروەها چەقەخانەی مزگەوتەکان مەیدانداریی بەیتخوانییان کردبێ. لێمان ڕوون نییە هۆی ئەوەی ئۆسکار مان لە نێو ئەو هەموو بەیتبێژانەی ناوچەدا بۆچ ڕەحمان بەکری هەڵبژاردووە؟ بەڵام ڕێی ئەقڵی تێدەچێ بڵێی، ڕەحمان بەکر دەموڕاوێژی خۆش بووە، لێی نزیک بووە و دەستی ئۆسکار مانی بە هاسانی پێڕاگەیشتووە.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی خۆم کردوومە، ڕەحمان بەکر باپیرە گەورەی بنەماڵەی «عەلایی»یەکانی گوندی ئیندرقاش بووە. ئیندرقاش لە پێنج کیلۆمیتری باکووری مەهاباد هەڵکەوتووە؛ بەو پێیە ڕەحمان توانیویەتی هەموو ڕۆژێ بێتە شار و دەستی ئۆسکار مانی پێڕابگا.

مامۆستا هێمن باسی ئەوە دەکا ڕەحمان بەکر خەڵکی گوندی «حاجیحەسەن» بووە. نازانم ئەوەی لە ڕووی چ بەڵگەیەکەوە گوتووە. گوندی حاجیحەسەن لە دەشتی شامات و نزیک میاندواو هەڵکەوتووە و لە چل کیلۆمیتری باکووری مەهابادە. بە لە بەر چاو گرتنی کەرەسەی هاتوچۆی سەد و چەند ساڵ لەمەوبەر، دیدارەکانی لەگەڵ ئۆسکار مان کەمێک دژوار دەنوێنێ؛ مەگەر هاتبێ و ماوەیەک لە سابڵاغ مابێتەوە.

به پێی شێوە دوان و زمانەکەی، گومان لەوەدا نییە کە خەڵکی دەشتی شارویران یان دەشتی شامات بووە کە دەکەونە باکووری مەهاباد. ئیندرقاش و حاجیحەسەن لەو دوو دەشتە هەڵکەوتوون. هێندێک پێیان وایە خەڵکی ناوچەی مەنگوڕایەتی بووە کە دەکەوێتە باشووری مەهاباد، بە لەبەر چاو گرتنی زمانەکەی ئەو بۆچوونە تەواو هەڵەیە.

لە موکریاندا هەر ناوچەیەی هەندێ تایبەتمەندی زمانیی خۆی هەیە و بەیتبێژەکانی هەر ناوچەیەکیش ئەو تایبەتمەندییەیان پێوە دیارە.

ئەم دەقە یەکێک لە کۆنترین دەقە پارێزراوەکانی دمدمە و وێدەچێ ساڵی ١٩٠١ هاتبێتە سەر کاغەز. بەو پێیە نرخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

لە بەراورد کردنی دەقەکاندا هەستم بەوە کرد دەقی تۆحفە هەندێ هەڵەی تێکەوتبێ. هەر ئەوە بوو کە داوام لە کاک جەعفەر حوسێنپوور- هێدی - کرد دەقی دمدمی تۆحفە لەگەڵ دەقە چاپکراوە لاتینییەکە پێک بگرێ و هەڵەکان دیاری بکا. لێرە بە دواوە و لەو دەقەدا هەرچی دەکەوێتە نێو نیشانەی [ ] ئەو پێک گرتنەیە کە بە یارمەتی بەڕێزیان کراوە.

مامۆستا هێمن خۆی لە تۆحفەدا بەو چەشنە باسی دەسکارییەکانی لە هێنانە سەر خەتی عەرەبی تۆحفە دەکا:... لەو تێکستانەدا زۆر جار پیتی «ش» و «ژ» و «س» و «ز» و «د» و «ت» و «ح» و «ع» تێکەڵ بوون. بیرم کردەوە دەبێ ئەو هەڵانە وەک چۆن نووسراون شکڵنووسی بکەم یا ڕاستیان بکەمەوە. پاش ماوەیەکی درێژ هاتمە سەر ئەوە ڕاستیان بکەمەوە و بە چەند دەلیل ئەو کارەم کرد.

١- ئەگەر ڕاستم نەکردبانەوە کەس سوودی لێ وەرنەدەگرتن، مەگەر کەسێک کە زۆر باش کوردی زانیبا و شارەزای شێوەی موکریانی بووبا.

٢- ئۆسکار مان بۆخۆی چەند تێکستی بە خەتی فارسی چاپ

کردووون و له واندا ئەم هەڵانە وەبەر چاو ناکەون.

٣- پرسم بە دوو مامۆستای شارەزای شێوەی موکریانی کرد کە هەم لە من بە تەمەنتر بوون و هەم زانا و کارامەتر؛ ئەوانیش قۆڵیان کێشا بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکان.

٤- تێکستی دمدم کە کاک عەزیز ئیبڕاهیمی بە ناتەواوی هێناویەتە سەر ڕێنووسی کوردی، بە تەواوی هانی دام کە هەڵەکان ڕاست بکەمەوە. چونکە بەداخەوە هینەکەی ئەو سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ و مەعلووم بوو ئەم ئەمانەتەی ئەو لاوە زۆر بەجێ نەبوو.

٥- کاک عوبەیدوڵڵا ئەیوبیان کە چەند ساڵ لەمەوبەر بەیتی مەموزینی لەو کتێبە هێناوەتە دەر و بە فارسی تەرجەمەی کردووە، تووشی ئەم هەڵە نەبووە و هەموو وشەکانی ڕاست نووسیون.

٦- من خۆم موکریانیم و تەمەنیشم لە پەنجا ساڵ تێپەڕیوە. ئۆسکار مانیش حەفتا و چەند ساڵ لەوەی پێش لە سابلاغ بووە و میرزا جەواد و ڕەحمان بەکر ئەم چیرۆکە و بەیت و وردە مەقامانەیان بۆ گوتووە؛ ئەوپەڕی بیست ساڵ پێش زمان پشکووتن و فام کردنەوەی من. هیچ جێی بڕوا نییە بە بیست ساڵ زمانێک ئەوەندە بگۆڕێ. من لە موکریان زۆر پیری کۆنساڵم دیون کە بێ گومان تەمەنیان ئەگەر لە ڕەحمان بەکر زیاتر نەبووبێ کەمتر نەبووە. من زمانم لە کۆشی نەنکمدا پشکووتوە. نەنکم کچە کرمانجێکی خەڵکی دێی «قەباغکەندی» بوو کە زۆر لە دێی «حاجی حەسەن» نیزیکە.

ڕەحمان بەکریش خەڵکی حاجی حەسەن بووە. نەنکم سیوپێنج ساڵ لەوەی پێش لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا مرد. ڕەنگ بێ تەمەنی زۆر لە ڕەحمان بەکر کەمتر نەبووبێ. من قەت لە نەنکم نەبیست لە باتی «ڕۆژ» بڵێ «ڕۆش» ، یا لە باتی «خۆش» بڵێ «خۆژ». کەوا بوو ڕەحمان بەکر وشەکانی ڕاست گوتوون و ئۆسکار مان بە هەڵەی وەرگرتوون. بەڵام با ئەوە بڵێم خەڵکی لادێی موکریان بەتایبەتی خەڵکی شامات و شارویران و چۆمی مەجیدخان

هەمیشە «ح» و «ع» دەگۆڕن. تەنانەت خوێندەوارەکانیشیان لە قسە کردندا ئەو هەڵەیە دەکەن... (تۆحفەی موزەففەرییە، پێشەکی دمدم - هێمن)

منیش وەک نووسەری ئەم چەند دێڕە شاماتیم و بەر لەوەی بێمە مەهاباد چەند ساڵێک لە شارویران ژیاوم و ئێستا تەمەنم لە پەنجا تێپەڕیوە. پێم وایە ئۆسکار مان لە تۆمار کردنی ئەوەی ڕەحمان بەکر بە سەر زاریدا هاتووە هەڵەی نەکردووە، ئەزقەزا زۆر بە وردی کاری کردووە. ئۆسکار مان لە یەکێک لە پەراوێزەکانیدا لە میرزا جەواد قازی تووڕە دەبێ کە تەواو ئەو جۆرەی ڕەحمان بەکر دەیڵێ ئاوام بۆ بڵێوە.

لەو پێک گرتنەی بە یارمەتی هێدی کردوومە، دەرکەوت کە جیاوازی ئەسڵی چاپی ئۆسکار مان لەگەڵ دەقەکەی مامۆستا هێمن هەر بە دەست تێوەردانە بە ئانقەستەکەی مامۆستا کۆتایی نایە و دەبێ هەڵەی تایپی و ناشارەزایی لە سەر دیالێکتی موکریانی ئەوانەی یارمەتی مامۆستایان داوەشی لێ زیاد بکەین. بۆ وێنە: «پەپاغڕەش» کراوەتە «کڵاوڕەش»، «ئەنگووت» بۆتە «ئەنگووتن» ، «خوندکاری» بۆتە «خونکاری»، «مالمی» بۆتە «ماڵی» ، «بەدفێعلە» بۆتە «بەفێڵە» ، «ڕابییەی حەلەبییە» بۆتە «ڕابیعەی عەدەوییە» ، «ئیلاهی» بۆتە «خولای» و...

هەر وەک دەبینن ئەو نموونانە پێوەندییان بە جێگۆڕکێی پیتەکانەوە نییە و دەچێتە خانەی دەست تێوەردانەوە. بۆیە بە ڕاشکاوی دەڵێم تۆحفەی موزەففەرییە چاپکراوی کۆڕی زانیاری کورد ساڵی ١٩٧٥ لە باری تۆمار کردنی دەقاودەقی بەشێک لە بنزاراوەی موکریانی - ناوچەی شارویران و شامات - ناتوانێ بە تەواوی جێی متمانە بێ. دیارە ئەو مەبەستە دەقەکانی تری نێو تۆحفەش دەگرێتە. بەداخەوە مامۆستا یان دەستی بە پەراوێزەکانی ئۆسکار مان ڕانەگەیشتووە یان بایەخی پێنەداوە. هەر بۆیە ڕووم لە هێدی کرد کە بزانێ ئایا ئۆسکار مان هیچ پەراوێزێکی بۆ بەیتەکان نەکردووە؟ دەرکەوت کە ئەو کارانەی

به ئالمانی نووسیونی پەراوێزی بۆ کردوون. هێدی لە ئالمان ژیاوە و ئەو زمانە دەزانێ. لە ڕێی ئەوەوە دەستم بە کاکڵی پەراوێزەکانی ئۆسکار مان گەیشتووە و یەک یەک لە جێی پێویستدا دەیانهێنمەوە؛ ئەو کارە نرخی تایبەتی خۆی هەیە.

لێرەدا پوختەی پێشەکی کتێبی زاراوەی کوردە موکرییەکان، بەشی دووەم، وەرگێڕدراوەی ئالمانی تێکستەکانی ئۆسکار مان بە پێویست دەزانم.

،Berlin ،Oskar Mann ،Die Mundart der mukri- kuvden Teil II
:1909

ئۆسکار مان بۆ تەرجەمەی ئالمانی تۆحفەی موزەففەرییە پێشەکی نووسیوە. بە یارمەتی هێدی کاکڵی ئەو نووسراوەیە بۆ ئاگاداری پتری خوێنەران پێشکێش دەکەم.

- ئۆسکار مان دەقی دمدمی سۆسین (Prym - Socin)ی دیوە. سۆسین ئەو دەقەی بە زاراوەی بادینی لە دهۆک تۆمار کردووە. ئۆسکار مان چەند جار دەقی ڕەحمان بەکر بە دەقی سۆسین دەگرێ و بەراوردیان دەکا. دەڵێ دەقەکەی سۆسین وردەکاری پتری تێدایە لە هی ڕەحمان بەکر.

- هەروەها شەرحی داگیر کردنی قەڵای دمدمی بە شیعر دیوە کە ئاگۆست ژابا تۆماری کردووە.

- پێی وایە دەقە موکرییەکە لە هەمووان باشترە، چونکە شوێنی سەرهەڵدانی لە شوێنی ڕووداوەکە نیزیکترە.

- ئۆسکار مان سپتامبری ١٩٠٣ سەردانی قەڵای دمدمی کردووە و دەڵێ لە سابڵاغەوە سێ ڕۆژەڕێ دوورە.

- دەڵێ ئەو بەشەی باسی هاتنی سپای عوسمانی دەکا کە تۆڵە لە ئێران دەستێننەوە، لە لایەن کوردێکی سوننی فەناتیکەوە لە بەیتەکە زیاد کراوە.

- باسی ناوەکان دەکا کە بە جوانی نەگوازراونەوە.

- سەرەنجام ئۆسکار مان پێی وایە سەرەڕای سێ سەدە ڕابردن لەو ڕووداوە بەیتبێژەکان کاکڵی ڕووداوەکەیان جوان پاراستووە.

ئۆسکار مان هەروەها ٨٥ پەراوێزی بۆ وەرگێڕانە ئالمانییەکەی دەقی دمدم کردووە کە بە سێ جۆر دابەش دەکرێن:

١- هەندێکیان زانیاری وایان پێیە یارمەتیم دەدەن بۆ ڕوون کردنەوەی پتری پەراوێزەکان و دیارە هەر کامیان لە جێی پێویستدا دەهێنمەوە.

٢- هەندێکیان زانیاری هەڵەیان تێدایە و وێدەچێ ناشارەزایی میرزا جەواد سەری لێ شێواندبێ.

٣- هەندێکیان بۆچوونی تەواو هەڵەن.

ئەوەی لەو پەراوێزانەدا جێی سەرنجە، وردبینی و وردەکاریی ئەو کابرا ئالمانییەیە. ئەوەی جێی مخابنیشە ڕەچاو نەکردنی ئەو وردبینییەیە لە لایەن ئەوانەی دوای ئۆسکار مان کەوتنە شوێن پێی بەیتی کوردی.

دوو وەرگێڕانی «شێوەی گێڕانەوە» و «زمانی ژنان»ی ئۆسکار مان بە قەڵەمی هێدی وەک سەرەتای ئەو کارە لێرەدا دێنینەوە و لە کۆتاییدا ڕای خۆمیان لە سەر دەنووسم:

شێوەی گێڕانەوە: کاتێک لە زمانی تیکستەکان، واتە لە شێوەی گێرانەوەیان، ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە «ڕەحمان بەکر» لە زۆر شوێناندا بە شێوازێکی تەواو نەخوێندەوارانە هێندێک بەشی بەیتەکان دەگێڕێتەوە. زۆر جاران ڕەحمان ئەو بەشانەی بە قسە دەگێڕدرێنەوە وا دەردەبڕێ کە هەرچەند دەکەی ناتوانی ئەوەی باسی دەکا بیهێنییە بەر چاو. یەکێک لە هەڵە بەرچاوەکانی ئەوەیە کە بۆ وێنە کاتێک باسی ڕاوێژ کردن، یان دەرکردنی فەرمانێک دەکا، هێشتا تەواو باسی ڕاوێژ کردنەکە یان فەرمان دەرکردنەکەی نەکردووە خێرا دەچێتە سەر گێڕانەوەی ئەو ئاکامەی کە ڕاوێژ کردنەکە یان بەڕێوە بردنی فەرمانەکە دەیبێ. ئیدی باسی ئەوە ناکا کە ڕاوێژەکە کراوە و فەرمانەکە بەڕێوە چووە. بۆ وێنە بڕوانە سەرەتای «مەم و زین». خولا فەرمان بە وەیس دەدا: «بڕۆ بە برایم بڵێ دەبێ ئەوەی بکا و ئاوای بکا».

لێرەدا گێڕانەوەکە تەواو نییە و باسی ئەوە ناکرێ کە وەیس فەرمانی خوڵای باش گەیاندە وان، وەزیر و پاشا بە فەرمانی خوڵایان کرد و لە ئاکامدا ژنەکانیان یەکی کوڕێکیان بوو. ڕەحمان هەموو ئەوانە ناگێڕێتەوە و هەر وا پەرەی پێدەدا: «نێویان لە کوڕەکان نا» و هتد. دەو ماوەیەدا کە کارم دەگەڵ دەکرد جاری وا بوو پاش هەوڵێکی زۆر ئاخری بۆم دەلوا وای لێ بکەم زۆر شوێنی بەیتەکان بە ڕێکوپێکی و بە دوای یەکدا بگێڕێتەوە. لە هێندێک شوێنی دیکەدا شێوەی گێڕانەوەکەیم پاراستووە و هەر لە پەراوێزدا ئەو تێبینییەم نووسیوە کە «لە گێڕانەوەدا بە سەر بابەتێکدا بازدی داوە». ئەو بەشانەی بە شیعر دەگێڕدرێنەوە بە پێی تێگەیشتنی خەڵک گۆڕدراون. سەرەڕای ئەوەش زۆر جاران شێوەی کۆنی تێکستێک بەبێ بیر لێ کردنەوە گوێزراوەتەوە. بەیتبێژەکە بۆخۆی هیچی لێ تێنەگەیوە و لە ناچارییان بە پێی تێگەیشتنی خۆی بەیتەکەی گۆڕیوە. ئەوەش تۆمار کردنیان زۆر زەحمەت دەکا. ئەو شێوە دەربڕینە و ئەو شێوە بۆچوونە بۆ ئێمە زۆر نامۆیە و دەگەڵ ئەو شێوەیەش نایەتەوە کە ئێمە دە شیعری عەرەبەکان و فارسەکاندا دەیبینین و دەیناسین. بۆیە ئەو شێوەیەمان نابەجێ دێتە بەر چاو. بۆ وێنە دەبینین، هێندێک وشە کە دە بەیتەکاندا لە هەموو شوێنێکدا دەورێکی بەرچاو دەگێڕن، زۆر جاران لە خۆڕا بەکار دەهێندرێن. چونکە ئەو وشانە زۆرتر لە کۆتایی بەندێکدا لە باتی سەروا دێن، بە هەڵە نەچووین ئەگەر پێمان وابێ هەڵبژاردنیان زۆرتر لەبەر ئەو سەروایەیە کە لەو شوێنەدا پێویستە، نەک لەبەر هۆیەکی بەجێ. بۆ وێنە حاڵەتێکی ئاوا دە بەیتی «مەم و زین» دا دێتە بەر چاو. لەو شوێنەدا کە بە برایمپاشای پیری کوێر دەگوترێ «زەنوێر»[کێ بوو لە برایمپادشای زەنوێرە]. دیارە بەکار هێنانی نابەجێی ئەو وشانە لەبەر تەنگانەی سەروایە و بەیتبێژ هەر لە خۆیەوە تێیهاویشتوون. بەو شێوەیە بەیتبێژ زۆر جاران بە دوای هاتنی سەروایەکدا ئەو وشە بێ مانایانە وەک پینە بەکار دێنی هەتا بە وان خۆی دەرباز

بکا. وەک «بە یەکجاری» ، «بە یەکجارەکییە» ، کە زۆرتر دە بەیتی «ناسر و ماڵماڵ» دا دەردەکەوێ[1].

١– دە شیعرە کۆنەکانی ئێمەشدا کە خەڵک لە سەر زاریانە mit einem Male (بە جارێکی) هەر بەو مەبەستە بە کار دێ؛ یان بۆ وە دەست هێنانی سەروایەکی هاسانە، یان بۆ ڕاگرتنی کێشی شیعرەکەیە. (سەرچاوە: Die Mundart der Mukri – kurden (زاراوەی کوردە موکرییەکان، بەشی دووەم، وەرگێڕدراوەی ئاڵمانیی تێکستەکان، بە پێشەکییەکەوە لە سەر نێوەڕۆک و شێوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات.)، ئۆسکار مان، بیرلین ١٩٠٩، لاپەڕە X X I و X X II. ئەوەی وەرمگێڕاوەتەوە بەشێکە لە پێشەکی ئەو کتێبە. سەردێڕی ئەو بەشە بۆخۆم دامناوە. – هێدی)

زمانی ژنان: بەیتەکان ڕادەیەکی زۆر زاراوە (ئیدیۆم) و دەربڕینی تایبەتییان تێدایە کە دابونەریت دەگرنەوە. لە وەرگێڕانەوەدا دەبێ بۆ ئەو دەربڕینانە بەرانبەرێکی پڕ بە پێست ببیندرێنەوە هەتا ئەو مانایەی وشەکان لە ڕابردوودا هەیانبووە، وێڕای مەبەستەکان، بە باشی بگوێزرێنەوە. ئەوەش زۆر جاران بە زەحمەت دەگونجا. دیارە گیروگرفتی وا لە کاتی وەرگێڕانەوەی هەر زمانێکی بێگانەدا دێتە گۆڕێ. ئەو گیروگرفتانەش، لە شوێنیکی وادا، زۆر جاران بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوە، چونکە نە سەرچاوەیەکی کۆنی ئەدەبی لە گۆڕێدایە و نە زانیارییەکی ئەوتۆ لە سەر قۆناغەکانی زمان لە بەر دەستە. تەنانەت ئاشنایەتیمان لەگەڵ کولتووری ئەو گەلەش کە پێوەی خەریکین، لە کاتی وادا، بۆ وەڵامی ئەو چەشنە پرسیارانەمان یاریدەمان نادا. زۆر جار کە بۆ ڕوون بوونەوەی دەربڕینێک پرسیارم لە خەڵک کردووە لە وەڵامدا پێیانگوتووم «ئەوە زمانی ژنانە». بە پێی لێ ورد بوونەوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوتووە کە بەتایبەت لەو بەشەی ڕۆژهەڵات کە مسوڵمانن، ژنان پارێزەری دابونەریتی کۆنی گەلن، چونکە زۆر کەمتر لە پیاوان دەکەونە ژێر تەئسیری دەرەوە. ئەمن پێموایە ئەو شێوە دەربڕینانەی خەڵک، تێکستەکان زۆر بەنرختر دەکەن، چونکە بە

باشی بۆمان دەردەخەن کە بیری خەڵک چۆن لە پێکهاتنی زماندا دەور دەگێڕێ. هەرچەند بە پێوانەی ئێمە زۆر جاران شێوازی گێڕانەوەی خەڵک نیازمان دابین ناکا، بەڵام ئەگەر هێندێک شوێنی تێکستەکان لەگەڵ شوێنی دیکەی هاوچەشن پێک بگرین لە باری ماناوە هێندێک گیروگرفتمان بۆ چارەسەر دەکرێن. ئەمن چونکە ئەوەم بۆ گرینگ بوو کە بەرهەمە کۆکراوەکان، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر، زوو بکەونە بەر دەستان ناچار بووم بەو شی کردنەوانە ڕازی بم کە کوردەکان دەستبەجێ لەوێ بۆیان دەردەبڕیم. دیارە لەبەر نەبوونی سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر هەمیشە شی کردنەوە و وەرگێڕدراوەکانم بە وردی هەڵسەنگاندوون. سەرەڕای ئەوەش جاری وا بووە لە ناچارییان وەرگێڕانێکی وام هەڵبژاردووە کە لە لای خۆشم زۆر پڕ بە پێست نەبووە. زۆر جاران کە مانای شوێنێکی ناڕوونم دە بەیتەکاندا لە خەڵک دەپرسی لە وەڵامدا پێیان دەگوتم «ئەوەی ئەو بەیتبێژە پێی گوتووی بێ مانایە». جاری واش بووە بەختم هێناویەتی و توانیومە ئەوەی ناڕوون بووە ڕوونی بکەمەوە. بەڵام دیسان زۆر جێ بە ناڕوونی دەمانەوە و لە بێ دەرەتانییان ناچار دەبووم، بە نابەدڵیش بووبێ، شی کردنەوەی بەیتبێژەکە قەبووڵ بکەم. بەشکەم لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ناوچەدا دەریبخا کە بەیتبێژەکە باشی بۆ چووە. دەمەوێ باسی ئەوەش بکەم کە ناسینەوەی گیانلەبەران، بەتایبەت ناسینی ئەو باڵندانەی نێویان دە بەیتەکاندا هاتووە، زۆر زەحمەت بوو. زۆر جاران خەڵکەکە بۆخۆیان نەیاندەزانی و دەیانگوت «گیانلەبەری وامان قەت نەدیوە». کە هەوڵیشیان دەدا هەر بە قسە تێمگەیەنن چۆنە، سەر نەدەکەوتن. گیاوگۆڵەکان باشتر دەدیترانەوە. ئەوەش کاتێک دەگونجا کە خەڵکت بردبا دەرەوە و داوات لێکردبان ئەو گیاوگۆڵانەی نێویان هاتووە و نازانین چۆنن بۆمان بیبیننەوە و نیشانمان بدەن.

(سەرچاوە: Die Mundart der Mukri – kurden زاراوەی کوردە موکرییەکان، بەشی دووەم، وەرگێڕدراوەی ئاڵمانیی تێکستەکان، بە

پێشەکییەکەوە لە سەر نێوەرۆک و شێوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات.)، ئۆسکار مان، بیرلین ١٩٠٩، لاپەڕە XX III و XX IV – ئەوەی وەرمگێڕاوەتەوە بەشێکە لە پێشەکی ئەو کتێبە. سەردێڕی ئەو بەشەش بۆخۆم دامناوە. –هێدی–).

ئەو پەراوێزە هەروا درێژ دەبێتەوە؛ دیارە هۆیەکی بایەخی کاری ئۆسکار مان و لایەنەکانی دەوروبەری کتێبی تۆحفەیە. وێدەچێ لە زۆر شوێنی تر و تەنانەت بەرگەکانی دیکەی زنجیرە کتێبی گەنجی سەر بە مۆر، خوێنەر بۆ ئەو کۆدە – واتا شمارە ٧٨٧ی ئەم بەرگە – حەواڵە بدەمەوە.

پێش ئەوەی بچمە سەر ڕای خۆم سەبارەت بەم دوو پەراوێزەی ئۆسکار مان، بە پێویستم زانی سووکە ئاوڕێکم لە سەر ژیان و شوێنی میرزا جەوادی قازی هەبێ، بۆ؟ چونکە ئەو کەسە لە گووڕانی تۆحفەی موزەففەرییەدا دەوری هەبووە.

جەوادی قازی، کوڕی شێخ جەلال، ساڵی ١٢٦٠ی هەتاوی [١٨٨١] لە مەهاباد (یان گوندی سریلاوا) لە دایک بووە. لە سابڵاغ فەقێیەتی کردووە. هاوکاری میسیۆنێرەکان لەو شارە بووە. ئینگلیسی زانیوە. هاوکاریی ئۆسکار مانی کردووە. دواتر چووەتە ئالمان و لە وێ حقووقی خوێندووە. دواتر هاتۆتەوە تاران و لە دادگوستەری دامەزراوە. ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی [١٩٥٨] لە تاران بە نەخۆشی شێرپەنجە مردووە. مامی محەمەد قازی، وەرگێڕی بەناوبانگە و شوێنی بووە لە پێگەیشتنی ئەودا، (گۆڤاری سروە، ژمارە ١٦)

پێموایە زۆر پێویست نییە بە خەیاڵ سەد و چەند ساڵێک بگەڕێیەوە دواوە هەتا بزانی لێکۆڵەرێکی ئالمانی بۆ کتێبێکی وەک تۆحفەی موزەففەرییە لەگەڵ چ جۆرە گیروگرفتێک بەرەوڕوو بووە، چۆن لە ماوەیەکی کورتدا کوردی فێر بووە و چۆن بە بەیتەوە نووساوە. بەیت لە باری زمانییە، خۆی لە خۆیدا هەمیشە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە کۆنتر دەنوێنێ. پێم وایە ئەوە سەرەکیترین گرفتی ئۆسکار مان بووە و هەر بۆیە تەنانەت زۆر

له کوردانی دەوروبەریشی نەیانتوانیوە گرفتی هەندێ وشە و ئیدیۆم و گەمەی زمانی بۆ چارەسەر بکەن.

ئوسوولەن گوێگری بەیت پێویستی بەوە نەبووە هەتا لە ڕێی تاک تاکی وشە و ڕستەکانەوە بگاتە سەرەنجامی بەیتێک. بەیت بەشێک بووە لە فەرهەنگی ئەو و بە دوور نییە بە دەیان جاری گوێی لێ بووبێ و تەواوەتی بابەتەکە بووبێتە بەشێکی لە بیرنەکراوی مێشکی. هەر بۆیەیە کاتێ ئۆسکار مان شۆڕ دەبێتەوە نێو وردەکارییەکانی بەیت، کوردانی دەوروبەری ناتوانن ئەو جۆرەی پێویستە لەو شیکارییەدا هاریکاری بن.

لەو نێوەدا جەوادی قازی سەرەڕای ئەو دەورە گرینگە ئیجابییەی هەیبووە، وێدەچێ جارجار بووبێتە لەمپەری تێگەیشتنی ئۆسکار مان. ئەو لەمپەر بوونە دەتوانێ دوو هۆی هەبووبێ: یەکەم؛ میرزا جەواد لەگەڵ فەرهەنگی گوندی، کە سەرچاوەی بەیتە، زۆر ئاشنا نەبووبێ و لە ئاکامدا لەگەڵ هەندێ بابەتی نێو بەیتەکاندا غەوارە مابێتەوە. دووەم؛ وێدەچێ خۆی زۆر بە پرسیارەکانی ئۆسکار مانەوە ماندوو نەکردبێ. هەندێ لەو پرسیارانەی ئۆسکار مان کە ئەودەم بۆی ڕوون نەبوونەوە، ئێستا بە هاسانی وڵامیان بۆ هەیە. ئەدی چۆنە ئەودەم نەیانزانیوە!؟ چۆن دەبێ ئەودەم نەیانزانیبێ «خەنجەری نێرۆیی» چ جۆرە خەنجەرێکە؛ لە حاڵێکا هەشیانبووبێ و کەڵکیشیان لێوەرگرتبێ.

ئۆسکار مان ڕەخنە لەوە دەگرێ کە بەیتبێژ بە شێوازێکی نەخوێندەوارانە بەیتەکان دەگێڕێتەوە. دیارە مەبەستی ئەوەیە تەواوی ئوسلووب و تەرتیباتی گێڕانەوە کە بۆ نموونە لە نێو بابەتێکی کلاسیکیدا هەیە، دەبێ لە بەیتیشدا وەبەرچاو بگیرێ. دواتر کە دەچێتە سەر ڕەخنە لە کورت برینەوە، هەر ئەو بۆچوونەی هەیە. تەنانەت دواتریش کە دەڵێ لە نێو فارس و عەرەبان بەو جۆرە نییە، ئەو قالبە کلاسیکە چەقبەستووەی لەبەرچاوە کە بەشێکە لە فۆرمی ئەدەبیاتی فارس و عەرەب.

وا وێدەچێ ئۆسکار مان بە دەر لە چوارچێوی ئەدەبیاتی فارس

و عەرەب چاوی لەو لایەنە فۆلکلۆرییەی کورد نەکردووە. بەیت فۆرمێکی تایبەت بە خۆی هەیە و تەواو سەربەخۆیە. بێتوو بەو قالبە کلاسیکە هەڵیسەنگێنی، تووشی ئەو گومانە دەبی کە ئەوان سەردەمان ئۆسکار مان تووشی هاتووە.

قافیە دەوری سەرەکی دەگێڕێ لە بەیتدا، هەم بۆ دەسپێک و کۆتایی بەندەکان و هەم بۆ نیشاندانی دوندەکانی مانا و ڕووداو و بۆچوونی هونەریانەی بەیتبێژ لەو قالبە دەربڕینەدا.

ئۆسکار مان ڕەخنەی لەوە هەیە کە جارجار هەندێ وشە دەبنە قافیە بێ ئەوەی جێگەیان ئەوێ بێ و یان مانایەکی بەجێ و ئەوتۆیان هەبێ.

پێویستە بڵێم بێت و زۆر وردە هەڵە، کە بەشێکە لە زاتی ئەو بابەتانەی سینگ بە سینگ دێن و زارەکین، تا ئێستا، وەک کەسێکی ساڵگارێکە لەگەڵ ئەو بەیتانە ژیاوم، هەڵەی قافیەم وەبەرچاو نەهاتووە. جارێک لەگەڵ دۆستێکی شارەزای زمانی کوردی لە سەر بەیت دەدواین. ئەزقەزا ئەویش هەر ئەو بۆچوونەی ئۆسکار مانی دووپات کردەوە کە قافیەکان هەندێ جار بێ مانان. پرسیم بۆ وێنە کام وشە لە کام قافیەدا؟ کوتی وشەی «پێت». گوتم لە «درکان»ی «حەمەدی ئاغای‌دا کە دەڵێ: خزمینە ئەنگۆ بۆم بگێڕن دەورە دوعایێ دە بی ڕەببی/ دڵی کەس بە دڵی من نەبێ/ چەندی لە ئێشە و چەندی لە ژانە و چەندی لە پێتە پێتە/ هەنیەت بە من بمێنێ بە مانگی لە چاردە و لە پازدەی/ ئەگەر بە بیست‌وچوار مەلایکەتەی موقەڕەب/ بە سەر ئۆممەتی پاک و ناپاکی‌دا ڕادەکێشێتە/ زولفت بە من بمێنێ بە سوورقۆچی نێری و بەرانی دەوڵەمەندان/ ئەگەر دە مەندۆک و بیزایەدا دەبنەوە شێتە... لەو تابلۆ جوانە هونەرییەدا وشەی «پێت» بارێکی مانایی قورسی لە سەر شانە، چۆن دەکرێ هەر وا لە خۆوە و بەبێ مانا کرابێتە قافیە!؟ «پێت» لەو دەستە وشانەیە ئیتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا کەڵکی لێوەرناگیرێ و فارس کوتەنی «مەهجوور» بووە؛ هەر بۆیە بۆ گوێگر نامۆ دەنوێنێ. ئەوە نییە هەژار لە هەنبانەبۆرینەدا ئەو وشەیەی گرتووە: «گڕی

ئاگر، بڵێسە، گڕپە.» بڕوانە وشەی «پێت» لە پەنا ژان و ئێش چۆن دەوری دڵی بەیتبێژیان داوە.

گرفتی ئۆسکار مان شارەزا نەبوون بە کون و کاژەێرەکانی زمانی کوردی بووە و هەروەها دەوروبەرێکی دوور لەو چەشنە گەمانەی زمان.

ئۆسکار مان بێت و لایەنی مەجازی وشەی «زەنوێر»ی لەبەر چاو گرتبایە نەیدەکوت لە «کێ بوو لە برایمپادشای زەنوێرە»دا وشەی زەنوێر نابەجێ دە کار کراوە.

لەمەڕ زمانی ژنان پێویستە بڵێم نەک ئەو سەردەم بگرە ئێستاش ڕەوتی زمانی کوردی ئەوەندە لەبەر یەک نەزەڕیوەتەوە کە هەر توێژ و تاقمێک خاوەنی شێوە دوان و ئیدیۆم و وشەگەلی تایبەتی خۆی بێ. ئەو وڵامەی خەڵک بۆ پرسیارەکانی ئۆسکار مان کە «ئەوە زمانی ژنانە» هەڵگری دوو ڕاستییە، یەکەم: خۆ دزینەوە لە وڵام و خۆ پێوە ماندوو نەکردن، دووەم: دوور بوون لە کولتووری گوندی.

قسەی ئۆسکار مان لەمەڕ گرفتی ناوی باڵندەکان بە ڕاست دەزانم. خۆم کە بە دوای ئامادە کردنی «فەرهەنگی باڵندە»وە بووم، گەلێ جار ئەو بێ دیققەتی و وەلفەت پێنەدانەی خەڵکم دیوە؛ تەنانەت ئەوانەی تا ڕادەیەک شارەزایییان هەبوو دیسان هەر تێدا دەمانەوە.

٧٨٨- مامۆستا هێمن لە پێشەکی کتێبی تۆحفەی موزەففەرییەدا ئاوا باسی هێنانە سەر خەتی عەرەبی ئەو کتێبە دەکا: لەمێژ ساڵ بوو بیستبووم زانایەکی ئالمانی بە ناوی ئۆسکار مان لە سەرەتای ئەم چەرخەدا هاتۆتە سابلاغ و هێندێکی بەیت و بەندی کوردی بە یارمەتی دکتۆر جەوادی قازی، کە ئەودەمی مەلایەکی لاو بووە، کۆ کردۆتەوە و بە خەتێکی لاتینی تایبەتی چاپی کردوون. بەداخەوە هەرچی تێکۆشام ئەم کتێبەم وەگیر نەکەوت. دەترسام ئەم ئاواتەی بەرمە بن گڵ، تا لە ساڵی ١٩٧٤دا لە کتێبخانەی دەوڵەمەندی کۆڕی زانیاری کورددا ئەو کتێبەم دۆزییەوە. لە

پێشدا بە زەحمەت خەتەکەم بۆ خوێندراوە. پاش ئەوەی لێی ڕاهاتم تەماشام کرد کتێبێکی یەکجار بەنرخ و بێوێنەیە. لەبەر ئەوە پێشنیارم بە کۆڕی زانیاری کوردی کرد ئەم کتێبە بخاتەوە سەر ڕێنووسی ئێستای کوردی، تا هەموو کەس بتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ. کۆڕ پێشنیارەکەی قەبووڵ کردم و بڕیار درا لێژنەیەک لەو کەسانە کە شارەزای زاراوەی موکری بن، پێک بێ و ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن. بەداخەوە وا هات ئەم لێژنە پێک نەهات. بەڵام من کە بڕیارم داوە هەموو هێز و توانای خۆم بۆ خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی تەرخان بکەم، وازم نەهێنا و ئەو ئەرکە دژوارەم وە ئەستۆی خۆم گرت...

٧٨٩- ئەم دەقە بە ڕستەیەکی زۆر غەمبارانە دەست پێدەکا. تەنانەت ئەو ڕستە لە هەندێ بەیت و بەندی دیکەش کەڵکی لێ وەرگیراوە. لەو ڕستەیەدا پێموایە گرانایی مانا دەکەوێتە سەر سیفەتی ئیشارەی «ئەوێ» بۆ غەم و ژان. ئەو غەم و ژانە بە لای کوردانەوە زۆر ئاشناتر لەوەن سەبارەت بە وشەی ئەوێ مەعرەفە بووبن. غەم و ژانی کارەساتی دڵتەزێنی دمدم.

ئەو پێشەکییە زۆر ڕەوان و سوار و شوێندانەرە. هێزێکی کەلامی سەیری تێدایە. هەر لە سەرەتاوە دەتباتە نێو دنیایەکی حیماسی بە زمانی شیرینی کوردی.

٧٩٠- سولەیمانبەگ کوڕی میرزابەگ لە بنەماڵەی ئیختیارەددینی، یەکێ لە حاکمانی شاری بانە بووە. ساڵی ١٠١٠ی کۆچی مانگی[١٦٠١] مردووە. پیاوێکی تۆبەکار و وێچوو بووە. لە یەکێ لە نوسخەکانی شەرەفنامەدا نووسراوە لە مەدینە مردووە. ناوبانگی ئەو چاکە تەنانەت هاتووەتە نێو گۆرانی و فۆلکلۆریش.

ئەمین زەکیبەگ لە بەرگی دووەمی «خۆلاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان» دا دەڵێ: «لە ئەواخری حکوومەتیدا، کچەکەی خۆی لە بەدربەگی برازای مارە کرد و ئەمارەتەکەشی دایە و خۆیشی هەڵسا چوو بۆ مەدینەی منەووەرە و تا وەفاتی لە وێ بە عیبادەت و تاعەت مەشغووڵ بوو. ئەم سلێمانبەگە هاوعەسری

ساحێبی شەرەفنامەیە.» (ل ٤١٣- ٤١٤)
ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٢٣ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە سولەیمانبەگ بابەگەورەی دەسەڵاتدارانی ئەوڕۆی بانەیە و ئەوەی لەو قەبرستانە نێژراوە تەنیا ددانێکی سولەیمانبەگە.

٧٩١- سوڵتان سەمەد: چاکێکە لە نێوان گوندەکانی سامۆرتە و ڕەشەکان لە سەر ڕێگای مەهاباد- ورمێ. وێدەچێ هێنانەوەی کەونە لاجان زۆرتر سەبارەت بە لانەدان لە قافیە بێ.

٧٩٢- گۆزەگیران گوندێکە سەر بە شاری نەغەدە.

٧٩٣- چاکێکە لە سەر ڕێگەی قیلەتاوی مەهاباد - ورمی نزیک گوندی خەڵیفەلیان.

٧٩٤- دەشتی مەحمەشە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری نەغەدە و گوندی مەحمەشەی سەروو و خواروو لەو بەشەی سندووس هەڵکەوتوون. گۆڕخانە گوندێکە هەر لەو ناوچە و تەپۆڵکەیەکی مێژوویی لێیە.

٧٩٥- بەرماڵ سپی چاکێکە لە نزیک گوندی چۆمەڵان لە ڕۆژاوای شاری مەهاباد.

٧٩٦- حاجیخۆش و ترشەکان دوو گوندن لە دەشتی شاروێرانی مەهاباد. سەوزەپۆش لە سەر دوندی کێوێکی هەر بەو ناوە لە نێوان ئەو دوو گوندە هەڵکەوتووە.

٧٩٧- قسقەپان: گوندێکە سەر بە شاری پیرانشار لە سەر سنوور. کەو ئەنگووتن: کینایە لە جووت بوونی کەوە لە وەرزی بەهاردا.
لەو ڕستە و ڕستەی دواتر دەکرێ دوو مانای لێ هەڵکەندرێ، یەکەم چیمەنی هۆزان گیایەکی زۆری لێ شین بووە و کەڵ بە هاسانی لێی تێر دەخوا، واتا بەهارە. دووەم ئاماژە بە یاغی بوونی خانیلەپزێڕین بێ.
هەر دوو ڕستە ئەوە دەگەیەنن کە بەهارێکی درەنگە؛ هەم کەو جووت بوون و هەم گیاوگۆڵ زۆر بووە.

٧٩٨- لەم ڕستەیە وشەی «خۆش» لە مەتنی تۆحفەی مامۆستا هێمندا

زیادییە. «قاڵنی» جۆرە عارەبەیەک بوو تەگەر و مازەی دار بوو. لە کاتی لێخوڕین گەرم دادەهات جیڕەجیڕی دەهات. دوایە عارەبەی مازە ئاسن هاتە بازاڕ. کۆتان جۆرە گاسنێکی کەڵان بوو کە بوورە و بەیاریان پێ دەردەهێنا.

ئەو ڕستەیەش کینایەیە لە بەهارێکی درەنگ، چونکە بەهاران هەتا باران نەوەستێتەوە و زەویوزار وەگا نەیەنەوە، کاری کێڵان دەست پێ ناکا.

بەیتبێژ بەو سێ ڕستەیەی سەروو دەیەوێ بڵێ خۆ هەڵداشتنی ژنان لە کۆتاییەکانی وەرزی بەهاردا بووە.

٧٩٩- چۆمی باراندێز: ئەو ڕووبارە بە ناو گوندێک کراوە کە لە لای ڕۆژاوای زارکی گەڵی قاسملوو لە داوێنی چیایەک هەڵکەوتووە و بە سەر دەشتی باراندێزدا دەڕوانی. چۆمی باراندێز بە لای ڕۆژاوای قەڵای دمدمدا دەشتی باراندێز لەت دەکا و دەڕژێتە گۆلی ورمێوە.

٨٠٠- ئەو دوو وشەیە هەر دوو سیفەتی فاعیلین و بەڕواڵەت بکەر و فاعیل نادیارە. لە ڕووی دوای خۆی تا ڕادەیەک ڕوون دەبێتەوە کە مەبەست دنیایە؛ ئەویش لە چەشنی فانییەکەی کە هەتا سەر بۆ هیچ کەس نامێنێ. بە ڕواڵەت ئەو ڕستەیە نابێ جێگەیان لێرە بێ و تەنانەت جۆرە هەڵبڕانێکیش هەست پێدەکرێ. کەچی ئەمە شێوەیەک سەبک و دەربڕینی بەیتبێژانەیە و لە نێو قسانۆدا گۆشە نیگایەک دەبڕێتە سەر بابەتێک و سەرنجی بیسەر بۆ مەودایەکی کورت بەرەو ئەوەی دەبا کە دواتر کاری پێیەتی و خێرا دێتەوە سەر ئەسڵ و بەردەوامی باسەکە.

٨٠١- واتا شەرت بۆ دەکەم. باڵچۆغە: دەسکی شیر.

٨٠٢- واتا بەرگری لە هێرشی دوژمن بۆ سەر دمدم دەکەم و ئەو شوێنە بەجێ ناهێڵم هەتا دەمرم.

بە لای ڕۆژهەڵات و لە بنەبانی قەڵای دمدم هەر ئێستا شوێنەواری گۆڕستانێکی گەورە و کۆن هەر ماوە. بە دوور نییە مەبەستی خان ئەوە نەبووبێ کە دەبێ هەر لەو قەڵایەدا بمرم و

هەر لەو گۆڕستانەی بنەبانی قەلایەش بنێژریم. ئەلبەتە هەم ئەو ڕستە و هەمی ڕستەکانی دوایی، پابەندیی تەواوەتی خان بە ئەو برایەتییەی تێدایە کە دەیەوێ لەگەڵ خانی موکری بیبەستێ.

٨٠٣- واتا هەر بە خەنجەری نێرۆیی بۆت بە شەڕ دێم.

لەم ڕستەیەدا خەنجەری نێرۆیی لە سەرووی هەموو خەنجەرەکانی دیکە دانراوە؛ لە ڕستەکانی دواییش ئەو مامڵەیە لەگەڵ بابەتەکانی تر هەر بەو شێوەیە کراوە.

لە بابەت وشەی نێرۆیی پێویستە بڵێم هەنبانەبۆرینە سێ وشەی گرتووە. نێرۆ بە مانای کەڵەکێوی، حەیوانە کێوی نێر، شاخی حەیوانە کێوی. نێروو بە مانای حەیوانەکێوی نێر، شاخی حەیوانە کێوی (دەسکی خەنجەرم نێروە)، کۆستەی خەنجەر.

نێرۆیی: ناوی عاشیرەتێک.

ئەوەندەی پرسیارم کردووە، مەبەست لە خەنجەری نێرۆیی، خەنجەری دەسک نێرۆیییە. وا وێدەچێ جنسی دەسکەکە تەنانەت لە تیغەکەش گرینگتر بووبێ. ناوی دەسکەکە بە سەر خودی خەنجەرەکەدا زاڵ بووە. دەبێ ئەو دەسکەی لە شاخی کەڵەکێوی ساز کرا بێ و بایەخێکی تایبەتی بووبێ.

٨٠٤- بە شیری دانزغی شەڕت بۆ دەکەم.

لەمەڕ وشەی «دانزغ» زانیارییەکی ئەوتۆم دەست نەکەوتووە. تەنیا بۆچوونێکی کە دەتوانم دەریببڕم ئەوەیە کە دانزیک، دانتیک یا دانتزیک شارێکە لە باکووری ڕۆژهەلاتی برلین، پێتەختی ئێستای ئالمان. بە پێی فەرهەنگی فارسی دێهخودا دوای شکانی ئالمان لە ساڵی ١٩٤٥ خرایە سەر وڵاتی لەهستان (poland). بە پێی فەرهەنگی فارسی موعین دانتزیک/ گدانسک شارێکی باکووری لەهستانە و کەوتووەتە کەناری دەریای باڵتیک. لە سەنعەت و هونەری ئاسندا ناوبانگی هەیە.

بێتوو مەبەست لە دانزغ هەر ئەو شارە بێ، دەتوانین بڵێین شیری دانزغی واتا شیرێک کە لە دانزغ ساز کراوە. ئەوە لەگەڵ ئەسپی «سەگڵاو» یەک دەگرێتەوە کە هەر دووکیان لە ئورووپاوە

هاتبن. بڕوانه ٨١٠
٨٠٥- به دەمانچەی میسری شەڕت بۆ دەکەم.
٨٠٦- به تفەنگی شاقوڵی شەڕت بۆ دەکەم. لەمەڕ تفەنگی شاقوڵی زانیارییەکم دەست نەکەوت.
٨٠٧- به ڕمبی نەزەری شەڕت بۆ دەکەم. لەمەڕ ڕمبی نەزەری زانیارییەکم دەست نەکەوت.
٨٠٨- به مەتاڵی کەرگەدەنی شەڕت بۆ دەکەم. له فۆلکلۆری کوردیدا زۆر باسی مەتاڵی کەرگەدەن دەکریێ. دەبێ له پێستی کەرگەدەن که زۆر ئەستوور و چیڕە و شیر و تیر کاری تێناکا بۆ ساز کردنی مەتاڵ کەڵکیان وەرگرتبێ.
٨٠٩- به زرێی داودی شەڕت بۆ دەکەم. ئۆسکار مان له لاپەڕە ٢٥ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە میرزا جەواد دەڵێ به پێی ئەفسانە ئیسلامییەکان داود پێغەمبەر چەکسازێکی لێهاتوو بووە.
داود بابی سولەیمان پێغەمبەرە، کتێبی زەبوور هی ئەوە. تانەیان لێدا که کار ناکا و پیشەیەک نازانێ! خوا ئاسنی له بەر دەستی ئەودا نەرم کرد و فێری ساز کردنی زرێی کرد. لوقمان ڕۆژێک لێی وە ژوور کەوت، ڕاوەستا هەتا داود کاری تەواو بوو. ئەوەی سازی کردبوو لەبەری کرد کوتی بۆ شەڕ باشە. «ئاسنیشمان بۆ [داود] نەرم کرد، که تۆ بالاپۆش له ئاسن دروست بکە» ، سوورەی سەبا، ئایەی ١٠ و ١١. (وەرگێڕاوی هەژار)
٨١٠- به ئەسپی سەگلاو شەڕت بۆ دەکەم.
سەگلاو: سەگلاوی، سەقلاوی. ڕەگەزی دانیشتووانی نێوان بوڵغار و ئەستەمبووڵ؛ دەبێتە خەڵکی چەکوسلۆڤاکی و یۆگۆسلاوی. ئێستا پێیان دەڵێن ئیسلاو. (اطلس جیبی جهان/ فرهنگ معین/ فرهنگ عمید)
وێدەچێ ئەسپی ئەو ناوچەیە زۆر ڕەسەن بووبن. ئەسپی بارییان بۆ بەهێزی ناوبانگی هەیە. دوو وشەی سەگلاو و ئیسلاو لێک نیزیکن. گیو موکریانی و هەژار سەگلاوی به ئەسپی ڕەسەن

دەزانن.

ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٢٥ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە سەگلاو نژادێکی ئەسپی زۆر بەناوبانگ و بەقەدری عەرەبییە.

حەمەدی بەیتان لە گوتنەکەی خۆیدا، کە لە ڕووی تۆحفەی گوتۆتەوە دەڵێ: سەکلانی. ئەو ئاڵوگۆڕانەیە جارجار نایەڵن وشە مانا بە دەستەوە بدا.

٨١١- بە جەنگاوەرانی تەمەن سی ساڵە شەڕت بۆ دەکەم.

دیارە شەڕکەری سی ساڵە نە لاوی کەمئەزموونە و نە بەساڵاچووی کەمهێز.

٨١٢- سیاوەش یەکێک لە پاڵەوانانی شانامەیە و کوڕی کاووسە. سیاوەش لە لای ڕۆستەم گەورە بوو و هاتەوە لای بابی. سوودابەی زڕدایکی ئاشقی بوو. سیاوەش نەچووە ژێر باری ئەو ئەوینە. سوودابە ئەوی لە پێش چاوی بابی ڕەش کرد. کاووس ناردیە شەڕی توووران. سیاوەش لە ترسی بابی نەگەڕاوە. ئەفراسیاب فەرەنگیسی کچی خۆی دایە. مامی فەرەنگیس بوو بە دوژمنی و بە فەرمانی ئەفراسیاب سیاوەش کوژرا و ئەو کوژرانە شەڕێکی زۆری لێکەوتەوە.

لە فۆلکلۆری کوردیدا بە گێروکێشەیەکی کۆتایی نەیە دەڵێن بۆتە خوێنی سیاوەشی، نابڕێتەوە (ناکوژێتەوە).

٨١٣- واتا غەرەزی دمدمم لە زگدایە.

٨١٤- ئەرجوو بە مانای پاڕانەوەیە. نە وشەی «ناز» و نە «ئەرجوو» وا دیارە لێرەدا بە مانای سەرەکی خۆیان نەهاتوون؛ چونکە لە کەلامی شادا جۆری سەرکۆنە کردنی حەسەنخان لە گۆڕێدایە نەک تکا و پاڕانەوە.

ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٢٧ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە بە پێی قسەی میرزا جەواد وشەی ئەرجوو لە «رجا»ی عەرەبییەوە هاتووە.

٨١٥- کینایەیە لە زۆروزەوەندی لەشکر؛ واتا لەبەر زۆری لەشکر عەرز

وە لەرزە کەوت.
٨١٦- دەنگەدەنگ دە لەشکران کەوت. مەبەست وە ڕێ کەوتنە
٨١٧- قافلانتوو: قافلانکوو، زنجیرەکێوێکە لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژهەلات (١٥٤٠ میترە). چۆمی قزل ئوزون بە داوێنی ئەودا تێدەپەڕێ.
لە سەر ڕێگای تەورێز- زەنجان هەلکەوتووە. گرینگترین شوێنی ئەو زنجیرە کێوە تەختی بلقیسە لە ڕۆژئاوای ئەودا کێوی مەڕمەڕە، لە سەر گۆڕاییەکی بەرز هەلکەوتووە. دوندەکانی ئەو زنجیرەکێوە بەفرێ لێ نابڕێ. چەند گڕاوی گووگردی هەیە. (اعلام فرهنگ معین)
قافلانتوو لە مێژووی نوێی کوردیدا ئەودەمە پتر کەوتە سەر زاران کە سپای ئێران لە ٢١ی ئازەری سالی ١٣٢٥[١٢ی دیسامبری ١٩٤٦] سپای حکوومەتی ئازەربایجانی لەو شوێنە شکست دا و بە دوای ئەو ڕووداوەدا هەر دوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان ڕووخان.
٨١٨- لەشکر وەک خێل کەوتە شوێنی. مەبەست زۆری لەشکرە.
٨١٩- ئەردەوێل: ئەردەبێل، ئەردەبیل، ئێستا ناوەندی ئوستانێکی تورکنشینە لە باکووری تەورێز هەر بەو ناوە.
٨٢٠- مەجێز: ئەگەر شێوەی عامیانەی «موجیز»ی عەرەبی بێ، مانای ڕستەکە دەبێتە: «لەشکر لە ژێر سەرپەرستی و ئیزنی سەرکردەکانیان داژوێن». ئەگەر شێوەدەربڕینێکی تری «مەگێز»ی کوردی بێ، ماناکە دەبێتە: «لەشکر بە ئیشتیا و مەیلی خۆ داژوێن».
٨٢١- دەنگی شەکانەوەی ئالایان دێ.
٨٢٢- دەنگی جلوبەرگی شەڕ دێ.
ئەو دوو ڕستەیە بۆ نیشاندانی وە ڕێ کەوتنی لەشکر و دەنگەدەنگییەتی.
قۆلچاغە: جۆرە پۆشتەمەنییەکە وەک کولێجە کە ژنان کاتی کار لە پێشەوەرا لە بەری دەکەن و لاسکەکانی لە پشتەوە گرێ

دەدەن هەتا دانەخزێ. وا وێدەچێ لە قەدیمدا قوڵچاغەی ئاسنین یا چەرمی ئەستووریان لەبەر کردووە هەتا تیر و ڕمب و شیر لە سەر سینگ تا داوێن کاریان لێ نەکا.

٨٢٣- بە پێی تەرتیبی هاتنی لەشکر، دەبێ مەبەست لە دەشتی لێواری باشووری گۆلی ورمێ بێ. گوندەکانی کوردنشینی محاڵی شازدە و دێهاتی شارویران هەموو لە دەشتایی و لە لێواری گۆلی ورمێ هەڵکەوتوون. ئێستا بە سێ دەشتی شامات، محاڵی شازدە و شارویران ناویان دەرکردووە. ئەوەی جێی سەرنجە شوێنێک بە ناوی دەشتی خوێ بوونی نییە. ڕەحمان بەکر خۆی خەڵکی ئەو ناوچەیەیە. بە دوای ئەو سێ دەشتەدا ئەگەر بەرەو قەڵای دمدم بڕۆی دەگەیە دەشتی سندووس.

وێدەچێ «دەشتی خوێ» لەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین پتر بەرەو قوولایی نێو گۆلی ورمێ کشابێ و لە درێژایی سەدەکاندا ڕێژەی ئاوی ئەو گۆلە لە سەر هەوایەک نەبووبێ و کەم و زیادی کردبێ. لەم بارەوە زانیاری محەمەد تەمەددون جێی سەرنجە: «... هێندێک لە بەساڵاچووەکان دەگێڕنەوە کە لە قەدیمدا ئاوی گۆلی ڕەزایە[ورمێ] لە ئێستا کەمتر بووە و بە نێو ئەو گۆلەدا جادەیەکی خاکی هەبووە و خەڵک بەو جادەیەدا کالای خۆیان دەبردە شێوە دوڕگەی شاهی (یەکێک لە دوڕگەکانی ئەو زەریاچەیە). قسەی ئەوانە ڕاستە، چونکە ساڵی ١٨٠٠ کە کوردان لەو شارە[واتا ورمێ] کۆچیان دەکرد، بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتوون کە ئێستا ٣ کیلۆمیتر ئاو بە سەری کشاوە. ئەودەم قووڵایی ئاوی کەنار ئەو ڕێگەیە ٧٥ سانتیمیتر بووە. نووسەر هەبوونی بازاڕەکانی بناو و میاندواو وەک نموونە دێنێتەوە. ئەو حەوتەبازاڕانە ئێستا بە ناوی «ئەفشار ئەگلدی (ڕۆژی هاتنی ئەفشارانی ماملەچی) مەنشوورن. وا دیارە کاسبکارانی ئەفشار بۆ فرۆشتنی کالاکانی خۆیان و کڕینی پێداویستییەکانیان لەو ڕێگەوە چوونەتە بناو و میاندواو و هەر بەو ڕێگایەشدا دەگەڕانەوە ڕەزایە. (تاریخ رضائیە، ل ١٢).

ئەوە تەواو بەو مانایە نییە کە لە سەرەتای دەورەی سەفەوییەدا

هەلومەرجی گوڵی ورمێ ئەو جۆرە بووبێ، بەڵام ئەو ڕاستییە دەردەخا کە بەم شێوەیەی ئێستا دەیبینین نەبووە و ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە. وا وێدەچێ سەرێکی ئەو ڕێگایە شووشەوان بووە و سەرێکی دیکەی دزەی دۆڵ و ڕشەکان.

٨٢٤- دەرەنەی، دارەنەی: دارێنە کوێستانێکی باسەفا و سازگارە لە مەرگەوەڕ؛ نازانم مەبەستی بەیتبێژ ئەو شوێنەیە یان نا. بەیتبێژ خۆی بەوەوە دەروەست نەکردووە شوێنی هاتنی لەشکری سەفەوی بە تەرتیبی مەکانی لە بەیتەکەدا بێنێتەوە؛ ئەوەش گرفتی ساز کردووە بۆ دۆزینەوەی شوێنە نەناسراوەکان.

٨٢٥- بەیتبێژ خۆی خستۆتە نێو لەشکرەوە.

٨٢٦- لەم چەند دەقەی دمدمدا ئەوە تەنیا ڕستەیەکە ئاوا بە ئاشکرا و تەنانەت ڕقەوە هەڵکوتراوەتە سەر مەزەبی شیعە. وێدەچێ بەیتبێژ ئەوەی زانیبێ کە ئۆسکار مان وتەکانی دەباتە دەرەوە و لە نێوخۆ دەنگ ناداتەوە. لە بەرنامەی فۆلکلۆریکی «ئاگری دامرکاوی پێشینییان» کە بەر لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران لە ڕادیۆ مەهاباد بڵاو دەبۆوە، لە بەشی دمدمدا، تەواوی ئەو ڕستانەی باسی خەزا و ناکۆکی مەزەبی تێدایە لە دەنگی تۆمارکراوی بەیتبێژ هەڵقرتاون.

لە بارەی ڕستەی سەروو واتا «غولامی ڕەوێک شێرانم» ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٢٩ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە مانای ئەو ڕستەیە دەبێتە ڕێبەری دەستەیەک شێرم.

دیارە وشەی غولام، ئۆسکار مانی خستۆتە شکەوە، بۆیە ئاوڕی لەو ڕستەیە داوەتەوە؛ بەڵام دەوروبەری جوانیان بۆ شی نەکردۆتەوە. غولام – بێتوو دروست تۆمار کرابێ – لێرەدا مانای غەنیم، حەریف و تەنانەت قاتڵ دەدا و مانای ڕستە دەبێتە من حەریف و قاتڵی دەستە شێرێکم. دیارە ئەو شێوە قسە کردنە لە شەڕدا دەچێتە خانەی «ڕەجەزخوانی»یەوە. لە کولتووری کوردیدا هاوچەشنی ئەو ڕستەیەمان لە باری دارِشتەوە هەیە: فلانی غەنیمی نوردوویەک نانە.

له دەقی حوسێن مامەڕەشدا ئەم ڕستەیە ئاوا هاتوو: «خودانێ ڕەوەیـێ شـێرانـم». بێتوو ڕسـتـەکـەی نێو تۆحفە ئـاوا بوایە بۆچوونەکەی ئۆسکار مان دروست دەبوو. بڵێی ڕەحمان بەکریش خودانی نەکوتبێ؟

٨٢٧- وێدەچێ مەبەست لەم ڕستەیە ئاماژە بە بارینی باران لە هاویندا بێ کە بوو بە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەک دانیشتووانی قەڵا بێ ئاوی نەکێشن. بڕوانە پ. ٧٥٨.

٨٢٨- ئۆسکار مان لە زمان ڕەحمان بەکرەوە ناوی خانی «لابزێڕین» و «لەبزێڕین» تۆمار کردووە نەک «لەپزێڕین». ئەوەش یەکێک لە جیاوازییەکانی تۆحفەی موزەففەرییەی هێمنە لەگەڵ ئەسڵی لاتینییەکەی. ئەوەی جێی ئاماژەیە لە نێو ئاخاوتنی جەماوەری نەخوێندەوار ئەو وشەیە هەندێ جار «لاپزێڕین» گۆ دەکرێ.

هەنبانەبۆرینە وشەگەلی «لەب» » و «لەپ»ی بە مانای بەری دەست هێناوەتەوە. هەروەها «لاپ»ی بە مانای چەپۆک و بە پانایی دەست لە تەپڵەسەر دان گرتووە، بەڵام «لاب»ی نەگرتووە.

ناکرێ بڵێین ئۆسکار مان لە تۆمار کردنی گرینگترین ناوی بەیتی دمدم تووشی هەڵە بووە، دیارە ئەو سەردەم وشەی «لاب» لانیکەم لە نێو بەیت و بابەتە فۆلکلۆرییەکان هەر باو بووە.

جێگۆڕکێی دوو پیتی «ب» و «پ» یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردییە و نابێ ئەو مەبەستە لە تۆژینەوەی ئەو بابەتەدا فەرامۆش بکرێ؛ تەنانەت دەسەڵاتدارترین شاعیری کورد «نالی» بە هۆی نیزیکیی ئەم دوو دەنگە، لە غەزەلێکدا ئەم وشانەی کـردووە بە قافیە: سەبەب، ئـەدەب، تەڵەب، لەهەب، لەب، چەپ، تەرەب و گەپ. (دیوانی نالی، ل ٩٧)

٨٢٩- ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٣١ی پەراوێزی وەرگێڕاوە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە، لێتان هۆزێکی کورد بوون کە شوێنەواریان نەماوە.

پێویستە بڵێم جیا لە هۆز بوون، کە چەند بنەماڵەیەکیان ئێستاش لە دەشتی شنۆ دەژین، دەبێ ناوی ناوچەیەک بێ. گوندێک لە

ناوچەی سیدەکانی خاکی هەرێمی کوردستان بەرانبەر بە دەشتی شنۆ بە ناوی لێتان هەیە. بڕوانە پ. ١٧٢.
٨٣٠- گۆڕینی وشەی کابر بە کافر لە هێنانە سەر خەتی عەرەبی تۆحفە تەواو مانای ڕستەکەی گۆڕیوە. وێدەچێ هەڵەی تایپی بێ.
٨٣١- شێخ جونەید: ئەبولقاسم جونەید کوڕی محەمەد، خواناس و سۆفی، ساڵی ٢٠٧ی کۆچی لە بەغدا لە دایک بووە. هێندێک دەڵێن ئێرانی بووە و خەڵکی نەهاوەند. سی جار بە پێیان لە بەغداوە چووەتە ماڵی خوا. ساڵی ٢٩٧ کۆچی دوایی کردووە.
٨٣٢- فەرخی داودی: قارەمانی بەیتی «شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی» بۆ زانیاری پتر بڕواننە دەقەکانی ئەو بەیتە.
٨٣٣- شێخ ڕەشی گەرگەرۆیی: ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٣٣ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە، گەرگەرۆ گوندێکی چکۆڵەیە لە باڵەکایەتی.
٨٣٤- مانای ڕستە: چەکوچۆڵی هەرە باشی شەڕی پێیە.
٨٣٥- شای نەخشبەند: خواجە بەهائەددینمحەمەد کوڕی محەمەد نەخشبەندیی بوخاری، ساڵی لە دایک بوونی ٧١٧ی کۆچی مانگی [٣١٧ی.ز] نووسراوە. لە گوندی «قەسری عارفان»ی بوخارا لە دایک بووە. گۆیا لە سەردەمی لاوەتیدا کاری وی نەخش کردنی مۆر بووە لە سەر پارچە، کە بە «قەڵەمکاری»ش ناو دەبرێ. هەندێ کەس دەڵێن مەبەست لە نەخشبەند، پلەیەکی بەرزی عیرفانییە کە بە ناوی «الله» لە سەر دڵ هەڵدەکەندرێ. دیوانی شیعر و هەندێ شوێنەواری نووسینی لە دوا بەجێ ماوە ژمارەیان دەگاتە نۆ بەرهەم. ساڵی ٧٩١ی کۆچی مانگی [١٣٨٩ی.ز] لە زێدی لە دایک بوونی خۆی کۆچی دوایی کردووە. خواجە بەهائەددین بناغەدانەری ڕێبازی «نەخشبەندییە»یە. ئەم تەریقەتە پاشان بە هۆی مەولانا خالیدی شارەزووری (١١٩٣ - ١٢٤٢ ک.م) کە لە شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی وەرگرت، بە نێو کوردستاندا بڵاو کرایەوە. (تذکرەی عرفای کردستان، ص ٨٦؛ اعلام فرهنگ معین)
٨٣٦- عەشەرەی موبەشەرە: ئەو دە کەسەی پێغەمبەری ئیسلام وەعدەی

بەهەشتی پێداون: ئەبووبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، زوبەیر، تەلحە، سەعد، سەعیدی بنی زەید، ئەبوعوبەیدە، عەبدوڕەحمان بنی عەوف.

٨٣٧- سوڵتان سەمەر: ؟

٨٣٨- ئەو نێوە بە سێ جۆر: ئاڵداڵ، ئابداڵ، ئاوداڵ تۆمار کراوە، بەڵام هەر یەکێکە. (هێمن - پەراوێزی بەیتی دمدم، لاپەرە ٢١٤ی تۆحفە...)

بە پێی هەندێ دەق هەم خانی موکری ناوی ئەبداڵ بووە و هەم کوڕێکی خانی لەپزێرین. ئەو مەبەستە جارجار سەرلێشێواوی ساز دەکا.

٨٣٩- مەبەست لە لێڕەوار لێرەدا زۆروزەوەند بوونی لەشکرە کە دەوری قەڵای داوە.

٨٤٠- هورمزبەگ یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵا.

٨٤١- مانای ڕستە: بە ڕمبی نەزەری هەزار کەس دەکوژرێ؛ ژماری هەزار واتا زۆر.

٨٤٢- مانای ڕستە: کەلاکی کوژراوان لە سەر یەک لە مەیدانی شەڕ کەڵەکە ببوون.

٨٤٣- واتا شیر هەموو لە شەڕدا دەسکیان شکا. کینایە لە شەڕی توند و خوێناوییە. باڵچۆغە: دەسکی شیر.

٨٤٤- لە یەک دوو جێی دەقەکانی بەر دەستمدا ئاماژە بەوە کراوە کە خانیان بە کوتکی خێوەت شەهید کردووە.

کوتکی خێوەت، هەم کەللە و هەم دەسکی لە دار ساز دەکرا بۆ کوتانی گوڵمیخ و سینگی چادر کەڵکیان لێ وەردەگرت. ئەو کوتکە هەم قورس بوو، هەم زل.

٨٤٥- مانای ڕستە: نەیهێشت قەڵا بگرن.

٨٤٦- بەداو، بداو، بدەو، سیفەتە بۆ ئەسپی دەوەندە و تیژ و چالاک. مانای ڕستە: ئەسپی چابوک پێکۆڵێ دەکەن. ئەسپ کاتێ پێکۆڵ دەکا کە تێر و قەڵەو و بە کەیف بێ. کە وایە مەبەست ئەوەیە ئەسپی لەشکر بە کەیفن و ئەوەش لە خۆیدا پۆشتە و تەیاریی سەرجەمی لەشکر دەگەیەنێ.

ئۆسکار مان لە شی کردنەوەی وشـەی بداو تووشی هەڵە هاتووە. دیسان وێدەچێ هۆیەکەی ناشارەزایی میرزا جەواد لەگەڵ ئەو وشەیە بووبێ. ئۆسکار مان لە پەراوێزی تۆحفە ئالمانییەکەیدا بداوی بە دوو وشـەی «بـە» و «داو» دانـاوە و کەوتۆتە سەر مانا کردنەوەیان و لە بابەت زۆر دوور کەوتۆتەوە. هەم ئۆسکار مان و هەم مامۆستا هێمن وشەی بداویان لێک جوێ نووسیوە! دەقەکەی حەمەدی بەیتان بووەتە بدەو. هێمن وەنەبێ وشەی بدەوی نەناسیبێ؛ خۆی لە شیعرەکانیدا کەڵکی لێ وەرگرتووە؛ وێدەچێ ئەویش لە بەر جوێ کرانەوەی «بە» و «داو» بە هەتڵە چووبێ:

٨٤٧- ئۆسکار مان وەک پەراوێز لە بەرگی دووی کارە لاتینییەکەی خۆیدا دەنووسێ: دەگەڵ میرزا جەواد «جووجێک» مان بۆ ساغ نەبۆوە، بەڵام میرزا جەواد شکی بۆ وەی دەچێ کە لە «جووجی» یەوە هاتبێ کە بە مانای ژیر، لێزان، ئاقڵ و زۆرزانە.

لە تورکیدا جووجی ناوە بۆ پیاو؛ نازانم پێوەندی بەو وشەوە هەیە یان نا.

٨٤٨- شیر لە قایش هەڵدان واتا تیژ کردنی شیر و ئامادە بوون بۆ شەڕ.

٨٤٩- سیواز، سیواس: شارێکە لە تورکیە و ناوەندی ئۆستانێکە هەر بەو ناوە.

٨٥٠- حەڵەب: حەلەب شارێکی بەناوبانگە لە سووریە. بە هۆی نزیکایەتی بە کوردستان و کاروباری بازرگانی لە نێو فۆلکلۆری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

٨٥١- ئامەدییە: ئـامـەد، دیاربـەکر: گـەورەتـرین شـاری کوردنشینی تورکیەیە. ناوەندی سیاسی کوردستانی تورکییەیە. فەرهەنگ و کولتوور و دابونەریتی دەوڵەمەندی کوردانەی هەیە. ئامەدییە هەروەها دەتوانێ شاری «عەمادییە» ش بێ؛ واتا ئامێدی.

٨٥٢- یەنگیچەری: وشەیەکی تێکەڵاوی تورکییە. چریکی تازە، لەشکری نوێ، بە بەشێک لە سپای عوسمانییان دەگـوت. یەنگیچریک، یەنیچریک، یەنیچری.

یەنیچری: سەربازی تازەی نامونەزەمی سوڵتان محەمەدخانی دووەم، ساڵی ١٢٤١ی کۆچی [١٨٢٦ی.ز] بەرانبەر بە مادە تاریخی (غزای اکبر) ئەو لەشکرەی هەڵوەشاند.

ئەو لەشکرە سپای پیادە بوو کە ئەرخان کوڕی عوسمان دووەمین سوڵتانی سیلسیلەی عوسمانی لە سەدەی هەشتەمی کۆچی لە دیلەکانی مەسیحی سازی کرد. ئەو لەشکرە کارامەیە بۆ ماوەی چەند سەدە بوو بە هۆی سەرکەوتنی فتووحاتی ئیسلامی عوسمانییەکان. سەرەنجام لە سەدەی سێزدەدا هەڵوەشایەوە.

٨٥٣- توولە و تاوییان: ئۆسکار مان لە پەراوێزی تۆحفە ئالمانییەکەیدا توولە و تاوییان بە دوو شوێن دەزانێ کە نازانێ لە کوێن.

٨٥٤- بەیان بەردان: کاتی بەیانی ئەودەمەی ماڵات بۆ لەوەر بەردەدەن. خەڵکی ئاواییەکان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتنێ ماڵات بەر دەدەن. بەو مانایە لەشکر کاتی ڕۆژهەڵات گەیوەتە لاجان.

٨٥٥- سوار دەکەن هۆ بە هۆیە: دوو مانای لێ هەڵدەکرێ. یەکەم؛ سوار ڕمبازی دەکەن و دەچنە ئەو سەری مەیدان و دەگەڕێنەوە. دووەم؛ بانگی یەکتر دەکەن.

٨٥٦- لەشکر بە چەند ڕێیاندا دێ و سەد لکی لێ بۆتەوە کە هەموو زرێ لەبەرن.

٨٥٧- لەقەب و سیفەت و ناوی ناحەز و خراب خستنە پاڵ دوژمن، کارێکە بە درێژایی تەمەنی شەڕەکان بۆ شکاندنی ڕۆحییەی بەرانبەر کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەو ناو و ناتۆرە لێهەڵدانە بێت و وێچوواندن بە ئاژەڵی وەک کەر بێ و ئەویش کەری مێ، تیژی قسەکە پتر شوێن دەخاتە سەر ڕووحی بەرانبەر.

٨٥٨- لە کۆتایی دەقی ڕەحمان بەکردا پێویستە ڕوون کردنەوەیەکم هەبێ. تەمەنی مەکتووبی ئەم دەقە زیاتر لە سەد ساڵە و کۆنترین دەقی بەر دەستمە، بەڵام من ئەوەیانم وەک یەکەم دەق دانەنا. هۆیەکەشی ئەوەیە ڕەحمان بەکر شارەزایی لەو بەیتانەی گوتوونی بە یەک ڕادە نین. لە شێوەی بەیان کردنی دمدمدا زۆر جار بە سەر نێوەرۆکەکاندا تیژ تێپەڕیوە. وردەکاری و ناوی کەسایەتییەکان

بایەخی زۆر پێ نەدراوە و کۆتاییەکەی تەواو دوورە لە ڕاستی و ئۆسکار مان گوتەنی سوننییەکی فەناتیک هاتنی سپای عوسمانی لێ زیاد کردووە؛ کەچی دەقەکەی حوسێن مامەڕەش ئەوەی تێدا نییە. هەروەها زاڵ بوونی ئاخاوتنی کۆنی شارویرانی و شاماتی بیچمی وشەکانی کەمێک نامۆ کردووە و هێمن گوتەنی سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ.

خاڵی بەرچاوی کارەکانی ڕەحمان بەکر پاراستنی قالب و فۆرمی بەیتانەیە لە بەشی هەرە زۆری کارەکانی نێو تۆحفەدا. بە هۆی کۆنی تۆمار بوونی ئەو بەیتانە و بێ دەسکاری مانەوەیان، دەکرێ دەقە نوێیەکان لە باری قالب و فۆرمەوە لەگەڵ ئەوان بەراورد بکرێن.

٨٥٩- ئەم دەقە لە زمانی محەمەد غەزالی، ناسراو بە حەمەدی بەیتان، تۆمار کراوە. تایبەتمەندی ئەو دەقە ئەمەیە کە بەیتبێژی نەخوێندەوار بە یارمەتی کابرایەکی خوێندەوار دەقاودەق لە ڕووی کتێبی تۆحفەی موزەففەرییەوە لەبەری کردووە.

پێکگرتن و بەراوردی ئەم دەقە لەگەڵ دەمدەمی نێو کتێبی تۆحفە، ئەو ئاڵوگۆڕەمان بۆ دەستنیشان دەکا کە بابەتی زارەکی وەک بەیت لەو وەرگرتن و دانەوەدا چ گۆڕانێکی بە سەردا دێ؛ هەم لە باری زمانییەوە، هەم لە باری کەم و زیاد کردنی و هەم لە باری ئاڵوگۆڕ بوونی شوێنی ڕستەکان و تەنانەت بابەتەوە. ئێمە لەو دەقەدا ئەوانەی وەبەر چاومان هاتووە و بەرچاو بوون، دەستنیشانمان کردوون؛ دیارە ئەم پێکگرتنە هەر لەگەڵ دەقی تۆحفە کراوە نەک دەقە لاتینییەکە. هەروەها پێکگرتنێکی هەمەلایەنە نییە. ئەوەندەش بڵێم دەست تێوەردانی حەمەدی بەیتان جارجار دەچێتە خانەی ڕاست کردنەوەوە.

٨٦٠- محەمەد غەزالی (خەزاڵێ) ناسراو بە حەمەدی بەیتان، لە نێو بەیتبێژانی دوانەسڵی بەیتبێژیی لە موکریاندا، یەکێک لە گرینگترینیانە. مخابن بەر لەوە بمرێ دەستم پێڕانەگەیشت. ڕێکەوتی ١٣٦٤/٨/١ی هەتاوی لە ڕێگەی عومەری کوڕی توانیم

هەندێ زانیاری وە دەست بخەم: محەمەد، کوڕی محەمەدئەمین، ساڵی ۱۳۰۰ی هەتاوی [۱۹۲۱ی.ز] لە گوندی «بەیرەم»ی سەر بە مەهاباد لە دایک بووە. دواتر ماڵیان چووەتە گوندی «قۆڵغەتەپە». باب و دایکی لەوێ دەمرن. منزڵی تریان گوندی «قاراوا» دەبێ. دوو کوڕ و کچێکی هەیە. دوای پازدە ساڵ دووبارە دەگەڕێتەوە بەیرەم. جووتیاری کردووە، جارجار لێفەدرووش بووە. لە بەیت کوتندا ئەوەندە شارەزا بووە ناوی «حەمەدی بەیتان»یان لێ ناوە. ساڵی ۱۳٥٤ی هەتاوی چەند بەیتی لە ڕادیۆ مەهاباد تۆمار کردووە. ساڵی ۱۳٦۲ ماڵی دێتە مەهاباد و دواتر دەچێتەوە بەیرەم. ٤ی ڕەزبەری ۱۳٦٤ [۲٦ی سێپتامبری ۱۹۸٥ ی.ز] دەمرێ و لە بەیرەم دەنێژرێ

حەمەدی بەیتان مەم و زین و ئایشەگوڵ لە کەریم ملخوار فێر بووە، کاکەمیر و کاکەشێخ و خەجوسیامەند لە ئەحمەدی سەعیدی. ساڵحە کوردە محەمەدحەنیفە، لاسوخەزاڵ، شێخمەند و شێخڕەش، ناسر و ماڵماڵ، سەیدەوان و هەمزاغای فێر کردووە. هێندێک دەڵێن هەمزاغا لە خڕناڵ فێر بووە. بەیتی دمدم لە گوندی بەیرەم لە مەلا محەمەد غەفووری، مەلای ئاوایی، فێر بووە. مەلا محەمەد لە ڕووی کتێب بۆی خوێندووەتەوە و ئەویش لەبەری کردووە.

٨٦١- هەر لە سەرەتاوە ۱۳ دێڕ لە پێشەکییەکە زیاد کراوە.

٨٦٢- ئیبراهیم خەلیلوڵڵا: مەبەست ئیبراهیمە کە لە ڕێی خوادا دەیەویست ئیسماعیلی کوڕی بکاتە قوربانی و...

٨٦٣- لەو ڕستەیەدا وشەی عەجەمی لێ لابراوە. وێدەچێ بەیتبێژ ئەم وشەیەی سەبارەت بە هەلومەرجی زەمانە و گوشاری تورکان لابردبێ، بەتایبەت کە دەچێتە ڕادیۆ و لە وێ بەیتەکانی تۆمار دەکا. بڵێی مەلا محەمەد غەفووری دەستی بە دمدمە لاتینییەکەی ئۆسکار مان ڕاگەیشتبێ؟

لێرەدا بە پێویستی دەزانم لە سەر دوو وشەی «ڕۆم» و «عەجەم» ڕوون کردنەوەیەکم هەبێ. وشەی ڕۆم بەپێچەوانەی

مانای سەرەکی خۆی لە فەرهەنگی کوردانندا بە ئیمپراتۆری عوسمانی گوتراوە؛ ڕۆمی واتە عوسمانی. لە بەرانبەردا بە هەرچی ئێرانییە گوتراوە عەجەم – هەر وەک عەرەبان کە بە ئێرانییانیان گوتووە عەجەم – وا وێدەچێ کورد لەو نێوەدا خۆی بە کرێکی جیا زانیوە کە لایەکی ڕۆمین و لایەکی عەجەم. ئێستا لە هەر دوو دیوی سنووری ئێران و ئێراق بە سەرباز و ئەرتەشی ئێرانی دەڵێن عەجەم. لە نێو حیزبە کوردە دژبەرەکانی حکوومەتی تورکیاش خەریکە وشەی ڕۆمی بۆ ئەرتەشی تورکییە زیندوو دەبێتەوە.

وڵاتی بەرینی ڕۆم لە باشووری ئورووپا، دوای مەرگی «تیئۆدسیوس»ی مەزن لە ٣٩٥ی زایینی، کرایە دوو بەشی ڕۆمی ڕۆژهەڵات (بیزانس) و ڕۆمی ڕۆژئاوا. پێتەختی بەشی ڕۆژهەڵات «قوستەنتەنییە» و پێتەختی بەشی ڕۆژئاوا شاری «ڕۆم»ی ئێستای ئیتالیا بوو. سوڵتان محەمەدی فاتح ساڵی ١٤٥٣ی زایینی بیزانسی داگیر کرد و خستییە سەر ئیمپراتۆریی عوسمانی. بەم جۆرە ناوی ڕۆم لە سەر ئەم وڵاتە مایەوە.

٨٦٤- لە هەر دوو دەقدا ئەو ڕستەیە مانای تەواو بە دەستەوە نادا.

٨٦٥- ئێمە دەنگی ڕەحمان بەکرمان نەبیستووە، بەڵام بەیتەکە بە دەنگی حەمەدی بەیتان ڕیتمی دەچێتە بان و دێتە نەزمی.

٨٦٦- حەمەدی بەیتان چوار ڕستەی لێ زیاد کردووە. ڕایکێشا شوعلەی قەڵایە واتە شوورەی قەڵای کێشا.

٨٦٧- ئەو پێنج دێڕە لە کاسێتی ڕادیۆ مەهاباد قرتاون. لە لایەک لەگەڵ تۆحفە یەک ناگرنەوە و لە لایەکیش حەمەدی بەیتان – محەمەد خەزاڵی – ناوی خۆی تێخزاندووە.

٨٦٨- ئەو ڕستەیە زیاد کراوە.

٨٦٩- لێرەدا ڕستەی «هات گرتی گەڵی دارنەیە» قرتاوە. بۆ دارنەیە بڕوانە پ. ٨٢٤.

٨٧٠- ڕستەی «ڕەحمان بەکر دەگەڵ مەیە» ڕستەیەکی دوو ماناییە. بەپێچەوانەی گوتەی ڕەحمان بەکر لە دەقی خۆی (بڕوانە پ. ٨٢٥) لێرە ڕوون نییە کە ڕەحمان بەکر لەگەڵ خانانە یا شاعەباس.

ڕستەی «چەند خانێکی بە ئەنگامەیە» لە دەقە لاتینییەکە نیزیکترە هەتا دەقەکەی مامۆستا هێمن.

٨٧١- لێرەدا ڕستە بە تەواوی گۆڕاوە، قاتڵی کوللی شیعانم کراوە بە قاتڵی شاهی بێ ئیمانم. بەیتبێژ هەلومەرجی ڕۆژگاری لەبەرچاو گرتووە. بڕوانە پ. ٨٢٦.

٨٧٢- بە دوای ئەو ڕستەیەدا ڕستەی «لەشکری شای هات لە سەردا» قرتاوە.

٨٧٣- لە سەرووی ئەو ڕستەیە ڕستەی «هات لە بن دمدمی وردا» قرتاوە.

٨٧٤- ئەو ڕستەیە زیاد کراوە.

٨٧٥- بە دوای ئەو ڕستەیەدا ڕستە «دنیای داگرت بە یەکجاری» قرتاوە.

٨٧٦- ئەو ڕستە و دوو ڕستەی خوارتر زیاد کراون.

٨٧٧- ڕستەی «خان بە خەزایە مەژغووڵە» وەک سەربەند لەمە بە دوا لەم دەقەدا چەند جاری تر دێ. هاتنی پیتی «ژ» لە جیاتی «ش» جێی سەرنجە بۆ لێ تۆڕینی ورد لە بنزاراوەی موکریانی کە هەشتا ساڵ دوای ئۆسکار مانیش هەر وا ماوە.

ئەو ساڵانەی بەرنامەی ئاگری دامرکاوی پێشینیان لە ڕادیۆ مەهاباد بڵاو دەبۆوە نازانم لە دمدمی حەمەدی بەیتان کەڵکیان وەرگرتووە یان نا، ئەو چەند ڕستەیە قرتاوە؛ هەلومەرج و دووری لە گرژایەتی مەزەبی لە بنەبانی ئەو هەڵوێستە بووە.

٨٧٨- ئەو ڕستە و سێ ڕستەی دوایی زیاد کراون. بڕوانە ٨٢

٨٧٩- هەوای ئەو دێڕە و دێڕەکەی دوای دەگۆڕێن.

٨٨٠- ئەم ڕستەیە لە ڕحمان بەکردا «خاتوونێک دێ و دەبەزی»یە. بڕوانە پ. ٣٤١.

٨٨١- لەو دوو دێرەدا هەوا نەرم دەبێ.

٨٨٢- دوو دێڕ هەواکەی نەرم دەبێ.

٨٨٣- دوو دێڕ هەواکەی نەرم دەبێ.

٨٨٤- لە سەرەوە ئەم ڕستەیە قرتاوە: بێ شەریکە، هیچ شەریکی نییە.

٨٨٥– دوای ئەم ڕستە، ئەمە قرتاوە: شێخ جونێدی بەغدادییە. بۆ گەیلانی بڕوانە پ. ١٩٣. بۆ شێخ جونەید بڕوانە پ. ٨٣١.
٨٨٦– مەبەست ئەوەیە لە مەیدان کەلاکی شەڕکەران کەوتوون.
٨٨٧– ئەو ڕستەیە زیاد کراوە.
٨٨٨– ئەو ڕستەیە شێواوە. لە تۆحفەی لاتینیدا «مل بە قەتڵاو پڕ لە ئەنگازە»یە. لە تۆحفەکەی مامۆستا هێمن «مل بە قەڵا پڕ ئەنگازە». حەمەدی بەیتان کردوویەتە «مل بە قەڵات و ئەنگازە». بۆ ڕوون بوونەوە پشت بە دەقی یەکەم، واتا حوسێن مامەڕەش دەبەستین. حوسێن مامەڕەش دەڵێ: ڕۆژێکی محەللی چێشتەنگاوێ/ لە بەر بریقەی زرێ و قەتڵاوێ/[لەشکر] هات گەییە شاری بناوێ. هەروەها لە یەکێک لە دەقەکاندا ڕستەی «مل بە مەتاڵ و زرێ» هاتووە. بەو پێیە دەبێ «قەتڵاو و «ئەنگاز» هەر دوو کەرەسەی شەڕ بن.

ئۆسکار مان لە لاپەڕە ٣٤ی پەراوێزی تەرجەمە ئالمانییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەدا نووسیویە شەڕخواز و پڕ لە قین.
٨٨٩– لە ڕەحمان بەکردا ئاوا هاتووە: ئالاچی سوڵتان سەمەرە. بۆ سوڵتان سەمەد بڕوانە پ. ٧٩١. بۆ سوڵتان سەمەر بڕوانە پ. ٨٣٧.
٨٩٠– ئەو ڕستەیە لە ئەم ئاستەی دەقی ڕەحمان بەکردا نییە.
٨٩١– دوای ئەو ڕستە، ئەوە قرتاوە: خان بۆ خۆی دەکا تەگبیران.
٨٩٢– سێبەر هەڵکشا بۆ بن قەڵاتێ، واتە عەجەم لە بن دیواری قەڵا نزیک بوونەوە. عەجەمی بە سێبەر – ڕەشایی – چوواندووە.
٨٩٣– دوو ڕستە قرتاوە: لە وانی کردەوە دەرگە/ لە خەنجەری دە منی زەرگە.
٨٩٤– هەڵەی بەیتبێژە کە ڕووداوی دمدمی هێناوەتە دەورەی قەجەر.
٨٩٥– لە ڕەحمان بەکردا لە جیاتی ئەو ڕستەیە هاتووە: لە کەوڵ و یەنگی چەریان. بڕوانە پ. ٨٥٢.
٨٩٦– مەبەست لە ماڵی ئاوری، هەر چەشنە چەکێکە بە بارووت کار بکا و ئاور بگری.

٨٩٧- ئەو ڕستەیە زیاد کراوە.

٨٩٨- لە جێی ئەو ڕستەیە: وەزیـری ئەستەمبوولێ کیایە. ڕستەی دواتریشی زیاد کراوە.

٨٩٩- ژمارەی سەد هەزار بە مانای زۆرە.

٩٠٠- ئەو سێ ڕستەیەی دوایی زیاد کراون - وێدەچێ ڕستەی دوایین لە کاتی تۆمار کردنی دمدم لە ڕادیۆ مەهاباد پێوەی زیاد کرابێ. ئێمە ئەو جۆرە ئاکارانە یان بە زۆری کاربەدەستان یان وەک نیشانەیەکی بەرنامەی دەوڵەتی بە کاری هەندێ گۆرانیبێژ و تەنانەت حەکایەتخوانیشەوە دەبینین. ئەو جۆرە پێهەڵاگوتنانە یان لە سەر ویستی کاربەدەستان کراوە و یان مەرجێک بووە بۆ بڵاو بوونەوەی بەرهەمی هونەرمەند لەو قۆناغدا.

٩٠١- دەقی دمدمی ڕەحمان بەکر قسەی کۆتایی نییە، بەڵام دەقەکەی حەمەدی بەیتان بە قسە کۆتایی هاتووە. نێوەرۆکی ئەو قسانە کورتە و تێکەڵاوێک لە ئەو بەشەی عالەمئارای عەباسی کە باسی چۆنیەتی شەڕی قەڵای دمدم دەکا. وێدەچێ «مەلا محەمەد غەفووری» ئەو بەشەی عالەمئاراشی بە کوردی بۆ گێڕابێتەوە و ئەویش لێی زیاد کردبێ.

٩٠٢- زۆر تاسەی ئەوەم هەبوو بەر لە چاپی ئەم بەرگە، توانیبام وێڕای ئەم چەند تێکستە سۆرانیانەی دمدم، تێکستێکم بە بن زاراوەیی هەرکی دەست کەوتبا. زۆرم حەولدا، چیم بە چی نەکرد. هێشتا لە هەڵەبڕی ویراستارییەکەی کاک عەبدووڵڵا سەمەدی نەببوومەوە، کاک سەلاح خزری پێیڕاگەیاندم کە دمدمێکم لە زمانی قارەمان شایەر دەست کەوتووە. دواتر دەرکەوت کە ئەو تێکستە ساڵی ١٩٦٤ بە دەست کابرایەکی ئاڵمانی - وێدەچێ ڤۆلفگانگ ڕوودۆلف بێ - وێڕای چەند بەیتی دیکە لە زمانی قارەمان شایەرەوە تۆمار کراوە و براوەتەوە ئاڵمان و ئێستا لە ڕێی ئاشنایەکی مام ڕەسووڵی کوڕی بەیتبێژ ناردراوەتەوە ورمێ.

ئەو تێکستەی دمدم، هەر وەک دەبینن، تەواو لە سەر بنەمای دەقە سۆرانییەکان دامەزراوە و بە شێوەیەکی زۆر کاڵ شوێنی بن

زاراوەی هەرکی پێوە دیارە.

ئەگەرچی ئەو تێکستە ئارەزووی هەبوونی دمدمێکی هەرکییانەی نەپێکام، بەڵام پێویست بوو بێتە نێو چوارچێوەی ئەم بەرگەوە.

پرۆفسۆر ڤۆلفگانگ ڕوودۆلف Wolgang Rodolph کۆمەڵناس و ڕەگەزناسێکی ئالمانی بووە. ١٦ی مارسی ١٩٢١ لە برلین لە دایک بووە و ١١ی مای ١٩٩١ هەر لە شارە مردووە. ساڵی ١٩٥٨، ١٩٦٢ و ١٩٦٤ هەتا ١٩٦٥، سەرجەم ساڵ و نیوێک لە نێو کوردادا (لە ڕۆژهەڵاتی عەنەدۆڵ و کوردستانی ئێران) خەریکی لێکۆڵینەوە بووە.

٩٠٣- قارەمان ڕەحمانی، ناسراو بە قارەمان شایەر: ڕێکەوتی ١١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی، بە یارمەتی کاک سەلاح خزری، چاوم بە ڕەسووڵ، کوڕی قارەمان شایەر کەوت و ئەو زانیارییانەم لە زمانی ئەوەوە گواستۆتەوە ئێرە.

قارەمان شایەر بە ئەسڵ لە عەشیرەتی سوورچییە. باپیرەگەورەی پەڕیوەی گەڵی قاسملوو بووە و لە گوندی «مام برایم» گیرساوەتەوە. قارەمان لەو گوندە لە دایک بووە و هەر لە ئەوێش ژنی هێناوە؛ کوڕێک و کچێکی هەبووە. دایکی ناوی «شەمام» بووە. بە لاوی داوەتی گێڕاوە.

وا وێدەچێ چەند ساڵێک دوای ١٩٦٤ لە گوندی «قاسملوو» لە تەمەنی سەرووی هەشتا ساڵی مردبێ. کابرا ئالمانییەکە هەر لەو گوندە بە ماوەی دوو شەو و دوو ڕۆژ بەیتەکانی لێ تۆمار کردووە. قارەمان سەرێکی پیاوی شێخ تەها ئەفەندی بووە. هاتوچۆی ئاغاوەتی زەرزایانی کردووە. لە ڕووداوی «جیلۆ»کاندا بە دەستی ئەوان گیراوە و بە سەبەبی دەنگخۆشی ڕزگاری بووە.

قارەمان دمدم، مەم و زین، خەج و سیامەند، شێخ فەرخ، عەبدولڕەحمان، مەلا برایم، لەیلی و مەجنوون، گوڵێ، لەشکری، عازیزە و گەلێ بەیتی ئایینی زانیوە و بەشێک لەوانەی فێری کوڕەکەی کردووە.

٩٠٤- لە وشـەی «هەشتێ هـێـزار»دا شوێنی بن زاراوەی هەرکی خۆ دەنوێنێ. وشـەی "نەفعی" دەبێ "نـەوعـی" بێ؛ ئـەو جۆرە هەڵەزمانییانە لە تێکستە فۆلکلۆرییەکان زۆر جار وە بەر چاو دێن.

٩٠٥- ئەو ڕستە وا نیشان دەدا کاتی هاتنی خان شوێنی قەڵا ئاودان نەبووە.

٩٠٦- لێرە بە دوا، دابڕانێک لە قسەی بەیتبێژدا ساز دەبێ؛ دیار نییە ڕستە قرتاوە یان ئەو دابڕانە هەر گرێیەکە لە گوتن‌دا.

٩٠٧- هەوردییە، وردییە، دابەزی، ئۆردووبەزی کرد. چاوگی هەوردین یان وردین لە وشەی مەغوولی "ئۆردوو" (اردو) ساز بووە. لە فارسیدا بۆتە چاوگی لێکدراو (اردو زدن). بەڵام لە کوردیدا هەر وەک دەبینن ڕێک بووە بە چاوگ. هەر ئێستا کارەگەریی ئەو چاوگە لە ئاخاوتن و نووسینی کوردیدا کەم بۆتەوە و زۆرتر لە دەقە فۆلکلۆرییەکاندا ماوەتەوە.

هەڵوردن: سەکنین، ئارام و قەرار گرتن. مامۆستا مەلا کەریمی فیدایی لە هۆنراوەکانیدا ئەم وشەیەی زۆر بە کار هێناوە: (کە ئەو لێی‌دەدا ئەم بەری پێی دەگرت/ لە ترسان لە چیا و کەژ هەڵدەورد)؛ (چون ئەو گەورە کرگێڕی هەرچی کرە/ وەکوو کر نییە دیمەنی، هەڵورە)؛ (پەنایی لە بۆ خانی لەپزێڕ برد/ دەگەڵ وی لە نێو دمدمی هەڵدەورد) -دمدم‌نامە-.

٩٠٨- بەیتبێژ ئەم ڕستەیە کەمێک ناڕوون گۆ دەکا، بەڵام سەرجەم وا وێدەچێ کە دەڵێ شاعەباس هەشت تابووری ڕەگەڵ کچەکەی یەخست و...

تابوور: وشەیەکی تورکیی عوسمانی و زاراوەی سەربازییە، بە مانای «فەوج» کە بریتییە لە دە دەستەی سەد کەسی، واتە هەزار سەرباز. ئەم وشەیە لە فارسیی نوێ‌دا بووەتە «هەنگ».

٩٠٩- ناوی دارەکانی شین‌بوو لەو ناوچەیە دێنێتە گۆڕ.

هەورێس: هەوریس، هـەورس، هەڤرێز، هەڤرس، هەڤریست، هەڤرست، هێرڤست. بە وتەی گیو موکریانی «جۆرێک عەرعەرە و وتەی مامۆستا هەژار «دارێکی کێویی گەلێ دەرزییە لە سنۆبەر

دەکا»- فەرهەنگی کوردستان؛ هەنبانەبۆرینە-.

دارشنۆک: دارێکە زۆر وە «سپیدار» دەچێ، پێستی تاریکە، جسنی دارەکە لە سپیدار نزمترە و بۆ کاری دارتاشی و خانووبەرە کەمتر کەڵکی لێوەردەگیرێ. بە فارسی «اش نک = ئێشنۆک»ی پێدەڵێن. - فرهنگ عمید -

کەوتAcer monspessulanum L. subsp : دارکەوت، کەوێت، کەوەت، کەووت، کەڤۆت، کەکەو، ککەو، دارکەکەو، کێکوو، کێکۆ، کەیکو، کەیکوم، کەیکف، کاکیف، کێکف، کیکم، بێزبالوک. دارێکی جەنگەڵیی زۆر سەختە، لە کوردستان زۆربەی کەلوپەلی ناوماڵی لێ ساز دەکرێ، لە ئێراندا شەش ڕەگەزی جیاوازی هەیە و شوێنی ڕوانی زیاتر پارێزگاکانی کوردستان و کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە. بە فارسی «افرا، کیکم، کرکفی» پێدەڵێن. - فرهنگ نامهای گیاهان ایـران؛ هەنبانەبۆرینە؛ فەرهەنگی کوردستان؛ فرهنگ گیاهان دارویی کردستان -.

داربەنۆک Pistacia atlantica Dest. Subsp. Kurdica (zohary) Rech. f.: داربەنک، دارەبەن، دارەوەن، دارجاچکە، دار کەسکان، دارقەزوان، داربنێشت، داربەنوشت. لە کەشوهەوای کوردستاندا دەڕوێ، بەرزایی تا چوار میترە، لە پیشەسازیدا بەهرەی زۆری لێوەردەگیرێ. بە فارسی «بنە کردستانی، سقز، کلخنگ، پستە وحشی» پێدەگوترێ. - فرهنگ نامهای گیاهان ایران؛ هەنبانەبۆرینە؛ فەرهەنگی کوردستان؛ فرهنگ گیاهان دارویی کردستان؛ فرهنگ عمید -.

بی Salix: دار بی، دارەبی. بە فارسی: درخت بید.

دارەبناو Fraxinus rotundifolla: بناوچ، بناوی، بەناف، بەناڤ. بە فارسی: درخت زبان گنجشک.

٩١٠- لەو دەقەشدا هەر وا دەردەکەوێ کە خان دواتر گواستوویەتەوە نێو قەڵای دمدم. لە بەڵگە مێژووییەکانیشدا هاتووە کە خان لە قەڵای ورمێ نیشتەجێ بووە و دوایە قەڵای ئاوەدان کردۆتەوە و چووەتە ئەوێ.

٩١١- (ڕازان: ڕاکشان، درێژ بوون، پاڵ کەوتن. واتا قەڵای دمدم شوورەی کێشرا و ساز کرا لە مەسیری خۆردا؛ چونکە دەروازەکانی قەڵا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەڵکەوتوون و لە دوو لایەنی باکوور و باشووردا پێویست نەبووە هیچی بۆ بکرێ. جگە لەوە، وشک و بێ ئاو بوونی قەڵاش لە ناو ڕستەکەدا بە هیما ئاماژەی بۆ کراوە.)

٩١٢- مەبەست ئەوەیە تەمەنی ئەو تەختەبەندە کە بە دارچنار ساز کراوە زۆرە و بەو زووانە خەراب نابێ.

٩١٣- وشەی "گۆنگرە" لە دەقەکانی دیکەشدا هاتووە. ئایا ئەمە پیشەیەک بووە وەک کەنکەنەچی؟ (گۆنگە: لوولەی گلێنەی سوورەوە کراو بۆ ئاو بە ژێر زەویدا بردن - فەرهەنگی کوردستان -. گۆنگر یا گۆنگرە، وەستای ئاوەڕۆ دەرکردن و ڕەهەندلێدان.

٩١٤- بەیتبێژ بۆ کۆتایی باسێک و چوونە سەر باسی دیکە، یەک دوو جار ئەو ڕستەیەی هێناوەتەوە. لە تێکستەکانی دیکەدا ئەو شێوە دووانە نییە.

٩١٥- ئۆتراغ وشەیەکی تورکییە بە مانای سەکنین و ساکن بوون. مانای ڕستە: خان تێیدا نیشتەجێ دەبێ.

٩١٦- واتا هەر وەستایەی ڕۆژێ لیرەیەکی مواجب بوو. شێوەی دارشتی ئەم ڕستە لە باری زمانییەوە جێی سەرنجە.

٩١٧- ئەم ڕستەیەم بۆ ساغ نەبۆوە. وێدەچێ مەبەست ئەمە بێ کە ئەگەر خودا مەیلی لەسەر بێ، دمدم هەزار ساڵی دەوامە.

٩١٨- مادحە، مەدح، مەتح، پێهەڵکوتن. مانای ڕستە: با بە شێوەی چاک کردنی قەڵا هەڵبلێین.

چەند دواتر ڕستەی قەولین وەتۆ...: (وەتۆ [شێوەزاری شنۆیی‌یە]: ئاوا، قەولین وەتۆ: قەول و قەراری ئاوا). مانای سەرجەم ڕستەکە: قەولی لەم چەشنە دەگەڵ پادشای جێبەجێ نابێ.

٩١٩- مانای ڕستە: شەڕ ساز دەبێ.

٩٢٠- مانای ڕستە: لە کوردان زیادییە، کورد ڕێی ناکەوێ قەڵای ئاوای هەبێ.

٩٢١- ڕستەکەم بۆ ساغ نەبۆوە.

٩٢٢- به پێی ئەو ڕستەیە، کاتی دروست کردنی قەڵا گەنج وەدەرکەوتووە. ئەوە لەگەڵ ئەو تێکستانە ڕێکە کە باسی دۆزینەوەی گەنج دەکەن بەر لەوەی قەڵا ساز بێ.

٩٢٣- تەرکە: (تورکمان)، گوندێکە لە ناوچەی «بەشی ناوەندی»ی شاری ورمێ. ١٧١ کەسی حەشیمەتە و ٤٠ بنەماڵەیە. (wikipedia)

ئیلّقبییان: (ئەلقیان)، گوندێکە لە ناوچەی «بەشی ناوەندی»ی شاری ورمێ. ١٩٧ کەسی حەشیمەتە و ٤٨ بنەماڵەیە. (wikipedia)

٩٢٤- گۆیتەپە: (گوێکتەپە)، گوندێکە لە ناوچەی «بەشی ناوەندی»ی شاری ورمێ. ١٨٠٤ کەسی حەشیمەتە و ٤٨٢ بنەماڵەیە. (wikipedia)

شەمشەجان: (شەمسەجان/ شەمس حاجیان)، گوندێکە لە ناوچەی «بەشی ناوەندی» ی شاری ورمێ. ٥١١ کەسی حەشیمەتە و ١٢٩ بنەماڵەیە. (wikipedia)

٩٢٥- مانای ڕستە: لە بانک و گابۆڕیاندا، داد و هاواریان کرد.

٩٢٦- کاڵە و ڕندەک: (کاڵا و ڕنەک/ کاڵا: خشڵ و ڕازانەوە؛ ڕنەک: ئاسنێکی درێژکۆڵەی کولۆری ددانە ددانەیە ولاغی پێ پاک دەکرێتەوە - فەرهەنگی کوردستان -.)

٩٢٧- سەتان؟

٩٢٨- کادوویە؟

٩٢٩- گەڵی دۆز؟ لە ڕواڵەتدا مانای «گەلەکۆمە و هەرەوەز» وەبیر دێنێتەوە.

٩٣٠- داغمە: مۆری دەزگای دەوڵەتی، تەمغە - هەنبانەبۆرینە -.

٩٣١- ئەم ڕستەیەم بۆ ساغ نەبۆوە.

٩٣٢- شەڕی بەدر: بەدر ناوی شوێنێکە لە نێوان مەکە و مەدینە، هەروەها ناوی چاڵاوێکە بەدر بنی قورەیش لە وێ هەڵیکەندووە. ساڵی دووەمی کۆچی شەڕێک لە نێوان مسوڵمانان و قورەیشییان ڕووی دا، مسوڵمانان سەر کەوتن. ئەو شەڕە بە شەڕی بەدر مەنشوورە.

شەڕی حونەین: حونەین ناوچەیەکە لە نێوان مەکە و تایف.

ساڵی هەشتی کۆچی شەڕێک لە نێوان مسوڵمانان و دوو هۆزی هەوازن و بنی سەقیف ڕووی دا. لەشکری ئیسلام سەر کەوت.

٩٣٣- ئەم تێکستەی قارەمان شایەر لە باری دارشتەوە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ تێکستەکانی دیکە هەیە. لە لایەکەوە کەمە و لە ئێمە ڕوون نییە ئایا ئەوەی لە بەر دەستمان دایە هەموو بەیتەکەیە یان بەیتبێژ سەردەمی خۆی ناتەواوی گوتووە. لە لایەکی دیکەوە بەشێک لە پێشەکی تێکستەکانی دیکە هاتۆتە کۆتایی ئەو تێکستە.

٩٣٤- "یەلەیەل" دەنگی ئەو عارەبەچییانەیە کە کەڵ لە ژێر باری قورسی عارەبەدا دەنگ دەدەن هەتا ڕێگە ببڕن و بار بگەیەننە جێ. وێدەچێ ئەو وشەیە لە "یاڵڵایاڵڵا"وە هاتبێ.

٩٣٥- قەرەقاج: (قرەئاغاج) گوندێکی "بەشی ناوەندی" شاری ورمێیە. "قەرەئاغاجی سوفلاش هەیە. یەکەمیان ١٥٥٤ دانیشتووی هەیە لە ٤١٣ بنەماڵەدا. دووەمیان ٣٧٦ دانیشتووی هەیە لە ١٠١ بنەماڵەدا. (wikipedia)

٩٣٦- کۆتان: گاسنی بەیارکێڵان (سیرین: دەنگی تێکشکانی شتی تورت. کۆتان: کۆلکەدارێکی قورسە لە ملی گای غوللوور دەکرێ. ئاماژەیە بە تێکشکانی شەڕکەرانی دمدم و ڕووخانی قەڵا)

٩٣٧- تێکەڵ کردنی شایانی سەفەوی لەگەڵ شایانی قەجەر بەشێکە لەو هەڵانەی جارجار بەیتبێژان تووشی دەبن.

٩٣٨- قرغوون: (قزقوون/قزغوون: باڵندەیەکی ڕاوکەری مندارخۆرە - فرهنگ نامهای پرندگان -)

٩٣٩- لێرەوە بە دوا قەڵاپارێزان خۆ بۆ مردن حازر دەکەن. خاڵی بەرچاو ئەوەیە حازر نین خۆ بە دەستەوە بدەن. دوای شەڕێکی ئەوها قورس و نابەرانبەر، نایانەوێ ئەسیر بن. نازانم قسەی خۆیانە یان ئارەزووی بەیتبێژ کە دەڵێن "... چەند ساڵان لەمە بە پاشدا، ئەو جار تاریفی مە دەڵێن هەر لە دنیایێ."

ئێستا ئەمە بەشێکە لە مێژوویی ئێمە. ئایا بە قارەمانەتییەکانیان بنازین یان بە شێوەی مردنیان؟

٩٤٠- لە کۆتاییدا پێویستە ئاوڕدانەوەیەکی ئاوێتە بە ڕێز و ئێحتڕام

و ئیکلامێکی خالیسانەمان هەبێ بۆ هەموو ئەو قەڵا پارێزانەی لە ئەوپەڕی لەخۆبوردووییدا گیانیان فیدای پاراستنی قەڵا کرد. دەقەکان هەندێک لەو ناوانەیان پاراستووە. لێمان ڕوون نییە ئەو ناوانە چەندە ڕاستن و چەندیان ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتووە. هەرچی بێ ڕیز کردنیان لێرەدا پێزانینێکە بۆ هەموو ئەو چەندین هـەزار گیانبازانەی لە پێناوی بەشێک لە مێژووی ئێمەدا بە سەروماڵ تێداچوون: خانی لەپزێرین، خانئاودەڵ، ئەبداڵبەگ، مستەفاخان، باپیر، وەستا ئەحمەد، عەوداڵ، قەرەبەگی گەردی، ڕەسووڵئاغای زێوکەیی، مستەفاخانی باڵەکی، عوسمانبەگی حەکاری، ئەحمەدی زێباری، ئالّی ئادەم، کەریمخان، برایمی سێمانی، وسووی سـەروەرێ، ئۆمەر شابی، مام وسێن، مام وەتمان، سۆفی مامەند، زاواکێو، پیرۆتی مەرگێ، خدری بریندار، نەبیئاغا، مەلا ئەحمەد، شالّیبەگ، ئەسڵانبەگ، فەتاحبەگ، خدری لێتان، سڵەمانبەگی باشخاڵان، وێنسبەگ، میرەڵە، مەحموودبەگی باڵەکی، خدربەگی هەمەوەند، عەزیزبەگی زوراری، نەکیسە، بارام، شالّیبەگی زمیر، شابارە سووری مەرگێ، موعجین کەسنەزان، مام سێوەدین، مام هەیاس، مام خدر، مام گدروون، هورمزبەگ، گوڵخاتر، جەیران، مەرزینگان، زڵەخا، مریەم، تازیمە، شازەمان، شەمس، زارا، قەمبەرناز، دڵوەفا، گوڵچین، مەستە، گولستان، بەدەخشان، پەروەر،....

# دمدم لە مەرگەوەڕ

بەیتی دمدم بە زاراوەی بادینی هەیە، زۆرم حەول دا دەقێک بە بنزاراوەی هەرکی پەیدا بکەم کە نیشتەجێی باشوور و ڕۆژاوای قەڵان؛ واتا دەشتەبێڵ و مەرگەوەڕ. گوتیان «محەمەدئەمین سۆفیزادە» لە گوندی «گردکناسر»ی مەرگەوەڕ دەیزانێ. چووین و دۆزیمانەوە. باشی لە بیر نەمابوو؛ بڕێکمان پچڕپچڕ لێ تۆمار کرد: گوایە پیاوێک لە گوندی «شەملەکلان»ی ئەو ناوچەیە، بەیتی دمدمی بە بنزاراوەی هەرکی چاک زانیوە و تەنانەت بە "میرزا دومدوم" ناوی دەرکردووە.

بەپێچەوانەی زاراوەی سۆرانی، کارەساتی بەیتی دمدم خزیوەتە نێو ستران و گۆرانی زاراوەی بادینی:

هەی خان وەی خان وەی خانە/ سەرێ دومدومێ دوومانە/ شەڕێ شاهێ عەجەمان/ وەی لە سەر خانێ کوردانە

زەرێ دەرکەتێ گۆت/ خائینان وڵات فرۆت/ ئەڤا شەرێ دومدومە/ نەیاران ڤارێ مە سۆت

گرێ دا ڕەخت و چەکە/ بەندا شیرێ خۆ وەکە/ ڤان دگۆ کورد نەمایە/ شاهێ کورد چاڤ- بەلەکە

خان دەبێژێ گەلێ خووە/ ئەم خۆش بکەن شەڕێ خووە/ ئەم بکەن کار و خەبات/ بگرن ڤارێ بابێ خووە

دومدوم کەلا کوردایە/ سترگا بێ سەردایە/ ڤان دگۆت کورد نەمایە/ شەڕ تێدا ڕۆژا مێرایە

# باپیرئاغای مەنگوڕ

١١٩٧ی کۆچی
١٧٨٣ ی زایینی
١١٦٢ی هەتاوی

# کتێبی مێژووی ئەفشار و چەند تێبینییەک

کتێبی «مێژووی ئەفشار»ی «میرزا ڕەشید ئەدیبوششوعەرا» بە قەڵەمی سەلاحەددین ئاشتی کراوە بە کوردییەکی خۆش و ڕەوان. ئەو کتێبە سەرەڕای ڕوانینی یەکلایەنە بۆ ڕووداوەکانی ئەفشار و زەند و قاجار و کاولکاریی موکریان بە دەست ئەفشارانی تورکزمان، یەکێک لەو دەگمەن سەرچاوانەیە کە ئێمەی بێ مێشکی مێژوونەنووسی قەدری مێژوونەزان، دەبێ سواڵی لێ بکەین و تێیدا عەوداڵ بین و بزانین چۆنیان هەڵکوتاوینە سەر و چلۆنیان تاڵان کردووین و چلۆن....

زۆر مەبەست لەو کتێبەدا جێی لێ وردبوونەوەیە، بە لای منەوە لە هەمووان گرینگتر دوو مەبەستن: یەکەم؛ نووسەر - یان لە چاپدەران - لەو هەموو تێک هەڵچوون و شەڕانەدا بە دەگمەن ناوی کورد دێنن. بە ناوی بڵباس و عێلاتی سنووری و سەربزێو و نەعاملاو و... باسمان دەکەن! نەبووە جارێک لە بەر ئێمە شکست بخۆن. دووەم؛ ئەفشارەکان کە لە ساڵی ١٠٣٨ی کۆچی [١٦٢٩] یەوە بەرە بەرە لە ژێر ئاڵای حکوومەتی سەفەوییەوە هاتوون و باکووری موکریانیان داگیر کردووە، خەڵکە خۆجێیەکە - واتا کوردان - بە غەوارە و بێگانە دەزانن و لە ڕوانگەی نووسەری ئەو کتێبە وا دەردەکەوێ ئەم وڵاتە چۆلگە و چۆلەوار بووە و ئەوان هاتوون ئاوەدانیان کردۆتەوە!

میرزا ڕەشید ئەو کتێبەی وێدەچێ ٨٠ ساڵێک دوای کارەساتی باپیرئاغا نووسیبێ. سەرەڕای ئەو مەودایە، لانیکەم بە لای منەوە، وەک کۆنترین سەرچاوە دێتە ژمار و لە چوار لاوە یارمەتی دەدا بە ڕوون بوونەوەی هەندێ لایەنی بەیتە مێژوویی‌کانی موکریان:

- دوای عالەمئارای عەباسی، باسی هەر چوار شەڕی قەڵای دمدمی تێدا هاتووە.

- باسی دابەشینی خاکی کوردان بە سەر عەشایری ئەفشار بە وردی دەکا.
- باسی نزیک ٢٠ شەڕی گەورەی کوردان و ئەفشارانی کردووە کە لە مێژووی ئێمەی کورددا هیچ کەس لای لێ نەکردوونەوە.
- تەنانەت بۆ بەیتەکانی تریش کە لە بەرگی یەکەمدا جێ ناگرن جێی ئیستفادەیە، وەک بەیتی کانەبی خوازێ.

# دابەشینی خاکی کوردان بە سەر ئەفشاراندا

... وەختایەک کێشەی گەمارۆی بەغدا و تێمانی سەفیقولیخان و دانیشتووانی هاتە پێش و کەڵباڵیسوڵتانی کوڕی قاسمخان سینگی ڕە پێش دا و وێڕای پۆلە سوارێک بە نێو دەریای هێزەکانی ڕۆمیدا تێپەڕی و قورقوشم و باڕووتی گەیاندە قەڵانشینان و زۆری ئازایەتی نواند و پەت و گوریسی خێوەتانی هەڵبڕی و خەنیمانی لە خاکی نەمان گەوزاند، میری مەزن لە سووچ و تاوان و کەترەخەمی کۆن و تازەی خێڵی ئەفشار خۆش بوو. نازناوی «خان»ی کردە خەڵاتی کەڵباڵیسوڵتان و لە نێو هاوشانەکانیدا سەری بەرز کردەوە. پاشان لە لای خاوەن شکۆوە [شاعەباسی سەفەوی] حوکمێک دەرچوو کە خێڵی ئەفشار هەر ناوچە و مەڵبەندێکی ئێران هەڵبژێرێ و پێی خۆش بێ و داوای بکا، باربووی بکرێ. کەڵباڵیخان و ئەمیرانی ئەفشاری خزمەت ڕکێفی پادشا تێکڕا چۆکیان دادا و بە خزمەتیان ڕاگەیاند: لەبەر وەی مەڵبەندی ورمێ سنوورێکی بەرفرەوانە و بە خاکی دەوڵەتی گەورەی ڕۆمەوە نووساوە و هەمیشە بۆتە سمکوتی خێڵاتی کارەسات و ڕووداوان. تکامان وایە بدرێ بە ئێمە. چونکە خەڵکی ناوچەکە بە کورد و تێکڕای هۆز و عەشیرەکانییەوە شکاو و پێپەست کراون و قەت لە چنگ شەڕفرۆشان نەحەساونەوە و نەیانگوتووە ئۆخەی و بە ئاسوودەیی سەریان وە سەر سەرینی خاترجەمی نەکردووە. بەتایبەتی لە ئاژاوەی ئەمیرخانی برادۆستیدا مەڵبەندەکە خەساراتێکی زۆری بە گەردنیدا بڕاوە. بێت و دەسەڵاتی ئەو مەڵبەندە بە کەڵەبڕی و باوانەمیر بۆ ئێمەی غولامی فیداکار دیاری بکرێ، بە کۆمەگی یەزدانی مەزن و لە ژێر باڵی بەختی پادشای تاقانەدا، قەرەبووی ساڵمەخەتە و هەنگاوی لارولوێری پێشوو دەکەینەوە و بە نۆکەرچاکی خۆمان ڕەزامەندی بەڕێزتان وە دەس دێنین و چۆن باشە ئاوا تێدەکۆشین و تەواوی هەرێمەکە بە داسی شیری تیژی تازەساو لە دڕکوداڵ و ئاپۆرای کەسانی شەڕانی پاک دەکەینەوە و ڕایدەماڵین.

ئەم تکا و داوایەی کەڵباڵیخان و خێڵی ئەفشار کە لە هەوێڵ

شاهەباسی خوابەخشیودا خرایە ڕوو، قبووڵ و پەسند کرا و بە مەبەستی دابین کردنی هێمنایەتی و ئاوەدانی مەڵبەندەکە و پارێزرانی سنووران، دەسەڵات و حکوومەتی ورمێ باربووی کەڵباڵیخان کرا. پاش دامەزرانی بەرایی کاران، کەڵباڵیخان بە پێی حوکمی خاوەنشکۆ هەشت هەزار ماڵی تیرە و تایفەکانی ئەفشاری نیشتەجێی هەرێمەکانی عێراق، فارس، کرمان و خوراسانی لە ماوەیەکی کەمدا کۆ کردنەوە و لە مەوتەنی خۆیانەوە کۆچی پێدان و بە خێڵ و بار و هێزی شایانەوە ڕوویان کردە مەڵبەندی ورمێ.

وەختایەک کەڵباڵیخان و خێڵ و ماڵ و بارگە و بنەی کۆچاوکۆچ گەیشتە دەوروبەری سەڵماس، کۆمەڵێک لە عێلاتی ئێران و عوسمانی نیشتەجێی سەر سنووران، بە بیستنی ئەم هەواڵە و بە هان و دنەی تەمرخانی کوڕی ئەمیرخانی خاوەنی دمدم، هارووژان و لەشکرێکی زۆر و زەوەند کۆ بوونەوە و بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی خێڵی ئەفشار بەرگەیان تەنی و لە لێواری ڕووباری قەرەسووی سەڵماس تێکهەڵچوون. شەڕێکی قورس و خوێناوی قەوما و دلێرانی ئەفشار کە شێری مێشەی هەڵمەت و بە گژداچوونەوە بوون، بە شیر و تیر و تفەنگان لێیان وە خۆ کەوتن و گەلێکیان دەستوبرد و ئازایەتی نواند. ئاخرییەکەی هێرشکەران بەرگەی گوڕم و پەلاماری خەزاکەرانی ئەفشاریان نەگرت و تابشتیان نەهێنا و زۆریان لێ کوژرا و هەزارەزیلەیان بە ڕاکەڕاکە خۆیان گەیاندە زەرد و ماهـ و ڕەوەزی چیا سەختەکان و ماتەیان هەڵگرت.

پاشان کەڵباڵیخان وێڕای خێڵی ئەفشار بە سەرکەوتوویی داوەری بۆ خاکی ورمێ و «تۆپراقەڵا»ی کردە ناوەندی دەسەڵاتی و بۆ هەر تیرە و تایفەیەکی خێڵی ئەفشار ناوچەیەکی دیاری کرد کە بڕۆن و لێی بنەگر بن.

لە پێشدا ناوچەی دۆڵ، کە لە «قاشقەگەدووک»ەوە هەتا «خانتاوس»، بە باری درێژیدا پێنج فرسەخێک دەبێ، دای بە تیرەی قەرەئێولووی ناسراو بە گۆندوزلو. ئەمانە لەو ناوچەیە چەند گوندێکیان ساز کرد و ملیان نا لە کشتوکاڵ و فەلەیی و کەوتنە ئاوەدان کردنەوەی چەند شوێنێک و لێدانی جۆگە و جۆبار و هەرەس کردنی داران.

بناری نازلوویدا بە تیرەی کۆهەکلوو. سەرچاوەی ئاوی ئەم دەڤەرە لە سێ لکەوە دابین دەبێ: دامێنی قەڵای بەردووک، مێهرانڕوود و جێرمی و بیدکار.

لێواری چۆمی «ڕەوزە» تیرەی قۆرقلووی لێ بنەگر بوون. سێ تیرەی قاسملوو، ئەرەشلوو و ئیمانلوو هێندێکیان لە گەڕانگەڕان و کۆمەڵێکیان لە جەرگەی مەڵبەندەکە نیشتەجێ بوون.

حکوومەتی «ساینقەڵا» درایە دەست ئەڵڵایارخانی قاسملوو و جڵەوی دەسەڵاتی شارۆچکەی شنۆ ئەسپاردەی خوداوێردیخانی ئەرەشلوو کرا. ئەسکەندەرخانی ئەرەشلوو ناوچەی سندووسی پێئەسپێردرا.

بەم چەشنە تێکڕای ناوچەکان دابەش کران و هەر تیرە و تایفەیەک شانی چۆنی هەڵیدەگرت دەسەڵات و ملکوماشی درایە.

ئەم خێڵە کە ماوەیەک ڕۆژگارێکی پەرێشانیان ڕادەبوارد و ببوونە تۆوی هەرزن، لەم هەرێمە خۆش ئاووهەوا و پاک و باسەفایەی کە بەڕاستی لە هەموو مەڵبەندەکانی دیکەی ئازەربایجان سەرتر و ناوازەترە، دامەزران. خێڵی ئەفشار کەوتنە شوکرانەبژێری یەزدانی تاق و بێهاوتا و بە دڵنیایی و ئاسوودەیی بە جووت و گا و ئاوەدانییەوە نووسان. هەتا وای لێهات کە لە ماوەیەکی کەمدا تیرە و تایفەکانی ئەفشار بە پێی پلەوپایەی خۆیان بوونە خاوەن مووچە و مەزرا و بە سەر دەوڵەمەندی و ماڵ و ساماندا کەوتن. هێز و جەماوەر و دەسەڵاتی ئەم خێڵە هێندەی پەرە ئەستاند کە [کوردانی] ئاژاوەگێڕی کەوشەنان پەشۆکان و هەستیان بە لاوازی کرد، بۆیە بەناچار هێندێکیان لە سنووران و دەستەیەکیان لە قەراخ و قوڵاغی هەرێمەکە سەریان وە بەر دەوڵەتی هەتاهەتایی هێنا و ملیان بۆ دانی باج و پیتاکی دیاریکراوی حکوومەتی ڕاکێشا. ئەمانە بۆیە پێمل بوون چونکە ژانی جێپەنجەی زەبری ئەفشارانیان هەرگیز لە گیانی دەرنەدەچوو. (مێژووی ئەفشار، ل ٦٤ هەتا ٦٧)

# لیستەی بەشێک لە شەڕەکانی ئەفشاران و کوردان

- شەڕی ئەنهەر (ل ٦٨)
- گەنجالیخان و شەڕی دووبارە لەگەڵ کوردان (ل ٧٨)
- شەڕی هۆزی بڵباس و خۆکوژی خودادادخان (ل ٨٨)، ساڵی ١١٣٤ی کۆچی، ١٧٢٢ی زایینی.
- شەڕی سابڵاغ (ل ١٠٦).
- شەڕی هۆزی بڵباس و ڕۆستەمخان (ل ١٩٣)، [بەر لە ساڵی ١١٧٩ی کۆچی، ٦٦-١٧٦٥ی زایینی].
- شەڕی ڕەزاقولیخان لەگەڵ کوردان (ل ٢٠٤)، ساڵی ١١٨٢، ١٧٦٨ی زایینی.
- شەڕی ڕەزاقولیخان لەگەڵ کوردان (ل ٢٠٥)، ساڵی ١١٨٤ی کۆچی، ١٧٧٠ی زایینی.
- کارەساتی باپیرئاغای مەنگوڕ بە دەست ئەحمەدخانی موقەددەم (ل ٢١٧)، ساڵی ١١٩٧ی کۆچی، ١٧٨٣ی زایینی.
- شەڕی ئیمامقولیخان لەگەڵ قەرەنیئاغای مامەش (ل ٢٢٧)، وێدەچێ دوای ساڵی ١١٩٤ی کۆچی، ١٧٨٠ی زایینی بێ.
- شەڕی قەرەنیئاغای مامەش و محەمەدقولیخان لە سەر بداغسوڵتان (ل ٢٧١)، ساڵی ١٢٠١ یان ١٢٠٢ی کۆچی، ٨٨- ١٧٨٧ی زایینی.
- شەڕی عێلی هەرکی (ل ٢٧٩)، ساڵی ١٢٠٣ی کۆچی، ٩٠- ١٧٨٩ی زایینی.
- شەڕی محەمەدعیساخان و کوردان (ل ٣٤٥)، وێدەچێ ساڵی ١٢١٥ی کۆچی، ١٨٠٠ی زایینی بێ.
- شەڕی حوسێنقولیخان و کوردان (ل ٣٤٩)، ساڵی ١٢١٦ی کۆچی، ١٨٠١ی زایینی.
- شەڕی عەسکەرخان و کوردانی لاجان (ل ٣٩٣)، ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی، ١٨١٣ی زایینی.
- شەڕی قەڵای سیدەک (ل ٤٠١)، ساڵی ١٢٣١ی کۆچی، ١٨١٦ی

زایینی.
- شەڕی سمایلئاغای بشکوفتی شکاک و عەبدوسسەمەدخان (ل ٤١٠)، [بەر لە ساڵی ١٢٣٥ی کۆچی، ١٨٢٠ی زایینی].
- شەڕی ناوچەی لاجان (ل ٤١٤)، [بەر لە ساڵی ١٢٣٥ی کۆچی، ١٨٢٠ی زایینی].
- شەڕی یەحیاخان و کوردان (ل ٤٨١)، ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی، ١٨٤٤ی زایینی.
- شەڕی بلّباس و قەرەپەپاغ (ل ٥٥٨)، ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی، ١٨٦٧ی زایینی.

(سەرچاوە: کتێبی مێژووی ئەفشار)
تێبینی: تیتری بابەتەکان ڕێک ئەوە نین لە کتێبەکەدا هاتوون. هەندێ دەسکاری ساڵەکانم کردووە. لە تەواوی ئەو شەڕانەدا تەنانەت یەک جاریش سەرکەوتنی کوردان نابینی و زمانی تەوس و جنێو بە قەڵەمی نووسەرەوە دیارە! سەیر ئەوەیە ئەو زمانە ئێستاش تۆفیری نەکردووە؛ ئەمڕۆش هەر ئاوا لە ئاست کوردان دەدوێن!

# کارەساتی باپیرئاغای مەنگوڕ
# بە پێی بەڵگە و بۆچوونە پێوەندیدارەکان

* مێژووی ئەفشار: جا لەبەر وەی هۆزی بڵباسی دانیشتووی ناوچەی لاجانی ورمێ و سندووس هەمیشە شاڵاویان دەبردە سەر خاکی ورمێ و مەراغە و دەستیان نەدەپاراست لە تاڵان و کوشتار و هەرچی بۆیان کرابا، ئەحمەدئاغا باسکی هیممەتی بەرزی لێ هەڵماڵی و خۆی خۆش کرد لە چزدان و سەرکوت و تەنانەت بڕینەوەی ئەو تۆرەمە یاغییەی ئاخرشەڕە. لەو کاتەدا سەرۆکی بڵباسان کە بۆخۆیان پێی دەڵێن «مەزن» باپیرئاغای مەنگوڕ بوو کە بە ئازا و دەسکەرەوە دەناسرا. ئەحمەدئاغا بە ناردنی چەند کاغەز و ڕاسپاردەیەک بناغەی دۆستایەتی گەرموگوڕی لەگەڵ باپیرئاغا دامەزراند و وردە وردە بە ماڵی دنیایە دانەخۆرەی کرد و ڕایکێشایە نێو داوی فێڵ و تەڵەکان. لە باپیرئاغای نووسی کە هەموو کەس دەزانێ دوژمنایەتی نێوان من و نەجەف‌قوڵی‌خانی بەگلەربەگی تەورێز چەندەیە. چونکە ئەو حاجی عەلی‌محەمەدی خوابەخشیوی باوکمی بە فێڵ‌وفرت و غەدر کوشتووە و تۆڵەی خوێنی باوک دەکەوێتە سەر شانی کوڕ. بۆیە تکام وایە کە وێڕای پۆلەسوارێکی خێڵی خۆت بێیە یارمەتیم و هەقی دۆستایەتی و جیرانەتی بەجێ بێنی و دەبێ بشزانی کە ماڵ و دەسکەوت و خەنیمەتێکی زۆری تەورێز و ناوچەکانی دەوروبەری بە تاڵان دەکەوێتە چنگ هێزەکان.

باپیری مەنگوڕ بۆ تەماحی ماڵی دنیایە هەڵخەڵەتا و وێڕای هەزار گەنجی دڕ و ئازا و سوارانی شەڕدیدەی مەنگوڕ و مامەشی تەیار و چەکدار ڕووی کردە مەراغە. ئەحمەدئاغا هاتە دەر و پێشوازی لێ کردن و بردنی بۆ نێو شار و هەر پێنج کەس و دە کەس لە ماڵێکی دانان و ئاغاکانی چاک بە سەر کردنەوە و هەرچی پێویستە بۆی ناردنە شوێنی حاوانەوەیان. بەڵام بەر لەوەی کە بێن لەگەڵ پیاوماقووڵان و کەیخودایان و سەرکردەکانی سپای موقەددەم تەگبیری کوشتنی کردبوون. وا داندرابوو

ئەو چەند کەسەی کە لە هەر ماڵێک میوان دەبن، دەبێ خانەخوێ لە کاتی دیاریکراودا بە بیستنی تەقەی تفەنگێ، لە خەودا بیانکووژێ و ڕایان بدا بەرەو هەرێمی نەمان. جا بۆیە بە پێی کات و ساتی خۆی لە نیوەشەودا خانەخوێی هەموو ماڵان کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆیان نەخەوتبوون، هەر بە بیستنی شریخەی تفەنگ بێ سێودوو بە سەریان دادان و هەی دێیان لێ کردن بەرەو نەمان و تەنانەت لەو هەزار کەسە یەکیان دەرنەچوو... !

کازیوەی بەیانی کاژەڵاکی نەحس و بێفەڕی کوژراوەکانیان بە دوور و درێژی خستە بەر دیدەی ئەحمەدئاغا و کەلاکی باپیری سەرۆکیان لە دەروازەی شار هەڵاوەسی و کردیانە پەند بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک. بەری بەیانی هێشتا ئەم هەواڵە بڵاو نەببۆوە کە پێی نایە ڕکێف و بە قۆشەنێکی پەرداخەوە هەلینگی دایە ناوچەی لاجان و سەربزێوانی خانەبگیر کرد و دەستی لێوەشاندن و ماڵ و سامانی بە تاڵان بردن و بە خەنیمەتێکی زۆرەوە گەڕایەوە.

پاش ئەو ڕووداوە سامناکەی کە بە سەر هۆزی بڵباس هات، تێکڕای سەربزێوان لە ترسی ئەوەی نەکا ئەم بەڵا ناگەهانە داوێنی ئەوانیش بگرێتەوە. هەموویان پشتیان وێکدا و سوێندیان خوارد کە بە تۆڵەی خوێنی باپیر و هاوڕێیانی هێرش بەرنە سەر مەڵبەندی مەراغە و قەرەبووی قەوماوەکە بکەنەوە. ئەحمەدئاغا بە بیستنی ئەم پیلانەی شەڕەنگێزان کەوتە دڵەخورتێ و بە ناچار خۆی ساز کرد بۆ بەرەنگاری. وەختایەک هێشتا ئەوان لە شارۆچکەی ساباڵغی موکری بوون، خوتوخافڵ لە چۆمی جەغەتوو و تەتەهوو پەڕییەوە بە سەری دادان و نەیهێشت سەر بکەنەوە و پرشوبڵاوی کردن. هەر بۆیە پیاوانی موقەددەم ئازاتر لە پێشوو هەڵیانکوتانە سەری و بوولەرزە کەوتە کۆڵەکەی خۆڕاگری و ورەی ئاژاوەگێڕان. سەرەنجام چارەی ئەم کۆسپەیان پێ نەکرا و پەنایان بردە بەر حاکمی قەڵاچوالان و نامەیەکیشیان نووسی بۆ عەلیمرادخانی زەند کە ئەو کاتی فەرمانڕەوای فارس و عێراق بوو. لە سەر تکا و داوای ئەوان عەلیمرادخان فەرمانێکی نووسی بۆ مەحموودپاشای قەڵاچوالان کە یاریدەی کوردان بدا و ماڵ و دارایی تاڵانکراوی سەرۆکانی بڵباس لە

ئەحمەدئاغای حاکمی مەراغە بستێنێتەوە و بیانداتەوە و حاکمی مەراغە لابەرێ و بوداقخانی سابڵاغی موکری لە جێی دابنێ.

کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتەوە گوێی ئەحمەدئاغا، بە کاغەز و ڕاسپاردان داوای یارمەتی کرد لە ئیمامقولیخانی بەگلەربەگی ورمێ و ئەحمەدخانی دونبولی حاکمی خۆی. بە هاوکاری هێزەکانی ئەفشار و دونبولی توانی مەحموودپاشا بشکێنێ و لەو شەڕەدا حوکمداری قەڵاچوالان بە گوللەی گەرمەوە گیانی دا.

هێندێک دەڵێن ئەم ڕووداوە دەچێتەوە ساڵی ١١٩٨ی کۆچی/ ١٧٨٣- ١٧٨٤ی زایینی. بە گوێرەی گێڕانەوەی «گولشەنوتتەواریخ» پاش ئەو هەرایە ئەحمەدئاغا چۆتە ورمێ و نازناوی «خان»ی لە دەست ئیمامقولیخانی بەگلەربەگی ئەفشار وەرگرتووە کە لە ڕاستیدا تەوەری سەرەکی ئازەبایجان بووە و بۆتە ئەحمەدخانی موقەددەم. (مێژووی ئەفشار، ل ٢١٩ هەتا ٢٢٢)

* کتێبی «مراغە» : ئەم کتێبە ئاوڕی داوەتەوە سەر ڕەچەڵەک و بنەچەکەی ئەحمەدخان و ڕاستەوڕاست دەڵێ خانێکی تورکە و سەرۆکی عێلی موقەددەمە و دەیباتەوە سەر «جۆجی» کوڕی چەنگیزخانی مەغوول.

لە لاپەڕە ٥٢٥ی ئەو کتێبەدا خاڵێکی سەرنجڕاکێش لەمەڕ ئێمەی کوردەوە هەیە کە لێرەدا وەرگێڕانەکەی بە پێویست دەزانم: «... بەڵام بە بڕوای هەندێ لێکۆڵەری وەک دوکتۆر محەمەد موقەددەم، مامۆستای زمانناسی زانستگای تاران، کە خۆی لە نەوە و نەتیجەکانی عەلیخانی حاجبولدەولەیە، بە پێی لێکۆڵینەوە و گەڕان لە نێو لاپەڕەکانی مێژوو و ئوسوولی واژەناسیدا بەو ئاکامە گەیوە کە عێلی موقەددەم بنەچەکەی ئێرانی هەیە و ڕیشەی ئارییی. دەڵێ کە عێلی موقەددەم لە ئەسلدا کوردن. بەشێکیان لە داوێنی کێوەکانی سەهەند دەژین و بەشی زۆرتریان لە کوردستان؛ لە سنووری ئازەربایجان و کوردستان و خاکی عوسمانیدا نیشتەجێن. لە زەمانی سەفەوییەدا هەندێک لەوانە کۆچ دەکەنە مەسکەنی باکووریی خۆیان واتا ئازەربایجان و لە لایەن کورد و جیرانەکانیان پێیان دەگوترێ «موغتەم». دوای ئەو کۆچە و زاڵ بوونی زمانی تورکی، ئەوانە زمانی خۆیان لە بیر دەچێتەوە و زمانیان وە سەر تورکی دەگەڕێ. لە

لایەکیشەوە زمانی عەرەبیش شوێنی لە سەر وشەی «موغتەم» داناوە و کردوویەتە «مقدم» ...

* کتێبی «نگاهی به تاریخ و جغرافیای میاندواب و تکاب و شاهین‌دژ»:... ئەحمەدخان بە سیاسەت و لێزان بوو. یەکێک لە کارە گرینگەکانی لە کۆڵ کردنەوەی تایفەکانی بڵباس و مەنگوڕ بوو کە هەمیشە دەستدرێژییان دەکردە ناوچەکانی ورمێ و میاندواو. ئەحمەدخان بڕیاریدا لە نێویان بەرێ؛ هەزار کەسی لێ کوشتن. [بڵباسان] پەنایان بردە بەر پاشای عوسمانی لە ئازەربایجان و عەلی‌مرادخانی زەند. عەلی‌مرادخان ئەحمەدخانی لە سەر حکوومەتی مەراغە لابرد و بداغخانی موکری ساوجبڵاغی لە جێ دانا. ئەحمەدخان پەنای بردە بەر ئیمامقولی‌خانی ئەفشاری بەگلەربەگی ورمێ و ئەمەرخانی حاکمی خۆی و لەگەڵ ئەوان چووە شەڕی مەحموودپاشای عوسمانی و ساڵی ١١٩٨ کوشتیان. ئەحمەدخان بە یارمەتی ئەو دوو کەسە گەڕاوە سەر حوکماتی مەراغە.

* وتاری مەنگوڕ، لە نووسینی دوکتۆر جەواد قازی: وەرگێڕ لە ئالمانییەوە فازل کەریم ئەحمەد، سەرچاوە: گۆڤاری سروەی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار و ڕێبەندانی ١٣٦٦ی هەتاوی:

... هەر لە زەمانی بنەماڵەی سەفەوییەکانەوە، مەنگوڕەکان کەم گیروگرفتیان بۆ حکوومەتی ئێران نەناوەتەوە. بە هێزی چەک نەیانتوانی سەر بەم هۆزە دانەوێنن. چونکە زۆر لاواز بوون. بۆیە ویستیان بە فێڵ و تەڵەکەبازی بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. بۆ ئەوەی بە چاکیش لەم شێوازە بەکار هێنراوە تێبگەین، من حەز دەکەم مێژووی ئەم هۆزە لە ساڵانی سەدەی نۆزدەهەمدا بگێڕمەوە.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەحمەدخان لە عەشیرەتی موقەددەم بوو کە عەشیرەتێکی تورکە، بە ناوی حکوومەتی ئێرانەوە باوکی(!!) باپیرئاغای بۆ زەماوەند دەعوەت کرد. ئەویش بە خۆی و خزم و کەس‌وکار و سوارەکانییەوە بۆ مەراغە (نیزیکی دەریاچەی ورمێیە) هاتن. سەرۆکهۆزی مەنگوڕ لە کاتی دیاریکراودا گەیشتە جێ، لەگەڵ نیزیکەی دوو سەد سوارێکدا ئەوانیش بە شێوەیەکی زۆر گەرم بە ئاهەنگەوە پێشوازییان لێ کردن و لە ناو کۆمەڵەماڵێکی خۆیاندا جێگا و ڕێگایان

بۆ ساز کردن.

شەو کە داهات مەنگوڕەکان لە هەموو لایەکەوە پەلامار دران. سەرۆکهۆز و بەشێکی زۆر لە هاوەڵەکانی دەستبەجێ کوژران. تەنیا چەند کەسێک توانیان لەو قەسابخانە خوێناوییە خۆیان دەرباز بکەن و دەنگوباسەکە بگەیەننە ماڵەوە...

* وتەکانی عەلیئاغای سالارعەشایری:... باپیرئاغای گەورە کە نەوەی بابە دەروێشە، مەنگوڕ نییە. بابە دەروێش لە کوردەکانی سوورییەیە. هاتۆتە کن شێخی نەهرییەی. نێوی ئەحمەد بووە و شێخ نێوی ناوە بابە دەروێش. تەعقیبیان کردووە. شێخ کوتوویە بابە دەروێش لە کۆڵت نابنەوە، برۆ بۆ ئێرانێ. هاتۆتە کۆنەبازرگان. لە وێ کاسبی کردووە و گرانی بەسەردا هاتووە؛ ڕبەی هەرزنی داوە بە لیرەیەک. بڕێکی ملک کڕیوە.

مەنگوڕ، مەبەستم کرمانجەکانە، «کاسوورەدێیی» و «ئالیسێمان» و «فەقێنەبی» ، ئەوانە تایفەن، لە نەڵێن و بەری مێرگان خۆبەخۆ بە شەڕ دێن. وێک هەڵناکەن، هەموو ساڵێ کوشت و کوشتارێکی لێک دەکەن. دوایە پێک دێن و سوڵحێ دەکەن، دەڵێن دەچین مام باپیرێک هەیە نەوەی بابە دەروێشە، دەیکەینە گەورەی خۆمان و هەرچی ئەو کوتی بە قسەی دەکەین، دەچن دەڵێن: «باپیر ئەتۆ ئاغای مەنگوڕانی.» دەبێتە باپیرئاغای مەنگوڕ.

ئەحمەدخان دەعوەتی دەکا و دەڵێ دەچین تەورێزێ دەگرین و غەنیمەتێکی زۆرت وە چەنگ دەکەوێ. ئەویش فریو دەخوا و دەچێ. شەوێ کە دابەشیان کردوون بە سەر ماڵاندا، بە تورکی هەرایان کردووە هەر کەس میوانی خۆی بکوژێ. وەستا «عوزەیر»ێک دەگەڵ بووە، خەڕڕات بووە و تورکی زانیوە. وەستا عوزەیر نەنوستووە و شەڕی کردووە و چەند کەسی کوشتووە. شیعریان بۆ دانابوو هەر ئەوەندەم لەبیرە: وەستا عوزەیری خەڕڕات/ بە گەڕەکێدا هات/ چەند گەڕەکی کرد بەرباد.

ئەو وەستا عوزەیرە هاتەوە وڵات و بە سەر ژن و منداڵی باپیرئاغای ڕادەگەیی. ژنی باپیرئاغا حامیلە بوو، کوڕی بوو بە نێوی باپیریان

کردەوە: ئەم باپیرئاغایەیە کە دوایە چەند ژنان دێنێ و ١٨ کوڕی دەبن. خدر برازای بوو، ژنی ئەویش کوڕێکی بوو بە نێو خدریان کردەوە؛ تایفەی خدری لەوین.

وەستا عوزەیر کوڕە مەنگوڕی گەورە کردن و جارجار بە تاقی دەکردنەوە. دەهات هاواری دەکرد، ئەها دوژمن گاڕانی برد. دەیویست بزانێ کوڕەکان بوونەتە پیاو و زوو سوار دەبن و گەیونەتێ. جا کوڕەکان کە تەواو دەگەنێ، پێیان دەڵێ ئەو جار دەتوانن حەقی خۆو بستێنن لە دەوڵەتێ. باپیرئاغای گەورە نەوەی بابە دەروێشە، ئەویش کوڕی حاجیئاغایە، حاجیئاغاش کوڕی حاجی چاوڕەشە، حاجی چاوەڕەشیش کوڕی شەمە، شەمیش کوڕی شەمسە، شەمسی شەمسان کوڕی ئەحمەدە.

باپیرئاغا کە لە مەراغە دەکوژرێ ٧٠ سوارێکی لەگەڵ دەبێ. ئی وایە دەڵێ ٧٠٠ سوارە و زیاترە، وا نییە. ئەودەمی مەنگوڕ ئەوەندە زۆر نەبوون. (سەرچاوە: وتووێژ؛ خۆم لەگەڵیم کردووە.)

* باپیرئاغای مەنگوڕ لە کتێبی «مهاباد بر قله تاریخ»ی عومەرئاغا عەلییاردا: ئەو کتێبە ئێستا لە دەست کوڕەکەی، واتا عەبدوڵڵا عەلییار، دایە و خەریکە بۆ چاپ ئامادەی دەکا. وام بە پێویست زانی ئەگەر بگونجێ دەستم بە بۆچوونەکانی عومەرئاغا لەمەڕ ڕووداوی باپیرئاغا ڕابگا. کاک عەبدوڵڵا بە خەتی خۆی ئەو مەتنەی خوارەوەی لە ڕووی کتێبی ناوبراو نووسیوەتەوە و لێرە بە سپاسێکی فراوانەوە ئەو مەتنە فارسییە وەردەگێڕمەوە سەر کوردی:... ئەو گوندانەی ئێستا عێلی مەنگوڕ تێیدا دەژین بە یەڵتەمەر ناوی دەرکردووە و لە زەمانی پاشایانی سەفەوی هەتا نێوەڕاستی سەلتەنەتی کەریمخانی زەند بە دەست چەند تایفەی دیکەی وەک کاڕەش، گوێڕەش، سەلکی و چلکی و... بوون. عێلی مەنگوڕ کۆچەری بوون؛ هاتوچۆی عێراق و ئێرانیان دەکرد. وردە وردە مەنگوڕان بە زۆرەملی ئەو تایفانەیان هەڵقەند و خۆیان تێیدا نیشتەجێ بوون. تەنیا گوندێکی مەنگوڕان بە پووڵ کڕیویانە گوندی «گوڕئۆمەر» ە.

لە ئاخری سەلتەنەتی کەریمخانی زەند، باپیرئاغا ناوێک مەزنی مەنگوڕان بوو. چەند جار هەڵیکوتایە دەوروبەری مەراغە و ورمێ؛ بەتایبەت گوشاری خستە سەر دێهاتی مەراغە و تالانی کردن. کاتی

هێرشی حکوومەت پەنای دەبرده کێوەکانی قەندیل و شوێنە دەست وێرانەگەیشتووەکان و دەستی حکوومەتی پێڕانەدەگەیشت.

لە دەورانی حکوومەتی عەلیمەردانخانی زەند حکوومەتی مەراغە بە دەست ئەحمەدخانی موقەددەم بووە، لە دەستی باپیرئاغا وە ئامان دێ. بۆ چارەی ئەم کارە پەنا دەباتە بەر فێڵ و فەرتەنە کە پیشەی هەمیشەیی ئەو بوو. دەیەوێ بە هەر فێڵێک بێ باپیرئاغا لە داو بخا و لە ناوی بەرێ. بە پیلان دۆستایەتی لەگەڵ دادەمەزرێنێ. پێی ڕادەگەیەنێ لەگەڵ حکوومەتی تەورێز نێواناخۆشی لێ پەیدا بووە و دەیەوێ لەگەڵیان بە شەڕ بێ. داوا دەکا باپیرئاغا بۆ یارمەتی بچێتە مەراغە و لەو شەڕەدا هەرچی وە دەستیان کەوت بەشی بکەن.

باپیرئاغا بە تەماعی تالان خێرا بە خۆی و هەزار سوارەوە دەچێتە مەراغە. ئەحمەدخان دەستوور دەدا دوو دوو و سێ سێ بە سەر ماڵان دابەشیان بکەن. باپیرئاغا خۆی لە ماڵی ئەحمەدخان دادەبەزێ. شەو بە سەر دەستاندا دێ و ئەحمەدخان دەستوور دەدا هەر خانەخوێیەی میوانی خۆی بکوژێ. لە نێو سوارەی باپیرئاغادا، وەستا عوزێر ناوێک تورکی دەزانێ و لە پیلانەکە دەکا و هەڵدێ. باپیرئاغا و لەشکرەکەی هەموویان ئەوێ شەوێ دەکوژرێن. مەیتی باپیرئاغا لە دەروازەی شار هەڵداوەسن و کەلاکی سوارەی مەنگور دە چاڵاوان داوێن و گڵیان وە سەر دەکەن.

وەستا عوزێر دوای چەند ڕۆژ دەگاتەوە نێو مەنگوڕان و ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە. عەشایری بڵباسی ناوچەی موکری لەشکر کۆ دەکەنەوە هەتا هێرش بکەنە سەر مەراغە و تۆڵەی خوێنی باپیرئاغا و هاوڕێیانی بستێننەوە.

عەلیمەردانخانی زەند ئاگاداری ئەو لەشکرکێشییە دەبێ. بەڕواڵەت ئەحمەدخانی موقەددەم لە حکوومەتی مەراغە لادەبا و ئەو شارە بە بداغخانی موکری دەسپێرێ هەتا لە هێرشی بڵباسان پێشگیری بکا.

دەڵێن بداغخانی موکری بۆ لە نێو بردنی باپیرئاغا ئەو پیلانەی داڕشتووە و بە دەستی ئەحمەدخان ئەو ڕووداوەی خوڵقاندووە. باپیرئاغا و یارانی ساڵی ١١٩٧ی کۆچی مانگی[٨٣-١٧٨٢] کوژراون.

* ناوچەی مەنگوران: ئاگاداری لە هەلومەرجی مەنگوڕایەتی لە

سەروبەندی ڕووداوی باپیراغا یەکێک لە پێویستییەکانی لێکۆڵەرانە. ئەو گوتانەی فاسوومم بۆیە لێرەدا هێناوەتەوە هەتا کەمێک لەو سەروبەندە نیزیک ببینەوە:... ئەو ناوچەیەی کە ئەو عەشیرەتە هەرە بە هەیبەتەی نێو هەموو کوردەکانی کوردستانی ئێرانی تێدا دەژی، لە باشوور و ڕۆژئاوای سابڵاغ هەڵکەوتووە. ناوچەکەیان نزیکەی ٥ میل لە شاری [سابڵاغ] بەولاوە دەست پێدەکا و تا نیزیکە سەردەشت درێژ دەبێتەوە و بریتییە لە نزیکەی ١٠٠ گوند.

لە نێو ئەو عەشیرەتە مەنگوڕە شاخاوی و ئاشقە شەڕەدا، ئەمن کوردی هەرە دەم بە پێکەنین و قسەخۆشم دیوەتەوە کە لە هێچ کوێ نەمدیوە و وای بۆ دەچم ئەوان زۆر دۆستانە لەگەڵ میسیۆنێرە لاوەییەکاندا بجووڵێنەوە. زۆر جار وەک کوردی چاوشین باسیان لێوە دەکرێ. لە ماوەی ساڵەکانی دوای هێرشی ڕووسەکان بۆ سەر خاکی ئێران، ئەوان ڕووحییەی باش و قسەی خۆشی خۆیان پاراست و سەرنجی خەڵکی دیکەیان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشا بە وەیڕا کە ئیدیعا بکەن خزمی ڕووسە چاوشینەکانن. هێندێکان دەڵێن ئەوان لە زەمانی قەدیم لە قەوقاسەوە کۆچیان کردووە بۆ ئێرەکانە و بوونە کورد. هەر چییەکی بێ، ئەوان ئێستا بە تەواوی کوردن وەک هەموو کوردێکی دیکە.

ئەمن لەم ژمارەیەی «کوردستان میشنێری» دا وێنەیەکی «بابمەزن و سەرۆکی هەموو مەنگورەکانتان» کە دوو کوڕەکەی لە دەوری ڕاوەستاون پێشکێش دەکەم. ئەو بە دوو نێوان نێوبانگی جیاواز و مەشهوورە: بایزئاغا و بایزپاشا، نێوەکەی پێشوو نێوی ڕاستەقینەیەتی؛ و ئەوەی دووەم نێوبانگێکە کە چەند ساڵ لە مەو پێش ترکەکان داویانەتێ، کاتێک ئەوان هێرشیان کردە سەر ئەم بەشەی کوردستان و هەموو جۆرەی دەک و دۆڵاب و لەقەبی نێوبەتاڵیان بە کار هێنا، بۆ ئەوەی نییەتی باشی سەرۆکعەشیرەتە کوردەکان بقۆزنەوە و ئەوان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن و دڵیان وە دەست بهێنن.

بایزپاشا برازای سەرۆکعەشیرەتی گەورەی کورد قادرئاغایە کە میسیۆنەکەی ئێمە ساڵی ڕابردوو لە خانووبەرە کۆنەکەی وی‌دا دامەزرا. لەم وێنەیەدا بایزپاشا و کوڕەکانی لە جلوبەرگی نموونەیی کوردیدا

دەبیندرێن، هەر کامێکیان تفەنگێکی مارتینی بە دەستەوەیە و چەندین ڕیزە فیشەکدانی لە خۆی شەتەک داوە کە پڕن لە فیشەک و خەنجەرێکی خۆماڵیشی لە بەر پشتێندی چەقاندووە.

ئەم سەرۆکە نوێنەرێکی بەنرخی گەورەترین بنەماڵە کوردەکانی هەموو ئێرانە. ئەو ئێستا تەمەنی لە نێوان ٤٢ تا ٤٤ ساڵاندایە. لە حاڵی حازردا سەرۆکی هەرە بەتوانا و هەرە بە دەستەڵاتی ئەم بەشەی کوردستانە. وەک دەگوترێ لەگەڵ هەموو بێگانان زۆر بە گەرمی دەجووڵێتەوە. (ل. ئۆ. فاسووم/ وەرگێڕانی حەسەن قازی)

# ئەحمەدخانی موقەددەمی مەراغەیی

ئەحمەدخان کوڕی حاجی محەمەدئاغا حاکمی مەراغە بووە. ساڵی ١١٩٠ی کۆچی مانگی (١٧٧٦ی زایینی) بوو بە جێگری بابی و حوکماتی مەراغەی بە دەستەوە گرت.

بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەو پیاوە دواون، پیاوێکی خێرومەند و نوێخوازی دەورانی قاجار بووە. بە سیاسەت و لێزان بووە. لە زەمانی حوکماتی فەتحعەلیشای قاجار بوو بە یەکێک لە گەورە پیاوانی ئێران. کچی خۆی دا بە فەتحعەلیشا و کچی دیکەی بە کوڕی ئەو.

ئەحمەدخان ساڵی ١٢١٩ی کۆچی مانگی (١٨٠٤ی زایینی) لەگەڵ فەتحعەلیشا بەشداری شەڕی ئێرەوانی کرد.

ساڵی ١٢٢٨ لە تەورێز بووە و لەگەڵ عەباسمیرزای وەلیعەهد هەڵیکوتاوەتە سەر بڵباسان کە هێرشیان بردبووە سەر سایینقەڵا. هەروەها لە زەمانی فەتحعەلیشادا بوو بە حاکمی تەورێز و لەقەبی بەگلەربەگی وەرگرت.

لە «نگاهی به تاریخ میاندواب و تکاب و شاهیندژ» دا نووسراوە ئەحمەدخان ١٢٣١ی کۆچی مانگی (١٨١٦ی زایینی) لە میاندواو مردووە، بەڵام لە «تاریخ مەراغە» دا نووسراوە ساڵی ١٢٣٤ لە مەراغە مردووە. بە پێی پەراوێزی لاپەڕە ٧٢٤ی کتێبی مەراغە، لە نێوان فەتحعەلیشای قاجار و سادقخانی شقاقی لە سەر بەدەستەوە گرتنی حکوومەتی ئێران شەڕ ساز دەبێ. ئەحمەدخان دوو نامەی بە یەک نێوەرۆک، بەڵام بە دوو عینوانی جیا لەگەڵ هەندێ پارە دەدا بە حاجی ڕەحیمبەگ ناوێک و دەڵێ بچوو بزانە کێهەیان لەو شەڕەدا سەر دەکەوێ نامەکەی بدەیە و نامەکەی دیکە بفەوتێنە. حاجی ڕەحیمبەگ دەچێ و بە سۆراغان تێدەگا فەتحعەلیشا سەر دەکەوێ. نامەی فەرمانبەرانەی ئەحمەدخانی وێڕای پارە و پووڵی ناردراو دەداتێ و جێی خۆی خۆش دەکا.».

ئەحمەدخان پیاوێکی تەواو سیاسەتمەدار و زۆرزان و کارزان و تێگەیشتوو بووە. ئۆژن ئۆبێن لە کتێبی «ایران امروز» دا دەنووسێ.

ژووبێر لە تەورێز چاوی بە ئەحمەدخان کەوتووە و بیر و ئەندیشەی پێشکەوتنخوازانەی خان شوێنی لە سەر داناوە.

ئەحمەدخان لە کاروباری وەرزێڕیدا پسپۆڕ بووە و خەڵکی ئەو سەردەم بە نموونە باسیان کردووە. فەتحعەلیشا حەمایەڵ، نیشان، شمشێری زێڕکفت و عەبای پێ بەخشیوە و هەروەها ساڵی ١٢٢٤ی کۆچی میاندواوی بە خەڵات داوەتێ.

بە پێی بەڵگەنامەکان وا دەردەکەوێ عێلی موقەددەم هەر لە دەورەی سەفەوییەوە سەنگ و گرانایی تایبەتی خۆی هەبووە. پادشایانی سەفەوی هەمیشە دڵنەوایی ئەو عێلەیان داوەتەوە. نادرشا و کەریمخانی زەندیش کەریمانە لێیان ڕوانیون. ئەو بایەخ پێدانە بەردەوامە بۆ هۆی سەقامگیری دەسەڵاتی چەند سەدەیەی عێلی موقەددەم بە سەر مەراغەدا. ئەو دەسەڵاتدارییە هەتا کۆتایی حکوومەتی قاجاران نەسل بە نەسل بەردەوام بووە. (سەرچاوەی وتارەکانی پێشوو)

# قەتڵیعامی عێلی مەنگوڕ لە مەراغە

عێلی مەنگوڕ بە سەرۆکایەتی "باپیرئاغا"، لە سەردەمی دەسەڵاتداری "کەریمخانی زەند" لە عێراقەوە هاتنە «یەڵتەمەر»ی ئێستا و خەڵکی ئەوێیان ڕاو نان یان خستیانە ژێر چۆکی خۆیانەوە. دەڵێن هەر ئەوەندە کە لە وێ سەکنین، دەستیان کرد بە کەڵەوەکێشی و نەحاوانەوە لەگەڵ «بداغخانی موکری» ، حاکمی ئەودەمی [سابڵاغ].

بداغخان لە دەستیان وە زاڵە هات و داوای لە ئەحمەدخانی موقەددەم، حاکمی مەراغە، کرد یارمەتی بدا و بە فکر و تەگبیری خۆی باپیراغا لە نێو بەرێ.

پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە لە نێوان حکوومەتەکانی «خانخانی» (ملوکالطوایفی) نزیک لە یەک، جوورە پەیمانێک دەبەسترا کە لە کاتی پێویستدا یارمەتی یەکتر بدەن. ئەو سەردەم لە نێوان نەجەفقولیخان حاکمی تەورێز، ئەحمەدخانی موقەددەمی مەراغەیی حاکمی مەراغە، محەمەدقولیخانی ئەفشار حاکمی ورمێ و بداغخان کوڕی شێخعەلیخانی موکری حاکمی مەهاباد ئەو پەیمانە هەبووە و بداغخان بە پێی ئەو ڕێکەوتنە ئەو داوایەی لە ئەحمەدخان کرددووە.

ئەحمەدخان پلانێک دادەڕێـژێ. نامەیەک لە باپیرئاغا دەنووسێ کە نێوانی من و حاکمی تەورێز تێکچووە و دەمـەوێ هێرش بکەمە ئەو شـارە. ئەگەر بێیە یارمەتیم تاڵانی تەورێزت لەگەڵ بەش دەکەم. باپیرئاغا بە هەزار سوارەوە بەرەو مەراغە دەکەوێتە ڕێ. دەگەنە گوندی «هەمزاوا»ی مەهاباد و ئەسپی باپیرئاغا سەرسم دەدا. برایمسوڵتانی برای پێی دەڵێ سەرسمدانی ئەسپ شومی باشی نییە و وا باشە نەچییە ئەو سەفەرە. باپیرئاغا قسەی سووکی پێدەڵێ و دەڵێ ئەگەر دەترسی وەگەڕێ. منیش هاوڕێیەتی پیاوی ترسەنۆکی وەک تۆ بە باش نازانم. برایمسوڵتان یەکتەنە دەگەڕێتەوە و باپیرئاغا بە سوارەکانیەوە دەڕۆن.

لە مەراغە پێشوازییەکی گەرمیان لێدەکرێ و سواران دوو دوو لە نێوماڵەکان دابەش دەکرێن. باپیرئاغا و چەند کەس لە نیزیکانی ئەو

دەبەنە ماڵە ئەحمەدخان. دوو سەعات لە شەو کە تێدەپەڕێ، ئەحمەدخان دەستوور دەدا هەر خانەخوێیەی میوانانی خۆی بکووژێ. گۆیا تەنیا «وەستا عوزەیر» ناوێک بە هۆی زانینی تورکی دەردەچێ. هەڵدێ دێتەوە نێو مەنگوڕان و ماجەڕایان بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەو کارەساتە ساڵی ١١٩٥ی کۆچی مانگی [١٧٨١]، لە دەورەی سەڵتەنەتی عەلیمرادخانی زەند ڕووی داوە. بە دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا مەنگوڕان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ داسەکنین.

لە سەڵتەنەتی فەتحعەلیشای قاجار، ساڵی ١٢٣٥ی کۆچی مانگی «باپیراغای دووەم، نەوەی ئەو باپیرئاغایەی باس کرا، لە نێو مەنگوڕان سەری هەڵدا. بۆ زاوزێ و عەولادی زۆرتر، زۆری ژن هێنان. زێڕن، شەم، مرۆت، ئامان، زین. دوایە ژنێکی دیکەی هەر بە ناوی زین هێنا. هەڵبەت هەموو ئەو ژنانەی لە ژێر نکاحدا نەبوون. لە مەزەبی ئیمامی شافعیدا – هەر وەک مەزەبەکانی دیکە – ناتوانی هاوکات لە چوار ژن زیاترت هەبێ. ئەگەر یەکیان دەمرد یان تەڵاق دەدرا، یەکی دیکە دەهاتە جێی. باپیرئاغا هەتا مرد چوار ژنی هەر هەبوو. دەڵێن ١٤ هەتا ٢١ کوڕی هەبوو. مەنگوڕەکانی ئەمڕۆ لە نەسلی ئەو باپیرئاغای دووەمە و ژنەکانی ئەون و تایفەکانی خۆیان بە ناوی ئەو ژنانە کردووە: تایفەی زێڕن، تایفەی شەم، تایفەی مرۆت، تایفەی ئامان و تایفەی زین. ئەو پێنج تایفەیە بە «کادەروێشی» بەناوبانگن. تایفەیەکێش بە ناوی «خدر» هەیە و لە نەسلی باپیرئاغا و ژنەکانی ئەو نین و بە کادەروێشی ناناسرێن. تایفەیەکیش بە ناوی «وسێنی» (طایفە حسین) هەیە. عەشایری مەنگوڕ لەو چەند تایفەیەن. تایفەیەکیش بە ناوی «ئوچاق» هەیە. مەنگوڕ لە سەر ئەوە کۆک نین کە ئەم تایفەیە مەنگوڕە یان لە خۆجێیییەکانی بەر لە هاتنی مەنگوڕانن بۆ ناوچە.

جارجار لە نووسراوەکانی کۆمەڵناسان لە سەر مەنگوڕان دەبینی کە بابەتی تایفە بە ناوی ژنان دەبەنەوە سەر دەورانی «دایکسالاری». وێناچێ ئەوە ڕاست بێ و ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕووداوەی باسی کرا. لە بەرگی شەشەمی کتێبی «تاریخ رجال ایران» بە قەڵەمی مەهدی بامداد، کتێبفرۆشی زەووار، ساڵی ١٣٥١، لاپەڕەکانی ١٩ و

٢٠، له بارەی ئەحمەدخانی موقەددەمی مەراغەیییەوە نووسراوە: «ئەحمەدئاغا کە دواتر بە ئەحمەدخانی موقەددەمی مەراغەیی ناوبانگی دەرکرد، کوڕی حاجی عەلی محەمەدئاغای حاکمی مەراغە بوو. ساڵی ١١٩٠ کە نەجەفقولیخانی دونبولی بەگلەربەگی تەوریز بابی کوشت. ئەحمەدئاغا بوو بە جێگری بابی و حاکمی مەراغە... یەکێک لە کارەکانی، نەرم کردنی عێلەکانی بلْباس، مامەش و مەنگوڕە. ئەوانە هەمیشە دەستدرێژی ناوچەکانی ڕەزایە و مەراغەیان دەکرد و کاریان قەتڵوعام و تالآن کردنی خەڵکی ئەو ناوچانە بوو. ئەحمەدئاغا بڕیاریدا ئەوانە لە نێو بەرێ. باپوور یا بپورئاغا (ناوەکە باپیرە) سەرۆکی تایفەی مەنگوڕ، مامەش و بلْباسی کوشت و تا ماوەیەک خەڵکی ئەو ناوچانەی لە شەڕ و بەڵای ئەوان پاراست. دوایە بۆ نێو ئەو تایفانە لەشکرکێشی کرد و بە توندی سەرکوتی کردن. ئەو تایفانە کە ئاوایان دیت، پەنایان بردە بەر پاشای عوسمانی و لە لایەکی دیکە دەستەوداوێنی عەلیمرادخانی زەند بوون کە چەند ساڵێک بوو بە سەر بەشێکی ئێراندا حوکماتی دەکرد.

عەلیمرادخان، ئەحمەدخانی لە سەر کار لابرد و بداغخانی ساوجبلاغی کردە حاکمی مەراغە. ئەحمەدئاغا پەنای بردە بەر ئیمامقولیخانی ئەفشاری بەگلەربەگی ڕەزایە و ئەحمەدخانی دونبولی حاکمی «خۆی». ئەو دوو کەسە ساڵی ١١٩٨ پشتیووانیان لێکرد و لەگەڵ مەحموودپاشای عوسمانی بە شەڕ هاتن و کوشتیان. ئەحمەدئاغا دووبارە بۆوە حاکمی مەراغە. نووسەری «گلشن التواریخ». دەنووسێ: «ئەحمەدئاغا چووە ورمێ و لە ئیمام قولیخانی بیگلەربەگی ئەفشار لەقەب و حوکمی «خان»ی وەرگرت و بە ئەحمەدخانی موقەددەم ناوی دەرکرد.»

ئەحمەدخانی موقەددەمی مەراغەیی لە زەمانی پاشایەتی فەتحعەلیشای قاجاردا یەکێک لە ئەمیرانی گەورەی ئێران بوو. شا خزمایەتی لەگەڵ کرد و «زێنەب»ی کچی لێخواست و بوو بە ژنی حەقدەیەمی شا. ئەو ژنە لە شا منداڵی نەبوو. کچێکی دیکەی ئەحمەدخان بوو بە ژنی محەمەدعەلیمیرزا، دەوڵەتشا و محەمەدحوسێنمێرزا حیشمەتولدەولە لەو ژنەیە.

ئەحمەدخان موقەددەمی بیگلەربەگی مەراغە ساڵی ١٣٣١ی کۆچی مانگی (ئەو ساڵە هەڵەیە و دەبێ ١٢٣١ بێ) لە میاندواو مرد. ئەحمەدخان

جەددی سەمەدخانی شوجاعوددەولە و فەتحوڵڵاخانی سەردار موئەییدە.»
(تاریخ مهاباد، ل ٢٩ - ٣٢).
تێبینی: ئەم بابەتەم لە فارسییەوە کردووە بە کوردی.

# بەیتی باپیرئاغای مەنگوڕ بابی هەمزاغا

یەکێک لە کارەساتە دڵتەزێنەکانی مێژووی کوردستان پاش موکریقڕانەکەی شاعەبباسی سەفەوی کارەساتی قەتڵوعام کردنی عەشیرەتی مەنگوڕە لە مەراغە، کە بەداخەوە مێژوونووسانی خۆمانە و بێگانە شتێکی ئەوتۆیان لە سەر نەنووسیوە. من زۆر تێکۆشام، تەنانەت سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوم وەگیر نەکەوت کە ساڵی ئەو کوشتارەم بۆ ڕوون بکاتەوە. خانەکانی موکریی کە لەمێژ بوو حکوومەتیان دەکرد، و خەڵکی ئەم مەڵبەندە لەبەر خاتری بوداغسوڵتان زۆریان ڕێز لەو بنەماڵە دەگرت. بوداغسوڵتان، کە ئەمیرێکی کوردی زۆر دادپەروەر بووە، لە سابڵاخ زۆر خۆشەویستە. وەک پیاوچاکێک دەچنە سەر مەزاری و سوێند بە گومبەزەکەی دەخۆن. دیارە زۆری حەز لە ئاوەدان کردنەوە بووە، پردی سوور و مزگەوتی سوور و کۆخی کورتەک کە ئێستاش هەر ماون لە کارە باشەکانی ئەون. لە زەمانی مەزنایەتیی ئەودا موکریان سەربەخۆ بووە و هیچ بێگانەیەک، نە عوسمانی و نە سەفەوی پێدا ڕانەبردوون. سکەی بۆ خۆی لێداوە. دیارە هونەرمەند و خوێندەواری زۆر خۆش ویستوون، کوڕەکانی خۆی فێرە هونەر کردوون. بەردە نووسراوەکەی سەر دەرکی مزگەوتی سوور کە لە ساڵی ١٠٨٩دا سۆهرابخانی کوڕی ئەو ئەمیرە هەڵیکەندووە، ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنێ.

بەڵام بەداخەوە ئەو بنەماڵەش پیاوی گەندیان لێ پەیدا بوو، خەڵک لە دەستیان وە زاڵە هات. باپیرئاغای مەنگوڕ کە پیاوێکی بە دەسەڵات و مەزنێکی ئازا و لێهاتوو بووە، خەریک بووە حوکمات لە دەست ئەو بنەماڵە بێنێتە دەرێ. پێیان زانیوە، بەڵام نەیانوێراوە بە گژیدا بچن. پەنایان بۆ بێگانە، بۆ شای ئێران بردووە، ئەویش ئەحمەدخانی موقەددەم حاکمی مەراغەی (کە دژمنایەتیی کۆنیشی دەگەڵ خانەکانی موکریی هەبووە) کردۆتە مەئمووری کوشتنی باپیرئاغای مەنگوڕ. ئەحمەدخان فێڵی لە باپیرئاغا کردووە، بانگهێشتنی کردووە بۆ مەراغە. باپیرئاغاش بە خۆی و نۆ سەد سواری هەڵبژاردەی مەنگوڕەوە چۆتە ئەو شارە سوارەکانیان

به سەر ماڵان دابڕیون، لە شەوێکی دیاریکراودا هەر کەس میوانی خۆی لە خەوێدا سەر بڕیوە. لەو نۆ سەد سوارە تەنیا سوارێک دەرچووە کە ناوی وەستا عوسمان بووە. وەک کوتم مێژوونووسانی خۆمانە و بێگانە شتێکی ئەوتۆیان لە سەر ئەو کارە نامەردانە نەنووسیوە. دەڵێن عەشیرەتی مەنگوڕ پاش ئەو کارەساتە پیاویان لێ بڕواە. وەستا عوسمان ژن و منداڵی باپیرئاغای دەرکردووە و ماڵ و دەوڵەتی هەموو عەشیرەتەکەش بە تاڵان چووە. هەمزئاغای مەنگوڕ کە پیاوێکی شۆڕشگێڕ و بەناوبانگە و نیزیکەی سەد ساڵ لە وەی پێش لە ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانەی شێخ عوبەیدیڵڵای نەهرییدا بەشداریی کردووە، کوڕی باپیرئاغای بووە. زۆر شتی سەیر و قارەمانانە لەو پیاوە دەگێڕنەوە کە دەرفەت نییە بۆتان بگێڕمەوە. پاش تێشکانی جووڵانەوە ناکامڵەکەی شێخ، هەمزاغاش بە دەستی حاکمی کوردی سابڵاغ، ئەمیرنیزامی گەڕووسی، دیسان بە فێڵ وەک باوکی کوژراوە. ئەمیرنیزامی پیاوکوژ و خوێنڕێژ خۆی نووسەرێکی زۆر باشی فارسی بووە کە لە ساکارنووسیدا ناوبانگی هەیە. بەو قەڵەمە لووسەی خۆی باسی کوشتنی هەمزاغای بە دووردرێژی نووسیوە. حەیف بەدەستەوە نییە دەنا وەرمدەگێڕا سەر کوردی.

باپیرئاغا کە کوژراوە، هەر کوڕێکی بە ژن و ماڵی هەبووە. بۆیە جگە لە بەرەی خدری، بەرەکانی دیکەی مەنگوڕان هەموو بە ناوی دایکیانەوە ناو دەبرێن. بەرەی زێڕینێ، بەرەی شەمێ، بەرەی زینێ، بەرەی مرۆتێ، بەرەی ئامانێ. من بە منداڵی مام بایزئاغای کوڕی باپیرئاغام دیوە کە دەیانگوت تەمەنی لە سەد ساڵی هەڵبواردووە و ژنی مردووە و دەیەوێ ژن بێنێتەوە، بەڵام لە نێو عەشیرەتەکەی خۆیدا کەسی پێ ناشێ، هەموو برازانی.

ئەگەر مێژوونووسەکانمان لەسەر ئەو کارەساتەیان نەنووسیوە، شایەرەکان کە هەموو ڕووداوێکی سەردەمی خۆیان کردۆتە شیعر؛ لێرەشدا بێدەنگ نەبوون. شایەر لەو بەیتەدا کورتەی کارەساتەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێن و نووسیویانە کە ئەم بەیتەش ئی عەلی بەردەشانییە. هەر کەس چ بڕ عەلی بناسێ ئەو گومانەی بۆ پەیدا دەبێ. چونکە ڕەوانیی شیعر، پوخت و پاراویی زمان، ساکاریی بەیان و گێڕانەوەی چیرۆک ئەم

شکەمان بۆ پەیدا دەکا.

بەڵام من بۆم ڕوون نییە ئی عەلی بێ، بەو دەلیلانەی خوارەوە: ١- ئاشکرا نییە و نازانین عەلی پاش باپیرئاغا ژیاوە یان نا؟ ٢- ناوی زۆر گوندی نێو مەنگوڕان و دەوروبەری سابڵاخی تێدایە کە نیشانەی شارەزایی شایەرە لەم ناوچەیەدا. ئایا عەلی ئەوەندە لە موکریاندا ماوەتەوە کە ئەو شارەزایی‌یەی هەبێ؟ ٣- وشەی (پیاو بوون) لە بری (دابەزین) هەر لە شێوەی شاروێران و شاماتدا هەیە و من بۆخۆم لە هیچ جێگایەکی تری کوردستان نەمبیستووە. ئەم وشە لەو بەیتەدا بە کار هاتووە: مەنگوڕی دە مێوەجاغێ/ پیاو بوون لە سابڵاغێ، (یانی لە سابڵاخێ دابەزین)/ تەدارەک بۆ مەراغێ. ٤- عەلی لاسای شاعیرە خوێندەوارەکانی کردۆتەوە و ناوی خۆی لە هەموو بەیتەکاندا هێناوە، لەو بەیتەدا ناوی عەلی نەهاتووە. سەیرە ڕەحمان بەکریش ناوی خۆی نەهێناوە. ڕەنگ بێ شایەرەکەی ناسیبێ، بۆیە ئەو کارەی نەکردووە. ڕاستە ئەم شیعرە بەهێزانە وەک شیعری عەلی، مامۆستای شایەرانی کوردستان دەچن:

هۆی سولەیمانی خەزاڵی/ نەوەی ڕۆستەمی زاڵی/ حەوت قوببەی لە مەتاڵی/ پێم نەڵێن ئەتوو منداڵی/ لە جلیتێی نەکرد خاڵی/ وەک هەوران بە گەواڵی

یا:

بانگم وەبەر پادشای لە ژوور/ خان ناردنی دوور بە دوور/ بڵباس هاتن بە جەمبوور/ ڕانک ڕەشی چەکمە سوور.

بەڵام مەرج نییە ئی ئەو بن. ئاخر لە بیرتان نەچێ عەلی بەردەشانی شاگردی زۆر باشی پەروەردە کردوون. پێمخۆش بوو زانایەک لەو بارەدا تەحقیقی کردبایە و ڕوونی کردباوە ئەم بەیتە ئی عەلییە. چونکە بەڕاستی حەیفە شایەرەکەی نەناسرێ. بزانن شایەر چەند وەستایانە باسی تاڵانوبرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە: بداغخان بوو لە دوایی/ هەزار مەڕی شۆگایی/هەر هەرزان و خۆڕایی/دەیاندا مەڕ و شایی

...

بزنێک بێنێ دوو کارە/ لە مووی بکرێ دەوارە/ بەهای بزنێم دوو پارە

...

هەزار گای بێ جووتبەندە/ قیمەتی گای خوڵابەندە/ بڵباس کاریان گەندە

(تۆحفەی موزەففەرییە، ل ١٤٧ – ١٥٢)

# عەلی بەردەشانی و بەیتی باپیرئاغا

بەڕێز «زیاد محەمەد ئەمین لەمەڕ ژیانی عەلی بەردەشانی لە «دیوانی عەلی بەردەشانی» دا نووسیویە:

«... بۆ زانینی لە کوێ و کەی لە دایکبوون و چۆن و چەند ژیان و ڕەفتار و پۆزایی باڵا و ڕەنگ و ڕوخساری عەلی بەردەشانی هیچ بەڵگە و نووسراوەیەکی تۆمارکراوی سەلمێنەر لەبەر دەستاندا نییە.»

مامۆستا زیاد بۆ بەڵگەی ساڵی لە دایکبوونی عەلی هەر ئەوەندەی هەیە کە بە گوتەی سەدیق بۆرەکەی لە کتێبی «مێژووی وێژەی کوردی» بەرگی دووەمدا هاتووە کە «هێندێک سەرچاوە دەڵێن عەلی ٤٢ ساڵ ژیاوە». ئیدی نە نووسەر و نە بۆرەکەیی ڕوونیان نەکردووەتەوە کە ئەو «هێندێک سەرچاوە» چی و کێن! هەر بۆیە ساڵی لە دایک بوونی عەلی، واتا ١٧٦٧، جێی شک و گومانە. بە پێی بۆچوون و دەسەڵاتی عەلی بە سەر زماندا و هەروەها مەقبوولییەتی لە لای ئاڕەحمانپاشا، دەبێ پیاوێکی تەواو بەساڵاچوو و گەڕاوە بووبێ و تەنانەت ڕدێنیشی سپی بووبێ.

بەڵام لەمەڕ ساڵی مردنی وێدەچێ بەڵگەکانی مامۆستا زیاد ڕاست بن. عەلی بەردەشانی باسی کوژرانی سەلیمبەگ دەکا کە ساڵی ١٨٠٦ ڕووی داوە. باسی شەڕی ئاڕەحمانپاشا ناکا کە بەغدای داگیر کرد لە ساڵی ١٨١٠دا. هەروەها باسی مردنی ئاڕەحمانپاشاش ناکا کە ساڵی ١٨١٣ مردووە. نووسەر ئەو بێدەنگییەی عەلی بەردەشانی لەمەڕ ئەو دوو ڕووداوە گرینگە بە حیسابی مردن و نەمانی ئەو دەزانێ و وێدەچێ لە ڕاستی نزیک بێ.

پێویستە بڵێم جارجار لێکۆڵەرانی بەیتەکانی موکریان ناوی عەلی بەردەشانی وەک دانەری هەندێک لەو بەیتانە دێننە گۆڕێ. پێویستە بە سەرنجەوە بڕوانینە ئەو مەبەستە و بڕیاری یەکجارەکی نەدەین و ئەو چەند خاڵە لەبەر چاو بگرین.

- سەردەمی ژیانی عەلی بەردەشانی لەگەڵ مێژووی ڕوودانی بەیتەکە

بەراورد بکەین.
- جیاوازی دابنێین لە نێوان ئەوەی کە خودی عەلی بەردەشانی بەیتەکەی داناوە یان بەیتبێژانی موکریانی لە سەر شێوە و سەبکی ئەو، خۆیان داهێنانیان هەبووە.
- ئەوە فەرامۆش نەکەین دەیان و بگرە سەدان بەیتبێژ لەو یەک دوو سەدەیەدا لە موکریان ژیاون و ناوێ هەندێکیان ڕوونە. ناکرێ لە نێو ئەوانەدا بەیتدانەر و خوڵقێنەر نەبووبێ و یەکی وەک عەلی بەردەشانی دوور لە ناوچەی موکریان بۆی دانابن.
- وردەکارییەکانی جوغرافیایی و زمانی تایبەتی ناوچەی موکریان، مۆری موکریانی بوونی بەیتبێژەکان بە ڕوخساری بەیتەکانەوە دەنێ. مامۆستا هێمن گوتەنی عەلی بەردەشانی ناتوانی ئەو کارە بکا، مەگین ساڵانێک لەو ناوچەیەدا ژیابێ.
- وێدەچێ ئەو بیرە سەبارەت بە لێهاتوویی و کارزانی عەلی بەردەشانییەوە بێ کە لە تەواوی کوردستان ئاوازەی دابۆوە.
بەیتەکانی ناوچەی موکریان لە باری سەبک و داڕشتەوە دوو جۆرن. زەمان و کاتی خوڵقانی بەیتەکان شوێنیان خستۆتە سەر ئەو دابەشینە.
هەرچی بەیتەکان کۆنتر بن، بەندەکانی درێژترن و ڕستەکانی بە پێی پێویستی مانایی درێژ و کورت دەبنەوە و قافیە دەوری زیاتری دەبێ و وشە و ئیدیۆمی کۆنتری تێدایە. بە وتەیەکی تر بەیتبێژ پشووی درێژترە و ئەسپی فەساحەت و بەلاغەت لە مەیدانی هەراوی بەیتدا، شارەزایانە ڕکێفکوت دێنێ و دەبا.
هەرچی بەیتەکانیش تازەتر بن، ڕستەکان کورتترن، بەندەکان کورتترن، قافیە ئیتر ئەو قورسایی ماناییەی نامێنێ، بەیتبێژ پشووی کورتە و بەیتەکان درێژ نین. سەرجەم بەیت لە باری فۆرم و قالبەوە لە سەبکی کۆنی بەیتی موکریانی دوور دەبێتەوە و خۆی لە وەزن و کێشی هیجابی و تەنانەت عەرووزی نزیک دەکاتەوە.
چاوخشاندنێک بە سەر بەیتەکانی ڕەحمان بەکر لە نێو تۆحفەی موزەففەرییەدا، نیشانی دەدا زۆربەی هەرە زۆری بەیتەکان لە سەر سەبک و فۆرمی کۆن داڕێژراون و پشوودرێژی بەیتبێژیان تەواو بە

سەرەوە دیارە. لەو نێوەدا بەیتەکانی باپیرئاغای مەنگوڕ، ئاڕەحمانپاشای بەبە و عەلی عاشق دەچنە خانەی فۆرم و سەبکی بەیتی نوێوە. وێدەچێ هەر ئەو بابەتە هەندێکی هێنابنە سەر ئەو باوەڕە کە ڕەحمان بەکر شاگردی عەلی بەردەشانی بووە. شێوە داڕشتی بەیتی باپیرئاغای مەنگوڕ و ئاڕەحمانپاشای بەبە زۆر وێک دەچن. بەڵام من بە چەند هۆ ناتوانم باوەڕ بکەم عەلی بەردەشانی بەیتی باپیرئاغای مەنگوری دانابێ.

- ئەگەر مێژووی لە دایک بوونی عەلی ساڵی ١٧٦٧ بێ، عەلی چاردە ساڵە بووە کە باپیرئاغا کوژراوە و ناکرێ ساڵانێکی زۆر دواتر ئەو ڕووداوەی کردبێتە بەیت.

- بەیتی باپیرئاغای نێو تۆحفەی موزەففەرییە چوار بەرانبەری بەیتی ئاڕەحمانپاشایە. عەلی لە نزیکەوە ئاگاداری ژیان و هەڵسوکەوتەکانی ئاڕەحمانپاشا بووە و هەڵیشی دەگرت بە پشوودرێژییەوە ئەم بەیتەی ڕێک خستبا؛ چونکە هەم خۆی لە ناوەندی ڕووداوەکان بووە و هەم ڕووداوەکانی ئاڕەحمانپاشا لە هی باپیرئاغا زۆر بەربڵاوترە بوو و دەستی بەیتبێژ بۆ درێژ کردنەوە ئاوەڵاتر بووە.

- وردەکارییەکانی جوغرافیایی و زمانی نێو بەیتی باپیرئاغا وا دەردەخا بەیتبێژ شارەزایی تەواوی بە سەر ئەو دوو دیاردەیەدا هەبووە، وێناچێ عەلی ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسابێ کە بتوانێ ئاوا بە وردی چووبێتە ناخی بابەتە جوغرافیاییەکانی ئەو مەڵبەندەوە.

شاهیدم بۆ ئەم بۆچوونە ئەو هەڵانەن کە نووسەری «دیوانی عەلی بەردەشانی» لە پەراوێزەکانی بەیتی باپیرئاغای نێو ئەو دیوانەدا کردوویەتی. سەرەڕای هاتوچۆ و هاسانی دەست پێڕاگەیشتن بە زانیارییەکانی پێویست لە ئێستادا، پەراوێزەکانی ئەم دیوانە گەلێ هەڵەی زمانی و مەکانی تێدایە کە دیارە لە ناشارەزایی نووسەر بە سەر دیالێکتی موکریانی و نەناسینی ناوەکانەوە کەوتۆتەوە.

- عەلی بەردەشانی بە گوتەی مامۆستا زیاد، ساڵی ١٨٠٩ مردووە و ڕەحمان بەکر ساڵی ١٩٠١ بەیتی بۆ ئۆسکار مان گوتووە. ئیتر شاگردی عەلی بەردەشانی بوونی ڕەحمان بەکر مانایەکی نییە.

بە وێچوونی شێوازی بەیتی باپیرئاغا وە کارەکانی بەردەشانیش،

ناکرێ ئەو لاسا کردنەوەیە ئیسپات بکەی. ئەو سەبک و شێوازەی کە عەلی بەردەشانی بەیتی پێ داناوە وێناچی داهێنانی خۆی بێ. ئەوە نموونەی شیعری کوردی بەر لە عەلی بەردەشانی و هاودەورەی ئەو:

## مەلای جزیری: (١٥٧٠–١٦٤٠)*

ئاورێن جووتێ بەلەک
بەرقی ژ سەماواتێ
شەمسە د چەرخا فەلەک
هاتی بە نیڤ میرئاتێ
ئینسانە سوورەت مەلەک
یان حوورە د جەنناتێ... (دیوانی مەلای جزیری، ل ٥٧٨).

* بە وتەی د. کەمال فوئاد و مەکەنزی (تاریخ مشاهیر کرد، ج١، ص١٩١)

## عەلی بەردەشانی: (١٧٦٧–١٨٠٩)

بوو بە چرە و سەڵاوات
قووە قووە هاتە هات
هەر خێوەتن بێ قەڵات
هەی دەستی بێ دەستەڵات
کۆیی گیران کێ هەڵات
لە وان کۆیی دە بەدبەخت
خەلاس ناکەن ڕوحی سەخت
کەلەپوور و ماڵی نەغد
ئەسپ و ئێستر، ڕێشمە و ڕەخت... (تۆحفەی موزەففەرییە، ل ٧٦٤)

## ئەحمەدی کۆر: (١٧٧١ – ١٨٥١)*

کوانێ ماڵی بە بنیات
گەورە و ساحێب دەستەڵات
شار و قۆنگرە و قەڵات
بۆ عەنقای ساحێب داهات
ئەو سەرداری بە قووەت
ساحێب هیممەت و قودرەت
بۆ عەنقای ساحێب حەشمەت
هەم دیوانی پڕ زینەت... (دیوانی ئەحمەدی کۆر، ل ٢٤٢)

هەر بۆیە من لە سەر ئەو باوەڕەم کە بەیتی باپیرئاغا – چ ڕەحمان بەکر خۆی داینابێ و چ کەسێکی تری پێش ئەو – تەنیا لە باری فۆرم و سەبکەوە وە کاری عەلی بەردەشانی دەچێ و بەس.

* بە پێی: دیوانی ئەحمەدی کۆر، سەید نەجمەددین ئەنیسی، سەقز، ١٣٧٠، ل١٠.

# کوێر کرانی بداغخان

... بە کورتی پاش ئـەوەی کـۆڕی میواندارى حوکمڕانی «خۆ»یە گەیشتە بڵاوە لێکردن و هەلومەرجی ئاشتی و دۆستایەتی پتەو ڕەنگی دایـەوە، خانانی ئازەربایجان ئیزن دران و بـەرەو مەوتەنی خۆیان گەڕانەوە. محەمەدقولیخانی بەگلەربەگیش سەری وڵاخی بەرەو ناوەندی دەسەڵاتی وەرسووڕاند و هاتەوە ورمێ. بوداقخانی موکریش کە بە پیلانی ناحەزان و بەدخوازانی نەدەزانی، لە سەر ئیزنی بەگلەربەگ ڕووی کردەوە سابڵاغ. ئەفراسیابسوڵتانی زەرزا کە هاودەم و ڕاوێژکاری دەر و ژوور و نەهێنخانەی بەگلەربەگ بوو، لەبەر وەی کار و خزمەتی میرزا ئەبولحەسەنی وەکیل لە سەفەری خۆیەدا درەوشایەوە و ڕوون و گەش کەوتە بەر چاوان، ئەوەندەی دیکەی ناخۆش ویست و ئاگری بەرچاوتەنگی و ئێرەیی پێ بردن، لە ناخی سینەی پڕ کینەیدا پتری تەنییەوە! خانی زەرزا لە هەلێک دەگەڕا کە بە ڕێچکە و ڕێبازی شەیتانی و شۆفاریدا، میرزا ئەبولحەسەن تێدابەرێ، چونکە بەڕاستی ئەفراسیابی بێ دەرد و خەم پیاوێک بوو زمـانچـەور و فێڵەباز و یەکجار زۆر فیتنەگێڕ، بەڵام پێی وا بوو هێشتا کەمەندی فرتوفێڵی لە دەورەی شوورەی شـەرەف و ئابڕووی وەکیل ناگاتەوە. بۆیە سەرەتا کەوتە قەڵاچۆی توخمی بوداقخان کە یەکێک بوو لە لایەنگرانی وەکیل و وردە وردە لە خزمەت بەگلەربەگدا عەیبی لێهەڵدا و تۆماتی دژایەتی و غەیانەتی پێوە بەست. جا چونکە پێشتر لە خۆیە بناوانی ئەم پیلانە شێلدرابوو، نیشانەی ئەنگاوت و محەمەدقولیخان ئەوەندەی دیکە سەبارەت بە بوداقخان کەوتە دوودڵـی و دڕدۆنگی. هـەر بۆیە میرزا ساڵەی نۆکەری خۆی ناردە سابڵاغ و داوای کرد کە بوداقخان بە پەلە بگاتە ورمێ. ئەگەرچی خانی موکری لەم هەلەوپەلە نابەوەختە خوتخوتەیەکی کەوتە دەروونی، بەڵام لەبەروەی بە پیاوێکی ڕاست و دروست دەناسرا و بە خزمەت و ڕووڕاستی خۆی دەنازی بێ ڕاوەستان و خاوەخاو، گوتی بە سەر چاوان و لەگەڵ میرزا ساڵە ڕووی کردە ورمێ. هەر کە گەیشتێ بەگلەربەگ

هێندێک تـاوان و کەمتەرخەمی خستە ئەستۆی و بە پێی فەرمان لە حەسارخەڵوەتێ بەند کرا و نیوەشەو بردیانەی قەڵای باراندێز و بەری بەیانی ساقیبەگی سەرفەڕاش ڕاسپێردرا کە بچێتە باراندێز و هەردک چاوی ئەو سیاچارەیە بکۆڵی و بە کوێری بیهێنێتەوە شاری ورمێ. پاش ئەوەی ساقیبەگ حوکمی حاکمی بەجێ هێنا و وێڕای چەند کەسێکی خەلەج گێڕایەوە ورمێ، میرموفیدئاغای شێخولئیسلام تکای کرد و بردی بۆ ماڵی خۆی و کەوتە دڵخۆشیدانەوەی. بۆ سبەینێ وەختایەک خزم و کەسی بوداقخان ئەم هەواڵەیان بیستەوە، بە گریان و بە سەردادان هاتنە بەر دەرگا و دەرانەی بەرزی شێخولئیسلامی بەرزەجێ. لەبەروەی نەیانهێشت چاویان پێی بکەوێ هەتا تاریکانێ فرمێسکیان هەڵوەراند و شینیان گێڕا و ئەوەندەیان قووڕاند کە شێخولئیسلام زگی پێیان سووتا. ئەگەرچی پاسەوان و قەرەوڵێکی زۆریان لە دەوری ماڵی ئەو پایەبەرزە دانابوو کە چاویان بە سەر بوداقخانەوە بێ، بەڵام شێخولئیسلامی هێژا، لە مەودای شەودا ئەو چارەڕەشە نابینایەی بە بواری چۆمیدا پەڕاندەوە و لەگەڵ کەسوکاری بەڕێی کردەوە بۆ سابڵاغ.

هەر لەم ساڵەدا کە دەبێتە ١٢٠٣ی کۆچی/ ١٧٨٨- ١٧٨٩ی زایینی، ئاغامحەمەدخانی قاجار کە لە عێراق و فارس تەواو دەسەڵاتی تەنیبوویەوە و بە سەربەستی دەژیا، لە تارانی پایتەختەوە ڕووی کردە ئازەربایجان، بەڵام دەنگ و هەرای بزووتنی لوتفعەلیخانی زەند لە باڵی فارسەوە پەکی سەفەرەکەی خستەوە. (مێژووی ئەفشار، ل ٢٧٧ – ٢٧٨)

# کاکڵی ڕووداوەکان

– بە پێی سەرچاوەکان و هەروەها شەجەرەنامە ناتەواوەکانی عەشیرەی مەنگوڕ لانیکەم سێ «باپیرئاغا» هەن: باپیرئاغای گەورە (ئەوەی بە باپیرئاغای هەوەڵیش مەنشوورە و ساڵی ١١٩٧ی کۆچی مانگی لە کارەساتی مەراغە تێداچووە)، باپیرئاغای دووەم (ئەوەی بە گوتەی هەندێ سەرچاوە، ساڵی ١٢٣٥ی کۆچی مانگی برووزی بەستووە و ژنی زۆر هێناون و لە شەڕی مامەشاندا کوژراوە)، باپیرئاغای سێیەم (کوڕی هەمزئاغای سەربڕاو). هەندێ سەرچاوە باپیرئاغای گەورە و باپیرئاغای دووەمیان لێ تێکچووە و ئەمە تێکەڵاوییەکی زۆری ساز کردووە.

– سەرچاوەکانی بەر دەستم دەبنە دوو بەش. «تاریخ مراغە»، «تاریخ میاندواب»، «تاریخ رجال ایران» و «تاریخ خۆی» دەچنەوە سەر «تاریخ افشار؛ بۆچوونی ئەو سەرچاوانە زۆر وێک دەچن.

وتەکانی هێمن، سەید محەمەد سەمەدی، جەواد قازی، عەلیئاغا سالارعەشایری، مهاباد دیروز و امروز دەچنەوە سەر بەیتی باپیرئاغا و بۆچوونەکانی عومەرئاغا عەلییار.

لە بەشی یەکەمدا مێژووی ئەفشار کۆنترین سەرچاوەیە، دەوروبەری ٨٤ ساڵ دوای ڕووداوی باپیرئاغای گەورە نووسراوە. من کتێبی مێژووی ئەفشارم بە هۆی کۆنتر بوون بە ئەسڵ داناوە و هەموو سەرچاوەکانی بەشی ئەوەڵ و دووەمم بە ئەو گرتووە.

لە بەشی دووەمدا بۆڵتێنی شارەداری مەهاباد کە ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی ١٩٧٢ی زایینی نووسراوە، واتا «مهاباد: دیروز و امروز» کۆنترین سەرچاوەیە بە دوای ئەودا پێشەکییەکەی تۆحفەی موزەففەرییەی کۆڕی زانیاری بە قەڵەم و هیممەتی مامۆستا هێمن ساڵی ١٩٧٤ نووسراوە؛ سەرچاوەکانی تر دەکەونە دوای ئەو ساڵانە.

ئەوەی لە سەر سەرچاوەکانی بەشی دووەم پێویستە بگوترێ ئەمەیە، نووسەرانیان بۆ ڕاست کردنەوەی ساڵەکان خۆیان ماندوو نەکردووە و سەرلێشێواوییەکی تەواویان پێوە دیارە؛ ئەمەش هەڵەی زۆر زەقی لێ

کەوتۆتەوە. بەداخەوە زۆربەی بۆچوونەکانی سەرچاوەکانی ئەم بەشە خۆیان بێ سەرچاوەن.
- تورکانی ئەفشار ساڵی ١٠٣٨ی کۆچی مانگی، ١٦٢٩ی زایینی بەرانبەر بە ساڵی ١٠٠٨ی هەتاوی بە ٨٠٠٠ ماڵەوە لە ناوچەی موکریان، لە ورمێوە هەتا ساینقەڵا نیشتەجێ دەبن. ئەوانە دەبێ کاتی ڕوودانی کارەساتی باپیرئاغای گەورە زۆر بە دەسەڵاتتر بووبن. هاتنی ئەو ئەفشارانە ماکەی هەموو شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی ئەو چەند سەدەیەی ناوچەی موکریانە و شوێنەواری ئەمڕۆش هەر وا نەبڕاوەتەوە.
- خاڵە هاوبەشەکانی هەموو سەرچاوەکان: باپیرئاغای گەورە بە پیلانی ئەحمەدخانی موقەددەم بە سوارەکانیەوە دەکێشرێنە مەراغە بە سەر ماڵان دابەش دەکرێن و شەو هەموویان دەکوژرێن.
- لەمەڕ بداغخانی موکری و پێوەندی ئەو بە ڕووداوی باپیرئاغاوە مێژووی ئەفشار وەک کۆنترین سەرچاوە باسی ئەو دەست تێدابوونەی نەکردووە، بەڵام ئەوە دەنووسێ کە بە ئەمری عەلیمرادخانی زەند بداغخان لە جێی ئەحمەدخانی موقەددەم کرا بە حاکمی مەراغە. ئەحمەدخان دوای ساڵێک- واتا ١١٩٨ی کۆچی- گەڕاوەتەوە جێی خۆی. بە پێی مێژووی ئەفشار بداغخان ساڵی ١٢٠١ی کۆچی کراوە بە حاکمی سابڵاغ. ئەوە لەگەڵ زۆربەی سەرچاوەکانی بەشی دووەم یەک ناگرێتەوە. بداغخان کاتی ڕوودانی کارەساتی باپیرئاغای گەورە حاکمی سابڵاغ نەبووە. بداغخان ساڵی ١٢٠٣ی کۆچی بە دەست حاکمی ورمێ کوێر دەکرێ. بە پێی هەندێ لە سەرچاوەکانی بەشی دووەم بداغخان تا ساڵی ١٢٣٨ی کۆچی ژیاوە؛ بۆم ڕوون نەبۆوە ئەو ساڵە لە کوێوە هاتووە. دەستکیسی بداغخان بۆ کوشتنی باپیرئاغای گەورە هەر لە سەرچاوەکانی بەشی دووەمدا هەیە.
- باپیرئاغای گەورە ساڵی ١١٩٧ی کۆچی مانگی، ١٧٨٣ی زایینی. بەرانبەری ١١٦٢ی هەتاوی بە ١٠٠٠ سوارەوە لە مەراغە بە پیلانی ئەحمەدخانی موقەددەم دەکوژرێ. لە هەندێ سەرچاوەی بەشی دووەمدا ٩٠٠، ٢٠٠ و تەنانەت ٧٠ سواریش هاتووە.
- مامۆستا هێمن باپیرئاغای گەورە و باپیرئاغای دووەمی لێ تێک چووە

و ئەو هەڵەیە تەواوی بۆچوونەکانی لە ڕێسمە بردووە، بەتایبەت کە پێی وا بووە بەیتی باپیرئاغای نێو تۆحفەی موزەففەرییە باسی بابی هەمزاغای سەربڕاوە. بێتوو مامۆستا لە مەودای زەمانی ١٩١ ساڵەی نێوان ڕوودانی کارەساتی باپیرئاغای گەورە (١٧٨٣) لەگەڵ نووسینی وتارەکەی خۆی (١٩٧٤) ورد ببایەوە، هەرگیز نەیدەنووسی من مامبایزئاغای کوڕی باپیرئاغام دیوە کە سەد ساڵی تەمەن بوو و...

- ئەو زانیارییانەی لە سەر باپیرئاغای دووەم هەن بریتین لە: کوڕ یا نەوەی باپیرئاغای گەورەیە، ژنی زۆر هێناون، ١٤ تا ٢١ کوڕی بووە، ساڵی ١٢٣٥ی کۆچی مانگی بەرووزی بەستووە، لە شەڕی مامەشان کوژراوە.

- عەلیئاغای سالارعەشاریری ئاوا خۆی دەباتەوە سەر باپیرئاغای گەورە: عەلیئاغا، هەمزاغا، باپیرئاغای سێیەم، هەمزاغای سەربڕاو، باپیرئاغای دووەم، باپیرئاغای گەورە.

محەمەدئەمین بیژەنی، خاوەنی کتێبی «ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و هەمزاغای مەنگوڕ،» ئاوا باسی جەلەی شەجەرەی خۆی دەکا: محەمەدئەمین، برایم، عەلی، حەسەن، حەمەد (دایک برای هەمزاغای سەربڕاو)، خدری خدران، خدر (برای باپیرئاغای دووەم، عومەر و...

بەو پێیە نێوان باپیرئاغای گەورە و باپیرئاغای دووەم، عومەر ناوێک هەبووە. ئەوە ڕاست بەپێچەوانەی وتەی عەلیئاغای سالارعەشایرییە کە دەڵێ کاتێ باپیرئاغای گەورە دەکوژرێ، ژنەکەی دووگیان دەبێ. باپیرئاغای دووەم پاشبابە بە ناوی باپیرئاغای گەورە کراوە.

- بێتوو باپیرئاغای دووەم نەوە یا نەتیجەی باپیرئاغای گەورە بووبێ و ژنی زۆر هێنابن هەتا تۆرەمەی مەنگوڕان زیاد بکاتەوە، مەسەلەی «مێوەجاغی»ی مەنگوڕان کە لە بەیتی باپیرئاغادا باسی دەکرێ، مانایەکی نابێ. مەودای سێ نەسل پەنجا ساڵێک دەبێ؛ زۆر دوورە لە مەنتیق و ڕەوتی ڕووداوەکان کە دوای چل پەنجا ساڵ باپیرئاغای دووەم بێ و ژنان بێنێ و بۆشایی کەمی پیاو و شەڕکەران پڕ بکاتەوە و بە دوای تۆڵەدا بێ و دوای مردنی ئەو «مێوەجاغی» بە سەر مەنگوڕاندا بسەپێ. هەرچی مەودای باپیرئاغای گەورە و باپیرئاغای دووەم نیزیکتر

بێتەوە ڕەوتـەکە مەنتیقی‌تر دەبـێ. بۆیە وێدەچێ قسەی عەلی‌ئاغای سالارعەشایری ڕاست بێ کە دەڵێ باپیرئاغای دووەم کوڕی باپیرئاغای گەورەیە. مـەودای کوژرانی باپیرئاغای گـەورە (١١٩٧ی کۆچی) هەتا بـرووز بەستنی باپیرئاغای دووەم (١٢٣٥ی کۆچی) ٣٨ ساڵە و ئەو مەبەستە جێی سەرنجە.

- لە هەندێ سەرچاوەی بەشی دووەمدا باسی برایم‌سوڵتان هاتووە کە گوایە برای باپیرئاغای گەورە بووە و ویستوویە پێش چوونی ئەو بۆ سەفەری مەراغە بگرێ. پێویستە بگوترێ برایم‌سوڵتان مامەش بووە و بابی زێڕنی ژنی باپیرئاغای دووەم و خاڵی هەمزاغای سەربڕاوە. هەر لەوەوەیە تایفەی زێڕنێ خۆیان بە خوارزای مامەشان دەزانن.

# باپیرئاغای مەنگوڕ[1]

ڕەحمان بەکر[2]

گوێ ڕادێرنێ دیوانە[3]
گوێو لە من بێ دیوانە
سێ شەو و سێ ڕۆژانە
بۆو پکەم مەدحی[مەدحەی] شێرانە[4]
دۆلابی موکریانە[5]
قاقەز چوو بۆ عێلانە
بێ ڕەشەی ڕەسووڵ ئاغانە
دەگەڵ حەمەدی شینانە[6]
ڕابەریان ئەوڕەحمانە[ئاڕەحمانە]
چۆلیان کرد باگردانە[7]
بە عیززەتی سوبحانی
سبحەی دەگەڵ بەیانی
لەشکری باپیرخانی
ڕەنگ وەزیری ڕۆمیانی[8]
سوار بوو لە باگردانی
مەنگوڕی دە مێ وەجاغێ[9]
پیاو بوون لە سابلاغێ[10]
ئەدارەک [تەدارەگ] بۆ مەراغێ
بۆ مەراغەی ڕەوانە
سێ شەم سەری هەموانە[11]
بە سێ شەمۆی پڕ هونەر
باپیراغای پڕ جگەر
بداغخانی بوو دەستەبەر[12]
لە سابلاغێ چووبۆ دەر

دەڵێ هیچ پەرچت نایەتە بەر[پەرچد نایەنە بەر][13]
خالەق ساحب[سەحەب] سەفایە[14]
پەرچی دە وێ دنیایە
بە ئومێدی ئەو خوڵایە
لێیاندا دەهۆڵ و زۆڕنایە
ئەسپیان هاتە سەمایە[15]
زۆر خۆشن بۆ دەعوایە[16]
هومێد ڕەسووڵڵایە
ئەو کارە وا پێک نایە[پێگ نایە]
هات گەییە فەخرەقایە[فەقرەقایە][17]
لێیاندا دەهۆڵ و زۆڕنایە
حەوسەد کەسی ڕاگیرایە[18]
زەوقی باپیراغایە[19]
لێدەن لە تەپڵی شایە
شوکر وە بەر خوڵایە
مەکوژن سەید و مەلایە
قورعانیان دە سینگی دایە
هات گەییە خاتوون باغێ [20]
باپیراغای قۆچاغێ
دەگەڵ خانی سابڵاغێ
سەیری کەیف و دەماغێ
چوو لە عەجەمی یاغێ
باپیراغای خاڵ لە ڕوو
بە ڕۆژی سێ شەموو چوو[21]
عامی خەڵقی چوو لە دوو[22]
چاویان لێکرد بە فەندی
هات گەییە وەکیل کەندی[23]
حەوسەد سواری لە ڕەندی
سبحەینێ چێشتەنگاوە

قاسیدیان دەگێڕاوە[دەگەڕاوە]
چی ماوە دەنگیان داوە[٢٤]
قۆشەن نەبوو تەواوە
تەگبیریان لێ ڕۆناوە
سبحەی بەیانی داوە
هەر بزووت و نووسراوە[٢٥]
دوو عەشیرەتی ماوە
ئەغڵەب ڕمب نەزەرییە
یەک لە سەتی کەم نییە
بزانن مەسڵەحەت چییە
بێ تیپی مەڕنەکەنان[٢٦]
بۆیەی عالەم ڕاچەنان [بۆیە ئەقڵم ڕاچەنان][٢٧]
بە عەقڵم [ئاقڵم] ڕاچەنانە
مەقسوودیان گۆرانە[٢٨]
سولەیمان بە خۆ بە برانە[٢٩]
ڕایان کردە جلیتانە[٣٠]
مەسڵەحەتی هەمووانە
بچین بۆ سەر عەجەمانە
ڕابەرن بداخانە
مەراغەی بکەین وێرانە
بێن[بێین] ڕۆنیشین لێرانە[٣١]
مودەبیر کاک سولەیمانە
چونکە گەورەی عێلانە
چ دەفەرمووی گیانە[٣٢]
ئێرە دەبێ وێرانە
مارەیان بکەن ژنانە[٣٣]
ئیدی چلۆنە سەوزیخانە[٣٤]
هۆی سولەیمانی خەزاڵی
نەوەی ڕۆستەمی زاڵی

حەوت قۆببەی لە مەتاڵی
پێم نەڵێن ئەتۆ منداڵی
لە جلیتێی نەکرد[نەکرت] خاڵی[خالی]
وەک هەوران بە گەواڵی [گەوالی][٣٥]
دەکوژم ماڵ و تفاڵی [تالی]
درەنگە ڕێی [ڕێیە] مەکەن خاڵی [خالی][٣٦]
گەییە ئەڵڵاهووئەکبەری[٣٧]
لینگی دا پێش خانی بە موشتەری
دەڵێم: خان ئەتوو کوێندەری
نۆسەد سوار بە دەفتەری
دەڵێم: خانە لە ڕوحێم بوویە موشتەری[٣٨]
لە بۆ مەراغێن بەری[٣٩]
بۆ مەراغەی بردە خوار
یا بینای پەروەردگار
بە زار خۆشە نۆ سەد سوار
هەم ڕوحمبەر هەم جەبار
ئیزڕاییل بوو جلۆدار[٤٠]
بۆ مەراغەی بردە خوار
بۆ مەراغەی ڕاکشان[٤١]
ورشە ورشێ کەمبەران[٤٢]
بێنی میشک و عەنبەران [عەمبەران]
فەندی پەپاغ بە سەران
قەتن نابێ گوزەران
قەت ناتبێ [نانبێ] گوزەرانە
عەجەم زۆر بێ ئیمانە
لێن تێک دەدەن [تێگ دەدەن] مەکانە
سەرن دەبڕن لێرانە
خدراغای نەوجووانە[٤٣]
چووە سەر خانی بە ڕمبانە

بابە لێدەم[لێیدەم] ئامانە
باپیر دەلێتن کاکە
کەس ئەوێ مەسڵەحەتێ ناکا
بداغم دەگەڵ پاکە
هیچ دەهۆیەن لێ ناکا
تەگبیران بکەین چاکە
جێگاکەن زۆر غەمناکە
عەجەم یەکجار[یەگجار] هیلاکە[٤٤]
عەجەم هیلاک و زۆرزانە
چووە سەر جانی[خانی] بە ڕمبانە
دەڵێ بابە لێدەم [لێیدەم] ئامانە
بانگم وە بەر پادشای لە ژوور
خان ناردی دوور بە دوور
بڵباس هاتن بە جەمبوور
ڕانک [ڕانگ] ڕەشی چەکمە سوور
خان ناردی بە حوجەتە
بڵباسان تاڵحە و بەختە[٤٥]
بە سی ڕەختی دە زەردا[٤٦]
کاکەڕەشی نامەردا
هاتە خوارێ لە سەردا
ئیمانی پێ بوو هەردا
مەنگوڕی دە ڕمب جۆلانە[٤٧]
چاویان کەوت بە زێڕانە
وەژوو [وەژوورا] کەوتن یەکانە[٤٨]
چەند شیوی پڕ دەرمانە[٤٩]
چەندی شیشە و شەرابە
عەجەم بوون بە جەللابە[٥٠]
موکری بوون بە قەسسابە
هیچ کەس [کەسی] وا لێ دەرنابا

چلۆن دەبێ ئەو حیسابە
هەمووی مەستی شەوابە [شەرابە]
وای لێ [لێی] دەرنابا کەسە
خالەق تۆی فەریادڕەسە
مەرگە [مەرگی] بە هەرەوەزە[٥١]
بداغخان لێی بوو قەزا
ڕێکی دەدان بە خەزا
تایفەی خان باپیری
ڕێکی دەدان بە شیری
بوو بە خانەبگیری[٥٢]
ئیسلام قڕ بوو بە شیری[٥٣]
بە شیری قڕ بوو ئیسلام
تێیان دابوو قەتڵ وعام [قەتلوعام]
قەتڵ وعامیان [قەتلوعامیان] تێدابوو
سولەیمان بە خۆ و بە بران بوو
سولەیمان بە خۆ و بە برانە
دەردەچوو لە دەربانە
ئەگەر لە دەربان دەردەچوو
چوار و پێنجی کەوتە دوو
خەلاس [خەڵاز] بوونی بۆ نەبوو
بۆی نەبوو خەلاس [خەڵاز] بوونە
لەو کافری دە مەلعوونە[٥٤]
بەو ڕمبی دە سێ سوونە[٥٥]
بە داسی کەرەنتوونە[٥٦]
هەر وەک [وەگ] گەنمیان [گەنمان] دەدروونە
هەر وەک گەنم و سواڵە
دە خوێنێدا شەڵاڵە [شەلالە]
بڵباس [بلباس] حاڵت بێ حاڵە
لەو لای بێ شێرەخڕە[٥٧]

تۆپیان لێدا بە گوڕە
حەوتی لێ بوون بە وڕە
دەنگی لە عەرزێ بڕا
ئافەریم [ئافەرین] وەستای خەڕات[٥٨]
دەست بە خەنجەرێ دەدات
حەوت ماڵی کردن [کرد] بەرباد
وەستا عوزێری هەندوو[٥٩]
خەنجەری شام و تەشوو
لە بەر گەڕەکێ دا چوو
یەکی لێ خەلاس [خەلاز] نەبوو
هۆیە وەستا عوزێری[٦٠]
حەوت ماڵ بە وەجاغ کوێری
هەر یەکێکیان دەبوێری
ئاویتی جەزاییری
دابووی لە تەپڵی سەری
ئەویشی کرد بێ بەری
کوا مەرزینگ؟ کوا ئۆمەربل؟![٦١]
شۆڕەلاوی شل و مل
لە کۆلانان بوونە چل
بوونە چل لە کولانان [کۆلانان]
لەشی دە وان نەوجوونان[نەوجوانان]
کەوتبوون لە کۆلانان
لە کۆلان و کەناران
لەشی دە شۆڕەسواران
وەک بژانگی دە داران
سەریان گەییە حەساران
لە حەساری دە وا گرد
لە بلباسی دە وا خورت
لەش و کەلەش بوونە [بوون بە] پرد

عەجەم بە سەردا ڕابرد
هەر کەس میوانی خۆی کوشت. بە دەهۆڵ و زوڕنا هاتنە سەر باپیراغای.[٦٢] جا باپیراغا لە بداغخانی پرسی:
لە باپیراغای جندییە
لە بداخانی پرسییە
خان ئەو قوولە قوولە [قووڵە قووڵە] چیە؟
دەڵێ: یاپیری [باپیری] شۆگاییە[٦٣]
ئەوە دەهۆڵ و زوڕنا و شاییە
ئەوە پیشەی ترکییە
زەوقە لە بۆ خەڵقییە
ڕۆژێکی لە ڕۆژئاوایە [ڕۆژاوایە]
خان باپیر لە سەرایە
ئاوری تۆپخانەیان دایە
زەلیل باپیراغایە؛ لێرەی هیچ بۆ پێک نایە [پێگ نایە]
خدری شۆڕیان هەڵێناوە[٦٤]
لە پێش بابی ڕاگیراوە
حەمەسوور بە چەلەنگی
وەک شەمامەی حەوت ڕەنگی
هەڵیان ئەشکاوتە سینگی[٦٥]
کوڕ لە سەر سینگی بابی
لێیان دا بە جەللابی
توو قەت موسڵمان نابی
سبحەینێ ئەلەسەحەر[٦٦]
کوێت و بۆز و سەقەر [سەقر]
لە خاویان هێنا دەر
لێی کەن زینی موحتەبەر
توندی بکێشن تەنگە و بەر
پێی نا لە ڕکێف کەوتە سەر[٦٧]
سوار ببێ پەپاغ بە سەر[٦٨]

پەپاغ بە سەر سوار بێ
خێڵی [خێلی] فەقیر هەژار بێ[٦٩]
موکری هەر وا داغدار بێ
هەر هاوار و لێدان بێ
هەر هاوار و لێدانە؛ بێ سەردار و خێزانە
دەڵێی مەڕێ بێ شوانە
پەخش بوون لە زەویانە
دۆڵابی بەگزادانە[٧٠]
سەرکردەی موکریانە
خراب بوون ئەو کارانە
بە قڕیدان موسڵمانە
یەکیان نەمان ئەوانە
هومێد [حومێد] بوداغ سوڵتانە[٧١]
قبووڵ نەکا لەوانە
بۆچ بێ[بە] دینی غەیانە
وای کرد بۆ عەجەمانە
پێیان نەکا موتمانە [مەتمانە]
غەلیزن ئەو سەگانە
نەمرە ئەو بداغخانە[٧٢]
ناترسێ لە گۆڕخانە
چییان کردبوو بەستەزمانە؟
ماڵی خۆی کرد وێرانە
کەسی نەهێشت [نەییێشت] لە عێلانە
ڕەببی سەدجار شوکرانە
چونکە پێشکار شەیتانە
دەست هەڵگرێ لەو کارانە
هات و گەییە کارێزێ[٧٣]
منداڵی پڕ ئامێزێ
ئێخسیر [ئەخسیر] چوونە تەورێزێ

هات و گەییە دریازێ
مەحبووبیان بژارد لە ڕێزێ
هاتە خوار لە لاچینی
لەت بێ لە نێوی زینی[٧٤]
لە بڵباس [بڵباسی] بە قینی
برایم ئاغا بێ لە سەردا[٧٥]
تاقە سوارەی بێ گەردە
خێزانێ دێکدی [خێزانی دێگدی] وەردا
دێکدی [دێگدی] وەردا خێزانە
حەسەنی بەکرئاغانە
مێردە [مێردی] ڕۆژی تەنگانە[٧٦]
بەری هەڵنەدا گۆرانە
مەلا ڕەسووڵ[مەلا ڕەسوول] بێ فەڕە
دە پێش [پێژ] بداغی گەڕا
خانە بەسی بێ ئەو شەڕە
ئیسلام پاک[پاگ] وەرگەڕاوە
هەتتا سێڵێی [سێلمێ] هەڵناوە
تا سێلم و بەیتاسی[سێڵم و بەیتاسێ][٧٧]
ئێخسیر بە سێ عەبباسی[٧٨]
بە سێ عەبباسی ئێخسیر
زینی ڕۆمیان و بارگیر
لە سەری بوو ڕمب و شیر
بداغخانی جیهانگیر[٧٩]
بداغخان بوو لە دوایی
هەزار مەڕی شۆگایی
هەر هەرزانە؛ خۆڕایی
دەیاندا مەر و شایی[٨٠]
بزنێک بێنێ دوو کارە
لە مووی بکرێ دەوارە

بەهای بزنێم دوو پارە[٨١]
هەزار گای بێ جووت بەندە [جوودبەندە][٨٢]
قیمەتی گای خولابەندە
بڵباسان کاریان گەندە[٨٣]
لە بڵباسی گرد و مرد[٨٤]
خزمەتی خانیان نەکرد
بۆیە بەدیان بۆ ڕابرد
خان عەرزی شای لە وان کرد
بۆیەیان تەگبیر لێکرد
خان گوتی: خزمەت[خزمەد] بە گەرمێنیان کرد[٨٥]
بۆیە پاکی برد قڕی کرد
قڕی کرد لە زەمانی
بنۆڕنە تەگبیری خانی
وا گوزەران دەزانی
ئەمینی دەوڵەتانی [دەولەتانی]
بڵباس زۆر بەستەزمانی
خزمەتوو نەکرد بە خانی
بۆ خۆو پەیدا کرد غەیانی
تایفەی بداغ سوڵتانی
لە کن پادشای ڕەوانی[٨٦]
مەنگوڕ زۆر بەستەزمانی
بەستەزمانی بێ شومار
نەیاندا خەرج و بێگار
خانیان لێ بوو دەعواکار[٨٧]
هاتنە پێش[پێشێ] پیادە و سوار
ماڵیاتی نادەین چ جار
وای گوت باپیری نازدار
بۆخۆم دەبمە حاکمی شار
خانی دەردەکەم ئەوجار

خانی دەردەکەم یەقین
بۆخۆم دەبمە جێنشین
دەڵێم بەگزادە چ نین
ئەگەر ئەو قسە هات ڕابرد
خان ڕۆنیشت تەگبیری کرد
قسەی خۆیان پاک[پاگ] یەک کرد
عەرزی پادشایان دەکرد
پادشا لە وانی قبووڵ کرد
بداغخانی گرد و خورد
مانگێکی دی سەبری کرد
پاک مەنگوڕی وەخرِ کرد
سەرتاپای خەڵات کرد
بداغخان گوتی: بمێنم
باپیر ئەمنت دەزبێنم[88]
سابڵاغێت بۆ دەستێنم
باپیر مەبە ئینتیزار
دەبێ ببیە حاکمی شار
لەبەرم هەیە یەک کار
کارم هەیە لە وێندەرێ
جارێ دەنێرم چەپەرێ
چەپەرێکی بە ڕەوان[89]
بۆ کن پادشای بە دڵ و گیان
مەراغەی بکەم وێران
پادشای دەکەم بێ خودان[90]
بۆخۆت[بۆخۆد] ببە ئاغای هەمووان
لە مەنگوڕی گرد و مرد، قسەی خانیان قبووڵ کرد
بە حەوتوێکی پاکی وەخرِ کرد
بە سابڵاغێ تەگبیر کرد
گوێو لە من بێ گەلی جەماعەتێ[91]
کەس بە بەگزادان هەڵنەخەڵەتێ [هەڵنەخەلەتێ].

## بۆچوون و پەراوێزەکانی بەیتی باپیر ئاغای مەنگوڕ

١- ئەو دەقە لە کتێبی تۆحفەی موزەففەرییەی کۆڕی زانیاری هەڵگیراوەتەوە و لەگەڵ دەقە لاتینییەکەی بەراورد کراوە و جیاوازییەکان خراونە نێو نیشانەی [ ] . هەموو بداخان»ەکانی نێو دەقەکەم کردووەتە «بداغخان». بۆ زانیاری لە سەر ئۆسکار مان براونە پەراوێزی ژمارەکانی ٧٨٧ و ٧٨٨ی دمدم.

ناوی تەواوی ئەو بەیتە لە تۆحفەی موزەففەرییەدا «بەیتی باپیرئاغای مەنگوڕ، بابی هەمزاغا»یە. پێوە لکانی ئەو هەمزئاغایە هەندێ دڕدۆنگی و شڵەژاوی خستۆتە نێو بۆچوونەکان. ئێمە نازانین ئۆسکار مان ئەو هەمزئاغایەی هەر بە هەمان هەمزئاغای بەناوبانگ گرتووە کە بە دەستی ئەمیرنیزام لەساڵی ١٨٨١ کوژراوە یان نا، بەڵام مامۆستا هێمن لە پێشەکییەی خۆیدا تووشی ئەو هەڵەیە هاتووە!

باپیرئاغای گەورە ساڵی ١٧٨٣ی زایینی لە مەراغە بە سوارەکانییەوە بە دەستی ئەحمەدخانی موقەددەم دەکوژرێ.

باپیرئاغای دووەم دەڵێن ١٨ ژنی هێناوە و وەچەی مەنگوڕانی لێکەوتەوە؛ بابی هەمزئاغای بەناوبانگە. ئەو باپیرئاغایە بە دەست مامەشان دەکوژرێ و ئێستا ئەو شوێنەی لێی کوژراوە بە «باپیرکوژراو» مەنشوورە و کەوتۆتە بەری نەڵێن و بە پێی هەندێ نووسراوەی بێ سەرچاوە - کە بۆ یەکەم جار لە بۆچوون و نووسراوەکانی عومەر عەلییاردا هاتووە، ساڵی ١٢٣٥ی کۆچی، ١٨٢٠ی زایینی سەری هەڵداوە.

مەودای نێوان کوژرانی باپیرئاغای گەورە و هەمزئاغا ٩٨ ساڵە. باپیرئاغا ساڵی ١٧٨٣ی زایینی بەرانبەری ١١٩٧ی کۆچی مانگی، ١١٦٢ی هەتاوی کوژراوە. ساڵی کوژرانی هەمزئاغا ١٨٨١ی زایینی بەرانبەرە لەگەڵ ١٢٩٨ی کۆچی مانگی و ١٢٦٠ی هەتاوی.

ئۆسکار مان لە پێشەکی کتێبە ئالمانییەکەی خۆیدا نووسیویە:

«له سەر ئەو بەیتە بەو شێوەیە بۆیان گێڕاومەوە؛ بداغخانی حاکمی سابڵاغ کە لە بنەماڵەی بەگزادەی سولەیمانییەیە (واتا باباميرييەکان)، بۆ زانیاری پتر بڕوانە کتێبەکەی ڕاولینسۆن، لاپەڕە ٣٥ بەو لاوە، بە پێی دەستووری شای فارسان تەمایان گرت مەنگوڕە سەرکێشەکان بێننە ژێر ڕکێفی خۆیان. بداغخان ڕایسپاردە سەرۆکی مەنگوڕان، باپیرئاغا، کە بێ و بە یارمەتی ئەو، مەراغە تالان بکەن. باپیرئاغا ئەو پێشنیارەی قەبووڵ کرد و بە یارمەتی شیعەکانی مەراغە کەوتە داو...»

هەر وەک دەبینن بابەتەکە شڵەژاوی تێدایە و ئەو زانیارییەی دراون بە ئۆسکار مان ناتەواون.

٢- بڕوانە ژمارە ٧٨٧ و ٧٨٨ی پەراوێزەکانی بەشی دمدم.

٣- وشەی «دیوانە» وێدەچێ ئەو بەیتە سەرەتا لە دیوان و دیوانخانەکان گوترابێ و بە مەجاز بە مانای ئەوانەی لە دیوەخان حازرن و گوێیان لێیە هاتبێ.

٤- واتا ئەگەر سێ شەو و سێ ڕۆژان باسی قارەمانەتی مەنگوڕان بکەم تەواو نابێ.

٥- بەیتبێژ هەر لە سەرەتاوە بە هێنانەوەی وشەی «دۆلاب» (فێڵ و مەکر) و نیسبەتدانی بە موکرییەکان، ماکەی ڕووداوەکە دەخاتە ڕوو؛ کە بریتییە لە کوژرانی مەنگوڕان بە دەهۆ و فێڵی حاکمانی موکری.

٦- بەیت ڕێک دەچێتە سەر ساز بوونی سوارەی مەنگوڕ بۆ سەفەری مەراغە. ئۆسکار مان لە پەراوێزی تۆحفەی ئالمانییەکەیدا دەڵێ: ڕەشەی ڕەسووڵئاغا و حەمەدی شین دوو کەس لە سەرۆکانی مەنگوڕن.

٧- وا دیارە سەرەتای سەفەری باپیرئاغا بۆ مەراغە لە گوندی باگردانەوە دەستی پێکردبێ و ئەو گوندە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەو بووبێ. هەر ئێستا لە ناوچەی مەنگوڕان کە دەکەوێتە باشوور و باشووری ڕۆژاوای مەهاباد، دوو گوند بە ناوی باگردان هەیە: باگردانی سەرێ و باگردانی خوارێ. وێدەچێ باگردانی خوارێ کۆنتر

بێ. باگردانی خوارێ کەوتۆتە نێو ئاواییەکانی: حەسەنچەپ، قەشقونە، قەرەقاچ، زێوە، سمێنوو، شێخان و باگردانی سەرێ.

باگردانی سەرێ کەوتۆتە نێوان گوندەکانی: حەسەنچەپ، باگردانی خوارێ، قەرەقاچ، خانەگێ، زێوە و شێخان. (فەرهەنگی ئاواییەکانی مەهاباد، ل ٤٠- ٤٢)

٨- ئەم ڕستەیە سیفەتە بۆ باپیرئاغا؛ واتا وەک وەزیری دەوڵەتی عوسمانی وایە. بەیتبێژ لە ڕووی ڕواڵەت و ڕوخسار و قەڵافەتی باپیرئاغا، دەیەوێ ئەو بە پیاوێکی بەوەجی نیشان بدا. لە موکریان و هەندێ ناوچەی کوردستان، وشەی ڕۆم بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەکار هاتووە.

٩- بە پێی بەڵگە و سەنەد و بۆچوونی بەساڵاچووان «مێوەجاغی» دوای ڕووداوی مەراغە خراوەتە پاڵ مەنگوڕان. وا دیارە بەیتبێژ لە دانانی بەیتی باپیرئاغا، وەک هەڵەیەک بە سەریدا ڕابردووە. مێ وەجاغی ئەودەمە درا بە مەنگوڕان کە پیاوەکانیان لە ڕووداوی مەراغەدا کوژران و بەڕێو بردنی ماڵ و منداڵ کەوتە دەست ژنەکانیان.

شێوەی ساز بوونی وشەی تێکەڵاوی مێ وەجاغی هەم لە باری زمانییەوە جێی سەرنجە و کۆنتر و کوردانەترە لە «دایکسالاری» و هەم لە باری کۆمەڵایەتییەوە. پاراستنی وەجاغ تەنیا بۆ نێر بووە و بێت و بکەوێتە ئەستۆی مێ، دەبێ هەڵاواردە بکرێ و بە «مێ وەجاغی» بناسێندرێ؛ چونکە بابەتەکە لە قاعیدە لای داوە. ئۆسکار مان لە تۆحفەی ئالمانییەکەیدا مێ وەجاغی بە ناوی تیرەیەکی مەنگوڕ هێناوەتەوە.

١٠- لەمەڕ «پیاو بوون» بە مانای «دابەزین»، بڕوانە پێشەکی تۆحفەی موزەففەرییەی کۆڕی زانیاری و وتەکانی مامۆستا هێمن.

ئەوەی دەتوانم لە قسەکانی مامۆستا هێمنی زیاد بکەم ئەوەیە کە هەتا ساڵەکانی دوایی ئەرباب و ڕەعیەتی، بەتایبەت لە ناوچەی موکریان، کاتێ ئاغا سواری ئەسپ دەبوو، یەکێک لە پیاوەکانی ئاغا دەبوایە لغاوی ئەسپەکەی لە تەنیشتەوە گرتبا و بە پێیان هاوڕێیەتی ئاغای کردبا. بەو کەسەیان دەکوت «پیاو». ئەو جۆرە

پیاوانە دەبوایە پیادە بن. وێدەچێ «پیاو بوون» بە مانای «دابەزین» لەو پیادەیەوە هاتبێ.

١١- مانای ڕستە: سێشەممۆ لە هەموو ڕۆژەکان چاکترە. بە پێی ئەو ڕستەیە باپیرئاغا و سوارەکانی ڕۆژی سێشەممۆ لە سابڵاغ بەرەو مەراغە وەدەر کەوتوون. ساڵی ڕووداوەکە ١٧٨٣ی زایینییە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک ئاماژەی بە مانگی ڕووداوەکە نەکردووە. ئۆسکار مان نووسیویە ڕۆژی سێشەممۆ بە لای کوردانەوە شومی باشە.

١٢- دەستەبەر بە پێی هەنبانەبۆرینە لە ملە خۆ گرتن و زامین بوون دەگەیەنێ. بە پێی ئەو ڕستەیە وا دەردەکەوێ کە باپیرئاغا لە چوونە مەراغە دڕدۆنگ بووە و بداغخان دڵنیای کردووە کە هیچ مەترسییەک لە ئارادا نییە. هەر ئەو ڕستەیە دەست بە یەک کردنی بداغخان و ئەحمەدخانی موقەددەم دەگەیەنێ. ئەو سەروبەندی بداغخان حاکمی سابڵاغ نەبوو؛ بەڵکو محەمەدخانی کوڕی شێخ عەلیخانی کوڕی مووساخان حاکم بووە کە دەبێتە برای بداغخان.

بە پێی وتاری «نیم‌نگاهی بە گذشتە مهاباد» بە قەڵەمی سەید محەمەد سەمەدی ئەو سەروبەند ئەوانە حاکمی سابڵاغ بوون: خوسرەوخانی موکری (هاوچەرخی زەندەکان) ساڵی ١١٩٣ی کۆچی مانگی، شێخ عەلیخان کوڕی مووساخان ساڵی ١١٩٤، محەمەدخان کوڕی شێخ عەلیخان ١٢١٢ و بداغخان کوڕی شێخ عەلیخان ١٢٣٨. لیستەی حاکمانی سابڵاغ بە پێی کتێبی چاپنەکراوی «مهاباد بر قلە تاریخ کردستان» بە قەڵەمی «عومەرئاغا عەلییار» : شێخ عەلیخانی کوڕی مووساخان ١١٨٨ی کۆچی مانگی، محەمەدخان کوڕی شێخ عەلیخان ١٢١٢، بداغخان کوڕی شێخ عەلیخان ١٢١٣، ئیبراهیمخان ١٢٣٦.

ئەو زانیارییانە لە باری ساڵەکانەوە هەڵەیان تێدایە. بڕواننە پێشەکییەکان.

ئۆسکار مان لە پەراوێزی تۆحفەی ئالمانییەکەیدا دەنووسێ: بداغخان بابی ئەو عەولاخانەیە کە هەباسئاغای لە ساڵی ١٢٥٦ی

کۆچی مانگی کوشت.

١٣- فاعیلی ڕسته بداغخانه و باپیرئاغا دڵنیا دەکا لەو سەفەرەدا هیچ موشکەلەیەکی بۆ ساز نابێ. دیاره لێرەدا له مانای مەجازی «پەرچ» کەلک وەرگیراوه واته مانیع و گرفت. ئۆسکار مان پەرچی مانا کردووەتەوه که سەری بزماری ناڵه و بۆ ئەوەی هەڵنەکشی نووکی خوار دەکەنەوه.

١٤- ئەو ڕسته و ڕستەکانی دواتر نیشانەی دڵنیابوونی باپیرئاغا دەگەیەنێ و خۆی داوەته دەست قەزاوقەدەر.

١٥- له شایی و شەڕەکاندا ڕمبازێن و غارغارێنی ئەسپ به دەهۆڵ و زوڕنا دەکرا و جۆرێک مەیدانداری و وره پێدان بووه. ڕمبازێن ئاهەنگی تایبەتی خۆی هەبوو و ئێستاش شوێنەواری له نێو مۆسیقای کوردیدا هەر ماوه. عوسمانه سووری نایەژەنی بۆکانی به نایه ئاهەنگی ڕمبازێن به شێوەیەکی زۆر هونەرمەندانه دەژەنێ.

١٦- فاعیل دەتوانێ هەم سوارەی مەنگوڕ بن و هەم ئەسپەکان.

١٧- فەقرەقا: له بیست کیلۆمەتریی شاری مەهاباد بەرەو جادەی میاندواو، له دەشتی شاروێران، پەنا ئاوایی ئیندرقاش، له بەشی بەردینی کێوێکدا، هۆدەیەک هەڵکەندراوه که فەقرەقای ناوه.... بەشی بەردینی کێوەکه ڕوو به مەهاباد، ڕێک و ساف کراوه و هۆدەیەکی چوار ئەستوونی لێ داتاشراوه، که باشترین شوێنەواری مێعماریی سەردەمی مادەکانه. له سەر کێوەکه، لەتکه سواڵەت و قەبری کۆن و پاشماوەی بەردچنی دیواری قەدیم و شوورەی دێرین دەبینرێ، به وانەوه دەردەکەوێ فەقرەقا له سەردەمی خۆیدا گرینگترین کۆمەڵگا و قایمترین قەڵای ناوچه بووه. ئەو شوێنەواره له ئامێزی کێو دایه و دەستپێڕاگەیشتنی هاسان نییه. عەرزی هۆدەکه تەخت نییه و لای ژووروو نزیکەی ٢٠ سانت بڵێندتره. چوار ئەستوونی تێدایه که دوویان کەوتوونه دیوی ژوورێ و دوانی تری له پێشەوەن و له دەرێڕا دیارن. ئەستوونەکان خڕن و دەوریان ١٧٦ و بڵندایییان ٢٢٠ سانتیمەتره. ئەستوونەکان له سەر و خوارەوه به هۆی سەرستوون و ژێرستوون به میچ و

عەرزەوە لکاون و هەموو یەکپارچەن. لە بەشی ژوورووی تەختی هۆدەکە کە ٢٠ سانت بڵیندترە، سێ قەبر داتاشراون؛ یەک لە لای چەپ کە گەورەیە و دوانیش لە لای ڕاست کە یەک ئەندازەن و لە تاکە قەبرەکەی لای ڕاست چووکترن....لە بن زارکی هۆدەکە، واتە لە سەر ڕووکاری دەرێ، وێنەی تیرێک هەڵکەندراوە کە با و باران و تێپەڕبوونی زەمان، وردە وردە هەڵیانپەرتاوتووە و ئێستا بەشی زۆری سـواوە. سەبارەت بەم وێنەیە، هەندێک لە کۆنینەناسان ڕایان وایە کە فەقرەقا لە سەردەمی خۆیدا دەبێ هەماری چەک و کەرەسەی جەنگی بووبێ. ئەم هۆدەیە چەندین جار لە لایەن لێکۆڵەرانی بیانی وەک: ڕاولینسۆن، هۆم، دمۆرگان، ئورل ئوستین و هرتسفلدەوە چاوی لێکراوە. هرتسفلد ڕای وایە کە فەقرەقا قسنی یەکێک لە شازادەکانی مادی وڵاتی مانابییە و مێژووی ئەو دەباتەوە نێوان ٨٤٠ هەتا ٦٦٠ ی پێش زایین؛ بە ڕاییکی تر، ٧٠٨ هەتا ٥٥٠ ی پێش زایین. فەقرەقا لە ڕیزی شوێنەوارەکانی نەتەوایەتیی ئێراندا، بە ژمارەی ٢٨٨ تۆمار کراوە. جگە لەم ناوە، فەخراگاە، فرەگاە، فرەئاگرە و فەقرەگاشیان پێگوتووە. (وتار: فەقرەقا، سروە، ژمارە ٩)

... فەقرەقا لەگەڵ دوو شوێنەواری مێژووی «بەردەکونتێ» و «دریـاز» لە سێ گۆشەی موسەللەسێک لە دەشتی شاروێران هەڵکەوتووە. ستوون و ژێرستوونەکانی بەڕواڵەت وەک شێوەی میعماری یۆنانی دەچـن، بـەڵام بـە وردە لـێوردبوونـەوەیـەک دەردەکەوێ نەک وە ئەستوونەکانی ئاناهیتای کەنگاوەر ناچن، بگرە لە وی کۆنترن.... یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی قەبرەکانی دەورانی مـاد ئەوەیە لە قـەدی ڕەوەزان ڕوو بە باشوور سـاز دەکـران. دیاکونۆف دەڵێ فەقرەقا، فەخریک باکووریترین گۆڕی مادانە.... دیاری کردنی مێژووی ساز بوونی دژوارە....گریشمەن بە گڵکۆی شازادەیەکی مادی دەزانێ. (تمدن مهاباد، پێدڕام)

١٨- لەمەڕ ژمارەی ئەو سوارانەی لەگەڵ باپیرئاغا لەو ڕووداوەدا تێدا چوون بۆچوونی جۆربەجۆر هەیە. لەو دەقـەدا ٧٠٠ سـوارە، لە

هەندێ نووسراوەدا ۱۰۰۰. لە وتاری دوکتۆر جەواد قازی ۲۰۰، لە وتووێژەکەی عەلیئاغای سالار عەشایری تەنانەت ۷۰ سوارە. چوون بۆ شەڕ پێویستی بە جەنگاوەری زۆرە، هەر بۆیە ژمارە کەمەکان جێی متمانە نین.

۱۹- باپیرئاغا دەستووری دەدا لە تەپڵی شادمانی بدەن، شوکری خودا بەجێ بێنن و لەو شەڕەدا بە حورمەتی قورعان سەید و مەلا نەکووژن. ئەم شێوە گێڕانەوەیە هەم هێز و غەرڕەیی و دەسەلاتی باپیرئاغا دەگەیەنێ و هەم لە بنەبانی وشەکاندا خوێنەر هەست بە تەنزێکی تاڵ دەکا.

۲۰- خاتوونباغ: گوندی خاتوونباغ لە ۱۹ کیلۆمیتری ڕۆژهەلاتی مەهابادە، لە ناوچەی محاڵ هەڵکەوتووە. گوندەکانی دەوروبەری خاتوونباغ بریتین لە: بەردەمێش، گوێگتەپە، عەولاباد، ئازاد، تیکانلووجە و کەرێزەی ئالیبایز. (فەرهەنگی ئاواییەکانی مەهاباد، ل ۸۰)

۲۱- بڕوانە پ. ۱۱.

۲۲- بە پێی ئەو ڕستەیە و ڕستەکانی دواتر وا دیار باپیرئاغا سوارەیەکی زۆری لەگەڵ چووە. بڕوانە پ ۱۸.

۲۳- گوندی وەکیلکەندی ئێستا تورکنشینە و لە نزیک میاندواو هەڵکەوتووە.

۲٤- وا دیارە مەنگوڕان بۆ کۆ کردنەوەی لەشکر دەوروبەری خۆیان هان داوە ڕەگەڵیان کەون. ئەو چەند دێڕەی دوایی ئەوە نیشان دەدا؛ بەلام بەیتبێژ ئەم بابەتەی لە بەیتەکەدا کەمێک دوا خستووە. ئەو کارە سەری تا ڕادەیەک لە ئۆسکار مان شێواندووە؛ هەر بۆیە لە پەراوێزی تۆحفە ئالمانییەکەیدا نووسیویە ئەوەی لەو دوو بەندەدا دەیڵێ ڕوون نییە.

۲٥- مانای ڕستە: ئەوەی هات نووسییان.

۲٦- مەڕنەکەنە: لە مەنگوڕایەتی، جیا لە کادەروێشییەکان کە ئاغاوەتی ئەو ناوچەیەن، هەندێ تایفەی دیکە دەژین کە گوایە بەر لە هاتنی کادەروێشییەکان، دانیشتووانی سەرەکی ئەو ناوچەیە بوونە. ئەوەی

ڕاستی بێ جێگە و پێگەی کادەرویشییە مەنگوڕەکان ئەوەندە پڕ دەنگ و پڕ هێز بووە، سێبەری تەواوی خستۆتە سەر هەموو تایفەکانی ئەو ناوچەیە و بایەخی کەم کردوونەوە. یەکێک لەو تایفانە «مەڕنەکەنە» یە.

بەر لەوەی بکەومە پێوشوێنی مەرنەکەنان، پێموابوو بە هۆی کەمی و بێ دەسەڵاتیان لە ناوچەدا پێویست نییە بە وردی و قووڵی لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ، بەڵام زانیارییەکانی مەلا برایمی مەڕنەکەنە هێنامیە سەر ئەو باوەڕە کە وەک تایفەیەکی گەورە لە مەڕنەکەنان بڕوانم. هیوادارم کەسانێک پەیدا ببن و زیاتر لە سەر ئەو تایفەیە بکۆڵنەوە و زانیاری کۆوە بکەن.

پوختەی وتەکانی مەلا برایمی مەڕنەکەنە: مەڕنەکە تایفەیەکن لە عەشیرەتی مەنگوڕ. پێش هاتنی کادەرویشییەکان، مەڕنەکەنەکان لە کیتکە و قۆیتەڵ ژیاون و ئەوێ خاکی خۆیان بووە. دەڵێن مەڕنەکەنە لە ئێراقیڕا هاتوون. دەڵێن مەڕنەکەنە سەرەتا سێ برا بوون و مەڕنەکەنە لەو سێ برایە کەوتوونەوە: ١- بەرەبابی نۆکەرەشە؛ ئەوانە کشتوکاڵیان کردووە. ٢- بەرەبابی چێلدۆش؛ ئەوانە تاژەڵدارییان کردووە. ٣- بەرەبابی هەڵەسی؛ ئەوانە کاری دار و ڕەژییان کردووە.

مەڕنەکەنەکان لەو گوندانە دەژین. ئەو دێیانە ئی دۆڵی شێخانن: بێنگوین، خانەگێ، حەسەنچەپ، گۆمەڵیان، زێوە، ئەسحاب، حاجیمامیان، سیاقۆڵی سەرێ، سیاقۆڵی خوارێ، قاوەخانەی سیاقۆڵ، شێخان، دێبۆکر، کەوتەر، برایمە، سێلم، سێلم ساغوڵ، داغە، مەزرا، کەڵەدەنداوا، باگردانی سەرێ، باگردانی خوارێ، سەرتەنگ، سەرهۆڵان، سمێنوو، پەڵکێ، کۆخان.

ئەوانەی دۆڵی ڕەنێ: بەیتاس، قاوەخانەی عەولاکوردە، کاوەیس، هەمزاوا، قازیاوا، داشتەمر، تاجبڵاغ، دووسەید، خاتوون ئەستێ، ئامێد، مازەڵە، گوڵیار، کامەم، ئۆزندەرێ، کەوڵە.

ئەوانەی دۆڵی ئافانێ: سلۆک، ئافان، ئاغاسوور، میرەسێ، هەرمێ، سەرتان، مرانە، سۆڵغە.

ئەوانەی دۆڵی قۆزلووجە: گیادروان، قۆزلووجە و خڕەجۆ، تیتلویَ.

شەڕی عرووسی هەوەڵ ئەمە نۆ نەفەرمان لە تیتلویَ کوژراوە. کاولەکانی ئەو دێیە هەتا ئەو ساڵانە هەر مابوون. مەڕنەکەنە زۆرن، هەر ئێستا نزیک ٤٠٠ ماڵیان لەو سابڵاغە دەژین. قۆیتەڵ، شارەزوور، کیتکە و یەڵتەمر مەسکەنی ئەسڵی مەڕنەکەنان بووە. ئەو ئاغایانە چۆنیان لیَ ئەستاندوون نازانم.

بەشێک لە بنەماڵە بەرچاوەکانی مەڕنەکەنان، حاجی خدری مینەی کاکی لە زێوە، حاجی سینکە لە مێرگەرۆ، مەولوودی گوڵاوی لە خاتوون ئەستیَ، ئەحمەدەڕەشی داودی لە خاتوون ئەستیَ، میرزا عەوڵای سوڵتانی لە سێلم ساغوڵ، هەمزە کوردە لە سێلم ساغوڵ، سێمانی قادری لە سیاقۆڵ، ڕەسووی باباجی لە گیادروان، حاجی خدرە مەرە لە سەرشاخان، کوێخا عەلی گللێر لە خاتوون ئەستیَ، ئەحمەدی عەلی کەی قاوەخانە، قادر قەرەچۆم لە سێلمیَ، حاجی ڕەسووی مەزرایە، کوێخا عەلی زێوە، برایم بیَ کراسی داغە، کوێخا برایمی ئەحمەدی خەلیفی لە سمێریَ، کوێخا برایمی شێخەکۆڵی قۆزلووجەی، ئەحمەدی خدری لاڵەی سێلمیَ، کاکەمەمیەکان لە سەرتان و سێلم ساغوڵ، سۆفی سوارەی سێلم ساغوڵ، حاجی سەیدی کۆخان.

مەڕەنەکەنەی پەڕاکەندەن لە دەشتی شارویَران، لە هەنگەویَ، لە قوڕووچاویَ، لە دایەشێخی، لە پیرانشار، لە گرباساک، لە قەڵاتاسیان، لە کەوپەڕ، لە ترکەش. هەروەها لە دۆڵەتووی گەرمێن، لە گۆڕەشێر، لە سیکەنە و سەرخانان، بەستەستێن، مارەدوو، ڕەزگە، قەبری وسێنی، ئاڵیڕەش، زوودان، شەروێتیَ، سیدەڵان، سونیَ، زێوکە، دووچۆمان، سێپەکان، کەڵەکۆکە، سەیداوا و کانیگەردە.

مەڕنەکەنە زۆر سەلیم و هێدین و کاریان بە کەس نەبووە. «شەم»ی ژنی باپیرئاغا [ی دووەم] مەڕنەکەنە بووە و تایفەی شەمیَ خۆیان بە خوارزای مەڕنەکەنەکان دەزانن. لەو ٧٠٠ سوارەی کە لەگەڵ باپیراغا چوونە مەراغە ٣٥٠ سواریان مەڕنەکەنە بوون و

لەو باگردانەیڕا ڕۆیشتوون. نیوەی لەشکری باپیرئاغای مەڕنەکەنە بوونە.

حاجی سەکر خەڵکی برایمەی دەیگوت مەڕنەکەنە ساحەب مەڕ بوونە بۆیە ئەو نێوەیان لێناون. ئەوە قسەی وییە دەیکوت ئارامیشن وەک مەڕی. مەڕنەکەنە خۆیان دەرگیری هیچ لایەک نەکردووە؛ ئێستاش هەر ئارامن. ئێستاش بە شین و شایی یەکەوە زۆر ماندوون. وە نەبێ زوڵم و زۆرییان قەبووڵ کردبێ، بەڵام سەرکەش و توندوتیژ نەبوونە.

مینەی کاکی لە نێو مەڕنەکەنان زۆر بەنێوبانگ بوو، قسەیان لە قسەی نەدەکرد، سەد ساڵێک لەوە پێش ژیاوە. مەڕنەکەنە زۆر سالم و بێ دەهۆ و فێڵن، حەیا و عەدەب لە نێویاندا زۆرە. چەند ژنی لە نێویاندا کەمە.

(سەرچاوە: مام کاکی مەڕنەکەنەی مەنگوڕ «مەلا برایمی مەڕنەکەنە» ناسراوە بە «مەلا برایمی حاجی عەلی حاجی خدری مینەی کاکی مەڕنەکەنە» کارمەندی شەبەکەی بێهداشت و دەرمانی مەهاباد. وتوویژ ١٣٩٠/١٢/١٧ی هەتاوی).

٢٧- بەیتبێژ لەو هەموو تەدارەک و خۆ ساز کردنە نیگەرانە. ڕاچەنین کاردانەوەی لەشە لە ئاست مەترسییەکی لەنەکاو. ئۆسکار مان ئاماژەی بەوە کردووە، دەڵێ ئەوەی ڕاچەنیوە بەیتبێژەکەیە.

٢٨- مانای ڕستە: دەیانەوێ هێرش بەرنە سەر گۆرانان. ئۆسکار مان لە پەراوێزی تۆحفە ئالمانییەکەیدا ئەو چەند ڕستانە بە ناڕوون دەزانێ و دەنووسێ لە موکریان بە «عەلیئەڵڵاهی» دەڵێن گۆران.

٢٩- ئۆسکار مان سولەیمان بە یەکێک لە گەورەکانی مەنگوڕ داناوە.

٣٠- مانای ڕستە: دەستیان کرد بە جلیت. جلیت جۆرە یارییەکی سواران بوو؛ زۆرتر کاتی کەیفخۆشی و شادی دەکرا؛ بەیتبێژ بۆ نیشاندانی ورەبەرزی مەنگوڕان بۆ چوونە ئەو سەفەرە کەڵکی لەو بابەتە وەرگرتووە. یاریی «جلیتێن» کاتی خۆی چەشنە مەشق کردن و ڕاهێنانێک بووە بۆ چاکتر هاویشتنی نێزە لە شەڕدا.

٣١- مانای ڕستە: بەو دەسکەوتانە ژیان بەرینە سەر و بیگوزەرێنین.

٣٢- ئۆسکار مان دەڵێ ئەوە گوتەی سولەیمانە کە بە باپیر دەڵێ.

٣٣- لە شەڕەکانی قەدیم، ژن وەک دەسکەوتی شەڕ و بەشێک لە تالان دەهاتە ژمار. لەو ڕێیەوە ژن هەم تێشکاوە و ئازاری لە ڕادە بە دەری بینیوە و هەم زوڵمێکی فراوانی لێکراوە.

٣٤- ئۆسکار مان پێیوایە ئەو ڕستەیە لەوەوە هاتووە کە ئەو وڵاتە پڕ پیت و بەرەکەتەی تورک و فارس تێیدا دەژی بۆ مەنگوڕەکان جێی سەر سووڕمانە؛ چونکە لە لای ئەوان بابەتی وەک سەوزیخانە نییە.

با ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئێستا دەوروبەری شارەکانی میاندواو، مەلیکان و بناو هەتا دەگاتە مەراغە ناوەندی چاندنی پیواز و یەرەڵماسی و باغاتی ترێیە. ئەو ناوچەیە هەتا چاو هەتەر دەکا سەوزیخانەی لێیە. بە دوور نییە ئەودەم ئەو بابەتە بۆ کوردەکانی چیانشین سەیر و سەمەرەی نواندبێ.

٣٥- ئۆسکار مان پێیوایە ئەوە قسەکانی سولەیمانن.

٣٦- مانای ڕستە: مەکێشنەوە و بڕۆنە پێش.

٣٧- ئەڵڵاهوئەکبەر: ناوی گوندێکە.

٣٨- بە پێی ئەو چەند ڕستەیەی خوارەوە وا وێدەچێ کەسێک لە سوارەکان لەو سەفەرە نیگەران بووە و تەنانەت پێشی بە باپیراغا گرتووە و ڕاستەوخۆ پێی کوتووە تۆ ئێمە دەبەیە مەراغە و بە کوشتنمان دەدەی. ڕستەی لە ڕوحێم بوویە موشتەری نیشانەی ئەو ناڕەزامەندییەیە؛ واتا بە کوشتم دەدەی. وێدەچێ ئەو کەسە هەمان برایم سوڵتان بێ کە دەڵێ لەو سەفەرە بەرگەشت بەوە و باپیرئاغا قسەی سووکی پێدەڵێ و بە قسەی ناکا و برایم سوڵتان یەکتەنە لەشکر بەجێ دێڵێ و دەگەڕێتەوە.

٣٩- ئەو ڕستە نیوەچڵە بەشێک لە ڕستە شەرتییەکەی سەرەوەی خۆیەتی؛ بێ ئەوەی ئامرازی شەرتی لەگەڵ بێ. واتا: ئەگەر بۆ مەراغەمان ببەی، بە کوشت دەچین.

٤٠- مانای ڕستە: بەرەو مەرگ دەچوون. ئەو ڕستە و چەند ڕستەی سەرووتر داخ و کەسەری بەیتبێژ دەگەیەنی بۆ ئەو مەترسییەی چاوەڕوانی سوارەی مەنگوڕ دەکا.

٤١- فێعلی «ڕاکشان» لەو ڕستەیەدا لە باری زمانییەوە جێی سەرنجە؛ بە مانای «چوون» بەرەو شوێنێک. بۆ چوون بەرەو بەرزایی لە «هەڵکشان» کەلک وەردەگرین. مەودای نێوان سابڵاغ و مەراغە دەشتاییە؛ بڵێی لە زمانی کوردیدا بۆ «چوون» لە دەشتاییدا لە «ڕاکشان» کەڵکیان وەرگرتبێ؟ هەر ئەو جۆرەی بۆ لێژایی لە «داکشان» کەلک وەردەگرن. هەڵکشان، ڕاکشان و داکشان.

٤٢- ئەو دوو سێ ڕستەیە حاڵەتی ڕۆحی و دەروونی سوارەی مەنگوڕی لێدەکەوێتەوە. بۆنی میسک و عەنبەری نێو شاری مەراغە و خرمە و ورشەی کەمبەری ژنانی مەراغەیی لە لایەک و ترسی فێڵ و دەهۆی تورکانی کڵاو بە سەری ئەو شارە تێکەڵ بوون و ئەو نێگەرانییە هەر لە سەرەتاوە دڵی مەنگوڕانی کرمێ کردووە و دەزانن گوزەرانیان نابێ.

٤٣- بە پێی ئەو ڕستەیە و ڕستەکانی دواتر، خدر هەست بە مەترسی دەکا و دەزانێ لە داو کەوتوون. دەچێتە لای باپیرئاغا و دەڵێ با شەڕ بکەین، بەڵام باپیرئاغا بە مەسڵەحەتی نازانێ و باوەڕ ناکا بداغخان لەگەڵیان ناپاک بێ.

خدر دەبێ هەر ئەو کەسە بێ کە عەلیئاغای سالارعەشایری لە وتووێژەکەیدا دەڵێ: خدر برازای باپیرئاغا بوو، ژنی ئەویش کوڕێکی بوو بە نێوی خدریان کردەوە؛ تایفەی خدری لەوین.

٤٤- یەکێک لە ماناکانی هیلاک بێ پەروا دەست بۆ کارێک بردن و لە داهاتوو نەفکرینە. ئێستا لە موکریان کەسێک کردەوەیەک بکا بێ ئەوەی بەرژەوەندییەک لە بەر چاو بگرێ ، دەڵێن هیلاکە. کورد، بەتایبەت موکریانییەکان، دەڵێن عەجەم ڕۆژی بێ، دە سەر بابیشیەوە ناچێ؛ پاشەڕۆژی لەبەر چاو نییە.

هەنبانەبۆرینە بۆ مانای هیلاک، بڤە و خەتەری هێناوەتەوە.

٤٥- ئەو ڕستە شڵەژاوی تێدایە، وێدەچێ ئۆسکار مان لە تۆمار کردنی تووشی هەڵە هاتبێ. لە ئەسڵدا هەر چۆن بووبێ، باسی وەرگەڕانی بەخت و ڕەشیی تاڵحەی بڵباسانە.

٤٦- ئەو چوار دێرەی خوارەوە، وردە باسێکە بۆ شێوەی تاڵان بە

دەستی مەنگوڕان. دەبێ ڕستەکان پاش و پێش بکەین؛ ئەو جار ماناکەمان دێتە دەست. کاکەڕەشی نامەرد سی ڕەختی زەردی پێ بوو و لە ژێلّلا هاتە خوار و بەو کارە ئیمانی چوو. ڕستەی «ئیمانی پێ بوو هەردا» وێدەچێ «ئیمانی پێ بە هەدەردا» بێ. ئەوە ناڕەزامەندی بەیتبێژ لە ئاکاری مەنگوڕان دەگەیەنێ.

ئۆسکار مان لە پەراوێزی تۆحفە ئالمانییەکەیدا بۆ ڕستەی «بە سی ڕەختی دە زەردا» نووسیویە «بە قسەی میرزا جەواد ئەو ڕەختە زێڕانە لە مەراغە هەبووە.»

ئێستا بە زنجیری زێڕ سکەی زێڕ دەکەنە لیزگە و ژنان دە ملی دەکەن؛ ئەو خشڵە ناوی «شامڕەخت» ە. بڵێی ئەو ڕەختەی نێو ئەو ڕستەیە هەر ئەو شامڕەختە نەبێ؟

ئۆسکار مان لە بارەی کاکەڕەش دەڵێ: یەکێک لە سەرۆکانی بڵباسە. ئیدی باسی ئەوەی نەکردووە بۆچ بەیتبێژ پێی دەڵێ نامەرد. نامەرد جیا لە باری مانا سەلبییەکەی، زیرەکیش دەگەیەنێ.

٤٧- مانای ڕستە: ئەو مەنگوڕانەی ڕمبیان دەهێنا و دەبرد.

٤٨- یەکانە، بەرازی نێر، بڕڕەک. مانای ڕستە: مەنگوڕ وەک بەرازی نەترس وە ژوور کەوتن.

٤٩- بە پێی ئەو دوو ڕستەیە وا دیارە ئەحمەدخانی موقەددەم بۆ چاکتر بەڕێوەچوونی پیلانەکەی، خۆی لە داودەرمان و تەنانەت شەرابیش بۆ سەرخافڵاندنی مەنگوڕان نەپاراستووە.

٥٠- بەیتبێژ عەجەمی جەللاب و موکری قەسسابی لە پەنای یەک ڕێز کردوون بۆ نیشاندانی دەهۆ و داوی ئەو دووە بۆ لە نێو بردنی مەنگوڕان.

٥١- مەرگی بە هەرەوەز واتا هەموو پێکەوە مردن.

٥٢- خانەبگیر واتا کەسێک یا کەسانێک لە ماڵدا خڕوچۆم کردن و گرتن. ئەوە ڕاست ئاماژە بەو گێڕانەوەیە دەکا کە ئەحمەدخان فەرمانی دا هەر خانەخوێیەی میوانی خۆی بکووژێ.

٥٣- بەیتبێژ ڕەنگی مەزەبی دەدا بە کارەساتەکە و بە قەولی ئۆسکار مان ئەوە لە باوەڕی ئاییینی سوننییەکی فەناتێکەوە دێ.

٥٤- ئۆسکار مان لە پەراوێزی تۆحفەی ئالمانییەکەیدا بۆ ئەم ڕستەیە دەڵێ: سوننییەکان ڕقیان لە شیعەکانە و غەیبەتیان دەکەن و شیعەکانیش هەر وەتر.

٥٥- مانای ڕستە: کافران بە ڕمبی سێ سووچ لە مەنگوڕانیان دەدا.

٥٦- مانای ئەو ڕستە و ڕستەی دواتر: بە داسی کەرەنتوو (مەڵەغان) مەنگوڕیان وەک گەنم و جۆ دەدروونەوە واتا بە لێشاو و دەستە دەستە کوشتیانن.

ئۆسکار مان لە پەراوێزی تۆحفە ئالمانییەکەیدا دەنووسێ: کەرەنتی داسێکی قوڵەی تیغە درێژە و داسخاڵە داسێکی دەسک درێژی تیغە قوڵەیە.

٥٧- مانای ئەو چوار ڕستەیە: شێرەخرە (یەکێک لە مەنگوڕەکان) وێکڕا لێیاندا و حەوت کەسی گەینە سەر و کوشتیان.

٥٨- ئاماژەیە بەو گێڕانەوەیە کە دەڵێن: وەستا عوزێر تورکی دەزانێ و خەبەرداری داوی عەجەمان بوو. بە تەشوێ خانەخوێی خۆی کوشت و چەند ماڵی کون کردن هەتا توانی دەرباز بێ و خۆ بگەیەنێتەوە مەنگوڕایەتی و...

ئۆسکار مان نووسیویە کەس نەیتوانی ئەم ڕستەیەم بۆ ڕوون بکاتەوە.

نازانم گرفتی ئەم ڕستەیە بۆ ئۆسکار مان لە چیدا بووە! وەستا عوزێر دۆمێکی خەڕڕات بووە. ڕستەکانی خوارتر هەموو باسی شەڕ کردنی وەستا عوزێرە. تەنانەت ئۆسکار مان دەڵێ کە وەستا عوزێر لە دۆمە هێندییەکان بووە.

پێویستە بڵێم کە دۆمەکانی موکریان، بە پێی ژیان و پیشەیان بە چەند ناو دابەش دەکرێن: دۆمی موکریان، بێژینگ و شێلگیر و کەویان ساز کردووە. دۆمی کەڵاشکەر، کەڵاش و ئاردەتوویان ساز کردووە؛ زمانیان لە هەورامی نیزیکە. دۆمی هەلۆ، زۆرتر کەوچکی دار و بابەتی لەو چەشنەیان ساز دەکرد. دۆمی زەڕگەر، خشڵ و زێڕیان فرۆشتووە. دۆمی خەڕات، هەموو ئەو شتانەی لە دار ساز دەکرا وەک تەشی، خولخولە، بلوێری منداڵ و...یان ساز

کردووە.

دۆمە موکرییەکان خۆیان بە تایفەی دێبۆکرییەکان دەزانن و ئەو باوەڕەیان بەهێزتر کردووە کە دەڵێن دێبۆکری لە "دۆم موکری"یەوە هاتووە.

٥٩- وێدەچێ دۆمەکان بەر لە ئێستا لە کوردستان بە هەندوو ناسرابن. پەندێکمان هەیە بۆ گوێ لە مستی ژن بۆ پیاو بە کار دێ «مێرد هەندوو، ژن لە دوو». واتا بێت و مێرد هەندوو (دۆم) بێ، دەبێ ژنەکەی لەگەڵی بگەڕێ.

ئۆسکار مان نووسیویە هەندوو دۆمێشیان پێدەڵێن و ئەوە ئاماژەیە بە دۆمە هێندییەکان.

٦٠- هۆ: دەرفەت، کاری باش کردن. مانای ئەم ڕستە و پێنج ڕستەی دوایی لە سەر یەک ئەوەیە: وەستا عوزێر لە دەرفەت کەڵکی وەرگرت و نێرینەی لە حەوت ماڵ بڕی؛ جگە لە یەکیان. جەزاییری (دەبێ جۆرە تفەنگێک بێ) هاویشتە ئەوی و لە تەپڵی سەریدا و کوشتی.

٦١- بەیتبێژ لێرەوە بە دوا بە هێنانی وشە و ئیدیۆم و ڕستەی پڕ هەست و وێنەگرانە، دیمەنی کۆڵانەکانی مەراغەمان دەخاتە بەرچاو کە چلۆن لەشی لاوانی کورد لە کۆڵانان کەوتوون و شۆڕەسواران دە خوێن گلاون و کەلاک وەک گەڵای داران کەوتوون و لە حەوشە و حەساران عەجەم بە سەر کەلاکی بڵباسی ئازا و خورتدا دێن و دەچن.

ئۆسکار مان دەنووسێ: مەرزینگ و ئۆمەربل دوو تایفەن لە شاروێران و محاڵی سابڵاغ.

٦٢- ئەو ڕستەیە زۆر دڵتەزێنە. سوارەیەکی میوانی ئەوا زۆر، ئاوا ناجوامێرانە بکوژی و ئەو جار بە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا بچییە سەر فەرماندە و سەرۆکیان و....

بە پێی ئەو وتەیەی بەیتبێژ بداغخانی موکری لەگەڵ سوارەی مەنگوڕان چووەتە مەراغە.

٦٣- شۆگایی: لە بابەت مانای ئەم وشەیە زۆرم حەولدا، بەڵام

دەسکەوتێکی ئەوتۆم نەبوو؛ بۆیە لێبڕام بە شک و گومانەوە بنووسێم.

ئۆسکار مان تەنیا نووسیویە گوندێکە لە مەنگوڕایەتی. فەرهەنگی فارسی دێهخودا نووسیویە شوگا جێی نووستنی ماڵات لە شەودا. واژەنامەی گویش گیلەکی نووسیویە شووکا (بەرزە) چکۆڵەترین بزنەکێوی ئێرانە، دەستی لە پاشووی درێژترە؛ بە زمان ئاو دەخواتەوە. حوسێن حوزنی موکریانی لە فەرهەنگی کوردستاندا دەنووسێ: شۆگایی وشەیەکی هەورامییە و بە مانای شۆخ، شانازییە. هەروەها لە کۆیەدا بە مانای هەڵسەنگاندن، خۆ بە گەورە زانین، فیز و هەوا دێ.

هەر ئێستا لە ناوچەی مەنگوڕایەتی گوندێک هەیە بە ناوی کۆنەدێی شۆگای. وا وێدەچێ ئەو کۆنەدێیە دوای وێران بوونی گوندی شۆگا ساز کرابێتەوە. دراوسێیەکانی ئەو گوندە: لە باشوور، ئاوایی قۆزلووی چووک. لە باکوور، ئاوایی گەنەدار. لە ڕۆژهەڵات، ئاوایی گوێچکەدەرێ. لە ڕۆژئاوا، ئاوایی ئافان.

پیرەپیاوان دەڵێن شۆگا باغ و باغاتێکی زۆری هەبووە و هەروەها چاکێکی لێ بووە و کەس دەستی لە دار و دەوەن و ئیشکەڵی ئەو باغە نەداوە.

لە بەیتی باپیرئاغادا دوو جار وشەی "شۆگا" هاتووە:

[بداغ خان] دەڵێ: باپیری شۆگاییە
ئەوە دەهۆڵ و زوڕنا و شاییە
ئەوە پیشەی ترکییە

* * *

بداغخان بوو لە دوایی
هەزار مەڕی شۆگایی
هەر هەرزانە؛ خۆڕایی
دەیاندا مەڕ و شایی

بە پێی ئەو بەڵگانە دەتوانین دوو بۆچوونمان بۆ وشەی شۆگا یان شۆگایی هەبێ.

– هەم باپیرئاغا و هەم مەڕی بەتاڵانچوو نیسبەت بدەین بە گوندی شۆگا.

– سیفەتی فیز و ئیفادە و خۆ بەزڵ زانین بدەین بە باپیرئاغا و بە کەیفی و بەرزەیی بدەین بە ئەو مەڕانەی بە تاڵانچوون.

٦٤- بەیتبێژ بەو ڕستانە وەک وێنەگرێک دوایی کارەساتەکەی بەر لە کوژرانی باپیرئاغا دەخاتە بەر چاو.

ئۆسکار مان حەمەسووری بە کوڕی باپیراغا نووسیوە. شوبهاندنی حەمەسوور بە شەمامە نیشانەی تازەلاوی ئەوە.

٦٥- هەڵێشکاوتن لەگەڵ «شکافتن» فارسی هاوڕیشەن؛ بە مانای دادڕین.

٦٦- ئەو ڕستانەی دواوە لەگەڵ بەڵگەکانی مێژوو یەک دەگرنەوە. ئەحمەدخان دوای کوشتنی باپیراغا و سوارەکانی، هەڵیکوتایە سەر مەنگورایەتی و کوشتاری لێ کردن.

لە یەک دوو ڕستەی دواییدا وشەی خاو هاتووە، بە پێویستم زانی وتەیەکم لە سەری هەبێ.

خاو: ئەم وشەیە هەندێ عیبارەت و ئیدیۆمی لە زمانی کوردیدا لێکەوتۆتەوە. کەڵ/ ئەسپ لە خاو گرتن (یان دەرهێنان). خاو شکاندن. کەڵی/ ئەسپی خاوێ. بە خاو کەوتن. ئەوەی لەو عیباڕەت و ئیدیۆمانەدا جێی سەرنجە فێعلەکان و مانا مەجازییەکانیانە. وشەی خاو چەند مانای هەیە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە، بەخێو کردنی زۆر باشی ئەسپە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێ ئەوەی سواری بن. قەدیم گەورەماڵان کەڵیان دە خاوێ دەگرت بۆ شەڕەکەڵ یان ئەسپیان دە خاوێ دەگرت بۆ سەفەری دووررودرێژ. بەخێو کردنی تایبەتی مەڕ و ماڵات بە مەبەستی قەڵەو کردن و فرۆشتن دەچێتە خانەی وشەی «دابەستە» وە. یەکێک لە دابەشینەکانی ئەسپ لە ڕووی ڕەنگەوەیە.

شێ: ئەسپی زەردی کاڵ (ئاماڵ زەرد). ئەسپی شێ زۆر بەکار نییە؛ زوو ماندوو دەبێ؛ هەر بۆیە زۆر پەسند نییە. ئەگەر کەسێک ئاکاری زۆر بە ڕێوجێ نەبێ، بە تەوسەوە پێی دەڵێن: «بۆتە ئەسپی شێ یا دەفڕێ یا دەترێ!» لە ئەسپی بۆرەدا شینی گوڵگوڵی

پەسندە.

کویت: ئەسپی سووری تاریک (ئاماڵ ڕەش). وشەی کویت ئاواڵناوە و زۆر جار لە ئاخاوتندا جێنشینی ناو (وشەی ئەسپ) دەبێ. کویت چەند جۆری هەیە؛ کویتی قاپڕش یان ڕەشکویت، زەردکویت (ئەمەیان وردە زەردایی لەگەڵە). لە فەرهەنگی عەشایریی کوردەواریدا ئەسپی کویت، بەتایبەت ڕەشکویت، لە هەمووان پەسندترە. لە ڕێوڕەسماندا سەفی یەکەمیان دەدا بە کویتان و بە دوای ئەواندا بە شێیان و ئەسپانی بۆریان دەخستە دواوە. کویت بەکارن. کویت وەک ئیستعارە بۆ ژنی لەبار دێ کە بە مەیلی مێردەکەیەتی.

٦٧- فاعیلی ئەو ڕستە و چەند ڕستەی سەروو تورکانی مەراغەن کە دوای کوشتنی باپیرئاغا و سوارەکانی خۆیان بۆ هەڵکوتانە سەر مەنگوڕایەتی حازر دەکەن. ئۆسکار مان لەمەڕ ئەو ڕستەیە نووسیویە باپیر لاقی دە ڕکێف نا و سوار بوو و لە مەراغە دوور کەوتەوە. دیارە ئەو بۆچوونە تەواو هەڵەیە.

٦٨- مەبەست لە «پەپاغ بە سەر» تورکن کە بەپێچەوانەی کوردان کڵاو لە سەر دەنێن. پەپاغ: بە تورکی واتا کڵاو.

ئۆسکار مان دەڵێ کوردەکان وەک جنێو بە فارسەکان دەڵێن پەپاغ بە سەر.

٦٩- ئەو چەند ڕستەیە دوایی باسی شپرێوحاڵی مەنگوڕانە پاش کوژرانی باپیرئاغا.

٧٠- بەیتبێژ دەڵێ ئەوە هەموو لە بن سەری بەگزادان دایە و مەکر و فێڵی ئەوانە. لە ڕستەکانی دواتردا دەڵێ مسوڵمانیان هەموو بە قڕ دان، مەبەستی مەنگوڕی کوردی سوننییە.

٧١- مەنگوڕان لە بەر قەبری بداغسوڵتان دەپاڕێنەوە کە بیانپارێزێ» بداغسوڵتان ١٠١٧[١١٠١ی کۆچی مانگی/ ١٦٠٨- ١٦٨٩ی زایینی] کوڕی شێرخان، وەک بنیاتنەری سابلاغ دەناسرێ. گومبەزی بداغ سوڵتان لە قەبرستانی گومبەزانی مەهاباد وەک شوێنەوارێکی مێژوویی پاسەوانی دەکرێ. ئەو قەبرستانە هەر بەو گومبەزەوە

ناو نراوە. خەڵک هەر چۆن دەچنە زیارەتی مەقبەرەی کەسایەتییە ئایینییەکان، ئاوا زیارەتی گۆڕی بداغسوڵتان دەکەن. لە هەندێ نووسراوەدا بە بداغسوڵتانی کەراماتدار ناوی دەبرێ. وێدەچێ ئەو هومێد بردنە بەر بداغسوڵتان لەوەوە هاتبێ. وێشدەچێ بەراورد کردنێک بێ لە نێوان بداغسوڵتانی عادڵ و پیاوچاک و بە ئیمان لەگەڵ بداغخانی بە مەکر و دۆلاب کە هەر دووکیان موکرین.

٧٢- بەیتبێژ پرسیار دەکا و دەڵێ: مەگین بداغخان نامرێ و لە عەزابی قەبر ناترسی! بۆ ئەو غەدرەی لە مەنگوڕی بەستەزمان کرد.

٧٣- ئەو ڕستە و چەند ڕستەی دوایی وێدەچێ دیمەنێک بێ لە ئەسیرانی مەنگوڕ بە دەست تورکانی مەراغە کە ژنیان بە منداڵی باوەشە هێناون و جوانەکانیان لە ڕیز داون و لە بڵباسان زۆر بە قین بوون و بردوویانن بۆ تەورێز. واوێدەچێ ئەو ئەسیرانەیان نەهێناونە نێو سابڵاغ، بەڵکو بە لای ڕۆژاوای شاردا بە دوو گوندی کەرێز (کەرێزەی شێخان) و دریـازدا و بە لای ڕۆژهەڵاتی سابڵاغ بە گوندی لاچیندا بەرەو مەراغە و تەورێز بردوویانن.

کەرێزەی شێخان: گوندێکە لە باکووری مەهاباد هەڵکەوتووە و سەر بە دەشتی شاروێرانە. ئاوایی وسووکەند کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی و باکووری گوندی دریـازە و ڕۆژاوای دوو گوندی ئاڵبڵاغ و بایندەرێن. لە بارەی کەرێزە ئۆسکار مان دەڵێ بازاڕێکە لە نزیک سابڵاغ.

دریاز: ئێستا گوندێکی گەورەیە لە سەر ڕێگەی قیلەتاوی مەهاباد- ورمێ. لە باشوورەوە لەگەڵ گوندی وسووکەند، لە باکوورەوە لەگەڵ گوندی تووتئاغاج، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ گوندی قوونقەڵا و دارەلەک هاوسێیە.

لاچین: لە ڕۆژهـەڵاتـی مەهاباد هەڵکەوتووە. لە باشـوورەوە هاوسێی کۆنەدێی قازی و ئۆزندەرێیە، لە باکوورەوە ئاواییەکانی پیربەلە و حەوتەوانان، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە شیلاناوێ و سارەوانان. (فەرهەنگی ئاواییەکانی مەهاباد، ل ٩٥، ١٨٨، ٢١٦)

٧٤- تووک و دوعایەکە بەیتبێژ یا مەنگوڕی ئەسیر لە سوارەی تورکی

دەکا. واتا لە سەر ئەسپ بکوژرێ.

٧٥- ئەو چەند ڕستەیە شڵەژاوی مانایییان هەیە، بەڵام سەرجەم وای بۆ دەچم دوای ڕووداوی مەراغە، تورکان هێرش دێننە سەر مەنگوڕایەتی و بداغخانیش یارمەتییان دەدا. لەو نێوەدا کەسانێکی وەک برایمئاغا و حەسەنی بەکراغا و مەلا ڕەسووڵ - کە نازانین کێن - تا ڕادەیەک پێشی ئازار و تاڵان و بڕۆی لە ڕادەبەدەری مەنگوڕان دەوەستن و تەنانەت مەلا ڕەسووڵ داوا لە بداغخان دەکا ئەو شەڕە بەس بکا؛ چونکە ئەوەندە بێبەزیییانەیە خەریکە ئیسلام تێدا دەچێ.

ڕستەی «خێزانی دێگدی وەردا» واتا ئەو خاووخێزانانەی بە دیل دەچوون گێڕانیەوە. دێگدی وەردا = تێکی وەردا، لێکی خڕ کردنەوە. (؟)

ڕستەی «بەری هەڵنەدا گۆرانە» واتا پێشی گۆرانانی بەرنەدا. گۆران تایفەیەکی تورک بوون و لە هێرشەکانی مەنگوڕاندا پێشتر زیانیان دیبوو.

ئۆسکار مان نووسیویە برایمئاغا و حەسەنی بەکراغا گەورکن.

٧٦- وشەی «مێرد» بە مانای مەرد و پیاو جێی سەرنجە. مێرد لە وشەی تێکەڵاوی «مێردئازا»ش هەر بەو مانەیەیە. ئەمڕۆ لە موکریان مێرد تەنیا بەرانبەر ژن بە کار دێ و مانای سەرووی تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست داوە.

٧٧- سێلم: گوندێکە لە ٣٠ کیلۆمتری باشووری ڕۆژئاوای شاری مەهابادە لە مەنگوڕایەتی. لە باشوورەوە هاوسێی زێوە و باگردانی خوارێیە، لە باکوورەوە داغە و مێرگەرۆ، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئاوایی کاڵەدەنداوا و لە ڕۆژئاواوە قەرەقاچ. گوایە ئەو ناوە لە «سەلیم»ەوە هاتووە.

بەیتاس: گوندێکە لە ١٢ کیلۆمتری مەهاباد لە سەر ڕێگەی قیلەتاوی سەردەشت هەڵکەوتووە. لە باشوورەوە هاوسێی گوندەکانی عەوڵاکوردە و کاوەیسە، لە باکوورەوە هەمزاوا، لە ڕۆژهەڵاتەوە قەرەچەلان و لە ڕۆژاوەوە ئاوایی حاجیمامیان.

بەیتبێژ بە هێنانەوەی ئەو گوندانە باسی ڕێژەی دیل و بە تاڵان چوونی مەڕ و ماڵی مەنگوڕان دەکا. (فەرهەنگی ئاواییەکانی مەهاباد، ل ٥٣ و ١٢٧)

٧٨- بە پێی ئەو وردە زانیارییانەی ئەم تێکستە، جگە لە تاڵان و کوشتار، دەستدرێژی و بێ حورمەتییەکی زۆر بە مەنگوڕان کراوە و لە خۆڕا نییە یەکی وەک مەلا ڕەسووڵ باسی فەوتانی ئیسلام دەکا.

عەبباسی، واحیدی پووڵی ئەو سەردەمەیە و بەرانبەری چوار شایی بووە و دە شایی پەناتێک (پەناباتێک) و دوو پەنات قڕانێک بووە.

«پەناهـ خان» سەرۆکی ئێلی «جەوانشیر» سەدەی سێزدەی کۆچی لە قەرەباغ، «قەڵای شووشی» سەرلەنوێ ئاوەدان کردەوە. ئەو قەڵایە بە «پەناهـ ئاباد» و «پەناباد» ناوبانگی دەرکرد. پەناهـ خانی دەسەڵاتدار سکەی زێوی لێدا کە پێیاندەگوت «پەنابادی» و نرخی بەرانبەر دە شایی یا نیوقڕان بوو. (لغت‌نامه دهخدا)

ئۆسکار مان بۆ بێ بایەخ نیشاندانی عەبباسی لە پەراوێزی تۆحفە ئالمانییەکەی نووسیویە، عەبباسی بە نرخی ئەمڕۆ بەرانبەری ٢٤ فینگ بووە. فینگ وردترین و کەمبایەخترین پارەی ئالمان بووە.

٧٩- بەیتبێژ لە نێو ماڵ و کەرەسەکانی بەتاڵانچوودا ئەسپ و زینی ڕۆمی و ڕمب و شیری بە نموونە هێناوەتەوە؛ دیارە ئەوانە سەبارەت بە بایەخیان باسیان کراو. بارگیر واتا بارگین، ئەسپی باری.

بەیتبێژ دیسان ناوی بداغخانی لەگەڵ بە دیل گرتن و تاڵان کردنی مەنگوڕان لێک گرێ داوەتەوە. ئۆسکار مان نووسیویە ئەو ڕستە و دوو ڕستەی سەروو بۆ من ناڕوونن.

٨٠- هەر مەڕەی کە بە تاڵان هێنابوویان بە شاییەک دەیانفرۆشت. بە قرانێک دەکرا بیست مەڕی تاڵان بکڕی. هێشتاش لە موکریان بە شتێکی کە هەرزان بێ، دەڵێن تاڵان.

٨١- بزن بە دوو کاریلەوە و بە موویەکی زۆرەوە - کە تەنانەت دەوار «کوێن»ی پێ ساز بکرێ - بە دوو پارەی بێ نرخ بووە.

پارە: کەمبایەخترین دراوی عوسمانی بووە. قڕۆش چل پارە

بوو.

قیمەتی ماچی دوو سەد کیسەیی ساغە و نیمە
غەیری یەک کیسەیی سەد پارە لە گیرفانمدا «نالی»(هەنبانەبۆرینە)

٨٢- هەزار گا کە بێ جووتبەندە مابوونەوە، هەر یەکەی بە خولابەندەیەک دەفرۆشران.

جووتبەندە: بەو بنەماڵە وەرزێرەیان دەکوت کە لە سەر زەوی ئاغا کاری کردبایە و خاوەنی پیاو بۆ کار و کەرەسەی وەرزێڕی - بەتایبەت کەڵ یا گا - بایە. ئەوانەی لە گوند خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە نەبووبان، «ڕەشایی» ، «قەرە» یا «خۆشنشین»یان پێدەکوتن.

خولابەندە واحیدی پووڵە. ئۆسکار مان نووسیویەتی بەرانبەری هەشت فینگ بووە.

٨٣- مانای ڕستە: بڵباس لێیانقەوماوە. مەنگوڕ بە بەشێک لە بڵباس دێنە ژمار. ڕوون نییە لەو کارەسات و هێرشەی تورکان بۆ ناوچەی مەنگوڕایەتی عەشیرەتەکانی دیکەش تێوەگلاون یان نا؛ بەتایبەت مامەش و گەورک.

٨٤- گردومرد بە مانای شۆخوشەنگە. زۆرتر بۆ ژنی جوان بە کار دێ، بەڵام بەیتبێژ لێرەدا بۆ پیاوی بە کار هێناوە.

ئۆسکار مان دەڵێ دەبا ئێرەی بەیتەکە چووبایە هەوەڵێ

٨٥- بە پێی ئەم ڕستەیە بداغخان بە دەوڵەتی ئێرانی ڕاگەیاندووە کە عەشیرەتی مەنگوڕ پاڵی وە دەوڵەتی عوسمانی داوە. ئەودەم گەرمێن واتا کوردستانی عێراق لە بەر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە.

٨٦- واتا موکرییەکان لە لای دەوڵەتی ئێران قسەیان دەڕوا.

٨٧- ئۆسکار مان دەڵێ مەبەست لە «خان» باپیرئاغایە، بەڵام من لە سەر ئەو باوەڕەم مەبەست بداغخانە و سەبارەت بە نەدانیماڵیات و باج و خەراج لە بنەوە شکایەتی لە مەنگوڕان کردەوە لە لای بەرپرسانی حکوومی و تەنانەت لەوە ترساوە تەماعی حاکمەتی سابڵاغیشیان لە سەردا بووبێ. ڕستەکانی دواتر ئەوە نیشان دەدەن.

٨٨- به پێی ڕسته، دەزبێن لێرەدا واتا زامین و له مله خۆ گرتن. بداغخان به باپیرئاغا دەڵێ من پشتیووانیت لێ دەکەم. ئەو سەروبەندە شێخ عەلیخانی بابی بداغخان یان محەمەد خانی برای حاکمی سابلاغ بووە. وێدەچێ بداغخان بۆ فریودانی باپیرئاغا ناکۆکی خۆی لەگەڵ بابی هێنابێتە گۆڕ هەتا باوەڕ بە دۆستایەتی و پشتیووانییەکەی بکا.
٨٩- نازانم ئۆسکار مان ئەو ڕستەیەی دروست تۆمار کردووە یان نا، کەمێک بە دژواری مانا بە دەستەوە دەدا. بەڵام وا وێدەچێ بداغخان قسە و نییەتی باپیرئاغای بە بەرپرسانی حکوومی ڕاگەیاندبێ.
٩٠- بێخودان لێرەدا بە مانای لە هێز و دەسەڵات خستنە.
٩١- لە کۆتایی بەیتەکەدا پەند و ئامۆژگاری بەیتبێژ ئەوەیە کەس بە بەگزادان (موکرییەکان) فریو نەخوا.

* شەڕەفنامە: «... باپیرە گەورەی فەرمانڕەوایانی موکریان پیاوێکی زۆرزان و ژیر و تەڵەکەباز بووە، لەبەر ئەوە پێی وتراوە مەکرۆ. ئەو نازناوە بۆتە نازناوی بنەماڵەکەی و ئەنجا بۆتە ناوی هەرێمەکەش...»

* فەرمانڕەوایی موکریان: «... ناوی موکریان لە «موکریت» و «مەکرو» وە نەهاتووە، زۆر لە وانە کۆنترە. گۆڕانێکی کەمی بە سەرا هاتووە. ئەم ناوە لە بنەڕەتا «موغڕێ، موغڕێیان» بووە. پاشان بووە بە «موقریان» و ئنجا بە «موکریان»

... ناوی موکریان لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچییەوە (چواردەیەمی زایینییەوە) کەوتۆتە لاپەڕە زێڕینەکانی کتێبە مێژوویی و جوغرافیاییەکانەوە و دراوە بەم سەرزەوییەی ئەم هەرێمانەی ئەگرێتەوە: مەراغە، سەڵماس، شنۆ، لاجان، نەغەدە، ئورمیە، ساییینقەڵا، سابڵاغ، بۆکان، مەیاندواو، خانێ، سەردەشت، سەقز، بانە و جێیانی تری ناو ئەم سنوورە کە ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری ئوستانی ئازەربایجانی خۆرئاوا و ئوستانی کوردستانی ئێران پێک ئەهێنن... (فەرمانڕەوایی موکریان)

* کۆنترین سەرچاوەی بەر دەستم لە سەر موکریان، کتێبی «سەفوەتوسسەفا» یە کە باسی هاتنی شێخ سەفیەددینی ئەردەوێلی

بۆ ئەو ناوچەیە دەکا.

حیکایەت: خێر و بەرەکەتی حازر بێ، کوتی لە خوالێخۆشبوو سەعید خواجە محیەددین - خودا شادی بکا، قەبری پڕ بێ لە نوورِ - و سەید شەرەفەددین و سەید جەمالەددینی ئیسفەهانی و پیرە ئیسحاقی باقەلانیم بیستووە کە کوتیان: کاتێک شێخ [شێخ سەفیەددینی ئەردەوێڵی]، - گڵکۆی پاک بێ - چوو بۆ ئەرمەنستان، کاتێک گەیشتە وڵاتی "تورغای" (توغای) - کە ٤٠٠ گوندێک دەبوو - حەشیمەتێکی ئەوەندە زۆر لە محاڵی "جەغاتوو" و "توغاتوو" و "لەجی دریاز" و "سڵدووز"ی وڵاتی تورغای بە خزمەتی شێخ گەیشتن، تۆز و غوماری سمی وڵاغەکانیان بەری ئاسمانی گرت و ڕۆژی ڕووناک لە پێش چاوان ون بوو. (صفوەالصفا، ص ١١٠٨).

بە پێی فەرهەنگی فارسیی موعین شێخ سەفیەددین ساڵی ٧٣٥ی کۆچی مانگی/ ١٣٣٤ی زایینی مردووە. ئەم حیکایەتەی سەفوەتوسسەفا چەند خاڵ ڕوون دەکاتەوە:

- ناوە حکوومییەکەی موکریان تورغای (توغای) بووە کە نیشانەی دەسەڵاتی مەغوول و پاشماوەکانییەتی بە سەر ناوچەدا. ناتوانین بڵێین ناوە محەلییەکەشی هەر ئەوە بووە یان بەر لەو چی بووە.

- شێخ سەفی وەک کەسایەتییەکی بەرزی سوننیمەزەب لە موکریان ئەو پێشوازییە شایانەی لێ کراوە.

- لانیکەم سەدەی ٧و ٨ی کۆچی، ناوچەی موکریان زۆر ئاوەدان بووە.

- ڕێکەوەندی «لەجی دریاز» بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی شارویرانی مەهاباد جێگە و پێگەی گرینگیی «لەج» لەو سەردەمدا دیاری دەکا؛ بەتایبەت ئەگەر ئەوە قەبووڵ بکەین کە دەڵێن میرسەیفەددینی موکری «دریاز» ناوەندی حوکمداریەتی چابقلووی لە چنگ ئەو تایفە تورکزمانە دەرهێناوە. دەڵێی ئەو سەردەم لەج لە دریاز بەناوبانگتر بووە!

# عەوڵاخانی موکری

**٦٥٢١ی کۆچی**
**٠٤٨١ی زایینی**
**٩١٢١ی هەتاوی**

# عەولاخانی موکری

عەولاخانی موکری کوڕی بداغخانی موکرییە. بە پێی کتێبی مێژووی ئەفشار «تاریخ افشار» ئەو بداغخانە ساڵی ۱۲۰۱ی کۆچی حکوومەتی سابلاغی بە دەستەوە بووە. عەزیزخانی سەردار لە ساڵەکانی دوایی پاشایەتی محەمەد شای قاجار لە شیراز بووە. دوای هاتنە سەر کاری ناسرەددینشا، میرزا تەقیخانی ئەمیرکەبیر بانگێشتی تارانی کردووە. نادرمیرزا دانەری کتێبی مێژووی تەورێز «تاریخ تبریز» لە زمانی عەزیزخانەوە دەنووسێ:... خەیاڵاتی دوورودرێژ تەنگیان پێهەڵچنیبووم، هەتا ڕۆژێک تەتەری دارولخیلافە هات، نامەیەکی پێبوو بۆ من، بە مۆری ئەتابەکی ئەعزەم. بە هومێد و ترسەوە سەرم هەڵبری، وردە دێڕێک بوو بە دەستخەتی ئەو مەزنە: عەزیز وەرە عەزیزت کەم. ڕێگەی دیاری ئەو مەزنەم گرتە بەر. لە ڕێیە بە نزیکانی خۆم دەکوت: ئەوە دەبێ چی بێ؟ جارجار دەمکوت: پلە و پایەم دەباتە سەر و دەمکاتە سەرتیپ. جارجار دەمکوت سەردەشتی مەوتەنی خۆم دەداتێ؛ هەمیشە ئاواتم ئەوە بوو ئەوێ لە عەولادانی بداغخانی موکری پاک بکرێتەوە و بدرێ بە من و ئەو کارە نەگونجاو بوو....»

مێژووی کۆچی دوایی عەولاخانی موکری بە پێی کێل و بەردی ئەوەیە: هذا مرقد المرحوم المخفور عبدالله خان ابن المرحوم بوداق خان المکری ۱۲٦۲.

ئەو بەردەی بابەتی سەرووی تێدا نووسرابوو، بەردێکی مەڕمەڕی بۆر بوو، لەت ببوو؛ ئەو لەتەی چی لێ نەنووسرابوو لە ژێر خاکدابوو. ئەو کێلە یەک میتر درێژایی و شێست سانتیمیتر بەرینایی هەبوو؛ سەری شکابوو بەڵام نووسراوەکەی زیانی پێ نەگەیبوو.

من ئەو کێلەم لە نێو گومبەزی بداغسوڵتان دۆزییەوە. لە پەنا دیواری ڕۆژاوای گومبەزەکە کەوتبوو. لە نێو گومبەزدا چەند گۆڕی لێیە هەموو بە قوماشی سەوز داپۆشراون؛ تەنانەت کێلی کورتی سەرین و پێیینیش. بە پێی باوەڕ و دابی خەڵک گۆرە پیرۆزەکان بە پارچەی سەوز دادەپۆشن

و دەرزیلەی تێدەدەن و گۆڕەکان لە بەر چاوان ون دەکەن. هەر بۆیە لێم ڕوون نەبوو کێلی عەولاخان هی یەکێک لەو گۆڕانەیە یان گۆڕێک لە دەرەوەی گومبەز کە ئێستا ئاساریان نەماوە.

گومبەزی بداغسولتان - نەک بداغخانی بابی عەولاخان - لە سەر تەپۆلکەیەکی باسەفای باشووری مەهاباد هەلکەوتووە و خۆی قەبرستانێکە. ئەو قەبرستانە سەبارەت بە گومبەزی بداغسولتان بە «گومبەزان» ناوی دەرکردووە. ئەو گومبەزە دوو کیلۆمیتر دوور لە شار بوو، بەلام ئێستا لێی نزیک بۆتەوە و تەنانەت لە لای باکوورەوە شار خزیوەتە نێوی. گومبەزی مێژوویی بداغسولتان بە خشتی سوور ساز کراوە و نزیک شەش میتر بلێندە. دەرکێکی بۆ چوونە زارکی گومبەز و دیوی ژووری هەیە. ئەو بێنایە ئێستا کەمێک داتەپیوە. واوێدەچێ لە ڕابردوودا بێنای تر بە لای ڕۆژاوای گومبەزەوە هەبوون؛ بەلام ئێستا ئاساریان نەماوە.

بداغسولتان لە زەمانی شاسولەیمانی سەفەوی حکوومەتی سابلاغی بە دەستەوە بووە. ناوی باش و شوێنەواری خێرۆمەندانەی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە. ئێستاش لە نێو خەلکی مەهاباددا بە خێرۆمەندی و پیاوچاکی بەناوبانگە و خەلک پێی دەلێن «بداغسولتانی کەرامەتدار».

پردی سوور[١٠٧٩/١٦٦٨]و مزگەوتی سوور [١٠٨٩/١٦٧٧] ئاساری بداغسولتانن. پردی سوور بەداخەوە دوای ساز کردنی سەددی شاپووری ئەوەل خەرا کرا، بێ ئەوەی هیچ گرفتێک لەسەر ڕێگەی ئەو سەددە ساز بکا. مزگەوتی سوور ئێستاش ماوە و لە سەردەرانەی ئەوە نووسراوە: الحمدلله الذی وفقنی لاتمام هذه المدرسة الشریفة فی ایام دولة السلطان الاعدل شاه سلیمان الحسینی الموسوی الصفوی بهادرخان خلد الله تعالی ملکه فی سنة ١٠٨٩. کتبه اضعف العباد، ابن البانی، سهراب المکری.

خوالێخۆشبوو محەمەد حەسەنخان سەنیعولدەولە لە کتێبی میرئاتولبەلەدانی ناسری «مرات البلدان ناصری» لە بارەی مزگەوتی سووری سابلاغ دەنووسێ: مزگەوتی جامیعەی سابلاغ لە بیناکانی بداغسولتان کوڕی شێرخان کوڕی شێخ حەیدەرخانی موکرییە کە حکوومەتی موکری و سابلاغ و دەوروبەری پێبووە. بداغسولتان ئەو مزگەوتەی سالی ١٠٨٩ ساز کردووە و چەند مەوقووفەی بۆ دیاری

کردووه.

عەولاخان بە سێ پشت دەگاتە بداغسوڵتان. عەولاخان کوڕی بداغخانە. بداغخان کوڕی شێخعەلی خانە و شێخعەلی خان کوڕی مووساخانە. مووساخانیش کوڕی بداغسوڵتانە. عەولاخان کوڕێکی بووە بە ناوی بداغخان. واوێدەچێ کتێبی «انوار الرمل – ئەنوار و لڕەمەل – ی محەمەد بنی عەباسی موکری کە ساڵی ١٢٦٥ [١٨٤٩] نووسراوە بەو بداغخانە پێشکێش کراوە.

لە شەرەفنامەی بدلیسی و عالەمئارای عەباسیدا باسی ساوجبلاغی موکری نەکراوە، بەلام لە هەر دوو کتێبدا باسی ئەمیرانی موکری کراوە. دوایین ئەمیری موکری کە ناوی لە شەرەفنامەدا هاتووە شێخ حەیدەر بابی شێرخان و باپیری بداغسوڵتانە. شێخ حەیدەر جگە لە شێرخان دوو کوڕی دیکەشی هەبووە: مەقسوودبەگ و قوبادخان. سەربهوردی قوبادخان و شێخ حەیدەر لە عالەمئارای عەباسیدا هاتوون. شێخ حەیدەر لە نێو سپای شاعەباسدا بەشداری گەمارۆدانی قەلای ئێرەوانی کرد و هەر لەوێ کوژرا.

عەولاخانی موکری هاوچەرخی نایبولسەلتەنە عەباسمیرزا و محەمەدشای قاجار بووە. بەشداری شەڕەکانی ئێرەوان و ڕووس و هەراتی کردووە. هەر بۆیە بە لای عەباسمیرزا و محەمەدشا خاوەنی ڕێز و پلەی تایبەت بووە.

ئەوەی پێویستە لە سەر عەولاخان بگوترێ ئەوەیە کە لە ماوەی حوکمداری خۆیدا لەگەڵ ئاغاوەتی دێبۆکری و عێلەکانی مەنگوڕ و مامەش هەمیشە لە گێرەوکێشەدا بووە. عەولاخان ١٦ی ڕەبیعولسانی ١٢٥٦ عەباسئاغای دێبۆکری لە سابلاغ کوشت. بەیتی عەولاخانی موکری باسی چۆنیەتی کوژرانی عەباسئاغای دێبۆکری لە مەجلیسی عەولاخاندا دەکا... (عبداللەخان مکری، ص ٤٠٨ و ٤١٥)

من ئەو نووسراوەیەم لەو سەرچاوەیەی سەروو لە فارسییەوە کردووە بە کوردی. لە پێشەکی فارسییەکە و دەقی بەیتەکەدا هەندێ پەراوێز نووسراون؛ لە شی کردنەوەدا ئەوانەی پێویستن هەر بە ناو خودی نووسەر دەیانگوێزمە نێو پەراوێزەکانی خۆم.

قادر فەتاحی قازی دوای ئەو پێشەکییە، دەقی بەیتەکەی هێناوەتەوە و ئەوجار وەرگێڕاوی فارسییەکەی خستۆتە ئاخری ئەو نامیلکەیە.

پێویستە بڵێم ئەوەی من دەستم کەوتووە نامیلکەیەکی سەربەخۆ و چاپکراوە. بەڵام ئەو جۆرەی نووسەر لە سەربەرگی ئەو نامیلکە هێناویەتەوە، پێشتر لە نەشرییەی زانکۆی ئەدەبیات و علوومی ئینسانی زانستگای ئازەرئابادەگان‌دا چاپ بووە.

بەداخەوە جگە لەو دەقەی کاک قادر کە بە دەنگی مامئەحمەد لوتفی تۆماری کردووە، ئەو بەیتەم لە هیچ بەیتبێژێکی دیکە نەبیستووە.

وێدەچێ لە زنجیرەی کاری «گەنجی سەربەمۆردا جارجار من تووشی بابەتی لەو چەشنە ببم و دەستم بە دەقی دیکە ڕانەگا. دیارە ئەوە خاڵێکی سەلبییە لە گردەوەکۆیی مندا. تەنیا هیوایەکی هەمە ئەوەیە بتوانم زانیاری پتر لەوەی نووسەران بۆ ئەو جۆرە بەیتە تاقانانە هێناویانەوە بخەمە ڕوو.

بێگومان لەو جۆرە گواستنەوانەی کاری نووسەرانی تر بۆ ئەم زنجیرەیە، ئەمانەتداری تەواو ڕەچاو دەکەم.

# شــار

دوو خاڵ بەیتی عەولاخانی موکری لەو چوار بەیتەی تری ئەم بەرگەی گەنجی سەر بە مۆر جیا دەکاتەوە.

یـەکـەم؛ دژایـەتـی نێوخۆی کـوردان: ململانیی دەسـەلات لـە نێو فەرمانڕەوایانی موکریی خاوەن مێژووی حوکمداری لانیکەم دوو سەد ساڵە، لەگەڵ دێبۆکریانی تازە پێگرتووی خاوەن دێهاتی زۆر و پشت بە عەشایری ترەوە بەستوو دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

دووەم؛ هاتنە ئارای شارە لە نێو دەقی بەیتی موکریاندا: خاڵی زۆر جێی سەرنجی ڕووداوەکانی ناوچەی موکریان لەو چوار سەدەیەدا نەبوونی دیاردەی شارە بە هەموو لایەنەکانییەوە. هەر لە سەرەتای هاتنی تورکانی ئەفشار لە ساڵی ١٠٣٨ی کۆچییەوە بۆ موکریان هەتا تێکهەڵچوونە خوێناوییەکانی چەند سەدەیی، بۆشاییەکی زۆر شوێندانەر لە سەر سەر نەکەوتنی هەموو حەول و تێکۆشانەکانی کوردان خۆ دەنوێنێ؛ ئەویش نەبوونی جەماوەرێکی بنەگرتوو و سەقامگیر لە شوێنێکی تایبەت، واتا شارە لە موکریاندا.

وا وێدەچێ بڵباسەکان لەو چەند سەدە خوێناوییەدا تەواو بنەگرتوو نەبووبن. مێژووی بە تـەواوی نیشتەجێ بوونی عەشایری ناوچەی موکریان زۆر لەمێژ نییە. ئەو دیاردەیە سـەرەڕای لەخۆبوردوویی و قارەمانەتی جەنگاوەرانی کورد، وەک خاڵێکی سەلبی، شوێنی بەرچاوی داناوەتە سەر یەکپارچەیی هێزەکان و نەبوونی پلان و گەلاڵەیەکی پتەو و درێژخایەن لە ئاست داگیر کردنی خاکی موکریان بە دەست تورکانی ئەفشارەوە.

لە وەها هەلومەرجێکدا، حەولەکان پچڕپچڕ و بێ خودان دەبن و بە هاسانی بە لاڕێدا دەبرێن. نە سیاسەتوانی لێزان و دووربین سەر هەڵدەدەن و نە ڕێگە بۆ ئەرتەشێکی خاوەن دیسیپلین و بە ئەزموون خۆش دەبێ و تەنانەت نە مێژووش بە دەستی خۆ دەنووسرێتەوە.

ئەودەم لە بەرانبەر ئەو زەعف و بۆشایییەی دەسەلاتی کورداندا،

سێ شاری گەورەی مەراغە، تەورێز و ورمێ بە دەست نەیارانی کوردەوە بووە. لە هەر سێ شار لەشکری تەیار و پۆشتە لە ژێر فەرمانی دەستەڵاتدارانی شار بە وزە و هێزی ڕاوێژکارانی بە ئەزموون ئامادەی سەرکوتی هەر سەربزێوییەکی کوردان بوونە.

دوو کۆمەڵگای جیا لە یەک، یەکیان بەهرەمەند لە تەواوی دیاردەکانی شار و کەرەسە تازەکان و پشتبەستوو بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە، لایەنی تر چەندین عەشیرەی زوڵملێکراوی داغ لە دڵ و زەوی‌وزار زەوتکراوی شەڕکەری لەخۆبردوو بەڵام نەخوێندەوار و بێ پشتیووانە و دوور لە سیاسەت و فرتوفێڵ.

ئاکامی ئەو بەرەنگارییانە ڕوونە، کوردان سەرەڕای لیاقەت و ئازایەتی، شکان و بەرەبەرە بەرەو چیاکان ختە دران؛ ئەو ڕاستییەی ئەمڕۆش بە چاو دەبینین.

لە بەیتی عەولاخاندا بۆ یەکەم جار دیاردەی شاری کوردنشین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دێتە نێو ململانی و کێشەی کۆمەڵگا، بەڵام ئەو هاتنە زۆر درەنگ بوو و نەیتوانی یارمەتی بدا بە سەقامگیریی دەسەڵاتی کورد. ئەو هاتنە نەک ئەوەی هەر نەکرد، بەڵکو بە قووڵ بوونەوەی دژایەتی و ململانی نێوخۆ، گلۆڵەی دەسەڵاتی حاکمانی موکری کەوتە لێژی و مۆری کۆتایی حوکمداریێتی کوردی بە سەر ئەو ناوچە گرینگەی کوردستاندا لێدا. جێیەتی ئەو بابەتە لە لایەن لێزانانی خۆیییەوە لێکۆڵینەوەیەکی وردی لە سەر بکرێ.

# پوختەی یادداشتەکانی عەبدوڵڵا ناهید

عەبدوڵڵا ناهید (١٢٧٠-١٣٢٤ی هـەتـاوی/١٨٩١-١٩٤٥ی زایینی)، کتێبی خاتراتی خۆی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی نووسیوە. زانیارییەکانی لەمەڕ بنەماڵەی موکری چەند خاڵی جێی سەرنجی تێدان:

- هەتا ئەمڕۆ هەفتا ساڵ بە سەر نووسینی ئەو بیرەوەرییانەدا تێدەپەڕێ.

- کوردان بە دوای هێرشی مەغولاندا، بۆ ماوەی سێ سەدە بەشێک لە موکریان چۆل دەکەن. (ل،٧)

- ناهید کوردەکان دەکاتە دوو بەش. بابانەکان لە باکوور و موکرییەکان لە باشوور. میرسەیفەددینی موکری، سێ سەدە دوای ئەو چۆل کردنە هێرش دێنێتەوە سەر موکریان. سەرەتا سەقز و بە دوای ئەودا قەڵای دریاز لە تورکانی چابقلوو - کە پاشماوەی قەراتاتارانن - دەستێنێتەوە و لە وڵاتی داگیرکراوی باب‌وباپیرانی خۆی دەریاندەکا. (ل،٨)

- بداغسوڵتان لە زەمانی شاسولەیمان سەفەوی، بۆ ماوەی شێست ساڵ بە سەر ساباڵغدا فەرمانڕەوایی دەکا. دوو بەرەی موکری لە ئەوەوە دەتەنێتەوە. بەرەی مووساسوڵتانی کوڕی دەبنە خان‌زادە و نەسلاونەسل حوکمات دەکەن. بەرەی سۆهراب‌بەگی کوڕی دیکە دەبنە بەگزادە و لە پەراوێزی حکوومەتی موکریاندا دەمێننەوە. (ل، ٨-٩)

- فەیزوڵڵابەگی کوڕی عەبدولڕەحمان‌بەگ ناودارترینی بەگزادەکانە و بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگی بە ناوی ئەوەوە کراوە. ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی/ ١٨٨٣ی زایینی/ ١٢٦٢ی هەتاوی دەمرێ. (ل، ١١- ١٣ )

- بە پێی شەجەرەنامەی کۆتایی ئەم کتێبە لقی خان‌زادەکانی موکری بریتین لە: بداغ سوڵتان، مووساسوڵتان، شێخ عەلی‌خان، بداغخان، عەوڵاخان، محەمەدحەسەن‌خان، میربداغخان، کەریمخانی کوڕی بداغخان، مەجیدخان. لقی بەگزادەکانی موکری بریتین لە: بداغسوڵتان، سۆهراب‌بەگ، محەمەدخانی کوڕی سۆهراب‌بەگ، ئەحمەدخان‌بەگ، مستەفابەگ، مستەفابەگی دووەم، عەبدورەحمان‌بەگ، فەیزوڵڵابەگ، شێربەگ، مستەفاخانی سالارناسر، عەبدوڵڵا ناهید. (خاطرات من، ص ١٠٨ - ١٠٩)

# عەباسئاغای دێبۆکری

یەکەم زانیاری کە لە عەباسئاغای دێبۆکری لەبەر دەستمان دایە، ئەوەیە ساڵی ١٢٥٦ی کۆچی مانگی/ ١٨٤٠ی زایینی/١٢١٩ی هەتاوی بە دەست عەوڵاخانی موکری لە دارولحکوومەی سابڵاغ کوژراوە. عەباسئاغا کوڕی ڕەسووڵئاغای کوڕی بەیرەمئاغایە. لە ناوچەی موکریان، بەیرەمئاغا بە سەرجەلەی ئەو تایفەیە دەناسرێ و بەر لەوەی ناوێکی ئەوتۆیان نییە.

ئەودەم کە عەباسئاغا دەکوژرێ، قادرئاغای کوڕی زاوای عەوڵاخان بووە. خزمایەتی لەو شێوەیە زۆرتر بۆ پێشگری لە دژایەتی ساز دەبوو. هەر ئەوەی کە عەوڵاخان کچی خۆی دەدا بە کوڕی عەباسئاغای سەرۆکی دێبۆکریان، نیشانەی گرینگی ئەو تایفەیە بە لای حاکمی موکرییەوە. ئەو خزمایەتییە دەیتوانی ببێتە یەکانگیری ئەو دوو تایفە دەسەڵاتدارە و لەو سەردەمدا و پێگەی کوردی پێ چووبایە سەر. نەک هەر وا نەقەوما، بگرە دەسەڵاتی موکرییەکانی سەرەولێژ کرد و پاش ماوەیەک بە یەکجاری دەسەڵاتی سابڵاغ لە دەست کوردان هاتە دەر.

عەباسئاغا تەنیا سەرۆک عشیرەیەکە هەتا ئەو ڕۆژی - بەپێچەوانەی سەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ و مامەش و پیران - ڕوو دەکاتە شار و بە ئاوەدان کردنەوە، بوونی خۆی وەک کەسایەتییەک نیشان دەدا. مزگەوت و حەمام و بازاڕ لە دڵی شاری سابڵاغدا ساز دەکا و لە سەر ڕێگای ورمێش باغێک.

وا وێدەچێ ئەو برووز بەستنەی عەباسئاغا لە شاری سابڵاغدا، بە دڵی عەوڵاخان نەبووبێ و دەنگدانەوە و مەنشوور بوونی عەباسئاغا، نیگەرانی کردبێ حکوومەتی لە دەست دەربێنێ. دوای کوژرانی عەباسئاغا و هەڵاتنی عەوڵاخان بۆ تاران بۆ ماوەی بیست مانگ و زاڵ بوونی عەشایر و دەست تێوەردانی حکوومەتی ناوەندی، بنەماڵەی عەباسئاغا لە کەمی نەدا و قادرئاغا لایەنێکی بەرچاوی دەسەڵاتی ناوچە بوو. هەمیشە هەزار سواری گوێ بە فەرمانی حاکمی سابڵاغی لە ئێندرقاش ئامادە

ڕاگرتبوو.
- مزگەوتی عەباسئاغا ساڵی ١٢٤٥ی کۆچی مانگی/ ١٢٠٨ی هەتاوی/ ١٨٢٩ی زایینی ساز کراوە و ئێستاش شوێنی تاعەت و عیبادەتی مسوڵمانانە.
- حەمامی عەباسئاغا هەتا سێڵاوی ١٣١٥/ ١٩٣٦ و کێشانی شەقامی شاپووری پێشوو و جمهووری ئیسلامی ئێستا هەر مابوو؛ لە کێشانی ئەو شەقامەدا وەبەر کەوت و خراپ کرا. حەمامی عەباسئاغا نێوان داروخانەی مەرکەزی و دووکانی کەوشفرۆشی سەعیدی نانەوا؛ دروست لە سەر چەقی شەقامدا بوو.
- بازاڕی عەباسئاغا شوێنی ئێستای میوەفرۆشەکانی تەنیشت مەیدانی مەنگوڕان و دووکانەکانی بەری شەقامی جمهووری ئیسلامی بوو. ئەو بازارە ئێستا شوێنی نەماوە.
- باغی عەباسئاغا کەوتبووە شوێنی ئێستای باغی سمایلئاغا. بەری دادگای ئینقلاب و «مەدرەسەی پێشساختە». گوایە ماڵی عەباسئاغا لە شوێنی ئێستای «خودکەفایی» بووە.

زانیارییەکانی بەیتی سامسام پێوەندی تەواوی بە سەربهوردی بنەماڵەی عەباسئاغاوە هەیە. سامسامی قارەمانی ئەو بەیتە نەوەی عەباسئاغا بووە. لە بەیتی سامسامدا تێکۆشاوم تا ڕادەیەک ئەو کارەساتانەی بە سەر ئەو بنەماڵەیە هاتووە ڕوون بکەمەوە.

سەیر و سەمەرەیی مێژوو لەوە دایە کە ئەوەی ڕوو دەدا دەبێتە مێژوو و ئاڵوگۆڕ کردنی لە دەستی من و تۆ بە دەرە.

# کاکڵی ڕووداوەکان

- بە پێی شەجەرەنامەی ئێلی دێبۆکری کە بە دەستی عومەرئاغا عەلی‌یار نووسراوەتەوە، عەباس‌ئاغا کوڕی ڕەسووڵ‌ئاغا کوڕی بەیرەم‌ئاغا کوڕی عەرەب‌ئاغا کوڕی ئەحمەدئاغای سەر سیسیلەی دێبۆکریانە.
- بە پێی شەجەرەنامەی بەر دەست لە حاکمانی موکری، عەولاخان کوڕی بداغخان کوڕی شێخ عەلی‌خان کوڕی مووساخان کوڕی بداغ‌سوڵتان حاکمی ناوداری سابلاغە. ئەو شەجەرەیە لە عەولاخان بۆ خوارەوە بریتییە لە بداغخان، وەهاب‌خان، بداغخان.
- دژایەتی عەولاخان و دێبۆکریان و کوژرانی عەباس‌ئاغا، ڕێی خۆش کرد حکوومەتی ناوەندی وردە وردە چرای حوکماتی ئەو بنەماڵەیە داکێشێ و کۆتایی بە حکوومەتی نێوخۆیی کوردان بێنێ و ڕاستەوخۆ حاکمی غەیری کورد بۆ سابلاغ دیاری بکا.
- ئەوەی لە عەباس‌ئاغا وەک ئاوەدانی بەجێ مابوون بریتین لە: مزگەوتی عەباس‌ئاغا، حەمامی عەباس‌ئاغا، بازاڕی عەباس‌ئاغا، باغی عەباس‌ئاغا.
- مەرگی عەباس‌ئاغا ١٦ ڕەبیعولسانی ١٢٥٦ی کۆچی مانگی/١٨ی ژوئێنی ١٨٤٠ی زایینی/ ٢٨ی جۆزەردانی ١٢١٩ی هەتاوی لە مەحکەمەی عەولاخان لە شاری سابلاغ ڕووی داوە. مێژوونووسان بۆ مادە تاریخی مەرگی عەباس‌ئاغا وشەی فارسیی «روغن» یان بە ئەبجەد داناوە.
- عەباس‌میرزا ساڵی ١٢٤١ی کۆچی مانگی/ ١٨٢٦ی زایینی/ ١٢٠٥ی هەتاوی حکوومەتی سابلاغی داوە بە عەولاخانی موکری.
- عەولاخان ساڵی ١٢٥٦ی کۆچی مانگی سەبارەت بە کوشتنی عەباس‌ئاغا و گوشاری دێبۆکرییەکان بۆ ماوەی بیست مانگ لە سابلاغ دوور کەوتۆتەوە و چووەتە تاران. گەڕانەوەی سەر حکوومەتی سابلاغ ساڵی ١٢٥٧ی کۆچی مانگی بووە.
- عەولاخان ساڵی ١٢٥٥ی کۆچی مانگی لە شەڕی هێرات بەشداری کردووە و دوای ئەو شەڕە پلەوپایەی لە لای حکوومەتی ناوەندی چووەتە سەر. وێدەچێ هەر ئەو مەبەستە ورەی عەولاخانی بۆ دەگژ دێبۆکریان

ڕۆچوونی بردبێتە سەر.
- قادرئاغای کوڕی هەباسئاغا کە دوایە بە قادرئاغای ئینندرقاش ناوی دەرکرد، زاوای عەوڵاخان بووە. لە ڕووداوی کوژرانی بابیدا دەگیرێ. بە نێوبژایەتی پیاوماقووڵان عەوڵاخان لە کوشتنی خۆش دەبێ و هەر ئەودەم بەری دەدا.
- مەرگی عەوڵاخان ١٢٦٢ی کۆچی مانگی/ ١٨٤٦ی زایینی/ ١٢٢٥ی هەتاوی بووە.

# عەوڵاخانی موکری[1]

## مام ئەحمەدی لوتفی[2]

خالەق هەر تۆ بێفکری[3]
ڕەببی هەر تۆ بێفکری
تۆ پادشایەکی نەمری
تۆ عەرز و عاسمان ڕاگری
هەباساغای دێبۆکری[4]
بابی قەرەنی و قادری
کاک هەباس ڕەببی قەت نەمری
قەت نەمری بەو زووانە
بۆت بڵێم بەیتی عەوڵاخانە
لە سابڵاغێ گرتووە سانە
ئەو نەوەی بداغسوڵتانە[5]
تەگبیریان کرد بۆ خانانە:[6]
یاغی بوون دێبۆکریانە
هەباساغا گەورەی وانە[7]
خەبەریان دا بە مەکانە[8]
حازر بێ بۆ مەجلیسی وانە
هەڵڵا هەڵڵا و برمە برمە
سڵاوی کرد بە ئانجرمە[9]
ئاغایان مەجلیسو گەرمە![10]
مەجلیسو گەرمە هەمیشە
ڕۆوناوە لە هەزار پیشە[11]
نیوەی ڕیشدار و بێڕیشە[12]
خان فەرمووی: هەباس ڕۆنیشە[13]
هەباس دانیشتبوو لە نێوێ
سیغار دەنێ لە سەر لێوێ[14]

قسان دەکا وەک کرێوێ[١٥]
هەر کەسێکی لێو ببزێوێ[١٦]
نەرمی دەکا وەک مێوێ[١٧]
دەریداوێ لە وێ نێوێ[١٨]
لە خانزادەی چاو سەقری[١٩]
یەک لە یەکییان دەفکری
لە عەبباسی ئەبرۆ پەیوەست
چاوی لە کووچکخان دادەگەزت: [٢٠]
بەندی منت بۆ هەڵدەبەست؟[٢١]
ئەوە کووچکخان جووابی دەداتەوە:
ئاغام ئاقڵت پەشۆکاوە[٢٢]
یان پەریان دەستیان لە دڵت داوە
دارەلەک بە قوڕێ گیراوە[٢٣]
ئاو زۆرە دەڵێی سێڵاوە[٢٤]
قۆڵێکی نەچووە بەو لاوە[٢٥]
گەنم و جۆمان نەدێراوە
ئاوڕی داوە گەردن بێیە[٢٦]
دەیگوت: جا تەخسیری کێیە؟
دەیگوت شاهم جەرگم داغە[٢٧]
لە مەی هەڵکردووە بەیداغە
تەخسیری حاکمی ساباڵاغە[٢٨]
عەبباس کوتی: حاکم چی نەزانی
لە کنە خۆی نەوەی بداغسوڵتانی! [٢٩]
پیاوێکی ساحێب تەگبیری
ئەمما وەڵڵا بە تەخسیری[٣٠]
حاکم وای جوواب دەداوە
بە وەی کەم بینایی چاوە[٣١]
دنیای بێ تەناف داناوە[٣٢]
خەتای من نییە ئەو ئاوە

ئەگەر وای زانی عەولاخانە
دەڵێی خەنجەری دەبانە[33]
ئاوڕی داوە بۆ پێشخانە[34]
نۆکەر لێی دەبوون ئاملانە[35]
دەستیان لە سەر خەنجەر دانا
حاکم حوکمی تۆ ڕەوانە[36]
بە عومری پادشای ڕەحمانە
بەوم هێناوە ئیمانە
پەیدا بوو شێخ عەلیخانە[37]
کوتی: کۆتری لێت ون بووە هێلانە[38]
یان ئاقڵت نەماوە جانانە
هەباس دوژمنی هەموانە
قەسەم بە زاتی ڕەحمانە
ئەلعان ئەمن دەیکەم بێ گیانە[39]
وەک شێر بێتە دەر لە مێشە
نۆکەر هاتن پاش و پێشە
بە سەر فەرشیاندا ڕاکێشا[40]
لە کنی نەبوو قەوم و خێشە[41]
گیانی بە حەقیان دەکێشا[42]
جا کوتی: بە وەی کەم بێ مەکانە
با نەزانن دێبۆکریانە
کارمان لێ دەبێ گرانە
خەبەردار نابێ تارانە[43]
نۆکەرێک بوو ناو ئەحمەدخانی[44]
سبحەینێ زوو بۆ بەیانی
جووابی نارد بۆ برایمخانی[45]
کە برایماغا وای دەزانی
دەستی دەدا لە ڕانانی[46]
کزەکزەیە وەک بریانی[47]

جووابێکی نارد بۆ مەنگوڕی[٤٨]
بێنە خوارێ کوڕە کوڕی
کورتەیان لە سابڵاغ سەر بڕی[٤٩]
ئەگەر وایاندەزانی پاکی سەرشانی خۆیان دەپچڕی[٥٠]
جووابێکی نارد بۆ سەرایە[٥١]
بزانە حەسەناغایە[٥٢]
ئەویش لەشکری خۆی دەدایە
جووابێکی نارد بۆ حەمامیان[٥٣]
لەشکر بێت وەکوو بای زریان[٥٤]
کوژرا هەباسی موکریان
ماڵ و منداڵیان بە گریان
سوارە کەوتوونە هەو هەوێ[٥٥]
گوللە وەکوو هێلکەی کەوێ[٥٦]
لە بەسرێ وە سەر دەکەوێ[٥٧]
پادشایەکی بزورگی ڕەحمانی[٥٨]
هەر وەکوو ئاخرزەمانی
تۆز گرتی بەری عاسمانی[٥٩]
خدر دەیگوت: مامییە[٦٠]
ئەو خەبەر و باسە چییە؟
ئەمن ئاگام لێ نییە
بە وەی کەم ئەبەدییە
حازرم بۆ خوێنییە[٦١]
تفەنگم هەیە سالوور[٦٢]
گوللە دەخوا وەک توور[٦٣]
دنیا بەو دەکەم خاپوور
تفەنگم هەیە لە ماڵ
نێوی سافە وەک شمشاڵ[٦٤]
دەقاڕێنێ وەک منداڵ[٦٥]
یان خۆم دەکەم بە عەبداڵ

یان دەیکەمە گاڵەگاڵ[٦٦]
یان نامێنێ مام و خاڵ
تفەنگێکم هەیە گردە
گوللە دەخوا وەک وردە[٦٧]
یەگجار بە دەست و بردە[٦٨]
بە عومری پادشای سوبحان
خەبەریان هێنا کوڕان
حاکم وەک شێری لە لان
زانی بە لەشکری وان
نێزەدار و چەتاڵدار[٦٩]
حازر بوون مەردی ڕۆژگار[٧٠]
کە پێک بێنن کاروبار[٧١]
بۆو بگێڕمەوە ئەی یاران
کەمێک دەبارێ باران
لە خوڕینی چەتاڵداران
لە ناڵەی بریندااران
لە دەنگی ئینتیزاران
شکا لەشکری نامداران[٧٢]
بە عومری پادشای ڕەحمان
وەک ڕۆژی ئاخرزەمان
دنیام بەبێ تۆ ناوێ
حاکم بنەی باری کرد
گەییە پردی میاندواوێ[٧٣]
خەبەر درا بە مەراغە
دنیای ڕووناکم ناوێ
کۆمەگێکم پێ بکەن
لەشکر هات وەک سێڵاوێ[٧٤]
بووە ڕۆژی دڵ هێشانێ[٧٥]
هەق ئەستاندن وا دەبێ
وەکوو مەردی کارخانێ[٧٦]

# بۆچوون و پەراوێزەکانی بەیتی عەوڵاخانی موکری

١- ئەمە تەنیا دەقی ئەو بەیتەیە؛ لە هیچ کەس و هیچ کوێ تێکستێکی دیکەی عەوڵاخانی موکریم نەدیوە. قادر فەتاحی قازی کاتی خۆی بە هانایەوە چووە و لە فەوتان ڕزگاری کردووە. ئەو دەقە بە شێوەی سەربەخۆ، ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی/ ١٩٧٧ی زایینی لە نەشریەی زانکۆی ئەدەبیات و عولوومی ئینسانی زانستگای ئازەربایجانی تەورێز چاپ و بڵاو بۆتەوە.

بەیتی عەوڵاخانی موکری دەکەوێتە لیستەی بەیتە مێژووییەکانی ناوچەی موکریان. ئەو پێنج بەیتەی کەوتوونە دووتۆیی بەرگی یەکەم، خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی هاوبەشن.

بەیتی دمدم؛ یەکگرتنی تا ڕادەیەک عەشایری کوردە لە بەرانبەر حکوومەتی ناوەندی. موکرییەکان لەو ڕووداوە خەسارێکی قەرەبوونەکراویان وێکەوت.

بەیتی باپیرئاغا؛ تێکهەڵچوونی مەنگوڕە لەگەڵ ئەحمەد خانی موقەددەم وەک نوێنەری حکوومەتی ناوەندی. لەو بەیتەدا موکرییەکان تاوانبارن بە دەسکیسی و پیلان بۆ لە نێو بردنی مەنگوڕان.

بەیتی عەوڵاخانی موکری؛ دژایەتی موکرییەکانە لەگەڵ دێبۆکریان. بە دوای ئەو ڕووداوەدا بلْباسان تا ڕادەیەک دژ بە موکرییەکان وێستان و ناخۆشییەکان قووڵتر بوونەوە.

بەیتی هەمزاغا؛ دژایەتی بەرەی کورد، بەتایبەت مەنگوڕەکانە، لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی. لەو ڕووداوەدا موکرییەکان بە هۆی لە سەر دەسەڵاتدا نەمان، دەورێکیان نییە ئەوە کەسایەتی تاکی شارە دەوری سەلبی لە ئاست مەنگوڕان دەگێڕێ.

بەیتی سامسام؛ هاوڕێکی کوردانی دێبۆکرییە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، دژ بە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی لە ئێراندا. بەیتی سامسام لەو بارەوە تایبەتە و پێوەندی بە گرفتی کوردەوە نییە.

ڕووداوەکانی ئەو پێنج بەیتە نیشان دەدەن لە سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی ئەو دوو سەد و پەنجا ساڵەیەی ناوچەدا، عەشایر هەمیشە لایەنێکی کارەساتەکان بوون. کاتێ چاو لە لیستەی شەڕەکانی کوردان و حکوومەتی ناوەندی دەکەی لە تاریخی ئەفشاردا، ناوی شارەکانی موکریان بە دەگمەن دێتە ئاراوە. کورد لە قەبارەی عەشیرەیی وەک مەنگوڕ، مامەش و زەرزا یان وەک کۆنفیدراسیۆنی بلْباس یان بە ناوی ناوچە وەک کوردانی لاجان باسیان لێوە دەکرێ. هەر ئەو بێبایەخی و گرانسەنگ نەبوونی شارەکانی موکریان دەتوانێ یەکێک لە هۆیەکانی شکڵ نەگرتنی بزووتنەوەیەکی هەمەگیر و بنەگرتوو لە ناوچەی موکریاندا بێ.

وێدەچێ هەر ئەو نەبوونی «شار» ە بووبێتە سەرسارديیەکی باوڕپێنەکراو لە ئاست نەنووسینەوەی مێژوو و دوا مانەوەی سەرکردە عەشایرییەکان لە سیاسەتوانی و زوو فریو خواردن و بە ئاکام نەگەیشتنی ئەو هەموو ئازایەتی و لە خۆبردوویی‌یەی لانیکەم ئەو چەند سەدساڵەیە.

٢- قادر فەتاحی قازی نووسیویە ئەو بەیتەی لە زمان مام ئەحمەد لوتفی تۆمار کردووە. شێوە و سەبکی کارەکانی مامئەحمەد بە تەواوی بە ڕوخساری ئەو بەیتەوە دیارە. قالبی بەیتەکە لە سەر شێوەی نوێیە، هەشت بڕگەیی‌یە. مام ئەحمەد سەرێکی لە دیوەخانی دێبۆکرییەکان ژیاوە. وێدەچێ بەیتی عەولاخانی موکری، هەمی وەک غەدرێکی موکرییەکان لە دێبۆکرییەکان و هەمی وەک بەشێک لە مێژوو و کارەساتەکانی ئەو تایفە بەدەسەلاتە لە دیوەخانەکانیاندا زۆر کوترابێتەوە و زەینی بەهێزی مامئەحمەد پاراستبێتی.

٣- بێ فکری لێرەدا بێ غەم و بێ دەردییە.

٤- هەباسئاغا کوری ڕەسووڵئاغا کوڕی بەیرمئاغای دێبۆکرییە. کاکڵی کارەساتی ئەو بەیتە لە کوژرانی ئەو هەباسئاغایەوە کەتۆتەوە. ئەو ڕووداوە ساڵی ١٢٥٦ی کۆچی مانگی/ ١٨٤٠ی زایینی/ ١٢١٩ی هەتاوی لە شاری سابڵاغ لە دیوانی عەولاخانی موکری حاکمی ئەو سەردەمی سابڵاغ ڕووی داوە. بەڕواڵەت وا وێدەچێ سەبارەت بە

ئاو و بەندی سەر چۆمی سابڵاغ بۆ ئاوداشتنی دێهاتی هەباسئاغا لە دەشتی شارویران بووە، بەڵام بە ڕوونی دژایەتی تایفەی دێبۆکری لەگەڵ حاکمییەتی بنەماڵەی موکری پێوە دیارە.

لەو دوو کوڕەی هەباسئاغا، دواتر قادرئاغا ناوبانگی دەرکرد؛ بە قادرئاغای ئینررقاش مەنشوورە. بابی سەمسامووستوڵتانی قارەمانی بەیتی سامسامە. گوایە قادرئاغا هەزار سواری لەبەر ڕکێفدا بووە و یەکێک لە لایەنگرانی ناوداری حکوومەتی ناوەندی بووە. بە دوای لە کزی دانی دەسەڵاتی موکرییەکان، بەشێک لەو دەسەڵاتە گواسترایەوە بۆ گەورە پیاوانی دێبۆکری؛ وەک ئەو قادرئاغایە و عەلیئاغا ئەمیرئەسعەد.

بە پێی شەجەرەنامەیەک هەباسئاغا گوایە سێ کوڕی دیکەشی هەبووە: ڕەسووڵئاغا، بایزئاغا و عەباسئاغا. ئەو عەباسئاغایە پاشبابە بووە و کوڕێکی بووە بە ناوی حەسەنئاغا. حەسەنئاغا بابی محەمەدئاغا (حەمەدئاغای سەرا و نوێنەری مەجلیسی سەنا) بووە.

٥- عەولاخان نەوەی بداغسوڵتان نییە و بە چوار پشتان دەگاتەوە ئەو. ئەو بداغسوڵتانە لە ڕاستیدا ئاوەدانکەرەوەی سابڵاغ بووە و لە دەوری شاسولەیمانی سەفەوی حوکمداری کردووە. بداغسوڵتان (١٠١٧ - ١١٠١ی کۆچی مانگی/ ١٦٠٨ - ١٦٨٩ی زایینی کوڕی «شێرخان» ساڵی ١٠٣٨/ ١٦٢٩ لە تەمەنی ٢١ ساڵی هاتووەتە سەر حوکم. ٨١ ساڵ ژیاوە و لەم ماوەیەدا ٦٠ ساڵ حاکم بووە.

٦- بە پێی بەیتەکە وا دەردەکەوێ عەباسئاغا بە پێی پلانی لە پێشدا داڕێژراو کێشراوەتە دیوەخانی عەولاخان. دیارە کێشە لە سەر دەسەڵات لە نێوان ئەو دوو بنەماڵە گەورەیە - موکری و دێبۆکری - لە ئارادا بووە. بەیتی عەولاخان لە باری کێشەی دەسەڵات لە نێوان بنەماڵەیەکی شارەیی و سەرۆکعەشیرەتێک جێی سەرنج و لێ وردبوونەوەیە. بەیتی باپیرئاغاش ئەو ڕەنگەی پێوە دیارە، بەڵام بە خەستی بەیتی عەولاخان نییە.

٧- دەسەڵاتی تایفەی دێبۆکری تەنانەت دوای کوژرانی عەباسئاغاش

هەر لە دەستی قادرئاغای کوڕیدا مایەوە و ئیندرقاش ناوەندی دەسەڵات و بڕیاری دێبۆکرییەکان بوو. بە دوای مردنی قادرئاغا و لێک هەڵوەشانی بنەماڵەی ئەو، دەسەڵاتی دێبۆکرییان کەوتە دەست بنەماڵەی ئێلخانی. بۆ زانیاری پتر بڕوانە پەراوێزەکانی بەیتی سامسام.

٨- مانای ڕستە: لە دوای عەباسئاغایان نارد.

٩- فاعیل عەباسئاغایە و بە ئانجرمە سڵاو دەکا.

١٠- لەو ڕستە و ڕستەکانی دواییدا دیارە عەباسئاغا بە لاتاو قسەیان لەگەڵ دەکا.

١١- فاعیل عەباسئاغایە. لەو ڕستەیەدا تەشەریان پێدادەدا و دەڵێ لە کارەکانتاندا فڕوفێڵ هەیە.

١٢- بە پێی ئەو ڕستەیە دەبێ لە دیوانی عەوڵاخاندا، جیا لە دەستوپێوەندی خۆی، کەسانێکی تریش دانیشتبوون؛ تەنانەت کەیخوداشی لێ بووبن.

١٣- لە دیوەخانی حاکم و سەرداران کەمکەس ئیزنی دانیشتنی بووە. عەوڵاخان فەرمووی دانیشتنی عەباسئاغا دەکا. ئەوە جێگە و پلەی ئەو، وەک گەورەی دێبۆکریان نیشان دەدا.

١٤- ئەو ڕستە و ڕستەکانی لەو چەشنە نیشانەی غروور و دانەنواندنی عەباسئاغا لە ئاست عەوڵاخانە.

١٥- وەک کڕێوە قسە کردن بە مانای بە پەلە و پەیتا پەیتا قسە کردنە.

١٦- مانای ڕستە: هەر کەس بیهەوێ دژایەتی بکا، بیهەوێ قسەیەکی بەپێچەوانە بکا...

١٧- مانای ڕستە: دەیکاتە فەرمانبەری خۆی، سەری پێ دادەنوێنێ.

١٨- دەکرێ لەو ڕستەیە مانای کوشتن هەڵکرێنی.

١٩- چاو یەکێک لە ئەندامانی لەشە کە بۆ نیشاندانی کەسایەتی، جوانی، ئارامی، تووڕەیی، زاکوون و... ی خاوەنەکەی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لێرەدا چاوی سەقری بۆ خانانی موکری دیاری کراوە و دیارە نیشانەیە لە زیتی و وشیاری و دووربینی ئەوان. بۆ دیاری کردنی لایەنەکانی تری بۆچوون و هەڵسوکەوتی کوردەواری

سەرنج بدەنە چاوباز، چاو نەرم، چاو شۆڕ، چاوشێت، چاو پیس، چاو حیز، چاو زەق، چاو چنۆک، چاو بەست، چاو چڵێس و...

٢٠- قادر فەتاحیقازی لە پەراوێزی وەرگێڕانی فارسی ئەو بەیتەدا بۆ کووچکخان نووسیویەتی: بە گوتەی بەیتبێژ کووچکخان موباشیری عەباسئاغا بووە.

ئەوەی لە باری زمانییەوە لەو ڕستەیەدا جێی سەرنجە، فێعلی «دادەگــەزت»ە. لانیکەم بۆ یەکی وەک مـن، ئـەوە یەکەم جارە ڕووبەڕووی کرداری لەو چەشنە دەبمەوە. وێدەچێ جۆرێک چاو لێ زەق کردن و بە تووڕەییەوە دواندن بێ.

٢١- دەشتی شارویران کەوتۆتە باکووری مەهاباد. چۆمی سابڵاغ ئەو دەشتە پڕ پیت و بەرەکەتە دوو لەت دەکا. زەوییەکانی ئەو دەشتە هەمووی ئاویژەن و بە چۆمی سابڵاغ پاراو دەبن. زەوییەکانی داوێنی تەپۆڵکەکانی دوو ڕێگەی قیلەتاوی مەهاباد -میاندواو و مەهاباد - ورمێ دێمەن. بە پێی ئەو هەلومەرجە جۆغرافیاییییە ئاوی چۆمی سابڵاغ ڕەگی حەیاتی ئەو دەشتەیە کە هەمووی بە دەست ئاغاوەتی دێبۆکرییەوە بوون.

چۆمی سابڵاغ بە ڕژد بوونی سەرچاوەکەی کە لە کێوەکانی جاندارانەوە دادەڕژێ، لە نەرمایی دەشتی شارویراندا زۆر لە خوڕە. وزەی ئاو، کالانی چۆمی لەو دەشتە قووڵ کردووە و تەنیا سەرە بەهاران ئاوی لێ هەڵچووە و زەویوزارەکانی ئەو دەشتەی تێراو کردووە.

بۆ کەشاو و دووئـاو و سێئاوی کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوین لە بەنداو کەڵک وەرگیراوە. ئەو بەنداو هەڵبەستنە هەندێ دابونەریت و تەنانەت پیشەی لێ کەوتۆتەوە؛ لە جێی خۆیدا باسی دەکەین.

لە سەر چۆمی سابڵاغ چەند بەند هەڵدەبەسترا: یەکەمیان لە مێشەی کورتان - ئێستا ئەو شوێنە کەوتۆتە نێو شار و نزیک پردی «بلواری شووڕا» یە - ئەو بەندە بۆ زەوییەکانی سێ گوندی خانەگێ و ئیندرقاش و گوێکتەپە هەڵدەبەسترا. ئیندرقاش گوندی

عەباسئاغا بووە.

بەندی دووەم لە خوارەوەی گوندی وسووکەند لە نزیک بەردەکونتێ هەڵدەبەسترا بۆ زەویوزاری گوندی قوونقەڵا. بەندی سێیەم لەبەر ماڵی گوندی قەرەخان هەڵدەبەسترا بۆ زەویوزاری گوندی دارەلەک کە بە پێی ئەو دەقە ئەو گوندەش ملکی عەباسئاغا بووە. بەندی قزڵقۆپی و قەرەشلاغ لەبەر ماڵی دارەک هەڵدەبەسترا. بەندی دوو گوندی گردیياقووب و کۆنەدێ لە خوارەوەی قەرەشلاغ هەڵدەبەسترا. بەندی گاپیس و کێچئاوا و خوڕخوڕە لە کۆڵباری هەڵدەبەسترا. بەو شێوەیە زۆربەی زەویوزارەکانی دوو لێواری چۆمی سابلاغ لەو دەشتەدا ئاو دەدەرا.

ئەو بەندانە نیشانەی گرینگیی ئاون لەو شوێنە و گەلێ جار تێکهەڵچوون و خوێن ڕژان بۆ وە دەست هێنانی ئاوی زیاتر ڕووی داوە؛ ڕووداوی بەیتی عەولاخان یەکێک لەو کارەساتانە بووە.

ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی شەڕێک لە سەر ئاوی بەندی کۆڵبار لە نێو دوو بنەماڵەی دێبۆکری، واتا قارەمانی و موزەففەری، ڕووی دا و لەودا چەند کەس کوژران. عەولاغای کێچئاوا و عەباسی برای و مەحموود چەکمەڕەشی ئامۆزای و وسوو مەنگوڕی نۆکەر لە تایفەی موزەففەری، بە دەست مینەقوڵی و حەمەدقوڵی و کاکەسەنی خدر مەنگوڕ - کە هەر سێک نۆکەری ماڵە وسێنە زەردی (قارەمانی) بوون - کوژران. لە بنەماڵەی قارەمانی بایزی برای وسێنە زەرد کوژرا. سێ دانگی ئەو بەندە هی وسێنە زەردی خوڕخوڕە بووە؛ دوو دانگ هی عەولاغای کێچئاوا و یەک دانگ هی حاجی تاغی خوڕخوڕە. ئەو شەڕە لە برابەشی کلکەی کوڵبار ڕووی داوە.

٢٢- مانای دوو ڕستە: ئاغا بۆ ئاوا دەدوێی؟! ئایا شێت بوویە یان پەریان شێتیان کردووی؟! مەبەست ئەوەیە کە نابێ لەو کەشوهەوایەدا ئاوا بدوێی و مەترسی لە گۆڕێدایە.

٢٣- «دارەلەک بە قوڕێ گیراوە» واتا لەبەر بێ ئاوی زەویوزار ویشک

بوون و خەریکە وێران دەبێ. دارەلەک یەکێک لە گوندەکانی دەشتی شارویرانە.

٢٤- «سێڵاو» بە مانای زۆر بە کار دێ، بەتایبەت بێت و لەگەڵ ئامرازی «وەک» یان «دەڵێی» بچێتە نێو ڕستەوە.

٢٥- بێژەری ئەم دوو ڕستەیە دەبێ کووچکخانی موباشیری عەباسئاغا بێ. واتا ئاو بۆ ئەو لای نەچووە و گەنم و جۆمان بێ ئاو ماونەوە.

٢٦- مەبەست عەباسئاغایە. «گەردن بێ» یەکێک لەو سیفەتانەیە کە زۆرتر بۆ ژنان بە کار دێ؛ بەڵام لێرە دراوە بە عەباسئاغا.

گەردن لە قاموسی جوانیناسی کوردەواریدا لەگەڵ زەرد بە مانای «درێژ» هاوڕێکە. وشەی زەرد لە تەرکیبی زەردومادا بە جوانی مانای خۆی پاراستووە. من بێی زەردم بۆ نەخۆشی بیستووە و بۆ کەسێک دە کار دەکرێ کە لەبەر نەخۆشی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابێ. بەڵام دیارە لێرەدا «گەردن بێ» گەڕاوەتەوە سەر ئەو گەردن زەردە و لە مانای سەرەکی خۆی دوور کەوتۆتەوە.

٢٧- بێژەر کووچکخانە و دەڵێ خان ئاڵای شەڕی بە دژی ئێمە هەڵداوە.

٢٨- مەبەست عەوڵاخانی موکرییە.

٢٩- بڕوانە پ ٥.

٣٠- واتا گرفتی بێ ئاویی زەویوزاری من تاوانی تۆیە.

٣١- بینایی چاوان لەو تەرکیبە دینییانەیە کە لە ناوچەدا زۆر جار لە جیاتی وشەی خوا دێ.

٣٢- واتا خوا دنیای بێ نەخشە و پلان دروست کردووە. زۆر جار بۆ نیشاندانی گەورەیی خوا، یەکێک لە تواناکانی ئەوە دێننەوە.

٣٣- کەسێک بە خەنجەر چوواندن، مانای تووڕەیی و بڕیاری توندوتیژ دانی لێ دەکەوێتەوە.

٣٤- پێشخان بریتی بوو لە دیوی پێش دیوەخان. لە دابوڕەسمی کوردەواریدا دەستوپێوەند و چاپەز و قەنەدار لەو دیوە ئامادەی فەرمان و بەجێ هێنانی پێداویستییەکانی حاکم یان سەرۆکعەشیر دەمانەوە. تەنانەت جارجار میوانانی پلە نزمیش لەوێ چاوەڕێی چوونە دیوەخانیان دەکرد. لە هەندێ ناوچەی موکریان بە پێشخان

دەڵێن «پاشخان»

٣٥- مانای ڕستە: بە ئاماژەی عەولاخان نۆکەران دەست لە سەر خەنجەر لە پێشخانە لێک کۆ دەبنەوە.

٣٦- ڕستەیەکی نەگۆڕە بۆ گوێ لە مستی و فەرمانبەری دەگوترێ.

٣٧- شێخ عەلیخان: قادر فەتاحی قازی دەنووسێ: بە پێی شەجەرەیەکی لە کۆڕی زانیاری کورددا نووسراوە، شێخ عەلیخان برای عەولاخان بووە.

٣٨- مانای ڕستە: سەرت لێ شێواوە.

٣٩- مەبەست کوشتنە.

٤٠- وێنەیەک لە شێوەی کوشتنی عەباسئاغا.

٤١- واتا کەسی خۆی لە لا نەبوو.

٤٢- کۆتایی ژیانی عەباسئاغا.

٤٣- وا دیارە موکرییەکان لە بەرانبەر عێلجاڕی دێبۆکرییەکان و یارمەتی عەشایری دیکە تابشتیان نەبووە، هەر بۆیە نیگەرانی کوژرانی عەباسئاغان. عەولاخانی موکری بێ سیاسەتی کردووە لە کوشتنی عەباسئاغادا یان گوشاری دێبۆکرییەکان ئەوەندە زۆر بووە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ئەو نەهێشتۆتەوە.

٤٤- ئەحمەخان یەکێک لە دەستوپێوەندەکانی عەولاخانە و هەواڵی کوژرانی عەباسئاغا بە دزی بە گوێی دێبۆکرییان دەگەیەنێ.

٤٥- ڕوون نییە مەبەست ئەم برایمئاغایە کێیە. لەم ڕستەیەدا وشەی «جواب» جێی سەرنجە؛ لێرەدا مانای «خەبەر» و «پێڕاگەیاندن» دەدا.

٤٦- «دەست لە ڕان دان» بۆ دوو مەبەست بە کار دێ: بۆ داخ و حەسرەت هەڵڕشتن و بۆ دەربڕینی ئەو پەڕی شادی و کەیفخۆشی. دیارە لێرەدا مەبەست مانای یەکەمە.

٤٧- مەبەست ناڕەحەتی زێدە لە ڕادەی برایمئاغایە سەبارەت بە هەواڵی کوژرانی عەباسئاغا.

٤٨- لە مەنگوڕانی ڕاسپارد یارمەتی بدەن بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی خوێنی عەباسئاغا.

٤٩- مەبەست لە «کورتە» عەباس‌ئاغایە. وشـەی کورتە سیفەتە و جێنشینی ناو بووە. کورتە بۆ پیاو یان ژنی دەستە - نە کەڵەگەت و نە خریلە - بە کار دێ و سیفەتێکی پۆزێتیڤە؛ زۆرتر بۆ ژن بە کار دێ. ئەو سیفەتە لە گۆرانی‌دا ڕەنگی داوەتەوە: «کورتێ هات ڕابرد، کوێر بم نەمزانی، غەمی ئەوەشم کەوتە سەر شانی».

٥٠- شینگێڕی لە نێو کوردانی موکریان لە ڕابردوودا دابونەریتی تایبەتی خۆی هەبوو. ژنان بە لۆرانەوە و پێهەڵاگوتن و ڕوورنین و سەر لە قوڕ گرتن و... داخ و کەسەری خۆیان نیشان دەدا. پیاوان سۆرانیان لە خم دەدا و شانیان لە قوڕ دەگرت و سەر شانی خۆیان دەپچڕی. هەرچی مردوو پلەوپایەی بەرزتری بوایە ئەو دابونەریتە توندتر بەڕێوە دەچوو.

٥١- گوندێکی گەورە و ئاوەدانی مەحاڵی «بێهی» سەر بە شارستانی بۆکانە. کەوتۆتە باکووری شاری بۆکان و زۆر لە چۆمی جەغەتوو نیزیکە. هۆی ئـەوەی پێی دەڵێن «سـەراو» ئـەوەیـە کە کانی و سەراوێکی گەورە لە تەنیشت گوند، لە بەری ڕۆژهەڵاتی ئاوایی، هەیە. ئەم سەراوە ئاوێکی زۆری هەیە و لە ساڵانی پێشوودا بەشی زۆری مەزراکانی بەر خۆی بەراو دەکرد. بەڵام ئێستا بە هۆی وشکەساڵی و کەم بوونەوەی ڕادەی بەفر و باران ئاوەکە لە کورتی داوە و بەشی پاراو کردنی مەزراکان ناکا. لە لایەکی دیکەشەوە گوندەکە لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە شارەدێیەکی گەورەی زیاتر لە ٢٠٠ ماڵە و زەوی‌وزارێکی زۆرتر دەکێڵدرێ و ئاوی سەراو بەشی هەمووی ناکا.

پێش دابـەش کـردنـی زەوی‌وزار (اصـلاحـات ارضـی) لە زەمانی دەسەڵاتداری پەهلەوی دووەمدا ئەم گوندە نیوەی مڵکی حەمەحوسێن‌خانی سەیفی‌قازی و نیوەکەی دیکەش ملکی ئاغایانی حەیدەری (کاکەڕەحمانی حەیدەری) بوو. حەمەحوسێن‌خان پێش کۆماری مەهاباد لەو گوندە بینا و خانووبەرەیەکی گەورەی بنیات نا کە تا ئێستا زۆر چاک ڕاگیراوە.

مەودای سەراو تا بۆکان ٦٠ کیلۆمیترێک دەبێ. شوێنێکی خۆش

ئاووهەوایە و مەزرای بە پیت و بەرەکەتی زۆرە و حاسڵاتی عومدەی بریتین لە گەنم، جۆ، نۆک، چەوەندەری قەند و زۆر وردە حاسڵاتی دیکە.

وەک دەڵێن حەمەحوسێنخان ویستوویەتی ئەم گوندە بکاتە شار و بەو مەبەستە شەقامی گەورەی تێدا لێداوە و کەسەبەی سەنعەتکاری وەک تەنەکەساز، جلدروو، دارتاش و... هێناوەتە سەراو. بەڵام ڕووداوەکانی ساڵانی ١٣٢٠ تا ١٣٢٥ دەرفەتی ئەو کارەی پێ نەداوە.

٥٢- بە پێی ئەو ڕستەیە دەبێ حەسەنئاغا مالکی گوندی سەرا بووبێ.

٥٣- حەمامیان گوندێکە سەر بە بۆکان. ناوەندی بنەماڵەی ئێلخانی – سەر بە عشیرەی دێبۆکری – لە ناوچەی بۆکانە. دوای کز بوونی بنەماڵەی عەباسئاغا، سەرۆکایەتی دێبۆکرییان کەوتە دەست ئەو بنەماڵەیە.

٥٤- لە موکریاندا بای زریان کە لە لای باکوورەوە دێ، هەمیشە ساردی و سەرما و تەنانەت بەفری لە پاییز و زستاندا پێوەیە. هەر ئەو هێزەی بای زریان لە سەر کەشوهەوای ناوچە، بۆتە بنەمای ئەو پەند و مەتەڵ و ئیدیۆمانە. مەبەست لەو ڕستەیە لەشکری وێرانکەرە.

٥٥- نیشانەیەکە بۆ هێرش و حەملەی سواران.

٥٦- شوبهاندنی گوللە بە هێلکەی کەو بە مەبەستی نیشاندانی گەورەیی گوللە کراوە. تفەنگی وەک شینکە و حسکە کە لوولەکەیان خان – شیار – ی نەبوو و لە سەرڕا گوللەی خڕیان تێداویشتن، وێدەچێ هەتا سەردەمی ڕووداوی ئەو بەیتە، واتا ١٨٤٠ی زایینی هەر لە کوردستاندا مابن. گوللەی وەک هێلکەی کەو دەتوانێ لەوەوە هاتبێ.

٥٧ – بەسری: گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی مەهاباد، کەوتۆتە ناوچەی محاڵ. دراوسێکانی بریتین لە: ئاوایییەکانی قەڵات و حەوتەوانان لە باشوور، ئاوایی زگدڕاو لە باکوور، ئاوایی قەرەبڵاغ لە ڕۆژهەڵات، ئاوایی سەیدئاوا لە ڕۆژئاوا. لە باشووری ڕۆژهەڵات کێوێک هەیە و چاکێکی بە ناوی «شێخ حەسەنی بەسری» لە سەرە؛ ئەو گوندە

بەو ناوە کراوە. ماوەیەکە لەو گوندە ئەوانە نیشتەجێن کە تووشی نەخۆشی گولی هاتوون. (فەرهەنگی ئاواییەکانی مەهاباد، ل ٥١).

٥٨- مەبەستی ڕستە خوایە. وشەی «بزورگ»ی فارسی بە مانای گەورە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی موکریان دەمێکە نەماوە. من بە کار هێنانی ئەم وشەیەم هەر لە حەکایەت و بەیتەکاندا دیوە و بارێکی مانایی تایبەت دەدا بە «گەورەیی»یەکە. «بزورگ» لە «ڤازورگ»ی پەهلەوییەوە هاتووە بە مانای گەورە.

شێخی و سەر لینگە دەستاڕی بە دەستاڕی بوزورگ
ڕەندم و دەستاڕی کەللەی من دەفە، نەک میندەفە «نالی»

٥٩- زێدەڕەوییەکە بۆ نیشاندانی تێکهەڵچوونی شەڕکەران و هەلومەرجی مەیدانی شەڕ.

٦٠- دەبێ خدر ڕووی لە برایمئاغا بێ. ڕوون نییە خزمایەتی ئەو خدر و برایمئاغایە لەگەڵ عەباسئاغا چییە. ئەوەندەی لە سەرچاوەکان دەردەکەوێ، کاتی ڕوودانی ئەو کارەساتە قادرئاغای کوڕی عەباسئاغا تازەلاوێک بووە. بەو پێیە عێلجاڕی دێبۆکرییان بە سەرپەرشتی ئەو، دوورە گونجاوە. کاک قادر فەتاحیقازی بە پشت بەستن بە قسەکانی عومەرئاغا عەلییار لە پەراوێزی پێشەکی بەیتی عەولاخاندا نووسیویە برایمئاغا کوڕی مارفئاغایە و مارفئاغاش برای عەباسئاغایە. بەڵگەیەک لە دەستدا نییە کە ئەو برایمئاغایە هەر ئەو برایمئاغایەی نێو بەیتەکە بێ.

٦١- مانای ڕستە: حازرم تۆڵەی خوێنی عەباسئاغا بکەمەوە. خدر دەبێ یەکێک لە نەوەکانی مارفئاغا بێ.

٦٢- «ئۆغوز» ناوی تایفەیەکی تورکمانە کە «سەلجووقی»یەکان و «تورکانی عوسمانی» سەر بەو تایفەن. یەکێک لە تیرەکانی ئۆغوز ناوی «سالوور»ە. (لغتنامه دهخدا)

بەو پێیە وێدەچێ «تفەنگی سالوور» چەشنە تفەنگێکی عوسمانی بێ.

٦٣- مەبەست گوللەی گەورەیە.

٦٤- مەبەست تفەنگی بێ خانە.

٦٥- ئەم ڕستەیە زۆرتر بۆ نیشاندانی دەنگی تفەنگەکە بە کار هاتووە.

قاڕاندن بۆ منداڵ کەمێک نامۆ دەنوێنێ.
٦٦- مەبەست لە گاڵەگاڵ لێرەدا هەراوهوریای سەرکەوتنە.
٦٧- وردە بریتییە لە لەتکە دەوە و لەتکە کەمرە؛ بۆ خۆش کردنی ئاوری تەندوور کەڵکی لێ وەردەگرن. شوبهاندنی گوللە بە وردە زێدەڕۆیی‌یەکە بۆ نیشاندانی گەورەیی گوللە.
لە پەنا وردە، چەند وشەی تر هەن لە چوارچێوەی سووتەمەنیدا، جێیەتی لە باری فەرهەنگی وشەوە ئاماژەیان پێ بکرێ.
دەوە: بریتییە لە ڕیخی ماڵات کە ژنان بە دەست پانی دەکەنەوە و شکڵی تایبەتی پێدەدەن.
دەوڵان: دەوەڵان بریتییە لە سەر یەک کۆ کردنەوەی دەوە بە شکڵی دایرە و بە ڕیخ سواغ کردنی بۆ سووتەمەنی زستانانە؛ قەڵاغ (وشەیەکی تورکییە)
کەمرە: بریتییە لە هێشتنەوەی ڕیخ یان کشپەڵ لە تەویلە و هۆڵاندا بە مەبەستی پێ‌پەست بوون، یان گواستنەوەی ڕیخ بۆ سەرانگوێلک دیسان هەر بە مەبەستی پێ‌پەست بوون؛ سەرەنجام بڕبڕ کردنی لە هاویندا بۆ سووتەمەنی.
تەپاڵە: بریتییە لە ویشکبۆوەی ڕیخی ماڵات لە دەرودەشت و کۆ کردنەوەیان بۆ سووتاندن.
٦٨- مەبەست ئەوەیە کار کردن بەو تفەنگە هاسان و خۆشە.
٦٩- چەتاڵ: تفەنگی بە چەتاڵ لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆرتر نیشانەی دەسەڵات و پڕ چەکی و پۆشتەیی شەڕکەرە. چەتاڵ کەرەسەیەکی دوولکە؛ لوولەی تفەنگی لە سەر دادەنێن هەتا کاتی هاویشتن جووڵە نەکا.
٧٠- مەبەست لە مەردی ڕۆژگار لێرەدا شەڕکەرانی دێبۆکری و مەنگوڕن. مەردی ڕۆژگار بە پیاوی ئازا و لێهاتوو دەگوترێ کە هەموو کارێکی لە دەست بێ و گرفتەکانی پێ چارە بکرێ.
٧١- مانای ڕستە: با تۆڵەی خۆمان لە موکرییەکان بکەینەوە.
٧٢- مەبەست لە نامداران موکرییەکانن.
٧٣- بە پێی ئەم ڕستەیە عەوڵاخانی موکری لەبەر لەشکری دێبۆکرییان

ڕادەکا. ڕاستیی ڕووداوەکەش هەر وا بووە. مەبەست لە «بنە» ماڵ و سامانە - ئەوەی هەڵدەگیرێ -. میاندواو دوو پردی هەیە، یەکیان لە سەر چۆمی تەتەهوو ساز کراوە و ئەوی تر لە سەر چۆمی جەغەتوو. پردی سەر چۆمی جەغەتوو لە شەڕی یەکەمی جیهانی بە دەست ڕووسەکان ساز کراوە و لە ناوچەدا بە ئەویان دەڵێن پردی میاندواو. بەو پێیە وا وێدەچێ سەردەمی عەولاخانیش هەر پردێک لەو شوێنە هەبووە. ئەو پردەی لە سەر چۆمی تەتەهوو ساز کراوە بە پردی میرزا ڕەسووڵ بەناوبانگە و ئێستا چووەتە جەلەی شوێنەوارە مێژووییەکان.

بنەماڵەی «لەشکری» ئێستا لە مەهاباد دەژین. «حاجی ئەحمەدی لەشکری» ، باپیرەگەورەی لەشکرییەکانی ئێستا، ساڵی ١١١٥ی کۆچی/ ١٧٠٣ی زایینی مزگەوتێکی لە سابڵاغ دروست کردووە کە ئێستاش ماوە و هەر بە ناوی خۆیەوە دەناسرێ (مزگەوتی حاجی ئەحمەد). دروست کردنی ئەم مزگەوتە دەکەوێتە ١٤ ساڵ دوای مردنی بداغسولتان. ئەو مزگەوتە ساڵی ١٣٧١/ ١٩٩٢ نوێ کرایەوە و بینا قەدیمییەکەی تێکدرا.

«میرزا ڕەسووڵ» کوڕی ئەو حاجی ئەحمەدەیە و ئەویش وەک باوکی، پیاوێکی خێرۆمەند بووە. حەمامێکی لە سابڵاغ دروست کردووە کە هەر بە ناوی خۆیەوە ناسراوە (حەمامی میرزا ڕەسووڵ) و دەوری ٣٥ ساڵ دەبێ بە شوێنەواری مێژوویی لە قەڵەم دراوە و ئێستا بووەتە مۆزەخانەیەکی هەژاری شاری مەهاباد. هەروەها باغێکی قەیسی بووە کە بە «باخچەی میرزا ڕەسووڵ» ناسراوە و ئێستا نەماوە؛ ئەو باخچەیە دەکەوتە پشت سینەما تەربیەت هەتا شەقامی حافزی ئێستای مەهاباد. «پردی میرزا ڕەسووڵ»یش کە لە سەر چۆمی «تەتەهوو» لێدراوە، هەر یادگاری ئەو پیاوەیە.

٧٤- بێژەر عەولاخانە کە داوای یارمەتی لە حکوومەتی ناوەندی دەکا.

٧٥- مەبەست لە ڕۆژی دڵهێشان، شەڕ و تێکهەڵچوونە و کوشتن و کوژرانە. ئەو تەرکیبە زمانییە جارجار لەگەڵ وشەی «جودایی» و «گەرووتاڵی»ش دێ؛ هەر بە مانای سەروو.

٧٦- وا دیاره دێبۆکرییەکان لە ڕاونان و دەرپەڕاندنی عەولاخان لە سابلاغ وەک سەرکەوتن و تۆڵە ئەستاندنەوە دەدوێن.

بە گوتەی هەندێ لە شارەزایان شەڕی دێبۆکری و موکرییەکان لە سەر کوژرانی عەباسئاغا کۆتایی بە دەسەڵاتی موکرییەکان لە سابلاغ هێنا و ئیتر لەمە بە دواوە حاکمی غەیرە کورد نێردرایە ئەو ناوچەیە.

# هەمزاغای مەنگوڕ

۱۲۹۸ی کۆچی
۱۸۸۱ی زایینی
۱۲٦۰ی هەتاوی

# ڕوون کردنەوە

لە سەرەتاوە پێویستە ئەم مەبەستە ڕوون بکەمەوە، شێوەی پێداهاتنەوە و لێکۆڵینەوەم لە سەر بەیتی هەمزائاغا کەمێک تۆفیری دەبێ لەگەڵ بەیتەکانی تری نێو ئەو بەرگە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بە هیممەت و خۆ ماندوو کردنی بەڕێز عەبدوڵڵا سەمەدی لەساڵی ١٩٨٢ەوە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە سەر ئەم بەیتە دەستی پێکردووە و بەینەڵڵا کارێکی بە پێزی لە سەر کراوە؛ بەتایبەت کە لە ماوەی ئەو بیستوچەند ساڵەدا چەند جار بەڕێزیان پێیدا هاتۆتەوە و زانیارییە نوێیەکانی لە چەند نۆرەدا لێ زیاد کردووە. غەدرێک دەبوو ئەو کارە جوانە بە پچڕپچڕی چووبایە نێو پەراوێزەکانم. وەک ئەرک و پێزانین سەرجەمی کارەکەییم بێ دەستتێوەردان – جیا لە ڕێنووسەکەی – گواستووەتەوە نێو کارەکەی خۆم و لە هەر جێیەک پەراوێز و ڕوون کردنەوەی زیاترم بە پێویست زانیبێ نووسیومەتەوە. بۆ خۆ پاراستن لە دووپاتەگەری، پەراوێز و بۆچوونەکانی کاک عەبدوڵڵام کردووەتە شارە و خوێنەرم بە کورتەنیشانەی (ع. س) بۆ ئەوێ حەواڵە داوە.

بەداخەوە هەندێ بەیت – بە هەر هۆیەک بێ – تاقانە ماونەوە و دەستی قەزا هەر سێ بەیتی باپیرئاغا، عەولاخانی موکری و هەمزاغا لەم بەرگەدا لەو چەشنە بەیتانەن و دەقی ترمان نە بە نووسراوە و نە بە تۆمارکراوی دەست نەکەوتووە. ئەمە بۆ من وەک گرفتێک وایە و مەیدانی لێکۆڵینەوە و دوان لە سەریان بەرتەنگ بۆتەوە؛ بەتایبەت کە شێوەی کارەکەم لە سەر هەرچی زیاتر بوونی دەقی بەیتەکان داناوە.

ژیان لەگەڵ ئەو چەند دەقە مێژووییە بەو ئاکامە تاڵەی گەیاندم کە پێشینیانی مێژوونووسمان زۆر تاکوتەرا و گەللایی ئاوڕیان لە ڕابردوو داوەتەوە و تەنانەت ئوسوولی سەرەکی و ساکاری مێژوونووسینیان لە بەر چاو نەگرتووە. لە ڕاستیدا ئێمە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و زانستیی خۆماڵیمان نییە کە بە تەواوی پشتی پێ ببەستین.

ناچارم ئەم ڕاستییە تاڵە بە زاردا بێنم و بڵێم میللەتێکی نەتوانێ

مێژووی خۆی بنووسێتەوە، چۆن قەدری ئازادی دەزانێ! سەرم لەوە سورِ ماوە چۆن هەر وا بە لێشاوە خوێنی بۆ دەدا! وڵامی پرسیاری « بۆ ئێمە پێ ناگەین؟» لە نێو لاپەڕکانی مێژووی شپرِێومان‌دا ونە.

# ئۆسکار مان و هەمزاغا

لە نێو ئەو بەیتانەی ڕەحمان بەکر گوتوونی و لە توحفەی موزەففەرییەدا کۆ کراونەوە، جێگەی بەیتی هەمزاغا بەتاڵە! ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە چۆنە ئۆسکار مانی ئۆگر بە بەیتی مێژوویی، ئاوڕی وە بەیتی هەمزاغا نەداوەتەوە.

لە موکریان باو بووە کە بۆ ڕووداوەکان بەیت یا گۆرانی ساز بکەن. ئۆسکار مان بیست ساڵ دوای سەر بڕانی هەمزاغا دێتە سابڵاغ و وێناچێ ئەودەم ئەو بەیتە دانەندرابێ.

ئەوەی شکی بۆ دەچێ ئەوەیە کە ڕەحمان بەکر نەیزانیبێ؛ ئەوەش بە هۆی ناوودەنگی ڕووداوی هەمزاغا و نائەخلاقی جووڵانەوەی ئەمیرنیزام و دڵمەندیی خەڵکی ناوچە لەو کارە، دوور لە زەینە کە یەکی وەک ڕەحمان نەیزانیبێ. تەنانەت هەتا ئەو ساڵانەی دواییش باسی ڕێوێتی وەزیرە چرچە – ئەمیرنیزام – و سوێندی بە درۆی ئەو لە سەر زاران بوو و هەموو جارێ دڵگیرانی بیسەرانی لێدەکەوتەوە.

خاڵی دیکەی هۆی ئەو بۆشاییە دەتوانێ ئەوە بێ ئۆسکار مان خۆی لە قەرەی ئەو بەیتە نەدابێ. بە هۆی نیزیکی زەمانی ڕووداو و هەلومەرجی سیاسی و دڕدۆنگی حاکمی ئەو وەختی سابڵاغ وازی لێ هێنابێ.

بێگومان ئەگەر ئەودەم بەیتی هەمزاغا تۆمار کرابا، ئێستا ئێمە هەر تاقانە دەقی حەمەدی بەیتانمان بە دەستەوە نەدەبوو؛ وێدەچوو زانیاری پتر و دروستترمان لە لا بایە.

# وتوویژ لەگەڵ عەلیئاغا سالارعەشایری

بیستمەوە ئەحمەد قازی دەستی بە کورتە پێهەڵاگوتنێکی هەمزاغا لە زمانی عەلیئاغای سالارعەشایرییەوە گەیشتووە. بە هۆی گرینگی ئەو کورتە بەیتۆکەیە - کە وەک بەڵگەیەکی نوێ دێتە ئەژمار - سەردانی عەلیئاغام کرد لە گوندی «بەیتاس» ؛ لە سەر ڕێگەی قیلەتاوی مەهاباد-سەردەشت. کورتە دوانێکم لەگەڵ کرد و چەند زانیاری گرینگ و کرانەوەی چەند گرێپووچکەم دەستکەوت بوو. بۆ زانیاری پتر لە بارەی بەسەرهاتی باپیرئاغای گەورە و هەمزاغا کەلکم لە قسەکانی وەرگرتووە.
لێرەدا کاکڵی گوتەی عەلیئاغا لەمەڕ هەمزاغا پێشکێش دەکەم:
- ئەودەم کە هەمزاغا لە کوردستان شەڕوشووری کردووە و لەگەڵ دەوڵەتێ نەحاواوەتەوە، چۆتە مەرز. دەوڵەتی عوسمانی کوتوویانە یا دەبێ لێرە نەبێ و بچێتەوە ئێرانێ یا دەبێ خۆ تەسلیمی ئێمە بکا. دەڵێ تەگبیریان کرد، هەمزاغا و جوکلی هەمەوەند و حەمەداغا چوونە نێو عوسمانی. حەمەداغا و جوکلی هەمەوەند بەر بوون و هەمزاغا ماوە لە زیندانێ. عەرەبێک پەیدا بووە لە کن حاکمی. حاکم کوتوویە هەمزە سووری لە زیندانێ بێننە دەرێ و بێ دەگەڵ ئەو کابرایەی جلیتم بۆ بکا. هەمزاغا داوای وڵاغ دەکا. حاکم دەڵێ با بچێ لە ئێختەرمەخانەی من ئەسپێکی بێنێ. هەمزاغا چووە ئەسپێکی هێناوە و لەگەڵ ئەو قولەی جلیتی کردووە و دارێکی لێداوە و کوشتوویەتی. سوڵتانی ئەستەمبووڵێ کاغەزێکی داوەتێ بۆ بەیرەمئاغای بەغدایە. ئەویش لەوێ کچێکی خۆی داوەتێ و لە وێڕا هاتۆتەوە بۆ ئێرانێ.
- ئەو بەسەرهاتەی خوارەوەم لە هەمزەی ئاڕەحمانی بیستووە، زڕەکادەرویێشی بوو. ئەویش لە کاک هەمزەی سونێ فێر ببوو. ئەمن هەر ئەوەندەی لێ فێر بووم. «مینە چاوشینی» خەڵکی «قازیاوا» ش کوتوویەتی.

خزمینە گوێو لە من بێ
ئەی ئەهلی دە دیوانێ
سفەتان لێدەن لە مەردچاکان
پاش ڕۆستەمی ئێرانێ
هەمزاغایەک پەیدا بوو لە وڵاتی دە کوێستانێ
چەندی خراپە دەکرد لە ئازەربایجانێ
عێلی پاک ناردە سەران
بۆخۆی کەوتە نێوانێ
ڕەشبەڵەکی تێدانە هەر وەک چلووی زستانێ
ئاور لە کەویان دایسێ وەک ئەستێرەی عاسمانێ
ڕاوتەکبیریان دەکرد تەکبیر بە کاکەسواری
هیچ کەس دەگەڵ خۆی نەبا بە غەیری قەننەداری
هەمزاغای چاو بەنگییە، نەتبێ هیچ مەخافەتییە
شوێنی پاشای ئیسلامێ کوشتن و سەر بڕین نییە
بڕۆ لە ئەستەنبوولێ تۆ ببە بەندییە
ئاواڵگری حەماغا دەگەڵ جوکلی هەمەوەند
ئەوان دەرەتانیان بوو
قایم بوو لە هەمزەی بەند
خودایە خودایەکی حەیەنی
عەبدێکی بنیاد بنێی لە ئاگرم دەربێنێ
زۆر دەچوو کەم پێدەچوو
عەرەبێک پەیدا دەبوو
سوڵتان بۆخۆی دەیفەرموو
سبحەی بەیان بەردانێ
هەمزاغا بێتە دەرێ
لە [ئە]ستۆی وەکەن زنجیرێ
لە ملی دەرێنن زەولانێ
شیری لە ڕووی ناکێشم
تا ماوم لە جیهانێ

بێ دەگەڵ سواری عەرەب بۆم بکا تەقڵە و لینگدانێ
هەمزاغای کادەرویێشی
بۆخۆی تەنگەی دەکێشی
سواری ئەسپی دەبوو
ڕۆستەمە لە سەر ڕەخشی
دەنگی سواری عەرەبیدا
تەقڵێکی دا لە پشتی
وای ئاگا نەکرد بێشی
سوڵتان بە وەی دەبەخشی
کاغەزێکی دەدایە بۆ بەیرەمئاغای بەغدایە
ئەو کچی خۆی بە ئەنعام دەدایە
مام و کوڕ و برازان
گەڕانەوە بەرەو کوێستان
لە باژارگەی شنۆیە خۆی دەداوە لە قەپان
هەژدە باتمان تەواوە هەمزە جیهان پاڵەوان

– ئەگەر هەمزاغای بانگ دەکەن بۆ سابڵاغێ. لە هەمزاوا بە بەری پشتتەپیدا دەچێ. کابرایەک لە وێ جووتی کردووە، نەیوێراوە بڵێ هەمزاغا مەچوو بۆ سابڵاغێ. بە بیانووی گایەکانی هەرای کردووە «هۆو وەرە، سوورە فێڵە». هەمزاغا گوێی لێدەبێ و دەڵێ ئەو کابرایە هەر دووک گای ڕەشن، بۆ دەڵێ سوورە فێڵە؟! نۆکەرێکی دەنێرێتە کنی و لێی دەپرسێ. جووتێر دەڵێ ئەو سەفەرەی نەکا، ئەو سەفەرە فێڵە. هەمزاغا دەڵێ لە حەیفی کاکەڵڵاغای برام تازە ناگەڕێمەوە.

جووتێر: هۆو وەرە، سوورە فێڵە
هەمزاغا: مامی جووتێر دەزانم فێڵە
ئەگەر نەچم دەڵێن هەمزە دێڵە

– زڕەکادەرویێشی: ئەو باپیرئاغایەی کە هەژدە کوڕی هەبوو، دوو کوڕیان لە دایکێک دەبن، حەمەد براکەی خۆی دەکوژێ. باپیرئاغا دەڵێ دەریکەن حەمەد لە ئێمە نییە؛ ئەوە زڕە. ئەولادەکانی ئەو حەمەدە بە زڕەکادەرویێشی مەنشوورن. ئەو باپیرئاغایە لە شەڕی مەنگوڕ و

مامەشاندا کوژرا؛ باپیرئاغای دووەم.
- یەکێک دەیکوت ئۆسکار مان نووسیویەتی چوومە کن بداغسوڵتانی لێمپرسی قەبری هەمزاغای لە کوێیە، دەچم دەیدەمەوە بزانم ڕاستە سەریان بڕیوە یان نا؟ هەر لە بداغسوڵتانیش نێژراوە و ئەودەم مەیتەکەیان تەحویلی بداغسوڵتانی داوە. ئۆسکار مان دەڵێ نازانم نە نەیوێرا نە چاوچنۆکی دەگەڵ کردین، پێی نەکوتم کە بچم قەبرەکەی بدەمەوە و... ئەو قسەم لە چەند نەفەران گوێ لێ بووە. مەعلووم جەنازەکە تەحویلی بداغسوڵتانی دراوە.

تێبینی لە سەر قسەکانی عەلیئاغا: هەمزاغا باپیرە گەورەی عەلیئاغایە: هەمزاغا، باپیرئاغای سێیەم (باپیرئاغای باستامبەگ)» هەمزاغای باستامبەگ، عەلیئاغای سالارعەشایری. سەبارەت بەوە عەلیئاغا وەرەسەی هەمزاغایە، دەبێ بەشێکی زۆر لە قسەکانی لە ڕاستی نیزیک بن. بەڵام دیسانیش سەبارەت بە تایبەتمەندیی قسەی سەر زارەکی و ئاڵوگۆڕ بە سەردا هاتنی، دەبێ بە شکەوە لێی بڕوانی. هەر ئەو هەڵەیەی لە حاکمەتی بداغسوڵتان بۆ سەردەمی دوای سەر بڕانی هەمزاغا کردوویەتی، کە دوو سەد ساڵی بەینە. بە پێی وتاری محەمەد سەمەدی لە بارەی جەلەی حاکمانی سابڵاغ کاتێ ئۆسکار مان دێتە سابڵاغ، میرزا حەسەنخانی موزەففەرولمولک حاکم بووە. (١٩٠٢ی زایینی/ ١٣٢٠ی کۆچی مانگی). لە بابەت چوونی هەمزاغا بۆ وڵاتی عوسمانی و ئەو ڕووداوەی بۆتە هەوێنی ئەو بەیتۆکەیە هیچ زانیارییەک لە دەستدا نییە، جگە لەوەی هەمزاغا دوای کشانەوەی لەشکری شێخ ماوەیەک سنووری بەزاندووە و ئەودیو ئەودیوی کردووە. دەڵێن ئەمیرنیزام بۆ بە چۆک داهێنانی هەمزاغا، کاکەڵڵاغای برای لێ ڕاست کردبۆوە و قەولی مەزنایەتی مەنگوڕانی پێدابوو. بەیتۆکەکەدا نێوانناخۆشی ئەو دوو برایەی پێوە دیارە.

# هەمزاغای مەنگوڕ [١]

**حەمەدی بەیتان[٢]**

خالق هەر ئەتۆی لە سەر
ڕەببی هەر ئەتۆی لە سەر
چی تۆ پێت بێ ئیرادە
ڕانابرن هیچ موقەددەر[٣]
سێ موقەدەرن بە سەر دێن
مردن و گوشتن و گرانی[٤]
لە موکوریان دوو حێل بوون
بەگزادە و قارەمانی[٥]
یەکێک بوو لە بەگزادان
حەیفێ بۆ عەلیخانی[٦]
بانگی خانبابای بکەن[٧]
لە [ئە]حمەدبەگی وەگێڕن[٨]
قادراغا پێبزانی[٩]
ئەو مودەبیرێکی چاکە
گەورەی دێبۆکریانی
کاغەزێکن بۆ بنووسێ[١٠]
خزمەت پادشای ئێرانی
حاکمێکن بۆ بەڕێ کا
چاک بێ، پێ بە هەرزانی[١١]
پادشا تەگبیری دەکرد
شازادێکی بانگ دەکرد[١٢]
زۆر چاکی نسحەت دەکرد
بەو دەیارە و زەمزەمە[١٣]
بۆ سابڵاغێی بەڕێ کرد
دە برۆ و ڕامەمێنە

خەڵکی تەفرەقە مەکە
مەخلووقی مەتۆقێنە
دە سەر ئاغاوەتان کە
حەمباراتان بشکێنە[١٤]
بەو قەتار و نەهاران
لە بۆ سابڵاغێی بێنە
حاکم هات و وای نەکرد
دەس بە بێ ناموسی کرد[١٥]
پیاوێکی وسێنئاغای گرت
ئەو بێ سووچ لووتی کون کرد
وسێنئاغا مودەبیر بوو
زۆر چاکی خزمەت دەکرد
کە چۆوە بۆ ماڵە خۆی
لە حەیفی ئەو قسەی دەمرد[١٦]
لە ئاغاوەتان بوو غوڵوو[١٧]
ڕا و بیرایان دەکرد
گەر ئەمە هەمزاغای نەگرین
ئەو وەڵاتی خەرا کرد
هەمزە مەردی کارخانێ[١٨]
هیچ بەو کارەی نازانێ
بە خۆ و بە قلیانداری
دەهات لە بۆ دیوانێ[١٩]
لە خواجا بێداریان دا[٢٠]
حاکم چۆ باڵەخانێ
خڕەی زنجیران دەهات
فەڕاش گەینە پێشخانێ[٢١]
کاک هەمزە تۆ ماچی کە[٢٢]
موقەسسیری دیوانێ
دە لاقت دەکەم کۆتێ[٢٣]

دە ملت دەکەم زەولانێ[٢٤]
لێرەشت لێناگەڕێم
دەتنێرم بۆ تارانێ
لەو هەمزاغای جووت غیرەت[٢٥]
دەستی برد بۆ خەنجەرێ
هەڵدەکێشێ دەبانێ[٢٦]
بە زەبرینگان لێی دەدان[٢٧]
زیڕەی برد بۆ عاسمانێ
تەقە تەقی مارتینان
لە بڵەسەی دە شەشخانان[٢٨]
چرپان چرپان پەیدا بوو[٢٩]
لە کووچە و لە دالآنان
هەمزاغا دەنەڕێنی
دە تفەنگم لە بۆ بێنن
دە زرێ و دەمەرقۆپانێ[٣٠]
دە ئەسپم لە بۆ بێنن
مەتاڵ و حەیزەرانێ[٣١]
بە گەل وەدەر دەکەوتن
کادەروێشی کوێستانێ[٣٢]
دەچوون بۆ باغی قیبلەی[٣٣]
لە وێ دەدران لە سانێ[٣٤]
هەمزاغا ئاوڕی داوە
حەمەد و سڵەمان کوانێ؟
حەیفێ لە بۆ حەمەدی
کوژراوە مەردی مەیدانێ
سێ تەڵاقەی فڕێ دەدان[٣٥]
بە سێ جزمەی قوڕعانێ[٣٦]
لێرەشی لێناگەڕێم
دەیماڵم تا تارانێ

کۆنەخوێنم وە بیر دێن
وێ ساڵێ سەر برانێ[37]
دەبێ بچمە نەهیریەی[38]
بە سەنەد شێخی بێنم
لە بۆ عەجەمقڕانێ[39]
ئەو دەمەی دەچۆ نەهرەی
دەگەڵ وەردووی شێخی هات
ئەو دەمەی شنۆی دەگرت
لە مامەشان بوو غوڵوو
ڕا و بێڕایان دەکرد
حەمەدئاغا سوار دەبوو[40]
دەهات لە بۆ سابڵاغێ
پرسی بە حاکمی دەکرد
ماشەڵڵا چەن[د] نادرم
بە تیپ و بە لەشکرم
پیاوێکی ساحەب نێوم
بەبێ ئەجەل نامرم
دەستم دەگەڵ بدەنێ
ئەز ڕێیەی لێ دەگرم[41]
مەجلیسی وا هەڵدایە
بەگزادە و قارەمانی
گەر ئەمە لەشکری پکەین
وەک دەوری نۆشیروانی
دەڵێن شێخی دەگەڵە
پاک تەڵاقن دەکەوی
دەمرین بە بێئیمانی[42]
حەمەدئاغا سوار دەبوو
قەرەپەپاغی گاز کرد[43]
دەگەڵ وەردووی شێخی هات

تاجران خۆیان خەلاس کرد
لە هەمووی هەلات هەلات
وەخرِ بۆ هەزار ملەت
خرناڵە بەیتی دەکات[٤٤]
ئەگەر حاکم وایزانی
هیچ کەس لە سەری ناکات
دەسبەجێ حاکم هەلات[٤٥]
با بدەین دەنگی لەشکری
دە با بێن ڕەمک و پیران[٤٦]
زەرزە بێن بە نادری[٤٧]
مەنگورِ و مامەش و پیران[٤٨]
گەورک بێنە لەشکری[٤٩]
حێلی فەیزوڵڵابەگی[٥٠]
بەگزادە و دێبۆکری[٥١]
ئەوها دەڵێ کاک هەمزە[٥٢]
پاک کاغەزم بدەنێ
سەبەب بە سبحەی ڕۆژێ
کەس خەتای کەس نەگری
شێخ داوای موڵکی دەکا
تا تەورێزێ دەگری
تا تەورێزێم ئی وییە
یێکێک وا لە شارییە
ئەو برای تاجرباشییە
حوجرەی نەکرد خۆڕاییەیە[٥٣]
دەڵێ ئەو ئالایەی بە شێخییە
سابلاغییان دروست کردییە[٥٤]
لە لرفە لرفی ئالایە
تەماحە ماڵی دنیایە
زۆر بترسین لە دوایە

پێن وەگێڕن ئەو قەزایە
هەمزاغا سوار دەبوو
دە نۆکەران دەفکری
دە کوڕە بدەن لە تەپڵی
دەگەڵ سبحەینێ تاو دەنگوت
دەورەی مياندواوێ دەگری[٥٥]
هەمزاغا دەنەڕێنی
سەلیمخانی چارداوڕووو[٥٦]
وەک پۆڕێ دەچریکێنی[٥٧]
دەگەڵ تفەنگی دەیهاویشت
لە خاڵی شێخی دەدا
لە زینی دەترازێنی[٥٨]
وەک جەلاب دەبڕێ سەری
وەک هەڵۆی دەڕفێنی
فەسڵێکی وا قەڵماوە[٥٩]
هەندێک لە پیاوی شێخی
کاڵەموونییان ناوە[٦٠]
جوابیان دێنا بۆ شێخی؛
یا شێخ خاڵت گوژراوە
شێخ ئەوە گوێی خۆی لێیە
پیاوێکی خوێندەوارە
هەم مەلایە و فەقێیە
دە بڕۆن لەو قسەی گەڕێن
چ بکەم کاری خودێیە[٦١]
دە بڕۆن، ڕەدوای کەون[٦٢]
بزانن مەنزڵی لە کوێیە
ئاوری بەردەنە شاری
بێت بە ڕۆژی حەشرێیە
تەقە تەقی مارتینان

له بڵەسەی دە شەشخانان[٦٣]
چرپان چرپان پەیدا بوو
لە کووچە و لە دالانان
منداڵ و خێزان قووڕین[٦٤]
دەپەڕینە سەربانان
چەندیان عەجەم دەکوشتن
لە سەر باغ و بێستانان
دە دەرێنن کلیلان
دە بشکێنن دوکانان
ئەتڵەس و کیمخوا و خارا[٦٥]
بۆ گاوان و شوانان[٦٦]
بۆ گاوان و شوانی
لەو حەمەدئاغای مامەش[٦٧]
چەند پیاوێکی زۆرزانی
دەگەڵ عەجەمان یێکە
بە مەنگوڕان غەیانی
لای بناوێی لێ دەگرتن
بەری بەرەڵڵا کردن
خڵاسی کردن کرمانی[٦٨]
میاندواویش تالان دەکرا
دەگەڵ بەری بەیانی
ئەو تالان و ماڵی هات
پاکی تاقەت کراوە[٦٩]
یێکێک لە دێبۆکریان
مینەی قادراغای ناوە[٧٠]
لە بنەبنەی سەهەندی
تالان و ماڵ گێڕاوە
بەوەش ڕازی نەدەبوو
بەو حەڕابەی کێشاوە

نایب و مودەبیران
لە تێلگرافیان داوە
سەلام لە شای ئێرانێ
خەراپن لێ قەڵماوە
ئەو ڕەژێفرۆشی گەورکی[٧١]
پاکی هاتۆ لەم لاوە
ئەو سەردەشتی وا دیوتە
ماڵ بە ماڵی سووتاوە
ئەو حەجەمی مياندواوێ
بە سێ ییێک بەریش نەماوە[٧٢]
شا دەڵێ: ئهوا ناکەم[٧٣]
بە قسەی [ئە]نگۆ بڕوا ناکەم
وڵاتی خۆم خەرا ناکەم
لەو شێخەکەی چاو مەستە
سبحەینێ لە خەو هەستا
لەو شێخەکەی دە چاو مەست
کە تفەنگی گرتبوو بە دەست
بانگی هەمزەی کرد لە قەست
هەمزە بڵیند بوو لە ناوێ
لە بریقەی زریە و قەتڵاوێ[٧٤]
ئەو چەل دەچمە سەر بناوێ[٧٥]
هەمزاغا سوار دەبوو
سوارەی برازای کەوتە دوو
هەمزە دەڵێ برازا
دەمانچەی پشتێم سازە
لێیدە ڕاوە بەرازە[٧٦]
هەمزاغا خۆ دەخێوی[٧٧]
سەرتاپا خۆی دەبزێوی
ڕمبی لێ کردوون بە گەز

خارا و کیمخوای دەپێوی
گوێو لە من بێ گەلی دە خزمان
گەلی دە برادەران، گەلی دە دۆستان، گەلی دە گوێدێران
سەت هەتا سەت هەزار سڵاوەت لە خزمان، لە گوێدێران
ئەمن ئەو بەیتەی تەواو دەکەم
بە سڵامەتی شا و میللەتی ئێران
***
[ئەمجار بەیتبێژ بە قسە دەیگێڕێتەوە]

دەڵێ هەمزاغا گەڕاوە لە بناوێڕا، هاتەوە لەو وڵاتەی خۆی نەگرت. ڕۆیی بۆ سەرهەدی تورکیەی. لە وێ چوو بوو دە خاکی تورکییەیەوە. پادشای تورکییەی بە غەیانی زانی، گرتی. دەڵێ حەوت ساڵان لە ئەستەمبووڵێ گیرا. لە پاشان، پاشی حەوت ساڵەی، پادشای تورکییەی بەری دا. هاتەوە بۆ سەرهەدی ئێرانێ. ئەگەر هاتەوە بۆ سەرهەدی ئێرانێ، شا، وەزیرێکی لەو سابڵاغەی دادەنێ، پێی دەڵێن وەزیرە چرچە[٧٨]. دەنێرێ لە دوای، دەڵێ: بۆخۆی بێ، شا خەڵاتی دەکات و ئەمن سوێندی بۆ دەخۆم ئەگەر شا هیچی پێناڵێت و دەگەڵ شای ڕێک کەوێتەوە و ئەمین بێتەوە لە وڵاتی.

جا دەڵێ: هەمزاغا بە خۆی و بە حەوسەت کەسێوە هات لە حەلیاباتێ ئەو لەشکرەی لەوێ بەجێ هێشت و هاتە خوار. وەزیرە چرچەش لە کن باغی شێخی،[٧٩] لە سەر ئەو کەرێزەی کە لێی بوو، لە وێ خێوەتی هەڵدەدا؛ خێوەتێکی زۆر گەورە. دەوری خێوەتێ هەموو دەکاتە مردەزیندە[٨٠]. چەند سەرهەنگ و یاوەر و گەورە گەورەش لە وێ دە خێوەتێدا دادەنیشن. دەڵێ: هەمزاغاش بە خۆی و بە چوار کادەرویێشیانەوە و چوار نۆکەرانەوە لە سەرڕا دێتە خوارێ. دەگاتە پشت باغی شێخی. تووشی گاڕانێ دەبێ. گاوانەکە دەڵێ: ئەرێ ئەتۆی هەمزاغا؟ دەڵێ: بەڵێ، ئەمن هەمزاغام. پێی دەڵێ: وەڵڵاهی هەمزاغا، وەرە بە خاتری خوڵای مەچۆ؛ کوڕە وەڵڵاهی دەتکوژن! جوابی ناداتەوە، دەڕوا. لە پاشان پیرێژنێک بە دوای گاڕانێدا دێ؛ ئەویش دەڵێ: ئەگەر ئەتۆ هەمزاغای، وەرە پیاوی چا بە بگەڕێوە! بە خوڵای دەتکوژن!! [٨١] هەمزاغا بە کاکەڵڵای برای دەڵێ: وەڵڵاهی کاکەڵڵا،

ئەمن قسەی ئەو پیرێژنەی و ئەو گاوانەم لە دڵی چەسپیدە بۆ. وەڵڵاهی دەگەڕێمەوە، دەچمەوە سەرهەدی، هەر هەزل[٨٢] و گیای وڵاتی دەخۆم، چ کارم بە دەوڵەتێ نێ. دەڵێ: کاکەڵڵا کوتی: کوڕە ئەتۆ بە قسەی چ باوەڕێ دەکەی؟ وەڵڵاهی هەر دەچم. سوار بوون لە سەرڕا هاتنە خوارێ، گەیشتنە دەرکی خێوەتێ، دابەزین، هەر چوار کادەروێشێکان چوون دە خێوەتێدا دانیشتن، دەگەڵ وەزیر و دەگەڵ ئەو گەورە گەورانە. نۆکەرەکانیش لە دەرکێ وڵاغیان بە چەنگەوە ڕاوەستان. دەڵێ: هەمزاغا فکری لێ پەیدا بوو. دەگەڵ وەزیرە چرچەی هەر قسەی دەکردن، وەزیر قوڕحانێکی چکۆڵەی بە دەستەوە بوو، چۆلەکێکیشی دە باغەڵی نابوو؛ دەیکوت: هەمزاغا! هەتاکوونێ ئەو سەرە بەو بەدەنەیەوە بێ، ئەتۆ هیچت پێ ناکوترێ؛ بەو قوڕحانەی.

دەڵێ: دەو قسانەدا بوو، وەزیر دەستی دا ئافتاوەی و هاتە دەرێ. هەمزاغا شکی لێ پەیدا بوو. بە نۆکەرەکەی خۆی کوت: ئەو کاڵە شەمامەبەندییانە[٨٣] سووکن؛ وە منیان بدە، ئەتۆ ئەو کەوش و گۆریانەی من دە پێ کە. دەڵێ: لینگێکی بۆ داکەند، دە پێی کرد، لینگەکەی دیکەی بۆ دە پێ نەکرا، تەقەی تفەنگێکی هات. هەمزاغا کوتی: کاکەڵڵا! ئەمن ئەنگوام! تفەنگێکیان لە پشتی دام! کاکەڵڵا دەستی دا خەنجەرێ و هەڵیکێشا، لە هەر چوار لایانڕا خێوەتیان هەڵبڕی؛ دایانگرتن. هەر یێکەی جووڵەی دەهات، تفەنگێکیان لێدەدان. دوو کادەروێشێکانی دیکەش دەرپەڕین، داپەڕین بۆ نێو شاری. دەستێک سەرباز لە ژێڵڵا هاتن، ئەوانیان کوشت. چوار نۆکەرەکان هەڵاتنەوە بۆ کن حەوسەت کەسی کە لە پشت شاری بوون؛ لە حەلیاباتێ. خەبەریان دانێ: وەڵڵا حاڵێکی ئاوا بوو، هەمزاغا کوژرا، کاکەڵڵا کوژرا و کادەروێشێکان هەموویان کوژران. ئەو حەوسەت نەفەرە لە وێ هەڵات.

سەری هەمزاغایان بڕی، بردیان بۆ تارانێ، بۆ خزمەت شای. شا بە ڕانی خۆی دادا، کوتی: حەیف بۆو پیاوەی کوژرا!! نەدەبا بتکوژپایە! ئەوە دەمناردە سەر وڵاتی لۆرستانێ، ئەوێم پێ موستەخەڕ دەکرد. دەمکردە حاکمی وێ. حەیف بۆو پیاوەی کوژرا.

دەڵێ: هەمزاغا بەو جورەی کوژرا و ئەو بەیتەش خرناڵە دایناوە، بەیتی خرناڵەی.

# بۆچوون و پەراوێزەکانی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ

١- ئەم بەیتە یەکێک لە بەناوبانگترین بەیتە مێژووییەکانە. بەداخەوە هەر ئەو دەقەشی لەبەر دەستدا ماوە. هەر بۆیە وێڕای دوعا بۆ شادی ڕوحی حەمەدی بەیتانی بەیتبێژ، دەبێ سپاسی فراوانمان هەبێ بۆ ماندوویی عەبدوڵڵا سەمەدی.

٢- بۆ زانیاری لە سەر ژیانی حەمەدی بەیتان بڕوانە پەراوێزی ٨٦٠ بەیتی دمدم و بەرایی کاری عەبدوڵڵا سەمەدی.

٣- موناجات شێوەی دەست پێکردنی زۆربەی بەیتەکانی موکریانە. لەو موناجاتانەدا زۆر جار ئاکام و کاکڵی مەبەستەکە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەکرێ؛ ئەم دێڕە خۆی لە خۆیدا دەرەنجامی بەیتەکە ڕوون دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە موقەدەر دەبێ هەر ڕوو بدا و ڕانابڕێ. ئەو ڕستەیە ئەودەمە بە زاردا دێ کە ڕووداوێکی ناخۆش ڕوو بدا و هیچ کردەوەیەک لە دەست هیچ کەس نەیە. بڕوانە پەراوێزی ١ی بەشی ٣ی (ع. س).

٤- ئەم سێ بابەتە لە پەنای یەک دانان، هەلومەرجی کۆمەڵگای ئەو سەردەمی ناوچەی موکریان دیار دەکا. مردن بۆ هەموو کەسە، بەڵام کوشتن و گرانی نا. دەبێ لەو بەشەی کوردستاندا، ئەم دووە بەڵای هەر گەورە بووبن و بەیتبێژ وەک موقەددەر لە پەنای مردنی دانابن.

٥- بۆ زانیاری لە سەر حێلی قارەمانی بڕوانە پەراوێزی ٢ی بەشی ٣، بۆ بەگزادە بڕوانە پەراوێزی ١٧ی بەشی ٢ی (ع. س).

٦- عەلیخان: ؟

٧- خانبابا: مەبەست «خانباباخان»ی کوڕی «مەجیدخان»ە کە بە فەرمانی شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدڵڵا بوو بە حاکمی سابڵاغ.

٨- ئەحمەدبەگ: ؟

٩- قادرئاغا: بۆ زانیاری لە سەر قادرئاغای ئیندرقاش بڕوانە پەراوێزی

٢٢، ٢٧، ٣١، ٣٢، و ٣٤ی سامسام.
١٠- بڕوانە پەراوێزی ٤ی بەشی ٣ی (ع. س).
١١- ئیدیۆمی «پێ بە هەرزانی» بە مانای هێنانی فەرعانی و هەرزان بوونی بژیوی ژیانە. شێوەی دروست بوونی ئەو ئیدیۆمە، لە باری زمانییەوە جێی سەرنجە و دەکرێ بابەتی تازەی زمانی لە ڕووی ساز بکرێ؛ ئەندامێکی لەش، وردە واژەی (بە)و سیفەتێکی سادە. ئیدیۆمی «دەست بە زەرەر»یش هەر بەو فۆرموولە ساز کراوە.
١٢- بڕوانە پەراوێزی ٥ی بەشی ٣ی (ع. س).
١٣- مانای ڕستە: بە ڕێنوێنی تایبەت و تەدارەکەوە ناردی بۆ سابڵاغ.
١٤- لە سەردەمی دەرەبەگایەتی هەر کاتێ بۆنی گرانی هاتبا ئاغاوەت دەغڵودان - بەتایبەت گەنم - یان لە چاڵ و عەمباران دەکرد و نەیاندەفرۆشت. ئەو کارە دەبووە هۆی کەمی دەغڵودان و نرخی دەچووە سەر. زۆر جار حکوومەت بە هێزی ژاندارم و تەنانەت سەربازانی ئەرتەش ئەو عەمبار و چاڵانەی زەوت دەکرد و دەیدایە بازاڕ هەتا پێشی گرانی بگرێ. ئەو کارە زۆر جار شەڕ و کێشەی لێ دەکەوتەوە.
١٥- بۆ ئاگاداری لە ئاکاری شازادە بڕوانە «کورتەی ڕووداوەکە»ی (ع. س).
١٦- بە پێی خاتیراتی حاج سەییاح، هەمزئاغا بۆ شەفاعەتی عەزیزئاغای فەتاح دەچێتە دارولحکوومە کە مەسەلەی گرتنی دێتە گۆڕ. وا دیارە بەر لەوەش ئاغاوەت جەزا دراون. بەیتبێژ وەک ڕووداوێکی ناخۆش باسی دڵتۆقینی حوسێنئاغا ناوێک دەکا، سەبارەت بە وەی کە شازادە لووتی پیاوێکی ئەوی کون کردووە. لووت بڕین یان کون کردن توندوتیژترین ئاکاری بێ ئیحترامی و جەزادانی کەسێکە، لەو سەردەمدا ئەو کارە نەک هەر لە لایەن حاکمانەوە بەڕێوە دەچوو، بەڵکو ئاغاوەت دەرحەق بە یەکتر و دەرحەق بە ڕەعێتان ئەنجامیان دەدا؛ بەتایبەت لە سەر مەسەلەی ناموسی.
١٧- لێرە دابڕانێک لە بەیتەکەدا دێتە بەر چاو، چونکە فاعیلی ڕستەی دواتر داروودەستەی شازادەن نەک ئاغاوەت. ئەوە شازادە و

دەستوپێوەندی دارولحکوومەن کە گوێڕایەڵ نەبوون و سەربزێوی هەمزاغایان بۆ قووت نادرێ. مانای ڕستە «لە ئاغاوەتان بوو غوڵوو: ئاغاوەت ترس و نیگەرانیان ڕێنیشت. غوڵوو: تێکەوەدان و پچەپچ و پرسوڕا کردن.

١٨- بڕواننە پەراوێزی ٦ی بەشی ٣ی (ع. س)؛ هەروەها پەراوێزی ٦٧ی دمدم.

١٩-... هەمزئاغا لەگەڵ «حەمەد»ی برازای و «سلەمان»ی قەلیاندار و سێ کەس لە نۆکەرەکانی بەرەو دارولحکوومە دەچێ... بڕوانە «کورتەی ڕووداوەکە»ی (ع. س).

٢٠- بڕوانە پەراوێزی ٧ی بەشی ٣ی (ع. س).

٢١- بڕوانە پەراوێزی ٨ی بەشی ٣ی (ع. س).

٢٢- بەڵگە و سەنەدەکانی مێژوویی و تەنانەت وێنەکان شێوەی کۆت و زنجیر کردنی دیل و دژبەران بە جوانی باس دەکا و نیشانی دەدا. ئەو شێوە ئەسیر و زیندانی کردنە لە زۆربەی وڵاتان بەڕێوەچووە. جیا لە ئازاری زۆر، جۆرە سووکایەتییەک بووە لەگەڵ گیراوان.

٢٣- بڕوانە پەراوێزی ٩ی بەشی ٣ی (ع. س).

٢٤- بڕوانە پەراوێزی ١٠ی بەشی ٣ی (ع. س).

٢٥- ئەگەرچی مانای تەرکیبی «جووت غیرەت» ڕوونە یانی زۆر نەترس، بەڵام ئەو تەرکیبە سەیر دەنوێنێ و لە باری زمانییەوە جێی لێکۆڵینەوەیە. ئەو ساڵانە لە مەهاباد تەرکیبی «جووت باڵتۆ» بە تانە بۆ کەسانی تازە پێگەیشتووی فەرهەنگنزم ساز کراوە. دەکرێ لە مانای مەجازی «جووت» بۆ دەوڵەمەندتر کردنی زمانەکەمان کەڵک وەرگرین.

٢٦- بۆ دەبان بڕوانە پەراوێزی ٥٥٥ی دمدم و پەراوێزی ١١ی بەشی ٣ی (ع. س).

٢٧- بڕواننە پەراوێزی ١٢ی بەشی ٣ی (ع. س).

٢٨- یەکەم تفەنگی ئاگرینی کە لە کوردستان ساز کرا «شینکە» بوو؛ دواتر تفەنگی «حسکە» ساز کرا. هەر دوو لە زەمانی پاشای گەورەدا بوون. ئەو تفەنگانەی لە فۆلکلۆردا ڕەنگیان داوەتەوە بریتین لە:

شینکە، شینکی چەخماخخوار، قەرەبینا، مارتین، جانبێزار، پێنجتیر، شەشخان، خان گێلدی و...
٢٩- مانای ڕستە: پرسیار و هەڵات هەڵات پەیدا بوو.
٣٠- بڕوانە ١٦ و ١٧ی بەشی ٣ی (ع. س).
٣١- دەبێ مەبەست لە حەیزەران ڕمب یان نیزەیەکی ڕاست و شووش بێ. سیفەتی ڕاستی و شووشی قامیشی حەیزەران دراوە بە ڕمب یان نێزە. ڕمبی وەک حەیزەران ڕاستە. موشەببەهونبێهـ جێی موشەببەهی گرتۆتەوە؛ حەیزەران ئیستعارەیە لە ڕمب یان نێزە. بڕواننە پەراوێزی ١٨ی بەشی ٣ی (ع. س).
٣٢- هەمزاغا و پیاوەکانی بە گەل وەدەردەکـەون، بەڵام هەموویان لە دارولحکوومە بە ساغی دەرناچن؛ برازا و قەلیانداری هەمزاغا دەکوژرێن. بۆ کادەرۆیشی بڕوانە پەراوێزی ١٩ی بەشی ٣ی (ع. س).
٣٣- بڕوانە پەراوێزی ٢٠ی بەشی ٣ی (ع. س).
٣٤- مەبەست ئەوەیە هەمزاغا لە وێ چەکدارەکانی خۆی بە سەر کردەوە بزانێ کێ ماوە و کێ نەماوە. حەمەدی برازای و سڵەمانی قەلیانداری نەماون.
٣٥- سێ تەڵاق خواردن یەکێک لە ئاکارە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کوردانە. ئەگەرچی ئەو شێوە سوێند خواردنە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە پەسند نییە و تەنانەت سوێندخواردوو گوشاری دینیشی دێتە سەر، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو لە فەرهەنگی گوندی و عەشیرەییدا باو بووە و تەنانەت ئێستا کەمتاکورت هەر ماوە. بۆ پێگە و شوێنی ژمارەی ٣ی بڕوانە پەراوێزی ٨ی دمدم.
٣٦- بڕوانە پەراوێزی ٢١ی بەشی ٣ی (ع. س).
٣٧- بۆ زانیاری پتر بڕوانە بەیتی باپیرئاغا لەو بەرگەدا.
٣٨- ئاماژەیە بە پێوەندی هەمزاغا و شێخ. بڕوانە پەراوێزی ٢٣ی بەشی ٣ی (ع. س).
٣٩- لێرەدا مەبەست لە عەجەم حکوومەتی ئێرانە.
٤٠- حەمەدئاغای مامەش، بابی قەرەنیئاغای مامەش. بڕوانە پەراوێزی

٧ی بەشی ٢ی (ع. س).
٤١- حەمەدئاغا بە حاکمی سابلاغ دەڵێ بێتوو هاوکاریم بکەن پێشی شێخ دەگرم.
٤٢- بە پێی دەقی بەیتەکە وا دیارە حەمەدئاغای مامەش بۆ دژایەتی لەگەڵ شێخ تەنانەت ڕاوێژی لەگەڵ دێبۆکرییەکانیش کردووە.
مەسەلەی دژایەتی نەکردن لەگەڵ شێخ باری ئایینی پێدراوە. بە ئاشکرا دەڵێن لەگەڵ شێخ نەبین تەڵاقمان دەکەوێ و بێ ئیمان دەبین. کەڵک وەرگرتن لە مەسەلەی تەڵاق لە فتوای مەلای خەتێ و تێکشکانی پاشای گەورە ئێستاش دەمەقاڵەی لە سەرە کە ئایا بەڕاستی مەلای خەتێ ئەو فتوایەی داوە هەرچی لەگەڵ پاشای عوسمانی شەڕ بکا تەڵاقی دەکەوێ؟
٤٣- بڕوانە پەراوێزی ٢٥ی بەشی ٣ی (ع. س).
٤٤- بۆ باس‌وخواس و بیۆگرافی بەیتبێژەکان، هەمیشە پەنام بردۆتە وتووێژ و دوان لەگەڵ ئەو بەیتبێژانەی توانیم بەر لە مەرگ بیانبینم. لە سەر خڕناڵ و هەڵکەتی هەندێ زانیاریم دەست کەوت، جیا لە نووسراوەکەی قادر فەتاحی قازی.
- قادر فەتاحی قازی دەنووسێ خڕناڵ و هەڵکەتی دوو بەیتبێژی مەجیدخانن لە چۆمی مەجیدخان. خڕناڵ بەیتی «شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی» فێری» «مامەشێرە»ی بەیتبێژ کردووە. هەروەها باس دەکا کە خڕناڵ و هەڵکەتی چوونەتە شنۆ بۆ لای وسوو شایەر هەتا بەیتی سوڵتان ئەحمەدی بێناری لێ فێر بن و...
- بە گوتەی «دەروێش ڕەحمانی حەمەشێت»ی بەیتبێژ، خڕناڵ و هەڵکەتی گۆرانیی داوەتیان گوتووە؛ پێکەوە دۆست بوونە.
- عوبەیدیڵڵا ئەییووبیان دەنووسێ خڕناڵ و هەڵکەتی خەڵکی ئاوایی «لەج»ی شارویرانی مەهاباد بوون و «مەم‌وزین» یان گوتووە.
- پیرێژنێکی ١٠٠ ساڵەی گوندی خوڕخوڕەی شارویران: خڕناڵ و هەڵکەتی خەڵکی ئاوایی «قزڵقۆپی» شارویرانی مەهاباد بوون- سوڵتان دووکڵاو بلوێرژەنیان بووە. پێکەوە دۆست و برادەر بوون.

- بە گوتەی «خدر حەسەن»ی ۱۰۰ ساڵەی خەڵکی دارەلەک، خڕناڵ خەڵکی گوندی «گاپیس»ی ناوچەی شارویرانی مەهاباد بووە. لە وتوویژیکدا کە ۱۳٦٥/۱۰/۱٦ی هەتاوی لەگەڵم کردووە، ئەو داستانەی گێڕاوە: خڕناڵ و هەڵکەتی جاریکی دەچنە ئاوایی «گردکسپییان» بۆ داوەتێ. لەوێ هەڵکەتی ئاشقی بێوەژنێکی دەبێ، سێ برای دەبن؛ نایدەنێ. لەوێوە دەچنە خزمەت میری ڕەواندزێ. میر خۆشخوانێکی دەبێ. لێیان دەپرسێ چ کارەن و لە کوێڕا هاتوون؟ دەڵێن لە کوێستانێڕا هاتووین و کوتنێ دەڵێین. میر دەڵێ ئەوەش خۆشخوانی منە. ئەگەر چاکترتان زانی ئەوە ڕاتاندەگرم. دەودەمیدا دەستەیەک تەیر لە گەرمێنێڕا بەرەو کوێستان دەگەڕێنەوە. هەڵکەتی بە خڕناڵ دەڵێ ئەمن لە گەرمێنێڕا بە پێهەڵکوتن دەیهێنمە ئێرە و ئەتۆش لێرەڕا بیبە بەحرێ [گۆلی ورمێ] «تەیرۆکێ» ئەودەمی ئەوان دایانناوە. میر خۆشخوانی خۆی بۆ ئەوان ڕووت دەکاتەوە. نامەیەکیش دەنووسی ئەو ژنەی بدەنێ. هەتا دێنەوە ژنە مێرد بە یەکی دیکە دەکا.

- قادر فەتاحیقازی خڕناڵ و هەڵکەتی بە دانەری دوو بەیتی عەولاخان و هەمزاغا دەزانێ.

چۆمی مەجیدخان: چۆمی مەجیدخان ناوچەیەکە لە نێوان بۆکان و میاندواو. چۆمی تەتەهوو بەو ناوچەیەدا ڕادەبرێ. لە کامە بۆ ئێمە نادیاردا ئەو دەڤەرە بە ناوی مەجیدخانێک کراوە.

بۆ زانیاری پتر، پێویستە گەڕانێکی ورد بە نێو بەڵگەکانی ئەو دوو سێ سەدەیەی موکریاندا بکرێ. ئەوەی لەو بارەوە و لەو ماوە کورتەدا بۆمان گونجا بریتی بوو لە هەندێ لێکۆڵینەوەی مەیدانی و چەند شەجەرەنامە.

من هەر لە نێو بەڵگەنامەکانی سەر بە خانەدانی موکریدا لەو مەجیدخانە گەڕاوم؛ چونکە پێم وا نییە دەسەڵاتی موکرییەکان بە هەر دوو باڵی خانزادە و بەگزادەوە ئیزنی ئەوەی دابێ مەجیدناوێک جیا لە ئەوان برووز ببەستێ و دەسەڵات پەیدا بکا و ناوچەیەکی ئاوا پڕ پیت و بەرەکەت داگیر بکا و ناوی خۆی لێ بنێ و لە

درێژایی زەمانیش‌دا فەرامۆش بکرێ.

لە نێو ئەو شەجەرەنامانەی دەستم پێیان ڕاگەیشتوون، مەجیدخانی کوڕی کەریمخانی کوڕی بداغخان و برازای عەولاخان (بەیتی عەولاخان) بەرچاوترینە کە بە حەوت یا هەشت پشت دەگاتەوە بداغسوڵتان.

ئەو هەڵبژاردنەی من خاڵی بەهێز و بێهێزی هەیە. بێت و ئیددعا بکەین ئەو ناوچەیە بە ناوی ئەو مەجیدخانە کراوە، دەبێ دوای ساڵی ١٢٦٢ی کۆچی/ ١٨٤٦ی زایینی بێ کە ساڵی مردنی عەولاخانە. ئەو سەردەمە سەردەمی کەمدەسەڵاتیی موکرییەکانە و لەگەڵ بە دەسەڵات بوونی مەجیدخان ناگونجێ.

خاڵی بەهێزیش ئەوەیە کە قەڵای ڕەسووڵەسیت ئاوەندی دەسەڵاتی ئەو مەجیدخانە بووە و شێخ عەلی‌خانی کوڕی لەو گوندە لە ئەوپەڕی نەداری‌دا سەری ناوەتەوە.

بە بڕوای بێژەنخانی میرموکری کوڕی مەجیدخانی قەرەوێران(مەرگی مەجیدخان ١٣٢٢/٥/٩ی هەتاوی) بۆ ئەو مەجیدخانە دەبێ زۆر بۆ دواتر بگەڕێینەوە، بەڵام لە نێو شەجەرەنامەکان‌دا مەجیدخانێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ شکت بۆی بچێ.

شێخ عەلی‌خانی قەڵای ڕەسووڵەسیتی کوڕی مەجیدخان، باپیرەگەورەی شوجاعی بابامیری و مەجیدییەکانە. بە گوتەی سڵەماناغای مەعرووفی کە نیزیک بە سەد ساڵی تەمەنە، لە شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا ئەو شێخ عەلی‌خانە لە گوندی مەلالەرەوە هەتا میاندواوی بە نەزەر نەزەریانی ئەرمەنی فرۆشتووە. دواتر سڵەماناغا دانگ و نیوێکی گوندەکانی قەباغکەندی، قەرەگۆل، کەلبی‌ڕزاخان (سەرچنار)، عەلی‌ئاباد، سەوزی و قەڵای ڕەسووڵەسیتی لە بارۆن یۆستیکی کوڕی نەزەر نەزەریانی کڕیوە.

سڵەماناغا دەڵێ سیت ناوی تایفەیەکە و گوندی قەڵا بە ناوی ئەوان کراوە؛ سیتەکان کورد نەبوون.

چۆمی تەتەهوو قەدیم بە قەرەگۆل و دێی‌مەلا و سەوزیدا هاتووە

و به شاماتدا بەرەو گۆلی ورمێ شۆڕ بۆتەوە. سێلاوێکی بەهێز لە گوندی قارنجە و ئاغەڵیانڕا چۆمی بە شوێنی ئێستادا گۆڕیوە. کۆنەچۆم ئێستاش لە کن گوندی تالاو شوێنی هەر ماوە و بە قۆپی تالاو مەنشوورە. بە پێی ساز بوونی پردی حاجی حەسەن (پردی میرزا ڕەسووڵ) دەبێ ئەو هەڵبڕانە بەر لە ساڵی ١١١٥ی کۆچی/ ١٧٠٣ یان ئەو دەوروبەرە بێ. پردی حاجی حەسەن دوای ئەو ساڵە ساز کراوە.

ئێستا کە باسی مەجیدخانی میرموکریی قەرەوێران هاتە گۆڕ، پێویستە ڕووداوی کوژرانی فەتاحخانی میرموکری و مستەفاخانی شێخئاغایی لە زمانی بێژەنخانی میرموکری بێنمەوە، چونکە پێوەندی بە چۆمی مەجیدخان و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی کوردان لە میاندواودا هەیە.

ئەو سەردەم ململانییەک لە نێوان مەجیدخان و فەتاحخانی میرموکری و بنەماڵەی شێخئاغایی بۆ وە دەست گرتنی دەسەڵاتی میاندواو لە ئارادا بووە. مستەفاخان ماوەیەک فەرماندار بووە و ماوەیەکیش مەجیدخان لە لایەن وەزارەتی داخلەوە بەخشدار و شارەدار بووە. ئەگەرچی لە ژنانەوە خزمایەتییان هەبووە، بەڵام ئەو گرژییە جارجار سەری هەڵداوە. لە بابەت ڕووداوی ١٣٢١ی هەتاوی بێژەنخان دەڵێ: «حەمەڕەشیدخانی بانە دێتە ناوچە و ئاغاوەتی لێ کۆ دەبنەوە. فەتاحخانی میرموکری مامم زۆر قسەخۆش دەبێ. لەو مەجلیسەدا وە بەر دڵی حەمەڕەشیدخان دەکەوێ و محەببەتی پێدەکا. ئەوە لە دڵی عەلیئاغای حاجیئێلخانی گران دێ. عەلیئاغا پێی خۆش نەبوو کەس لە وی سەرتر بێ. ڕوو لە برایمەسووری برای مستەفاخان دەکا و دەڵێ: مستەفا پیاوێکی خوێڕییە! ئاگات لێیە ئەوە فەتاح و مەجید ئێرەشیان گرت! ئەودەم حاجی پیرۆتئاغا حاکمی میاندواو بوو. مامم لە گەڕانەوەدا میوانی ئەو دەبێ. وەختی ڕۆیشتنەوە برای حاجی پیرۆتئاغا بەڕێی دەکا. لە کووچەی دوکتۆر سارمی ئێستا برایمەسوور پێشیان پێدەگرێ و جنێو بە فەتاحخان دەدا. فەتاحخان پیاوێکی لەسەرەخۆ و بە

کار دەبێ، دەڵێ برایم دەزانم عەلیئاغا فێری کردووی. لەو قسانە گەڕێ؛ عەلیئاغا هەر ماقووڵە و ئەمنیش هەر فەتاحم. دەڵێن برایم کە بڕنووی تێگرتبوون، خەریک بوو پەشیمان بێتەوە، برای حاجی پیرۆتئاغا جنێوی پێدەدا کە فەتاحخان میوانی منە و چۆن پێشت پێگرتووە؟! برایمەسوور لە هەردووکیان دەدا. مامم پێش ئەوەی بمرێ بە دەمانچە برایمەسوور دەکوژێ؛١٣٢١/٧/٣ [ی هەتاوی -٢٥ی سپتامبری ١٩٤٢ی زایینی]. عەلی پیرۆتئاغا دێتە قەرەوێران و باسی کوژرانی براکەی ناکا، بەڵام بە بابم دەڵێ مەجیدخان شەرت بێ تۆڵەی میوانی خۆم بکەمەوە. پیرۆتییەکان لە فرسەت دەگەڕان مستەفاخان بکوژن. عەلیئاغای ئێلخانی مستەفاخان لەگەڵ خۆی دێنێتە ماڵە کەریمئاغای قوونقەڵا. لە گەڕانەوەدا عەلیئاغا لا دەدا و دەڵێ ئەمن دەچمە دێی سونجاغ. ماڵە پیرۆتئاغا پێدەزانن و پێش بە مستەفاخان دەگرن و شەڕ ساز دەبێ. لەو شەرەدا مستەفاخان و کوڕێکی عەلی پیرۆتئاغا دەکوژرێن.

٤٥- لە ٢٨ی سیپتامبری ١٨٨٠ بەرانبەری ٦ی ڕەزبەری ١٢٥٩ی هەتاوی.

٤٦- بۆ پیران بڕوانە پەراوێزی١١ و بۆ ڕەمک پەراوێزی ١٤ی بەشی ٢ی (ع. س).

٤٧- بڕواننە پەراوێزی ١٨ی بەشی ٢ی (ع. س).

٤٨- بۆ عەشیرەی مەنگوڕ بڕوانە پەراوێزی ٩ و بۆ مامەش پەراوێزی ١٠ی بەشی ٢ی (ع. س).

٤٩- بڕوانە پەراوێزی ١٣ی بەشی ٢ی (ع. س).

٥٠- بڕوانە پەراوێزی ١٥ی بەشی ٢ی (ع. س).

٥١- بڕوانە پەراوێزی ١٦و١٧ی بەشی ٢ی (ع. س).

٥٢- هەمزاغا لە گەلەکۆمەکی عەشایر دڕدۆنگە و لەوە نیگەرانە هەتا سەر لەگەڵ شێخی نەبن. قەولی عەشیرەتان دەرحەق بە یەکتر زۆر جار شکاون. ئەوە یەکێک لە گرفتی کوردان بووە لەو سەردەمانەدا کە عەشایر دەوری سەرەکییان هەبوو.

٥٣- لێرەدا وشەی «خۆڕایی» بە مانای بەتاڵ کردن و چۆل کردن

هاتووە.
٥٤- برای تاجرباشی دەڵێ ئەوە هەموو لە بن سەری سابڵاغییان دایە و شێخیان هان داوە هێرش بەرێتە سەر بناو و تەورێز. لە ڕستەکانی دواتردا دەڵێ تەماحی ماڵی دنیا نەتانگرێ و لە تۆڵەی سبەی ڕۆژی ئەوان بترسن. «بە قەزا پێ گێڕانەوە» واتا تۆڵەی بە زەبر لە کەسێک یا کەسانێک ئەستاندنەوە.
٥٥- میاندواو شارێکی تورکنشینە لە ٤٠ کیلۆمیتری باکووری مەهاباد لە سەر ڕێگای تەورێز هەڵکەوتووە. هەروەها بڕوانە پەراوێزی ٨ی بەشی ٢ی (ع. س)
٥٦- چارداوڕوو: بڕوانە پەراوێزی ٤٣ی بەیتی سامسام.
٥٧- پۆڕ، پوور، دوڕاج، زێوەکەو. ٣١ سانتیمیترە، نێرە ڕەشی خاڵخاڵە، ملی قاوەییە، پاشملی خورماییە، خاڵی سپی لە ژێر چاوە. نێرە و مێیە تووکی تەنیشت کلکیان ڕەشە. جووت جووت دەبینرێن. مێیە قاوەیی ڕێڕێیە، لاقی سوورە. پۆڕ زۆرتر خۆ حەشار دەدا. لە نێو گەز و گیا دەژی. لە سەر عەرز و لە نێو گیادا هێلانە دەکا. بە فارسی «دراج»ی پێدەڵێن، بە ئینگلیسی Black Partridgeی ناوە. (فەرهەنگی باڵندە، ل ١٠٨.)
٥٨- لە ئەسپ ترازاندن واتا کوشتن.
٥٩- بڕوانە پەراوێزی ٢٧ و ٢٨ی بەشی ٣ی (ع. س).
٦٠- بڕوانە پەراوێزی ٢٩ی بەشی ٣ی (ع. س).
٦١- بەیتبێژ بە هێنانەوەی وشەی «خودێ» لە جیاتی «خودا» یا «خوڵا»ی موکریانی نیوەنیگایەکی لەوە بووە کە شێخ بە زاراوەی بادینی دەدوێ.
٦٢- «ڕەدوا کەوتن» لە جیاتی «وەدوا کەوتن» لەم ڕستەیەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئێستا ئیدی ڕەدوا کەوتن ئەو مانایەی نەماوە.
٦٣- بڕوانە پەراوێزی ٢٨ی ئەم بەشە.
٦٤- کاتێ «قووڕین» لە جیاتی «گابۆڕ و گریان» بە کار دێ کە ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بە سەر کەسێک هاتبێ و ئەو کەسە بێ دەرەتان بێ و هیچی لە دەست نەیە جگە لە گریانێکی بە تەوژم و

بەردەوام و بۆ ماوەیەکی زۆر و دەنگ پێ نووسان. لێرەدا مەبەست ژن و منداڵیمیاندواوە. بڕوانە پەراوێزی ٣٠ی بەشی ٣ی (ع. س).
٦٥- بڕواننە پەراوێزی ٣١ و ٣٢ی بەشی ٣ی (ع. س).
٦٦- بەیتبێژ لە تاڵانی تورکەکانی میاندواو ناڕازییە و ئەوە لە هێنانەوەی شوان و گاواندا ڕەنگی داوەتەوە.
٦٧- ئەو ڕستە و ڕستەکانی دوایی باسی دواڕۆژبینی حەمەدئاغا دەکا. ئەوە لەگەڵ بەڵگەکانی مێژوو یەک دەگرێتەوە.
٦٨- بڕوانە پەراوێزی ٣٣ی بەشی ٣ی (ع. س).
٦٩- تاقەت کردن لێرەدا بە مانای شاردنەوەیە.
٧٠- مینەی قادرئاغا: بڕوانە پەراوێزی ٣٤ی بەشی ٣ی (ع. س)؛ پەراوێزی ٥٥ی بەیتی سامسام.
٧١- لە موکریاندا بۆ هەندێ لە خێڵ و عەشیرە و تەنانەت ناوچەکان قسەلۆکیان ساز کردوون، بۆ وێنە: محاڵیی کوولەکەخۆر، مەنگوڕی پەستەبۆر، شارویرانی وشترزۆر و گەورکی ڕەژیفرۆش و... لەو چەشنە قسەلۆکانەیە.
٧٢- سێیەکبەری: ملکانە بریتی بوو لە سەرجەمی ئەو داهاتەی کە ئاغا لە بەروبووی ڕەنجی ڕعێتەکەی دەستی دەکەوت. ملکانە بە پێی هەر ناوچەیەک فەرقی هەبوو. لێرەدا بۆ نموونە بە سێ جۆر ملکانە ئاماژە دەکەین:
- دەودو: ئاغا تەنیا زەوی دەدا بە ڕعێت و دوو بەش لە دە بەشی بەروبووی هەڵدەگرت. بەو شێوە دابەشینە «زەکاتکێڵ» یشیان دەکوت.
- نیوەکار: زەوی و تۆو و نیوەجووت لە ئەستۆی ئاغا بوو. کار و نیوەجووتی دیکە لە ئەستۆی ڕعێت. بەروبوو لە نێوەڕاستدا بەش دەکرا. بەو کارەیان دەکوت نیوەکاری و بەو جۆرە ڕعێتەیان دەکوت نیوەکار.
- سێکوت: ئەو شێوە شەریکاتییەی ئاغا و ڕعێت دوو جوور بوو. ئەگەر ئاغا زەوی و تۆو و جووتی دابا و ڕعێت تەنیا کاری لە سەر کردبا، ئەوە ئاغا دوو بەش لە سێ بەشی داهاتی هەڵدەگرت و بە

ڕعێتیان دەکوت سێیەکبەر. ئەگەر ئاغا هەر زەوی دابا سێکوتی دەگرت. ئەگەرچی ئاغا سێیەکی دەبرد بەڵام ناوی سێیەکبەری لە سەر نەدەبوو. بۆ زانیاری پتر بڕوانە پەراوێزی ٣٥ی بەشی ٣ی (ع. س).

٧٣- بڕوانە پەراوێزی ٣٦ی بەشی ٣ی (ع. س).

٧٤- بڕوانە پەراوێزی ٣٧ی بەشی ٣ی (ع. س).

٧٥- بناو شارێکی تورکنشینە لە سەر ڕێگای مەهاباد - تەورێز.

٧٦- ڕاوە بەراز: بڕوانە پەراوێزی ٢٠٥ی دمدم.

٧٧- دەخێوی لە چاوگی «ئاخاوتن»ە. کۆتایی بەیتەکە - بێ لەبەر چاو گرتنی ئەو دواییەی بە قسە دەگوترێ - جێی سەرنج و لێ ورد بوونەوەیە. ئایا وەک ڕاستییەک لێی بڕوانین یان تەنزێکی تاڵ. هەمزاغا ڕمبی کردووە بە میتر بۆ پێوانی پارچە و قوماشی تاڵان. ئایا بەیتبێژ دەیەوێ بڵێ ئەو بزووتنەوەیەی کوردان هیچ بیر و فکرێکی تێدا نەبووە جگە لە فکری تاڵان؟

چوار دێڕی کۆتایی کە باسی شا و میللەتی ئێران دەکا دیارە بە پێی مەسڵەحەت لە لایەن کارگێڕانی ڕادیۆی مەهابادەوە بە سەر بەیتبێژ داسەپاوە. عەبدوڵڵا سەمەدی بە پێی ئەو ئاگادارییە هەڵیپەرتاوتووە.

٧٨- بڕوانە پەراوێزی ٣٨ی بەشی ٣ی (ع. س).

٧٩- بڕوانە پەراوێزی ٣٩ی بەشی ٣ی (ع. س).

٨٠- بڕوانە پەراوێزی ٤٠ی بەشی ٣ی (ع. س).

٨١- لە هەندێ داستان و ئەفسانەی فۆلکلۆریدا بەر لە ڕوودانی کارەساتێک بۆ قارەمان، گاوان یان پیرێژنێک دەور دەگێڕێ و داوا لە قارەمان دەکا لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە. لە بەرانبەر یەک دانانی قارەمان لە پلەیەکی بەرز لەگەڵ گاوان یا پیرێژن لە پلەیەکی زۆر نزم بە مەبەستی لاسار بوونی قارەمان لەو شێوە چیرۆک و ئەفسانانەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە زۆربەی ئەو ڕووداوانەدا قارەمان هەر بەو لاسارییە تێدادەچێ. وا دیارە لاساری دەورێکی بەرچاوی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەبووە؛ بۆیە بۆتە بەشێکی

بەرچاوی ئەو چیرۆک و ئەفسانانە.
٨٢- بڕوانە پەراوێزی ٤١ی بەشی ٣ی (ع. س).
٨٣- بڕوانە پەراوێزی ٤٢ی بەشی ٣ی (ع. س).

# بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ

## لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی:
## عەبدوڵڵا سەمەدی
## مەهاباد – ٢٠١١

١- بەرایی

دەقی «بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ»م ساڵی ١٩٨٢، لە ڕووی شریتی تۆمارکراو لە زاری «محەمەدی خەزاڵی»، ناسراو بە «حەمەدی بەیتان»، نووسیوەتەوە، کە ئەویش لە بەیتبێژێکی سەردەمی خۆی بە ناوی «ساڵە کوردە» فێری بووە. ڕێکخستن و دانانی بەیتەکەش بە وتەی بەیتبێژ، کەسێک بووە بە ناوی «خرناڵە». مامۆستا قادری فەتاحی قازی ئەم بەیتبێژەی بە «خرناڵ» ناو بردووە و دەڵێ: «هەڵکەتی و خرناڵ بەیتبێژی ناسراو و شارەزای خەڵکی محاڵی مەجیدخان بوون. دوو بەیتی هەمزاغا و عەبدوڵڵاخان دەدەنە پاڵ ئەم دوو کەسە کە بەیتبێژی تایبەتی مەجیدخان بوون (منظومە کردی مهر و وفا، ص٢٢)». مامۆستا عوبەیدیللا ئەیووبیان لەم بارەوە دەنووسێ: «خرناڵ خەڵکی گوندی لەج بووە کە لە بەشی شارویرانی مەهاباد هەڵکەوتووە (چریکەی کردی، ص١٧٦)»؛ هەروەها لە لزگەیەکی ناوی بەیتەکاندا، کە ژمارەیان لە دوو سەد تێدەپەڕێ، ئەم بەیتە بە «چریکەی کاک هەمزەی مەنگوڕ» ناو دەبا (چریکەی کردی، ص١٧٠). ئەگەر لانیکەم یەک نوسخەی تر لەم بەیتە دەست بکەوتایە، بێگومان کارێکی پوختتر و باشتری لێ پێکدەهات؛ بەداخەوە دەست نەکەوت و تا ئەمڕۆش، جگە لەم دەقەی محەمەدی خەزاڵی، هیچ دەقێکی تری ئەم بەیتە وەدی نەهاتووە. بەختەوەرانە ئەم تاکە دەقە زۆر ڕێکوپێک و تەواوە، بەتایبەت کە بە دەنگی مامۆستایەکی شارەزا و لێهاتووش گوتراوە. حەمەدی بەیتان بەیتبێژێکی ناسراوی ناوچەی موکریانە کە دەنگێکی ڕەسا و کاریگەری هەیە، هەروەها بەتەواوی بە سەر هەوای

بەیتەکاندا زاڵە. ئەم بەیتەی لە ساڵی ١٩٧٥ کە تەمەنی ٣٦ ساڵ بووە، لە ناوەندی ڕادیۆ تەلەیزیۆنی مەهاباد تۆمار کردووە.[١]

«محەمەدی خەزاڵی، کوڕی محەمەدئەمین، ساڵی ١٩٢١، لە گوندی «بەیرەم»ی سەر بە شاری مەهاباد لە دایک بوو. هێشتا مێرمنداڵ بوو کە دایک و باوکی لە دەستدا و قورسایی باری ژیانی جووتێریی کەوتە سەر شان. بەناچاری و بە دوای بژیودا بۆ هەندێ شوێن باری کرد کە یەک لە وان گوندی قادراوا بوو. لە وێ دەگەڵ کچێکی خەڵکی قزڵجەی خوارێ زەماوەندی کرد. پاشی پازدە ساڵ گەڕایەوە بەیرەم. بەرهەمی زەماوەندی محەمەد و ئایشێ، دوو کوڕ و کچێک بوو. ئیدی لە ڕێگەی جووتێری و ئاژەڵداری و لێفەدروویییەوە ماڵ و خێزانی بەڕێوە برد. محەمەد هەر لە منداڵییەوە ئۆگری بەیتوباوی کوردی بوو. لە لای مامۆستایانی بەرز و بێناوی ئەدەبی زارەکیی کوردی ئەم بەیتانە فێر بوو: «مەم و زین» و «ئایشەگوڵ» لە کەریم ملخوار، خەڵکی قالوێ زەندان؛ «کاکەمیر و کاکەشێخ» و «خەج و سیامەند» لە ئەحمەدی سەعیدی، خەڵکی گڵێنان؛ «محەمەدحەنیفە» و «لاس و خەزاڵ» و «شێخمەند و شێخڕەش» و «ناسر و ماڵماڵ» و «سەیدەوان» و «هەمزاغای مەنگوڕ» لە ساڵە کوردە، خەڵکی قادراوا؛ مەلا محەمەدی غەفووری، پێشنوێژی ئاوایی بەیرەم بەیتی «دمدم»ی لە ڕووی کتێب بۆ خویندووەتەوە و پێی ڕەوان کردووە، کە دەقەکەش دیارە هی «ئۆسکار مان» ە. ساڵی ١٩٨٣ لە گوندەوە باری کردووە بۆ مەهاباد، بەڵام تاقەتی نەهێناوە و پاشی ماوەیەکی کورت، گەڕاوەتەوە ئاواییەکەی خۆی، گوندی بەیرەم. محەمەدی خەزاڵی، ڕۆژی چوارەمی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٤ ڕێکەوتی ٢٦ی سپتامبری ١٩٨٥، دنیای جێهێشتووە و لە گۆڕستانی بەیرەم نێژراوە (حەمەدی بەیتان، ل٧٤–٧٥)». لەو ساوە تا ئێستا هەندێ لەو بەیتانە بەیناوبەین لە ڕادیۆی مەهاباد بڵاو کراونەوە، بەڵام دەستەیەکیان لە ئارشیودا ماون و هیچ کات بڵاو نەکراونەوە، کە یەک لەمانە بەیتی هەمزاغای مەنگوڕە. ئەم بەیتبێژە جگە لەم بەیتانەی ناویان برا، «برایمۆک» و «لەشکری» و «ئەحمەدێ شەنگ» و ژمارەیەکیشی بەستە و مقامی وەک گەلۆ و بەهارە و هەوای ڕەسەنی کوردی لە ئارشیوی ڕادیۆ مەهاباد هەیە کە هەر لەوی

تۆمار کراون. هەروەها دوور نییە بەرهەمی تریشی لە سەر شریت لە لای دۆستان و ئاوالان و ئۆگرانی دەست بکەون.

ساڵی ١٩٨٢ کاری لێدوان و شی کردنەوەی بەیتەکەم بە ئەنجام گەیاند و ئامادەم کرد تا بەڵکو بتوانم بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە دوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوی بکەمەوە. ئەو ئاواتە هەر پێک نەهات تا ناچار بووم ساڵی ١٩٨٨ لە پێنج ژمارەی گۆڤاری سروەدا بە لەتوکوت هەرجارە بەشێکی بڵاو بکەمەوە[٢]. هەڵبەت بەر لەوەی کارەکەم بۆ یەکەمجار چاپ بکرێ، برای بەڕێزم سەید محەمەدی سەمەدی بەبێ کەم و زیاد وەریگێڕایەوە سەر زمانی فارسی و بە تایپی دەستی و چاپی ستێنسێلی لە چەند دە نووسخەیەکدا ساڵی ١٩٨٥ بڵاوی کردەوە[٣] و جارێکی تریش هەمان وەرگێڕاوی لە ساڵی ٢٠٠٤ بە شێوەی کتێب بڵاو کردەوە،[٤] کە لەو ساوە تا ئێستا وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لە لایەن مامۆستایانەوە ئاوڕی وەلا دراوەتەوە و لە سەرچاوەی جۆراوجۆردا پشتی پێ بەستراوە و نەقڵ کراوە.[٥]

کاتێک کاک ئەحمەدی بەحری پێی ڕاگەیاندم کە بە تەمایە بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ بە هەمان لێکدانەوە و ساغکردنەوەی من، وەک خۆی بخاتە ناو ئەو کۆمەڵە بەیتانەی موکریان، کە ماوەیەکی زۆرە کاریان لە سەر دەکا و پێوەیە لە چەندین بەرگدا بڵاویان بکاتەوە، پێم حەیف بوو دوای ٢٦ ساڵ بە سەر یەکەمین بڵاوکردنەوەیدا، لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی گرینگی وەک «گزارش‌ها و نامەهای دیوانی و نظامی امیرنظام گروسی» کە دوازدە ساڵ دوای کارەکەی من چاپ و بڵاو کرایەوە، هەروەها چەندین سەرچاوەی نوێ کە لەم ماوەیەدا هاتوونە بەرهەم، چاوێکی پێدا نەخشێنمەوە و دەوڵەمەندتری نەکەم.

بە پێویستی دەزانم لە بابەت بەیتە مێژووییەکان بەگشتی و بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ بەتایبەتی، ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەم: بەیتە مێژووییەکان بە پێوانەی مێژوو هەڵناسەنگێنرێن، بەڵکو بە چاوی نماد و سەمبۆلێکی هونەری لێیان دەڕوانرێ، کە ئەو نمادە خەست بوونەوەی ئاوات و ئارەزوو و خۆشی و ناخۆشییەکانی نەتەوەیەکە لە هەوراز و نشێوی زەمانەدا. بەیتبێژ، مێژوونووس یا مێژووزان نییە،

بەڵکو هونەرمەندە؛ بەیتیش مێژوو نییە، بەڵکو شوێنەوارێکی هونەرییە. بەڵام پسپۆڕێکی مێژوو زۆر بە باشی دەتوانێ کەڵک لە بەیت وەربگرێ بۆ نووسین و ساغ کردنەوەی مێژوو. چاوەڕوانی لە بەیتبێژ، کە «شەرەفنامە» بچڕێ و «کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا» تێهەڵکاتێ، چاوەڕوانییەکە لە ناشارەزاییەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ نموونە ئەگەر بەیتی «دمدم» یا «لەشکری» بەم پێوانەیە هەڵسەنگێنین، ئەوە بەیتەکە دەکوژین. ئەگەر لە «دمدم» دا خالیدی کوڕی وەلید و خولەفای ڕاشیدین و هەمزە و هەباس و حەیدەر لە بەرەی هێزی ئەمیرخانەوە دژ بە سوپای شاعەباس شەڕ دەکەن، یا ناوی شەمسی تەورێزی دێتە ئاراوە، ئەوە لە بەشە هەرە جوان و هونەرییەکانی بەیتەکەیە و بەم شێوە ناسکە، پێمان دەڵێ: ئەم شەڕە، وەکی شەڕی ئیسلام و کوفر، بەربەرەکانیی حەق و باتڵە. لە بەیتی «کاکەمیر و کاکەشێخ» دا لاواندنەوە و پێهەڵگوتنی دوو خوشک بۆ مەرگی دوو برا دەبیسین و بەس. ناوێک لە «حەیدەر گۆران» دەبرێ و ناوێکیش لە «مەرگەیان». بەیتبێژ لەم بەیتەدا زۆر هونەرمەندانە تەنیا پەیکەرەیەکی هونەری دادەتاشێ. پەیکەرەیەک بۆ یادەوەریی مێژوو. بەڵام لە هەمان کاتدا، لێکۆڵەری وردبین و مێژووزان، دەتوانێ تەنانەت هەڵەکانی «شەرەفنامە»ی پێ ڕاست بکاتەوە.[٦] سەرەڕای ئەمە، بەیت کەلەپوورێکی نەتەوەیی و سەرمایەیەکی گەلەرییە و لە ڕوانگەی هونەری و زانستییەوە نرخ و بەهای تایبەتی هەیە و دەبێ بە شارەزاییەوە دەستی بۆ ببرێ.

## پەراوێزەکانی بەشی ١:

١. کاک عومەر غەزالی، کوڕی مامۆستا حەمەدی بەیتان لە وتارەکەی گۆڤاری سروەدا دەنووسێ: ساڵی ١٣٤٥ لە ڕادیۆ مەهاباد بەیتەکانی تۆمار کرد. دەبێ لەم ژمارەیەدا هەڵەی چاپی ڕووی دابێ و جێگای ٤ و ٥ەکە گۆڕابێ. من لێرەدا بە ١٣٥٤ ڕاستم کردەوە، چونکە لە ساڵی ١٣٤٥ واتە ١٩٦٦ مەهاباد ڕادیۆ تەلەیزیۆنی نەبووە و لە ١٣٥٠ی هەتاوی/١٩٧١ دامەزراوە.

٢. سەمەدی – عەبدوڵڵا، بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ، سروە، ساڵی ٤، ژمارە ٢٨ ، خەزەڵوەری ١٣٦٧، ل ٢٩ –٣٣؛ ژمارە ٢٩، سەرماوەزی ١٣٦٧، ل ٢٠–٢٤؛ ژمارە ٣٠، بەفرانباری ١٣٦٧، ل ٢٧–٣١؛ ژمارە ٣١، ڕێبەندانی ١٣٦٧، ل٢٤ –٢٨؛ ژمارە ٣٢، ڕەشەمەی ١٣٦٧، ل٢١–٢٣.

٣. صمدی – عبدالله، منظومه کردی حمزەآقای منگور و رابطه آن با قیام شیخ عبیدالله شمزینی، برگردان از کردی به فارسی سید محمد صمدی، چاپ استنسلی، مهاباد، ١٣٦٤

٤. صمدی – عبدالله، منظومه کردی حمزەآقای منگور و رابطه آن با قیام شیخ عبیدالله شمزینی، برگردان از کردی به فارسی سید محمد صمدی، نشر رهرو، مهاباد، ١٣٨٣

٥. گرینگترینی ئەو سەرچاوانە بریتین لە:

افشار (یزدی) – ایرج، گزارش‌ها و نامه‌های دیوانی و نظامی امیرنظام گروسی، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران، ١٣٧٣.

افشار (سیستانی) – ایرج، مقدمه‌ای بر شناخت ایل‌ها، چادرنشینان، و طوایف عشایری ایران، ٢ جلد، تهران، ١٣٦٦.

افخمی – ابراهیم، قیام ملاخلیل و رد فرمان رضاخان، انتشارات محمدی، سقز، ١٣٦٨.

ئەحمەد محەمەد – مەحموود، مێژووی هۆزی بڵباس، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاڤگە، سلێمانی، ١٩٨٩.

مەدەنی – حوسێن، کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر، هەولێر، ٢٠٠٠.
مستەفا ئەمین – نەوشیروان، کورد و عەجەم؛ مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥

٦. بڕوانە: کاکەمیر و کاکەشیخ، عبدالحمید حسینی، پژوهشنامه مؤسسه آسیایی، شمارەهای ٤-١، ٢٥٣٥، ص٩-١٠.

## ٢. کورتەی ڕووداوەکە

ئەوەی لەم کورتەیەدا باسی لێدەکرێ، شۆڕشی هەمزاغای مەنگوڕە کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەمەزانی ١٢٩٧ی کۆچی مانگی و کۆتاییەکەشی دەکەوێتە ڕەمەزانی ١٢٩٨ (ئووتی ١٨٨٠ تا ژوئیەی ١٨٨١) کە تەواو یەک ساڵی خایاندووە. کە وایە هەر لەم چوارچێوەیەشدا باسی شێخ عوبەیدیڵڵای شەمزینی دێتە ئاراوە. بە واتای ڕوونتر، لە مێژووی شۆڕشی شێخی نەهری‌ڕا سەیری ڕووداوی هەمزاغای مەنگوڕ نەکراوە؛ بەڵکو بەپێچەوانە، لە ڕووداوی هەمزاغای مەنگوڕەوە سەیری ئەو شۆڕشە کراوە و تەنیا ئەو بەشە دەگرێتەوە کە پێوەندی بە ڕوواوەکەی هەمزاغاوە هەیە.

محەمەدشای قاجار[١]، باوکی ناسرەددین‌شا، کە گۆیا ئۆگریی سۆفیانەی هەبووە، لە ساڵی ١٨٣٦ پێنج ئاوایی لە محاڵی مەرگەوەڕ بە شێخ تەهای باوکی شێخ عوبەیدیڵڵا بەخشیوە و پێنسەد تمەنیشی بۆ بڕیوەتەوە[٢]. لە زەمانی ناسرەددین‌شادا[٣] حکوومەتی ئێران لە بڕیاری محەمەدشا پاشگەز بۆوە و لە ١٨٧٢ داوای ماڵیاتی لە کوردەکانی «ورمێ» و «خۆ» کرد (خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل١٢١). ئەوانیش بە ئاشکرا نەیاندا و گوتیان ماڵیاتی ئێمە مافی شێخ عوبەیدیڵڵایە و ئەو مافەش لە لایەن محەمەدشاوە دراوە بە شێخ. دەوڵەتی ئێران لەشکری کێشا و شێخیش بۆ پاراستنی مافی خۆی پەنای بردە بەر «بابی‌عالی». دەوڵەتی عوسمانی، «والیی ئەرزەرۆم»ی ناردە تاران، بەڵام بێسوود بوو.

شێخ کە لە شەڕی ساڵی ٧٨ – ١٨٧٧ی نێوان عوسمانی و ڕووس، بە لایەنگری لە عوسمانی توانیبووی لە «بایەزید» ڕووسەکان بشکێنێ، ناو و ئیعتیبارێکی تایبەتی پەیدا کردبوو. لەم وەختەدا کە هێزێکی گەورەی چەکداریشی بە دەستەوە بوو، هەوڵی دەدا سەرنجی دەوڵەتی ئینگلیس بۆ لای خۆی ڕاکێشێ تاکوو لە پێکهێنانی ناوچەیەکی سەربەخۆی کورددا یارمەتی بدا (جامعەشناسی مردم کرد، ص٢٦٥). هەڵبەت ڕاوێژی لەگەڵ «شەریفی مەکە» و «خەدیوی میسر» کرد و تەنانەت ڕاسپاردەیەکی

نهێنیشی نارده باڵوێزخانەی ڕووس لە ئەرزەڕۆم و وان تاکوو بیروڕای ڕووسەکانیش لەم بارەوە بزانێ. پاشی ئەو چاوپێکەوتنانە، چەک و کەرەسەی شەڕیشی بە ڕادەی پێویست لە ئینگلیس وەرگرت (people without a country، 32 - p31).

هەمزاغا، کوڕی باپیرئاغا و سەرۆک هۆزی مەنگوڕ، کە ساڵی ١٨٦٥ لە خاکی عوسمانیدا چاوی بە شێخ کەوتبوو و ناسیاوی لەگەڵ پەیدا کردبوو، بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ حاکمی سابڵاغ ڕایکرد و پاشی پازدە ساڵ سەرلەنوێ گەڕایەوە لای شێخ و لە هێرشی شێخدا بۆ سەر ئێران، بە ناوی فەرماندەیەکی نیزامی هاتەوە سابڵاغ. بەڵام هۆی ناکۆکیی هەمزاغا لەگەڵ حاکم و ڕاکردنی بۆ ناو لەشکری شێخ چ بوو؟ بەیتەکە باسی ئەوە دەکا.

ساڵی ١٨٨٠، حکوومەتی سابڵاغ بە دەستی شازادەیەکی کەللەڕەق و لە خۆڕازی بوو بە ناوی شازادە لوتفعەلیخان[٤] (دوره مجله یادگار، ص٢٠). ئەو شازادە لووتبڵندە، بە پەلەپەل و تەماحێکی زۆرەوە دەستی کردبووە کۆ کردنەوەی زێڕ و پووڵ و هەر ڕۆژە بە بیانوویەک، ئاغایەک و سەرۆکعەشیرەتێکی دەگرت و شتێکی لێ دادەتاشی. حاکم، بۆ کۆکردنەوەیماڵیات و هەندێ کاروباری ناوچە، ڕاوێژی بە هەمزاغا و قادرئاغا[٥] دەکرد. ڕۆژێک هەمزاغا، ئیزن لە حاکم دەخوازێ کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک سەری ئاوایی بداتەوە و بە کاری خۆی ڕابگا. حاکم ئیزنی نادا. هەمزاغا بەبێ ئیزنی حاکم دەچێتەوە گوندەکەی. حاکمی لەخۆبایی کە بەوە دەزانێ، لە مانگی ڕەمەزانی هەمان ساڵدا، هەواڵی هەمزاغا بە ناوی «یاغی!» بە شاری وەلیعەهدنشینی تەورێز ڕادەگەیەنێ.

شازادەیەک لە لایەن «ئیقبالوددەولە»ی حاکمی ورمێ، کە بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ کاروباری حکوومەتی هاتبووە سابڵاغ، بە هاسانی بەینی حاکم و هەمزاغا خۆش دەکاتەوە و ئیدی دڵئێشەیەک لە نێوانیدا نامێنێ. چەند ڕۆژ پاشی ئەو ئاشت بوونەوەیە، شازادە موزەففەرەددین میرزای وەلیعەهد[٦]، کە لە بێ کیفایەتی و سستیدا ناوبانگی دەرکردبوو، لە تەورێزڕا، بەبێ هیچ پرس و ڕایەک فەرمانی گرتنی هەمزاغا و لە کۆت و زنجیر کردنی ئەو بۆ حاکمی سابڵاغ بەڕێ دەکا، بێ خەبەر لەوەی کە

حاکم و هەمزاغا بە بەڕیوانی پیاوی ئیقبالوددەولە ئاشت بوونەوە.

درەنگانی ئێوارەی یەکێک لەو ڕۆژانە، هەمزاغا لەگەڵ «حەمەد»ی برازای و «سلێمان»ی قلیانداری و سێ کەس لە نۆکەرەکانی، بەرەو دارولحکوومە دەچێ تاکو شفاعەت بۆ «عەزیزئاغای فەتاح» بکا، کە لە سەر ماڵیات لە زیندان کرابوو. بێ خەبەر لەوەی کە فەرمانی گرتنی خۆی لە تەورێزەوە هاتووە. هەمزاغا و حەمەد و سلێمان و نۆکەرێک دەچنە ژووری و دوو نۆکەریش لە دەرێ ڕادەوەستن. یەکێک لە نووسەران و کارگێڕانی دارولحکوومە بە ناوی «میرزا تەقیخان موحەریر» هەواڵی هاتنی هەمزاغا بە حاکم ڕادەگەیەنێ و شازادەش بەبێ یەک و دوو دەستوور دەدا بیگرن. لە کاتێکدا کە هەمزاغا و پیاوەکانی لە هۆدەیەکی خوارێ ڕاوەستابوون، فەڕاشباشی لە پلیکانان دێتە خوار و فەڕاشێکی زنجیر بە دەستیشی لە دواوە. ڕوو لە هەمزاغا دەکا و دەڵێ: حەزرەتی والا دەفەرمێ ئەم زنجیرە زیارەت بکەی و بیخەیە ئەستۆت! هەمزاغا کە نازانێ چ خەبەرە و چی قەوماوە، دەپرسێ: کێ؟ فەڕاشباشی دەڵێ: تۆ! هەمزاغا لە وەڵامدا بە ترکیی عوسمانی دەڵێ: «مەن بونی قەبول ئێتمیەم» واتا: من ئەمە قەبووڵ ناکەم. ئیدی ڕاستەوە دەبێ و دەست بۆ خەنجەر دەبا، بەڵام هەڵیناکێشێ، کەس لە ژوورێدا نامێنێ و هەر یەکە بۆ لایەک هەڵدێن. (خاطرات حاج سیاح، ص٢٥٦) هەمزاغا چرای ژوورەکە دەکوژێنێتەوە و بە پەنجەرەدا خۆ لە حەوشە داوێ و لە دارالحکوومە وەدەر دەکەوێ، بەڵام لە حەوشە سەربازەکان پێشی دەگرن. ئەمجار خەنجەرەکەی هەڵدەکێشێ، سەربازەکانیش تەقە دەکەن. لە ئاکامدا دوو سەرباز دەکوژرێن و چەند کەسیش بریندار دەبن. لەو بەینەدا برازا و قلیانداری هەمزاغاش دەکوژرێن.

شازادەی لاو، کە هەر وا بێ تەگبیر و تەدبیر کاران دەکا، بە پەلە مەبەستەکە بە تەورێز ڕادەگەیەنێ و داوای یارمەتی دەکا، بەو جۆرە ئاگری شەڕێکی توند و خوێناوی لەو ناوچەیەدا هەڵدایسێ کە هەتا نزیک تەورێزی پێدەسووتێ و قازانجی هیچ لایەکیشی تێدا نابێ. لە ئازەربایجانەوە یارمەتی بەڕێ دەکرێ و «محەمەدحوسێنخانی چارداوڕوو» و «محەمەدسادقخانی موقەددەم» و «ڕەحیمخانی چەلەبیانلوو» هەر یەکە

به سوارەی خۆیانەوە بەرەو سابلاغ داژۆن. ناسرەددین‌شا بە هۆی ترسەوە، لە یەکەم هەنگاودا گەورەترین هیزی خۆی هێنایە مەیدانەوە، کە بریتی بوو لە لەشکری سوارە و پیادەی تاران بە سەرۆکایەتیی «هەمزەمیرزای حیشمەتوددەولە» و لەشکری قەزوێن بە سەرۆکایەتیی «میرزا حوسێن‌خانی موشیرووددەولە» ، کە لە لایەن فەوجە تایبەتەکانی کوردستان و کرماشانەوە پشتیووانی دەکران (خاطرات احتشام‌السلطنه، ص٥١)، هەروەها فەرمانیشی بە حەسەن‌عەلی‌خانی گەڕووسی دا کە بە فەوجی گەڕووسەوە بە فریای ئەم هێزانەوە بچێ (گزارش‌ها و نامەهای دیوانی، ص٦). بەتایبەت شا بڕوای پتەوی بە حیشمەتوددەولە هەبوو، چونکە لە لایەک مامۆی بوو، لە لایەکی تریش پێشینە و ئەزموونی چل ساڵ حوکمڕانی و سەرکردایەتی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا هەبوو. هەواڵی لەشکرکێشی بە گوێی هەمزاغا دەگا. شێخ عوبەیدیڵڵا کە پێش‌تر کاری خۆی قایم کردبوو و ئامادەی هێرش بۆ سەر ئێران بوو، هەڵگەڕانەوەی هەمزاغا لەو دەمەدا بە شانس دەزانێ و یەکێک لە خەڵیفەکانی خۆی، بە ناوی «شێخ کەماڵ» ، لە سەیدەکانی گوندی خاڵدار و خەڵیفەی سەید تەهای باوکی، دەنێرێتە لای هەمزاغا و بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەوە هۆی چوونی هەمزاغا بوو بۆ لای شێخ.

شێخ، پاشی کێشانی پلانی شەڕ، هەمزاغا لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی خۆی، کە ئەودەم لاوێکی بیست‌وسێ ساڵانە بوو، ڕەوانەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ دەکا. هەر لە هەنگاوی هەوەڵدا، «حەمەدئاغای مامەش» [٧] لەگەڵ «بێوکخان»ی سەرۆکی قەرەپەپاغان، دێنە سابلاغ و چاویان بە حاکم دەکەوێ و پێی ڕادەگەیەنن کە؛ تاکو ئاگری شەڕ بڵێسەی نەستاندووە و دوژمن تەنیا دوو هەزار و پێنسەد کەسی پیاو هەیە، با هەڵکوتینە سەری و ماوەی هاتنە پێشی پێ نەدەین (سرزمین زردشت؛ قیام شیخ‌عبیدالله شمزینی در کردستان، ص٣٤-٣٥). بەڵام حاکم کە بە جارێک قەڵەمی دەست‌وپێی شکابوو، هیچ بڕیارێکی بۆ نەگیرا و نەیتوانی وەڵامێکی بە کەڵکیان بداتەوە. ئەوانیش کە وایانزانی، چیدی خۆیان پیاوخراپ نەکرد و یەکڕاست بە پێشوازی شێخەوە چوون و ڕەگەڵی کەوتن، بەڵام بە نابەدڵی و ناعیلاجی. فەیزوڵڵابەگ ڕۆژی هەینی، ٢٥ی

شەوالی ١٢٩٧، (١ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠) لە نامەیەکدا بۆ حەسەنعەلیخان، بەم جۆرە لەشکری شێخ مەزندە دەکا: حەمەدئاغای مامەش بە تەواوی حەشیمەتیەوە؛ هەمزاغای مەنگوڕ بە تەواوی حەشیمەتیەوە؛ عەوڵاخانی شنۆ بە تەواوی حەشیمەتیەوە؛ قەرەپەپاغ ئەوەندی لە ناوچەکەدا هەن؛ عوسمانئاغای گەورک بە تەواوی حەشیمەتیەوە؛ ئاغایانی دێبۆکری بە هەموو هێزیانەوە؛ ئەمە سەرەڕای ئەو هێزەیە کە شێخ لەگەڵ خۆی هێناونی (گزارش‌ها و نامەهای دیوانی، ص٣٠-٣٣). حەسەنعەلیخان چەند ڕۆژ دواتر ئەم ڕاپۆرتە لەگەڵ یادداشتێکی خۆی بۆ شا دەنێرێ و چاوەڕوانی فەرمانی ملووکانە دەمێنێتەوە.

باسوخواسە یەک لە دوای یەکەکان و بەتایبەت هەواڵی ڕەگەڵ شێخ کەوتنی حەمەدئاغای مامەش و بێوکخانی قەرەپەپاغ، بە جارێ حاکمی تۆقاند و لە دەستوپێوەندەکانی خۆی ویست کە بە زووترین کات ڕەوانەی تەورێزی بکەن و لە سابڵاغ دووری بخەنەوە. بەم جۆرە، لە ٢٨ی سپتامبری ١٨٨٠، حاکم بەرەو میاندواو وەڕێ کەوت و هەندێکیش لە ئاغاکان و بەگزادەکان، لەگەڵ سوارەکانی چارداوڕوو و چەلەبیانلوو و موقەددەم و بەختیاری بەڕێیان کرد.

دوو ڕۆژ پاشی هەڵاتنی حاکم، لەشکری شێخ بەبێ هیچ شەڕ و کێشەیەک، پێ دەنێنە سابڵاغ (=٣٠ی سپتامبر)، و لە قەراخ شار چادر لێدەدەن و «خانباباخان»ی کوڕی مەجیدخان لە لایەن شێخ عەبدولقادرەوە دەکرێتە حاکمی سابڵاغ.

ئامانج، گرتنی تەورێزە. بەرەو ئەو ئامانجە، هەوەڵ شاری سەر ڕێگا، «میاندواو»[٨]ە کە دەبێ بگیرێ. «میریبەگی بەردەسوور»ی خاڵی شێخ، بە دوو سەد سوارەوە بەرەو میاندواو دەچێ و لە شەڕێکدا بە دەستی سەلیمخانی چارداوڕوو دەکوژرێ. پاش کوژرانی میریبەگ، شێخ بە تەواوی هێزەوە دەچێتە سەر میاندواوێ، بە لەشکرێکی گەورە و بەربڵاو و تێکەڵ لە هۆزەکانی «(مەنگوڕ،[٩] مامەش،[١٠] پیران[١١])،[١٢] گەورک،[١٣] ڕەمک،[١٤] فەیزوڵڵابەگی،[١٥] دێبۆکری،[١٦] بەگزادە[١٧]و زەرزا[١٨]». بەو جۆرە، نۆ هەزار سوارە و هەشت هەزار پیادە و دە هەزار کەسیش بەربڵاو و سەربەخۆ، بۆ وەکۆ کردنی ماڵ و غەنیمەت، بەرەو میاندواو وەڕێ دەکەون.

ڕۆژی ۲ی ئۆکتۆبری ۱۸۸۰ میاندواو دەکەوێتە دەستی شێخ و لە ۱۰ی ئۆکتۆبر، پاشی ئەوەی ۸۰۰ مسوڵمان و ۵۰ جوولەکە و ۲۰ هەرمەنی دەکوژرێن (قیام شیخ‌عبیدالله شمزینی در کردستان، ص۴۳)، بەشی هەرە زۆری شار خاپوور دەکرێ.

لەشکری حیشمەتوددەولە، کە بۆ حکوومەت زۆر جێگای ئومێد بوو، دەگاتە جێ و لە یەکەم هەنگاودا بە توندی تێکدەشکێ. کاتێک هەواڵی ئەم تێکشکانە لە سایین‌قەڵای هەوشار بە گوێی حیشمەتوددەولە دەگا، کوت‌وپڕ دڵی لە کوتان دەوەستێ و دەمرێ[۱۹] (خاطرات احتشام‌السلطنه، ص۵۱؛ دوره مجله یادگار، ص۱٤).

لەشکر هەڵدەکوتێتە سەر شارەدێی «مەڵکەندی» ، لەوبەر میاندواو و پاشی ئەوێ بەرەو «بناو» لە نزیک مەراغە وەڕێ دەکەوێ و لە تەورێز نزیک دەبێتەوە. لە ماوەی شەڕی میاندواودا، کە دەوری شار گەمارۆ دەدرێ، لای بناو بە دەست حەمەدئاغای مامەشەوە دەبێ. حەمەدئاغا کە لە هەوەڵەوە بەناچاری تێکەڵ بە لەشکری شێخەوە دەبێ، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار ڕزگار دەکا و لای بناویان بۆ دەکاتەوە تا سەری خۆیان دەرباز کەن.

لەو کاتەدا هێزێکی زۆر لە تەورێزەوە بەرەو مەراغە هاتبوون و لە نزیک بناو ئوردوویان لێدابوو. خەڵکی بناویش لە پەنا ئەو ئووردووویە خۆیان تەیار کردبوو کە بە هەموو توانایانەوە بەرگری لە شار بکەن، چونکە لێیان ڕوون بوو ئەگەر سستی بکەن، چارەنووسێکی وەک میاندواو، بەڵکو خراپ‌تریان لە پێش‌دایە. لە لایەکی تریشەوە لەشکری شێخ قەڵشی تێکەوتبوو، چونکە زۆربەی ئەو ڕەش و ڕووتەی بە هەویای تاڵان وە دوای لەشکری شێخ کەوتبوون، کە زانیان ئوردووی دەوڵەتیان لە پێشە و هێزی یاریدەر لە تەورێزەوە هاتووە، ئیدی هەر بە دەسکەوتەکانی میاندواو قەناعەتیان کرد و لەمە زیاتر خۆیان نەخستە مەترسییەوە.

لەو دەمەدا کە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا بە ئامانجی تەورێزەوە، میاندواو و مەڵکەندییان گرتووە و لە فکری بناو دان، شێخ عوبەیدیڵڵا بەرەیەکی تازەش لە ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ دەکاتەوە کە ئەویش هەر بەرەو تەورێز دەبێتەوە. بۆ کردنەوەی ئەو بەرە نوێیەش

له ١٣ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠، یەکێک لە خەڵیفەکانی خۆی بە ناوی شێخ محەمەدسەعید بە چوار هەزار تفەنگچییەوە لە محاڵی «برادۆست»ڕا دەنێرێتە سەر ورمێ. محەمەدسەعید لە قەڵای سمایلئاغا[20] ئوردوو لێدەدا.

شێخ بۆخۆی لە ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠، بە سوارە و پیادەی عەشایری هەرکی، زەرزا و دەشتەبێڵ، بە محاڵی مەرگەوەڕدا دێتە «باراندێز» [21] و چەند سەعاتێک لە وێ ئوردوو لێدەدا و پاشان لە ئاوایی «سیر» [22] مزڵ دەگرێ و لەوێشەوە دێتە کێوی «سن سرکیس» و لە قەراخی باشووری شارەوە چادر هەڵدەدا. محەمەدسەعیدیش لە «قەڵای سمایلئاغا» دێتە دەر و تێکەڵ بە سپای شێخ دەبێ و بەو جۆرە لانیکەم دوازدە هەزار کەس دەوری ورمێ دەگرن.[23]

شێخ داوا لە خەڵکی شار دەکا کە بەبێ شەڕ و کێشە تەسلیم بن. کەیخودای شار کۆ دەبنەوە و وا تەگبیر دەکەن کە ئەگەر هەتا سێ ڕۆژان بتوانن شێخ بخافڵێنن، یارمەتییان لە تەورێزەوە پێدەگا و ڕزگاریان دێ. دوو کەس دەنێرنە لای شێخ و داوای سێ ڕۆژ مۆڵەت دەکەن، بەڵام شێخ دوو ڕۆژیان لێ قەبووڵ دەکا. خەڵکی شار لەو دوو ڕۆژ دەرفەتە کەڵک وەردەگرن و هەواڵ لە ئیقبالوددەولەی حاکمی شار دەنێرن، کە ئەو دەم لە دەرەوەی شار مابووەوە. ئیقبالوددەولە بەرەو ورمێ دێ و شێخ لێی حاڵی دەبێ کە ئەو دوو ڕۆژ فرسەت خواستنە دەهۆ بووە و خەڵک نایانەوێ تەسلیم بن. شێخ محەمەدسەدیق بە دوو هەزار سوارەوە دەنێرێتە پێش ئیقبالوددەولە و ڕەزابەگ ناوێکیش دەکاتە مەئمووری گرتنی ورمێ.

محەمەدسەدیق لە ئاوایی «گجین» [24] چاوەڕوانیی ئیقبالوددەولە دەکا، بێ خەبەر لەوەی کە ئیقبالوددەولە ئاگای لە وی هەیە و بە ڕێگایەکی تردا بەرەو ورمێ چووە. بەم جۆرە، بەبێ ئەوەی تووشی یەک بن، ئیقبالوددەولە شەوی ٢٣ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠ دەچێتە ناو شار و خەڵک تەیار و دەرک و دەروازەکانی شار قایم دەکا و هەلێکی زۆر گرینگ و مێژوویی لە دەستی شێخ دەقۆزێتەوە، کە ئەو هەلە جارێکی دی دووپات نابێتەوە.

پاشی تەواو بوونی دوو ڕۆژ مۆڵەت، شێخ بە لەشکرێکی گەورەوە

بەرەو شار وەڕێ دەکەوێ. ترس و خۆفێکی زۆر بە سەر شاردا زاڵ دەبێ و ئیقبالوددەولە و کەیخودا و ڕدێنسپی و مەلا و بەشێکی زۆر لە خەڵکی شار کۆ دەبنەوە و ڕاوێژ دەکەن. لەم کۆبوونەوەیەدا، ژێنراڵ کۆنسوولی ئینگلیس «مستر ئابۆت» و حەکیم ساحێب «دوکتۆر کاکران»ی میسیۆنێری ئەمریکایی، هەر یەکە لە قسەکانی خۆیاندا خەڵک دەترسێنن و دەڵێن: پیاوەکانی شێخ هەتا چەند سەعاتی تر بە ناو شار وەردەبن و ئەگەر بێت و بە خۆشی تەسلیم نەبن، ورمێش وەکی میاندواوی لێ دەقەومێ. بەڵام ئیقبالوددەولە لە وەڵامی قسەی هەر دووکیاندا زۆر بە توندی دەدوێ و خەڵک دژی شێخ هان دەدا (اوضاع ایران در جنگ اول، صص ١٠٤-١٠٦).

ئاکامی کۆبوونەوەکەی حاکم و کەیخودایانی ورمێ دەبێتە ئەوە کە وەفدێکی پێنج کەسی لە مەلا و ڕدێنسپی و کونسوولی ئینگلیس دەچنە لای شێخ و داوای دوو ڕۆژی تر مۆڵەت دەکەن. بەڵام شێخ کە لە ئامانجی خەڵکی شار گەیشتبوو و دەیزانی چاوەڕوانن یارمەتییان لە تەورێزەوە پێ بگا، وەڵامیان ناداتەوە و تەنیا سێ چوار سەعات مۆڵەت دادەنێ کە بە خۆشی تەسلیم بن. کونسوول و حەکیم ساحێب دیسان لەگەڵ خەڵک دەدوێن، بەڵام ئیقبالوددەولە هەر وا خەڵک گەرم ڕادەگرێ و بە هیچ جۆر حازر بە تەسلیم نابێ. تەنانەت حەکیم ساحێب و کونسول چاو لە سەعات دەکەن و لە خەڵکیان دەوێ تاکوو شێخ بە زۆر نەهاتووەتە ناو شار، بە خۆشی تەسلیم بن.

شێخ هەر ئەو جۆرە کە ڕایگەیاندبوو، دوو سەعات بەر لە بانگی شێوانی یەکشەممۆ، ٢٤ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠، بەرەو ورمێ دادەکشێ و پاشی ماوەیەک، شەپۆلی لەشکر ورمێ دەگرێتە ناوخۆ. شەڕ دەست پێدەکا. هەر دوو لا ئەوپەڕی کۆشش دەکەن. ئیقبالوددەولە لەم ماوە کورتەدا توانیبووی تەواوی دەروازەکانی شار قایم بکا و بە جوانی پیاوەکانی بە سەریاندا دابەشێ. شێخ ڕوو لە هەر دەروازەیەک دەکا لەگەڵ ئاگری تۆپ ڕووبەڕوو دەبێتەوە. شەڕی ئەوێ شەوێ بەم جۆرە کۆتایی دێ و ئەو شارە کە دوو ڕۆژ پێشتر، گرتنەکەی بۆ شێخ زۆر هاسان بوو، ئێستا پاشی یەک شەو شەڕی توند و خوێناوی ناگیرێ.

٢٥ و ٢٦ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠: لە کاتێکدا ئاڵای سپی لە سەر بانی ماڵی مەنسوورپاشای کونسوولی عوسمانی و ئاڵای ئینگلیس لە سەر بانی خانووی کونسوولی ئینگلیس هەڵدراوە، شێخ سەدیق خۆی دەگەیەنێتە بن دەروازەی شار و دەگەڕێتەوە. لەم دوو ڕۆژەدا سوننییەکانی ناو شار، بەگشتی دەکەوتنە ژێر چاوەدێری. هەندێک لە لەشکری شێخ دەتوانن لە کەلێنێکەوە بچنە ناو شار. دوو لەشکر ئەوەندە لە یەک نزیک دەبنەوە کە ناکرێ بە تفەنگ شەڕ بکەن، بەڵکو بە قۆنداغ و خەنجەر وەگیانی یەک دەکەون. شێخ لە نامەیەکی دۆستانەدا بۆ ئیقبالوددەولە، داوا دەکا پێش ئەم خوێنڕشتنە بگرێ و تەسلیم بێ. ئیقبالوددەولەش بە نامەیەکی پڕ لە ڕێز و ئیحتیرام داوای شێخ ڕەد دەکاتەوە.

٢٧ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠: شەڕ بە توندی درێـژەی هەیە، بەڵام لەم ڕۆژەدا لەشکری شێخ بە هۆی کەمبوونەوەی بـاڕووت و تەقەمەنی، پاشەکشە دەکەن.

٢٨ و ٢٩ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠: شەڕ هەر وا درێژەی هەیە. خەڵکی ورمێ لەوەی کە توانیویانە چەندین ڕۆژ بەربەرەکانیی شێخ بکەن، ترسیان شکاوە و ورەیـان قایمتر بووە؛ تا ڕادەیـەک کە لە شار دەردەکـەون و لەگەڵ لەشکری شێخ ڕووبەڕوو ڕادەوەستن.

٣٠ و ٣١ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠: لەشکری شێخ، سەرکەوتنی زۆر وەدەست دێنن و تەنانەت دەتوانن لە لایەکەوە بچنە ناو شار، بەڵام کۆکردنەوەی تۆپەکان و ئاگردانیان بۆ سەر ئەو شوێنە، دەبێتە هۆی کشانەوەیان. لەم ڕۆژەدا خەڵکی شار تا ڕادەیـەک ورەیان دادەبـەزێ. ئیقبالوددەولە پەنا بۆ دەهۆیەکی نیزامی دەبا و جلوبەرگی بەشێک لە سەربازەکانی خۆی دەگۆڕێ و بە مارشی نیزامی لە یەکێک لە دەروازەکانی شارەوە دەیانهێنێتە ژوور و وا نیشان دەدا کە لە تەورێزەوە هیمدادیان بۆ هاتووە. ئیقبالوددەولە بەم کارە ناهومێدیی خەڵک دەرەوێنێتەوە و ڕووحێکی تازەیان پێدەبەخشێ.

١ و ٢ی نوامبری ١٨٨٠: یەکی نوامبر، شەڕ توندە و هەر وەک ڕۆژانی پێشوو لە هەوەڵەوە سەرکەوتن بە شێخە، تا ڕادەیەک کە لەوانەیە شار بە تەواوی بگیرێ؛ بەڵام تا درێژە دەکێشێ، کوردەکان پتر شل دەبنەوە و

دەکشێنەوە دواوە، تاکوو وای لێ دێ بۆ سبەینێرا (٢ی نوامبر)، مەجبوور دەبن بگەڕێنەوە شوێنی سێزدە ڕۆژ لەمەوبەریان، واتە ئاوایی سیر.

کونسوولی ئینگلیس، کە تا ئێستا بە ئاشکرا پشتیوانی لە شێخ دەکرد، لەو ڕۆژەدا کە زانی لە شکستن و هیوای سەرکەوتنیان کەمە، لە ورمێرا بە ڕێی سابلاغدا هات و ڕووی کردە بناو و چاوی بە سەرۆکی هێزەکانی دەوڵەت کەوت؛ ناوەرۆکی باس‌وخواس و وتووێژی کونسوول لەم چاوپێکەوتنەیدا ئاشکرا نییە و تا ئێستا بەڵگەیەک لەم بارەوە وەدەست نەکەوتووە، بەڵام شک لەوەدا نییە کە ئینگلیسەکان لەم سەودایەدا قازانجی خۆیان ڕفاند. هەڵبەت کونسوول لەم سەفەرەدا نامەیەکیشی لە لایەن شێخ عوبەیدیڵڵاوە بۆ شێخ عەبدولقادر هێنابوو، کە گەیاندی. ن.ا.خەلفین دەڵێ: «کۆنسوول چونکە سوور بوو لە سەر بەدەستەوەدانی ورمێ و لە سەر هەڵوێستەکەی خۆی پێداگری دەکرد، خەڵکەکە بە هاندانی ئیقبالوددەولە و کەیخودایانی شار، تەنگی پێهەڵدەچنین و ناچاری دەکەن ورمێ بەجێ بێڵێ. «مستر ئابۆت» بە جلی کوردییەوە ڕوو دەکاتە سابلاغ و چاوی بە شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا و فەیزوڵڵابەگ دەکەوێ و لەوێوە دەڕواتە تەورێز (خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل ١٨٣-١٨٤).

پاشی ئەوەی لەشکری شێخ لە کێوی سیر مزڵ دەگرن، لە بەینی شێخ و ئیقبالوددەولەدا چەندین نامە ئاڵوگۆڕ دەکرێ، بەڵام هیچ بەرهەمێکیان لێ ناکەوێتەوە. پاشی ئەوە، شێخ خۆی ئامادە دەکا کە سبەی بە تەوژم‌ترین هێرشی خۆی بکاتە سەر ورمێ و کارەکە یەکلا بکاتەوە.

٣ی نوامبری ١٨٨٠: دوای نوێژی بەیانی شێخ بە هەموو هێزەوە هێرش دەکاتە سەر ورمێ؛ بەڵام چونکە خەڵک، گەیشتنی یارمەتیی پتریان بە نزیک دەزانی، پشت‌ئەستوور ببوون و ئومێدێکی زۆریان پەیدا کردبوو. بەم جۆرە شەڕی ئەو ڕۆژەش بێ ئاکام دەمێنێتەوە.

٤ی نوامبری ١٨٨٠: شێخ ئاگادار دەبێ کە «تەیموور پاشاخان»ی ماکۆیە بە شەش هەزار کەسەوە هاتووەتە «قوشچی» و لەوێش‌ڕا ئەوە بەرەو ورمێ دێ. شێخ بە سەرجەمی لەشکرەوە ڕوو دەکاتە قەڵای سمایل‌ئاغا تاکوو ڕێگەی هاتنی تەیموور پاشاخان بۆ لای ورمێ ببەستێ. هەر لە یەکەم تێکهەڵچووندا کوردەکان ٣٠ وشتری قۆرخانەی دوژمن

بە غەنیمەت دەگرن. لەم ڕۆژە و چوار ڕۆژی پاشیدا چەندین جار دوو لەشکر لە یەک دەدەن، کە لەو بەینەدا ئاوایی عەسکەرئاباد[٢٥] بە تەواوی خاپوور و قەتڵیعام دەکرێ.

هەر لە هەوەڵەکانی نوامبەری ئەو ساڵەدا هێزەکانی ناردراو لە تەوریز و تاران، لە ژێر ڕکێفی «ئیعتیمادولسەلتەنە» [٢٦]، بە شەش هەزار پیادە و دوو هەزار و پێنسەد سواری شاسەوەن[٢٧] بە سەرکردایەتیی «فەرەجیخان» و «نەجەفقولیخانی یۆرتچی» بە هانای ئوردووی دەوڵەتییەوە دێن و لە سەر ڕێی خۆیان دەکوژن و دەسووتێنن و تاڵان دەکەن.

شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا دەشکێن و بەرەو شنۆ دەکشێنەوە. ئوردووی دەوڵەتی دێتە ناو شار و «حاجی سەدرولدەولە» بە دەستووری تاران دەبێتە حاکمی سابڵاغ. لە گەڕانەوەی لەشکری ئێراندا، هەندی لەشکرێکیش خەڵکی داغداری ڕۆڵە کوژراوی ماڵ و سامان بە تاڵانچوو بەرەو سابڵاغ وەڕێ دەکەون، کە جگە لە تۆڵە شتێکی تریان لە بەر چاو نییە. لە ئاکامدا قەتڵیعام و کارەساتێکی وەها دەقەومێ کە لە مێژوودا وێنەی زۆر کەم بووە. «ئەسکەندەری کۆریانس» [٢٨] کە لە هەوەڵ تا دوایی ڕووداوەکە خۆی لە سابڵاغ و ئاواییەکانی دەوروبەر بووە، لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ ناسرەددینشای نووسیوە، دەڵێ: «ئاوری تۆڵە وەها لەشکری هەڵگرتووە کە بەبێ ئەوەی بیر لە ئابڕووی دەوڵەت بکەنەوە، گەرەکیانە تۆوی کورد لە سەر زەوی هەڵبگرن و هەرچی ئاوەدانییە بیسووتێنن (قیام شیخعبیدالله شمزینی در کردستان،ص٧٦)».

لە زمان حاجی سەدرولدەولەی حاکمی سابڵاغیش ببیسین کە دەڵێ: «مەگەر دەستووری شای ئێران ئەوەیە کە میللەتێک بە تەواوی بنەبڕ و بەشێکی وڵاتەکەش وێران بکرێ؟ یان ئەوەی کە تەنیا تاوانبارەکان سزا بدرێن؟! منیان کردووەتە حاکمی سابڵاغ، بەڵام کێهە سابڵاغ؟! شارێک کە ڕوحلەبەری تێدا نییە و لەتکە دیواری ڕووخاو نەبێ هیچت وەبەر چاو نایە! حکوومەت بە سەر کێدا بکەم؟ دوێنێ هەندێ لە فەرماندەکان پەنجەیان بۆ ئەو ئاگر و چڕەدووکەڵە ڕادەکێشا کە لە ئاواییەکان بەرز دەبۆوە و پێیان دەگوتم: ئەوە چراخانی حکوومەتی تۆیە. بەڵام من لە

جیاتی ئەوان شەرم دەیگرتم» (قیام شیخ‌عبیدالله شمزینی در کردستان، ص۷۹). شایەد هەر ئەم قسانەی حاجی سەدرولدەولە بووبێتە هۆی ئەوەی کە نەهێڵن حکوومەتی سابڵاغ بە دەستەوە بگرێ و دوای گیران و ئەهوەن بوونەوەی سابڵاغ، «حەسەن‌عەلی‌خانی ئەمیرنیزامی گەڕووسی» [۲۹] ببێتە حاکم.

مەسعوودمیرزای کوڕی ناسرەددین شا(ظل‌السلطان)، نووسەری مێژووی «سرگذشت مسعودی» لە کتێبەکەی خۆیدا لەم بارەوە دەنووسێ: «سەرجەم بە کورد و تورک و شیعە و سوننییەوە دوو هەزار گوندی گەورە و بچووک خاپوور بوو... بەتایبەت جگە لەوەی چەندین شارۆچکەی کوردان تێداچوو، سەرەڕای سووکایەتی پێکردنیان بە هەموو چەشنێک، ژمارەی کوژراوانیان سەد هەزار کەس بوو (سرگذشت مسعودی، ص۲۸۳)».

ئێوارەی ڕۆژی ۸ی نوامبری ۱۸۸۰، شێخ عوبەیدیڵڵا بۆ چەندەمین جار هێرش دەکاتە سەر لەشکری تەیموور پاشاخان، بەڵام لەمە پتر ناتوانێ خۆڕاگرێ و ناچار پاشەکشە دەکا. پاشی ئەو هێرشە بێ ئاکامە، شێخ بۆ دوایین جار پلانی هێرشێکی تر دەکێشێ و لە سپای دوژمن دەدا، بەڵام ئەمجارەش بێ سوود دەبێ. لە لایەکی تریشەوە سابڵاغ کەوتووەتە دەستی دەوڵەت و ئومێدێک لەولاڕا نەماوە. ناچار ڕۆژی هەینی، ۱۲ی نوامبری ۱۸۸۰، شێخ بۆ لای سنوور کشایەوە و مەیدانی چۆل کرد؛[۳۰] بەڵام ترسی گەڕانەوەی شێخ هێشتا بە تەواوی نەڕەویبوویەوە.

دوای شکانی شێخ، ماڵی سوننییەکانی ناو شار و دەوروبەر، کە لە ترسی لەشکری داغداری ئێران خاک و وڵاتی خۆیان جێ هێشتبوو و لە سنووری ئێران و عوسمانی وێڵ و ئاوارەی شاخ و کێوان، برسی و تینوو مابوونەوە، پاک تاڵان دەکرێ.

هەر لەم سەروبەندەدا، شێخ هیدایەت ناوێک بە خۆ و شەست کەسەوە دێتە ورمێ و لە سەر دەستی شێخەلئیسلامی ئەو شارە دەبنە شیعە (تاریخ و جغرافیای دار السلطنه تبریز، ص۳۰٦).

هەشت مانگ پاشان، یانی ۲۹ی ژوئێنی ۱۸۸۱، عەلائوددەولەی ئەمیرنیزام[۳۱] لە تەورێزەوە بە ڕێگای مەراغە و سابڵاغدا دەگاتە ورمێ.

له درێژەی ڕێگادا چاوی بە زۆربەی ئاغاکان و سەرکردە دەوڵەتییەکان دەکەوێ و چاکەیان دەداتەوە. لە لاجانێ، لە لایەن حەمەدئاغای مامەشەوە پێشوازی لێدەکرێ. عەلائوددەولە بەرپرسایەتی و پاراستنی سەرتاسەری ئەم ناوچەیە بە حەمەدئاغا دەسپێرێ و ئاموشۆی ئێڵی مەنگوڕ بەم ناوچەیەدا قەدەغە دەکا و لە حەمەدئاغای دەوێ مردوو یا زیندووی هەمزاغا تەحویل بدا. بەم جۆرە بە کاوەخۆ دەگاتە ورمێ و لە ١٥ی ژوئیە پێ دەنێتە ناو شار.

ئەمیرنیزامی گەڕووسی کە لەو دەمەدا حاکمی سابڵاغ بوو، هەروا لە هەمزاغا خەفتابوو تا بە هەر فێڵ و تەڵەکەیەک بێ لە ناوی بەرێ.

هەمزاغا بە هێزی سوارەی مەنگوڕەوە، لەگەڵ کشانەوەی شێخ عوبەیدیڵڵا چوو دە خاکی عوسمانییەوە. بەڵام وەکی شێخ بێدەنگ دانەنیشت، بەڵکو قەدەر نا قەدەرێک سنووری دەشکاند و دەهات دە خاکی ئێرانەوە. دەوڵەتی ئێران زۆر بە ئاواتی چارەسەر کردنی ئەم گرفتە بوو و پێی خۆش بوو بە هەر چەشنێک بێ ئەو نیگەرانییەش لە ناو بەرێ. ئەمیرنیزامی گەڕووسیش دەیەویست ئەو گرێپووچکەیە بە دەست و تەدبیری خۆی بکرێتەوە و پاداش و سەربڵێندیی ئەم کارە لە لایەن شای ئێرانەوە حەلالی خۆی بکات. ئەمیرنیزام دەیزانی هەمزاغا لەگەڵ میرزا قاسمی قازی[٣٢] نێوانی هەیە و بڕوا بە قسەکانی دەکا. پێوەندی بە میرزا قاسمەوە دەگرێ و ڕاپۆرتی ئەم پێوەندییەش لە (١٤ی ڕەبیعولئەووەلی ١٢٩٨) ڕێکەوتی ١٤ی فێبریەی ١٨٨١ لە نامەیەکدا بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕادەگەیەنێ[٣٣] حەسەنعەلیخان دەڵێ: «دەزانم کە هەمزاغا زوڵمی لێکراوە و حکوومەتی پێشووش بە سەهو چووە، دەنا پیاوی وەک هەمزاغا زۆر بە کاری دەوڵەت دێ و ئێمە پێویستیمان پێی هەیە» (خاطرات حاج سیاح، ص٢٥٦). لە نامەیەکیشدا بە خەتی خۆی بەڵێنیی حکوومەتی کوردستان[٣٤] و سابڵاغ بە هەمزاغا دەدا. میرزا قاسم نامەکە دەگەیەنێ و وەلام بۆ حاکم دێنێتەوە. هەمزاغا لە وەلامدا دەڵێ: «ئەگەر وەزیر لە تایفەی قاجار بوایە قەتم بڕوا پێ نەدەکرد، بەلام چونکە ئەویش هەر وەکی خۆم عەشیرەتە، ئەگەر بێت و سوێندم بۆ بخوا و پەیمانم لەگەڵ ببەستێ، ئەوە بڕوای پێدەکەم و دێمە

لای» (خاطرات حاج سیاح، ص٢٥٦). حەسەنعەلیخان کە بڕوای نەدەکرد ڕێگای بە ئارەزوو گەیشتن وا هاسان و بێ لەمپەر بێ، سوێندی بۆ دەخوا و لە پشتی قورئان ئاوای بۆ دەنووسێ: «تا ڕوحی من لە سەر ئەم دنیایە بێ و زیندوو بم، لەگەڵتم و دەتپارێزم و ئەگەر پێویست بێ سەری خۆمت بۆ دادەنێم» (خاطرات حاج سیاح، ص٢٥٧). مۆری خۆی، لە پشتی قورئان، لە ژێری دەستخەتەکە دەدا و هەرچی زووتر قورئانەکە بۆ هەمزاغا دەنێرێ.

پاشی ئەوەی قورئانەکە بۆ هەمزاغا دەبەن، سوارەی برازای هەمزاغا، کە لاوێکی ئەگید و وریا دەبێ، دەڵێ: ئاغا! ئەمن سەڵاح نازانم بچی. ڕاستە حاکمیش عەشیرەتە، بەڵام ناپیاوە. کەسێکی باوکی خۆی کوشتبێ، چ جێی متمانەیە؟! هەمزاغا لە وەڵامدا، سوارە بە ترسنۆکی تاوانبار دەکا. سوارەش لە وەڵامدا دەڵێ: هەر چەند دەزانم دەمانکوژن، بەڵام سەری من لەگەڵ سەری تۆیە. بەم جۆرە، قورئانەکە ماچ دەکەن و لەگەڵ چەند سواران وەڕێ دەکەون[٣٥] (خاطرات حاج سیاح، ص٢٥٧). زۆربەی سوارەکانیان لە پشت کێوی عەلیئاباد[٣٦] بەجێ دێڵن و لەگەڵ چەند سواران بەرەو باغی شێخی[٣٧] دادەگەڕێن. دەگەنە باغی شێخی و چادر و سەربازی حکوومەتیان لێ وەدەردەکەوێ. سوارە دەڵێ: «ئاغا! پێم سەڵاح نییە بچینە ژوور؛ دەستوور فەرموو حاکم بێتە دەرێ تاکوو زۆر لە سوارەکانی خۆمان دوور نەکەوینەوە؛ با هەر لێرە قسەکانمان ببڕینەوە.» هەمزاغا دەڵێ: «جا پیاو لەم سەربازە ڕووت و برسییانە دەترسێ؟» (خاطرات حاج سیاح، ص٢٥٧) بە دوای ئەوەدا یەکسەر دەچێتە ناو باغ و دادەبەزێ. حاکم لە پێشدا کاری خۆی قایم کردبوو و دەستووری دابوو دوو فەوج[٣٨] سەربازی هەڵبژاردە و لێهاتوو، لە ناو ڕیزە چادری لای ڕاستی چادری خۆی، بە تفەنگ و باڕووت و گوللەی ئامادەوە قامک لەسەر پەلەپیتکە ڕاوەستن؛ و لە ڕووبەڕووی چادرەکەی خۆی، چادرێکی دیکە هەڵدەدەن و لە ناویشیدا خەندەکێک هەڵدەکەنن. بەر لە هاتنی هەمزاغا، دەستوور دەدا هەر کاتێک هەمزاغا هات و من لەگەڵی چوومە ژوور، ئێوە چاوەڕوان بن تاکوو دێمەوە دەرێ. پاشی هاتنە دەر، دەچمە ناو چادرەکەی ڕووبەڕوو، و خۆ لە خەندەکەکە داوێژم. ئا لەم

کاتەدا ئێوە سەرجەم دەسرێژی چادری هەمزاغا و پیاوەکانی بکەن.

پاش دابەزینی هەمزاغا، حاکم بە پێشوازییەوە دەچێ و دەیانباتە نێو چادر. دەوری سی کەس لە ناو چادرەکەدا دەبن و دەست دەکەن بە خواردن و خواردنەوەی شیرنی و شەربەت. حاکم بە بیانوویەک لە چادر دێتە دەر و دەستوپێوەندەکانیشی هەموو بە دوایدا دێن. بۆ ئەوەی شکی هەمزاغا بپەڕێنن، سێ پێشخزمەت و قاوەچییەک لە لایان بەجێ دێڵن. حاکم و پیاوەکانی دەچنە ناو چادری ڕووبەڕوو و دەستبەجێ تەقە دەست پێدەکا. دوو فەوج سەرباز، حەوت کەڕەت دەسرێژی چادرەکەی هەمزاغا دەکەن (دوره مجله یادگار، ص٢٦).

پاشی وەستانەوەی تەقە، پێشخزمەتێک دەستەوخەنجەر دەچێتە ناو چادرەکە تاکو سەری هەمزاغا ببڕێ و ئەویش بەشی خۆی خەڵاتێک وەربگرێ. بەڵام هەمزاغا کە دەستێکی ساغ مابووەوە و هێشتا نیوەگیانێکی مابوو، بەم یەک دەستە ساغە نۆکەرەکە دەکێشێتە بەر سینگی خۆی و وەبەر خەنجەرانی دەدا، ئەمجار ڕوحی دەردەچێ (خاطرات حاج سیاح، ص٢٥٧).

سەربازەکان بە چادر وەردەبن و هەرچی تەواو نەبووە، دەیکوژن. ئەمیرنیزام فەرمانی کۆکردنەوەی جەنازەکان دەدا و سەری هەمزاغا و پیاوەکانی دەبڕێ و بۆ تارانی دەنێرێ (دوره مجله یادگار، ص٢٦).[٣٩] شا ئێجگار خۆشحاڵ دەبێ و لە شیعرێکی خۆیدا بە حەسەنعەلیخان هەڵدەڵێ و خەڵات و نیشانی تایبەتی بۆ دەنێرێ. مەرگی هەمزاغا لە ٢٩ی ژوئیەی ١٨٨١، بەرانبەری ٢ی ڕەمەزانی ١٢٩٨ی کۆچی ڕووی داوە. دوای کوژرانی هەمزاغا، باڵوێزخانەی ڕووس لە تاران ناڕەزایەتی دەردەبڕێ. حەسەنعەلیخانی گەڕووسی دوو وەڵام ئامادە دەکا و لە ڕێگەی پێشکاری ئازەربایجانەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی دەنێرێ و دەیانکاتە سەرپشک تا هەرکامیان پەسند کرد بیدەنەوە بە باڵوێزخانەی ڕووس. حەسەنعەلیخان هەر دوو وەڵام زۆر زیرەکانە ڕێکدەخا؛ لە یەکیاندا وەکو تاکەکەس خۆی پیاوخراب دەکا و هیچ سووچ و تاوانێک ناداتە پاڵ حکوومەت، لە وەڵامی دوویەمیشدا داستانێکی خەیاڵی دەخولقێنێ کە گۆیا کاتێک حەسەنعەلیخان و هەمزاغا لە چادردا

سەرقاڵی وتوویژ و پێکهاتن بوون، شەڕ و کێشەیەک لە دەرەوەی چادر، لە نێوان سەربازانی حکوومەت و چەکدارەکانی هەمزاغادا ڕووی داوە و تەقە ساز بووە و بارودۆخەکە بە تەواوی شێواوە. لەم ناوەدا بەداخەوە هەمزاغا و چەند کەس لە هاوڕێکانی کوژراون، هەروەها ژمارەیەکیش لە سەربازان و کاربەدەستانی حکوومەت کوژراون و بریندار بوون (دورە مجلە یادگار، ص ١٦-٢٥).

ساڵێک دوای کوژرانی هەمزاغا، یانی لە ژوئیەی ١٨٨٢، حاجی سەیاح هاتووەتە سابڵاغ و لە قەبری هەمزاغای پرسیوە و چۆنیەتی ڕووداوەکەی لە خەڵک پرسیار کردووە. هەروەها دەڵێ بە ڕێنوێنیی شارەزایان چوومە دیدەنیی قەبری هەمزاغا کە لە قەراغ شار نێژرابوو (خاطرات حاج سیاح، ص٢٥٥).

دوای شکانی هێزەکان و کوژرانی هەمزاغا، شێخ عوبەیدیڵڵا زۆری هەوڵدا دیسان جووڵانەوەیەک دژی ئێران دەست پێ بکاتەوە. لە ڕێگەی عوسمانیشەوە هەندێ یارمەتی پێ دەگەیی. لە ژانویەی ١٨٨١، لە «وان»ەوە ١٩ بار(= ٣٨ سندووق) تفەنگی لە چەشنی هێنری مارتین، ٦ بار(=١٢ سندووق) گوللە، ٤ بار(=٨ سندووق) گوللە

تۆپی شاخاوی گەیەنرایە دەستی شێخ (خەبات لە ڕێی کوردستاندا، ل١٩٥)؛ بەڵام ئەو تەقەللایانە هەموو بێ سوود مانەوە و دەوڵەتی ئێران بە پشتیووانیی ڕووسیە و ئینگلیس، زۆری بۆ عوسمانی هێنا کە شێخ سزا بدا. دەوڵەتی عوسمانی، ناچار لە جولای ١٨٨٢ شێخ عوبەیدیڵڵای لە ئەستەمبوڵ زیندانی کرد، چەند مانگ پاشی لە زیندان ڕایکرد.[٤٠] بەڵام بۆ جاری دوویەم گیرا و لە کۆتایی ئۆکتۆبری ١٨٨٢ لەگەڵ لەشکرێکی گەورە ڕەوانەی مووسڵ کرا و لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٣ گەیەنرایە «ئەسکەندەروون» و لەوێشەوە نێررایە«بەیرووت» و پاشی ئەوە بۆ «مەککە» و زۆری پێنەچوو کە لە هەمان ساڵدا لە «تایف» کۆچی دوایی کرد.

## پەراوێزەکانی بەشی ٢:

١. کوڕی عەباس‌میرزا و سێیەمین پادشای تایفەی قاجار. لە ١٨٣٤ لە سەر تەختی پادشایەتی دانیشت و لە ١٨٤٨ مرد.
٢. یەکێک لە ژنەکانی محەمەدشا، کە دەبێتە دایکی عەباس‌میرزای مولکئارا، لە بنەماڵەی شەمزینان بووە و ئەم عەباس‌میرزایەی کوڕی محەمەدشا، مریدی شێخ تەها بووە.
٣. کوڕی محەمەدشا و چوارەمین پادشای تایفەی قاجار. لە ١٨٤٨ لە سەر تەختی پادشایەتی دانیشت و لە ١٨٩٦ بە دەستی میرزا ڕەزای کرمانی تیرۆر کرا.
٤. بە پێی سەرچاوەکان ناوی «لطف‌اللەمیرزا معروف بە آقاشاهزادە پسر طهماسب‌میرزا مؤیدالدولە» یە. لە کتێبی (سرزمین زردشت) دا، بە ناوی شاهزادە احمد میرزا کشیکچی باشی ناوی هاتووە، کە هەڵەیە.
٥. بە قادرئاغای ئیندرقاش ناسراوە و لە تایفەی دێبۆکری بووە. بنەماڵەی قادرئاغا لە ناو دێبۆکرییەکان‌دا، بە تایفەی «هەباس‌ئاغا» مەشهوورن.
٦. کوڕی ناسرەددین‌شای قاجار، کە بە ماوەی ٤٠ ساڵ وەلیعەهد بوو و لە شاری تەورێز بە بەتاڵی و بێهوودەیی دەژیا. ساڵی ١٨٩٦ لە جێی بابی دانیشت و لە سەرەتای ١٩٠٧ مرد.
٧. حەمەدئاغا، سەرۆک عەشیرەتی مامەش، کوڕی پیرۆت‌ئاغا بووە و لە ئاوایی پەسوێ دانیشتووە. بەر لە سەرۆکایەتیی حەمەدئاغا، عێلی مامەش کۆچەر بوون و گەرمێن و کوێستانیان کردووە. بەڵام بە دەستووری ئەو، خەڵک لە دێدا ماونەوە و خەریکی کشتوکاڵ بوون. ساڵی ١٩٠٨ لە گوندی «نەڵۆس»ی شنۆ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی «شێخ ئالیی تەورێزی» لە هەمان گوند ناژراوە. پاشی ئەو، قەرەنی‌ئاغای کوڕی، سەرۆکایەتیی عێلی مامەشی بە دەستەوە گرت. وەک دەڵێن، یەکەم کەس بووە لە ناو

عەشیرەتدا کە معەلیمی ڕاگرتووە و کوڕەکانی دەبەر خوێندن ناوە.

٨. شارێکی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد هەڵکەوتووە. چونکە کەوتووەتە نێوان دوو چۆمی «تەتەهوو» و «جەغەتوو» بە «نێوئاوان» ناوبراوە و لە ئەسناد و بەڵگەنامەکانی دەوڵەتیدا بە «مياندواب» نووسراوە. لە دابەشینی نوێدا میاندواو لە سێ ناحیە پێک دێ کە بریتییە لە سێ شارۆچکە و حەوت شارەدێ و ٤٢١ گوند، کە سەرجەم حەشیمەتی بە پێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٨٦ پترە لە ٣٠٠ هەزار کەس.

٩. مەنگوڕ عەشیرەتێکی کۆن و ڕەسەنی کوردن کە بەشێکی گەورەیان لە باشووری ڕۆژئاوای مەهاباد دەژین. سەرجەم ژمارەی ئاواییەکانیان ١١٦ و حەشیمەتیان دەوری ١٩٠٠ بنەماڵە و ١٣ هەزار کەسە (فەرهەنگی ئاواییەکانی مەهاباد، ل٣،١١،١٥).

بنەچەکەی ئەوان دەچێتەوە سەر «محەمەد شەمسەددین» کە بە «بابادەروێش» یا «کاک دەروێش» ناوبانگی هەبووە. بە پێی گێڕانەوەی بەساڵاچووانی ئەم عەشیرەتە، بابادەروێش لە سووریەڕا کۆچی کردووەتە باکووری کوردستان و لە شەمزینان نیشتەجێ بووە. دەستەیەکیان بەرەو باشوور ڕۆیشتوون و پاشان لە سەردەمی دەسەڵاتداریتیی کەریمخانی زەند، بە سەرۆکایەتیی «باپیرئاغا» ڕوویان کردووەتە «یەڵتەمر»ی ناوچەی موکریان. باپیرئاغای دوویەم ١٨ کوڕی لە ژنەکانی بە ناوی «شەم، ئامان، مرۆت، زێڕن، زین و زینهەتیو» هەبووە کە بەرەی هەر کام لەم ژنانە بە ناوی دایکیانەوە سەرجەم شەش تایفە پێکدێنن. جگە لەمانە تایفەیەکی تریان هەیە بە ناوی «خدر» کە لە باپیرئاغا نییە. هەر شەش تایفەی بەرەی باپیرئاغای دووەم بە «کادەروێشی» دەناسرێن (طوايف و عشاير كرد، ص٧٤-٧٥)؛ (قيام ملاخليل و رد فرمان رضاخان، ص٧٠-٧٢)

١٠. ئێڵی مامەش بریتین لە هەشت تایفە کە لە پیرانشار(خانێ)، پەسوێ، نەغەدە، شنۆ و جەڵدیان نیشتەجێن. زەوی‌وزاری بە بەروبوویان هەیە و کار و داهاتی سەرەکییان کشتوکاڵ و پاشان ئاژەڵدارییە. بە

پێی سەرژمێریی ساڵی ۱۹۸٦ حەشیمەتیان ٦۰۰۰ کەسە. بنەچەکەیان دەچێتەوە سەر «مەلا ئیدریس» ناو، کە دوای شەڕی سوڵتان سەلیمی عوسمانی و سەفەوییەکان، کۆچیان کردووەتە ناوچەی شنۆ. سەرۆکایەتیی ئەم ئێڵە لە سەردەمی زەندیەدا بە دەست «هەمزاغا» و لە سەردەمی قاجارەکاندا بە دەست «حەمەدئاغا» وە بووە (نگاهی به آذربایجان غربی، ص٦٧١–٦٨٢).

۱۱. پیران لە ئێڵاتی گەورە و کۆنی کوردن و لە سنووری ئێران و عێراق دەژین و بەشێکیان لە دیوی عێراق دەکەونە «کۆیە، ڕانیە، بیتوێن، قەراج و هەولێر» و لە دیوی ئێران دەکەونە مەودای نێوان دوو چۆمی «لاوێن» و «بادیناوێ». حەشیمەتی ئەو ئێڵە بە پێی سەرژمێریی ساڵی ۱۹۷۱ ، دەوری ٥ هەزار کەس بووە. بەر لەوەی بە پیران بناسرێن، ناویان «وسوو» و دوایە «وسوو سوار» بووە. پیرانی دیوی ئێران بە سەر ٤ تایفە و ٥۰ تیرە دابەش دەبن. تایفەکان بریتین لە: «ئەمینعەشایری*، مووریک، ئەحمەدی و سادات». کاری سەرەکییان ئاژەڵدارییە، بەڵام زەویوزاری کشتوکاڵی باشیان هەیە و گەنم و جۆ و تووتن و برینج بەرهەم دێنن. لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی قاجارەکانەوە هەمیشە دەوری بەرچاویان لە ڕووداوەکانی ناوچەدا بینیوە. تایفەیەک بە ناوی «پیرانلوو» لە باکووری خۆراسان دەژین، کە دوور نییە لە کۆچ پێدانی سەردەمی سەفەوییەکانەوە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە ڕایانگوێستبن؛ چونکە هەر تیرە و تایفەیەکی کورد کە بۆ باکووری خۆراسان گوێزرابێتەوە ناوی شوێنەکەی پێشووی لەسەر شوێنی تازە داناوە. ئێڵی پیران لە ۱۸۸۰ لەگەڵ شۆڕشی شێخ عوبەیدیڵڵا و لە ۱۹۲۱ لەگەڵ شۆڕشی سمایلئاغای سمکۆ و لە ۱۹٤٦ لەگەڵ کۆماری کوردستان هاوڕێ بوون (مرکز دایرة المعارف بزرگ اسلامی، جلد: ١٤، شماره مقاله: ٥٥٩٦، میترا دانشور؛ هەروەها tarikhema. علی پورصفر).

*- تێبینی: «ئەمیرعەشایری» یەکان مامەشن، بەڵام «ئەمینعەشایری» یەکان پیرانن. سەرچاوەی سەروو و زۆربەی سەرچاوە فارسییەکان

هەر دوویان هەر بە «ئەمیرعەشایری» نووسیوە کە هەڵەیە».
١٢. سێ عەشیرەتی گەورە و بەهێزی ناوچەی موکریانن کە بە «بڵباس» دەناسرێن. مامۆستا زەبیحی لە قامووسەکەیدا لە بەرانبەر وشەی «باڵباز» دا دەنووسێ: سەرباز، عەسکەر، هەڵیسەنگێنە لەگەڵ وشەی «بڵباس» کە ناوی عەشیرەتێکی کوردە (قامووس، ب٢، ل٤٩). مامۆستا هەژاریش لە فەرهەنگەکەیدا لە بەرانبەر وشەی «باڵباز» دا دەنووسێ: چەکداری میری، سەرباز (هەنبانەبۆرینە، ل٤٥). عەلی پوورسەفەر دەڵێ: دوور نییە ب-ە مانای «ئەسپئاژۆ، سواری توندڕۆ» بێ (tarikhem a.). لەم پێوەندییەدا تەنیا کەسێک کە ڕاستەوڕاست وشەی بڵباسی مانا کردبێتەوە، ئەمین گەردیگلانییە کە دەنووسێ بە مانای «ئەڵماس» ە (فەرهەنگی ڕێژگە، ل٣٢). مامۆستا محەمەد ناهیدیش هەمان مانای لە ئەمین وەرگرتووە و لە «فەرهەنگی ناهید» دا هێناویێتی، بەڵام ئەم وشە و مانایە زۆرتر پێوەندیی قافییەیان پێکەوە هەیە تا پێوەندیی مانایی و مەنتیقی. بە پێی ئەو لێکدانەوانە دەکرێ بڵێین نزیکترین مانای وشەی بڵباس «سوارەی شەڕکەری لێهاتوو» یە. لە بابەت لایەنی جوغرافیایی و مێژووییشەوە گەلێک سەرچاوە لە بەر دەست دان کە کۆنترینیان شەرەفنامەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە چوارسەد ساڵ لەمەوبەر. لە ناو عەشیرەتی گەورەی «ڕۆژەکی» دا تیرەیەک هەیە بە ناوی «بڵباس» کە لە باشووری کوردستان دەژین. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکان کە باس لە «بڵباس» دەکەن، مەبەستیان ئەو کۆنفێدراسیۆنە مێژووییەیە کە لە نێوان چەند عەشیرەتی کورددا کاتی خۆی پێکهاتووە و دەوری بەرچاوی لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ناوچەدا بینیوە. لە درێژەی مێژوودا و بە پێی هەلومەرجی جیاواز، هەندێ عەشیرەت لەم هاوپەیمانییە هاتوونە دەر و هەندێکی تر چوونە ناوی. کە وایە ئاساییە لە هەر سەرچاوەیەکدا ناوی دەستەیەک لە عەشایر تۆمار کرابێ و لەم ڕووەوە ناوەکان یەکتر نەگرنەوە، بەڵام لە جەغزێکی گشتیدا

ناوی ئەم پازدە عەشیرەتە دەکرێ لە لیستەیەکدا کۆ بکرێتەوە: «مەنگوڕ، مامەش، پیران، ئاکۆ، برادۆست، سن، ڕەمک، دەلۆ، ورمزیار، باڵەک، مووریک، زەرزا، زوودی، تایفەی کاخدری، کاکاغا عوسمان». لەم پێوەندییەدا سێ عەشیرەی مەنگوڕ و مامەش و پیران وەک ئەندامی سەرەکی لە هەموو لیستەکاندا ناویان هاتووە و لە سەرەتاوە تا دوایی لەم هاوپەیمانییەدا دەوری بەرچاویان بینیوە. گیو موکریانی دەڵێ: پێنج تیرەن: وەجاخی کاخدری، ئاکۆ، مەنگوڕ، پیران، مامەش (کوردستان، ل١١٢). میرزا سەید جەعفەرخانی موهەندیس‌باشی(موشیرولدەولە) لە لێکۆڵینەوە بەنرخەکەی «تحقیقات سرحدیە» دا دەڵێ: بەرزاییەکانی قەندیل کە دەکەونە ڕۆژئاوای دەشتی لاجان، مەسکەنی بڵباسی ئێران و عوسمانییە، تایفەکانی بڵباس بریتین لە: مەنگوڕ، مامەش، زادی[زوودی]، پیران، مورک [موریک]، زەرزا، تایفەی کاخدری، کاکئاغا عوسمان، سن. تایفەیەکی تریش لەم ناوە دەژین بە ناوی «ئاکۆ» کە سەر بە بڵباس نین و خۆیان عەشیرەتێکی جیاوازن. ئاکۆ بەپێچەوانەی بڵباس تفەنگچیان زۆر و سوارەیان کەمە. دوو هەزار بنەماڵەیەک دەبن و سەرۆکیان حاریس‌ئاغایە(رسالەی تحقیقات سرحدیە، ص١٤٦و١٤٧). سەرۆکانی بڵباس «مەزن»یان ناو بووە و لەم دوو سەد ساڵەی دواییدا تایفە هاوپەیمانەکان زۆربەیان کشاونەوە، بەڵام ناوی بڵباسیان هەر لە سەر ماوە(tarichem a.). دەسەڵاتی سیاسیی ئەم هاوپەیمانییە پێوەندی هەبووە بە حەشیمەت و داراییەوە، بە چەشنێک کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەی کۆچیدا حەشیمەتیان گەیوەتە بیست هەزار بنەماڵە (بستان‌السیاحە، ص١٦٥). حەشیمەتی بڵباسی دیوی ئێران لە دیوی عێراق پترە، بەڵام دوو تایفەی «ڕەمک» و «سن» بەشی پتریان دەکەوێتە دیوی عێراق (عشائرالعراق، ج٢، ص١٢٠و١٢١). بڵباس لە مێژووی نەتەوەکانی دراوسێدا ڕوخسارێکی توورە و شەڕانی هەیە و شێوەرستەی «بلباس گیلدی» لە زمانی ترکی، بەتایبەت لە مەراغە و دەڤەریدا، نیشانەی ترس و خۆفێکە کە نزیکەی سێ سەد ساڵ

بە سەر ئەم دەڤەرەدا زاڵ بووە. کۆنفیدراسیۆنی بلباس لە سەدەی دەیەمی کۆچییەوە، هەمیشە تایەکی تەرازووی هێز و دەسەڵات بووە لە ناوچەدا. بە وتەی ئەمیرشەرەفخان، توانایی و هاوسەنگیی بلّباس بە ڕادەیەک بووە کە سولتان سولەیمانی قانوونی (دەسەڵات ٩٢٦-٩٤٧ی کۆچی) تا لەگەڵ بلّباس ڕێک نەکەوت، نەیتوانی بە سەر «بدلیس» دا زاڵ بێ. پادشاکانی سەفەوی حکوومەتی هەندێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بە سەرۆکانی بلّباس دەسپارد. بۆ نموونە، برایمبەگی بلّباس چەندین ساڵ سنوورداری سیستان و حاکمی بەشێکی بەلووچستان بووە (ئاترۆپاتین، ل٤٣و٤٤، بە نەقڵ لە شەرەفنامە). بلّباس لە ململانێی نێوان ئێران و عوسمانیدا، بە پێی هەلومەرج، هەر جارە کەوتوونە بەرەیەک و دژ بە هاوپەیمانی پێشوویان ڕاوەستاون. پاشی سەفەویە، لەگەڵ «ئەفشار» و «زەندیە» شەڕ و کێشەی زۆریان بووە تا لە ئاکامدا بە دەستی فەتحعەلیخانی ئەفشار، بە توندی تێکشکێنراون. لە ئاخروئۆخری سەدی دوازدەهەمدا ئەمجار دەکەونە پیلانی هاوبەشی دەسەڵاتی کوردی موکری و ئەحمەدخانی موقەدەمی مەراغە و زەبرێکی توندتریان وێدەکەوێ. لاپەڕەیەکی تری مێژووی بلّباس، تێکەڵ بوونە بە شۆڕشی شێخ عوبەیدیڵڵای نەهرییەوە کە تەورێز لە مەترسی داوێن، بەڵام شکست دێنن و لە ئاکامدا هەمزاغای مەنگوڕ ساڵی ١٢٩٨ی کۆچی/١٨٨١ی.ز بە پیلانی ئەمیرنیزامی گەڕووسی دەکوژرێ، بەڵام لە سەرەتاکانی ١٣٣٣/دوایییەکانی ١٩١٤ و دەسپێکی ١٩١٥ هاوپەیمان لەگەڵ سپای عوسمانی، دوای گرتنی میاندواو و مەراغە، دەچن دە شاری تەورێزەوە (کتاب سبز، ص٧٥). ئەم دەسەڵاتە تا بەرەو سەردەمی ئێمە دێ، پتر لە کزی دەدا، تا ڕادەیەک کە لە ڕووداوەکانی کۆماری کوردستاندا ئیدی بلّباس ناتوانێ چ لە لایەنی دەوڵەتەوە و چ لە لایەنی کوردانەوە دەورێکی بەرچاو ببینێ. (کۆمارە کوردییەکەی ١٩٤٦، ل٤٨).

## سەرچاوەکانی ئەم پەراوێزە:

ئەمین گەردیگلانی، فەرهەنگی ڕێژگە، دهۆک، ٢٠٠٩.
حوسێن حوزنی، کوردستانی موکریان یا ئاترۆپاتین، ڕەواندز، ١٩٣٨. (چاپی سەیدیان،؟)
زین‌العابدین بن اسکندر شیروانی، بستان السیاحە یا سیاحت‌نامە، تهران ١٣١٥.
عباس عزاوی، عشائرالعراق ، بغداد ١٩٣٧- ١٩٥٦، چاپ افست، قم، ١٣٧٠ش.
عەبدولڕەحمان محەمەدئەمین زەبیحی، قامووسی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.
کتاب سبز، مجموعە متون و اسناد تاریخی٢٢، نشر تاریخ ایران، با مقدمە رضاقلی نظام‌مافی، تهران، ١٣٦٣
گیوی موکریانی، کوردستان، ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.
میرزا سید جعفرخان مهندس‌باشی«مشیرالدولە» ، رسالە تحقیقات سرحدیە، بە اهتمام محمد مشیری، بنیاد فرهنگ ایران، تهران، ١٣٤٨.
ویلیام ئیگڵتۆن جونیۆر، کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦، سەید محەمەدی سەمەدی، ٢٠١١ (وەرگێڕانی دووبارە، لە ژێر چاپ)
هەژار، هەنبانەبۆرینە، چاپی دووەم، سروش، تاران، ١٣٧٦.
یادداشتی کاک ئەحمەدی بەحری لە سەر بڵباس.
Myth.tarichema.ir/article-tag

١٣. گەورک دەوری دوو هەزار ماڵن و لەگەڵ مەنگوڕان هاوسنوورن. مێژووی نیشتەجێ بوونیان لە گشت ئێڵاتی موکری کۆن‌ترە. خۆیان لە وەچەی «وەسمانئاغا» و «خدرئاغا» دەزانن. «قەرەوەسمان‌بەگ» دەوری ٤٥٠ ساڵ لەمەوبەر لە حکوومەتی عوسمانیدا دەسەڵاتدار بووە. بۆچوونێک ئەوەیە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی «قەرەقۆینلۆ»کان‌دا لە «گەوەڕ»ی «وان» ەوە بە هۆی ناکۆکیی سیاسی و عەشیرەیی‌یەوە کۆچیان کردبێتە باشووری

گۆمی ورمێ. ناوەندی ئەم ئێڵە لە سەردەمی قاجارەکاندا ئاوایی «نستان» بووە. ئێستا لە دابەشینی کیشوەریدا، کەوتوونە سێ ناوچەی سەقز و مەهاباد و سەردەشت. هەروەها بەشێکیان کەوتوونە «تەرگەوەڕ و سۆما و برادۆست» لە ڕۆژئاوای ورمێ و بەشێکیشیان لە باشووری کوردستان نیشتەجێن و لە شارباژێڕ و سلێمانی و دەڤەری هەولێر دەژین. ناوەندیان لە سەقز «دۆڵی میرەدێ»یە و بریتییە لە پازدە ئاوایی، کە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا سەرۆکایەتیان بە دەست «عەلیئاغای جەوانمەردی» بوو کە لە ١٩٤٧* لە لایەن سپای ئێران بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ «حەمەڕەشیدخانی بانە» لە سەقز لە دار درا. گەورکی موکری کە سەر بە مەهابادن، بریتین لە پێنج تایفە بە ناوگەلی «عەزیزی، حەسەنی، محەمەدی، ئیبراهیمی، قادری» کە سەرۆکایەتیی ئەم بەشە بە دەستی «عەزیزی»یەکانەوەیە. بەشی سەردەشت ناوەندیان «پاراستان» و «ڕەبەت»ە کە سەرۆکایەتیان بە دەست «کاکەڵلاغا» بووە. سوننی و شافیعی مەزەبن و کاریان ئاژەڵدارییە، بەڵام ئێستا زۆربەیان لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سەقز و سەردەشت نیشتەجێن ( کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦، ل٤٩)؛ (طوایف و عشایر کرد، ص٧٤-٧٥)؛ (wikipedia.). هەروەها: وتەکانی عومەرئاغا عەلیار.

*- تێبینی: ویلیام ئیگڵتۆن دەنووسێ ١٩٤٤ کە هەڵەیە.

١٤. ئەو خێڵە زۆرتر لە ئاوایی شاوەلەی موکریان ژیاون، ئێستاش هەندێکیان هەر لە وێ ماون. سەرۆکی (ڕەمک)ان، وەک بەیتێکی کۆن بۆمان باسدەکا، پیاوێک بووە بە ناوی کانەبی فەقێ وەیسە. ئەو پیاوە لە شەڕێکی ڕووبەڕوودا لەگەڵ ئەحمەدخان ناوێک لە ئاغاکانی مەراغە، هەر دوو بە دەستی یەکتر دەکوژرێن. گۆیا ئەو بەیتە، ژنێک دایناوە بە ناوی «خواز» کە خوشکی کانەبی بووە.

١٥. بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی خانەدانێکی ئەرستوقراتی گەورەیە و یەکێکە لە پێنج لکی خانەدانی «بابامیری» ، کە زەوی و دێیەکانیان دوو بەش لە سێ بەشی باشووری موکریان دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوانی شەقامی سەقز- میاندواو لە ڕۆژئاوا و ڕووباری جەغەتوو لە

ڕۆژهەڵات. ئەمانە لکێکی «بەگزادەی موکری»ن کە لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەمینەوە لەو وڵاتە حوکمیان دەکرد کە زۆر جار «موکریان»ی پێ دەوترێ و دەکەوێتە نێوانی سنووری عێراقی ئێستا لە ڕۆژئاوا، گۆمی ئورمێ لە باکوور و ڕووباری جەغەتوو لە ڕۆژهەڵات. (هۆزی فەیزوڵڵابەگی بانی بۆکان، ل٦٣-١٠٨).

فەیزوڵڵابەگ کوڕی گەورەی عەبدورەحمانبەگ، کە لە ساڵی ١٨٨٢ کۆچی دوایی کردووە، یازدە کوڕی بووە بە ناوگەلی: «عەبدورەحمانبەگ، عەزیزبەگ، کەیخەسرەوبەگ، محەمەدساڵحبەگ، گەنجالی سوڵتان، عەلیبەگ، شێربەگ، سەلیمبەگ، محەمەدحەسەن بەگ، ئەمانوڵڵابەگ، ڕەشیدخان» کە بەرەی ئەو یازدە کوڕە بە «فەیزوڵڵابەگی» ناویان ڕۆیشتووە.

١٦. عەشیرەتی دێبۆکری لە دوایین ساڵەکانی سەلتەنەتی نادرشای هەوشار و سەرەتای هاتنە سەر کاری کەریمخانی زەند، لە ئامێدی باکووری کوردستانەوە هاتوونە موکریان و حەشیمەتی ئێستایان پتر لە بیست هەزار کەسە. هەوەڵجار لە گوندی «بەیرەمۆ»ی نزیک «شاوەلە»ی «پیرانشار» نیشتەجێ بوون، پاشان بە یەکجاری هاتوونە گوندی «دێبۆکر» و هەر بەو بۆنەشەوە بە دێبۆکری نێو براون. بەر لە هاتنیان، لە ئامێد بە عەشیرەتی قارەمانی ناسراون، ئێستاش یەکێک لە تیرەکانی دێبۆکری لە ناوچەی موکریان، ئەو ناوەیان وەکی شۆرەتی بنەماڵە هەر لە سەر ماوە. دێبۆکرییەکان، گەورەترین و دەوڵەمەندترین خێڵی موکریانن. لە سەردەمی هاتنیان بۆ ناوچەی موکریان، سەرۆکایەتی عەشیرەکە، بە دەست «بەیرەمئاغا»وە بووە. گڵکۆی بەیرەمئاغا لە گۆڕستانی «پیروبایز»ی باشووری ڕۆژئاوای مەهاباد، بە وارشێک نیشانەکراوە و ئێستا ماوە. ئەو گۆڕستانە دەکەوێتە نێوان دوو گوندی دێبۆکر و قازیئاوا. ئێڵی دێبۆکری پێنج تایفەن، کە بریتین لە تایفەگەلی: (مارفئاغا، حەمەدئاغا، هەباسئاغا، سلەمانئاغا، شێخئاغا).

١٧. بەگزادە (واتا: کوڕی بەگ)، ناوی کۆمەڵێکی گەورەی کوردە کە

له باکووری ڕۆژئـاوای ئێران دەژیـن و لە بـەرەی نەجیبزادە و دەسەڵاتدارانن. بەگزادەکانی هەورامان بنەچەی خۆیان دەبەنەوە سەر «تەهموورس»ی پادشای ئەفسانەیی، بەڵام بەگزادەکانی جاف بە چەند پشت دەچنەوە سەر «زایربەگ» و یەکەم بەرەی دەسەڵاتدارانی جاف پێکدێنن. لە تەرگەوەڕی ورمێش بەرەیەکی تری بەگزادە دەژین کە خاوەن ٢٥ ئاوایین و بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن (دایرەالمعارف اسلامی، ج١٢). بەگزادەی بەرباسی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ، «بەگزادەی موکری»ن کە دەوری هەزاروپێنسەد ماڵ و لە بەرەی «بوداغ سوڵتان»ی موکرین. لە نێوانی سابڵاغ و سەقزدا نیشتەجێن و زۆربەی ئاغاکانیان باسەوادن و ئەهلی شیعر و ئەدەب و مۆسیقان. کاری زۆربەی خەڵکەکە کشتوکاڵە و داهاتی ناوچەکەیان بەناوبانگە. ئۆژێن ئۆبێن دەڵێ: «دەچنەوە سەر پیربوداغی کوڕی شێرخانی حاکمی سابڵاغ. دانیشتووی چیان، بەڵام ئەو تایفەی لە شار نیشتەجێن بە «خانزادە» ناوبانگیان هەیە. Vichevskij لە وتارەکەی کە ساڵی ١٩٥٨ بە ڕووسی لە مۆسکۆ بڵاوی کردەوە، دەڵێ: گۆیا بەگزادەی موکری لە سەرەتادا داروەستەی شەڕکەری خێڵی موکری بوون (هۆزی فەیزوڵڵابەگی بانی بۆکان، ل٧٠). لە شەجەرەیەکی دەستنووسدا، حەسەنی سەڵاح بنەچەکەی بەگزادەکان لە میرسەیفەدینی موکری و فەقێ ئەحمەدی دارشمانە و کاکەمیرەوە دەباتەوە سەر «بوداغبەگ» ناو کە ئەویش لە زمان سی. جی. ئەدمۆنسەوە دەباتەوە سەر سەڵاحەدینی ئەیووبی.

١٨. لە شنۆ و ئاواییەکانی دەوروبـەری دەژیـن و حەوت تیرەن کە سەرجەم دەوری ٣٠٠ بنەماڵە پێکدێنن. هەواریان کوێستانەکانی سنووری ئێران و عێراق و کێلەشینە. سەرۆکی ئەم عەشیرەیە، مووساخانی زەرزا لە ڕووداوەکـانـی ناوچەدا هەمیشە دەوری بەرچاوی بینیوە. ویلیام ئیگلتۆن لەمبارەوە دەڵێ: «لە باشووری دەشتی مەرگەوەڕ و سەر کوێستانی زەردەکۆی بەرەو دەشتی شنۆیە، لەو جێگایەی کە سوارە و پیادە بەرەو ڕێگای کێلەشین بۆ نێو خاکی عێراق یەک دەگرنەوە، هۆزی زەرزا دەژین کە لە

ڕوانگەی زمان و کەلەپوورەوە چەندین سەدەیە بوونە هێڵی نێوان کوردستانی باکوور و باشوور. حاجی مووسا، سەرۆکی چوار هەزار زەرزا، پیاوێکی باریکەڵەی وریایە (کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ١٩٤٦، ل٤٧).

١٩. جگە لە «میرزا مەحموودخانی ئیحتیشاموسسەلتەنە» زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە کتێب و بەڵگەنامەکانی سەردەمی قاجاردا ئاماژەیان بە ڕووداوی مەرگی «هەمزە میرزای حیشمەتوددەولە» کردووە، ڕاستیی ڕووداوەکەیان شاردووەتەوە و تەنیا لە ڕستەیەکدا نووسیویانە: «حمزەمیرزا در بین راه مریض شده به رحمت ایزدی پیوست.» واتە: هەمزەمیرزا لە بەینی ڕێگادا نەخۆش کەوت و بە ڕەحمەتی خوا چوو.

٢٠. قەڵای سمایلئاغا یەکێک لە ئاواییەکانی محاڵی «نازلوو»ی ورمێیە و کەوتووەتە هەژدە کیلۆمەتریی ڕۆژئاوای ورمێ.٨٩٧ کەسی حەشیمەتە و بریتییە لە ١٤٠ ماڵ (Wikipedia). محاڵی نازلوو سەرجەم ١٤٧ ئاواییە. ناوی ئەم گوندە، لە ناوی «سمایلئاغای عەبدوی شکاک»ی باپیرەگەورەی سمایلئاغای سمکۆ وەرگیراوە، کە لە سەرەتای حکوومەتی قاجارەکاندا ژیاوە و سەرۆکی عەشیرەتی شکاک بووە (تاریخ مشاهیر، ج٣، ص٤٨٥). بینای قەڵای ئەو گوندە لە سەر کێوێکی بەرز هەڵکەوتووە و دوو سەردەمی جیاواز دەگرێتەوە. سەردەمی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین و شوێنەواری ئورارتوویی تێدا دۆزراوەتەوە، سەردەمی دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و پێوەندی هەیە بە مێژووی دەسەڵاتدارێتیی سمایلئاغای عەبدوی لە سەرەتای حکوومەتی قاجاردا. (vefagh)

٢١. گوندی باراندێز، لە محاڵی «باراندێز» هەڵکەوتووە کە ئەو محاڵە سەرجەم ١٠٥ ئاواییە و کەوتووەتە باشووری شاری ورمێ. بە پێی سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٧، ٨٣٤ کەسی حەشیمەتە.

٢٢. سیر، یەکێک لە ئاواییەکانی محاڵی «حەومە»ی ورمێیە. ئەو محاڵە سەرجەم ٣٢ گوندە و لە ڕۆژهەڵات و باشووری ورمێ هەڵکەوتووە.

زۆربەی دانیشتووانی ئەو گوندە مەسیحین. کلیسای «مار سرگیز» کە مێژووی ١٧٠٠ ساڵەی هەیە و بەرزایی ٧ میترە، لە داوێنی کێوی سیر هەڵکەوتووە.

٢٣. تاریخی ئەفشار دەڵێ: لەم وەختەدا شێخ دوازدە هەزار کەسی لەگەڵ بوو (ل ٥٣٤) و بە گەیشتنی شێخ محەمەدئەمین و خەلیفە سەعید، سەرجەم بوونە سی هەزار کەس (ل ٥٣٦).

٢٤. گجین، یەکێک لە ئاوایییەکانی محاڵی «ڕەوزە چای»یە و لە شەش کیلۆمەتریی شاری ورمێ هەڵکەوتووە. بە پێی سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٧ حەشیمەتی ١٧٠٣ کەسە. دانیشتووانی ئەم گوندە «کوێرە سوننی» واتە تورکی سوننی مەزەبن و لە سەر ڕێڕەوی ئیمامی شافیعین (http://gajen.Blogfa.com)

٢٥. عەسکەرئاباد، یەکێک لە ئاوایییەکانی محاڵی «نازلوو»ی ورمێیە.

٢٦. مستەفاقوڵیخانی قەراگوزلووی هەمەدانی، سەرۆکی قشوونی ئازەربایجان، کە لە نیوەی یەکەمی شەوالی ١٢٩٨(سەرەتاکانی سپتامبری ١٨٨١) لە ورمێ کۆچی دوایی کرد.

٢٧. شاسەوەن «شاهسەوەن» ، وشەیەکی ترکییە، بە مانای شادۆست. لە سەردەمی سەفەوییەدا بە کەسانێک دەگوترا کە پشتیووانی شا بوون، هەروەها لە سەردەمی شاعەباسدا ناوی سەربازانی تایبەتیی شا بوو. ئێستا ناوی عەشیرەتێکی گەورەی ئێرانە کە لە تەورێز و ئەردەوێڵ و قەزوێندا نیشتەجێن (فرهنگ عمید). مێژووی ئەم عەشیرەتە لە ئێراندا دەگەڕێتەوە ئاخروئۆخری سەدەی ١٦ی زایینی، کە بە سەرۆکایەتیی «یون سوور پاشا» لە ژێر زوڵم و زۆری عوسمانی کۆچیان کرد و هاتنە ئێران. شاعەبباس خۆیانی کردە سەرپشک تا لە هەر شوێنێکی پێیان باشە نیشتەجێ بن. ئەوان «دەشتی موغان»یان هەڵبژارد کە دەشتایییەکی نزمی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانە و ئێستاش ناوەندی ئەم عەشیرەتەیە (wikipedia).

٢٨. کارگێڕی حکوومەتی بووە، لە شاری سابڵاغ. لە ناو خەڵکدا بە «ئەسکەندەرە شەلە» ناوبراوە. عەبدوڵڵا مەردوخ لە پێشەکیی کتێبی «قیام شیخ عبیدالله شمزینی در کردستان»دا لەم بابەتەوە

دەنووسێ: «هەوڵی من بۆ وەدەست هێنانی سەربردەیەکی نووسەر واتە ئەسکەندەری غوریانس بێ ئاکام مایەوە. تەنیا سەرچاوەیەکی بە کورتی باسی کردووە کتێبی «زندگانی عباس‌میرزا ملکارا»یە کە دەڵێ: ئەسکەندەری غوریانس هەرمەنییەکی خەڵکی ڕووس و دانیشتووی سابڵاغ بووە و ڕووداوی شۆڕشی شێخ عوبەیدیڵڵای نووسیوەتەوە. ئەسکەندەری غوریانس بە ڕوانگەیەکی سەر بە حکوومەتی قاجار و دژ بە کورد ئەم نامیلکەیەی نووسیوە و گەلێک جار بێ‌لایەنی بەزاندووە و یەک‌لایەنە و قینەون باسی ڕووداوەکەی کردووە (قیام شیخ عبیدالله شمزینی در کردستان، صص١١-١٢)».

بەڵام میرزا مەحموودخانی ئیحتیشامولسەلتەنە، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لەم بارەوە هەندێ زانیاری پتر دەدا و دەڵێ: «ئارشاک‌خانی کوریانس (موئەددەبولسوڵتان) یەکێک لە دەورگێڕانی ڕەمزاویی دواییەکانی سەڵتەنەتی ناسرەددین‌شا و سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی موزەففەرەددین‌شایە لە ئێراندا. خەڵکی عوسمانییە و لەگەڵ دوو برای خۆی هاتووەتە ئێران. لە تەورێز و تاران خۆی لە دامودەزگای موزەففەرەددین‌شا نزیک کردەوە و بوو بە ڕازداری و لەم ڕێیەدا بوو بە سەرچاوەی خەیانەتی زۆر. براگەوەکەی بە ناوی ئەلەکساندر لە ئێران دەستی کرد بە نزوول‌خۆری، موڵک‌وماشی خەڵکی دەسەند و لە گرێوی دەخست. لە سابڵاغ ماڵ و داراییەکی زۆری پێکەوەنا و بە پشت‌قایمیی سفارەتی عوسمانی پشووی خەڵکی بڕی. شەوێک لە تاران کۆمەڵێک بە سەریان دادا و بە توندی بریندار‌یان کرد. حەکیمان دەستیان لێ شوشت، بەڵام کفنی دڕی و دوای ماوەیەک هەڵەسوونەی هێنایەوە. ئێستا و ئێستاش لێدەرەکانی نەناسران. ئارشاک‌خان کە برای نێونجی بوو، لە تاران شاگرد خەرازی بوو... بە هۆی سەروبیجم و دەمودووی ڕیک‌وپێک لە سەردەمی موزەففەرەددین‌شادا لە دەربار نزیک بوویەوە... و لەگەڵ دەست‌وپێوەندەکانی شادا دۆستایەتی و کەین‌وبەینی ساز کرد. بە هۆی خێزانییەوە کە خەڵکی تەورێز بوو و نێوبانگی جوانی و ڕووئاوەڵایی ڕۆیشتبوو، خۆی گەیاندە پلەیەک

که نه تەنیا هیچ پرس و کێشەیەکی گرینگی حکوومەتی لێ شاراوە نەبوو، بەڵکو یەکەم کەس بوو کە ئاگاداری ڕووداوە نهێنییەکانی دەوڵەت دەبوو. بەم نفووز و دەسەڵاتەوە براکانی دامەزراند... ئارشاک بە هۆی وریایی و زیرەکی بوو بە ئارشاکخان، پاشان بوو بە سەرتیپ و لە دواییدا بوو بە ئاجودانی حوزوور و نازناوی موئەددەبولسولتانی پێ بەخشرا. یەکێک لە خەیانەتەکانی ئەوە بوو کە دانە دانە کتێبە دەستنووسە نایابەکانی پەرتووکخانەی سەلتەنەتی دەدزی و لە ئورووپا و ئەمریکا بەلاش دەیفرۆشت... ماوەیەکە لە ویەن دەژی. کۆشکێکی گرانبایی کڕیوە و خۆی تێخزاندووە و ناوێرێ بگەڕێتەوە ئێران (خاطرات احتشام‌السلطنه، صص٤٢٣-٤٢٥)».

٢٩. حەسەنعەلیخانی گەڕووسی، ناسراو بە ئەمیرنیزام، لە ساڵی ١٢٣٦- ١٢٣٧ی کۆچی مانگی(٢١-١٨٢٠ی ز)، لە بیجاڕی سەر بە گەڕووس پێی نایە دنیا. باوکی، واتە محەمەدسادقخان لە سەرۆکانی ئێڵی کەبوودوەند، ساڵەهای ساڵ حاکم و دەسەڵاتداری گەڕووس بوو و باپیری، واتە نەجەفقولیخان لە سەردەمی فەتحعەلیشادا حاکمی ئەردەوێڵ و بەگلەربەگی تەورێز و هەروەها لە خولی هەوەڵی شەڕەکانی ئێران و ڕووس(ساڵی ١٢٢٤ ی کۆچی مانگی ڕێکەوتی ١٨٠٨ی زایینی)، یەکێک لە سەرکردەکانی سپای عەباس‌میرزای نایبولسەلتەنە بووە. پلەکانی خزمەت و کاروباری وی بە ڕیز ئەمانەن: لە ساڵی ١٨٣٧، یانی لە تەمەنی حەڤدە ساڵی بە ڕوتبەی سەرهەنگی چووە ناو ڕیزی فەوجی گەڕووس و لەگەڵ سپای محەمەدشای قاجار لە گەمارۆدانی شاری «هەرات»ی ئەفغانستاندا بەشداری کرد. لە گەڕانەوە لەم سەفەرەدا بووبە سەرۆکی قەرەوڵەکانی «ئەرک»ی تەورێز و پاشی بوو بە سنووربداری کرماشان. لە ساڵی ١٨٤٤ کە ڕێکەوت بوو لەگەڵ کۆچی دوایی باوکی، بانگ کرایە تاران و ماوەی چوار ساڵ لەو شارەدا بێکار و بێکەس لە دەستەنگیدا ژیا و ئەوە لە ڕاستیدا چەشنە تەریکییەک بوو. ساڵی ١٨٤٩، هاوشان لەگەڵ سپا

و سەرۆکەکانی ئەرتەشی پادشا، کە بە فەرمانی میرزا تەقیخان بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشی «حەسەنخانی سالار» دەچوون کە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لە شا هەڵگەڕابۆوە، لە خزمەتی «سوڵتان مرادمیرزا» دا ڕەوانەی مەشهەد بوو، بە پاداشی لە ناو بردنی شۆڕشی سالار، بە پلەی سەرتیپی گەیشت. ساڵی ١٨٨٠ ئەمیرتومان حەسەنعەلیخانی گەڕووسی بە عینوانی یەکێک لە فەرماندەکانی سپای «هەمزەمیرزای حیشمەتوددەولە» بوو بە مەئمووری سەرکوت کردنی شۆڕشی شێخ عوبەیدیڵلا. حەسەنعەلیخان لە ساڵی ١٨٨١ بوو بە حاکمی ساوجبڵاغی موکری (مەهابادی ئێستا) و شاهیندژ و گەڕووس. دوای ماوەیەک حکوومەتی ورمێ و خۆ و سەلماسیشی هاتە سەر. لە هەوەڵەکانی مانگی مەی ساڵی ١٨٩٩ بۆ حکوومەتی کرمان بەرێ کرایە ئەو مەڵبەندە. هەشت مانگ پاشان، لە پێنجەمی ڕەمەزانی ١٣١٧ ڕێکەوتی ٧ی ژانویەی ١٩٠٠، هەر لە وێ کۆچی دوایی کرد و لە شوێنێکی کە لە ڕۆژی هەوەڵی هاتنی خۆی بۆ کرمان، خەریک بوو بۆ ڕۆژی مردنی خۆی ئامادەی دەکرد، نێژرا (ئەمیرنیزامی گەڕووسی، ل٩-١٣).

٣٠. گۆڤاری یادگار دەنووسێ: «شیخ در بیست و یکم ذیحجه ١٢٩٧ [٢٥ نوامبر ١٨٨٠] از راه مرگور به خاک عثمانی گریخت.» واتە: شێخ لە بیستویەکەمی زیحەججەی ١٢٩٧[٢٥ی نوامبەری ١٨٨٠] لە ڕێگەی مەرگەوەڕەوە ڕایکردە وڵاتی عوسمانی (دوره مجله یادگار، ص١٤).

٣١. محەمەدڕەحیمخانی عەلائوددەولە -ئەمیرنیزام، بەرپرسی حکوومەتی ئازەربایجان، باوکی میرزا مەحموودخانی ئیحتیشاموسسەلتەنەی حاکمی کوردستان.

٣٢. کوڕی میرزا ئەحمەد، کوڕی میرزا قاسم، کوڕی میرزا مەحموودی خۆشنوویسی ساوجبڵاغی. میرزا قاسم قازی سێ کوڕی بووە: سەیفولقوزات(باوکی حەمەحوسێنخانی سەیفی قازی)، قازی عەلی(باوکی پێشەوا قازی محەمەد) و قازی عەسکەر.

٣٣. «...و تا دو روز دیگر حسن آقای خواهرزاده قادرآقا را با میرزا

ابوالقاسم قاضی سردشت می‌فرستم که با حمزه‌آقا در یک جایی قرار ملاقات بدهند و از در اطمینان و استمالت او براکیند. حاصل ملاقات و دیدار را هرچه باشد معجلاً عرض می‌نمایم...» واتە: «...و تا دوو ڕۆژی تر حەسەنئاغای خوارزای قادرئاغا لەگەڵ میرزا ئەبولقاسمی قازی دەنێرمە سەردەشت تا لە شوێنێک چاویان بە هەمزاغا بکەوێ و متمانەی بدەنێ و دڵنەوایی بکەن. بەرهەمی چاوپێکەوتنەکە هەرچی بێ بە زوویی ڕایدەگەیەنم... (گزارش‌ها و نامەهای دیوانی، ص٢٢٢)».

٣٤. لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتیدا، مەبەست لە کوردستان، تەنیا مەڵبەندی ئەردەڵانە کە ناوەندەکەی شاری سنەیە.

٣٥. بە وتەی بەیتبێژ، هەمزاغا لەم سەفەرەیدا ٧٠٠ سواری لەگەڵ بووە. لە ڕاپۆرتەکانی حکوومەتیدا ئاماژە بە ٢٠٠ سوار کراوە (مجله یادگار، ص١٧). هەروەها حاجی سەیاح لەم بەشەی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکا کە حەسەنعەلیخان باوکی خۆی کوشتووە؛ لەم بابەتەوە جگە لە حاجی سەیاح، هەندێ سەرچاوەی مێژوویی تریش باسی ئەوە دەکەن کە گۆیا « محەمەدسادقخان»ی باوکی ئەمیرنیزام بە دەستی کوڕەکەی کوژراوە. (بڕ: شرح حال رجال ایران، ص٣٥٩)

٣٦. هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد، پشت پادگانی ئێستا.

٣٧. ئەو باغە ئێستا نەماوە. لە جێگای چوارڕێی مەولەوی‌ڕا هەتا پشت مەیدانی حەیوانانی ئێستای شاری مەهاباد کە بە باغی شایگان ناودەبرێ و لە «پشتتەپ» نزیک دەبێتەوە، هەڵکەوتبوو. ئەو باغە و گوندی پشتتەپی ئەو سەردەم، کە ئێستا گەڕەکێکی شاری مەهابادن، موڵکی خانەقای شێخی بورهان بوون.

٣٨. زاراوەی سەربازییە و لە سەردەمی قاجاردا بریتی بووە لە پێنسەد سەرباز.(جهانگیر قائم مقامی، تاریخ تحولات سیاسی نظام ایران: از آغاز قرن یازدهم هجری تا سال ١٣٠١ هجری شمسی، تهران ١٣٢٦ ش)

٣٩. بەڵام حاجی سەیاح لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: «هەموو کوژراوەکان هەر لە هەمان شوێن نێژران. ص٢٥٧» هەروەها تاریخ افشار دەڵێ: «وەزیر سەری هەمزاغای بڕی و ناردیە ورمێ بۆ خزمەت عەلائوددەولە، ئەویش دەستووری دا سەرەکە بە نێزەوە بکەن و لە شاردا بیگێڕن (رسالە شورش شیخ عبیداللە، ل٥٧٢)».

٤٠. ایران و قضیە ایران، جرج. ن. کرزن، ترجمە وحید مازندرانی. حاجی سەیاح، کە لە شەعبانی ١٢٩٩ی کۆچی/ مایسی ١٨٨٢، هاتووەتە سابڵاغ، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ: «سۆراغی وەزیری فەواید «ئەمیرنیزام»م گرت، گوتیان «خوسرەو خان»ی برای بە ئەمانەت لە جێی خۆی داناوە و ڕۆیشتووەتە ورمێ لای عەلائوددەولە، چونکە گۆیا شێخ عوبەیدیڵڵا دیسان هاتۆتەوە بۆ لای سنوور (خاطرات حاج سیاح، ص٢٥٥)». بێگومان، هاتنەوە لای سنووری شێخ لە ساڵی ١٨٨٢دا، دەکەوێتە دوای ڕاکردنی ئەو لە زیندان.

## دەقی بەیتی هەمزاغای مەنگوڕ

(١)خالق هەر ئەتۆی لە سەر
ڕەببی هەر ئەتۆی لە سەر
چی تۆ پێت بێ ئیرادە
ڕانابرن هیچ موقەددەر[1]
(٢) سێ موقەدەرن بە سەر دێن
مردن و گوشتن و گرانی
لە موکوریان دوو حێل بوون
بەگزادە و قارەمانی[2]
یەکێک بوو لە بەگزادان
حەیفێ بۆ عەلیخانی
بانگی خانبابای بکەن
لە [ئە]حمەدبەگی وەگێڕن
قادراغا[3] پێ بزانی
ئەو مودەبیرێکی چاکە
گەورەی دێبۆکریانی
کاغەزێکن[4] بۆ بنووسێ
خزمەت پادشای ئێرانی
حاکمێکن بۆ بەڕێ کا
چاک بێ، پێ بە هەرزانی
(٣)پادشا تەگبیری دەکرد
شازادێکی[5] بانگ دەکرد
زۆر چاکی نسحەت دەکرد
بەو دەیارە و زەمزەمە
بۆ سابڵاغێی بەڕێ کرد
(٤)دە برۆ و ڕامەمێنە
خەڵکی تەفرەقە مەکە

مەخلووقی مەتۆقێنە
دە سەر ئاغاوەتان کە
حەمباراتان بشکێنە
بەو قەتار و بە باران
لە بۆ سابڵاغێی بێنە
(٥)حاکم هات و وای نەکرد
دەس بە بێ نامووسی کرد
پیاوێکی وسێنئاغای گرت
ئەو بێ سووچ لووتی کون کرد
وسێنئاغا مودەبیر بوو
زۆر چاکی خزمەت دەکرد
کە چۆوە بۆ ماڵە خۆی
لە حەیفی ئەو قسەی دەمرد
لە ئاغاوەتان بوو غوڵوو
ڕا و بیڕایان دەکرد
گەر ئەمە هەمزاغای نەگرین
ئەو وەڵاتی خەرا کرد
(٦)هەمزە مەردی کارخانێ[٦]
هیچ بەو کارەی نازانێ
بە خۆ و بە قلیانداری
دەهات لە بۆ دیوانێ
لە خواجا بێداریان[٧] دا
حاکم چۆ باڵەخانێ
خڕەی زنجیران دەهات
فەڕاش[٨] گەینە پێشخانێ
کاک هەمزە تۆ ماچی کە
موقەسسیری دیوانێ
دە لاقت دەکەم کۆتێ[٩]
دە ملت دەکەم زەولانێ[١٠]

لێرەشت لێ ناگەڕێم
دەتنێرم بۆ تارانێ
لەو هەمزاغای جووت غیرەت
دەستی برد بۆ خەنجەرێ
هەڵدەکێشێ دەبانێ[11]
بە زەبرینگان[12] لێی دەدان
زیڕەی برد بۆ عاسمانێ
(٧)تەقە تەقی مارتینان[13]
لە بڵەسەی[14] دە شەشخانان[15]
چرپان چرپان پەیدا بوو
لە کووچە و لە داڵانان
(٨)هەمزاغا دەنەڕێنێ
دە تفەنگم لە بۆ بێنن
دە زرێ[16] و دەمەرقۆپانێ[17]
دە ئەسپم لە بۆ بێنن
مەتاڵ و حەیزەرانێ[18]
بە گەل وەدەر دەکەوتن
کادەروێشی[19] کوێستانێ
دەچوون بۆ باغی قیبلەی[20]
لەوێ دەدران لە سانێ
هەمزاغا ئاوڕی داوە
حەمەد و سڵەمان کوانێ؟
حەیفێ لە بۆ حەمەدی
کوژراوە مەردی مەیدانێ
سێ تەلاقەی فڕێ دەدان
بە سێ جزمەی قوڕعانێ[21]
لێرەشی لێناگەڕێم
دەیماڵم تا تارانێ
کۆنە خوێنم وەبیر دێن

وێ ساڵێ سەر بڕانێ[22]
دەبێ بچمە نەهیریەی[23]
بە سەنەد شێخی بێنم
لە بۆ عەجەم قڕانێ
(٩)ئەو دەمەی دەچۆ نەهرەی[24]
دەگەڵ وەردووی شێخی هات
ئەو دەمەی شنۆی دەگرت
(١٠)لە مامەشان بوو غوڵوو
ڕا و بێڕایان دەکرد
حەمەدئاغا سوار دەبوو
دەهات لە بۆ سابڵاغێ
پرسی بە حاکمی دەکرد
(١١)ماشەڵڵا چەن[د] نادرم
بە تیپ و بە لەشکرم
پیاوێکی ساحەب نێوم
بەبێ ئەجەل نامرم
دەستم دەگەڵ بدەنێ
ئەز ڕێیەی لێ دەگرم
(١٢)مەجلیسی وا هەڵدایە
بەگزادە و قارەمانی
گەر ئەمە لەشکری پکەین
وەک دەوری نۆشیروانی
دەڵێن شێخی دەگەڵە
پاک تەڵاقن دەکەوی
دەمرین بە بێئیمانی
(١٣)حەمەدئاغا سوار دەبوو
قەرەپەپاغی[25] گاز کرد
دەگەڵ وەردووی شێخی هات
تاجران خۆیان خەڵاس کرد

(١٤)له هه‌مووی هه‌ڵات هه‌ڵات
وه‌خرِ بۆ هه‌زار مله‌ت
«خرناڵ» ه به‌یتی ده‌كات
ئه‌گه‌ر حاكم وایزانی
هیچ كه‌س له سه‌ری ناكات
ده‌سبه‌جێ حاكم هه‌ڵات
(١٥)با بده‌ین ده‌نگی له‌شكری
ده با بێن ڕه‌مک و پیران
زه‌رزه بێن به نادری
مه‌نگورِ و مامه‌ش و پیران
گه‌ورک بێنه له‌شكری
حێلی فه‌یزوڵلابه‌گی
به‌گزاده و دێبۆكری
ئه‌وها ده‌ڵێ كاک هه‌مزه
پاک كاغه‌زم بده‌نێ
سه‌به‌ب به سبحه‌ی ڕۆژێ
كه‌س خه‌تای كه‌س نه‌گری
شێخ داوای موڵكی ده‌كا
تا ته‌ورێزێ ده‌گری
(١٦)تا ته‌ورێزێم ئی وییه
یێكێک وا له شارییه
ئه‌و برای تاجرباشییه
حوجره‌ی نه‌كرد خۆڕاییه‌یه
ده‌ڵێ ئه‌و ئاڵایه‌ی به شێخییه
سابڵاغیان دروست كردییه
(١٧)له لرفه‌لرفی ئاڵایه
ته‌ماحه ماڵی دنیایه
زۆر بترسین له دوایه
پێن وه‌گێڕن ئه‌و قه‌زایه

(١٨)هەمزاغا سوار دەبوو
دە نۆکەران دەفکری
دە کوڕە بدەن لە تەپڵی
دەگەڵ سبحەینێ تاو دەنگوت
دەورەی میاندواوێ دەگری
(١٩)هەمزاغا دەنەڕێنی
سەلیمخانی چارداوڕوو
وەک پۆڕێ[٢٦] دەچریکێنی
دەگەڵ تفەنگی دەیهاویشت
لە خاڵی شێخی دەدا
لە زینی دەترازێنی
وەک جەلاب دەبڕێ سەری
وەک هەڵۆی دەڕفێنی
(٢٠)فەسڵێکی[٢٧] وا قەڵماوە[٢٨]
هەندێک لە پیاوی شێخی
«کاڵەموونی» [٢٩] یان ناوە
جوابیان دێنا بۆ شێخی؛
یا شێخ خاڵت گوژراوە
(٢١)شێخ ئەوە گوێی خۆی لێیە
پیاوێکی خوێندەوارە
هەم مەلایە و فەقێیە
دە بڕۆن لەو قسەی گەڕێن
چ بکەم کاری خودێیە
دە بڕۆن، ڕەدوای کەون
بزانن مەنزڵی لە کوێیە
ئاوری بەردەنە شاری
بێت بە ڕۆژی حەشرێیە
(٢٢)تەقە تەقی مارتینان
لە بڵەسەی دە شەشخانان

چرپان چرپان پەیدا بوو
لە کووچە و لە دالآنان
منداڵ و خێزان قووڕین[٣٠]
دەپەڕینە سەربانان
چەندیان عەجەم دەکوشتن
لە سەر باغ و بێستانان
دە دەرێنن کلیلان
دە بشکێنن دوکانان
ئەتڵەس و کیمخوا[٣١] و خارا[٣٢]
بۆ گاوان و شوانان
(٢٣)بۆ گاوان و شوانی
لەو حەمەدئاغای مامەش
چەند پیاوێکی زۆرزانی
دەگەڵ عەجەمان یێکە
بە مەنگوڕان غەیانی
لای بناوێی لێدەگرتن
بەری بەرەڵڵا کردن
خڵاسی کردن کرمانی[٣٣]
میاندواویش تالآن دەکرا
دەگەڵ بەری بەیانی
(٢٤)ئەو تالآن و ماڵی هات
پاکی تاقەت کراوە
یێکێک لە دێبۆکریان
مینەی قادراغای[٣٤] ناوە
لە بنەبنەی سەهەندی
تالآن و ماڵ گێڕاوە
بەوەش ڕازی نەدەبوو
بەو حەڕابەی کێشاوە
نایب و مودەبیران

لەتیلگرافیان داوە
سەلام لە شای ئێرانێ
خەراپن لێ قەڵماوە
ئەو ڕەژیفرۆشی گەورکی
پاکی هاتۆ لەو لاوە
ئەو سەردەشتی وا دیوتە
ماڵ بە ماڵی سووتاوە
ئەو حەجەمی میاندواوێ
بە سێک بەریش[٣٥] نەماوە
(٢٥)شا دەڵێ: ئهوا[٣٦] ناکەم
بە قسەی [ئە]نگۆ بڕوا ناکەم
وڵاتی خۆم خەرا ناکەم
(٢٦)لەو شێخەکەی چاو مەستە
سبحەینێ لە خەو هەستا
(٢٧)لەو شێخەکەی دە چاو مەست
کە تفەنگی گرتپوو بە دەست
بانگی هەمزەی کرد لە قەست
(٢٨)هەمزە بڵیند بوو لە ناوێ
لە بریقەی زریە و قەتڵاوێ[٣٧]
ئەو چەل دەچمە سەر بناوێ
(٢٩)هەمزاغا سوار دەبوو
سوارەی برازای کەوتە دوو
(٣٠)هەمزە دەڵێ برازا
دەمانچەی پشتێم سازە
لێیدە ڕاوە بەرازە
(٣١)هەمزاغا خۆ دەخێوی
سەرتاپا خۆی دەبزێوی
ڕمبی لێکردوون بە گەز
خارا و کیمخوای دەپێوی.

[ئەمجار بەیتبێژ بە قسە دەیگێڕێتەوە]: دەڵێ هەمزاغا گەڕاوە لە بناویڕا، هاتەوە لەو وڵاتەی خۆی نەگرت. ڕۆیی بۆ سەرهەدی تورکیەی. لەوێ چوو بوو دە خاکی تورکییەیەوە. پادشای تورکییەی بە غەیانی زانی، گرتی. دەڵێ حەوت ساڵان لە ئەستەمبووڵێ گیرا. لە پاشان، پاشی حەوت ساڵەی، پادشای تورکییەی بەریدا. هاتەوە بۆ سەرهەدی ئێرانێ. ئەگەر هاتەوە بۆ سەرهەدی ئێرانێ، شا، وەزیرێکی لەو سابڵاغەی دادەنێ، پێی دەڵێن وەزیرە چرچە[٣٨]. دەنێرێ لە دوای، دەڵێ: بۆخۆی بێ، شا خەڵاتی دەکات و ئەمن سوێندی بۆ دەخۆم ئەگەر شا هیچی پێناڵێت و دەگەڵ شای ڕێک کەوێتەوە و ئەمین بێتەوە لە وڵاتی.

جا دەڵێ: هەمزاغا بە خۆی و بە حەوسەت کەسێوە هات لە حەلیاباتێ ئەو لەشکرەی لەوێ بەجێ هێشت و هاتە خوار. وەزیرەچرچەش لەکن باغی شێخی،[٣٩] لە سەر ئەو کەرێزەی کە لێی بوو، لەوێ خێوەتی هەڵدەدا؛ خێوەتێکی زۆر گەورە. دەوری خێوەتێ هەموو دەکاتە مردەزیندە.[٤٠] چەند سەرهەنگ و یاوەر و گەورە گەورەش لەوێ دە خێوەتێدا دادەنیشن. دەڵێ: هەمزاغاش بە خۆی و بە چوار کادەروێشیانەوە و چوار نۆکەرانەوە لە سەرڕا دێتە خوارێ. دەگاتە پشت باغی شێخی. تووشی گاڕانێ دەبێ. گاوانەکە دەڵێ: ئەرێ ئەتۆی هەمزاغا؟ دەڵێ: بەڵێ، ئەمن هەمزاغام. پێی دەڵێ: وەڵڵاهی هەمزاغا، وەرە بە خاتری خولای مەچۆ؛ کوڕە وەڵڵاهی دەتکوژن! جوابی ناداتەوە، دەڕوا. لە پاشان پیرێژنێک بە دوای گاڕانێدا دێ؛ ئەویش دەڵێ: ئەگەر ئەتۆ هەمزاغای، وەرە پیاوی چا بە بگەڕێوە! بە خولای دەتکوژن!! هەمزاغا بە کاکەڵڵای برای دەڵێ: وەڵڵاهی کاکەڵڵا، ئەمن قسەی ئەو پیرێژنەی و ئەو گاوانەم لە دڵی چەسپیدە بۆ. وەڵڵاهی دەگەڕێمەوە، دەچمەوە سەرهەدی، هەر هەزل[٤١]و گیای وڵاتی دەخۆم، چ کارم بە دەوڵەتێ نێ. دەڵێ: کاکەڵڵا کوتی: کوڕە ئەتۆ بە قسەی چ باوەڕێ دەکەی؟ وەڵڵاهی هەر دەچم. سوار بوون لە سەرڕا هاتنە خوارێ، گەیشتنە دەرکی خێوەتێ، دابەزین، هەر چوار کادەروێشێکان چوون دە خێوەتێدا دانیشتن، دەگەڵ وەزیر و دەگەڵ ئەو گەورە گەورانە. نۆکەرەکانیش لە دەرکێ وڵاغیان بە چەنگەوە ڕاوەستان. دەڵێ: هەمزاغا فکری لێ پەیدا بوو. دەگەڵ وەزیرە چرچەی هەر قسەی دەکردن، وەزیر

قورِحانێکی چکۆڵەی بە دەستەوە بوو، چۆلەکێکیشی دە باغەڵی نابوو؛ دەیکوت: هەمزاغا! هەتاکوونێ ئەو سەرە بەو بەدەنەیەوە بێ، ئەتۆ هیچت پێ ناکوترێ، بەو قورِحانەی.

دەڵێ: دەو قسانەدا بوو، وەزیر دەستی دا ئافتاوەی و هاتە دەرێ. هەمزاغا شکی لێ پەیدا بوو. بە نۆکەرەکەی خۆی کوت: ئەو کاڵە شەمامەبەندیانە[٤٢] سووکن؛ وەمنیان بدە، ئەتۆ ئەو کەوش و گۆریانەی من دە پێ کە. دەڵێ: لینگێکی بۆ داکەند، دە پێی کرد، لینگەکەی دیکەی بۆ دە پێ نەکرا، تەقەی تفەنگێکی هات. هەمزاغا کوتی: کاکەڵڵا! ئەمن ئەنگوام! تفەنگێکیان لە پشتی دام! کاکەڵڵا دەستی دا خەنجەرێ و هەڵیکێشا، لە هەر چوار لایانڕا خێوەتیان هەڵبڕی؛ دایانگرتن. هەر یێکەی جووڵەی دەهات، تفەنگێکیان لێدەدان. دوو کادەروێشێکانی دیکەش دەرپەڕین، داپەڕین بۆ نێو شاری. دەستێک سەرباز لە ژێڵڵا هاتن، ئەوانیان کوشت. چوار نۆکەرەکان هەڵاتنەوە بۆ کن حەوسەت کەسی کە لە پشت شاری بوون؛ لە حەلیاباتێ. خەبەریان دانێ: وەڵڵا حاڵێکی ئاوا بوو، هەمزاغا کوژرا، کاکەڵڵا کوژرا و کادەروێشێکان هەموویان کوژران. ئەو حەوسەت نەفەرە لەوێ هەڵات.

سەری هەمزاغایان بڕی، بردیان بۆ تارانێ، بۆ خزمەت شای. شا بە ڕانی خۆی دادا، کوتی: حەیف بۆو پیاوەی کوژرا!! نەدەبا بتکوژپایە! ئەوە دەمناردە سەر وڵاتی لۆرستانێ ئەوێم پێ موستەخەڕ دەکرد. دەمکردە حاکمی وێ. حەیف بۆو پیاوەی کوژرا.

دەڵێ: هەمزاغا بەو جورەی کوژرا و ئەو بەیتەش خرناڵە دایناوە، بەیتی خرناڵەی.

## پەراوێزەکانی بەشی ٣:

١. ئەم بەیتە ٣١ بەندە. بەندی بەیتەکان بە قافیەی هاوبەش دیاری دەکرێن. زۆربەی بەیتەکان چەند بەندی سەرەتایان تەرخان کراوە بۆ موناجات. موناجاتی ئەم بەیتە لێرەدا هەر بەم تاکە بەندە، کە چوار دێڕە، دەبڕێتەوە.

٢. قارەمانی: تیرەیەکن لە هۆزی دێبۆکری و لە بەرەی «سلێمان‌ئاغا». بە پێی وتەکانی عومەرئاغا عەلی‌یار، هۆزی دێبۆکری بەر لەوەی لە باکووری کوردستانەوە کۆچ بکەن بۆ موکریان، ناویان «هۆزی قارەمانی» بووە، بەڵام دوای هاتنیان بۆ موکریان و نیشتەجێ بوونیان لە ئاوایی «دێبۆکر» ، ناوی «قارەمانی» یان لەسەر لاچووە و بە «دێبۆکری» ناسراون. کەوایە ئەم ناوەی لەسەر ئەم تیرەیە ماوە، هەر یادگاری ناوەکەی پێشوویانە کە گشتی‌تر بووە و هەموو هۆزەکەی گرتووەتەوە.

٣. قادرئاغای ئیندرقاش.

٤. لە شێوەزاری موکریدا جێناوی کەسیی لکاو (م – ت – ی) بۆ تاک و (مان – تان – یان) بۆ کۆیە، بەڵام هەندێ جار لە کەسی یەکەمی کۆدا جگە لە (مان)، فۆرمی (ن) دەکار دەکرێ، وەک: کاغەزێکمان بۆ بنووسێ = کاغەزێکن بۆ بنووسێ. هەروەها لە کەسی دووەمی کۆش‌دا هەندێ جار جگە لە (تان)، فۆرمی (و) دەکار دەکرێ، وەک:ماڵتان لە کۆێیە؟ = ماڵو لە کوێیە؟

٥. شازادە لوتفوڵڵامیرزا کوڕی تۆماسب‌میرزای موئەیەدولدەولە، کە بە «ئاقا شاهزادە» دەناسرا و لە سەردەمی ڕووداوی هەمزاغادا حاکمی مەهاباد بوو.

٦. کارخان: مەبەست لە پیاوی لێهاتوو و کارزانە. ئەم وشەیە لە فۆلکلۆری موکریاندا زۆر بە کار هاتووە، بۆ نموونە: کافر وەستان لە سانێ/ محەمەد پێ‌بزانێ/ تێمان دەخا قڕانێ/ لە بری مەردی کارخانێ... – بەیتی حەتەم، لە زاری مینەی مرادی –

٧. خواجەبێدار: ئاڵقەی لە دەرگادان. (هەنبانەبۆرینە) دەرکوت، دەرتەقێن. (فەرهەنگی مەردوخ)
٨. مەئمووری حکوومەتی، کارگێڕی دیوانی. ئەم وشەیە لە ڕەگەزدا بە مانای ئەو کەسەیە کە لە زیارەتگە و بینا پیرۆزەکاندا خزمەتی کردووە و وڵاتی ماڵیوە و فەرش و ڕاخەری ڕاخستووە، لە سەردەمی قاجاردا وەک زاراوەیەکی دیوانی بەکار هاتووە و «فەڕاشباشی» پلەیەکی نزمی حکوومەتی بووە.
٩. کۆت: کۆتەرەدارێکی قورس بوو کە لە پێی زیندانی دەخرا تا نەتوانێ لە شوێنی خۆی دوورکەوێتەوە. بە فارسی «کنده= کۆندێ»ی پێدەڵێن.
١٠. زەولان: فەرهەنگە کوردییەکان ئەم وشەیان تۆمار نەکردووە، بەڵام لە فەرهەنگە فارسییەکاندا بە دوو ڕاوێـژی «زاولانـە» و «زولانـە=زەولانـە» هاتووە و بریتییە لە ئاڵقەیەکی ئاسن کە لە ئەستۆ یا دەست و لاقی زیندانی دەخرێ.
١١. دەبان: تیغەڵەی خەنجەر و شەمشیری لە پۆڵای جەوهەردار. قایم.
١٢. زەبرینگ: زەبر لێدانی بە تەوژم و توانا.
١٣. تفەنگی Marrtini-Henrys
١٤. بڵەسە: بڵێسە، تینی ئاگر.
١٥. شەشخان: (خان) بریتییە لەو شوێنە مارپێچییە کە بە نێو لوولەی تفەنگدا هاتووە و دەبێتە هۆی تیژ و ڕاست دەرچوونی گوللە. (شەشخان) تفەنگێکی پێشکەوتووی ئەو سەردەم بووە کە شەش دەور خانی بە ناو لوولەدا سووڕاوەتەوە.
١٦. زرێ: ڕووپۆشی لە تێل و هـەودای ئاسن چندراوی تایبەت بە مەیدانی شەڕ.
١٧. دەمەرقۆپان: پانتۆڵی لە کوتاڵی ئەستوور و قایم.
١٨. حەیزەران: خەیزەران، چەشنە قامیشێکی ڕاست و بڵیندە، لە هەندێ شوێنی تایبەتدا تا بیست گەز بەرز دەبێتەوە، لە فارسیدا «نی هندی» واتە قامیشی هیندی و لە فەرەنسیدا (Bamboo)ی پێدەڵێن. لێرەدا مەبەست لە ڕمب و نێزەیە.

١٩. کادەروێشی: کاتێک دەڵێین «مەنگوڕ» مەبەست لە هەموو ئەو کەسانە نییە کە لە ناوچەی مەنگوڕایەتیدا دەژین، بەڵکو مەبەست لەو کەسانەیە کە سەرۆکایەتی بە سەر ناوچەکەدا دەکەن. کاتێک هۆزی مەنگوڕ لە سەدەکانی ڕابردوودا بە سەرۆکایەتیی باپیرئاغا لە عێراقەوە کۆچیان کرد بۆ ناوچەی «یەڵتەمر»ی هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەهابادی ئێستا، بە سەر دانیشتووانی ئەم ناوچەیەدا زاڵ بوون، کە بریتی بوون لە تایفەگەلی: مەڕنەکەنە، باب‌ڕەسوو، برایمەسەنە، شێخ‌شەرەفی، ئال‌سێمانە، فەقێ‌ئیسی، زوودی، سولەکی، خولەکی، کاڕەش، گوێ‌ڕەش، زڕەکادەروێشی، کەلهوڕ، وەستاخاڵە، باریک، چەکاڵە و چەندین تیرە و تایفەی تر. مەنگوڕەکان لە وەچەی «کاک دەروێش» ناو بوون و بەم بۆنەوە بە «کادەروێشی» دەناسرێن. هەر چەند ئەم تایفانە هەموو لە مەنگوڕایەتی دەژین و بە بۆچوونی ڕمەکی بە مەنگوڕ دەناسرێن، بەڵام لە ڕاستیدا کادەروێشی نین. کەوایە وشەی «کادەروێشی» بە مانای سەرۆکایەتیی ناوچەی مەنگوڕایەتییە و تەنیا مەنگوڕەکان دەگرێتەوە، نەک ئەو تیرە و تایفانەی بەر لە هاتنی مەنگوڕەکان نیشتەجێی ناوچەکە بوون. دکتۆر جەوادی قازی دەڵێ: «مەنگوڕ بە سەر ٢١ تیرە دابەش کراوە و هەر تیرەیەکیش کادەروێشییەک سەرکردایەتی دەکا. بڕوانە: وتاری مەنگوڕ، جەواد قازی، گۆڤاری سروە، ژ١٨، بەفرانباری ١٣٦٦، ل٢٥».

٢٠. باغی قیبلە: باغ و سەیرانگایەکی ئەو سەردەمی مەهاباد بووە کە لە باشووری ڕۆژئـاوای شار هەڵکەوتووە و کەوتووەتە جێگای پادگانی ئێستا.

٢١. بەیتبێژ بە دوای «سێ تەڵاقە» دا دەڵێ «سێ جزمەی قورعانێ» و دوو وشەی «سێ» لە بەرانبەر یەکتر دادەنێ، بەڵام مەبەست «سی جزمە»یە کە بە مانای سی‌پارە یا سی بەشی دیاری‌کراوی قورئانە.

٢٢. ئاماژەیە بە کوشتار و سەربڕانی باپیرئاغای مەنگوڕ و هەموو سـوارەکـانـی لـە سـاڵی ١١٩٥ی کۆچی لـە شـاری مـەراغـە و بە

دەستووری ئەحمەدخانی موقەددەم.

٢٣. نەهیریە: نەهریە، نەهری، نەری، گوندێکی ناوچەی شەمزینان و شوێنی لەدایکبوونی شێخ عوبەیدیڵڵا.

٢٤. نەهرە: مەبەست نەهری و شوێنی نیشتەجێ بوونی شێخ عوبەیدیڵڵایە.

٢٥. یانی کڵاوڕەش، چونکە لە پێستی بەرخ کڵاوی ڕەشیان لە سەر دەنا، ئەو ناوەیان بە سەردا بڕا. بەر لەو ناوە، عەشیرەتی «بوزچلوو» یان پێ دەگوتن، چونکە دانیشتووی ناوچەیەکی ئەراک و هەمەدان بوون کە ناوی ناوچەکە بوزچلوو بوو. شاکانی سەفەوی، سەبارەت بە ئازایەتیی و بوێریی ئەو تایفە، لە جێی خۆ هەڵیانکەندن و بۆ ڕاگرتنی گورجستان و بەربەرەکانی لەگەڵ تایفە غەوارەکانی ئەو دەوروبەرە هێنایاننە گورجستان و نزیکەی دوو سەد ساڵ لەوێ مانەوە، تاکو خولی هەوەڵی شەڕەکانی ئێران و ڕووس دەستی پێکرد و ئێران شکا و بە پێی «ڕێکەوتننامەی گوڵستان»، گورجستان درا بە ڕووسیە. قەرەپەپاغەکان کە بۆ پاراستنی گورجستان لە ماڵ و زێدی خۆیان ئاوارە کرابوون، ئیدی کارێکیان نەما و نەشیاندەویست لە ئێران هەڵبڕێن، ناچار زەوی‌وزاری خۆیان جێ هێشت و هاتنە ئەو دیوی سنووری نوێ. کە خولی دوویەمی شەڕەکانی ئێران و ڕووس دەستی پێکرد، دیسان ئێران شکا و بە پێی «ڕێکەوتننامەی تورکمانچای» سنوور تەنگتر بۆوە و قەرەپەپاغەکان بەبێ ئەوەی لە جێی خۆیان بجزوون کەوتنە خاکی ڕووسیە! ناچار سەرلەنوێ بارگە و بنەیان تێکنا و هاتنەوە ئێران. ئەو دەم سندووس بە موڵکی هی عەباس‌میرزای نایبوسسەلتەنە بوو، عەباس‌میرزا لە ساڵی ١٢٤٥ی کۆچی (=١٨٢٩) قەرەپەپاغەکانی لە سندووس نیشتەجێ کرد و ئەو مەڵبەندەی بە وان بەخشی. قەرەپەپاغەکان خۆیان سوننی و شافیعی مەزهەبن، بەڵام سەرۆکەکانیان لە سەر مەزهەبی شیعەی ئەسناعەشەڕین. – سرزمین زردشت، ص٦٢. –

٢٦. باڵندەیەکە لە ئەورووپادا مەسکەنی «دورگەی سیسیل» و لە ئێراندا مەسکەنی «جیروفت»ی کرمان و ئیستراباد و دەشتی موغان و باشوور و ڕۆژئاوای ئێران و بەتایبەت کوردستانە. بە کوردی

«زڕەکەو» ، «زیوەکەو» ، «پوور» و بە فارسی «پور» ، «تراج» ، «کبک کر» ، «جرب» و «مرغ حسین کشتە شد»ی پێدەڵێن (فرهنگ نامهای پرندگان، دکتر محمد مکری، چاپ سوم، امیرکبیر، تهران، ١٣٦١، صـص٥٠-٥١). بە عەرەبی «دراج» و «حیقگان»ی ناوە.. Francolin

ڕەنگ ڕەنگ پەپوولە ئەفڕێ زەلاوزەل

گا کناچەی پۆڕ، گا ج-ریوەی م-ەل - گۆران، فرمێسک و هونەر، گەشت لە قەرەداغ -

٢٧. فەسڵ: لێرەدا بە مانای «جەنگە، بارودۆخ» ە. ئەم وشەیە لە موکریان جگە لە وەرزی ساڵ، زۆر جار مانای (کات، زەمان)یش دەبەخشێ، وەک: عاریزت فەسلی بەیانان قامەتت وەقتی زهوور - وەفایی -

٢٨. قەڵمان: ڕاوێـژی تایبەت بە دەڤـەری شاری مەهابادە، بە مانای «قەومان، ڕووداو، پێشهات».

٢٩. کاڵەموونی/کاڵە موونە/کاڵەموویین. هەندێ تیرەی کـورد، لە باکووری کوردستان بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە چەشنە پێڵاوێک کە لە مووی بزن دروست دەکرا، بە کاڵەموونی ناوبراون.

کاڵەی موویین هەڵدەبەستێ

کێ هەیە ئەو پێی نەوەستێ؟ - هەژار، بۆ کوردستان -

٣٠. قووڕاندن: بۆڕەی ڕەشەوڵاغ. هاوار کردنی سەگ و تاجی لە کاتی ئازار پێگەیشتنیاندا. - گیو موکریانی، فەرهەنگی کوردستان -

٣١. کیمخوا: کوتاڵی نـەخشـداری ڕەنگـاوڕەنـگ (لغتنامە دهـخدا). «کیمخوا» کە لەم بەیتەدا لەگەڵ «ئەتڵەس» و «خارا» هاتووە و ئەوانیش دوو چەشن کوتاڵی بەنرخن، لە ڕەگەزدا وشەی «کمخواب = کەمخاب»ی فارسییە و بە مانای تەنراوێکە کە «خواب»ی کەم بێ. «خواب» یش کە لە کوردیدا «بار»ی پێدەگوترێ، لە تەنراودا بریتییە لە کلکی ئەو هەودایە کە دوای گرێدان دەبڕدرێ و سەرجەم لە تـەنـراوەکـەدا بە بارێکی یەکدەستدا دەکـەوێ. نموونەی ئەم «خواب»ە لە فەرشدا زۆر بەرچاوە و لە کاتی ڕاخستنیدا سەرنج دەدرێتە ئەو «بار»ە کە ڕوو بە کام لا بکەوێ. تیسکی تەنراو تا

درێژتر بێ، «خواب» بەرچاوتر و تەنراو خەپلەترە، بەپێچەوانەش تا کورتتر بێ، «خواب» نادیار و تەنراو ناسکترە.

نازک لەتیف، گەردەن زەریف، لەبسی شەریف، کیمخە و قەدیف
من دی ب وەخت، ئەو نیکبەخت، ئیروو ل تەخت فەغفوور بوو
- مەلای جزیری -

اگر کمخا کنی، اطلس بپوشی
همان سفتوسر سبزیفروشی - باستانی پاریزی، حماسه کویر-

٣٢. خارا: کوتاڵێکی ئاوریشمی ئەستوور و خەتدارە کە بە دەست دەتەنرێ.

خارایی سەوز و شینی لەبەر کردووە جەبەل
دامێنی وەردی سوورە کە دەستم بە دامەنی - نالی -

٣٣. کرمانی: بەر لە بڵاوکردنەوەی یەکەمجاری ئەم بەیتە، نوسخەی دەستنووسی کارەکەم ناردە خزمەت مامۆستا قادر فەتاحی قازی، بە شێوەی توێژەرێکی زانا و ئەمەگدار، ئەوەی بە پێویستی دەزانی، لە چوار نامەی درێـژدا، پێیڕاگەیاندم و تێبینییەکانی خۆی بۆ نووسیم. لە بابەت وشەی «کرمانی»یەوە، لە یەکێک لە نامەکانیدا ئاوا دەنووسێ: «ناوی قەدیمی میاندواو، مەرحەمەت ئاباد بووە. ... هۆیەکی تری گەشە کردنی مەرحەمەتئاباد ئەوە بوو کە لە سەردەمی ئاغامحەمەدخانی قاجاردا تاقمێک لە خەڵکی کرمان سەبارەت بە هۆکاری ڕامیاری، دوور خرانەوە بۆ ئازەربایجان و شارەکانی تری ئێران. یەکیش لەو ناوچانە کە بۆ دوورخراوە کرمانییەکان دەستنیشان کرا، مەرحەمەتئاباد بوو. - پایاننامە، جغرافیای انسانی میاندواب، نگارش محمود محمدپور، سالتحصیلی ٣٦-٣٥، ص ٧-٦، شمارە پایاننامە ٣٧، کتابخانە دانشکده ادبیات و علوم انسانی تبریز -

٣٤. میناغای میرپەنجە، کوڕی قادراغای ئیندرقاش. ئەمە هەمان کەسە کە لە بەیتی «سامسام» دا ناوی هاتووە. بڕوانە: پەراوێزی بەشی دووەم، ژ٥.

٣٥. «بە سێ، یەک بەریش نەماوە» ، واتە لە سێ بەش حەشیمەتی

میاندواو، بەشێکی بە تەواوی نەماوە و دوو بەشی فەوتاوە. هەروەها «سێیەکبەر» ئەو کەسەیە کە بە مزەی کاری کشتوکاڵ، لە سێ بەش بەشێک وەربگرێ. بەڕێچوونی زۆربەی عەجەمی میاندواو لەو سەردەمدا ئەوە بووە کە بۆ کاری کشتوکاڵ هاتوونە کوردستان و بە چەشنی «سێیەکبەر» کاریان کردووە. ئاماژەی بەیتەکە لێرەدا بۆ هەر دوو مانایە، واتە: ١- حەشیمەتی میاندواو دوو بەش پتری کوژراوە و بەشێک کەمتری ماوە. ٢- ئەوەندە خەڵکی میاندواو کوژراوە کە تەنانەت کرێکاری «سێیەکبەر» وەگیر ناکەوێ.

٣٦. «ئهوا» یا «ئیهوا» چەشنە ئاخاوتنێکی تری وشەی «ئاوا» یە لە شێوەزاری موکریدا.

٣٧. مامۆستا قادر فەتاحی قازی، لە نامەیەکیدا، لە بارەی ئەم وشەیە ئاوای نووسیوە: (ظاهرا «قەڵاتاو» مثل «کەرەتاو» درست است. قەڵاتاو یعنی قلع تاب، تابندگی و درخشش فلز قلع کە در ساختمان زره یا سلاح دیگر بە کار رفتە بودە.) واتە: لە ڕواڵەتدا دەبێ «قەڵاتاو» بێ، وەکوو «کەرەتاو». مەبەستیش لە بریقە و ترووسکەی کانزای قەڵایی‌یە کە لیباسی زرێ و چەک و چۆڵی لێ دروست دەکرا.

٣٨. هەمان حەسەنعەلیخانی ئەمیرنیزامی گەڕووسییە، کە «وەزیری فەوایدی عاممە» بووە و دوایەش کراوە بە حاکمی سابڵاغ. خەڵکی ئەو سەردەم بە هۆی ئەوەی کە پیرەپیاوێکی باریکەڵە و چرچ بووە، «وەزیرە چرچە» یان ناو ناوە.

٣٩. ئەو باغە ئێستا نەماوە. لە جێگای چوارڕێی مەولەویڕا هەتا پشت مەیدانی حەیوانانی ئێستای شاری مەهاباد کە بە باغی شایگان ناودەبرێ و لە «پشتتەپ» نزیک دەبێتەوە، هەڵکەوتبوو. ئەو باغە و گوندی پشتتەپی ئەو سەردەم، کە ئێستا گەڕەکێکی شاری مەهابادن، موڵکی خانەقای شێخی بورهان بوون.

٤٠. قوڵکەیەکە، لە دەوروبەری ماڵ یا چادر هەڵدەکەنرێ و لە کاتی مەترسیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەم وشەیە لە «فەرهەنگی مەردوخ»دا بە شێوە ئاخاوتنی «مردەزیننە» هاتووە و هاوتاکەی لە فارسیدا «کولە» بە مانای قوڵکە، و لە عەرەبیدا «ناموس» بە مانای

حەشارگە نووسراوە.

٤١. دوور نییە هەمان «هەڵز» بێ، کە گیایەکی کوێستانییە و بنکەکەی دەخورێ.

٤٢. کاڵەی شەمامەبەندی: کەوشی دەست هەڵبەستی چەرمی تایبەتی موکریان.

# سەرچاوەکان:


* اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه. تمدن، محمد. ؟، تهران، ۱۳۵۰.
* ئەمیرنیزامی گەڕووسی. سەعیدوەزیری، مەنووچێهر. وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا سەمەدی، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ۱۱۵، ڕەزبەری ۱۳۸۹.
* تاریخ سرگذشت مسعودی. مسعودمیرزا بن ناصر ظل‌السلطان. زندگی‌نامه و خاطرات ظل‌السلطان، همراه با سفرنامه فرنگستان، چاپ سنگی تهران ۱۳۲۵.
* تاریخ مشاهیر کرد، امرا و خاندان‌ها. روحانی(شیوا)، بابامردوخ. جلد سوم(بخش دوم)، به کوشش: محمدماجد مردوخ روحانی، چاپ دوم، سروش، تهران ۱۳۸۲.
* تاریخ و جغرافیای دارالسلطنه تبریز. نادرمیرزا، شاهزاده. با مقدمه و شرح و تعلیقات و تنظیم فهرست‌های لازم از محمد مشیری، چاپ سوم، تهران، ۱۳۶۰.
* تقویم تطبیقی یک‌صدوچهل‌ویک ساله. سرلتی، حسام. انتشارات زوار، تهران؟.
* جامعه‌شناسی مردم کرد(آغا، شیخ و دولت). وان برویین سن، مارتین. ترجمه ابراهیم یونسی، نشر پانیژ، چاپ اول ۱۳۷۸.
* چریکەی کردی. عبیدالله ایوبیان. نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز، شماره۲، سال سیزدهم، تابستان ۱۳٤۰.
* حەمەدی بەیتان. غەزالی، عومەر. سروە، ساڵی۲، ژمارە٥.
* خاطرات حاج سیاح یا دوره خوف و وحشت. سیاح، حمید. به تصحیح سیف‌الله گلکار، کتابخانه ابن سینا، ۱۳٤٦.
* خاطرات احتشام‌السلطنه. موسوی، سید محمدمهدی. انتشارات زوار، چاپ دوم، تهران ۱۳٦۷.
* خەبات لە ڕێی کوردستاندا. خەلفین، ن.ا. وەرگێڕی لە ڕووسیەوە: جەلال تەقی، سلێمانی، ۱۹۷۱.

* دوره مجله یادگار. اقبال اشتیانی، عباس. سال سوم، شماره ششم و هفتم، بهمن و اسفند ۱۳۲۵.
* رساله شورش شیخ عبیدالله. افشار، علی. نقل به مفهوم از: پرویز شهریار افشار، ضمیمه تاریخ افشار. [تاریخ افشار، میرزا رشید ادیب‌الشعرا، به کوشش: محمود رامیان و پرویز شهریار افشار، چاپخانه شفق تبریز، ۱۳٤٥-٤٦].
* سرزمین زردشت؛ رضائیه. دهقان، علی. انتشارات ابن‌سینا، چاپ اول، اسفند ۱۳٤۸.
* شرح‌حال رجال ایران در قرن ۱۲و۱۳و۱٤ هجری(دوره ٦ جلدی). بامداد، مهدی. انتشارات زوار، چاپ چهارم، ۱۳۷۱.
* طوایف و عشایر کرد. به‌کوشش: صمدی، سید محمد. رهرو، مهاباد، ۱۳۸۱.
* فەرهەنگی ئاواییيەکانی مەهاباد. وەتمانی، هەرمان؛ خەڵیفە، زانکۆ. همایش دانش، تاران، ۱۳۸۸.
* قیام شیخ‌عبیدالله شمزینی در کردستان. غوریانس، اسکندر. به اهتمام: عبدالله مردوخ کردستانی، دنیای دانش، چاپ اول، تهران ۲٥۳٦.
* قیام ملاخلیل و رد فرمان رضاخان. افخمی، ابراهیم. انتشارات محمدی، چاپ اول، سقز، ۱۳٦۸.
* کۆمارە کوردییەکەی ساڵی ۱۹٤٦. ئیگڵتۆن، ویلیام. وەرگێڕانی سەید محەمەدی سەمەدی، ۲۰۱۱. (ئەمە وەرگێڕانی جاری دووەمە و لە ژێر چاپدایە.)
* گزارش‌ها و نامه‌های دیوانی امیرنظام گروسی. افشار یزدی، ایرج. بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، تهران، ۱۳۷۳.
* منظومه کردی مهر و وفا. فتاحی قاضی، قادر. انتشارات موسسه تاریخ و فرهنگ ایران، دانشکده ادبیات تبریز، تبریز، ۱۳٤٥.
* نگاهی به آذربایجان‌غربی. افشار سیستانی، ، ایرج. ج۲ چاپ اول، نسل دانش، تهران، ۱۳٦۹.
* هۆزی فەیزوڵڵابەگی بانی بۆکان، مێژوویەکی کورتی بنەماڵەیەکی

بەگزادەی کورد. ڕوودۆلف، ڤۆلفگەنگ؛ سەلاح سۆران، حەسەن.
وەرگێڕانی لە ئەلمانییەوە: د. ناجی عەباس ئەحمەد، گۆڤاری کۆڕی
زانیاریی
کورد، بەرگی پێنجەم، بەغدا، ١٩٧٧.

*people without a country, edited by, Gerard chalidnd, London, 1980.

*http//vefagh.comir/tourist/tourist_s.phptourist= 17

*http//fa.Wikipedia.org

*myth. Tarikheme. Ir/articletag

# سامسام

**١٣٢٧ ی کۆچی**
**١٩٠٩ی زایینی**
**١٢٨٨ ی هەتاوی**

# پێشەکی

مێژووی دیاری ناوچەی موکریان - بەتایبەتی ئەو شوێنەی ئێستا مەهابادی لێ هەڵکەوتووە - لە سەردەمی موغوولەکانەوە دەست پێدەکا. لە زەمانی حوکمداری تورکمانەکان، لە سەدەی نۆیەمی کۆچی مانگی سەیفەددین بەگی موکری - لە کوردە بابانەکان - «دریاز» [١]ی لە چنگ تایفەی «چابقلوو»[٢] دەردێنێتەوە. (پێش هاتنی سەلجووقییەکان ناوچەی موکریان کوردی هەزەبانی لێ بووە.)

لە کاتی حوکمداری سەفەوییەکاندا، کوردستان بووە بە مەیدانی شەڕی نێوان ئەوان و عوسمانییەکان. حاکمانی موکری بە پێی هەلومەرج، هەر جارەی پاڵ بە لایەکەوە دەدەن. «سارم»[٣] کوڕی ئەمیر سەیفەددین‌بەگ دژ بە «شائیسماعیل»[٤] هەڵوێستی گرت، براکانی دەستیان بۆ لای «شاتۆماسب»[٥] درێژ کرد. «ئەمیرە»[٦] کوڕی «شێخ حەیدەر»[٧] هەوەڵێ پاڵی وە شاتۆماسبەوە دا، پاشان بەرەو «سوڵتان مرادخان»ی عوسمانی[٨] خوشی! «شێخ حەیدەر»ی کوڕی ئەمیرە[٩] لە شەڕی ئێران و عوسمانی بە یاریدەی «شاعەبباس» ەوە چوو.[١٠] لە ساڵی ١٠١٢ی کۆچی مانگی لە قەڵای «ئێرەوان»[١١] کوژرا.

شاعەبباس بە تاوانی پشتیووانی موکرییەکان لە «خانی لەپزێڕین»[١٢] لە ڕووداوی دمدمدا، لە ساڵی ١٠١٨ی کۆچی مانگی کوردستانی قەتڵی عام کرد.[١٣] دوای ئەو ڕووداوە ناوچەی موکریان بۆ ماوەیەک چۆل بووە. «بداغ سوڵتان»[١٤] کوڕی «شێرخان»[١٥] لە ساڵی ١٠٣٨ی کۆچی مانگی لە «میراوێ»ی نەڵێن[١٦] نیشتەجێ بووە. دوایە سابڵاغ (مەهاباد)[١٧]ی ئاوەدان کردۆتەوە و کردوویەتە ناوەندی حوکمداری خۆی. لە سەردەمی حوکمداری ئەولادەکانی بداغ سوڵتاندا سەروکەللەی «دێبۆکری»یەکان لە ناوچەدا پەیدا بوو. گوایە دەوروبەری ساڵی ١١٥٧ی کۆچی مانگی هاتوونە ناوچەی موکریان و زۆر زوو تەنیونەوە و بوونەتە هێزێکی بەرچاو.[١٨] لە سەردەمی حوکمداری «بداغ خان» کوڕی شێخ عەلی خان کوڕی مووساخان کوڕی بداغ‌سوڵتان نێوان ناخۆشی و بەربەرەکانیی

موکرییەکان لەگەڵ «بڵباس» [19] و دێبۆکریان لە زیادی دەدا. «باپیرئاغا»ی مەنگوڕ[20] بە خۆ و بە هەزار سوارەوە گوایە بە دەستەی بداغ خان کێشرایە مەراغە و گشتیان بە دەستی «ئەحمەدخان» حاکمی مەراغە کوژران.[21] ساڵی ١٢٤١ی کۆچی مانگی «عەوڵاخان» کوڕی بداغ خان بوو بە حاکمی مەهاباد. بۆ ئاو پێدا کردنی ئاوری نێوان موکری و دێبۆکریان، کچی خۆی دا بە «قادرئاغا»ی[22] کوڕی «عەباسئاغا».[23] ئەو کات دێبۆکرییەکان زۆربەی گوندەکانی دەشتی شارویرانیان کڕیبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتیان زۆرتر دەبوو. عەوڵاخان ترسی ڕێنیشت. بە فێڵ و تەڵەکە عەباسئاغای دێبۆکری کێشایە دارولحوکوومە و کوشتی.[24] دوای ئەو ڕووداوە ناکۆکی موکری و دێبۆکریان پەرەی ئەستاند و شەڕ و کێشە و کینەبەرایەتی زۆرتر بوو. عەوڵاخان ماوەیەک لە سابڵاغ دوور کەوتەوە. دیسان بە یارمەتی و پشتئەستووریی حکوومەتی ناوەندی گەڕایەوە، بەڵام دێبۆکرییەکان سەریان بۆ دانەنواند.[25] لەمە بە دوا حاکمەتی کورد کۆتایی هات و حاکمی غەیرەکورد دەسەڵاتی سابڵاغیان بە دەستەوە گرت.

قادرئاغا لە جێی عەباسئاغا بوو بە سەرۆکی دێبۆکرییان و لە ئیندرقاش[26] دانیشت. پیاوێکی لێهاتوو و وشیار بووە. زۆر زوو بووە بە مۆرەیەکی گرینگی دەوڵەت و کەس نەیتوانیوە قەرەی لە قەرەی بدا.[27] دەوڵەت ئەوکات سیاسەتێکی تایبەتی لە کوردستاندا بەڕێوە دەبرد، لە لایەک بە شێوەگەلی جۆربەجۆر سەری پیاوە نێوبەدەرەکانی تێدادەبرد و لە لایەکیش عێلەکانی لە بەر یەک ڕاست دەکردنەوە و تۆوی دووبەرەکی دەخستە نێوانیان، هەتا هەرگیز نەتوانن پاڵ بە یەکەوە بدەن و بۆ دەوڵەت مەترسی پێکبێنن.

هەر وەک گوتمان باپیرئاغا بە هەزار سوارەوە لە مەراغە تێداچوو.[28] «ئەحمەدئاغای ئێلخانی»، برای حاجی محەمەدئاغای ئێلخانی ساڵی ١٣٢٢ی کۆچی مانگی ( ١٢٨٣ی هەتاوی/ ١٩٠٤ی زایینی) لە تاران لەگەڵ براگەورەکەی لە زینداندا کوژران.[29] لە ساڵی ١٣٢٣ی کۆچی مانگی ( ١٢٨٤ی هەتاوی/ ١٩٠٥ی زایینی) جەعفەرئاغا برای سمایل ئاغا لە تەورێز بە مەرەدی باپیرئاغا چوو.[30]

له هەلومەرجێکی ئەوتۆدا قادرئاغا لایەنگر و پشتیووانێکی قایمی دەوڵـەت لە ناوچەدا بـوو! هەمیشە هـەزار چەکداری پەڕ بە سـەری[٣١] ئامادەی دیفاع لە حاکمی غەیرەکوردی سەر بە دەوڵـەت لە سابڵاغدا هەبووە.[٣٢] بەربەرەکانی لە نێو دێبۆکرییەکاندا بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و سەرۆکعێلی دەستی پێکرد، بەڵام هیچیان لەگەڵ قادرئاغای سەر بە دەوڵەت پێ نەدەکرا.

لە دەورەی مەشرووتەدا بنەماڵەی ئێلخانی لایەنگرییان لە مەشرووتە کرد.[٣٣] بنەماڵەی قادرئاغاش کە لە هەوەڵەوە پشتیووانی دەوڵەت بوون. لەو بەینەدا قادرئاغا لە تەمەنی دەوروبەری سەد ساڵیدا دەمرێ.[٣٤] بە دوای ئەودا ڕەشیدئاغای کوڕی دەمرێ و بە دوای ئەویشدا شوجاعەلموک دەکـۆژرێ[٣٥] و چـرای بنەماڵەی قادرئاغا وردە وردە لە کزی دەدا و هەل بۆ بنەماڵەی ئێلخانی هەڵدەکەوێ و ڕێگا بۆ «حاجی محەمەدئاغای ئێلخانی» [٣٦] تەخت دەبێ و ئێندرقاش لە وەرەسەی قادرئاغا دەکڕێ.[٣٧] وەرەسەی قادرئاغا لەو گوندە دەڕەتێنرێن و ئیتر شوێنێکی ئەوتۆیان لە سەر ڕووداوەکانی ناوچە نامێنێ.[٣٨]

دوای کـوژانـەوەی چـرای بنەماڵەی قـادرئـاغـا، بنەماڵەی حاجی محەمەدئاغا ئێلخانی بوون بە هەمەکارە و بەڕێوەبەری سیاسەتی دەوڵەت لە ناوچەدا. عەلیئاغای حاجی ئێلخانی (ئەمیرئەسعەد ١٨٨٣ـ ١٩٤٩) کوڕی حاجی محەمەدئاغای ئێلخانی بوو بە سەرۆکی دێبۆکریان و هەتا ژیا خزمەتکارێکی باشی دەوڵەت بوو.[٣٩] لە کێشەی مەشرووتەخوازان و محەمەدعەلیمیرزادا، «سەمەدخان»[٤٠] حاکمی سابڵاغ بوو. بە هۆی گوشاری دێبۆکریانی سەر بە بنەماڵەی حاجی محەمەدئاغای ئێلخانی سابڵاغی بەجێ هێشت. فەرمانفەرما[٤١] لە تـەورێـزەوە بـە لەشکر و قۆرخانەوە هاتە سـابـڵاغ.[٤٢] لەو سـەردەمـەدا دوای تـاران گەورەترین شوێنی بەربەرەکانیی دەوڵـەت و مـەشـرووتـەخـوازان شـاری تەورێز بـوو. محەمەدعەلی میرزا لە هەر چوار دەوری تەورێز خەریکی کۆ کردنەوەی لەشکر بوو، سەمەدخانی نارده مەراغە. سەمەدخان چوار هەزار چەکداری لە تیرە کوردەکانی «چارداوڕوو» [٤٣] و «گۆرانلوو» [٤٤] کۆ کردەوە و بەرەو تەورێز کەوتە ڕێ. ١٤ی زیحەججەی ١٣٢٦ بە چل

و پێنج هەزار چەکداری سێ تیر و پێنج تیر لە شانی دەوڵەتی دەوری شاری تەوریز گیرا. سەمەدخان لە سەردەرۆ (سردرود) و قەراملک [٤٥] دامەزرا و هەتا ڕەشەمە (سەفەری ١٣٢٧) چەند جار هەڵیکوتایە سەر شار، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وە دەست نەهێنا.

شەڕی ئاناخاتوون[٤٦]

ڕۆژی ٢٣ی ڕەبیعولئەوەڵی ١٣٢٧ی کۆچی مانگی (٢٥ی خاکەلێوەی ١٢٨٨ی هەتاوی/١٤ی ئاوریلی ١٩٠٩ی زایینی) سەمەدخان بە لەشکرێکی قورس هێرشی بردە سەر شار. پێی وابوو ئەگەر لەناکاو هێرش بکاتە سەر پردی «ئاجی» و لەوێوە بچێتە نێو شار سەرکەوتن بە دەست دێنێ.[٤٧] لە سەر پردی ئاجی، شەڕ سێ سەعاتی خایاند، مەشرووتەخوازان سەرکەوتن و لە سوارەی دەوڵەت جەماوەرێک پێکران. یەکێک لەوانە «شوجاعولمولک» (شجاع‌الملک)ی کوڕی قادرئاغا سەردەستەی کوردان بوو. گوایە بە تیرێکی نەبەدی ئەنگواوە، دەڵێن بە تفەنگی سەردار[٤٨] چواربالْ بووە. یەکێک لەو کەسانەی لەو شەڕەدا لەگەڵ سەمەدخان بووە، دەڵێ: ئێمە لە قەرامەلک چاوەڕوانی گەڕانەوەی لەشکر بووین، ئێوارە بوو، لەناکاو دەنگی شین و گابۆڕ پەیدا بوو! یەکێکمان نارد بزانێ چ قەوماوە! خەبەری هێناوە «شوجاعولمولک» کوژراوە. کوردەکان بە سەری ڕووت و قوڕ پێوان تەرمی ئەویان دەهێناوە، شین و گابۆڕیان ئاوایی پڕ کرد بوو. تەرمی شوجاعولمولکیان شوشت و کفن‌ودفنیان کرد. سبەینێ بۆ کوردستانیان بردەوە.[٤٩]

* * *

دەمێک بوو بەیتی سامسام فکری منی بە خۆیەوە خەریک کردبوو. دوای حەولێکی زۆر دوو نوسخەم[٥٠] لەم بەیتە وە دەست هێنا. ئەگەرچی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی بەیتە مێژووییەکان لە بەیتەکانی دیکە بەڕواڵەت هاسانترە، بەڵام ئەمەیان تووشی هێندێ سەر لێ شێواوی کردم. هۆی ئەم سەر لێ شێواوییە جوور نەهاتنەوەی هێندێک لایەنی نێوەرۆکی بەیتەکە لەگەڵ نووسراوە مێژووییەکان بوو.[٥١] هەر بۆیە لێبڕام پەنا بەرمە بەر ئەو کەسانەی شارەزاییان لە سەر ئەم ڕووداوە هەیە.[٥٢] لێرەدا

ئاماژەیەکی کورت بە هەمووان دەکەم. دەمەوێ لە دەرەوەی بەیتەکەوە ئاورێک لەو ڕووداوە بدەمەوە.

قادرئاغا چوار کوڕی بووە: ڕەشیدئاغا (شەهابولمولک)، مینەئاغا (میرپەنجە)، پاشاخان و عەلی خانی سەرتیپ.[53] دوای لێکۆڵینەوە ڕوون بۆوە کە ڕەشیدئاغا دوای قادرئاغا بە مردنی خۆی مردووە.[54] مینەئاغاش زۆر دواتر لە گوندی «کەرێزە»ی مەهاباد سەری ناوەتەوە.[55] دەماوە پاشاخان و عەلی خان، لەم دوانە یەکیان «سامسام»ە. پاشاخان بە پێی ئەو قەباڵانەی بەجێ ماون نازناوی شوجاعولمولک (شجاعالملک) بووە، بەم حیسابە سامسام دەبوایە عەلی ئاغا بوایە[56] کەچی نێوەرۆکی بەیتەکە لەگەڵ چۆنیەتی کوژرانی پاشاخان یەک دەگرێتەوە. (بەتایبەت لەو نوسخانەی کە لە پێشدا گوێبیس بوومە و بۆم تۆمار نەکراون) بەیتبێژ لە ئیندرقاشەوە هەتا سەردەرۆ بە سامسام و شوێن و ناوچەکانی سەر ڕێگا هەڵدەڵێ. کارەساتی سەمەدخان و شەڕی ئاناخاتوون و چۆنیەتی کوژرانی شوجاعولمولکی کوڕی قادرئاغا لەگەڵ بەیتەکە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و تەنیا ناوی قارەمانە کوژراوەکەیان جیاوازە.[57]

لە بەیتەکەدا ناوی مامەپاشا هاتووە، ئەم مەبەستەش بوو بە گرێپووچکەیەکی تر و هۆی سەر لێ شێواویم. بە پێویستم زانی سەرێک لە ئیندرقاش بدەم، هەمی یەک دوو کەسی شارەزا بدۆزمەوە و بیاندوێنم و هەمی سەرێک لە قەبرستان و ئاغەڵی بنەماڵەی قادرئاغا هەڵێنمەوە. چوومە ئیندرقاش لە ئاغەڵی بنەماڵەی قادرئاغا بێجگە لە کێلێک و یەک دوو دارە بووز چی تر نەمابوو!! لەم شوێنە چیم دەسگیر نەبوو.[58] بە گوتەی «مینەی مام سوڵتان» ، سامسام هەمان «پاشاخان»ی کوڕی قادرئاغایە. باوکی ئەم مام مینەیە لەگەڵ ئەو لەشکرکێشییە بووە. چوونەتە یاریدەی سەمەدخان. دەڵێ بابم دەیگێڕاوە: شەڕ کوژابۆوە، لەنەکاو تەقەیەک هات و سامسام چواربالْ بوو! مەیتی سامسامان دەرمان کرد هەتا بۆن نەگرێ، دە کەژاوەمان نا و هێنامانەوە ئیندرقاش.[59] بۆ ئەوەی دڕدۆنگیم خەلاس بێ، چوومە لای «بداغ خان»ی کوڕی ڕەشیدئاغای کوڕی قادرئاغا، قسەی ئەو لەگەڵ هی مینەی مام سوڵتان تۆفیرێکی ئەوتۆیان نەبوو.[60] لە ماوەی یەک دوو ساڵدا (١٣٢٤ هەتا ١٣٢٧ کۆچی

مانگی) قادرئاغا، ڕەشیدئاغا، پاشاخان (سامسام) دەمرن و بنەماڵەی قادرئاغا نغرۆ دەبێ. ئەحمەدئاغا (ئاغاچکۆلە) کوڕی عەلیئاغا (عەلیخانی سەرتیپ) کە بە ئەحمەدە چکۆلەی سامسام ناوبانگ دەر دەکا،[٦١] سێ دانگی ئیندرقاش بە محەمەدئاغای ئێلخانی بە «سەردەراباد» و «ئاشی گوڵان» و چەند گوندی دیکە دەگۆڕێتەوە و دوازدە هەزار تمەنیشی لە سەر دەستێنێتەوە. کەریمئاغا کوڕی مینەئاغا بەرهەڵستی ئەم کارە دەبێ. بنەماڵەی حاجی ئێلخانی کە دەمێک بوو چاویان بریبووە ئیندرقاش، بێ پەروا لەشکر دەکەنە سەر ئەو گوندە و وەرەسەی قادرئاغا وەدەردەنێن (دەبێ ئەم ڕووداوە ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی مانگی بووبێ). بە لەبەر یەک ڕاگرتنی ئەم چەند بەڵگەیەی کە باسمان کرد، دەبینین ئەو کەسەی لە ٢٣ی ڕەبیعولئەوەلی ١٣٢٧ی کۆچی مانگی (٢٥ی خاکەلێوەی ١٢٨٨ی هەتاوی/ ١٤ی ئاوریلی ١٩٠٩ی زایینی) لە شەڕی ئاناخاتوونی تەورێز کوژراوە، پاشاخان (سامسام)ی کوڕی قادر ئاغای ئیندرقاشە کە وێدەچێ نازناوی شوجاعولمولکیشی هەبووبێ.[٦٢] لە بابەت گوتەی ئوژین ئۆبین دەکرێ بگوترێ بە هەڵە چووە و ئەو دوو کوڕە گەڕاوەی قادرئاغا ڕەشیدئاغا و پاشاخان بوونە واتا شەهابولمولک و (شهاب‌الملک) و سامسام (صمصام‌السلطان).[٦٣]

دوو نوسخەم لەم بەیتە دەست کەوتووە: یەکەمیان بە دەنگی ڕەسووڵ مینایی (ڕەسووڵ شیرمۆخ)ە کە دوو جۆری گوتووە (لە سەر یەک هەوان) بە دەقی «ئەلف» و دەقی «ب» نیشانی دەدەم و دووەمیان نوسخەیەکی ناتەواوە بە دەنگی حوسێن شەشە (حوسێن کەنیلە) کە بە دەقی «پ» دەستنیشانی دەکەم.

# سامسام

## ڕەسووڵ شیرمۆخ نوسخەی «ئەلف» [٦٤]

دەنگی ئاغام لە بڵیندان دێ
سەدای سامسام لە برجان دێ[٦٥]
هەر لە سبەینێ تا نیوڕۆیە
لەشکر ساز بوو، درا لە کۆیە
سامسام ڕۆیی بۆ « زاخۆ »یە[٦٦]
دەنگی ئاغام لە بڵیندان دێ
سەدای سامسام لە برجان دێ
هەر لە سبەینێ تا ئێوارێ
لەشکر ساز بوو، هاتە خوارێ
خوێن لە سامانیان دەبارێ [٦٧]
دەنگی ئاغام لە بڵیندان دێ
سەدای سامسام لە برجان دێ
سامسام کوڕی قادراغایە
ئاسن نییە، سوورر پۆڵایە[٦٨]
مەردی پاڵە قەت هەڵنایە[٦٩]
سەدای سامسام لە برجان دێ
دەنگی ئاغام لە بڵیندان دێ
سامسامم مەردێکی پاڵە
پێن[ج] سەد سواریان کرد حەواڵە
تەورێزی گرت ماڵ بە ماڵە[٧٠]
دەنگی ئاغام لە بڵیندان دێ
سەدای سامسام لە برجان دێ
سامسام ڕۆیی، چۆ « تەورێز »ێ[٧١]

ڕەبی خودا بتپارێزێ
لەشکر چۆ دە مەتەرێزێ
سەدای سامسام لە برجان دێ
دەنگی ئاغام لە برجان دێ
دەگەڵ تۆمە ئەسپە کوێتە
کلکت دەبڕم دەگەڵ گوێتە[72]
نەگوژن خانی سەر پشتێتە
سەدای سامسام لە بڵیندان دێ
دەنگی ئاغام لە برجان دێ
دەگەڵ تۆمە ئەسپە شێیە
کلکت دەبڕم دەگەڵ گوێیە
خانی سەر پشتێت لە کوێیە؟
سەدای سامسام لە نەویان دێ
دەنگی ئاغام لە نەویان دێ[73]
دەگەڵ تۆمە ئەسپە بۆرە
دوژمن و نەتەوی زۆرە
خان لێکیان دا نۆر بە نۆرە
سەدای سامسام لە بڵیندان دێ
دەنگی ئاغام لە برجان دێ
«کەریم» [74] دەڵێ مامە «خوودە» [75]
سامسام کوژرا بێهوودە
حاسڵ نەبوو ئەو مەخسوودە
دەنگی ئاغام لە بڵیندان دێ
سەدای سامسام لە برجان دێ
کەریم دەڵێ مامە «مینە» [76]
«ئەحمەد» [77] دەڵێ مامە مینە
مەیتی سامسام واوە بینە
پێمان خۆش بوون دێبۆکرینە[78]
سەدای سامسام لە نەویان دێ

دەنگی ئاغام لە نەویان دێ
کەریم دەڵێ مامە پاشا[79]
ئەحمەد دەڵێ مامە پاشا
مەیتی سامسام واوە بکێشە
پێمان خۆش بوون پەپاخڕەشە[80]
سەدای سامسامیم بۆ نایە!
دەنگی ئاغام ئەوڕۆ نایە!

# سامسام

## ڕەسووڵ شیرمۆخ نوسخەی « ب »

هەر لە سبەینێ تا بەیانی
لەشکر ساز بوو خان نەیزانی[81]
«سەدای ئاغام لە بۆ نایە
دەنگی ئاغام لە بۆ نایە» [82]
هەر لە سبەینێ تا کێشتانێ
لەشکر ساز بوو بۆ «گەوگان»ێ[83]
سەدای ئاغام لە بۆ نایە
دەنگی ئاغام لە بۆ نایە
هەر لە سبەینێ تا نیوەڕۆ
لەشکر ساز بوو بۆ سەر زاخۆ
سەدای سامسام لە بۆ نایە
دەنگی ئاغام لە بۆ نایە
هەر لە سبەینێ تا ئێوارێ
لەشکر ساز بوو، هەتا خوارێ
سەدای ئاغام لە بۆ نایە
دەنگی سامسام لە بۆ نایە
دەگەڵ تۆمە ئەسپە شێیە
کلکت دەبڕم دەگەڵ گوێیە
خانی سەر پشتت لە کوێیە
دەنگی سامسام لە بۆ نایە
سەدای ئاغام لە بۆ نایە
سامسام کوڕی قادراغایە
ئاسن نییە، سوور پۆڵایە
مەردی پاڵە، قەت هەڵنایە

سەدای ئاغام لە بۆ نایە
دەنگی سامسامیم بۆ نایە
سامسامم مەردێکی پاڵە
پێن[ج] سەد سواریان کرد حەواڵە
تەورێزی کرد ماڵ بە ماڵە
دەنگی سامسام لە بۆ نایە
سەدای ئاغام لە بۆ نایە
لەشکر دەستی دابۆ نێزێ[٨٤]
هجوومی کرد بۆ تەورێزێ
ڕەبی خودا بتپارێزێ
سەدای سامسامیم بۆ نایە
دەنگی ئاغام لە بۆ نایە
ئەحمەد دەڵێ مامە مینە
کەریم دەڵێ مامە مینە
تۆڵەی سامسامی بستینە
پێمان خۆش بوون دێبۆکرینە
سەدای سامسام لە بۆ نایە!
دەنگی ئاغام لە بۆ نایە
ئەحمەد دەڵێ مامە پاشا
کەریم دەڵێ مامە پاشا
مەیتی سامسام واوە بکێشە
پێمان خۆش بوون پەپاخڕەشە
سەدای سامسام لە بۆ نایە!
دەنگی ئاغام لە بۆ نایە!

# سامسام

## حوسێن شەشە نوسخەی «پ» [85]

جا ئەوە بەیتی سامسامییە، ئەگەر ئەمن منداڵ بووم بیستوومە. سامسام کوڕی «قادراغای ئیندرقاش»ی بووە. پیاوێکی زۆر بەرجەستە بووە. هیچ کەس لە ڕاست ئەوی نەیتوانیوە زمانی بگەڕێ.[86] برازایەکی بووە ئەحمەدە چکۆڵەیان پێکوتووە. دێبۆکریان ئەحمەدە چکۆڵەیان فریو دا. سامسام لەشکرێکی کرد بۆ تەورێزێ. سامسام بە دەستی ئەحمەدە چکۆڵەی لە ڕێیە تەورێزێ گوژرا،[87] هیچ کەسیش نەیزانی ئەگەر ئەحمەدە چکۆڵە تفەنگی لە پێش خۆی دانابوو بە سواری! دە گەڕانەوەیدا سامسام دەهاتەوە. تەقەی تفەنگێکی هاتووە و سامسام لە سەر سوارییە وەرگەڕاوە. جا مەیتی سامسامیان هێناوە ئیندرقاشی. ئەمن وە بیرم نایە، ئەوانەی لێم بیستوون دەیانکوت: ئەگەر هێنایانەوە دوو کەس لە ئیندرقاشی پێیان هەڵدەکوت، ژنێک و پیاوێک.[88]

سامسام دەڵێ ئەی سەتارە[89]
ئەو لەشکرەت پێ قومارە؟
بۆم هاتوویە هەزار سوارە!
سەدای سامسام لە برجان دێ[90]
هەر لە سبەینێ تا نیوەڕۆیە
لەشکر گەییە «سەردەرۆ»یە
نۆکەر دەکەن ئاغارۆیە
سەدای سامسام لە برجان دێ
ئەسپی هێنا دەر لە خاوێ
لەشکر گەیشتە «میاندواو» ێ
سامسام گەیشتە نەکاوێ[91]
سەدای ئاغام لە برجان دێ

هەر لە سبحەینێ تا چێشتانێ
لەشکر گەیشتە «گەوگان» ێ
نۆکەر دەڵەن: ئاغا کوانێ؟
سەدای سامسام ئەورۆ نایە
سامسام سواری ئەسپی ئاڵە
هەزار سواری کرد حەواڵە
تەورێزی گرت ماڵ بە ماڵە
سەدای ئاغام لە برجان دێ[٩٢]
ئەحمەد دەڵێ مامە مینە
چەکمە ڕەشی پاتۆڵ شینە[٩٣]
تۆڵەی سامسامی بستینە
ئەحمەد دەڵێ مامە پاشا
مەیتی سامسامیان ڕاکێشا
ئەمن لە کوشتنێم کرد هاشا[٩٤]
دەگەڵ تۆمە ئیندرقاشینە
وەک پڵنگی چەنگ بە خوینە
تۆڵەی سامسامی بستینە
سامسام کوڕی قادراغایە
خەنجەری خالیس پۆڵایە
لەبەر لەشکری هەڵنایە.

# بۆچوون و پەراوێزەکانی بەیتی سامسام

١- گوندی دریاز لە دە کیلۆمیتری سەر جادەی قیلەتاوی مەهاباد - ورمێ هەڵکەوتووە. لەگەڵ دوو شوێنەواری بەردەکونتێ و فەقرەقا سێ سووچی شوێنەواری مێژوویی دەشتی شارویرانی باکووری مەهاباد پێکدێنن. دریاز بەر لە سابڵاغ ناوەندی ناوچە بووە.

٢ - چابقلوو (چوپوقلوو، چاپخلی) کە لە سەردەمی دەسەڵاتی قەرەقۆینلوو (١٣٧٨-١٤٦٩ی ز.)ەکاندا، بە ماوەی نیزیک سەد ساڵ، بە سەر ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا فەرمانڕەواییبیان کرد. بۆ ماوەیەک دەشتی شارویرانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و میرسەیفەددینی موکری لە ناوچە ڕاوی نان. ئەو ناوە تورکییانەی بە سەر هەندێ گوندی ئەو دەشتەدا ماونەوە هی ئەو سەردەمەن.
ئەحمەد بیرشک لە گاهشمارییەکەیدا ساڵی ١٣٨٠ی زایینی نووسیوە.

٣- سارمبەگی کوڕی میرسەیفەددینبەگ، یەکێک لە ناودارترین حاکمانی موکری بوو. شەڕێکی خوێناوی و دووردرێژی بۆ پاراستنی موکریان لەگەڵ سەفەوییەکان کرد. عەلیئەکبەر خەتایی لە سەفەرنامەکەی خۆیدا بە ناوی «خەتایینامە» دەنووسێ: «کوڕێک و برایەکی کە لە شەڕدا بە دیل گیران. بە فەرمانی شائیسماعیل، سەربازانی سەفەوی گۆشتی ئەوانیان خوارد.» سارمبەگ وەسیەتی کرد ئەگەر مرد لە باشووری مەهاباد، لە سەر «کەڵکی بەگزادان» بینێژن و دوو کێلی بەرزی بۆ بچەقێنن هەتا دوژمن بە مردووییش نەوێرێ لە ترسی ئەو بەرەو سابڵاغ بێ. ئەو کێلانە هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی مابوون و هەر کەس لە لای میاندواوەوە بەرەو مەهاباد هاتبا یا چووبا دەبوایە بە پەنا ئەو دوو کێلە بەرزەدا تێپەڕێ. ئێستا کەڵکی بەگزادان خەریکە دەکەوێتە نێو شار. هەلپەرستان چەند جار قەبری سارمبەگیان هەڵوەشاندووە و لە لایەن خێرخوازان چاک کراوەتەوە.

٤- شائیسماعیل (٨٩٢-٩٣٠ی کۆچی مانگی/ ١٤٨٧-١٥٢٤ی ز.)، کوڕی شێخ حەیدەر و بناغەدانەری سیلسیلەی سەفەوی لە ئێراندا بوو.
٥- شاتۆماسب، کوڕی شائیسماعیل و دووەمین پادشای سیلسیلەی سەفەوییە. ساڵی ١٥٢٤ دوای مەرگی باوکی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت تا ساڵی ١٥٧٦ حکوومەتی کرد.
٦- ئەمیرەبەگی دووەم کوڕی شێخ حەیدەر، بە گوتەی محەمەد سەمەدی بازنەی دەسەڵاتدارەتی لە هەموو حاکمانی موکری گەورەتر بووە. (وتاری: نیم‌نگاهی به گذشته مهاباد، مجله مهاباد، شماره ٨٩-٩٠)
٧- شێخ حەیدەر کوڕی ڕۆستەم کوڕی ئەمیرەبەگی یەکەم کوڕی سارمبەگ.
٨- سوڵتان مرادخانی عوسمانی، دەبێ مەبەست سوڵتان مرادی چوارەم بێ.
٩- ئەمیرە، مەبەست ئەمیرەبەگی دووەمە.
١٠- شاعەبباسی هەوەڵ (٩٧٨- ١٠٣٨ی کۆچی/ ١٥٨٨- ١٦٢٨ی زایینی)، کوڕی سوڵتان محەمەدی خودابەندە، پێنجەمین پادشای بنەماڵەی سەفەوی. ڕووداوی قەڵای دمدم و موکریقڕان لە دەورانی حوکمدارەتی ئەودا ڕووی داوە.
١١- ئێرەوان، پێتەختی ئێستای وڵاتی ئەرمەنستان.
١٢- خانی لەپزێرین، قارەمانی کارەساتی حیماسی مێژوویی قەڵای دمدم.
١٣- ڕووداوی موکریقڕان بەناوبانگە. پاش گیرانی قەڵای دمدم ڕووی دا. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢٠ی بەیتی دمدم.
١٤- بڕوانە: پەراوێزی ژمارە ٥ی بەیتی «عەوڵاخانی موکری».
١٥- شێرخان کوڕی شێخ حەیدەر کوڕی ئەمیرەبەگی دووەم.
١٦- میراوێی نەڵێن، هەر ئێستا شارەدێیەکە لە سەر ڕێگای پیرانشار - سەردەشت. بە میراوێی مەلاخەلیل مەنشوورە؛ ئەو مەلا خەلیلەی ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی/ ١٩٢٨ لە سەر یەکسانی جلوبەرگ بە دژی ڕەزاشای پەهلەوی لە ناوچەی مەنگوڕان ڕاپەڕی.
١٧- ساڵی ١٣١٥ی هەتاوی بە پێشنیاری ڕەشید یاسەمی لە لایەن

حکوومەتی ئەو کاتی ئێرانەوە ناوی سابلاغ کرا بە مەهاباد. پێشتر لە نامە و پێوەندییەکانی دەوڵەتیدا «ساوجبلاق مکری» دەنووسرا.

١٨- ئێلی دێبۆکری بە سەرپەرشتی «بەیرەم ئاغا» لە ئاخروئۆخری حوکمداری «نادرشا» لە دەورو بەریساڵی ١١٥٧ی کۆچی مانگی لە «دیاربەکر»ەوە هاتوونە ناوچەی موکریان. لە «بەیرەمۆ»ی نیزیک گوندی «شاوەلە» (سەر بە شاری پیرانشار) گیرساونەوە. بە ئێلی «قارەمانی» مەنشوور بوونە. دوای ماوەیەک گوندی «دێبۆکر» دەکڕن و بە دێبۆکری ناوبانگ دەردەکەن. بەیرەم ئاغا سێ کوڕی هەبووە ڕەسووڵ ئاغا، سلەمان ئاغا، شێخ ئاغا (طوایف و عشایر کرد، ص ٥٩-٦٠). گوندی دێبۆکر لە نیزیک مەهابادە و کەوتووەتە ڕۆژئاوای ئەو شارە.

لێرەدا بۆ ئاگاداری پتر لە دێبۆکرییەکان بە پێویست دەزانم نامەی ئەمیر حەسەنپوور بۆ جەعفەر حوسێنپوور(هێدی) بێنمەوە: کاک هێدی خۆشەویست! وێڕای سڵاو! وەڵامی نامەکەت بۆوەی زۆر وە دوا نەکەوێ بە کورتی دەنووسمەوە. لەمەڕ عەشیرە: ئەگەر مەبەست لە عەشیرە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - ئابووری وەک بڵباسی جاران (مەنگوڕ، مامەش...) بێ، دەکرێ بڵێین دێبوکری عەشیرە نین. لە پێکهاتەی وەک بڵباسدا، تەواوی ئەندامانی عەشیرە یان کۆمەڵە عەشیرە لە یەک ڕەگەز و بنەچەکەن - هەم ئاغا و سەرۆکعەشیرە هەم ئەندامی خوارتری عەشیرە. زۆرتریش وا هەیە کە نیزامی ئابووری عەشیرە، نیزامێکی ئاژەڵداری بووە و بەرهەمی کشتوکاڵ کەم بووە یان نەبووە و ناکۆکی چینایەتی کەمتر بووە و زۆر شتی تر. (نازانم «مەیدانی ئارد»ی و «مەیدانی مەنگوڕان»ی جارانت [لە مەهاباد] لە بیرە یان نا؟ مەیدانی مەنگوڕان چیان لێ دەفرۆشت؟ بەرهەمی گوندەکانی ڕۆژئاوای شار - مەنگوڕایەتی - کە لە مەیدانی مەنگوڕان دەفرۆشرا چ بوو؟ پەنیری پێستێ، بیزا، ماست، مێوژە ڕەشکە و شتی وا. لە مەیدانی ئاردی کە مەیدانی گوندەکانی شاروێران بوو زۆرتر چ دەفرۆشرا؟ گەنم، جۆ، هەرزن، ئارد، شووتی و کاڵەک، ترێی باغاتی شاروێران).

بەپێچەوانەی بڵباسەتی، تایفەی دەرەبەگی دێبوکری لە بنەچەکە و ڕەچەڵەکدا لەگەڵ خەڵکی گوند کە پێیان دەڵێن «کرمانج» جیاوازن، بە ئینسانیان دانانێن، پێوەندی ژن و مێردییان نییە یان زۆر کەمە و دوو چینی کۆمەڵایەتی دژی یەکترن. لە باری مێژووییەوەش، تایفەی دێبوکری بۆخۆیان دەڵێن کە بەرەی بەیرەم ناوێکن کە لە دێبۆکر دەژیا و ورده ورده دەوڵەمەند بوو و زەوی‌وزار و دێهاتی کڕی و زەوتی کرد... ئەمیر ١٩٩٧/٤/٢٨ (سەرچاوە: کتێبی ئامادە بۆ چاپی «هۆزەکانی دانیشتووی دەوروبەری سابڵاغی موکری» - هێدی)

عەشیرەی دێبۆکری: نەتەوەی ئالوورئاغا و شالوورئاغان. [لە] دێی دێبۆکری کە لە ڕۆژاوای جنووبی شاری سابڵاخە پێگەیشتوون و بوونەتە عەشیرەتێکی گەورە و زەبەردەست و دارا و دەوڵەمەند و خاوەن مڵک و سامان. (سەرچاوە: کوردستانی موکریان یا ئاترۆپاتێن، حوسێن حوزنی).

بە پێی وتەکانی عومەرئاغا عەلی‌یار (١٩٢٠ - ٢٠٠٧) ئێلی دێبۆکری بە سەر ٥ بەرەباب و ٣٠ تایفە دابەش دەکرێن:

١- مارفئاغا: حەمیدی، ڕەسووڵی، حیسامی، پیرۆتی، گولابی، موهتەدی، ئێلخانی‌زادە، مەعرووفی، عەلی‌یار.

٢- حەمەدئاغا: محەمەدی، کەریمی، فەتاحی، عەزیزی، موزەففەری، سەددیقی، دێبۆکری، موجەڕڕەد.

٣- هەباسئاغا: عەباسی، قادری، شەهابی، فەرید.

٤- سڵەمانئاغا: ئەبووبەکری، دانیشمەند، محەمەدی، ئەحمەدی، بایەزیدی، سولەیمانی، قارەمانی.

٥- شێخئاغا: شێخئاغایی، حەقیقی.

١٩- بڵباس: بڕوانە پەراوێزی هەمزاغای (ع.س)

٢٠- ئەم ڕووداوە کراوەتە بەیت و بە بەیتی باپیرئاغای مەنگور مەنشوورە. دەڵێن لەو هەزار سوارە تەنیا وەستایەکی دارتاش ڕزگاری بووە. دوای ئەم ڕووداوە نێرێنە لە مەنگوڕان دەبڕێ، دەبن بە «مێ وەجاغی» (توحفەی موزەففەرییە). کوژرانی باپیرئاغا

شوێنی خستۆته سەر بیروباوەڕی هەمزاغا. ئەم دێڕە لە بەیتی هەمزاغایە: کۆنە خوێنم وە بیر دێن وێ ساڵی سەر بڕانێ.
٢١- بڕوانە: پەراوێزی ژمارە ١٢ی بەیتی باپیرئاغای مەنگوڕ.
٢٢- قادرئاغا کوڕی هەباساغا یەکێک لە ناودارانی دێبۆکری؛ لە گوندی ئیندرقاش نیشتەجێ بوو و نزیکەی سەد ساڵ ژیا.
٢٣- عەباس ئاغا کوڕی ڕەسووڵ ئاغا کوڕی بەیرەم ئاغای باپیرەگەورەی دێبۆکرییەکانە.
٢٤- (١٦ی ڕەبیعولسانی ١٢٥٦ی کۆچی مانگی). مادە تاریخی کوژرانی عەباسئاغا وشەی فارسیی «روغن» ە.
٢٥- عەوڵاخان کوڕی بداغ خان کوڕی شێخ عەلی خان کوڕی مووساخان کوڕی بداغسوڵتان ساڵی ١٢٦٢ی کۆچی مانگی (١٢٢٥ی هەتاوی ١٨٤٦ی زایینی) کۆچی دوایی کردووە.
٢٦- گوندی ئیندرقاش کەوتۆتە باکووری مەهاباد. دەڵێن کۆنترین گوندی ناوچەیە و لە سەردەمی زەردەشت و مادەکاندا شوێنێکی گرینگ بووە. دەڵێن وشەی ئیندرقاش لە "ئاگری گەش"ەوە هاتووە. فەقرەقا بە ڕووکاری ئەم گوندەوە هەڵکەوتووە. بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە زۆربەی ناوی گوندەکانی دەشتی شاروێران ترکین، دەکرێ شک لەو بۆچوونانە بکرێ.
٢٧- "ئۆژین ئوبێن" باڵوێزی فەرانسە لە ئێران، لە کتێبی «ایران امروز» دا کە ساڵی ١٩٠٦ی زایینی (١٢٨٥ی هەتاوی ١٣٢٤کۆچی مانگی) نووسیویە، لە باسی موکریاندا دەنووسێ: موکرییەکان ٥٠٠٠٠ بنەماڵە و دێبۆکرییەکان ١٠٠٠٠ بنەماڵەن. دێبۆکرییەکان باشترین یاریدەر و پشتیووانی دەوڵەتن. ئەوانە (واتا دێبۆکرییەکان) لە سەدەی هەژدەدا لە ژێر باری نەداری و دەستکورتی لێبڕان خاکی دیاربەکر بە جێ بێڵن و بێنە خاکی موکریان؛ چونکە زۆر لێهاتوو و کارامە بوون، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان پەرە پێدا و هەتا توانیان سەرانسەری دەشتی شاروێران وە چەنگ بێنن. ئێستا ٢٠٠ ئاغایان هەیە. لە هەمووان نێوبەدەرەوەتر و دەوڵەمەندتر «قادراغا»یە.

٢٨- سەید محەمەد سەمەدی لە «تاریخچەی مهاباد» دا ساڵی کوژرانی باپیرئاغای ١٨١٠ی زایینی نووسیوە.
٢٩- کوژرانی ئەحمەدئاغا و برایم ئاغام لە زمانی «عومەرئاغا عەلییار»ەوە هێناوەتەوە. بە گوتەی عومەرئاغا کوژرانی ئەم دووانە بوو بە هۆی ئەوە بنەماڵەی حاجی ئێلخانی ببنە پشتیووانی مەشرووتەخوازان و دژ بە دەوڵەتی قەجەر هەڵوێست بگرن.
٣٠- ساڵی ١٩٠٥ موزەففەرەددین شا سەفەری ئورووپای کرد؛ محەمەدعەلیمیرزای کوڕی تەوریزی بە «نیزامولسەلتەنە» ئەسپارد و خۆی بە بریکاری ڕۆیشتە تاران. دەوڵەت کە خۆفێکی زۆری لە محەمەدئاغای شکاک و جەعفەرئاغای کوڕی هەبوو، لە نیزامولسەلتەنەی خواست کە جەعفەرئاغا بانگهێشتی تەوریز بکا و متمانەی بداتێ و بیکوژێ. جەعفەرئاغا یەکودووی لێ نەکرد، بە خۆ بە حەوت کەس لە نزیکانی کە یەکیان خاڵی بوو، هاتە تەوریز. نیزامولسەلتەنە «محەممەحوسێنخانی زەڕغام» کە سەرۆکی سوارەی قەرەداغ بوو ڕائەسپارد جەعفەرئاغا بکوژێ. ئەویش جەعفەرئاغای بۆ ماڵە خۆی بانگهێشتن کرد. فەڕاشان ڕێنوێنییان کردە هۆدەیەکی بچووک. زەڕغام لە دیوێکی ترەوە بە کەلێنێکدا سێرەی لێگرت و یەکەم گوللە کوشتی. (تارخ مشروطه ایران ج١، ص ١٤٤).
٣١- دەڵێن قادراغا لە ئیندرقاش تاوسێکی زۆری ڕاگرتبوو. هەموو جارێ کە چەکدارەکانی بەرەو شوێنێک دەچوون پەڕی ئەو تاوسانەیان دە سەریان دەچەقاند! (ئێستا لە ناوچەدا سوارەی پەڕ بە سەری قادراغا بە مەسەل دێننەوە)
٣٢- ئوژین ئوبێن لە «ایران امروز» دا دەنووسێ: لە پێنج کیلۆمیتری شار (واتا مەهاباد) لە لێژایی چۆمدا، دێی نۆ سەد ماڵەی ئیندرقاش، کە قەڵا و شوێنی حوکماتی قادراغایە، هەڵکەوتووە. پیاوێکی لێهاتووی دێبۆکرییە و لە ژێر چەتر و چاوەدێری دەوڵەتدا گەورە بووە، هەتا لە ڕاست هێزی موکرییەکان پارسەنگێک بێ! دەوڵەت هەر یارمەتییەکی بیهەوێ پێی دەکا. ئەو سەرۆکی تایفەی خۆیەتی.

هەشت هەزار ڕەعیەتی هەیە. هەزار سواری ئەو لە ئەمر و نەهێی حاکمدان. تەنانەت چل کەس لە پارێزەرانی شا لە لای ئەوەوە دەنێردرێتە تاران!

٣٣- بێجگە لە گوتەی عومەراغا عەلی‌یار بەڵگەیەکی تری باوەڕپێکراومان بە دەستەوە نییە. بە دوو هۆ وێدەچێ ڕاست بێ. یەکەم: کوژرانی ئەحمەدئاغا و برایمئاغای ئێلخانی کە باسمان کرد. دووەم: پشتیووانی دەوڵەت لە بنەماڵەی قادراغا و بە هێند نەگرتنی بنەماڵەی ئێلخانی.

٣٤- قادرئاغا لە سپتامبری ١٩٠٦ (ڕەزبەری ١٢٨٥ی هەتاوی - شەعبانی ١٣٢٤ی کۆچی مانگی) لە کاتی دیداری ئۆژین ئوبێن لە ئیندرقاش زیندوو بووە، لە کاتی کوژرانی شوجاعولمولکی کوڕی ٢٣ی ڕەبیعولئەوەڵی ١٣٢٧ (خاکەلێوەی ١٢٨٨ی هەتاوی - ئاوریلی ١٩٠٩ی زایینی) لە دنیادا نەماوە.

٣٥- لە ٢٣ی ڕەبیعولئەوەڵی ١٣٢٧ لە قەراغ شاری تەورێز بە گوللەی مەشرووتەخوازان دەپێکرێ.

٣٦- حاجی محەمەدئاغای ئێلخانی کوڕی مارفئاغای کوڕی ڕەسووڵئاغای کوڕی بەیرەمئاغایە، لەگەڵ قادراغا ئامۆزا بووە.

٣٧-بە گوتەی عومەرئاغا عەلی‌یار، ئیندرقاش دەوروبەری ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی مانگی کراوە.

٣٨- دوای کوژانەوەی چرای ئەم بنەماڵەیە، تەنیا کەسێکی ناوی دەرکرد «کەریمئاغا» کوڕی مینەئاغای کوڕی قادرئاغا بوو. ئەم کەریمئاغایە لەگەڵ ئاغا دێبۆکرییەکان بە هانای لەشکری عوسمانییەوە چوو. لە شەڕی سۆفیان (صوفیان) کە لە نێوان ڕووس و عوسمانیدا ڕووی دا، بێ سەروشوێن چوو. ئەم شەڕە ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی مانگی (١٢٩٣ی هەتاوی - ١٩١٤ی زایینی) ڕووی داوە و لە ناوچەی موکریاندا بە ساڵی «ئەرکان» مەنشوورە.

٣٩- عەلی‌ئاغای حاجی‌ئێلخانی (ئەمیرئەسعەد)، ساڵی ١٢٦٢ی هەتاوی لە گوندی «تازەقەڵا»ی نێوان مەهاباد و بۆکان لە دایک بوو. لە بەرەی سێ ژنان دوازدە کوڕ و هەشت کچی لە دوا بەجێ ما: برایم، سلەمان، عوسمان، حەسەن، گوڵاوی، حوسێن، عومەر،

ڕەشید، ڕەحمان، فەتاح، پیرۆت، خالید، نەزاکەت، شەوکەت، تووبا، سارا، ئامین، خەجیج، مەنیج، مەعسووم.

عەلیئاغا ڕۆژی ٦ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە گوندی «وشتەپە» بە نەخۆشیی تەوژمی خوێن کۆچی دوایی کرد و لە هەیوانی باکووری گومبەزی «حەمامیان» نێژرا.

٤٠- سەمەدخان: حاجی سەمەدخان، ناسراو بە شوجاعولدەولە، یەکێک لە زۆردارانی بەناوبانگە، بە ئەوپەڕی دڵڕەقی لەگەڵ مەشرووتەخوازانی تەورێز جووڵایەوە. کاتێ عەینولدەولە، کاربەدەستی محەمەدعەلی شای قاجار نەیتوانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی خەڵکی تەورێز دامرکێنێ، محەمەدعەلیشا سەمەدخانی لە تارانەوە ناردە شاری مەراغە کە بچێتە تەورێز و سەری سەربزێوان نەرم بکا. سەمەدخان هەر کە گەیشتە مەراغە، لە پێشدا ئازاری خەڵکی ئەو شارەی دەست پێکرد و پووڵی لە دەوڵەمەندان ئەستاند. ئەوجار ڕووی لە تەورێز کرد و لە ٢٧ی زیلقەعدەی ساڵی ١٣٢٦ی کۆچی لە خانەقا بەرەوڕووی ئازادیخوازان بۆوە و شکستی دان. لەوێوە چووە خەسرەوشا و دوای لێ کۆبوونەوەی سپای پتر ڕووی لە تەورێز کرد و ئەو شارەی گەمارۆ دا و چەند گەڕەکی گرت. ئازادیخوازان بەرەنگاری بوونەوە و ئەو گەڕەکانەیان لێ ئەستاندەوە. سەمەدخان گەڕاوە مەراغە و خۆی وەک مەشرووتەخواز ناساند، بەڵام چون دەنگۆی هاتنەوەی محەمەدعەلیشا بۆ ئێران پەیدا بوو، ئەنجومەنێکی دانا و بە خەڵکی گوت: محەمەدعەلیشا دەگەڕێتەوە و بۆ منی نووسیوە بچمە تەورێز و مەشرووتەخوازان لابەرم. چەند جاری هێرش بردە سەر تەورێز و هیچی بۆ نەچووە سەر و بەناچاری ملی بۆ ئاشتی درێژ کرد. دوای هاتنی ڕووسەکان بۆ ئێران و ئازاری خەڵک، سەمەدخان بە یارمەتی ڕووسان حکوومەتی شاری بە دەستەوە گرت.

خوێنێکی زۆری ڕشت. وڵات کە ئارام بۆوە ئەویش دەستی لە ئازاری خەڵک هەڵگرت، بەڵام دیسان سەربزێوی دەست پێکردەوە و دەستووری هەڵبژاردنی خستە پشت گوێ. دوای ڕووخانی کابینەی

عەلائولسەلتەنە و هاتنە سەر کاری مستەوفیلمەمالیک، سەمەدخان لە سەر کاری حکوومی لابردرا و چۆوە ماڵی خۆی لە نێعمەتئاوا و لەوێش نەگیرساوە و بەرەو تفلیس وەڕێ کەوت. بڕوانە: (تاریخ مشروطه ایران، تاریخ هیجده ساله اذربایجان: احمد کسروی.)

موەریخولدەولە سپێهر لە خەبەری ڕۆژی یەکشەممە ١١ی ژوئیەی ١٩١٥ م. نووسیویە: بە پێی ئەو خەبەرانەی لە ڕووسیەوە پێمان گەیوە، سەمەدخانی شوجاعولدەولە، فەرمانفەرمای داسەپاوی ئازەربایجان کە بە یارمەتی ڕووسان زوڵم و زۆرییەکی بێ ئەژماری لە خەڵک کرد، بە نەخۆشی سەرەتان مردووە. «ایران در جنگ بزرگ» (لغتنامه دهخدا/ وشەی صمدخان)

٤١- فەرمانفەرما: عەبدولحوسێنمیرزای فەرمانفەرما «سالارلەشکەر» (١٢٣١-١٣١٨ی هەتاوی/ ١٨٥٢- ١٩٣٩) کوڕی فیرووزمیرزا.

٤٢- «عەیزە سوور» لە تایفەی شێخئاغایی دێبۆکری لەشکری کردە سەر سەمەدخان و سابڵاغی پێ بە جێ هێشت. ئەم ڕووداوە کرابوو بە گۆرانی. ئەم چەند دێڕە لە بیر ماوە (عەیزە سوور و سەمەدخان/ بایزئاغا و فەرمانفەرمان/ وەک هەور لێکیان گرمان). بایزئاغای مەنگور کوڕی کاکەڵڵاغا و برازای هەمزاغا بوو.

٤٣- چارداوڕوو، (چارداوڵی) تایفەیەکی کوردە، ژینگەی سەرەکی ئەوان پارێزگای ئیلامە. بەشێک لە ئەوان ئێستا لە تیکاب و شاییندژ دەژین.

٤٤- گۆرانلوو: ناوی تایفەیەکە لە ئێلی شقاقی کە بە زمان تورک و بە مەزەب شیعەن و مەسکەنی سەرەکییان ئازەربایجان بووە. بەشێکیان لە باکووری خۆراسان دەژین و بە دوور نییە لەو تیرە و تایفە کوردانە بن کە بە هۆی گۆڕانی مەزەب و هەروەها بڵێند و نەوییەکانی ڕۆژگار و کۆچی بە زۆرەملی لە کوردبوون شۆرابنەوە.

٤٥- قەرامەلک: ناوی گوندێک بوو لە ڕۆژئاوای شاری تەورێز و ئێستا بووەتە گەڕەکێکی ئەو شارە.

٤٦- ئاناخاتوون: ئێستاش گوندێکە لە باکووری ڕۆژئاوای تەورێز.

٤٧- لەو وەختەوە کە سەمەدخان لە سەردەرۆ و قەرامەلک دابەزیوە،

ڕۆژ نەبوو لە مەراغە و کوردستانەوە سوارە و پیادەی چەکدار بە یاریدەیەوە نەچن. (تاریخ مشروطە ایران: احمد کسروی) وێدەچێ سوارەی ئیندرقاش هەر لەو سەروبەندەدا گەیشتبنە سەردەرۆ.

٤٨- مەبەست سەتتارخان (١٨٦٦-١٩١٤)ە. «سەتتار قەرەداغی ناسراو بە سەرداری میللی، یەکێک لە ڕێبەرانی مەشرووتەخوازانی تەورێز بوو.

٤٩- تاریخ مشروطە ایران: احمد کسروی چاپ ١٣.

٥٠- بەیتی یەکەم لە زمانی ڕەسووڵ مینایی (ڕەسووڵ شیرمۆخ)ە و بەیتی دووەم لە زمانی حوسێن شەشە (حوسێن کەنیلە)یە کە نیوەچڵ و ناتەواوە.

٥١- نووسراوە مێژووییەکان: الف - تاریخ مشروطە ایران، احمد کسروی، چاپ چهاردهم. ب - ایران امروز، اوژن اوبن، چاپ اول، ١٣٦٢.

٥٢- ئەلف- «عومەرئاغا عەلییار» (١٩٢٠-٢٠٠٧) کوڕی عەلیئاغای کوڕی حاجی محەمەدئاغای ئێلخانی کە لە سەر ڕووداوەکانی ناوچە بەتایبەتی سەبارەت بە موکری و دێبۆکرییەکان شارەزایی هەیە. ب- «مینەی مامسوڵتان» دانیشتووی ئیندرقاش. پ - «بداغ خان» کوڕی ڕەشیدئاغا کوڕی قادرئاغا.

٥٣- هەم عومەراغا عەلییار و هەم بداغخان لە سەر ئەم باوەڕەن کە قادرئاغا ئەم چوار کوڕەی بووە. قەباڵەکانیش هەر ئەمە نیشان دەدەن.

٥٤- نێوانی ساڵی ١٣٢٥ هەتا ١٣٢٧ی کۆچی هەتاوی. وێدەچێ ساڵی ١٣٢٦ بووبێ.

٥٥- بداغ خان دەڵێ وە بیرم دێ کە مینەئاغا لە کەرێزە مرد. ئەو ئاغایەتی لە سەر کەرێزە و دایماو و دێهاتی دەوروبەر کردووە. یەکێک لە فەرماندەرانی لەشکری شێخ عوبەیدیڵڵا شەمزینی بووە.

٥٦- ئۆژین ئوبێن کە دەچێتە ئیندرقاش ناوی دوو کوڕی گەڕاوەی قادرئاغا دەبا (شجاع‌الملک) و (صمصام‌الملک) تەنیا لێرەدا نەبێ لە هیچ نووسراوەیەک ناوی سامسامم نەبینیوە.

٥٧- لەو سامسامی چاو هەڵۆیە/ لەشکر گەییە سەردەرۆیە/ نۆکەر دەیکرد ئاغارۆیە.

٥٨- ئێستا کە ئیندرقاش پەرەی ئەستاندووە ئاغەڵەکە کەوتۆتە نێو ماڵان، کێلەکان شکاون و تەنیا کێلێکی بە ساغی ماوەتەوە کە هی کچی هەباساغایە و ساڵی ١٢٩٧ کۆچی مانگی مردووە. وەک دەڵێن لەو ئاغەڵەدا قادرئاغا و ڕەشیدئاغا و سامسام و گەورە پیاوانی تری بنەماڵەی قادرئاغا نێژرابوون. ئەو کێلەی کە بە ساغی ماوەتەوە لە بەردی مەڕمەڕە، زۆر وەستایانە گوڵکاری کراوە و نەخش و نیگاری لێ کێشراوەتەوە و بێ نووسراوەیە! لەو فێتە دەبێ کێلی قادراغا و کوڕەکانی عەنتیکە بووبن، ئەگەر بە ساغی مابانەوە ئێستا ئێمە تووشی ئەو سەر لێ شێواوییە نەدەبووین و گۆشەیەکی هەر چەند بچووک لە مێژووی نە زۆر ڕابردووی گەلەکەمان بۆ ڕوون دەبۆوە. کارم بەوە نییە ئەم بنەماڵەیە باش بوونە یا خراپ، دژ بە گەل بوونە یان گەلویست. بەڵام جێی داخە ئاغەڵ و قەبرستانی ئەم گەورە پیاوانە کە شوێنیان خستۆتە سەر مێژووی گەلەکەمان ئێستا ببێتە سەرانگوێلک و کێلەکان بووبنە بەردی شۆرکە و مەڕمەڕی دەستی منداڵە ئیندرقاشیان!

٥٩- دەبینین ئەم وتەیە لەگەڵ نووسراوەکەی کەسرەوی کە لەمەڕ شەڕی ئاناخاتوون نووسیویە هەر یەکە و تەنیا ناوی شوجاعولمولک بووەتە سامسام.

٦٠- گوتەی بداغ خان: «ئەمن ڕووداوەکەم وە بیر نایە، بەڵام ئەوە دەزانم کە بابم (ڕەشیدئاغا) دەمرێ، پاشاخان (سامسام) سەرپەرستی من وە ئەستۆ دەگرێ و بەشەبابی من دەباتە لای خۆی. لە شەڕی تەورێز کوژراوە، چووەتە یاریدەی سەمەدخان. پاشاخان (سامسام) کچێکی دەبێ بە ناوی «نەزاکەت» ، ئەحمەدئاغا (ئاغاچکۆلە) مارەی دەکا.

٦١- گوایە عەلی ئاغا (عەل خانی سەرتیپ) پیاوێکی بەرچاو نەبووە. بۆیە هیچ ناوێکی وای نییە.

٦٢- گوایە قادرئاغاش سەرێک نازناوی شوجاعولمولک بووە، وێدەچێ

دوای مردنی ئەم نازناوە درابێ بە پاشاخان.
٦٣- ئۆژین ئوبێن لە جیاتی ئەوەی بنووسێ "شهاب‌الملک" نووسیویە "شجاع‌الملک" لەوانەشە ئەو هەڵەیە لە تەرجومە فارسییەکەیدا ڕووی دابێ.
٦٤- ئەم بەیتە لە سەر هەوای «ڕۆینە»ی شارویرانی دانراوە. ڕەحمان بەکر بەیتبێژی توحفەی موزەففەرییە (ئۆسکار مان ساڵی ١٩٠١ هەتا ١٩٠٣ی زایینی ١٢٩٠ تا ١٢٨٣ی هەتاوی ١٣١٨ تا ١٣٢٠ی کۆچی مانگی هاتۆتە ئێران و بەیتەکانی نێو توحفەی کۆ کردۆتەوە) خەڵکی ئیندرقاش بووە و لە لایەن ئاغاکانەوە بۆ سەرافەتی چووەتە گوندی «حاجی‌حەسەن» وێدەچێ لە کاتی ڕووداوی بەیتی سامسام زیندوو بووبێ (حەوت ساڵ لەگەڵ هاتنی ئۆسکار مان بۆ مەهاباد مەودای بووە) و دەستی لە دانانی ئەم بەیتەدا هەبووبێ. خەڵکی ئیندرقاش وە بیریان دێ کە «قادرە مۆزە» و «حاجی حەمەڕەشکە»ی بەیتبێژ داوەتیان بەم بەیتە دەگێڕا.

سامسام: وشەیەکی عەرەبییە (صمصام) واتا شمشیری تیژی کە دانایە. لە فەرهەنگی فارسی موعیندا بە ناوی شمشێری عەمرۆ بنی مەعدی کەرب هاتووە. لە ئێران و لە زمانی فارسیدا وەک ناو و لەقەب کەڵکی لێوەرگیراوە: سەمسام، سەمسامولمولک، سەمسامولسەلتەنە، سەمسامولددین، سەمسامولدەولە، سەمسامولسوڵتان و... سامسامی قارەمانی ئەم بەیتە سەمسامولسوڵتان بووە. ئەو جۆرە لەقەبانە لە دەورەی حوکمداریەتیی قاجارەکان بە دوو هۆ لە ئێراندا گەیشتنە ئەوپەڕی خۆی. یەکەم؛ لە لایەن دەربارەوە دەفرۆشرا و زۆر کەس بە کڕینیان پلەوپایەی بۆ خۆی دەستەبەر دەکرد. دووەم؛ حکوومەتان بە دانی لەقەب و نازناوی حکوومی، سەرۆک‌عەشیرە و دەستڕۆیشتووانیان ڕەگەڵ خۆ دەخست هەتا بتوانن باش‌تر درێژە بە دەسەڵاتداریی خۆیان بدەن. بۆ وێنە هەر ئەو قادرئاغایە و کوڕەکانی لەقەبی شوجاعولمولک، شەهابولمولک و سەمسامولسوڵتانیان پێ بەخشرابوو.
٦٥- سەربەندی بەیتەکەیە.

٦٦- لەوەی کە سامسام چوویێتە زاخۆ هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە. لە نوسخەی «پ» دا لە جێی زاخۆ «سەردەرۆ» هاتووە. وێدەچێ ڕەسووڵ شێرمۆخ لێرەدا بە هەڵە چووبێ. بە گوتەی مینەی مام سوڵتان و بداغخان، سامسام ماوەیەک بە حاکمەتی چووەتە «سەردەشت».

٦٧- لە دروست بیستنی ئەم ڕستەیە کەمێک دڕدۆنگم. ئەگەر دروستم نووسیبێ، دەبێ بە مانای شەڕانی بوون و خۆ بۆ هێرش ئامادە کردن بێ.

٦٨- وشەی «سوور» لەم شێوە ڕستانەدا تەواوەتی و بێ شک و گومانی لێدەکەوێتەوە. «سوور دەزانم تۆ ڕاست دەکەی». جاری وایە دووپات دەبێتەوە و پێداگری پتری لە سەرە: «سوور سوور دەزانم....

٦٩- پاڵە، پاڵەوان. لە بنزاراوەی موکریانیدا ئیتر ئەو وشەیە بەو مانایە لە سەر زاران نەماوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەیت پاراستنی وشە بە مانا کۆنەکانیانەوەیە. پاڵە هەر ئێستا بە سەپان و ئەو کەسەی دروێنە دەکا دەگوترێ.

٧٠- مینەی مام سوڵتان دەڵێ بابم گێڕایەوە: «گەڕەکێکی تەورێزمان گرت بەڵام وردە وردە پاشەکشەیان پێکردین. هەژدە کەسمان لە حەسارێکدا لە داو کەوتین و بە کون کردنی دیوار ڕزگاریمان هات». ئەم وتەیە لەگەڵ نووسراوەکەی کەسرەوی لێک نیزیکترە هەتا بەیتەکە چونکە زاراوەی «ماڵ بە ماڵ» یانی گشتی تەورێز! کەچی وا نەبووە و لە شەڕی ئاناخاتوون تەنیا گەرەکێکی تەورێز داگیر کرا.

٧١- تەورێز ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات.

٧٢- کلک و گوێ بڕینی ماڵات وەک سووکایەتی کردن بە خاوەنەکەی کەڵکی لێ وەردەگیرا، بەڵام لێرەدا ئەو مانایە نادا و تەنیا هەڕەشەیەکە لە ئەسپ و جۆرێک باوەڕ نەکردنی مەرگی سامسامە.

٧٣- لێرەدا بەیتبێژ دەستی داوەتە کارێکی شاعیرانە. هەتا خان زیندووبە، دەنگی لە برجان و لە بڵیندان دێ و کە دەکوژرێ لە نەویان! ئەمە

لێهاتوویی و شارەزایی بەیتبێژ نیشان دەدا.

٧٤- دەبێ کەریم ئاغای کوڕی مینە ئاغای کوڕی قادرئاغا بێ کە پێشەکی باسمان کرد.

٧٥- خوودە یانی «مەحموود». لە شەجەرنامەی دێبۆکرییەکان کە عومەرئاغا عەلی‌یار دایناوە مەحموود ناوێک لە بنەماڵەی قادرئاغا نایەتە بەر چاو.

٧٦- مینە ئاغا لە زمانی ئامۆزاوە بە باب دەڵێ مامە. مینەئاغا بابی کەریمئاغایە نەک مامی. ئەو تێکەڵاوییە جارجار لە کاری بەیتبێژاندا دەبینرێ.

٧٧- بە گوتەی بداغ خان، ئەحمەدە چکۆلە (ئەحمەدە چکۆلەی سامسام) دوایە گوندی «دێی‌مەلا»ی نیزیک میاندواو دەکڕێ و دەچێتە ئەوێ. «عزیزالله صمصام» (بەلە سامسام - سامسامی گۆران) تەماع لە نەزاکەتخانم دەکا و ئەحمەدئاغا بە دەستەی ئەو دەچێ. نەزاکەت خانم کە «خانمە شێتە»ی زڕدایکی پێی گوتووە «کەتە» ، دێی مەلا بە جێ دێڵێ و دەچێتە گوندی «ئیسکی بەغدا» و زۆر دواتر لەوێ سەر دەنێتەوە. سامسامی گۆران ڕۆژی چوارشەممۆ ١٠ی مانگی سەفەر (صفر)ی ساڵی ١٣٣٥ی کۆچی (١٢٩٦ی هەتاوی ١٩١٧ی زایینی) بە تاوانی تاڵانوبڕۆی دێهاتی دەوروبەری میاندواو و سابڵاغ لە تەورێز لە دار درا. خەجیج خانم (خانمی ئوسوکەندی - خانمە شێتە) مێردی بە ڕەشیداغا کردووە، دوای مردنی ڕەشیدئاغا مێردی بە پاشاخان (سامسام) کردووە. پاش کوژرانی سامسام یەک دوو مێردی دیکەی کردووە، سێ دانگی قوونقەڵایەی هەبووە. دوایە مێردی بە «کەریم ئاغا» باپیری «کەریمی» یەکانی قوونقەڵا دەکا و سێ دانگی ئەم گوندەش جەیازی دەبێ. نازناوی «حورمەتەلملووک» بووە.

٧٨- ئاماژە بە نێوان ناخۆشی نێو خودی دێبۆکریانە.

٧٩- ئەمەیان زەقترین هەڵەی بەیتەکەیە چونکە کوژراوەکە پاشاخان بووە. وێدەچێ دوایە بەیتبێژانی ناشارەزا بە بنەماڵەی قادرئاغا، لێیان زیاد کردبێ. (بەتایبەتی کە هەوای بەیتەکەش لەنگە)

٨٠- پەپاخڕەش واتا کڵاوڕەش، مەبەست "تورک"ە.
٨١- ئەم وتەیە لەگەڵ نووسراوەکەی ئەحمەد کەسرەوی جوور دێتەوە. کەسرەوی دەنووسێ سەمەدخان نەخشەی شەڕی ئاناخاتوونی بێ ئاگادار کردنی فەرماندەکانی لەشکر کێشا. دەنگی ڕوونی ئەم دەقە کە لە سیدییەکەدا هاتووە دواتر وە دەستم کەوت، لە سەرەتاوە چوار دێڕی لەگەڵ نییە.
٨٢- سەربەندە.
٨٣- شارەدێیەکە لە نیزیک سەردەرۆ.
٨٤- لەشکر دەستی دابووە نێزان.
٨٥- هەر وەک گوتمان ئەم نوسخەیە لە زمانی حوسێن شەشەوە تۆمار کراوە. پێش دەست پێکردنی بەیتەکە دەڵێ «ئەو بەیتەم بە منداڵی بیستووە و ئەوەندەی فێر بووم، ئیدی کەسێکی دیکە وای نەکوتووە بە تەواوی فێری بم. سامسام کوڕی قادرئاغای ئیندرقاشی بووە. پیاوێکی زۆر بەرجەستە بووە، هیچ کەس لە ڕاستەوی نەیتوانیوە زمانی بگەڕێ! برازایەکی بووە ئەحمەدە چکۆلەیان پێکوتووە. دێبۆکریان ئەحمەدە چکۆلەیان فریودا. سامسام لەشکرێکی کرد بۆ تەورێزێ. سامسام بە دەستی ئەحمەدە چکۆلە لە ڕێی تەورێزێ کوژرا. لە گەڕانەوەدا ئەحمەدە چکۆلە تفەنگی لە سەر سوارییە لە پێش خۆ داناوە. تەققەی تفەنگ هاتووە و سامسام لە سەر سواری وەرگەڕاوە. مەیتی سامسامیان هێناوەتەوە ئیندرقاش. ئەوانەی وا لێم بیستوون کە دەیانگێڕاوە، ئەگەر هێنایانەوە دوو کەس پێیان هەڵدەگوت. ژنێک و پیاوێک بوونە.»


هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە ئەحمەدە چکۆلە سامسامی کوشتبێ. لە کاتی کۆتایی هاتنی شەڕدا لەنەکاو کوژراوە وێدەچێ هێندێک کەس وە شک کەوتبن کە نەکا دەستی داروودەستەی خۆی تێدا بووبێ. سەبارەت بەمە کە لەم بارەوە هیچ بەڵگەیەکم بۆ قەبووڵ کردن یان نەکردن بە دەستەوە نییە خۆ لە هەر قسەیەک دەپارێزم.
٨٦- «زمان نەگەڕان» واتا زاتی نەبوونی قسە کردن، واتا بێدەسەڵاتی تەواو لە ئاست لایەنی بە زاکوون.

٨٧- لەو دەقەشدا باسی دەست تێدابوونی ئەحمەدە چکۆلە لە گوژرانی سامسامدا هاتۆتە ئاراوە.
٨٨- شینگێڕی لە لایەن ژنانەوە دابونەریتێکی بەرچاوی کوردەوارییە کە بۆ مردووی نیزیک گێڕاویانە. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە شینگێڕی بۆ ئاغا و خانە.
٨٩- وێدەچێ مەبەست سەتتارخان بێ.
٩٠- سەربەندە و بەپێچەوانەی دوو دەقەکەی تر یەک ڕستەیە.
٩١- گەیشتنە نەکاو واتا مردن.
٩٢- بەپێچەوانەی سەربەندەکانی دیکە و دەقەکانی تر سەرەڕای کوژرانی سامسام بەیتبێژ باسی سەرکەوتن و لە سەر بورجاندا بوونی قارەمان دەکا.
٩٣- چەکمە دە پێ کردن لەو سەردەمدا نیشانەی جۆرێک گەورەیی و دەوڵمەندی بوو؛ هەروەها جلی ڕەنگی - لێرەدا شین - هەر هەڵگری ئەو مانایەیە.
٩٤- وا دیارە دەنگۆی کوژرانی سامسام بە دەستی ئەحمەدە چکۆلە بە گوێی خۆشی گەیوەتەوە.

# وێنەکان




حوسێن مامەڕەش



حوسێن شەشە



ڕەسووڵ شیرمۆخ



حەمەدی بەیتان



قارەمان شایەر



سوورەی عەزیزئامان



قەڵای دمدم



ئۆسکار مان



ئەحمەدخانی موقەددەمی مەراغەیی




سەمەدخان



گوایە ئەمە وێنەی هەمزاغایە



کاکەڵڵاغا برای هەمزاغا



قادرئاغای ئیندرقاش (لەڕاستەوە چوارەم کەس) و ئاغایانی دێبۆکری




سامسام و چەکدارەکانی (وێدەچێ لە چەپەوە چوارەم کەس سامسام بێ، ئەوەی بە لای کڵاو بەسەرەکەوە وێستاوە)



قەرەنی ئاغای مامەش و سوارەکانی ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی



عەلی ئاغا و سوارەی دێبۆکری، ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی



محەمەدئاغای مامەش حاکمی لاجان و کەسانی



سامسامی گۆران (بەڵە سامسام)



شێخ عەلی خان



عەبدوڵڵا ناهید



میرزا جەواد قازی



مەجیدخانی میرموکری



شەهابولمولک



ئەمیرنیزامی گەڕووسی



قەبرستانی دمدم




شاعەباس

# سەچاوەکان

**١) بە کوردی – ئەلف: کتێب**

* ئەدیبوشوعەرا – میرزا ڕەشید، مێژووی ئەفشار، وەرگێڕ: سەلاحەددین ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٨.
* ئینسکلۆپیدیای هەولێر
* بەحری – ئەحمەد، فەرهەنگی باڵندە، هەولێر، ئاراس، ٢٠٠١.
* پایانیانی – سەلاح، فەرهەنگی زارەکی موکریانی، بەرگی ئـ/ ب/پ ،
* حوزنی (داماو موکریانی) – حوسێن، مێژووی میرانی سۆران، هەولێر، چاپخانەی کوردستان،
٢٥٧٤/ ١٩٦٢.
* شەرەفکەندی (هەژار)، عەبدولڕەحمان، هەنبانەبۆرینە – فەرهەنگی کوردی – فارسی، تاران سروش، ١٣٦٩.
* شەرەفکەندی (هەژار) – عەبدولڕەحمان، قورئانی پیرۆز، تاران، تازە نگاه؛ احسان، ١٣٨٠.
* شەریف – محەمەد کەریم، فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، بەغدا، ئەلحەوادیس، ١٩٨٦.
* مان – ئۆسکار، توحفەی موزەففەرییە – زاراوەی کوردە موکرییەکان، پێشەکی و ساغ کردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، بەغدا، کۆڕی زانیاری کورد، ب ١ – ٢، ١٩٧٥.
* موکریانی – گیو، فەرهەنگی کوردستان، هەولێر، ئاراس، ١٩٩٩.
* وەتمانی – هەرمان؛ خەلیفە زانکۆ، فەرهەنگی ئاواییەکانی مەهاباد، تاران، ١٣٨٨.
* هەژار، دیوانی مەلای جزیری، سروش، تهران، ١٣٦١.

**ب: وتار**

* ڕووودۆلف – ڤۆلفگەنگ؛ سەلاح (سۆران) حەسەن، هۆزی

فەیزوڵڵابەگیی بانی بۆکان – مێژوویەکی کورتی بنەماڵەیەی بەگزادەی کورد، وەرگێڕانی: د.ناجی عەباس ئەحمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی پێنجەم، ۱۹۷۲: ل ٦٣ – ۱۰۸.
* سەمەدی – عەبدوڵڵا، فەقرەقا، سروە، ساڵی سێیەم، ژمارە ۹، خاکەلێوەی ۱۳٦٦: ل ۳۸-۳۹.
* قازی – جەواد، مەنگوڕ، وەرگێڕان لە ئاڵمانییەوە: فازل کەریم ئەحمەد، سروە، ژمارە ۱۸، بەفرانباری ۱۳٦٦: ل ۲٤ – ۲٦؛ ژمارە ۱۹، ڕێبەندانی ۱۳٦٦: ل ۲۳ –۲٥.
* ل. ئۆ – فاسوم، مەنگوڕایەتی، وەرگێڕان و شرۆڤە: حەسەن قازی، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ۱۳۷.

**(۲) بە فارسی – ئەلف: کتێب**

* ادواردو سرلو – خوان، فرهنگ نمادها، ترجمه مهرانگیز اوحدی، چاپ نیل، ۱۳۸۹.
* اردبیلی – ابن بزاز، صفوەالصیفا (در ترجمه احوال و اقوال و کرامات شیخ صفیالدین الحق اردبیلی)، مقدمه و تصحیح: غلامرضا طباطبائی مجد، تهران. ناشر: مصحح ۱۳۷۳.
* اشنوئی محمودزاده – رحیم، معانی بعضی از اسامی کهن و ایران در زبان کردی، پیام امروز، ۱۳۸۳.
* انزلی – حسن، ارومیه در گذر زمان.
* تمدن – محمد، اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضاییه، ۱۳۵۰.
* پارسادوست – دکتر منوچهر، شاه اسماعیل اول، چاپ اول، ۱۳۷۵
* پدرام – محمود، تمدن مهاباد، تهران، هور، ۱۳۷۳.
* پیفون – محمد، فرهنگ آذربایجانی – فارسی.
* حقی ازون چارشلی – اسماعیل، تاریخ عثمانی، ترجمه ایرج نوبخت، ۱۳٦۹.
* خضری – سید شهاب، فرهنگ گیاهان دارویی کردستان، چاپ اول، سنندج، ۱۳۸۱
* خنجی – امیرحسین، قزلباشان در ایران، نشر الکترونیک: تاریخ

ایران.
* درودیان – ولی‌الله، فرهنگ نام‌های گیاهان ایران، فرهنگ معاصر، چاپ سوم، تهران، ۱۳۸۲
* دهقان – علی، سرزمین زردشت (اوضاع طبیعی سیاسی اقتصادی فرهنگی اجتماعی و تاریخی رضائیه)، تهران، ابن‌سینا، ۱۳٤۸.
* ریاحی – محمدامین، تاریخ خوی، انتشارات توس، ۱۳۷۲.
* رضوی – مهدی، ایل قاراپاپاق.
* صمدی – سید محمد، طوایف و عشایر کرد، مهاباد، رهرو، ۱۳۸۱.
* صمدی – سید محمد، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد، رهرو، ۱۳۷۷.
* علی‌نژاد– میرحاج، جامعه‌شانسی ایل شکاک، سلماس، حسین اصل، ۱۳۸۳.
* عمید – حسن، فرهنگ عمید (تاریخ و جغرافیا)، انتشارات جاویدان، تهران، ۱۳٤٦.
* فتاحی قاضی – قادر، عبدالله‌خان مکری، دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز، ۲٥۳٦
* قریشی – علی‌اکبر، قاموس قرآن، انتشارات قم.
* کاودانپور – احمد، تاریخ ارومیه، چاپ دلارنگ، ۱۳۷۸.
* کریمیان سردشتی – نادر، تذکره عرفای کردستان، تهران، نگاه سبز، ۱۳۸۱
* کسروی – احمد، تاریخ مشروطه ایران، ۲ جلد، تهران، امیرکبیر، چاپ شانزدهم، ۱۳٦۳
* محبوبی – جمشید، نگاهی به تاریخ و جغرافیای میاندواب و تکاب و شاهین‌دژ، آرمان، ۱۳۷۰.
* مروارید – یونس، مراغه، ۱۳۷۲.
* معین – محمد، فرهنگ فارسی، ٦ جلد، تهران، امیرکبیر، ۱۳٦۰.
* ناهید (افتخار)، عبدله، خاطرات من، به اهتمام: احمد قاضی، تهران، نفیسی‌فر، ۱۳٦۲

**ب: وتار**

* صمدی، سید محمد، نیم نگاهی به گذشته مهاباد – (۱) فرمانداری، ماهنامه مهاباد، سال هشتم، شماره ۸۹– ۹۰، مرداد و شهریور ۱۳۸۷: ص ۵۳– ٥٦.

**(۳) سەرچاوە ئینتێرنێتییەکان:**

1.www.loghatnameh.org

2.www.wikipeda. org

3.myth. tanikhema.ir/article-tag

4.http://vefagh.com.ir/touridt/tourist-s.shp?tourist=17

# ئیندیکس


ئاجی (پرد): ٦٤٤

ئاران (ناوچە): ٣٠

ئارتووس (کێو): ٥٥٩

ئارشاكخانی كوريانس: ٦١٣، ٦١٤

ئاڕەحمانپاشای بەبە: ٤٦٧، ٤٦٩

ئازاد (گوند): ٤٩٦

ئاگۆست ژابا: ٤٠١

ئاغاچكۆلە: ٦٤٦

ئاغاسوور (گوند): ٤٩٧

ئاغامحەممەدخانی قاجار: ٤٧٣، ٦٣٣

ئاغەڵیان (گوند): ٥٧٣

ئافان (گوند): ٤٩٧

ئاقاشاهزادە: ٦٢٨

ئاققۆیونلوو (هۆز): ٣٣

ئاكۆ (هۆز): ٦٠٥

ئاكرێ: ١٧٥

ئاڵبلاغ (گوند): ٥٠٨

ئالسێمانە / ئاڵیسێمان (تایفە): ٦٣٠

ئاڵی ئادەم: ٦٨، ٩٩، ١٠٠، ١١٦، ٢١٠، ٢٢٤، ٢٤٠، ٣٠٥

ئاڵیڕەش (گوند): ٤٩٨

ئاڵیلەك (تایفە): ١٥٩، ٣٧٤

ئامان (بەرەباب / ناو): ٤٦٠، ٤٦٤

ئامێد، ئامێدی، ئامەدی (شار / گوند): ٣٣، ٢٢٦، ٢٤٢، ٤٢٢، ٤٩٧

ئاناتۆلی: ٣٢

ئاناخاتوون (پرد): ٦٦٢، ٦٦٦

ئڵقیبیانە (گوند): ٢٥٥

ئوجاق (تایفە): ٤٦٠

ئورل ئوستین: ٤٩٥

ئوزوون حەسەن: ٣٣

ئوزندەرێ / وزندەرێ (گوند): ٤٩٧، ٥٠٨

ئۆرخانبەگ: ٣٢

ئۆژێن ئۆبێن: ٣٣٤، ٣٥٧، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٦٣، ٦٦٥

ئۆسكار مان: ٧، ٢٨٢، ٢٨٨، ٢٩٣، ٢٩٤، ٢٩٧، ٣٠٦، ٣١٠، ٣٩٢، ٣٩٦، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٤، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١١، ٤١٤، ٤١٥، ٤١٨، ٤١٩، ٤٢٠، ٤٢٢، ٤٢٤، ٤٢٥، ٤٢٨، ٤٩٠، ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٣، ٤٩٥، ٤٩٦، ٤٩٩، ٥٠٠، ٥٠١، ٥٠٢، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥٠٦، ٥٠٧، ٥٠٨، ٥٠٩، ٥١٠، ٥١١، ٥١٢، ٥٥١، ٥٥٥، ٥٨٠

ئۆغوز (هۆز): ٣٢، ٥٤٣

ئۆمەربل (تایفە): ٤٨٤، ٥٠٤

ئۆمەرشابی: ٧٣

ئۆمەرمەندان: ٢١٢، ٣٩٦

ئەبوبەكر محەممەد بنی سیـرین: ٣٥٢

ئەحمەد قازی: ٥٥٢

ئەحمەد كەسرەوی: ٢٩، ٣١

ئەحمەدئاغای ئێلخانی: ٦٤٢

ئەحمەدبەگی لێتان / ئەحمەدخانی لێتان: ٢٨، ٦٦، ٦٧، ٩٤، ٩٥، ١٠٢، ١١٣، ١٥٠، ١٥١، ١٥٧، ٢٠٢، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٩٤، ٣٤٨، ٣٤٩،٣٧٠، ٣٧٢،

ئەحمەدەڕەشی داودی: ٤٩٨

ئەحمەدخانبەگ: ٥٢٣

ئەحمەدخانی دونبولی: ٤٥٠، ٤٦١

ئەحمەدخانی موقەددەم: ٤٤٦، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٤، ٤٥٧، ٤٥٨، ٤٥٩، ٤٦٠، ٤٦١، ٤٦٣، ٤٩٠، ٤٩٣، ٥٠٢، ٥٣٣، ٦٠٦، ٦٣١

ئەحمەدی خدری لاڵەی سێلمێ: ٤٩٨

ئەحمەدی زێباری: ٦٢، ٧٤، ٢٩٥، ٣٠٨

ئەحمەدی سەعیدی(بەیتبێژ): ٥٨، ٤٢٥

ئەحمەدی عەلی كەی: ٤٩٨

ئەحمەدی کۆر: ٢٧٨، ٤٧٠
ئەرخان: ٤٢٣
ئەردەوێڵ / ئەردەبێڵ / ئەردەبیل: ٣٠، ٣٢، ٥٤، ١٩٨، ٢١٨، ٢٣٣، ٢٥٨، ٣٦٣، ٤١٦، ٦١٢
ئەرمموودە: ٣٠٦
ئەرەشلوو: ٤٤٥
ئەرزەڕۆم: ٥٨٥، ٥٨٦
ئەزرەقی / عەزرەقی جادوو: ٨٠، ١٠٤، ١٩٢، ٣٢٨
ئەستەمبووڵ: ٦٣، ٩٥، ٩٧، ١٠٠، ١٠١، ١١٧، ١٢١، ١٥٤، ٢٠٤، ٢٢٧، ٢٤٣، ٢٩٨، ٤١٤، ٤٢٩، ٥٥٢، ٥٦٤، ٦٠٠، ٦٢٦
ئەسحاب (گوند): ٤٩٧
ئەسحابەڕەشە: ٢٢٢
ئەسفەندیاربەگی ئاوچیباشی: ٢٧١
ئەسکەندەر: ٧٩
ئەسکەندەربەگی تورکمان: ٢٦٨، ٢٧٠، ٢٨٩
ئەسکەندەرە شەلە: ٦١٢
ئەسکەندەرخانی ئەرەشلوو: ٤٤٥
ئەسکەندەروون: ٦٠٠
ئەسکەندەری غوریانس: ٦١٣
ئەسکەندەری کۆریانس: ٥٩٥
ئەسکەندەری مەقدوونی: ٣١٩
ئەسلاّنبەگ: ١٣٦
ئەفراسیاب: ٤١٥
ئەفراسیابسوڵتانی زەرزا: ٤٧٢
ئەفلاتوون: ٨٠، ١٠٤، ١٩٢، ٣٢٨
ئەلساندرا بوزانی: ٤٠
ئەلغبەگ: ٣٦
ئەڵڵایارخانی قاسملوو: ٤٤٥
ئەڵڵاهووئەکبەر (گوند): ٤٨١
ئەلیاس خەلیفەی قەراداغلوو: ٢٨٩
ئەلیوان: ٣٠
ئەمیرئەسعەد: ٦٤٣
ئەمیرتەیمووری گورکان: ٣٢
ئەمیرحوسێن خونجی: ٣٢
ئەمیرحەسەنپوور: ٦٥٦
ئەمیرعەشایری (تایفە): ٦٠٣
ئەمیرنیزامی گەڕووسی / حەسەنعەلیخان: ٢٧٢، ٥٥١، ٥٥٥، ٥٨٨، ٥٨٩، ٥٩٦، ٥٩٧، ٥٩٨، ٥٩٩، ٦٠٦، ٦١٤، ٦٣٤
ئەمیرهیلالی حەسەنوویە: ٢٦٨
ئەمین زەکیبەك: ٤١٠
ئەمینعەشایری (تایفە): ٦٠٣
ئەنبی / ئەممی (گوند): ٣٨
ئەنزەل (ناوچە / گوند): ٢٨٩
ئەنهەر (گوند): ٤٤٦
ئەنوەرپاشا: ١٥٤
ئەولیابەگ: ٢٨٩
ئەییووب ئەنساری:
ئیبڕاهیمی ئەههەم: ٣٠
ئیبڕاهیمی خەلیل: ١٦١، ٢٢٩، ٣٧٧، ٤٢٥
ئیبنوبەسیر: ١٢٠، ٣٥٢
ئیبنی بەزاز: ٣٠
ئێرەوان: ١٩٨، ٢٣٣، ٢٤٥، ٢٧٢، ٢٩١، ٤٥٧، ٥١٩، ٦٤١
ئیستاجلوو (تایفە): ٣٤
ئیسپەهان / ئیسفەهان: ٥٣، ٥٤، ٥٩، ٦١، ٨٣، ٨٦، ٩٠، ٩١، ٩٢، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩، ١١١، ١١٧، ١٣١، ١٣٤، ١٣٧، ١٣٨، ١٤١، ١٥١، ١٥٤، ١٧٠، ١٧٩، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٤، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠١، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٦، ٢١٧، ٢١٩، ٢٢٤، ٢٢٨، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٤١، ٢٥٧، ٢٧٤، ٢٧٦، ٢٨٩، ٣١٦، ٣٣١، ٣٤٦، ٣٦٣، ٣٩٠، ٣٩١
ئیسکیبەغدا (گوند): ٦٦٧
ئیسلاملیان (گوند): ٢٩٢

ئیشکەسوو (گوند): ٢٦٨
ئیعتیمادولدەولە: ٢٨٩
ئیعتیمادولسەلتەنە: ٥٩٥
ئیقبالوددەولە: ٥٨٦، ٥٩١، ٥٩٢، ٥٩٤
ئیمامقولیخانی ئەفشار: ٤٤٦، ٤٥٠، ٤٥١
ئیمامقولی سولتانی تاجرلوو: ٢٨٩
ئیمام مووسای کازم: ٣٠
ئیمامی حەسەن: ٧٩، ٢١٤، ٢٣٠، ٢٦٧
ئیمامی حوسێن: ٧٩، ١٦١، ٢١٤، ٢٣٠، ٢٦٧، ٣٢٠، ٣٢٢
ئیمامی عوسمان: ٧٩، ٨٠، ١٠٤، ١٦١، ١٩١، ٣٢٠
ئیمامی عومەر: ٧٩، ٨٠، ٨١، ٩٩، ١٠٤، ١١٥، ١١٧، ١٦١، ١٩١، ٢١٣، ٢٣٩، ٣١٠، ٣٧٥
ئیمامی عەبووبەکر: ٧٨، ٣٠٦
ئیمامی عەلی: ٤١، ٨١، ٩٩، ١٠٣، ١٠٤، ١١٥، ١١٧، ١٦١، ١٩١، ٢١٢، ٢١٤، ٢٢٣، ٢٣٠، ٢٣٩، ٢٤٧، ٢٦٧، ٣٢٠، ٣٩٥
ئیمامی هەمزە: ٧٩، ٨٠، ٢٢٣،٢١٣، ٣٠٩، ٣٢٧
ئیمانلوو (تایفە): ٤٤٥
ئیندرقاش (گوند): ٢٧٨، ٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٥٢٤، ٥٢٧، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٣٧، ٥٦٦، ٦٠١، ٦٤٢، ٦٤٣، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٦٠، ٦٦٣، ٦٦٤

بابە دەروێش: ٤٥٢
بابڕەسوو (تایفە): ٦٣٠
باپیرئاغای گەورە: ٤٤٦، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٩، ٤٦٠، ٤٦٤، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٥، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٣، ٤٩٤، ٤٩٥، ٤٩٦، ٤٩٨، ٥٠٠، ٥٠١، ٥٠٥، ٥٠٦، ٥٠٧، ٥١١، ٥١٢، ٥٣٥، ٥٥٢، ٦٣٠، ٦٤٢
باخچەی میرزا ڕەسووڵ: ٥٤٥
بادیناوێ (گوند): ٦٠٣
بارام: ١٦٢، ٣٧٧، ٣٧٨
باراندێز (دەشت / گوند / قەڵا / چۆم): ٢١٥، ٢١٦، ٢٣٠، ٢٣١، ٢٧٨، ٢٧٩، ٣٥٧، ٤١٢، ٤٧٣، ٥٩١، ٦١١
باربود: ٣٧٨
بارۆن یۆستیك: ٥٧٢
باریك (تایفە): ٦٣٠
بازاڕی عەباسئاغا: ٥٢٥، ٥٢٦
بازیان (ناوچە): ٣٦٩
باستامبەگ (گوند): ٥٥٥
باشخاڵ / باشخاڵان: ١٣٦، ١٤٥، ١٧٩، ٢٥٢، ٣٦١
باگردان (گوند): ٤٧٨، ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٧، ٤٩٩، ٥٠٩
باغی شایگان (گەڕەك): ٦١٦
باغی شێخی: ٥٦٤، ٥٩٨
باغی عەباسئاغا: ٥٢٥
باغی قیبلە: ٥٥٨، ٦٢٠، ٦٣٠
باقرخان: ٧٠
باڵانیش (گوند): ٦١، ٢٨٠، ٢٩٧
باڵەکان (ناوچە): ٢٩٨، ٣٩٥، ٦٠٥
باڵستان (گوند): ١٨٧
باڵغچی (گوند): ٣١١
باڵکانلوو (تایفە): ٣٨٩
بانە: ٤١٠، ٤١١، ٥١٢
بایندەرێ: ٥٠٨
بایزئاغا / بایزپاشا: ٤٥٥
بایەزید: ٥٨٥
بداغخان: ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٤، ٤٥٩، ٤٦١، ٤٦٥، ٤٧٢، ٤٧٣، ٤٧٥، ٤٧٨، ٤٨٠، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٥، ٤٨٦، ٤٨٧، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩١، ٤٩٣، ٤٩٤، ٥٠٤، ٥٠٥، ٥٠٨، ٥٠٩، ٥١٠، ٥١١، ٥١٢، ٥١٩، ٥٢٣، ٥٥٥، ٦٤١

بداغسوڵتان / بوداغسوڵتان: ٣٣٣، ٣٣٤، ٣٦٣، ٤٤٦، ٤٨٦، ٤٨٨، ٥٠٧، ٥٠٨، ٥١٧، ٥١٨، ٥١٩، ٥٢٣، ٥٢٦، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٣٥، ٦١٠

برادۆست (هۆز): ٢٦٨، ٢٧١، ٥٩١، ٦٠٥

برازدوخت (هۆز): ٢٦٨

برایمبەگی بڵباس: ٦٠٦

برایم بێ کراس: ٤٥٧

برایمە (گوند): ٤٩٧، ٤٩٨

برایمەسەنە (تایفە): ٦٣٠

برایمەسوور: ٥٧٣

برایمسوڵتان: ٤٧٧، ٥٠٠

برایمی سێمانی: ٧٢، ٣٠٧

بزروونی بێڵدار: ٨٠، ٣٢٥

بڵباس: ٧، ٤٤١، ٤٤٦، ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥١، ٤٥٤، ٤٥٧، ٤٦١، ٤٦٦، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٤، ٤٨٧، ٤٨٨، ٥٠١، ٥٠٤، ٥٠٨، ٥١١، ٥٣٣، ٥٣٤، ٥٨٣، ٦٠٤، ٦٠٥، ٦٠٦، ٦٤٢،

بڵقیسا: ٧٨، ١٠٣، ١٩١، ٢٢٩

بنار (ناوچە): ٢٦٨

بناو: ٤٧، ٥٥، ٩١، ١٠٩، ١١٠، ٢١٨، ٢٣٣، ٢٥٢، ٢٥٨، ٢٩١، ٣٩٢، ٤١٧، ٥٠٠، ٥٦٢، ٥٦٣، ٥٩٠، ٥٩٤، ٦٢٦

بوخارا / بوغارا: ٥٣، ٢٥٧، ٢٨٨

بوداخبەگ: ٣٣٤

بوزچلوو (تایفە): ٦٣١

بوڵغار: ٤١٤

بۆکان: ٧، ٥١٢، ٥٤١

بەحری خوێ: ٢٠٠

بەختەك: ٨٠، ١٠٤، ١٩١، ٣٢٦

بەڕۆژ (گوند): ٢٦٨

بەرخورداربەگی تۆپچیباشی: ٢٨٩

بەردەسوور (گوند): ٢٦٨

بەردەکونتێ (شوێنەوار): ٤٩٥، ٥٣٨، ٦٥٤

بەردەمێش (گوند): ٤٩٦

بەردووك (قەڵا): ٤٤٥

بەرماڵ سپی (کێو / چاك): ٢١٤، ٢٣٠، ٤١١

بەری مێرگان (ناوچە): ٤٥٢

بەستەستێن (گوند): ٤٩٨

بەسری: ٣٠٨، ٥٣١، ٥٤٢

بەتاشییە (تەریقەت): ٣٣

بەگزادە: ٣٣٣، ٣٣٤، ٤٨٦، ٤٨٩، ٥٠٧، ٥١٢، ٥٢٣، ٥٥٦، ٥٥٩، ٥٦٠، ٥٦٦، ٥٨٩، ٦٠٩، ٦١٠، ٦١٨، ٦٢١

بەفرەوان (گوند): ١٠٩، ٣٤٥، ٣٤٦

بەلە سامسام: ٦٦٧

بەلەبان (گوند): ٧٥، ٣١٠

بەڵخ / بەڵگ: ٥٣، ٢٥٧، ٢٨٨

بەیتاس (گوند): ٤٨٧، ٤٩٧، ٥٠٩

بەیرووت: ٦٠٠

بەیرەم (گوند): ٤٢٥، ٥٨٠

بەیرەمۆ (گوند): ٦٠٩، ٦٥٦

بەیرەمئاغا: ٥٢٤، ٥٣٤، ٦٠٩، ٦٥٦

بیتوێن: ٦٠٣

بیدکار: ٤٤٥

بیجاڕ: ٦١٤

بیلالی حەبەشی: ٣٢١

بێژەنخانی میـرموکری: ٥٧٢، ٥٧٣

بێنار (ناوچە): ١٢١، ١٤٧، ١٦٧، ٣٥٤

بێنگوین (گوند): ٤٩٧

بێوكخان: ٥٨٨، ٥٨٩

پاراستان (گوند): ٦٠٨

پاشای گەورە: ٣٥٤، ٥٧٠

پردیمیاندواو: ٥٤٥

پردی میـرزا ڕەسووڵ: ٥٤٥، ٥٧٣

پشتتەپ (گەڕەك): ٦١٦
پەسوێ (گوند): ٦٠١، ٦٠٢
پەڵكێ (گوند): ٤٩٧
پەناهخان: ٥١٠
پیران (هۆز / ناوچە): ٧، ٨، ٥٢٤، ٥٦٠، ٥٨٩، ٦٠٣، ٦٠٥، ٦٢٢
پیرانشار: ٧، ٣١١، ٤١١، ٤٩٨، ٦٠٢
پیرانلوو (تایفە): ٦٠٣
پیربەلە (گوند): ٥٠٨
پیربداغخان: ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٨٩
پیرعەیز (چاك): ١١٥، ٣٤٨
پیرغەیبی قەڵاتیان (چاك): ٧٥، ٣١١
پیرمحەممەد (چاك): ٢١٢، ٣٩٦
پیروەلی باغی (گوند): ٣٥٠
پیرۆبایز (قەبرستان): ٦٠٩
پیرۆتی مەرگێ: ٧٥، ١١٦، ٢١٢، ٢٢٢، ٢٣٨، ٣١٠

تاجبلاغ (گوند): ٤٩٧
تاران: ١٠، ٣٠، ٤٣، ٤٤، ٤٦، ٥٠، ٥٢، ٥٨، ٩١، ١٠٩، ١٩٨، ٢٥٠، ٢٥٢، ٢٥٧، ٢٧٤، ٢٧٦، ٢٨٨، ٤٧٣، ٥٢٦، ٥٥٦، ٥٥٨، ٥٨٥، ٥٩٥، ٥٩٩، ٦١٣، ٦١٨
تارمە: ٣٦٣
تاروم: ٣٦٣
تازیمە سوڵتان: ١٨٥
تازەقەڵا: ٦٦٠
تاڵاو (گوند): ٥٧٣
تایف: ٦٠٠
تایفەی کاخدری: ٦٠٥
ترشەکان (گوند): ٢١٤، ٢٣٠، ٤١١
ترکەش (گوند): ٤٩٨
تفلیس: ١٨١، ٣٨٦، ٦٦٢

تورغای (ناوچە): ٥١٣
توغاتوو (ناوچە): ٥١٣
توغای (ناوچە): ٥١٣
تووتئاغاج (گوند): ٥٠٨
توومەتەر (گوند): ٢٥
تۆپاڵبەگ: ١٢١، ١٥٤، ٣٥٥
تۆپاڵپاشا: ١٨٢، ١٨٤، ١٨٥
تۆپراققەڵا: ٤٤٤
تۆماسبمیرزای موئەیەدولدەولە: ٦٢٨
تەتەهوو (چۆم): ٧، ٣١٣، ٣٤٦، ٤٤٩، ٥٤٥، ٥٧٢، ٦٠٢
تەختی بلقیس: ٤١٦
تەرگەوەڕ (ناوچە): ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٦٨، ٣٣٣، ٥٨٨، ٦٠٨
تەرکە (گوند): ٢٥٥
تەکلوو (قەبیلە): ٣٤
تەمرخان: ٣٦، ٤٤٤
تەمیم: ٨٠، ١٠٤، ١٩٢، ٣٢٨
تەورێز: ١٠، ٢٣، ٤٦، ٥٤، ٩١، ١٠٧، ١٠٩، ١٧٨، ١٩٨، ٢١٨، ٢٣٣، ٢٥٢، ٢٥٧، ٢٧٤، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٩٦، ٣٤٥، ٣٩٢، ٤١٦، ٤٥٤، ٤٥٨، ٤٨٦، ٥٠٨، ٥٢٢، ٥٦٠، ٥٨٦، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩١، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٥، ٥٩٦، ٦١٢، ٦١٣، ٦٢٢، ٦٤٣، ٦٤٧، ٦٥١، ٦٥٢
تەهموورس: ٣٣٣، ٦١٠
تەیموور پاشاخان: ٥٩٤، ٥٩٦
تیتلوێ (گوند): ٤٩٨
تیسفوون: ٣٢٧
تیکاب: ٣٦، ٣٤٨
تیکانلووجە (گوند): ٣٩٦، ٤٩٦

جاشێران (گوند): ٧٥، ٣١٢

جانداران (چۆم): ٣١٣، ٣٤٧، ٥٣٧

جانگیـرخان: ١٨٧

جانی بنی جان: ٨٠، ١٠٣، ١٩١، ٣٢٣، ٣٢٤

جمجم (کێو): ٢٥

جمجمەسوڵتان: ٨٠، ١٠٣، ١٩١، ٣٢٤

جوجی: ٤٥٠

جوکلی هەمەوەند: ٥٥٢، ٥٥٣

جولبەر (گوند): ١٨٧

جوودی (کێو): ٣٥٢

جەعفەرئاغا: ٦٤٢

جەعفەرخانی موهەندیس‌باشی: ٦٠٥

جەغەتوو / جەغاتوو (چۆم): ٧، ٣١٣، ٣٤٦، ٣٩٦، ٤٤٩، ٥١٣، ٥٤٥، ٦٠٢، ٦٠٨

جەلالی (هۆز):

جەڵدیان (گوند): ٣١١، ٦٠٢

جەهانشاه قەراقۆیونلوو: ٣٣

جەیران: ١٣٠، ١٣٣، ١٣٦، ١٣٩، ٣٥٩

جیلۆ: ٤٣٠

جێرمی (گوند): ٤٤٥

چابقلوو (هۆز): ٥١٣، ٥٢٣، ٦٤١، ٦٥٤

چارداوڕوو (عێل): ٥٨٩، ٦٤٣، ٦٦٢

چاڵدران: ٣٤

چل کەوان (شوێن): ٥٦، ٧٧، ٢٢٥، ٢٤١، ٢٩٣

چڵکی (تایفە): ٤٥٣

چۆمان: ٢٨٥

چۆمەڵان (گوند): ٢١٤، ٢٣٠، ٤١١

چۆمی مەجیدخان (ناوچە): ٧، ٣٩٩، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٩

چەگەنی (تایفە): ٢٨٩

چەغاڵئۆغڵی: ٢٤٥

چەکاڵە (تایفە): ٦٣٠

چەڵەبیانلوو (تایفە): ٥٨٩

چگین: ٣٤

چیـرە (گوند): ٢٦٨

چیمەنی هۆزان: ٥٧، ٢١٥، ٢٣٠

چێلدۆش (بەرەباب): ٤٩٧

حاتەمی تایی: ٣٢٩

حاج سەییاح: ٥٦٧، ٦١٦، ٦١٧

حاجی ئۆمەران: ٢٨٤، ٢٨٥، ٣١٦

حاجی ئەحمەدی لەشکری: ٥٤٥

حاجی پیـرۆتئاغا: ٥٧٣

حاجی تاغی: ٥٣٨

حاجی حەسەن (گوند): ٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٥٧٣

حاجی حەمەڕەشکە (بەیتبێژ): ٦٦٥

حاجی خدرە مەڕە: ٤٩٨

حاجی خدری مینەی کاکی: ٤٩٨

حاجیخۆش (گوند): ٢١١، ٢١٤، ٢٣٠

حاجی ڕەسووی مەزرایە: ٤٩٨

حاجی سەدرولدەولە: ٥٩٥

حاجی سەکر: ٤٩٩

حاجی سینکە: ٤٩٨

حاجیمامیان (گوند): ٤٩٧، ٥٠٩

حاردوو (کێو): ٣٥٣

حاریس‌ئاغا: ٦٠٥

حسکە (تفەنگ): ٥٤٢، ٥٦٨

حورمەتەلملووك: ٦٦٧

حوسێن شەشە ـ کەنیلە (بەیتبێژ): ٦٥٢، ٦٦٨

حوسێن مامەڕەش (بەیتبێژ): ٥، ٤١، ٢٦٣، ٤٢٨

حوسێنقوڵیخان: ٤٤٦
حوسێنی مەدەنی: ٥٨٤
حوسێنی کەڕ: ٧٤، ٣٠٨
حەتەم: ٨١، ١٠٤، ١٩١، ٣٢٨
حەزرەتی ئەسکەندەر: ١٠٣، ١٩١
حەزرەتی سولەیمان: ١٠٣، ١٩١، ٢٢٩، ٣١٧
حەزرەتی عیسا: ١٦٠، ٣١٦، ٣٧٦
حەزرەتی مووسا: ١٦٠، ٣١٦، ٣٧٥
حەزرەتی نووح: ١٢٠، ١٢١، ١٦٠، ٢٢٩، ٣٥٢، ٣٧٥
حەزرەتی یۆسف / وێسب / یۆسب : ١٠٣، ١٢٠، ١٢٤، ١٩١، ٢٢٩، ٣٧٥
حەزرەتی یۆنس: ٣١٦، ٣١٧
حەسەنچەپ (گوند): ٤٩٢، ٤٩٧
حەسەنخان: ٥١، ٥٢، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٧٢، ٧٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٩٠، ٩١، ٩٤، ٩٨، ٩٩، ١٠٢، ١٠٨، ١١٠، ١١١، ١١٣، ١١٤، ١٢٨، ١٤٧، ١٥٠، ١٥١، ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٢، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٢، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٦، ٢١٧، ٢٣٢، ٢٤٦، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٧١، ٢٩٥، ٣٠٧، ٣٤٦، ٣٥٩، ٣٧٨، ٣٩٥، ٤١٥
حەسەنخانی ئێستاجلوو: ٢٨٩
حەسەنخانی موزەففەرولمولك: ٥٥٥
حەسەن سەلاح: ٣٣٤
حەسەن قازی: ٤٥٥
حەسەنی بەسری: ٧٤، ٣٠٨، ٥٤٢
حەسەنی بەکرئاغا: ٤٨٧، ٥٠٩
حەڵەب: ١٩، ٢٢٦، ٢٤٢، ٤٢٢
حەمامی عەباسئاغا: ٥٢٥، ٥٢٦
حەمامی میرزا ڕەسووڵ: ٥٤٥
حەمامیان: ٣٥٠، ٥٣١، ٥٤٢
حەمەبەگی لەتان: ٢٠، ٢٢٠، ٢٣٦، ٢٤٥، ٢٧٦، ٣٠٢
حەمەحوسێنخانی سەیفیقازی: ٥٤١، ٥٤٢
حەمەدئاغای سەرا: ٥٣٥
حەمەدئاغای مامەش: ٥٦٢، ٥٦٩، ٥٧٠، ٥٨٨، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩٧، ٦٠١، ٦٠٣، ٦٢١، ٦٢٤
حەمەدقوڵی: ٥٣٨
حەمەدی ئاغای (بەیتبێژ): ٤٠٨
حەمەدی بەیتان (بەیتبێژ): ٢٢٩، ٤٢٢، ٤٢٤، ٤٢٥، ٤٢٨، ٥٥١، ٥٥٦، ٥٦٦، ٥٧٩، ٥٨٣
حەمەدی شین: ٤٧٨، ٤٩١
حەمەڕەش: ٢٥٩
حەمەڕەشیدخانی بانە: ٥٧٣، ٦٠٨
حەمەسوور: ٤٨٥
حەمس: ٣٠٩
حەوتەوانان (گوند): ٥٠٨، ٥٤٢
حەوشار: ٦٢، ٣٠٦
حەیدەرخان: ١٣٥
حیـرمان: ١٧٤

خاتوونئەستێ (گوند): ٤٩٧، ٤٩٨
خاتوونباغ (گوند): ٤٧٩، ٤٩٦
خاسخاس (گوند): ١٨٧
خڵخاڵ: ١٤١، ٣٦٣
خاڵدار (گوند): ٥٨٨
خاڵندی بنی وەلید: ٧٩، ١٠٣، ١٩١، ٢٢٣، ٢٣٩، ٣٠٨
خاڵوسێن: ٧٣
خانئاودەل: ٤٣، ٦٠، ٦١، ٨٢، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٩٣، ٩٤، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١١٤، ١١٥، ١٩٠، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٤، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٠، ٢١١، ٢١٥، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٣٠، ٢٣٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٦، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥١، ٢٦٢، ٢٧٤، ٢٩٧، ٣٤٠، ٣٩٥

خان‌بابا / خان‌باباخان: ٥٥٦، ٥٨٩
خان‌تاوس: ٤٤٤
خانەگێ (گوند): ٤٩٢، ٤٩٧، ٥٣٧
خانەقای شیخی بورهان: ٦١٦، ٦٣٤
خانمە شێتە: ٦٦٧
خان‌وەلەد غازی‌بەگ: ٢٨٩
خاڵەسوورە (بەیتبێژ): ٣١٦، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٨٩
خانی‌لەپ‌زێڕین / خانی‌لاپ‌زێڕین: ٤٢، ٤٣، ٤٨، ٥٠، ٥٥، ٥٧، ٦٢، ٦٧، ٦٩، ٧٣، ٧٤، ٧٦، ٨٢، ٨٣، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠٤، ١٠٦، ١١٠، ١١١، ١١٣، ١١٤، ١١٦، ١١٧، ١١٩، ١٢٠، ١٢١، ١٣٧، ١٥١، ١٧٣، ١٨٧، ١٩٠، ١٩٣، ١٩٥، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٥، ٢١٠، ٢١١، ٢٢٠، ٢٢١، ٢٣٧، ٢٤٥، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٦٨، ٢٧٤، ٢٨٩، ٢٩٣، ٢٩٨، ٣٠٠، ٣٠٢، ٣٣٠، ٣٣٣، ٣٤٠، ٣٥٢، ٣٥٨، ، ٤١١، ٤١٩، ٦٤١
خدر (تایفە): ٤٥٣، ٥٠١
خدر حەسەن: ٥٧٠
خدربەگ: ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢١١، ٢١٢، ٢٢١، ٢٣٧، ٣٦٩
خدربەگی هەمەوەند: ١٤٨
خدرەلیاس: ٢١٤، ٢٣٠، ٣٥٢
خدری بریندار: ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٩، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ١١٢، ٢٣٨، ٢٩٨، ٣٠٠، ٣٣٩، ٤٠٢
خدری خدران:
خدری زیندە: ٢١٤، ٢٢٢، ٢٣٠، ٣١٩، ٣٥٠
خدری مەندە: ١٢٠
خدری لێتان: ١٤٤، ١٤٧، ١٥٢، ١٥٣، ٣٦٦، ٣٧٢، ٣٩٣
خڕەجۆ (گوند): ٤٩٨
خڕناڵ (بەیتبێژ): ٣٧٩، ٤٢٥، ٥٦٠، ٥٦٥، ٥٧٠، ٥٧١، ٦٧٩، ٦٢٢، ٦٢٧
خودادادخان: ٤٤٦
خوداوێردی‌خانی ئەرەشلوو: ٤٤٥
خوڕخوڕە (گوند): ٥٧٠
خوردستان: ٥٣، ٢٨٨
خورشت (گوند): ٢٦٣، ٣١٠
خوری‌شۆ (گەلی): ٥٥، ٢٥٨، ٢٩٢
خوسرەوو‌پەریز: ٣٧٧، ٣٧٨
خوسرەوخانی عەلائوددەولە: ٦١٧
خوسرەوخانی موکری: ٤٩٣
خولەکی (تایفە): ٦٣٠
خۆراسان: ٥٢، ٢٨٨
خۆی: ١٧٧، ٢٤٦، ٢٥٧، ٢٧٢، ٢٧٥، ٤٧٢، ٥٨٥، ٦١٣، ٦١٥
خەتایی‌نامە: ٦٥٤
خەڵیفان (گوند / شار): ٢٩٩، ٣١١
خەڵیفە (تایفە): ٣٨٩
خەڵیفەلییان / خەڵیفەلوو (گوند): ٣٥٧
خەلیل‌سوڵتان: ٢٨٩

داربووم: ٣٠
دارەلەك (گوند): ٥٠٨، ٥٢٩، ٥٣٨، ٥٣٩
دارەنە: ٢١٨
داشتەمر (گوند): ٤٩٧
داغە (گوند): ٤٩٧، ٥٠٩
دامغان: ٥٢
دانزیك / دانزغی: ٤١٣
دایەشێخی (گوند): ٤٩٨
دایماو (گوند): ٦٦٣
دریاز (گوند / قەڵا): ٤٨٧، ٤٩٥، ٥٠٨، ٥١٣، ٥٢٣، ٦٤١، ٦٥٤
دزە (گوند): ١٨٧، ٢٥٥
دزەی دۆڵ (گوند): ٢٦٨، ٣٦٩، ٤١٨

دڵوەفا:
دەمۆرگان: ٤٩٥
دوکتۆر سارمی: ٥٧٣
دوکتۆر کاکران: ٥٩٢
دووڕباش (گوند): ٣٤٨
دووسەید (گوند): ٤٩٧
دووچۆمان (گوند): ٤٩٨
دۆستاڵی (گوند): ٣٩٦
دۆڵ (گوند / ناوچە): ٤٤٤
دۆڵەتووی گەرمێن (گوند): ٤٩٨
دۆڵی ئافان: ٤٩٧
دۆڵی ڕەنێ: ٤٩٧
دۆڵی شێخان: ٤٩٧
دۆڵی قۆزلووجە: ٤٩٨
دۆڵی میـرەدێ: ٦٠٨
دۆم: ٥٠٣، ٥٠٤
دۆم موکری: ٥٠٣
دەربەند (گوند): ١٨٧
دەرگەز: ٥٣
دەرگەزێن: ٢٨٨، ٣٣٧
دەروێش ڕەحمانی حەمەشێت (بەیتبێژ): ٥٧٠
دەشتەبێڵ (ناوچە): ٥٦، ٢٩٢، ٢٩٣، ٢٩٨، ٣١٣، ٤٣٧، ٥٩١
دەشتی خوێ: ٢١٨، ٢٣٤، ٤١٧
دەشتی موغان: ٦١٢
دەلۆ (گوند / تایفە): ١٨٧، ٦٠٥
دەماوەند (کێو): ٢١٥، ٢٣١
دیاربەکر: ١٩، ٦٥٦
دیاکونۆف: ٤٩٥
دیدان (گوند): ٢٦١
دیلمان / دیلەمان: ٢٥٧
دیلمەقان: ٣٨٣
دینەوەر: ٢٦٨
دێبۆکر (گوند): ٤٩٧، ٦٠٩
دێبۆکری (تایفە): ٨، ٥٢٦، ٥٢٨، ٥٣٣، ٤٣٤، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٣٧، ٥٣٨، ٥٤٠، ٥٤٢، ٥٤٤، ٥٤٦، ٥٦٠، ٥٦٢، ٥٧٠، ٥٨٩، ٦٠١، ٦٠٩، ٦١٨، ٦٢٨، ٦٤٨، ٦٥٦، ٦٥٧
دێخورگان: ١٩٩، ٢٥٨، ٣٩٢
دێیمەلا (گوند): ٥٧٢، ٦٦٧

ڕابیعەی عەدەوی / ڕابیعای حەڵەبییە / ڕابیعای چەڵەبی / ڕابییەی حەلەبی / ڕابییەی حەلەبییە : ١١٥، ٢١٢، ٢٢٢، ٢٣٧، ٣٤٩، ٤٠٠
ڕالف سولیکی: ٢٩٩
ڕانیە: ٦٠٣
ڕاولینسۆن: ٤٩١، ٤٩٥
ڕۆژەکی (هۆز): ٦٠٤
ڕۆستەم: ٤١، ٨٠، ٨١، ١٠٤، ١٤٦، ١٦٦، ١٨٠، ١٩١، ٢١٥، ٢٣١، ٢٤٧، ٢٦٦، ٢٦٧، ٣٤٩، ٤١٥، ٤٨٠، ٥٥٣
ڕۆستەمخان: ٤٤٦
ڕۆستەمی فەڕروخزاد: ٣٢٧
ڕۆم: ١٠٨، ١٥٤، ١٦٢، ١٦٨، ١٦٩، ١٧٨، ١٨٢، ٢١٦، ٢٣٥، ٢٤٢، ٢٥٥، ٤٢٦، ٤٤٣
ڕۆملوو (تایفە): ٣٤
ڕەبەت: ٦٠٨
ڕەحمان بەکر (بەیتبێژ): ٢١٨، ٢٣٤، ٣٣٢، ٣٩٧، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤١٧، ٤٠١،٤٠٢، ٤١٩، ٤٢٣، ٤٢٤، ٤٢٦، ٤٢٧، ٤٢٨، ٤٢٩، ٤٦٧، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧١، ٥٥١، ٦٦٥
ڕەحمانبەگ: ١٦٥، ٣٧٨
ڕەحیمخانی چەلەبیانلوو: ٥٨٧

ڕەزاقوڵیخان: ٤٤٦
ڕەزگە: ٤٩٨
ڕەسووڵ شیـرمۆخ ـ مینایی (بەیتبێژ): ٦٤٧، ٦٥٠
ڕەسووڵئاغا زێوکەیی: ٥٧
ڕەسووی باباجی: ٤٩٨
ڕەشت / ڕژد: ٩١، ١٠٩، ١٥٤، ١٨١، ١٩٨، ٢١٧، ٢٣٣، ٢٥٧، ٢٨٨
ڕەشەکان (گوند): ٤١١، ٤١٨
ڕەشیدبەگ: ١٤٨، ٣٧٠
ڕەمك (تایفە): ٥٦٠، ٦٠٥، ٦٠٨، ٦٢٢
ڕەواندز: ٦٣، ٢٩٨
ڕەوزە (چۆم / ناوچە): ٤٤٥، ٦١٢

زابولستان: ٢٦٦
زاخۆ: ٦٤٧
زاواکێو: ٧٥
زایربەگ: ٣٣٣، ٦١٠
زڕەکادەروێشی: ٥٥٢، ٥٥٤، ٦٣٠
زگدڕاو (گوند): ٣٩٦، ٥٤٢
زمیـر: ١٤٤، ١٦٥، ١٨٠
زنکەکان (گوند): ٢٦٨
زنـووری میسری: ٢١٢، ٣٩٦
زوراری (هۆز): ١٤٨، ٤٣٦
زولقەدر (تایفە): ٣٤
زولەیخا: ١٠٣، ١٢٤، ١٩١، ٢٢٩، ٣١٨
زوودان (گوند): ٤٩٨
زوودی (تایفە): ٦٠٥، ٦٣٠
زۆرابی نێزەدار: ٨٠، ٣٢٥
زەرزا / زەرزە (هۆز): ٨، ٦٠٥، ٥٣٤، ٥٩١
زەردەشت: ٢٧
زەکی وەلید تۆغان: ٣٠
زەنجان / زەنگان: ٢٩٠، ٤١٦
زەند: ٥٣، ٢٨٨، ٤٤١
زیاد محەممەد ئەمین: ٤٦٧
زێڕن (بەرەباب): ٤٦٠، ٤٦٤
زین (بەرەباب): ٤٦٠، ٤٦٤
زیندەشتی: ١٨٨
زینوێ سیدەك: ٥١، ٢٨٥
زینوێ شێخی: ٦٣، ٧٧، ٢٩٨، ٣١٦
زێوە (گوند): ١٨٧، ٤٩٢، ٤٩٧، ٥٠٩
زێوکە (گوند): ٤٩٨

ژووبێر: ٤٥٨
ژەنگار: ٢٩

ســـابلاغ: ٧، ٨، ٨٥، ٣٣٣، ٣٥٥ه، ٣٦٣، ٣٦٩، ٣٩٧، ٣٩٩، ٤٤٦، ٤٤٩، ٤٥٥، ٤٦٣، ٤٦٤، ٤٧٢، ٤٧٣، ٤٧٥، ٤٧٨، ٤٧٩، ٤٨٩، ٤٩١، ٤٩٣، ٤٩٨، ٥٠١، ٥٠٤، ٥٠٨، ٥١١، ٥١٢، ٥١٧، ٥١٨، ٥١٩، ٥٢٣، ٥٢٤، ٥٢٦، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٣٤، ٥٣٥، ٥٤٥، ٥٤٦، ٥٥١، ٥٥٤، ٥٥٦، ٥٥٧، ٥٥٩، ٥٦٠، ٥٦٤، ٥٦٦، ٥٧٠، ٥٧٥، ٥٨٦، ٥٨٨، ٥٨٩، ٥٩٤، ٥٩٥، ٥٩٦، ٥٩٧، ٦١٢، ٦١٣، ٦١٥، ٦١٨، ٦٢١، ٦٢٢، ٦٢٦، ٦٣٤، ٦٤١، ٦٤٣، ٦٥٤
سادقخانی شقاقی: ٤٥٧
سارمبەگ، ٧، ٦٤١، ٦٥٤
سارۆ (قەڵا): ٣٥٤
سارەوانان (گوند): ٥٠٨
ساقیبەگ: ٤٧٣
ساڵح پێغەمبەر: ١٦٠، ٣٧٦
سالوور (تفەنگ): ٥٣١، ٥٤٣

ساڵە کوردە (بەیتبێژ): ٤٢٥، ٥٧٩، ٥٨٠
سامسام: ٦٤٥، ٦٤٦، ٦٤٢، ٦٥٠، ٦٥٢، ٦٦٥، ٦٦٦، ٦٦٨
سامسامی گۆران: ٦٦٧
سامی نەریمان: ١١٨، ١٩١
سامۆتێ (گوند): ١٨٧
سامۆرتە (گوند): ٤١١
سایینقەڵا: ٤٤٥، ٤٥٧، ٥١٢، ٥٩٠
سپیڕێز (کێو):
سریلاوا (گوند): ٤٠٦
سڵۆک (گوند): ٤٩٧
سڵەماناغای مەعرووفی: ٥٧٢
سڵەمانبەگ: ١٤٥
سڵدووز (دەشت): ٥١٣
سمایلئاغای بشکوفتی: ٤٤٧
سمکۆ: ٦٠٣، ٦٤٢
سمنان: ٣٣٧
سمێرێ (گوند): ٤٥٧
سمێنوو (گوند): ٤٩٧
سن: (تیـرە): ٦٠٥
سن سرکیس: ٥٩١
سنە: ٥٢، ٢١٧، ٢٣٣، ٢٨٨، ٣٦٩
سنجار: ٢٩
سندووس (دەشت): ٧، ٥٣، ٥٥، ٩٢، ١١٠، ٢٠٠، ٢١٧، ٢١٨، ٢٣٤، ٢٥٨، ٢٦١، ٢٧٠، ٢٨٨، ٢٩١، ٢٩٢، ٤٤٥، ٤٤٨
سوارە فتووحی: ٢٥
سوڵتان (کێو): ٧٥، ٣٢٧
سوڵتان ئەحمەدی بێنار (بەیت): ٣٥٤، ٣٧٩
سوڵتان بایاقووب (چاک): ٧٥، ٢١٤، ٢٢٩، ٣١١
سوڵتان دووکڵاو: ٥٧٠
سوڵتان سەلیم: ٦٤، ١٠١، ١٠٢، ١١٧، ١٢١، ١٤٣، ١٥٢، ١٥٣، ٢٠٣، ٢٠٤، ٢٩٩، ٣٠١
سوڵتان سەمەد: ٢١٤، ٢٢٩، ٤١١
سوڵتان سەمەر: ٢٢٣، ٢٣٩، ٤٢٨
سوڵتان سەید وەقاز: ١٦١، ٢١٥، ٢٢٣، ٢٣٠، ٢٣٨، ٣٢٧
سوڵتان سولەیمانی قانوونی: ٢٩٩
سوڵتان مەحموود غەزنەوی: ٢٧٥، ٢٨٤
سوڵتان محەممەدی سێیەم: ٣٠٠
سوڵتان محەممەدی فاتح: ٤٢٦
سوڵتان مرادخانی عوسمانی: ٦٤١
سوڵتانی پشتی گەڵوانێ (چاک): ٣١١
سولەکی (تایفە): ٦٣٠
سولەیمانبەگ: ٤١٠، ٤١١
سولەیمانی: ١٧٧، ٢٨٨
سولەیمانی خەزاڵی: ٤٨٠
سونێ (گوند): ٤٩٨
سوودابە: ٤١٥
سوورچی (عەشیـرە): ٤٣٠
سوورەی عەزیزئامان (بەیتبێژ): ١٠٣، ٣٤١
سۆران: ٣٦٨
سۆسین: ٤٠١
سۆفـیان (گوند): ٢٦١
سۆفیانی ورشاق: ٣٤
سۆفـی سوارەی سێلم ساغوڵ: ٤٩٨
سۆفـی مامەی ناوپردان: ٢١١
سۆفـی مامەندی بەلەبان: ٧٥، ٣١٠، ٣٩٥
سۆڵغە (گوند): ٤٩٧
سۆمای برادۆست (ناوچە): ٣٧، ٢٦٨، ٦٠٨
سۆهرابـبەگ: ٣٣٤، ٤٦٣، ٥٢٣
سەتوەتولسەلتەنە: ٣٨
سەدرەددین: ٣٢

سەدرولدەولە: ٥٩٥
سەدری بەلاغی: ٣٥٢
سەدیق بۆرەکەیی: ٤٦٧
سەرتان : (گوند): ٤٩٧، ٤٩٨
سەرتەنگ (گوند): ٤٩٧
سەردەرۆ: ٦٤٤، ٦٥٢
سەردەراباد (گوند): ٦٤٦
سەردەشت: ٧، ٤٥٥، ٥١٢، ٥١٧، ٥٦٣، ٦٠٨، ٦٦٦
سەرشاخان (گوند): ٤٩٨
سەرهۆلان (گوند): ٤٩٧
سەعدوللا شێخانی: ٣٩٦
سەعدی بنی وەقاز: ٨٠، ٣٢٧
سەعیدی ترشڕوو: ٨٠، ١٠٤، ١٩٢
سەفەرقولیبەگی یووزباشی: ٢٨٩
سەفوەتولسەفا: ٣٠
سەفیقولیخان: ٤٤٣
سەفین (کێو): ١٨
سەقز: ٩، ٥٢، ٨٥، ٣٣٣، ٥١٢، ٥٢٣، ٦٠٨
سەکستان: ٢٦٦
سەلاح پایانیانی: ٢٦٨، ٣٧١
سەلاح خزری: ٢٥، ٢٨٤، ٢٨٥، ٤٢٩، ٤٣٠
سەلاحەددین ئاشتی: ٤٤١
سەلکی (تایفە): ٤٥٣
سەڵماس: ٣٦، ١٧٥، ٢٤٦، ٢٥٧، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٤، ٤٤٤، ٥١٢، ٦١٥
سەلیمبەگ: ٤٦٧
سەلیمخانی چارداوڕوو: ٥٦١، ٥٨٩، ٦٢٣
سەموود: ٣٧٦
سەمەدخان: ٤٦٢، ٦٤٣، ٦٤٤، ٦٦١، ٦٦٢
سەنجار: ٣٠، ٣١
سەوزەپۆش (چاك): ٢١٤، ٢٣٠، ٤١١
سەوزی (گوند): ٥٧٢
سەهران: ٢٦٨
سەهەند (کێو): ٤٥٠، ٥٦٢
سەیداوا (گوند): ٤٩٨، ٥٤٢
سەید جەماڵەددینی ئیسفەهانی:
سەید خاڵندی لاجان: ٧٥، ٣١١
سەیفەددینە کوێرەی ئەنزەل: ٢٨٩
سەیفولقوزات: ٣٩٦
سیاقۆڵ (گوند): ٤٩٧، ٤٩٨
سیاکێو:٣٦١
سیاوانێ (گوند): ٧٥، ٢٩٨
سیاوەش: ٢١٦، ٢٣١، ٤١٥
سیت (تایفە): ٥٧٢
سێپەکان (گوند): ٤٩٨
سیدەك (قەلا): ٤٤٦
سیدەکان: ٢٦٥، ٢٧٩، ٣٣٥، ٣٨٨
سیدەلان (گوند): ٤٢٠، ٤٩٨
سیر (گوند / چیا): ٥٩١، ٥٩٤، ٦١١
سیکەنە (گوند): ٤٩٨
سیستان: ١٨١، ٢٦٦
سیکەنە و سەرخانان: ٤٩٨
سێلم (گوند): ٤٨٧، ٤٩٧، ٤٩٨، ٥٠٩
سێلم ساغولّ (گوند): ٤٩٧، ٦٩٨
سێمانی قادری: ٤٩٨
سینگان (گوند): ٣١٢
سیواس / سیواز: ٢٢٦، ٢٤٢، ٤٢٢
سێوەدین: ٢١١، ٣٥٩

شائیسماعیل: شاسماعیل / ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٣، ٣٤، ٦٤١، ٦٥٥
شابازەسووری مەرگێ: ١٦٦، ٣٧٩

شاتۆماسب: ٢٩، ٣٠، ٦٤١، ٦٥٥
شارویران (دەشت): ٧، ٢٩٦، ٣٣١، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٩٨،
٣٩٩، ٤٠٠، ٤١٧، ٤٩٨، ٥٠٤، ٥٠٨، ٥١٣، ٥٣٥، ٥٣٧،
٥٣٩، ٥٧٠، ٥٧٩، ٦٤٢، ٦٥٤، ٦٥٦
شارباژێر: ٦٠٨
شارەزوور (گوند): ٤٩٨
شازادە لوتفعەلیخان: ٥٨٦
شازادە لوتفوڵلامیرزا: ٦٢٨
شازەمان: ٤٣٦
شاسوڵتانحوسێن: ٣٩٠
شاسولەیمانی سەفەوی: ٥١٨، ٥٢٣
شاعەبباس / شاعەباس / شاهەباس: ٤٢، ٥٩،
٦٠، ٦٥، ٧٠، ٧١، ٧٢، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩،
٩٠، ٩٥، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ١٠١، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩، ١١٢، ١١٤،
١١٧، ١٢١، ١٢٨، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٩، ١٤١،
١٥٧، ١٦٢، ١٧٠، ١٧١، ١٨١، ١٨٢، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٤،
١٩٨، ١٩٩، ٢٠٢، ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢١٠، ٢١١، ٢١٦،
٢٣٢، ٢٤٥، ٢٤٨، ٢٤٩، ٢٥٠، ٢٥٥، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٣،
٢٧٥، ٢٨٨، ٢٨٩، ٢٩٥، ٣٠٢، ٣٣٢، ٣٣٣، ٣٣٦، ٣٣٩،
٣٥٥، ٣٥٨، ٣٥٩، ٣٦٣، ٣٧٨، ٤٤٤، ٥١٩، ٥٣٥، ٦٤١،
شاڵیبەگ: ١٣٦، ١٤٤، ١٦٥، ٢٥٦
شام: ٥٥، ٦٨، ٧٤، ١٧٧، ٢٩٢
شامات: ١٧٧، ٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٠، ٤١٧، ٥٧٣
شاملوو (تایفە): ٣٤
شانەدێر: ٦٣، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٧٧، ٣٨٢، ٣٨٥، ٣٩٢،
٣٩٥
شاوەلە (گوند): ٦٠٨، ٦٠٩، ٦٥٦
شاهی نەخشبەند: ٢٢٣، ٢٣٨، ٤٢٠
شایسەیوان / شاسەوەن (هۆز): ٥٢، ٢٨٨، ٥٩٥،
٦١٢
شکاك (هۆز): ١٨٧، ٢٦٨، ٦١١
شکاکان (گوند): ٢٥
شمشێرخان: ٢٨، ٢٤٥، ٣٧٧
شنۆ (شار / دەشت): ٧، ٩، ٥٣، ٥٥، ٦٣، ٩٨، ١١٤،
٢٠٨، ٢١٥، ٢٢٧، ٢٣٠، ٢٤٢، ٢٥٨، ٢٦٣، ٢٦١، ٢٦٩،
٢٩١، ٢٩٢، ٢٩٣، ٢٩٨، ٣١١، ٣١٢، ٣١٣، ٣٣١، ٣٥٤،
٣٧٩، ٤١٩، ٤٤٥، ٥١٢، ٥٥٩، ٥٧٠، ٥٩٥، ٦٠٢، ٦٠٣،
٦١٠، ٦١٩
شنۆزەنگ (گوند): ٣١٠
شوجاعولمولك: ٦٤٤
شوغاد: ٢٦٦
شووشتەر: ٥٣، ٢١٧، ٢٣٣، ٢٥٧
شووشەوان (گوند): ١٠٩، ١٩٨، ٣٤٥، ٣٤٦
شۆگا: ٥٠٤، ٥٠٥، ٥٠٦
شەدداد: ٨٠، ٨١، ١٠٤، ١٩٢، ٣٢٥
شەروێتێ (گوند): ٤٩٨
شەم (بەرەباب): ٤٦٠، ٤٦٤، ٤٩٨
شەمسە: ٤٣٦
شەمسی تەورێزی: ٩٩، ١١٥، ٢١٢، ٢٢٢، ٢٣٧، ٣٤٩
شەمسی شەمسان: ٤٥٣
شەمشەجان (گوند): ٢٥٥، ٢٦٢
شەملەکلان (گوند): ٤٣٧
شەهابولمولك:
شێخان (گوند): ٧٥
شێخ ئالیی تەورێزی (قەبرستان): ٦٠١
شێخاڵی (گوند / چاك): ٧٤، ٧٥، ٣١٠، ٣١٣
شێخان (گوند): ٣١١، ٤٩٢، ٤٩٧
شێخ باباسەعید: ٣١٢
شێخ بابای لەگز: ٣١٢
شێخ برایمی کانی ڕەشتێ: ٧٤، ٣١٠
شێخ بەدرەددین: ٣٢
شێخ تەها: ٤٣٠
شێخ تەها ئەفەندی: ٥٨٥
شێخ جونەید / شێخ جونێد: ٣٢، ٢٢٢، ٤٢٠

شێخ حەیدەر: ٢٧١، ٦٤١
شێخڕەشی گەرگەرۆیی: ٢٢٢، ٢٣٨، ٤٢٠
شێخ سمایل کلاوقووچ: ٣١٢
شێخ سمایلی جاشێران: ٧٥، ٣١٢
شێخ سەدیق: ٥٩٣
شێخ سەفی: ٣٠، ٣١
شێخ سەفیەددین: ٢٩، ٣٢، ٥١٢، ٥١٣
شێخشەرەفی (تایفە): ٦٣٠
شێخ عەبدولقادر: ٢٣٨، ٥٦٦، ٥٨٨، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩٤، ٥٩٥
شێخ عەبدولقادری گێلانیێ: ٢٢٢
شێخ عەبدوڵلادەهلەوی: ٤٢٠
شێخ عەلیخان: ٥١٢، ٥٢٣، ٥٢٩، ٥٤٠، ٥٧٢
شێخ عەلیخانی موکری: ٥١٩
شێخ عوبەیدیللای نەهری: ٤٦٤، ٥٨٣، ٥٨٥، ٥٩٠، ٥٩٤، ٥٩٦، ٥٩٧، ٦٠٠، ٦٠٣، ٦٠٦، ٦١٣، ٦١٥، ٦٣١
شێخ کەماڵ: ٥٨٨
شێخ مارف: ٢١٢، ٢١٤، ٢٢٢، ٢٢٩، ٢٣٧، ٣٩٦
شێخ محەممەدی ئۆتەمیش: ٣١٢
شێخ محەممەدی باڵەکی: ٢٢٢، ٢٣٨
شێخ محەممەدی وەڵاشی: ٢٨٥
شێخ محەممەدی هەنگلان: ٧٥، ٣١٠، ٣١٢
شێخەڵلا: ٢٨٥
شێخ مووس: ٦٢، ٧٥، ٢٦١، ٢٦٢، ٢٩٨، ٣١٢
شێخ هیدایەت: ٥٩٦
شێخ یۆسف شەمسەددین: ٣٥٥
شێخی باڵەك: ٥١، ٢٢٣، ٢٣٩، ٢٨٤
شێخی گێلانی: ٢٢٢، ٢٣٧
شێخی نەهری: ٨، ٤٥٢
شیراز: ٣٤، ٥٢، ١٠٩، ٢٨٨
شێرتاجەدین سوێسنی: ٢٥٩
شیلاناوێ (گوند): ٥٠٨
شینکە (تفەنگ): ٥٤٢، ٥٦٩
شینکی چەخماخخوار (تفەنگ): ٥٦٩

عالەمئارای عەباسی (کتێب): ٢٦، ٢٦٨، ٢٧٠، ٢٧٦، ٢٨٩، ٣٠٠، ٣٦١، ٣٧٠، ٣٧٧، ٣٩٤، ٤٤١
عوبەیدوڵلا ئەیووبیان: ٣٩٩، ٥٧٠، ٥٧٩
عوزێر: ٤٥٢، ٤٥٤، ٤٦٠، ٥٠٣
عوسمانئاغای گەورك: ٥٨٩
عوسمانبەگی / وەسمانبەگی حەکاری: ٥٩، ٢٠٢
عوسمان ئۆرخانبەگ: ٣٢
عوسمانە سوور: ٤٩٤
عومەرئاغای عەلییار: ٢٩١، ٤٥٣، ٤٩٠، ٥٢٦، ٥٤٣، ٦٢٨، ٦٠٨، ٦٥٩
عوممان: ١٧٤
عەباسئاغای / هەباسئاغای دێبۆکری: ٥١٩، ٥٢٤، ٥٢٥، ٥٢٦، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٣٤، ٥٣٦، ٥٣٧، ٥٣٨، ٥٤٠، ٥٤٢، ٥٤٣، ٦٠١، ٦٤٢
عەباسمیرزا: ٢٩١، ٤٥٧، ٥١٩، ٥٢٦، ٦٠١، ٦١٣، ٦١٤، ٦٣١
عەباسی عەلەمدار: ٨٠، ٣٢٥
عەبدۆیی / عەدۆیی (تایفە): ١٧٨، ١٨٨، ٣٨٩
عەبداڵبەگ: ٢٦، ٣٦، ٨٣، ٨٨، ٩٠، ٩٧، ٩٩، ١١٦، ١٣٨، ١٤٢، ١٩٥، ٢٩٨، ٣٣٢
عەبدوڕەحمانی زەبیحی: ٣٧١
عەبدوڕڕەحمانبەگ: ٥٢٣
عەبدولعەزیزی شنۆیی: ٢٢٢، ٢٣٨
عەبدوڵلا سەمەدی: ٢٥، ٤٢٩، ٥٤٩، ٥٧٧، ٥٧٩، ٥٨٣
عەبدوڵلا ناهید: ٥٢٣

عەجەبشێر: ٣٤٥
عەرەبئاغا: ٥٢٦
عەرەبکەرلوو (تایفە): ٢٧١
عەزیز ئیبراهیمی: ٣٩٩
عەزیزئاغای فەتاح: ٥٨٧
عەزیزبەگ: ٣٦٩
عەزیزبەگی زوراری: ١٤٨
عەزیزخانی سەردار: ٥١٧
عەسکەرئاباد (گوند): ٥٩٤، ٦١٢
عەسکەرخان: ٤٤٦
عەڤدالّبەگ: ١٠٧، ١٣٧
عەلائوددەولەی ئەمیرنیزام: ٥٩٦
عەلائولسەلتەنە:
عەلەمدار: ١٧٧
عەلی بەردەشانی (بەیتبێژ): ٣٥٦، ٤٦٤، ٤٦٥، ٤٦٧، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧١
عەلی سیاهپووش: ٣٢
عەلیئاباد (گوند / کێو): ٥٧٢، ٥٩٨
عەلیئاغای جەوانمەردی: ٦٠٨
عەلیئاغای حاجیئێلخانی: ٥٧٣، ٦٦٠، ٦٦١
عەلیئاغای سالارعەشایری: ٤٥٢، ٤٩٦، ٥٠١، ٥٣٥، ٥٥٢
عەلیئەکبەر خەتایی: ٦٥٤
عەلیخانی حاجبولدەولە: ٤٥٠
عەلیخانی سەرتیپ:
عەلیقولّیخان: ٢٧١
عەلیقولّیخانی ئێشکئاغاسیباشی شاملوو: ٢٧٠
عەلیمرادخانی زەند: ٤٤٩، ٤٥١، ٤٥٤، ٤٦٠، ٤٦١، ٤٧٥
عەنەدۆلّ: ١٦٢، ١٧٦، ٣٨٢
عەولاباد (گوند): ٤٩٦
عەولاخانی موکری: ٤٩٣، ٥١٧، ٥١٨، ٥١٩، ٥٢٢، ٥٢٤، ٥٢٦، ٥٢٧، ٥٢٨، ٥٢٩، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٣٩، ٥٤٤، ٥٤٥، ٥٤٦، ٥٤٩، ٥٧٢، ٦٤٢
عەولاخانی شنۆ: ٥٨٩
عەولاغای کێچئاوا: ٥٣٨
عەولاکوردە (گوند): ٤٩٧، ٥٠٩
عەوێز: ٥٣، ٢٨٨
عەیزە سوور: ٦٦٢
عەینولدەولە: ٦٦١
عەینەرۆم: ٢٥٨

غاری حیرا:
غەوسی گەیلانی: ٣٠٦
فازل کەریم ئەحمەد: ٤٥١
فاسووم: ٤٥٥
فەتاحبەگ: ١٣٦، ١٤٥، ٣٦٦
فەتاحخانی میرموکری: ٥٧٣، ٥٧٤
فەتحعەلیخانی ئەفشار: ٦٠٦
فەتحعەلیشا: ٣٤٦، ٤٥٧، ٤٥٨، ٤٦٠، ٤٦١، ٦١٤
فەرەجیخان: ٥٩٥
فەرخی داودی: ٢٢٢، ٤٢٠
فەرمانفەرما: ٦٤٣
فەقێ ئاودەل: ١٨٩
فەقێ ئەحمەدی دارشمانە: ٣٣٤
فەقێ شالّ: ٧٥، ٣١٢
فەقێ محەممەد: ١٨٩
فەقێئیسی: ٦٣٠
فەقرەقا: ٤٩٤، ٤٩٥، ٦٥٤
فەقینەبی: ٤٥٢
فەیزوللابەگی (تایفە): ٨، ٥٢٣، ٥٦٠، ٦٠٨، ٦٢٢

فیداخان: ١٨٧
فیـرعەون: ٧٨، ٨١، ١٠٤، ١٩٢، ٣٧٥
فیـرووزشای زێڕینکڵاو: ٣٠

قادر فەتاحی قازی: ٣٤١، ٣٥٠، ٣٧٩، ٥٢٠، ٥٣٣، ٥٣٤، ٥٣٧، ٥٤٠، ٥٧٠، ٥٧١، ٦٣٣، ٦٣٤
قادر قەرەچۆم: ٤٩٨
قادرئاغای ئیندرقاش: ٥٢٤، ٥٢٧، ٥٣٥، ٥٣٦، ٥٦٦، ٦٠١، ٦٢٨، ٦٣٣، ٦٤٢، ٦٤٣، ٦٤٥، ٦٤٧، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٦٠
قادراوا (گوند): ٥٨٠
قادره مۆزە: ٦٦٥
قاراوا (گوند): ٤٢٥
قارنجە (گوند): ٥٧٣
قارەمان: ٨٠، ١١٨
قارەمان شایەر (بەیتبێژ): ٢٤٧، ٤٣٠
قارەمانی (حێل): ٥٥٦، ٥٥٩، ٥٦٦، ٦٠٩، ٦١٨، ٦٢١، ٦٢٨، ٦٥٦
قازیاوا (گوند): ٤٩٧، ٥٥٢، ٦٠٩
قاسملوو (گوند / گەڵی): ٢٦٩، ٢٧٩، ٢٩٢، ٢٩٨، ٤١٢، ٤٣٠، ٤٤٥
قاسملییان (گوند): ١٢٧، ١٣٨، ٣٥٧، ٣٦١
قاشقەگەدووك: ٤٤٤
قافلانتوو / قافلانکوو (کێو): ٢١٧، ٢٣٣، ٤١٦
قالوێ زەندان (گوند): ٥٨٠
قزرمە (کێو): ١٤٨، ٣٦٩
قزڵئوزون: ٤١٦
قزڵجە (گوند): ٣١٦، ٥٨٠
قزڵقۆپی (گوند): ٥٣٨، ٥٧٠
قسقەپان (گوند): ٢١٥، ٢٣٠، ٤١١
قوبادخان: ٢٧٠، ٥١٩

قوربانسوڵتانی بیگدلی: ٢٨٩
قوڕووچاوێ (گوند): ٤٩٨
قوڕیچای: ٥٤، ١٠٩، ١١٠، ٢٥٨، ٢٩٠، ٣٤٧
قوستەنتەنییە: ٤٢٦
قوشچی (گوند): ٥٩٤
قوم: ٥٣، ٢٥٧، ٣٨٦
قوونقەڵا (گوند): ٥٠٨، ٥٣٨
قوونییە: ٤٣٩
قۆڕقلوو (تیـرە): ٤٤٥
قۆزلووجە (گوند): ٤٩٨
قۆڵغەتەپە (گوند): ٤٢٥
قۆیتەڵ (گوند): ٤٩٧، ٤٩٨
قەباغکەندی (گوند): ٣٩٩، ٥٧٢
قەبری وسێنی (گوند): ٤٩٨
قەراباغ (بەرەباب): ٣٤
قەراتاتار: ٥٢٣
قەراج: ٣٢٧، ٦٠٣
قەراچوبوق (دەشت / گوند): ٢٧٠
قەرامەلك (گوند): ٦٤٤، ٦٦٢
قەرەئێولووی (تیـرە): ٤٤٤
قەرەباغ: ٥١٠
قەرەبەگی گەردی: ٢٦، ٥٧، ٦١، ٢٩٤، ٢٩٥
قەرەبڵاغ (گوند): ٥٤٢
قەرەپاپاق / قەرەپەپاغ: ٢٩١، ٤٤٧، ٥٨٨، ٦٢١، ٦٣١
قەرەخان (گوند): ٥٣٨
قەرەداغ: ٦٥٩
قەرەداغلوو: ٢٦
قەرەشڵاغ (گوند): ٥٣٨
قەرەچەلان (گوند): ٥٠٩
قەرەسوو (چۆم): ٤٤٤
قەرەگۆل (گوند): ٥٧٢

قەرەقاج (گوند): ٢٦١، ٥٠٩
قەرەنیئاغای مامەش: ٤٤٦
قەرەوەسمانبەگ: ٦٠٧
قەرەوێران (گوند): ٥٧٢، ٥٧٣
قەزوێن: ٥٢، ١٧٨، ١٨١، ٢٧٤، ٢٨٨، ٥٨٨، ٦١٢
قەسری عارفان: ٤٢٠
قەسرێ: ٢٨٥
قەشقونە (گوند): ٤٩٢
قەڵات (گوند): ٥٤٢
قەڵاتاسیان (گوند): ٤٩٨
قەڵاتیان (گوند): ٧٥، ٣١١
قەڵاچوالان: ٤٤٩
قەڵای ڕەسووڵەسیت (گوند): ٥٧٢، ٥٧٣
قەڵای سمایلئاغا: ٥٩١، ٥٩٤، ٦١١
قەمبەرناز: ٤٣٦
قەندیل: ١٥، ٤٥٤
قەندهار: ١٩٨
قەیتەران: ٨٠، ١١٨، ١٩١

ڤۆلفگانگ ڕوودۆلف: ٤٢٩، ٤٣٠

کادەروێشی (تایفە): ٤٦٠، ٤٩٦، ٤٩٧، ٥٥٩، ٥٦٥، ٦٠٢، ٦٢٠، ٦٣٠
کارەش (تایفە): ٤٥٣، ٦٣٠
کاردار (تایفە): ١٨٨، ٣٨٩
کاسوورەدێیی (تایفە): ٤٥٢
کاشان: ٥٣، ٢٥٧، ٣٨٦
کاکاغا عوسمان (تایفە): ٦٠٥
کاکەڕەحمانی حەیدرەی: ٥٤١
کاکەسەنی خدر مەنگوڕ: ٥٣٨
کاکەلاڵاغا: ٥٥٤، ٥٥٥
کاکران: ٥٩٢
کامەم (گوند): ٤٩٧
کانەبی فەقێوەیس: ٦٠٨
کانیگەردە (گوند): ٤٩٨
کانیڕەش (گوند): ٥٧، ٢٩٥
کانیڕەشت (گوند): ٢٨٧
کانیسۆرك (گوند): ٢٦٣
کانیمراد: ٢١٢، ٣٤٨
کاوەیس (گوند): ٤٩٧، ٥٠٩
کرماشان: ٢١٧، ٢٣٣، ٣١١، ٣٩٤
کرمان: ٥٢، ٦٦، ٦١٥
کرمانج (تایفە): ٣٨٩
کشمیر: ٥٣، ٩١، ١٠٩، ١٥٣، ١٩٨، ٢١٧، ٢٣٣، ٢٥٧، ٢٨٨
کوچك (گوند): ١١٥، ٢١٢، ٣٤٨
کووچكخان: ٥٢٩، ٥٣٧، ٥٣٩
کۆخان (گوند): ٤٩٧
کۆکە / کووکە (گوند): ٢١٩، ٢٣٥، ٢٩٧
کۆنەبازرگان (گوند): ٤٥٢
کۆنەدێ (گوند): ٥٠٥، ٥٣٨
کۆنەدێی شوگایی (گوند): ٥٠٥
کۆنەدێی قازی (گوند): ٥٠٨
کۆهەکلوو (تایفە): ٤٤٥
کۆیە / کۆ: ١٩، ١٧٧، ٣٨٤، ٣٩٦، ٦٠٣
کوێخا برایمی ئەحمەدی خەلیفی سمێری: ٤٩٨
کوێخا برایمی شێخەکۆڵی قۆزلووجەی: ٤٩٨
کوێخا عەلی زێوە: ٤٩٨
کوێخا عەلی گللێر، ٤٩٨
کوێرەسونی: ٣٨٨، ٣٨٩، ٦١٢

کەبوودوەند (ئێل): ٦١٤
کەربەلا: ٧٩، ٢١٤، ٢٣٠، ٣٢١
کەرکووك: ١٧٦، ٣٨٣، ٣٨٤
کەرێزەی ئالّیبایز (گوند): ٤٩٦
کەرێزەی شێخان (گوند): ٤٨٦، ٥٠٨، ٦٤٥
کەرێزەی مەحموودئاغا (گوند): ٣٥٠
کەریم ملخوار (بەیتبێژ): ٤٢٥، ٥٨٠
کەریمئاغای قوونقەلا: ٥٧٤
کەریمەڕەشی خەلیفە (بەیتبێژ): ٣٤١
کەریمخان: ٧٠، ٥٢٣
کەریمخانی زەند: ٤٥٣، ٤٥٨، ٤٥٩، ٦٠٢، ٦٠٩
کەکلە (قەلا): ٣٥٤
کەلّبالّیسولّتان: ٤٤٣، ٤٤٤
کەلبعەلیخان: ٣٦
کەلبیڕزاخان (گوند): ٥٧٢
کەلەکەزێ: ٩١، ٣٣٧
کەلّەدەنداوا (گوند): ٤٩٧، ٥٠٩
کەلّەڕیحان (چاك): ٧٥، ٣١١
کەلّەکۆکە (گوند): ٤٩٨
کەلّکی بەگزادان: ٦٥٤
کەمال بۆلّی: ٢٨٤، ٢٨٥
کەوپەڕ (گوند): ٤٩٨
کەوتەر (گوند): ٤٩٧
کەولّە (گوند): ٤٩٧
کەیخەسرەوبەگ: ٦٠٩
کەیکاووس: ٤٨، ٣٥٤، ٢٦٦
کیتکە (گوند): ٤٩٧، ٤٩٨
کێچئاوا (گوند): ٥٣٨
کێلەشین: ٦٠١
کێلێ (گوند): ٣١٠
کێوی فەرەنگ: ٢١٤، ٢٢٩
گاپیس (گوند): ٥٣٨، ٥٧١
گادەر (چۆم): ٧، ٢٩١، ٣١٣، ٣٤٧
گاودۆلّ (قەلا): ٢٧٠، ٢٧١، ٢٩١
گجین (گوند): ٥٩١، ٦١٢
گرباساك (گوند): ٤٩٨
گردەبەردان (گوند): ٣٤١
گردکاشان (گوند): ٧٥، ٢٩٢، ٣١٢
گردكسپییان (گوند): ٥٧١
گردكناسر (گوند): ٤٣٧
گردیياقووب (گوند): ٥٣٨
گریشمەن: ٤٩٥
گلّێنان (گوند): ٥٨٠
گورجستان: ٩١، ١٠٩، ١٩٨، ٢٥٧، ٣٣٧، ٣٨٦، ٦٣١
گولّخاتر: ٤٣٦
گولدانلوو / گولدانلی / گولّێندانلی (گوند): ٤٩، ٢٨٠
گولّچین: ٤٣٦
گولّیار (گوند): ٤٩٧
گوندەفەڕ: ٢٦٦
گۆڕئۆمەر (گوند): ٤٥٣
گۆران: ٤٨٠، ٤٨٧
گۆرانلوو (تایفە): ٦٢٢، ٦٤٣
گۆڕخان (گوند): ٢١٤، ٢٣٠، ٤١١
گۆڕەشێر (گوند): ٤٩٨
گۆزەگیـران (گوند): ٢١٤، ٢٢٩، ٤١١
گۆگجیل: ٥٢
گۆمەلّیان (گوند): ٤٩٧
گۆندوزلوو (تایفە): ٤٤٤
(گوند):
گوێڕەش (تایفە): ٤٥٣، ٦٣٠

گوێچکەدەرێ (گوند): ٥٠٥
گوێگتەپە / گوێلکتەپە / گۆێتەپە (گوند):
٢٥٥، ٢٦٢، ٤٩٦
گوێگجەلی (گوند): ٣٩٦
گەرگەرۆ (گوند): ٤٢٠
گەرمڕوود: ٢٧١
گەڵوان (گوند): ٧٥، ٣١١
گەلی قاسملوو: ٢٦٣، ٤٣٠
گەنەدار (گوند): ٥٠٥
گەنجاڵیسوڵتان: ٦٠٩
گەنجاڵیخان: ٤٤٦
گەنگەچین (گوند): ٢٦٨
گەنجعەلیخانی تەورێز: ٢٨٩
گەورك (عەشیـرە): ٨، ٥٦٠، ٥٦٣، ٦٠٧، ٦٢٢
گەوەڕ: ٦٠٧
گەوگان: ٦٥٣
گەیلانی: ٧٠
گیادروان (گوند): ٤٩٨
گێلان: ٥٣، ٩١، ١٠٩، ١٥٤، ١٨١، ١٩٨، ٢١٧، ٢٣٣،
٢٥٧، ٣٦٣
گیو موکریانی:

لاجان: ٧، ٥٣، ٦٣، ٧٥، ٢١٤، ٢١٧، ٢٢٩، ٢٣٣، ٢٤٢،
٢٨٨، ٢٩٢، ٢٩٨، ٤٢٣، ٤٤٦، ٤٤٨، ٤٤٩، ٥١٢، ٥٣٤،
٥٩٧، ٦٠٥
لاچین (گوند): ٥٠٨
لاوێن (چۆم): ٧، ٦٠٣
لاهیجان: ٣٣
لوتفعەلیخانی زەند: ٤٧٣
لەج (گوند): ٥١٣، ٥٧٠
لێتان: ١١٩، ١٢١، ٣٥٤، ٣٥٥، ٣٦٦، ٤١٩، ٤٢٠

مارەدوو (گوند): ٤٩٨
مارسرگیز (کلیسا): ٦١٢
مارشیمۆن: ٢٨٠
مازەڵە (گوند): ٤٩٧
مازەندەران: ٥٣، ١٨١، ٢٦٦، ٢٦٧
ماکۆ: ٥٩٤
مام ئاڵی: ٧٦
مام ئەحمەدی لوتفی: ١١٩، ٣٥٠، ٣٥٢، ٣٥٦، ٣٦٠،
٥٢٠، ٥٢٨، ٥٣٤
مام برایم (گوند): ٤٣٠
مام سێودین: ٢١٠، ٢١١
مام گدروون: ٢١١، ٣٩٥
مام کاکی مەڕنەکەنەی مەنگوڕ: ٤٩٩
مام هەیاس: ٢١١، ٣٩٥
مام وەتمان: ٧٣
مامەدی (تایفە): ٣٨٩
مامەش (هۆز): ٧، ٨، ٤٤٨، ٤٦١، ٤٧٤، ٤٧٦، ٤٧٧،
٤٩٠، ٥٢٤، ٥٣٤، ٥٥٩، ٥٦٠، ٥٨٩، ٦٠١، ٦٠٢، ٦٠٥،
٦٢١
مامەشێرە (بەیتبێژ): ٣٥٠، ٥٧٠
ماهیدەشت: ٢٢٢
محاڵی ئاختاچی: ٢٩١
محاڵی بێهی: ٥٤١
محاڵی شازدە: ٣٤٦، ٤١٧
مەحموودبەگی باڵەکان: ١٤٨
محەممەئاغای ئێلخانی: ٦٤٢، ٦٦٠
محەممەد ئەحمەدی (بەیتبێژ): ٧٨، ٣١٦، ٣٨٩
محەممەد ئەحمەدزادە (بەیتبێژ): ٣٤٢
محەممەدئەمین بیژەنی: ٤٧٦

محەممەدئەمین سۆفیزادە: ٤٣٧
محەممەد بنی عەباسی موکری: ٥١٩
محەممەدبەگی شاملوو: ٢٨٩
محەممەدپاشا: ٢٨٩
محەممەدتەقیبەگ: ٢٨٩
محەممەد تەمەددون: ٤١٧
محەممەدجەمیل ڕۆژبەیانی: ٣٧٤
محەممەحوسێنخانی زەرغام: ٦٥٩
محەممەدحەسەنبەگ:
محەممەد سەمەدی: ٥٥٥، ٥٨١، ٦٥٩
محەممەد موقەددەم: ٤٥٠
محەممەدحەسەنخان: ٥٢٣
محەممەدحەسەنخان سەنیعولدەولە: ٥١٨
محەممەدحوسێنخانی چارداوڕوو: ٥٨٧
محەممەدخانی شێخعەلیخان: ٤٩٣
محەممەدڕەحیمخانی عەلائوددەولە: ٦١٥
محەممەدسادقخانی موقەددەم: ٥٨٧
محەممەدساڵحبەگ:
محەممەدسەعید: ٥٩١
محەممەدعیساخان: ٤٤٦
محەممەدشای قاجار: ٥١٧، ٥٨٥، ٦٠١
محەممەد قازی: ٤٠٦
محەممەدقوڵیخان: ٤٤٦، ٤٥٩
محەممەدقوڵیخانی بەگلەربەگ: ٤٧٣
محەممەدی خەزاڵی: ٢٣٢، ٤٢٤، ٥٧٩، ٥٨٠
محەممەدی گوێگجەلی: ٢١٢
محێدینی مەغربی: ٣٢٣
مرۆت (بەرەباب): ٤٦٠، ٤٦٤
مرادخانی سوڵتانچینی: ٢٨٩
مڕانە (گوند): ٤٩٧
مزگەوتی حاجی ئەحمەد: ٥٤٥
مزگەوتی سوور: ٢٧٧، ٥١٨
مزگەوتی عەباسئاغا: ٤٧٩، ٤٨١
مستەفابەگ: ٥٢٣
مستەفاخان: ٤٩
مستەفاخانی باڵەکی: ٥٧
مستەفاخانی سالارناسر: ٥٢٣
مستەفاخانی شێخئاغایی: ٥٧٣
مستەفاقوڵیخانی قەراگوزلووی هەمەدانی: ٦١٢
مستەکان (گوند): ٢٦٨
مستەوفیلمەمالیك: ٦٦٢
مستـر ئابۆت: ٥٩٢، ٥٩٤
ملكقاسممیـرزا: ٣٤٦
موئەددەبولسوڵتان: ٦١٣، ٦١٤
موەریخولدەولە سپێهر: ٦٦٢
موحیبعەلیخانی شاهیسیوەن: ٢٧٠
موزەففەرەددین میـرزا: ٥٨٦
موزەففەرەددینشا: ٦١٣
موسەیلەمە: ٣٠٩
موعجین: ١٦٧، ٣٧٩
موکریان / موکوریان: ٥، ٧، ٨، ٩، ١١،١٠، ١٢، ١٣
موکریقڕان: ٧، ٢٩١، ٢٩٦، ٤٦٣، ٦٥٥
موقەددەم (عێل): ٥٨٩
مووریك / موریك (تایفە): ٦٠٣، ٦٠٥
مووساخانی زەرزا: ٦١٠
مووساسوڵتان: ٥٢٣
مووسڵ: ١١٧، ٣٥٢، ٣٨٤، ٦٠٠
مۆغان: ٨
مەجیدخان: ٣٧٩، ٥٢٣، ٥٧٢
مەجیدخانی میـرموکری / مەجیدخانی قەرەوێران: ٣٧٩، ٥٧٢، ٥٧٣
مەحمەشە (گوند): ٢١٤، ٢٣٠، ٤١١
مەحموود پێدڕام: ٢٥

مەحموود چەكمەڕەش: ٥٣٨

مەحموودئاغای ئێلخانی: ٣٥٠

مەحموود ئەحمەد محەممەد: ٥٨٣

مەحموود باوزی: ٢٨٥

مەحموودبەگ: ١٤٨

مەحموودبەگی باڵەکی: ٤٣٦

مەحموودپاشای قەڵاچوالان: ٤٤٩، ٤٥٠

مەحموودخانی دێبۆکری: ٢٥٩

مەحموودخانی ئیحتیشاموسسەلتەنە: ٦١١

مەخموور: ٣٢٧

مەدرەسەی چوارباغ: ١٨٩، ٣٩٠

مەدینە: ٧٧

مەراغە: ٥٥، ٩١، ٩٣، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١٩٩، ٢١٨، ٢٣٣، ٢٤٦، ٢٥٢، ٢٥٨، ٢٧١، ٢٩١، ٢٩٢، ٣٤٥، ٤٤٩، ٤٥١، ٤٥٣، ٤٥٧، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩١، ٤٩٣، ٥٠٠، ٥٠١، ٥٠٤، ٥٠٧، ٥٠٨، ٥٠٩، ٥١٢، ٥٢٢، ٥٣٢، ٥٩٠، ٥٩٦، ٦٣٠

مەرحەمەتئاباد: ٢٩١

مەرزینگ (تایفە): ٤٨٤، ٥٠٤

مەرگە: ٧٥

مەرگەوەڕ (ناوچە): ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٦٨، ٣٥٤، ٤٣٧، ٥٨٥، ٥٨٨، ٥٩١، ٦١٠

مەرغەوڵ (کێو / چاك): ٢١٢، ٣٩٦

مەڕنەکەنە (تایفە): ٤٩٧، ٤٩٨، ٦٣٠

مەرەند: ١٧٦، ٣٨٣

مەریوان: ٥٢، ٢١٧، ٢٣٣، ٢٥٧

مەڕمەڕ (کێو): ٤١٦

مەزرا (گوند): ٤٩٧

مەسعوودمیـرزا: ٥٩٦

مەشهەد: ٥٢، ٢١٤، ٢٣٠، ٢٨٨

مەقسوودبەگ: ٥١٩

مەککە: ١١٧، ٦٠٠

مەلا ئەحمەد: ٩٩، ٢١١، ٣٤٠

مەلا برایمی حاجی عەلی حاجی خدری ـ

مینەی کاکی مەڕنەکەنە: ٤٩٩

مەلا برایمی گردکاشان: ٧٥، ٣١٢

مەلا برایمی مەڕنەکەنە: ٤٩٧

مەلا حەمەد: ١١٥

مەلا سمایل لێتان: ١١٩، ١٢٠، ١٢١

مەلاشەرەفی (عەشیـرەت): ٢٨٥

مەلا کەریم فیدایی: ٤٣١

مەلا مامەند (گۆرستان): ٣١٠

مەلا محەممەد غەفووری: ٤٢٥، ٤٢٩، ٥٨٠

مەلان (تایفە): ٣٨٩

مەلای جزیری: ٤٧٠

مەلای خەتێ: ٥٧٠

مەڵاڵەر (گوند): ٥٧٢، ٥٨٩

مەلیکان: ٥٠٠

مەڵکەندی: ٥٩٠

مەلیكقاسمی: ٣٤٦

مەمەغان: ٩١، ١٠٩، ١٩٨، ٢٥٧، ٣٣٧

مەمەلوو (گوند): ٣٥٧

مەمەلییان (گوند): ٣٥٧

مەنسوورپاشا: ٥٩٣

مەنووچێهر پارسادووست: ٢٩

مەهبوود: ٣٢٦

مەولانا خالیدی شارەزووری: ٤٢٠

مەولوودی گوڵاوی: ٤٩٨

مەیدانی ئارد: ٦٥٦

مەیدانی مەنگوڕان: ٦٥٦

میاندواو: ٢٧٢، ٢٩١، ٣٤٦، ٣٩٦، ٣٩٧، ٤١٧، ٤٥١، ٤٥٧، ٤٥٨، ٤٦١، ٤٩٤، ٤٩٦، ٥٠٠، ٥١٢، ٥٣٢، ٥٦٢، ٥٦٣، ٥٧٢، ٥٧٣، ٥٧٦، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩٢، ٦٠٢، ٦٢٤، ٦٢٥، ٦٣٣، ٦٣٤، ٦٥٢

میـراویٚ (گوند): ٦٤١
میـربداغخان: ٥٢٣
میـرپازووکی: ٢٨٩
میـرزا ئەبولحەسەنی وەکیل: ٤٧٢
میـرزا تەقیخانی موحەریر: ٥٨٧
میـرزا تەقیخانی ئەمیـرکەبیـر: ٦١٥
میـرزا جەواد قازی: ٣٩٩، ٤٠٠، ٤٠٢، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤١٤، ٤١٥، ٤٢٢، ٤٥١، ٤٩٦، ٥٠٢، ٦٣٠
میـرزا حوسێنخانی موشیـروددەولە: ٥٨٨
میـرزا حەسەنخانی موزەففەرولـمولك: ٥٥٥
میـرزا دومدوم (بەیتبێژ): ٤٣٧
میـرزا ڕەزای کرمانی: ٦٠١
میـرزا ڕەشید ئەدیبوششوعەرا: ٤٤١
میـرزا سەید جەعفەرخانی موهەندیسباشی: ٦٠٥
میـرزا عەولاَی سولَتانی: ٤٩٨
میـرزا قاسمی قازی: ٥٩٧
میـرزا مەحموودخانی ئیحتیشاموسسەلتەنە: ٦١١، ٦١٣، ٦١٥
میـرسۆفی: ٢٦، ٢٨٩، ٣٧٨
میـرسەیفەددینی موکری: ٥٢٣، ٦٤١، ٦٥٤
مێرفەتاح: ٢٨٩
مێرگەڕۆ (گوند): ٤٩٨، ٥٠٩
مێرگەسوور (گوند): ٢٩٩
میـرموفیدئاغای شێخولئیسلام: ٤٧٣
میـرموقەددەم: ٢٨٩
میـرەسێ (گوند): ٤٩٧
میـرەڵە: ١٤٧، ١٧٦، ١٨٤، ١٨٦
میـریبەگی بەردەسوور: ٥٨٩
میسر: ٦٨، ٣٩٦
مینە چاوشین: ٥٥٢
مینەئاغا: ٦٣٣
مینەبەگ برادۆستی: ٢٥٩
مینەقوڵی: ٥٣٨
مینەی قادراغا: ٥٦٢، ٥٧٦
مینەی کاکی: ٤٩٩
مینەی مامسوڵتان: ٦٤٥
مینەی مرادی (بەیتبێژ): ٦٢٨
مینوڕسکی: ٣٧، ٣٠٠
مێهرانڕوود: ٤٤٥

نادرشا: ٤٥٨
نادرمیـرزا: ٥١٧
نازلوو (محاڵ): ٤٤٥، ٦١١، ٦١٢
نازناز (گوند): ١٨٧
ناسرەددینشا: ٥١٧، ٥٨٥، ٥٨٨، ٥٩٥، ٦٠١، ٦١٣
ناوپردان (گوند): ٣٩٥
نۆشیـروان / نۆشیـرەوان: ٨٠، ١٠٤، ١٩١، ٣٢٦، ٥٥٩، ٦٢١
نۆشیـرەوان مستەفا ئەمین: ٥٨٤
نۆکەڕەشە (بەرەباب): ٤٩٧
نستان (گوند): ٦٠٨
نمروود: ٨٠، ٨١، ١٠٤، ١٩٢، ٣٢٥
نوورمسەن (چاك): ٧٥، ٣١٣
نووریبەگ: ٣٨
نەبیئاغا: ٩٩، ١١٥، ٢١١، ٣٤٠
نەجەف / نەجەپ: ١٤٢، ٣٢٠، ٣٦٤
نەجەفقوڵیخان: ٤٤٨، ٦٣٠
نەجەفقوڵیخانی بەگلەربەگی: ٤٤٨، ٤٥٩، ٤٦١، ٦١٤
نەجەفقوڵیخانی یۆرتچی: ٥٩٥
نەخجەوان: ٢٤٥
نەزاکەت: ٦٦٤

نەزەر نەزەریانی: ٥٧٢
نەسروڵڵا فەلسەفی: ٣٠
نەسیم: ٨٠، ١٠٤، ١٩٢، ٣٢٨
نەغەدە: ٣١١، ٤١١، ٥١٢، ٢٩١، ٦٠٢
نەکیسە: ١٦٢، ٣٧٧
نەلۆس (گوند): ٣١٣، ٣٥٤، ٣٥٥، ٦٠١
نەڵێن: ٤٥٢، ٤٩٠، ٦٤١
نەهاوەند: ٤٢٠
نەهری: ٥٥٩
نەیچالان (گوند): ٢٦٨
نێعمەتۆڵڵا سوڵتانی سۆفیان: ٢٨٩
نینووس: ٣٢٥

وان: ١٣٦، ١٤٥، ١٧٩، ٣٦٠، ٣٦١، ٣٦٦، ٥٨٦، ٦٠٠، ٦٠٧
ورشاق (بەرەباب): ٣٤
ورمزیار (تایفە): ٦٠٥
ورمێ / ئورمێ (دەشت / شار): ٤٦، ٤٩،٥١، ٥٧، ٥٩، ٧٠، ٨٥، ٨٦، ٩١، ١٠٩، ١١٠، ١١٧، ١٤٨، ١٩٩، ٢١٤، ٢١٧، ٢٢٧، ٢٢٩، ٢٣٣، ٢٤٢، ٢٥٤، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٥٩، ٢٦٣، ٢٦٨، ٢٦٩، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٦، ٢٧٨، ٢٧٩، ٢٨٠، ٢٩٢، ٣٥٧، ٤٣٣، ٤٤٤، ٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٣، ٤٧٢، ٤٧٣، ٤٧٥، ٥١٢، ٥٢٢، ٥٨٦، ٥٩١، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٦، ٥٩٧، ٦٠٨، ٦٠٩، ٦١٥
وسوو سوار (عێل): ٦٠٣
وسوو شایەر (بەیتبێژ): ٣٧٩، ٥٧٠
وسوو مەنگوڕ: ٥٣٨
وسووکەند (گوند): ٥٠٨، ٥٣٨
وسووی سەروەرێ: ٤٣٦
وسێنە زەرد: ٥٣٨
وسێنی (تایفە): ٤٦٠
وسێنی غازی: ٨٠، ٣٢٧
وشتەپە (گوند): ٦٦١
وەزیرە چرچە: ٥٦٤، ٦٢٦
وەسانان (گوند): ٢٨٥
وەستا ئەحمەد: ٤٨، ٤٣٦
وەستاخاڵە (تایفە): ٦٣٠
وەسمانئاغا: ٦٠٧
وەسمانبەگی حەکاری: ٩٣، ٩٤، ٩٥، ١١١، ١١٢
وەکیلکەندی (گوند): ٤٧٩، ٤٩٦
وەیسەلقەرەنی: ٧٤، ٢٢٢، ٢٣٨، ٣١٠
ویلیام ئیگلتۆن: ٦٠٧، ٦١٠
وێناسان (گوند): ١٨٧
وێنسبەگ: ١٤٥، ٣٦٧

هاروونەڕەشید: ١٢٠
هرتسفلد: ٤٩٥
هورمزبەگ: ٢٢٣، ٢٣٩، ٤٢١
هۆزان (دەشت / گوند): ٤٩، ٥٦، ٦١، ٢١٩، ٢٣٥، ٢٥٩، ٢٩٧
هۆم: ٤٩٤
هەباساغا: ٤٩٣
هەرکی (هۆز): ٤٤٦، ٥٩١
هەرمێ (گوند): ٤٩٧
هەزەبانی: ٣٧٤
هەلاکۆی مەغوول: ٢٩٢
هەڵکەتی (بەیتبێژ): ٣٧٩، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٩
هەڵەسی (بەرەباب): ٤٩٧
هەمەدان: ٥٢، ٣٣٧
هەمەوەند (عەشیرە): ٢٥٧، ٣٦٩
هەمزاغای سەربڕاو: ٤٣٦، ٤٣٧

هەمزاغای مەنگوڕ: ٨، ٤٧٦، ٥٤٩، ٥٥٢، ٥٥٤، ٥٥٥، ٥٥٦، ٥٥٧، ٥٥٨، ٥٦٠، ٥٦١، ٥٦٣، ٥٦٤، ٥٦٥، ٥٦٨، ٥٦٩، ٥٧٩، ٥٨٣، ٥٨٥، ٥٨٨، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩٥، ٥٩٧، ٦٠٠، ٦٠٣، ٦٠٦، ٦١٠، ٦١٦، ٦١٨، ٦٢٣، ٦٢٥، ٦٢٦، ٦٢٧، ٦٢٨

هەمزاوا (گوند): ٤٥٩، ٤٩٧، ٥٠٩

هەمزە کوردە: ٤٩٨

هەمزەمیـرزا: ٦١١

هەمزەمیـرزای حیشمەتوددەولە: ٥٨٨، ٦١١، ٦١٥

هەمزەی ئاڕەحمانی: ٥٥٢

هەمزەی سونێ: ٥٥٢

هەنارەیی (تایفە): ١٨٨، ٣٨٩

هەنگەوێ (گوند): ٤٩٨

هەوشار: ٤٤، ٢٠٢، ٢١٩، ٢٣٤، ٢٧٥، ٣٠٦

هەولێر: ٦٣، ١٧٧، ٢٨٥، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٨٥، ٦٠٣، ٦٠٨

هەویزە: ٢١٧، ٢٣٣، ٢٥٧

هەیاسی خاس: ٢٨٤

هێدی: ٤٠٢، ٤٠٤، ٤٠٦

هێمن: ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٩٠، ٤٩٢، ....

هەیوانساری (چاك): ١١٥، ٢١٢، ٣٤٨

یاقووبی کەنهان: ١٦٠، ١٦١

یون سوور پاشا:

یۆسفی میسری: ٧٨، ١٦١، ٣١٨

یۆگۆسلاڤی: ٤١٤

یەحیاخان: ٤٤٧

یەزد: ٥٢

یەڵتەمەر (گوند): ٤٥٣، ٤٥٩، ٤٩٨، ٦٠٢، ٦٣٠

یەنگە دنیا / یەنگی دونیا: ١٤٢، ٣٦٤

# پێڕست


خوێنەری هێژا.......................................................... ٥
موکریان و بەیت.......................................................... ٧
بەیت و قۆناغی نوێ.......................................................... ١٥

**دمدم**
- لە نێوان ڕاستی و خەیاڵدا.......................................................... ٢٥
- بنەچەکەی سەفەوییان.......................................................... ٢٩
- قزڵباش.......................................................... ٣٢
- چەند زانیاری.......................................................... ٣٦
- تێکدانی قەڵا.......................................................... ٣٨
- دەقی بەیتی حوسێن مامەڕەش.......................................................... ٤١
- دەقی بەیتی محەمەدی ئەحمەدی.......................................................... ٧٨
- دەقی بەیتی سوورەی عەزیزئامان.......................................................... ١٠٣
- دەقی بەیتی مام ئەحمەدی لوتفی.......................................................... ١١٩
- دەقی بەیتی (بەیتبێژ نەناسراو).......................................................... ١٨٩
- دەقی بەیتی ڕەحمان بەکر.......................................................... ٢١٤
- دەقی بەیتی حەمەدی بەیتان.......................................................... ٢٢٩
- دەقی بەیتی قارەمان شایەر.......................................................... ٢٤٧
- بۆچوون و پەراوێزەکان.......................................................... ٢٦٣

**باپیرئاغای مەنگوڕ**
- کتێبی مێژووی ئەفشار و چەند تێبینییەک.......................................................... ٤٤١
- دابەشینی خاکی کوردان بە سەر ئەفشاراندا.......................................................... ٤٤٣
- لیستەی بەشێک لە شەڕەکانی ئەفشاران و کوردان.......................................................... ٤٤٦
- کارەساتی باپیرئاغای مەنگوڕ بە پێی بەڵگەکان.......................................................... ٤٤٨
- ئەحمەدخانی موقەددەمی مەراغەیی.......................................................... ٤٥٧
- قەتڵیعامی عێلی مەنگوڕ لە مەراغە.......................................................... ٤٥٩

- بەیتی باپیرئاغای مەنگوڕ بابی هەمزاغا.......................................٤٦٣
- عەلی بەردەشانی و بەیتی باپیرئاغا......................................................٤٦٧
- کوێر کرانی بداغخان..............................................................................٤٧٢
- کاکڵی ڕووداوەکان................................................................................٤٧٤
- دەقی بەیتی ڕەحمان بەکر.....................................................................٤٧٨
- بۆچوون و پەراوێزەکان.........................................................................٤٩٠

## عەولاخانی موکری

- عەولاخانی موکری................................................................................٥١٧
- شار.......................................................................................................٥٢١
- پوختەی یادداشتەکانی عەبدوڵڵا ناهید..................................................٥٢٣
- عەباسئاغای دێبۆکری...........................................................................٥٢٤
- کاکڵی ڕووداوەکان................................................................................٥٢٦
- دەقی بەیتی مام ئەحمەد لوتفی.............................................................٥٢٨
- بۆچوون و پەراوێزەکان.........................................................................٥٣٣

## هەمزاغای مەنگوڕ

- ڕوون کردنەوە......................................................................................٥٤٩
- ئۆسکار مان و هەمزاغا..........................................................................٥٥١
- وتووێژ لەگەڵ عەلیئاغای سالارعەشایری..............................................٥٥٢
- دەقی بەیتی حەمەدی بەیتان.................................................................٥٥٦
- بۆچوون و پەراوێزەکان.........................................................................٥٦٦
-لێکۆڵینەوەکەی عەبدوڵڵا سەمەدی.......................................................٥٧٩

## سامسام

-پێشەکی.................................................................................................٦٤١
- دەقی بەیتی ڕەسووڵ شیرمۆخ................................................................٦٤٧
- دەقی بەیتی حوسێن شەشە.....................................................................٦٥٢
- بۆچوون و پەراوێزەکان.........................................................................٦٥٤
وێنەکان...................................................................................................٦٧١
ئیندێکس...................................................................................................٦٨٣